گەلاوێژینوێ

گۆڤارێکی ئەدەبی و رووناکبیریی
بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژە

ژمارە (19) ساڵی 2000

ئازادی .. داهێنان .. ئەقڵانییەت

خاوەنی ئیمتیاز:
بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ

سەرنووسەر:
عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی

بەڕێوەبەری نووسین:
لەتیف هەڵمەت

دەستەی نووسەران:
عەتا قەرەداغی سەلاح محەمەد زۆراب

سەرپەرشتی چاپ: بەختیار سەعید

- پەیوەندی لە ڕێگەی سەرنووسەروە دەبێت
- ژمارە یەکی گەلاوێژی نوێ لە (مایسی ۱۹۹۷) دا دەرچووە

ئەدرەس : سلێمانی – گردی عەلی ناجی – بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ ☎ ۲۳۵۰۷

کلیلی گەلاوێژینوێ لەسەر ئینتەرنێت: http: // home.bip.net /hawre/

پەیوەندی کردن لەهەندەرانەوە: سەنتەری سلێمانی (تەلەفۆن ۰۰۱۲۱۲۸۹۶۳۳۰٤) (فاکس ۰۰۱۲۱۲۸۹۶۳۳۰۵)

کۆمپیوتەری گەلاوێژینوێ : طه حمه نوری - ئۆفسێت : چاپخانەی داناز - چاپی بەرگ : ئۆفسێتی دلێر

نرخ بۆ ناو وڵات (۱۲) دینار - بۆ هەندەران (۷) دۆلار

سپیدە

() کێشەکانی رەخنەی بونیادگەری (رەئوف عوسمان) ٤ () ئاوڕێك لە سەرەتاکانی فێمینسم (و:عەلی کاردۆست) ٩ () چەمکی ونبوون لە بەهەشتی ئەوبەر پردەکەدا (عبدالمطلب عبدالله) ١٥ () بیری نوێخوازی: ڕۆشنبیران و دیموکراسی (رامینی جهاینگلو، و: دیاکو) ٢٣ () دروستنەبوونی ئاوەندی ئابووری لە کوردستاندا.. (عەتا قەرەداخی) ٢٨ () بە شوێنێکدا لەوێ (میلان کۆندێرا، و :ئاوات ئەحمەد) ٥٠ () ئەفسانەو ڕەوتاری لافاو (رزگار سەعید) ٦٠ () بووزا، ئەو ڕابەرەی دژایەتی بت و بتپەرستی دەکرد و خۆی بوو بە بت! (و: حەسەن عەبدولکەریم) ٦٨ () گۆران (ئەژی گۆران) ٧٤ () جیوردانۆ برۆنۆ (و: حەمەڕەشید ئەحمەد فەتاح) ٨٤ () خۆبوون نەك پاشکۆبوون (فؤاد تاهیر سادق) ٩٠

شیعر:

() گەشت یان هێلانەکانی سەر درەختی ڕەشەبا (شیعری د. کەمال میراودەلی) ٩٦ () تا سەر نێسقان ژن (قوبادی جەلی زادە) ١١٠ () ڕاکشان لەناو ئەفویندا (محەمەد ڕەنجاو) ١١٦ () دلڤین (محسن ئاواڕە) ١١٩ () شەرابی عیشق (کوردۆ کاروان) ١٢٦ () ریسك (ئەنوەری ڕەشی عەولا) ١٣١

چیرۆك:

() کیسە توتنەکەی داپیرەم (چیرۆکی ئەکرەم ئایسیسلی. و: موکری) ١٣٧ () سووتەمەڕۆ (محەمەد ئەمین ئەحمەد) ١٤٣ () مەمەمەللۆ (جەلیل قەیسی و: هێمن موحسین عەلی) ١٥٠ () نهێنی ڕەنگەکان (سەید ئەحمەد حەمەلاو) ١٦٢ () وەستای تابووت (و:عبدالرحمن فەرهادی) ١٦٦ () گەمەی ڕاستییەکان (سالح بێچار) ١٧٢ () پانزە تیرۆژە چیرۆك (دانا فایەق) ١٧٥ () ئەو گەشتەی لە یادی ناکەم (یادداشتی زۆراب) ١٧٧

دیدار:

() کەمال غەمبار: ئێستا بە تێڕوانینێکی نوێوە دەنووسم (ئا: گەلاوێژینوێ) ١٨٢ () چراکانی پەیوەندی تاریکن (و:محەمەد کەریم) ١٩٦ () ئاشنا کەمال: ئەو کەسەی ژمارەیەکی گەلاوێژینوێی دەستکەوتبێت عەودالی ژمارەی داهاتوی بووە ٢٠٢ () دیدارێك لەگەڵ "زەینەب یسوفی" دا (گۆران ئەژی گۆران) ٢٠٧ () هەڤپەیڤینێك لەگەڵ هونەرمەند "هێرش عومەر ڕەزا" (ئا: نەورۆز شێخ حسێن سەعاتچی) ٢١٠ () ڕۆژئەژمێری کورد (د. صدیق بۆرەکەیی) ٢١٤ () شیعر و شاعیر و وێنە (د. ڕەفیق سابیر) ٢٢٠ () بەڵگەیەکی ڕەش لە مێرووی کوردستاندا (عومەر فاروقی) ٢٢٦ () "ئاوارەی" ئیدوارد سەعید (فەرهاد سەعید) ٢٢٩ () گۆتفریدبن و جیهانە شیعرییەکەی (و: سامان مەحمود) ٢٤٠ () لە تەختی جەمشیدەوە تا چان پۆل سارتەر (و: سەردار محەمەد) ٢٥١ () کتێبی گەلاوێژینوێ : ئەدۆنیس لە سۆفیزم و سوریالیزمدا ٢٦٤ () لە یادی ئەمینی میرزا کەریمدا (جیهان عومەر) ٢٦٦ () بۆ یادی (١٠٢) ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی (نەوزاد عەلی ئەحمەد) ٢٧٠ () بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ سێیەمین کۆنگرەی خۆی بەست ٢٧٥ () کەنارەکانی گەلاوێژینوێ ٢٧٨ () پاشکۆ: دۆسیەی سەلیم بەرەکات ٣٠٣ (ئەم نووسەرانە بەشداریان تیا کردووە: ك. م.ق، عیسی چیایی، غەفور ساڵح عبدالله، لەتیف هەڵمەت، عبدالله طاهر بەرزنجی)

شیده

گشتگەری یەکێکە لەو چەمکانەی کە مرۆڤایەتی تووشی شکست و تەنگوچەڵەمەی جۆراوجۆر کردووە. بەتایبەتی کە سیاسەتێکی پێدائەپێژرێت و دەکرێت بە تاکە نمونە و هەموو شتێکی پێ ئەپێورێت و ئەگەر شتە پێوراوەکە بستێکی کەم یا زیاد بوو ئەوە زەوی و بەشەری لەپێناودا بۆ تێکئەدەرێت. یاخود رۆژهجار بینیومانە یا خوێندومانەتەوە چۆن سوریوون و پێداگرتنی بەردەوام بێوچان وای لە گرووپێگ یا کۆمەڵێك کردووە مرۆڤ، لەپێناوی هەوڵدان بۆ چەسپاندنی ئەو گشتگەرییە بچەوسێنێتەوە.

لە سەرەتادا وایان لەو گشتگەرییە کردووە کە بیگەیەننە رادەی پیرۆزی و پەرستن و وەك نیمچە یۆتۆبیایەکی لێکراوە بۆ پێوانی مرۆڤ و کۆمەڵ و بەختەوەریی مرۆڤایەتی، بەڵام لەپێناوی خەونی گەیشتن بەو ئامانجە یۆتۆبیانە مرۆڤ چەوساوەتەوە و کراوە بە کەرەستەی (گەیشتن) بۆیە ئەو یۆتۆبیایەیش لەجیاتی ئەوەی ببێت بە بەهەشتی بەختەوەری بووە بە دۆزەخ بۆ مرۆڤ. نمونەی زەقیشمان لە سەدەی بیستەمدا بۆ ئەمانە هەیە، ملیۆنەها مرۆڤ لەناودراون ئەمە بۆ چەسپاندنی بیرێکی گشتگەری.

لەم وڵاتەی خۆیشماندا، بەتایبەتی لە سەدەی بیستەمدا ئەویش بەهۆی سەرهەڵدان و دروست بوونی حیزبی جیا جیا کە پشتیان بە گشتگەری بەستبوو خەڵکێکی زۆر بەتایبەت رۆشنبیران سنووری تەسکیان بۆ دیاریدەکرا. بۆ نمونە ئەو رووناکبیرەی کە لە چل و پەنجاکاندا لەگەڵ نمونەی مارکسیا نەبوایە، مارکسیەکان دەیانخستە خانەی (کۆنەپەرستەوە) ئێستا، ئەگەر کەسێك بەجۆرێکی تایبەت تەئویلی دەقێکی ئاسمانی بکات دەکرێت بە نمونەیەکی دژ و دەخرێتە خانەی کوفرکەرەوە. ئەمانە هەموو رەنگدانەوەی گشتگەری و نمونەداڕشتن.

لە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی بیستەمەوە جارجار چەند چەمك و بابەتێکی وەك (جیهانگەری، بە جیهانیکردن، کۆمەڵی مەدەنی) دەخەینەروو، دیارە ئەمە کارێکی باشە ئێمە هیچ گرفتێك لە خستنەپوی ئەو چەمك و بابەتانەدا نابینین بەڵکو گرفت لە شێوەی خستنەپو و جۆری کارکردنماندایە بۆ ئەو چەمك و بابەتانە. پێش هەموو شتێك زۆر بە ئاسانی و خێرایی و بێ ماندوبوون و رووناکبیریی خۆمانیان لێئەدەین، لەلایەکی ترەوە زۆر لەوانەی کە خۆیانی لێئەدەن کەسی ئەو بوارانە نین، لەو نوسینانەدا هەست بە قوڵبوونەوە و ماندوبوون ناکەین. بڵاوکردنەوەی ئەم بابەت و چەمکانە خەریکە وەك بڵاوکردنەوەی دروشمی لێدێت، ئەگەر هیچ سنورێك لەنێوانی ئەمانە و دروشما نەماوە. مەترسی لەوەدایە ئەمانە وەك نمونەی رەها و بێپەیان وەرئەگرین و وا بیرئەکەینەوە کە نابێت رەخنەبگرین، بۆیە زۆرجار چاو لە لایەنە سلبیەکانی چەمکی بەجیهانیکردن دەپۆشین یاخود لە نەزانینەوە هەستیپێناکەین. واتا دەکرێت بڵێین دەسەڵاتی گشتگەری بەدوامانەوەیە، لەجیاتی ئەوەی لێی دەربازبین، تیامانا ئەچەسپێت، پەنجا شەست ساڵە مامەڵە لەگەڵ مارکسیەتدا دەکەین، بەڵام مارکسیەت پتر وەك دروشم، نەك وەك مەعریفەت، هاتۆتە ناومانەوە، چەندین ساڵە مامەڵە لەگەڵ چەمکی بیری نەتەوەییدا دەکەین و حیزبی نەتەوەیی دروستدەکەین، کەچی بیری نەتەوەیی پتر وەك دروشم هاتۆتە ناومانەوە، نەك وەك مەعریفە.

نوێگەری، کۆمەڵی مەدەنی، دروشم نین، مەعریفەی قوڵن نە بە ساڵ و دوو ساڵ لێیان دەگەین و نە بە زەمەنێکی کورت لێیان نزیکدەبینەوە. باسکردنیان بەشێوەیەکی قوڵ و ئیشکردن بۆیان کاری سەرشانمانە بەڵام مامەڵەکردنمان لەگەڵیانا وەك دروشم، یاخود زۆرلەخۆکردن لەم بوارانەدا، یاخود هەر خۆپیشاندانی خۆمان گوایە نوێخواز یا مەدەنیین هەوڵەکانمان لە خاڵێکی لاوازی بازنەییدا دەوەستێنن.

ئێمە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا چەمکی نوێگەریمان بە سەقەتی خستۆتەڕوو، یەکێك لە هەڵەکانمان ئەوەبووە نوێگەریمان بەشبەشکردوە، هەر وامانزانیوە کە تەنها پەیوەندی بە ئەدەبەوە هەیە، بۆیە هەر باسی نوێگەریمان لە ئەدەبدا کردووە، لە بوارەکانی تری ژیان دامانبڕیوە، ئەو نوێگەرییە سەرەتایە تا ئێستاش هەر بە سەقەتی لەناو رۆشنبیریی ئێمەدا کار دەکات بۆیە دەبینین، سەدەها ئەدیب و نووسەرمان هەن بەناو نوێخوازن و بەرهەمەکانیان دوورن لە نوێخوازی.

سەرنووسەر

گێشەکانی رەخنەی بونیادگەری

رەئوف عوسمان

رەخنەی ئەدەبی وەک هەر بابەتێکی تری ئەدەب کۆمەڵێك بنەماو پێوانەو یاساو چوارچێوەی تیۆریو فەلسەفی خۆی هەیەو دەشێت، رەخنەگر لەنێوان ئەو پێوانەو داب‌و نەریتانەوە مامەڵە لەگەڵ دەقەکەدا بکات‌و بەبالای بەرێت، دیارە قوتابخانەکانی رەخنەش چون یەك نین‌و هەر یەکەشیان سەر بەڕێبازێکی فەلسەفی‌یەو لەو بنەوانە فەلسەفیەوە بابەتە ئەدەبیە جیاوازەکان هەڵدەسەنگێنێت، خۆ جاریش هەیە دەشێت هەندێك بابەتی رەخنەیی بخرێتە خانەی رەخنەی گوڵبژێرکاریەوە، (النقد الانتقائی) واتە لەنێوان بیرو بۆچوونە جیاجیاکانەوە بابەتە ئەدەبیەکان بەبالا دەبڕێن. رەخنەی بونیات گەریش (النقد البنیوی) لەسەر کۆمەڵێك بنەمای تایبەت بەو ڕێبازە لەبابەتەکان دەکۆڵێتەوەو مشت‌و ماڵیان دەکات‌و دەیان نرخێنێ. دیارە وەك هەر هەوڵو تاقیکردنەوەیەك دەشێت رەخنەگر تووشی کۆمەڵێك تەنگو چەڵەمەی هونەری‌و بابەتی ببێت‌و نەتوانێت مەبەستەکە بەچاکی بپێکێت، دیارە لەو حاڵەتەدا هۆکارەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی رەخنەگر، یان نەگونجانی بابەتەکە لەگەڵ ئەو جۆرە رەخنەیەدا.. یان.. یان... بەر لە هەرشت ڕێبازی بونیادگەری ڕێبازێکی تایبەتە بەزمان بەگشتی کە بریتی‌یە لەفۆنیم‌و پیت‌و وشەو پەرەگراف... هتد.

نۆبەی هەرە زۆری هەوڵو کۆششی بێ وچانی بونیات گەرەکان تێڕامان‌و توێ کردنی بوارە جیاکانی رستەیە بەهەردوو جۆرەکەیەوە (التركيب العميق) (والتركيب المسطح)، بەڵام ناکەم هیچ خوێنەرێك بەئاسانی لەجیهانە تایبەتیەکەی بونیادگەری بزانێت‌و ئاشنای وردی بوارەکانی ببێت، هەتا زانیاری وردی نەبێت سەبارەت بە (النحو التحويلي)ی تشومسکی کە بەوردی لەبنەماو پێکهاتەکانی رستە لەڕووی (لەفزەوە) دەکۆڵێتەوە، ئەو دارو بارو مادە خاوەی کە رستە دەخەملێنێت لای تشومسکی گەلێك جیاوازترە لەڕێبازە کۆنەکەی زمان‌و گرامەر، کە پێکهاتەکانی رستە دەکاتە چەند بەشێ وەك ناو کردارو ئاوەڵناو ئامرازی لکاندن‌و تەواوکەرو گوزارەو نیهاد.. هتد، تشومسکی لە (النحو التحويلي) دا جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە دەشێت قسەکەر لەبواری رستەیەکەوە بگوێزێتەوە بواری جۆرێکی تر لەرستە، بەجێ گۆڕکێ لەنێوان وشەو دەستەواژەکاندا، یان پاش‌و پێش کردنیان، یان گۆڕینی رستەی خەبەری بەئینشائی بەهەموو جۆرەکانیەوە، یان بەپێچەوانەوە.

لەساڵێ ١٩٦٥دا (النحو التحويلي) تشومسکی هەنگاوی بەرەوپێش چوونی فرەی بەخۆوە دی‌و پەڕاوێکی نوێی نووسی بەناوی (مظاهر نحوية) کە لەم پەڕاوەدا بابەتی (النحو التوليدي) هێنایە گۆڕێ، لەم قۆناغەدا تشۆمسکی لەبواری گوێدان بەلەفزەوە رووەو واتا ڕۆشت و بەوردی قوواڵبوەوە لەپێکهاتەکانی رستەو نرخاندنی جۆرەکانی بەشێوەیەکی ئەوتۆ کە سنوور دیاری نەکرێت بۆ گەشەسەندنی رستەی ئاوێتەی فرە وشە، ئەوەی



رۆلان بارت

شیاوی وتنە تائەو قۆناغەش تشۆسسکی گرنگیەکی فرەی داوە بەئاستی فۆنۆلۆژیو لەسەر بنەماو جوانکاری گەلێك پەی پێ بردنی (استنتاج) واتایی قوولّو تۆکمەی فەراهەم هێناوە.

دیارە بلۆمفیلدم و سۆسێرو لاکانو چاکوبسنیش هەر لەهەمان بنەماوە ویستویانە دەست بۆ بابەتە ئ دەبیەکان بەرنو لەم نێوەندەدا فۆنۆلۆژیو رستەسازیو دەستوورە نوێیانەوە تەلاری رەخنەی سەر بەزمان بونیات بنێن، مەبەستی ئەم وتارە نرخاندنی کارەکانی ئەوان نیە، بەڵکو گوفتو گۆ کردنە لەسەر ئەو دارو بارەی کە تەرخان دەکرێت بۆ هەڵسانگاندنی بابەتە ئەدەبیەکانی وەك شیعرو چیرۆكو رۆمانو شانۆ. تائێستا ئەو بابەتە رەخنەییانەی کە هەندێك نووسەری عەرەبی وەك د. مالك المطلبي- د. جابر عصفور- د. عبدالسلام المسریو کەمال ئەبو دیب فەراهەمیان هێناوە جێگای مشتومڕنو تەنانەت خودی ئەم نووسەرانەش وەك (تجریب) ناوی دەبەنو نەچۆتە ئەو خانە تۆکمە خەم رەوێنەوەی کە ئیتر چاوی لی لێك بنریو بوترێت بەردی بناغەی بۆ دانراوەو رەنگی رێژراوە، تەنانەت لای رۆلان بارتو سۆسۆرو شتراوسو فۆکۆش زۆر جاران بۆچوونە رەخنەییەکانیان چوون یەك نیەو رەت بڵاوە، بەڵام هەموویان لەچەقی خاڵێکدا یەك دەگرنەوە کە ئەویش گرێ پێدانو پێ داگرتنە بەر لەهەر شت لەسەر تاك فۆنیمو فۆنیمی دوانەو پێکهاتەی وشەو رستەو پەرت کردنی رستەو لکاندنەوەو خستنە سەروو کەم کردنەوەو پاشو پێش کردنی وشەو.... هتد. رەخنەی بونیادگەری زۆر کەڕەت لەکاتی تۆێ کردنی رۆمانو شیکردنەوەی لایەنو بابەتەکانیا دووچاری تەنگژەو رێگای داخراو دەبێت، وەك رووبە رۆمان هەر رۆمانێك بێت بریتیە لەیەکەکانی (کات، جێگا، پاڵەوان، خەڵك، رووداو، زمان) ئەمە جگە لە فەنتازیای وەك گەڕانەوە (تداعی)و دیالۆگو مەنەلۆگو پانت میمو فلاش باك بەهەموو جۆرەکانیەوە کە سەرجەم ئەم فەنتازیانەش هەر خۆیان لەکاتو جێگاو رووداو خەڵکا دەبیننەوە. رێبازی رەخنەی بونیادگەری گرێ ناداتە کاتو خەڵکو رووداو لەرۆماندا پتر پێ لەسەر ئەو زمانە دادەگرێت کە مادەی خامی هەموو بەرهەمێکی ئەدەبیە، بەڵام لەراستیدا کات لەنێو رۆماندا تەوەرێکی گرنگەو دەشێت لێك بچرێنرێت بەدەزووی ملوانکە کە بەبێ ئەو پەرت پەرت دەبێت، کات لەرۆماندا هێند گرنگەو بەبێ ئەو رۆمان ناڕسکێو تووشی ئاڵۆزی دەبێت، گریمان رۆمانێك بریتیە لەچوار فەسڵ، دیارە کۆی رووداوو کاتەکانی بەشی دووەم درێژە پێدانی یەکەمەو لەسەر ئەو وەستاوە، هەروەها بەشی سێهەم لەسەر دووەمو چوارەمیش لەسەر سێهەم، ئەمە جگە لەوەی کە هەر فەسڵەش لەنێو کاتەکانیا کۆمەڵێك رووداوو هەڵس و کەوتی گرنگی هەیە کە زەمینە خۆش دەکەن بۆ فەسڵی سێهەمو سێهەم بۆ چوارەمو... هتد. رەخنەی بونیادگەری پتر جەخت لەسەر زمانی رۆمان دەکاتو چۆنێتی گەشەسەندنی ئەو زمانە لەنێو رووداوەکاندا بەرجەستە دەکات، واتە هەموو لایەنەکانی تری رۆمان دەخاتە ژێر رکێفی زمانەوە، یان بەواتایەکی تر لەنێو دەستوورو یاساکانی زمانەوە دەڕوانێتە ئەڵقەکانی رۆمان کە ئەمە خۆی لەخۆیدا دوورکەوتنەوەیە لەیاسای ناوەوەی بابەتو دیاردە جیاوازەکان. لێرەدا پرسیارێك دێتە بەردەمان ئایا

رۆمان نووس پێش دەست بردن بۆ نووسینەوەی رۆمانەکەو رەنگ رشتنی چوارچێوەکەی و ئەو هۆیانەی کە پاڵیان پێوە ناوە بۆ نووسینی رۆمانەکە بیری لەڕستەو پەرەگراف و شێوەی نووسین کردۆتەوە؟ کامیان لەپێش کامیاندا؟! ئایا زمان لەرۆماندا هۆیە یان ئەنجام؟ ئایا هەژاری موکریانی لەژێر پاڵەپەستۆی وشەو رستە تۆکمەکانیا چێشتی مجێوری نووسیوەتەوە یان بەرجەستەکردنی رووداوەکان و حاڵەتەکان رستەکانی هێناوەتە گۆڕێ؟! من لای خۆمەوە یەکێکم لەوانەی جەخت لەسەر ئەوە دەکەم کە زمان هۆیە وەک گەیاندنی بیرو رووداو هەڵس و کەوت، بەڵام هەندێك جار لەدامێنانە دلۆقانەکاندا دەشێت ببێتە ئەنجام، نەك بەمەبەستی چێژو لەزەتی خوێنەر بەتەنیا، بەڵکو بۆ دەوڵەمەندکردنی ناوەڕۆکیش! دیارە رەخنەی بونیادگەری ئەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت کە رۆمان نووس بەر لەرەنگ رشتنی چاوگەو تەلاری رۆمانەکەی دەبێت بڕیاری چۆنێتی زمانی دابێژو زمانیش هاندەری بێت، نەك هۆکارە عاتیفی و نەتەوەیی و زاتی و ئینسانیەکان!

کاتێك کەڕۆلان بارت لە (نقد وحقیقە) باسی مردنی دانەرو چوونەیەکی (اختزال) کات دەکات، چ کاردانەوەیەکی پۆزەتیڤی یان نیگەتیڤی دەکاتە سەر خوێنەرو داهێنەرو تیۆرە ئەدەبیەکان؟ مەبەست لەمردنی داهێنەر دوای لەدایك بوونی بەرهەمەکەی لای خودی پێڕەوکەرانی رێبازەکە جێگای مشتو مڕو لێکدانەوەی جیاوازو فرەیە، لای هەندێك (مفسرین)ی بونیادگەری ئەو رایەی بارت وادەکەوێتەوە کە ڕەوتی خوێنەر هەتا هەتایە ناوەستێو دەقیش هەر خودی دەقە! کەواتە دەشێت ئەو دەقە لەڕوانگەی خوێنەرە جۆر بەجۆرەکانەوە نوێ بکرێتەوەو گۆڕانکاری بەسەردا بێتو هەر کەسەو لەگۆشەنیگای تایبەتی خۆیەوە بۆی بنواڕێت کە سەرجەم ئەو خوێندنەوانە دەکاتە دەوڵەمەند بوونی دەق، لای میشال فۆکۆ زۆر جار حاڵەتەکە وادەکەوێتەوە کە ڕەخنە لەسەر بابەتێك دەشێت لەبابەتەکە بەهێزتر یان سوودبەخشتر بێت لەخودی بابەتەکە، واتە لەم حاڵەتەدا خاوەن دەقی ئەسڵی دەبێتە ژێر دەستو پێ و (بدل ضائع)ی ڕەخنەگرو خوێنەرەوە، من نکوولی لەڕاکەی فۆکۆ ناکەم کە هەندێك جار ڕەخنەی تۆکمەو پتەو دەنیشێتە سەر ملی بابەتە ڕەخنەلێ گیراوەکەو جوواڵەی لێ بڕیوە بەڵام ئەم حاڵەتە ئێجگار کەمە، چونکە وەك هەندێك داهێنەر دەڵێن بەرهەمی بەهێز ڕەخنەی بەهێز دێنێتە ئاراوەو دیارە پێچەوانەکەشی راستە! لای فۆکۆ خوێندنەوەی هوشیارانەی دەق جۆرێکە لەنوسینەوەیەکی نوێی دەق، واتە خوێنەر لەم ڕوانگەیەوە پلەی لەداهێنەر بەرزترە چۆن؟


١- خوێنەر فرەن بەڵام داهێنەر تاك.

٢- خوێنەر درێژەی هەیەو بریتییە لە نەوەکانی داهاتوو، بەڵام دەق لەچەقی خاڵێکدا رواوە.

٣- هەندێك خوێنەری وریاو بلیمەت پێش داهێنەر دەکەون چونکە لەڕوانگەی ئاستە بەرزەکانیانەوە دەقەکە دەنرخێنن و بەباڵای دەبڕن.

لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە ئایا هەموو خوێنەرێك لە وزەیدایە دەقی نوێو باشتر بەخوێندنەوەی نوێ بخەملێنێت؟

یەکێکی وەك مامۆستا مەسعود موحەمەد بەو هەموو شارەزاییەوە لەگوڵبژێرێك لەگوڵزاری نالیدا کە - تائێستا - لووتکەی بەباڵابینی نالیە وەك خۆی دەڵێت دەشێت بۆچوونەکانی لەپێینی باڵای زرافی نالیدا بن! بەوەلەدکردنی دەقی نوێ لەخوێندنەوەی نوێی دەقەوە زۆر جار مەترسی گەورە دێنێتە ئاراوە بەتایبەتی لەبواری خوێندنەوەی نوێی دەقە پیرۆزەکانی وەك قورئان و تەورات و ئاوێستا و ئینجیل... هتد. ئەو گرژیەی کە ئەم لایەنە دروستی دەکات ئێجگار دیارە، چونکە دەق دابڕ دەکات لە (سیاق)، واتە لەو شوێن و کات و سەرو بەندەی کە چاوی تیا کردۆتەوە، چونکە چارەسەری خوێندنەوەی دەق و کێشەکانی هەر دەبێت کلیلەکەی سەر بەو سەرو بەندو کات و جێگایانە بێت، دیارە گوێ نەدانە ئەم لایەنە گرنگە کێشەیەکی گەورەی ڕەخنەی بونیادگەریە لەبواری دەقە پیرۆزەکانداو دیاردەی (تحمیل و تأویل)ی جۆر بەجۆر دروست دەبێت کە زۆر جاران لە دەرەوەی دەقەکەوە وەك لەشێکی نامۆ دەخزێنرێتە ناو دەقەکەوە، خوێندنەوەی نوێی دەق لەگەڵ پەرت (تفکیك) کردن و هەڵوەشانەوەی میعماری رستە بەهەموو جۆرەکانیەوە، جۆرێکە لەجۆرەکانی نوسینەوەی نوێی دەق بەڵام بەنەزم و هەوایەك کە هاوچێژبێت



لەگەڵ خودی خوێنەردا بەتەنیا، نەك نووسەری دەق یان خوێنەری تر! واتا نووسەری دەق كە لادەخرێت و جڵەو دەدرێتە دەست خوێنەر كە ئەویش داهێنەرێكی نوێیە. لابردن و یاری كردن و پەرت (الاختزال اللعب، التفكيك) كردنی رستەو دەستەواژەكان لای بونیەویەكان كارێكی ئێجگار پێویستە بۆ چێژو رام كردنی ئەو رێبازەو تەتبیقاتەكانی.

وەك وتمان رۆمان و چیرۆك سەرەتاو ناوەڕاست و كۆتاییان هەیەو هەندێك جاریش لەنێو تەیاری هۆشەوە فرجینا ولف و هەمفری و گەلێكی تر ئەو سێ قۆناخەیان واتا (سەرەتا – ناوەڕاست – كۆتایی) تێكەڵ و پێكەڵ كردووە بەهەنگاوەكانی فلاش باك و پانتۆمیم و مونولۆژو... كاتو جێگا هەر بەگرنگی ماونەتەوە بەڵام لەچوارچێوەیەكی تێكەڵ و تەماویدا كەچی لەزۆر بەرهەمی رەخنەیی بونیەویەكاندا كات دەبێتە وەهم و دەتوانن! فەسڵی دووەم لەرۆمانێكدا لەنێو چەند فەسڵێكی تردا بەباڵا بڕن، واتە یەكێتی ئۆرگانی بەشەكانی رۆمان لەدەست دەردەچێت، چونكە لای بارت ئەقڵیەتی رەخنەیی دەبێت تەفكیكی بێت نەك تەركیبی ئەمە جگە لە پشت گوێ خستنی كار تێ كردنی هۆكاری (العلیە) لەبەستنەوەو شەتەكدانی رووداوو هەڵوێستی كەسەكاندا.

یەكێك لەو تەوەرە بنەڕەتیانەی كە قوتابخانەی بونیادگەری لەسەر دامەزراوە، قوتابخانەی دەروونناسی سلوكیە، كە پتر سلووكە زمانەوانییە دیارو ئاشكراكان كە بەئامێرەكانی هەست دەدۆزرێنەوە جێی سەرنجیانە نەك زانینی ئەو كارلێكانە كە لە دەماخدا روو دەدەن و زمان بەركەوتە دەكەن. زۆربەی هەوڵو گوێ پێدانەكانی دیسوسور تەرخانە بۆ توێژینەوەی زمان لەناو زماندا و پشتی بەكۆمەڵێك پێوانەی زمان زانی ورد بەستووە بۆ گەیشتن بەپێناسەیەكی زانستانەی وردو تۆكمە، دیارە هەتا (معاییر) پێوانەكردن وردو زانستانەو دیار بن ئەنجامی چاكو دڵخۆشكەر دەدەن بەدەستەوە، هەوڵەكانی بلۆفمیدو دی سو سورو تشوسسكی لەبواری زماندا ئەنجامی باشیان بەدەست هێناو توانیان هێڵە قەبەو بەرزو كەس پێ نەوێراوەكان ببەزێنن و پێشڕەوی بكەن و تێڕوانینی نوێ لەبواری زماندا بخەملێنن، دیارە زمانی ئاخاوتنی خەڵكو نووسینی رۆژانە مادەی خاوی تاقیكردنەوەكانیان بوو نەك زمانی كتێبو سەرچاوە كۆنەكان، كەهەندێك جار ئەنجامی زانستانە نابەخشن. هەوڵی رابەرەكانی ئەم رێبازە وەك وتم لەبواری زماندایە وەك فۆنیمو پیتو وشەو رستە، نەك واتاو رەنگدانەوەی سایكۆلۆژیو كۆمەڵناسی لەئاوێنەی زماندا، كە دیارە لێرەدا تەنگو چەڵەمەی تر دێتە گۆڕێ، چونكە رەخنە پتر پەیوەستە بەبارە هونەریو بابەتیو سایكۆلۆجیو بەلاغیەكانو زمان دواتر دەكەوێت، تەنانەت ئەو زمانەش مەبەست لەڕووە هونەریو بەلاغیەكانێتی نەك وردیەكاریەكانی تر. نابێت ئەوەش لەبیر بكەم كە زۆربەی بیروڕاكانی ئەم قوتابخانەیە كاردانەوەی پۆزەتیڤانەی ئەو گێژاوە دیارو ئاشكرایەی زمانناسە سەلەفیەكانی رابووردوو بوون كە پێ گیرابوون لەنێوان پێناسە كۆنەكانی زمانو ساچاندنیان لەگەڵ رەوتی ژیانی نوێدا. تشوسسكی و دی سوسور مامەڵە كردنیان لەگەڵ زماندا وەك هەر توخمێكی كیمیا كەدەشێت لە

تاقیگەدا ئاوێتەی توخمی تر بکرێت‌و شتی نوێ تر بەدەست بێت، دیارە ئەم تێڕوانینە میکانیکیە زمان کەم تابێشێ دابڕ دەکات لەهۆش‌و خانەکانی بیرکردنەوە‌و جڵەوی ئیرادەی داهێنانی نووسەر هێند توند دەکات کە نەتوانێت لەکاتی داهێنانەکانی پڕ بەویستی خۆی لایەنەکانی هەست‌و نەست‌و سۆز تێر ئاوکات. دیارە نەساچاندنی زانستی زمان لەگەڵ ڕەوتی بەرکەوتەکانی هەست‌و نەست‌و هۆش‌و جیهانە تایبەتیەکانی وروژاندنی خوێنەر کێشەیەکی تری ڕەخنەی بونیادگەریە، چونکە لەڕەخنەی بونیادگەریدا لەبەشەوە دەچین بۆ کۆ (من الجزء الی الکل) و هەمیشە مادەی خاوی بەرهەمەکە کە زمانە گرنگترە لەبابەتە ئەدەبیەکە، یان بەواتایەکی تر پشت گوێ خستنی یاسا تایبەتیەکانی ناوەوەی بابەتە ئەدەبیەکانە، لەڕەخنەی بونیادگەریدا هەوڵ دەدرێت کەش‌و هەوای زانست ئاسا باڵ بکێشێت بەسەر بابەتەکەداو لەهەمان کاتیشدا حوکمی ئەدەبی کە پەیوەستە بەچێژو سەلیقەی ئەدەبیەوە نامێنێ‌و لەدەست دەچێت‌و بەتەنیا ڕەخنەکە تەفسیرو ڕونکردنەوە‌و پەی پێ بردنی (استنتاج) یاسا نهێنییەکانی زمانە.

یەکێک لەدیاردەکانی تری ڕەخنەی بونیادگەری ئەو کۆمەڵە داب‌و دەستوورەیە کە دەشێت بەکار ببرێت بۆ هەموو داهێنەرو نووسەرو بابەتێک، ئیتر گرنگ نیە نووسەرو داهێنەرەکە بالا سەرکەش‌و لێ هاتووبن یان داکشاو و خوارتر، دیارە ئەم یەک پێوانەییە بۆ داهێنەرو توخمە جیاجیاکان لەڕووی بابەت‌و قۆناخەکەشیەوە تەنگژەیەکی تیرە، چونکە بەگوێرەی تیۆرە ئەدەبیەکان گەرەکە پێوانە ڕەخنەییەکان جیابکرێنەوە چ بەگوێرەی ئاست‌و کات‌و جێگاوە چ بەگوێرەی بابەت، چونکە (چێژی سەردەم) خۆی لەخۆیدا جۆرێکە لەبەرکەوتەی گۆڕانکارێکان.

کەلاخستنی کەسی داهێنەر (موت المؤلف) دوای داهێنان‌و جڵەودانە دەست خوێنەر کارێکە هەندێک جار ئاستەنگی دەوروژێنێت زۆر کەڕەت داهێنەر دوای چاپی یەکەم واتە دووەم یان سێهەم گۆڕانکاری دەکات‌و شتەکان دەترازێنێت، من لای خۆمەوە ئەمە بەخاڵێکی پۆزەتیڤ لەقەڵەم نادەم، چونکە ئەم کارە ڕەوتی گەشەسەندنی بەرهەم هێن لەگەڵ پێشەوەچوونی ڕۆژگاردا لەسەر هێڵێکی بەیانی وەن دەکات، نەک هەر ئەمەش، بەڵکوو زۆر جاران خوێندنەوەی بەرهەمهێن بەتایبەتی شاعیر گوڕێک دەداتە بەر بابەت‌و پتر لەخوێنەری نزیک دەکاتەوە‌و چێژی زیاد دەکات، دیارە ڕەخنەی بونیادگەری لەئاست ئەم دیاردەیەدا دوچاری ڕامان‌و پیاچوونەوە دەبێت‌و دەشێت داهێنەر بەم پێیە کەلانەخرێت، نەک هەرئەمەش زۆر جاران تێکەڵ کردنی دەنگ‌و مۆسیکاو نواندن‌و ئەجوائیش تێکەڵ بەئاستی نرخاندنی خوێنەر دەبن، دیارە پێ داگرتنی ئەم جۆرە ڕەخنەیە لەسەر پەیوەندێکانی وشە بەسیاقی ڕستەوە دووری دەخاتەوە لەسیفات‌و زاراوە هونەری‌و ڕەخنەێکان چونکە ئەمانە کیانی سەربەخۆن نەک پەیوەندار.

باخوێنەری هێژا ئاگای لەوەش بێت کە ئەگەر ڕولان بارت‌و میشال فۆکۆ وەک دوو داهێنەری لێ هاتوو هەندێک گوڕیان دایە ڕەخنەو تەفسیرو شیکارکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبیەکان‌و ئەگەر ئەم دوانەش نەبوونایە ڕەخنەی بونیاتگەری ئەو چەند هەنگاوەشی نەدەناو هەوڵەکانی بلومفیدو سۆسۆرو لاکان‌و ئەوانی تریش هەر لە چوارچێوە زمانیەکەدا دەمانەوە، تەنانەت دی سوسور دوای لەدنیا دەرچوونی، قوتابیەکانی خۆی، موحازەراتەکانیان بۆ کۆکردەوە‌و بەچاپیان گەیاند، هەرچەندە ئەو هەوڵانەش لای خودی خۆی هەر تاقیکردنەوە (تجریب) بوون.

سەرچاوەکان:

١- درجة الصفر للكتابة – رولان بارت – ترجمة محمد برادة دار الطليعة للطباعة والنشر ١٩٨١ – الطبعة الاولى.

٢- حفريات المعرفة – ميشال فوكو – ترجمة سالم يافوت ١٩٨٧ الطبعة الثانية.

٣- درس السيمولوجيا – رولان بارت – ترجمة عبدالسلام بنعيد العالي دار تويقال للنشر ١٩٨٦.

٤- نقد وحقيقة – رولان بارت – ترجمة د. منذر العياشي.

٥- المرايا المحدبة من البنيوية الى التفكيك – د. عبدالعزيز حمودة ١٩٩٨ – المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب – الكويت / عالم المعرفة.

٦- قضية البنيوية – عبدالسلام المسدى.

ئاوڕێك لە سەرەتاكانی فێمینیسم

وەرگێڕانی: عەلی کاردۆست

لە فەرهەنگی وشەی زمانی فەرەنسیدا، فێم (Femme) بە واتای ئەو مرۆڤەیە کە خاوەنی رەگەزی مێینەیە، واتە ژنە. ریشەی ئەم وشەیە لاتینیەیە و بە فێمینا (Femina) ناودەبرێ.

هەروەها ئەم وشەیە لە فەرهەنگی رۆبێر (Robert) یشدا بەم چەشنە لێکدراوەتەوە: ئەو مرۆڤە دەگرێتەوە کە لە سکیدا منداڵ پەروەردە دەبێت و پێشکەش بە جیهانی دەکات. بڕێك لەو کۆمەڵە وشەیەی کە سەربە خێزانی زمانی ئەم وشەیە و سەرەتا لە زمانی لاتینەوە سەرچاوەی گرتووە و هاتۆتە ناو زمانی فەرەنسی بەم شێوەیەی خوارەوەیە: فێمێل (Femelle) لە ریشە لاتینییەکەی کە فێمێلا (Femella) یە، بەواتای رەگەزی مێینەیە، فێمێنیسین یان فێمێنین (Feminin e) لەگەڵ ریشە لاتینییەکەی کە (فێمێنینۆس)ە (Femininus) بە مانای تایبەتمەندی و خەسڵەتی ژنانەیە. دوابەدوای ئەم کۆمەڵە وشەیە لە زمانی فەرەنسیدا هەندێ وشەیتری داتاشراو دروست بوو. فێمێنیسم (Feminisme) یەکێك لەو وشانەیە کە لە ساڵی ١٨٣٧ دا هاتە ناو فەرهەنگی وشەی زمانی فەرەنسییەوە، لکاندنی ئیسم (isme) کە نیشانەی بوونی قوتابخایەکە بە ریشەو سەرچاوەی وشە لاتینییەکەوە، واتە فێمینا (Femina) وە لەگەڵ لابردنی پیتی (a) ی کۆتایی وشەکە بەمانای ئەو قوتابخانە و مەکتەبەیە کە بۆ سەندنەوەی ماف و، ئازادی و رۆڵی کۆمەڵایەتیو ژنان خەبات دەکا. سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم بزاڤە دەگەڕێتەوە بۆ پاش شۆڕشی گەورەی فەرەنسا. ئازادی نسبی بۆ ژنان، هەسکەوتی ئەو سەردەمەیە کە ئەم شۆڕشەی لەئامێزدا پەروەردەکردبوو بەڵام حکومەتی ئیمپراتۆری ناپلیۆن بۆنابارت یاسای پیاوسالارانەی بە هەموو جۆرە سەختی و ناعەدالەتیەکەیەوە بۆ جارێکی تر پیادەکرد.

کەرەستەی ئەم پێوەنە سەپێنراوانە، کۆمەڵە یاسایەکی مەدەنی بوو کە لە ٢١ ی مارتی ١٨٥٦ پەیکەری هاووڵاتیەکی نەخشاندبوو کە دەمبەستی لە دەمی ژنان هەڵبەستبوو. ئیمتیازەکان سەربەرزی شۆڕش نیە و لەناوبرا، گەیشتن بە تەمەنی یاسایی و شەرعی لە ٢١ ساڵیدا و هەڵوەشانەوەی یاسای سەروەری و فرێدانی.، سرپینەوەی یاساکانی تەلاق، لە ساڵی ١٨١٦، بەشێوەیەکی رەسمی دانی پیانرا، ژنی ژێردەسەلاتی پیاو کەرامەتی خۆی پێشکەش بەو هێزە کرد، کە پشتیوانی بوو. ئەم یاسایانە ئەوەیان سەلماند کە دەبێ ژن لە هەموو بوارێکدا شوێنکەوتووی مێردەکەی بێت، ئەوەش بزانێ کە رچەی پەیوەندیەکانی هەر ئەو دەیشکێنێ، روخسەتی شایەتی لە دادگادا پێ دەبەخشێ. مەجالی ئیش کردنی دەداتێ. سەربەستانە لە مووچەکەی کەڵك وەردەگرێ، بەپێی خواستی خۆی ئەو شتەی کە دەیەوێت بیکڕێ و یان بیفرۆشێ. هەروەها لەلایەکی ترەوە سزای جیاواز بۆژن و پیاو لەکاتی زیناکردن لە بەرچاوگیرا و سزای ژنان گەلێ قورستر دانرا و لە کۆتاییدا، یاسا و حوکمی دەرکراو و بۆ ژنان شەمایلێکی نابەجێی بەخۆیەوە بینی و ئەوانی داکشانە خوارترین دەرەجەی میراتەوە. ئەم کۆمەڵە یاسا مەدەنیانە هەیکەلی ژنی وەکو چاودێری منداڵان، خزمەتکار و کابانی ماڵ لێکەوتەیەکی ژێردەستە و مل کەچی خواستە پەتی و سەرکەشەکانی گەورە و سەروەری خێزان واتە پیاو — دەنەخشاند. رێژەیەکی زۆر لە زۆرینەی ژنان ئەو کۆمەڵە یاسایانەیان پەسەند کردو لە بەرانبەریدا کڕنوشیان برد. لەم ماوەیەدا ژنێکی چاونەترس و

لیهاتوو بەناوی (ژێرمەن دو ئیستاڵ) یەکەم پرشنگی بزوتنی هاوێشت. بە باوەڕی ئەو بڵاوبوونەوە و پەرەپێدان و پێشخستنی مەدەنیت بە هەنگاونان لە پانتایی ئەدەبیاتدا بەدیدێت.

ئەدەبیاتی مۆدێرنیزم باوەڕێکی بەرزتر لە باوەڕی پێشبینیان هەیە. هەروا کە بونیاد و پێکهاتەی ئەو لەگەڵ ئەدەبیاتی کۆن و کلاسیدا گەلێ جیاوازە، چەسپاندنی رۆشنگەری و ئازادی بیری لە زەیندا تایەبتمەندی ئەدەبیاتی هاوچەرخە، کە سێبەری بەرهەمی کەڵەپیاوانی وەکو شکسپیر و گۆتە، باڵی بەسەردا کێشاوە و شایانی نەتەوەیەکی گەورە و سەربەرزە، هەربۆ ئەم مەبەستە دەستی دایە قەڵەم و لەپێناوی ئازادی و سەرخستنی هاوڕەگەزەکانی چەندین بەرهەمی جۆراوجۆری نووسی لە بەشێکدا بەناوی (چارەنووسی ژنان) بەم جۆرە دەنووسێ:

(لەو باوەڕەدام کە ئەو سەردەمە دێت کە یاسا دانەرە فەلسەفیەکان ئەو دەرسانەی کە دەبێ ژنان کەڵکی لێوەربگرن، ئەو یاسا مەدەنیانەی کە دەبێ پشتیوانیان لێبکات، ئەو واجباتەی کە دەخرێنە سەر شانی ئەوان و ئەو ئێقبالە خۆشەی کە دەبێ زامینی ژیانیان بێت، زۆر بە جدی لەبەرچاوی دەگرن. بەڵام لەم سەردەمە و لە زۆر بواردا، نە یاسای سروشت و نە یاسای کۆمەڵگا بایەخی بە ژنان نەداوە. ئەوەی کە دەبێتە سەربەرزی ژنان دژ بە بەرژەوەندی پیاوانە و دڵیان دەڕەنجێنێ.

یاسا تایبەتیەکان زۆرجار بە زەرەری ئەوانە و ئەم خاڵە لاواز و کەم و کورتیانەیە کە زۆرجار لە خزمەتی ئەواندایە. زۆرجار هەموو شتێکن و گەلێجاریش هیچ نین، چارەنووسیان چەشنی ئەو ئیمتیازاتەیە کە لەلایەن ئیمپراتۆرەوە بە کۆیلە ئازادکراوەکان دەدرێت. ئەگەر بیانەوێت پلەکانی سەرکەوتن و سەربەرزی ببڕن، رەوتی دەسەڵات دژ بەوانە و یاسایەک بۆ ئەوان نییە و خۆ ئەگەر بیانەوێت هەروا بەکۆیلەیەتی بمێننەوە ئەوا چارەنووس و ژیان، لەژێر قورساییی مەینەتیدا دەیانفلیقێنێتەوە.

رۆمانی (کۆرین) کە لە ساڵی ۱۸۰۷ دا بڵاوبۆتەوە و (لە ئەڵمانیا) کە بەرهەمێکی تر‌ە و لە ساڵی ۱۸۱۰ نووسراوە ئازادی ئەوی لە ئەندێشە و کرداردا نەخشاندوە، روبەڕوبوونەوەیەکە بەگژ جنێو و سوکایەتی کردنەکانی ناپلیۆن بۆنابارت دا، ئەم بەرهەمانە مەحکووم و قەدەغە کراون و بۆ ئەمیان داوای پیاچوونەوەکراوە و ئەویتریان بۆتە سپەری رێژنە گوللەی نەیارەکان.



بەم پێیەش بەرهەمەکانی لە سەردەمی پەرەسەندنی فێمینیسم دا تاڕادەیەک چەواشەکەرە. قارەمانی رۆمانەکانی بریتین لەو تێکشکاوانەی کە دەبێ تاوانی هۆشیاری و جیاوازییەکانیان بدەنەوە. ئەوان پشتیوانی و هاوکاری پیاوان رەفز ناکەنەوە، سەردەمێکی ناخۆش و کەسەرە کە ناتوانن هەرگیز لە ریزی پیاوان بن، بچووکی خۆیان هەست پێدەکەن. ئەم کۆمەڵە رۆمانە کە مەئوای چارەنووس و تەقدیرێکی ژنانەیە، زۆر نیشانەی بە چۆکهاتن و ژێردەستەیی لەخۆگرتووە. بە درێژایی ساڵی ۱۸۳۵، لەژێر کاریگەری دوولایەنەی رۆمانتیزم و سەن سیمۆنیزم[1] دا رق و قینی دژ بە ژن لە بیروباوەڕی گشتی جەماوەردا رەنگ بزرکاوتربوو. هەر لە ماوەی ئەو بیست ساڵەدا سێ شانازی بۆ دووەمین کۆماری تۆمارکرا. ساتێکی پیرۆزی بۆ ئەدەبیاتی ئافرەتان لەخۆگرتبوو. لەم ماوەیەدا نووسەرێکی هەڵکەوتووی وەک (ژۆرژ ساند) گەشایەوە. لەسەر جۆگرافیای ئێخلاقی و سیاسی، ئەم کۆمەڵگایە زۆر سڕوسارد مایەوە.

نامۆیی و تێك گرژانی ناو بەرهەمەکانی ژۆرژ ساند ئەو راستیەیە دەسەلمێنن. ئیندیانا والنتین، نووسەری رۆمانە ناوداره فێمینیستیەکان، کەنیزی تایبەتی لئۆنی ژاك وەکو سوکایەتیکەرێکی رق لە دڵ و بەرهەڵستکەرێکی زەماوەند (ازدواج) دەزانێ. لە یەکێك لە بەرهەمەکانیدا لە ژێر ناوی (کۆنسۆلۆ)، لە

بەشێکیدا بەناوی (کەلەبچە و پێوەنەکانی زەماوەند) کەسایەتی سەرەکی چیرۆکەکە، کە کچێکی گەنج و جەحێلە لەلایەن دایکیەوە بەم چەشنە نەسیحەت دەکرێ: ئایا لەو باوەڕەدای کە ڕۆژێ لە ڕۆژان لە ژیانی ژن و مێردایەتیدا هیواو ئاواتی کچێنیت بێتەدی یان سوکایەتی و ژێردەستەیی ئەم ماوەیە تۆ بە کۆیلەیەتیدا دەکێشێت؟ بێکەڵکی ئەو ژنەی کە بە کۆیلەیەتیدا کشاوە، خەسڵەتی ژنێکی بێئەخلاقی پێدەبەخشێ. ئایا لەو گەلاڵەیەی کە خودا دایڕشتووە بۆ دەبێ بوونەوەرێکی وەک تۆ تا ئەو ڕادەیە سوکایەتی پێبکرێت؟ ئەو منداڵە بێدەسەلاتانەی کە لەم پەیوەندییەدا دێنە دونیا، جەوهەرێکی ناپەرەسەندوویان هەیە، مۆرکی نافەرمانی و سەرکێشی بەناوچاویانەوە دەدرەوشێتەوە. هیچ پەیوەندییان بە جیهانی مرۆڤایەتییەوە نییە، چونکە لە کەش و هەوایەکی ژێر دەسەلاتی یاسای مرۆڤایەتیدا کە خوازیاری یەکسانی پەیوەندی و داهاتەکانی نێوان ژن و پیاون، قەت نەژیاون. کاتێك ڕووبەڕووبونەوە نەبێ، یەکسانی لەناودەچێ و، کاتێك کە یەکسانی نەمێنێ ئەوا هاوپەیمانی واقیعی لەناودەچێ.

ئاواتەکانی سەردەمی کچێنیت دژ بە مرۆڤایەتی و دژ بە کۆمەڵگا دەبێ، بەڵام چاوپۆشی لە خۆ و پشت گوێخستنی ئاواتەکانت بەبێ بوونی عەشق و ئەوین کێشەیەکی ترسناکە. بەڵام ئەم ژنە (ژورژ ساند) کاتێ کە دەرکی بە کاریگەری و تەشەنەی سەختی سەن سیمۆنیزم کرد، خۆی لە هەڵسووکەوتی ناشایست دەپاراست. لە نامەیەکیدا بۆ مادام دی پۆمپری دەڵێ: لەم هەل و مەرجەی کە ئێستا بۆ ئافرەتان ڕەخساوە، دەتوانن کورسیەکانی دەسەلاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ئەستۆ گرن، بەڵام ئەم واجیباتە قەت نابێ لە خۆشەویستی و ئەمەکداری سروشتی ئەوان بۆ خێزان کەم کاتەوە. بەڵام کاریگەری دوولایەنەی خوێنەرە ئۆتۆپیست[٣] و سۆسیالیستەکان پتر لە ئەدەبیاتی فێمینیسم و پتر لە بەرهەمە تەرغیبییەکانی ژۆرژ ساند، بونە فاکتەری پەرەسەندنی چەمکی فێمینیستی. (پرۆسپێر ئانفاستین) ئەندازیار و ئابووریناسی فەرەنسا، لە ڕیزی دامەزرێنەرانی قوتابخانەی (سەن سیمۆنیزم) دابوو، لە ساڵی ١٨٢٩ دا ڕێچکەی ئەم تەریقەتەی بەرەو فێمینیستی وشك و سۆفیانە لادا. ئەو دوو هزر و بیری بەهێز و پڕ تەشەنەی خستەڕوو:

هەموو جووتێك (ژن و پیاو) ئەندامێکی دەماری کۆمەڵایەتییە و بەشەریەت چاوەڕوانی هاتنەوەی ژنی (مەوعودە).

(شارل فۆریەر) ی فەیلەسوف و ئابووریناسی فەرەنسا و شوێنکەوتوەکانی کە بە فۆریەریستەکان ناسراون گروپێکی هۆمانسیت و مرۆڤ خواز بوون و دابین کردنی باشترین کەرەستە بۆ هەرکام لە ئەندامەکانی گروپەکەیان بەمەبەستی هەڵبژاردنی سەربەستانەی پیشەکانیان، بە بەشێکی گرنگی ئایدیۆلۆژیەکەیان دەزانی و لایەنگری هەزری یەکسانی جنسیەت بوون. ئەوان ڕەخنەیان لە یاسای زەماوەند دەگرت و بە کارێکی ناسەرکەوتوویان دەزانی و نەفرەتیان لێدەکرد. بیروبۆچوونەکانیان زۆر بە خەستی لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندن و میدیاکانەوە بڵاوبۆوە و بەرە فیکری و ڕووناکبیریەکانی ئەو سەردەمەی وەك بۆرجوازی کردە سپەری هێرشە تووندوتیژەکانی خۆی. گروپی ژنانی شۆڕشگێڕ و بەرهەڵستکار وەکو نووسەرانی بیروباوەڕی ئۆتۆپیست بوون. (کۆلۆربازاد) یەکێ لە بڵاوکەرەکانی ئایین و تەریقەتی سەن سیمۆن لەگەڵ پرۆسپێر ئانفانستین ڕۆڵی یەکەمیان لە سەرهەڵدان و پەرەپێدانی ئەم بزوتنەوەیە، بینی. کارەکانی ژنێکی تر بەناوی (چۆژنی نیپۆیە) کە دژ بە شوێنکەوتنی سوننەت و داب و نەریتە کۆنەکان بوو لە بەرامبەر یاسا سیاسییەکاندا زۆر گرنگ و لەبەرچاوبوو.

زۆر گۆڤار و چاپەمەنی بە مەبەستی پێشخستنی بزوتنەوەی ژنان کەوتە بازاڕەوە و ژنانی کرێکار بۆ بە چاپ گەیاندن و بڵاوکردنەوەیان ماندوو دەبوون و تەقەلایان دەکرد. ئەو گۆڤارانە بریتی بوون لە (ژنی ئازاد) کە جگە لە ئەو وتار و بابەتە نووسراوانەی کە بە قەڵەمی ژنان نوسرابوون، بابەتێکی تری وەرنەدەگرت و هەروەها پاشتریش گۆڤاری (مینبەری ئازاد) جێگەی ئەوی گرتەوە.

لە بەشێکی بەربڵاوی هەواڵەکانی ساڵانی ١٨٤٠ دا تروسکەی جوڵانەوەی بزاڤی (فێمینیست) بەرەو خەباتی کۆمەڵایەتی بەدیدەکرێت. سەرهەڵدانی (فلۆرا توریستان) لە جەرگەی خەباتی فێمینیستدا، خستنەڕووی ڕێگە و شێوازێکی نوێی خەبات بوو. ئەم کۆنە کرێکارە خاوەن ئەزموونەی کارگە ڕەنگ ڕێژییەکان، هەروەها ئەم کەسایەتییە بەلاوەنراوە، بەبێئەوەی پەروەردەی قوتابخانەیەك بێت هەر لە ساڵی ١٨٣٥ تا ساڵی ١٨٤٤ کەوتە پروپاگەندەی بیروباوەڕی لەبارەی ئازادی ژنی کرێکار و لە بازنەیەکی بەرینتردا هەموو ژنانی کرێکاری جیهان.

ژیانی ئەو کورتەیەکی ئەو کۆڕەوەری و بریانەیە کە کۆمەڵگای ئەو سەردەمە بە ژنانی ڕەوا دەبینی، بێوەژنێکی دەربەدەری خاوەن سێ منداڵ، ژنێك کە

پۆلیس و خاوەن قەرزەکانی بەدووایدا وێڵن، ژنێك كه سەرەتا بۆ بەریتانیا و پاشان بەرەو وڵاتی پیرۆ دوورخرایەوە، تا ئەوکاتەی لە ساڵی (١٨٣٨) دا کتێبی (سەفەری مرۆڤێکی شاربەدەرکراو) ی نووسی و هەروەها لە کاتی دوورخراوەیی‌دا لە بەریتانیا و لە ساڵی (١٨٤٢) کتێبێکی تری بەناوی (پیاسەیەك لە لەندەن) دای بڵاوکردەوە. بەرهەمەکانی و بەتایبەت ئەم کتێبە، بریتی‌یە لەو کۆمەڵە گوتارە پڕ بەڕەقانیە تووندوتیژەی کە بۆ پشتیوانی‌کردن لە ژنانی ژێر رکێف و چەپۆکی کۆمەڵگا و کارگەکان، نووسراوە. تا ئەوکاتەی کە لە ساڵی (١٨٤٤) دا سەری نایەوە پەرەی بە ڕێبازێك دەدا کە پاشتر مارکس ئەو بیرویاوەڕەی بوژاندەوە، ئەو دەیوت: (ئەی کرێکار، منیش بە بنەماڵەی مرۆڤدا دەستەخوشکی تۆم) ئەو خەباتەی کە ژنان لە سەردەمی کۆماری دووەم دا دەستیان پێکرد، بە سەرهەڵدانی فلۆراتوریستان کە ناوی بەرهەم و کارەکانی لە بزاڤی سۆسیالیست دا تۆمارکراوە، زۆر بەربڵاوتر لە جاران پەرەی سەند. هەروەك فلۆراتوریستان، (لۆئیزمیشێل) یش کچێکی بێفیز و لەخۆبردووبوو. هەر لە منداڵیدا بەڵێنی‌دا ببێتە مامۆستا و هەربۆیە رووی لە پاریس کرد و لەوێدا لەگەڵ بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان چاو و دەمی کردەوە. ئەو لەم بارەیەوە دەنووسێ: هیواو ئاواتی من بێسنوور بوو، حەسوودیم بە فێربوونی زانستە جۆراوجۆرەکان دەبرد، بە مۆسیقا، شێعر، نیگارکێشی، بەڵام زۆر بە دڵێکی فراوانەوە هەموو ئەو ئاواتانەم لەپێناوی ئەو عەشقەی کە بە شۆڕش هەم بوو، دامنا. ئەوەی کە خۆم پێ سپاردووە حەقیقەتێکی پەتی‌یە بۆ ئایندە. ئەو لە بەرەی چەپدا و لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریدا خەباتی دەکرد بە مەنسەبی سەرۆکی کۆمەیتەی هۆشیاری و زانیاری بۆ دارمانی حکومەت هەڵبژێردرا و لە شۆڕشی کۆمۆندا[٣] بەشداری‌کرد و تا دوایین ساتەکانی شەڕ لە بەرەکانی خەبات و بەرخوداندا مایەوە. (٢٥) ساڵی کۆتایی تەمەنی بۆ بەرگری لە شۆڕش و ئازادی تەرخان کرد. چالاکی و کارە سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یەکانی ئەم ژنە کە نیشانەی دەسەڵات و توانایی زنانیشە، ئەوی خستە ریزی ئەو کەسانەی کە بە کردەوە بۆ سەرخستنی ئامانجەکانی بزاڤی فێمینیسم تەقەلا دەکەن.

بەشێوەیەکی گشتی چوار کەسایەتی سەرەکی، لە میکانیزەکردنی هزری فێمینسیسم دا بەشداریان بووە، پرۆسپێر ئانفانستین، شارل فۆریەر، فلۆراتوریستان و، لۆئیز میشێل، سەن سیمۆن و مریدا و پرۆسپێر ئانفانتین پروپاگەندەیان بۆ ئازادی ژنان دەکرد.

خوازیاری مافی یەکسانی بوون بۆ ژنان لە بەڕێوەبردنی کاروباری شاردا. هەروەها قوتابخانەی سەن سیمۆنیزم بە شوێن ڕێگەیەکدا بوو کە بە خۆشی‌یە جنسی‌یەکان متمانەیەکی دووبارە ببەخشێت.

ئەم ڕێبازە حەقانیەتی ئاسمانی بوونی دوو ڕەگەزەکە واتە نێر و مێ بە بەڵگەی دەسەڵاتداریێتی ژنان لە ڕۆژگارە کۆنەکاندا دەزانی و پەیامی دەرکەوتنی بەم نزیکانەی دایکێك بۆ هەموو پیاوان و ژنانی، بە گوێدا دەچپاند. بەم پێیەش خەونی سەن سمۆنیزمەکان هیچ ئاڵوگۆڕێکی بۆ چارەنووسی واقیعی ژنان بەدواوە نەبوو. هەندێ لە شێرە ژنە چاونەترسەکان وەکو سۆزان و لکین و کلۆردمار و پۆلین میلاند بە غیرەتەوە لەپێناوی یەکسانی و بەرابەری جنسیەت و دەستەبەرکردنی سەربەستی لە سوونەت و داب و نەریتدا، کۆششیان دەکرد. پۆلێن میلاند دەڵێ: تەت ناتوانم لەو کۆمەڵگایەی کە مافی یەکسانی لە بەرانبەر هاوسەرەکەمدا پێنابەخشێ، ببمە هاوسەری هیچ پیاوێك. (شارل فۆریەر) یش چەشنی فێمینیستێکی پەتی بەو قەناعەتە گەیشتبوو کە کاتێ پیاوان، ژنان بە هاوسەری سوك دەزانن لە ڕاستی‌دا خۆیانیان بە سوك زانیوە..

بەشێوەیەکی گشتی گەشەسەندن و ئاڵوگۆڕی کۆمەڵگا لە گرەوی بەرەوپێش چوونی ژنان دایە بۆ ئازادی. دارمانی یاسا کۆمەڵایەتی‌یەکان بەهۆی کەم بوونەوەی ئازادی ژنانە، پەرەپێدانی مافی یاسایی ژنان هەوێنی هەموو پێشکەوتنێکی کۆمەڵایەتی‌یە.

ژنان لە بەرانبەر واقیعیەتە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا

بزاڤی فێمینستی فەرەنسا کە لە ژێر کاریگەری لقی سۆسیالیستی‌دا بوو تا سەرەتای شۆڕشی

(١٨٤٨) هێشتا بەتەواوی جدی نەبوو. لەگەڵ ئەوەی که ئاواتی هەره گەورەی فێمینیستەکان وەرگرتنی مافی سیاسی ژنان بوو. بەڵام ئەم ئاوات و ویست و داواکارییە بۆ گەڕانەوەی مافی ژنان که لەلایەن گۆڤاری فێمینیستی (دەنگی ژنان) هوە پشتگیری دەکرا و لەلایەن ژنانی وره بەرزەوە بە غیرەتێکی تایبەتییەوە بەرگری لێدەکرا، هیچ دەرئەنجامێکی نەبوو. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕێژەی ڕێکخراوە فێمینیستییەکان لە زیادبووندا بوون، کەچی ئەم ڕێکخراوانە بێکەڵک و بێهوودەبوون.

پرۆدێن، تیۆریستی سۆسیالیستی فەرەنسا بەردەوام فێمینیستەکانی دەدایە بەر توانج و پلار و سوکایەتی پێدەکردن. (ژۆرژ ساند) یش چاوپۆشی لە بیروباوەڕ و تیۆرەکانی خۆی کرد و پاشگەز بووەوە. لە ئاکامی ئەمەدا دەبوایە لە بناغەدا کۆماری دووەم، فاکتەر و هۆکارەکانی پێشکەوتنی مافی ژنانی لە فەرەنسادا، دابین کردایە کەچی لە ڕاستیدا خۆی فاکتەری سەرەکی هەڵتەکانی بوو. لەمیانەی ساڵی (١٨٤٨) و پاشتریش ژنان بەو قەناعەتە گەیشتن کە بۆ کەڵک وەرگرتن لە خەباتیان دەبێ بە شێوازێکی سەربەخۆ دەست بەکاربن و جوڵانەوەیەك بن جیاواز لە جوڵانەوەی ڕێکخراوی چینی کرێکاران. بەم پێیە و بۆ ئەم مەبەستە تاکتیکی نوێی خەباتیان گرتەپێش و داواکارییە کۆمەڵایەتییەکان، گۆڕانی مەرجەکانی ئیش کردن و، مافی خوێندن جێگەی خواستە سیاسییەکانی گرتەوە. لە ساڵی (١٨٥٠) یاساکانی (فالۆ) کە سیاسەتمەدارێکی فەرەنسی بوو، ئازادی خوێندنی بە مافی هەموو مرۆڤێك دەزانی و خوازیاری بنیاتنانی قوتابخانەی تایبەتی کچان بوو لەو گوندانەی کە ژمارەی دانیشتوانی لە سنووری (٨٠٠) کەس تێپەڕ بێت. لە ساڵی (١٨٦٧) ڤیکتۆر دورۆی، مێژوونووسی گەورە و وەزیری پەروەردەی فەرەنسا ئەم ڕێژەیەی بۆ بیناکردنی قوتابخانەی تایبەتی کچان لە گوندەکاندا بۆ ئاستی (٣٠٠) کەس دابەزاند و هەروەها مافی خوێندنی دوانەوەندی بە کچان بەخشی.

ساڵی (١٨٦٦) ٣٣٪ دانیشتوانی چالاکی فەرەنسا لە ژنان پێکهاتبوو. کەچی مەرجەکانی ئیش کردن بەتایبەت لە کارگەکاندا لە ئاستی ژنان زۆر نامرۆڤانە بوو تەندروستییان دەخستە مەترسییەوە. لەگەڵ ئەم دیمەنە شوم و نەگریسەشدا دەبێ جیاوازی حەقدەستەکانیش بخەینە پاڵ کە بە ڕێژەی ١/٣ لەنێوان ژنان و پیاواندا دابەش کرابوون. ساڵانی (١٨٦٥ تا ١٨٧٠) سەرەتاکانی هەنگاونان بۆ دامەزراندنی یەکەم ڕێکخراوی یاسادانان بۆ کاری ژنان بوو کە هەر لەگەڵ سەندیکای کرێکارانی ژن دامەزرا و دەستی بەکارەکانی کرد.

دووەمین حکومەتی پاش شۆڕشی گەورە، لەسەردەمی ئازادی بیروڕادەربڕین، لە خەباتێکی سەخت و تەنگەتاوی نێوان فێمینیستەکان و دژە فێمینیستەکاندا بووە تیژترینی ئەم ناکۆکیانە لەسەر هزری دەسەلاتی ژنان لە حکومەتدا، (پرۆدن) ی لەگەڵ (لۆئیزمیشێل) دا بەرەنگاردەکردەوە چونکو باوەڕی بە پەستی دەرەجەی ئەدراکی ژنان هەبوو. لە ساڵی ١٨٧١ دا دۆخەکانی کۆمۆن لەگەڵ سونەت و نەریتە شۆڕشگێڕیەکاندا پەیمانی تازەکردبووەوە، هەروەك ساڵانی (١٨٧٩ و ١٨٤٨) ژنان ببونە پێشڕەوانی شەڕی کۆمەڵایەتی و ئەو ژنانەی کە لەلایەن (لۆئیزمیشێل) هوە ڕێبەری دەکران زۆر بێقەرار و تامەزرۆتر لە پیاوان ئامادەی قوربانیدان لەپێناوی ڕزگاری پاریس و فەرەنسا بوون.

لەناو نەقابەی ژنان دا حزبێك دامەزرابوو کە هێز و وزەی خۆی تەرخان کردبوو بۆ گەیاندنی هاریکاری بە کۆمەڵی مەدەنی، چاودێریکردنی بریندارەکان و، پەروەردەکردن و خەباتی ئێعلانی و ڕاگەیاندن. کۆمۆنیەکان (نەك وەك پێشڕەوەکانی ساڵی ١٨٤٨) وادیار نەبوو ئامادەی دان پیانانی مافی ئازادی سیاسی بۆ ژنان بن.

بەڵام شەڕخوازەکانی فەرسای پاش سەرکەوتنیان بەسەر خەڵکی شاری پاریسدا هیچ هەڵسوکەوتێکی نەرمیان لەگەڵ ئەو ژنانەی کە تا دوایین ساتەکانی شەڕ لە بەرانبەریاندا خەباتیان گێڕابوو، نیشان نەداو، ژنان و پیاوانی کۆمۆن مەحکوم بە مەرگ و یان دوورخرانەوە کران. بەڵام بزاڤی کۆمۆن لە سەدەی نۆزدەیەمدا روناکیەکی بەرینی بەخشیە ڕواڵەت و هەیکەڵی ژنان. ئەو ژنانەی کە بە گیانی لەخۆبردوویی و ڕۆحی سووك و وردەبەرزییەوە لە شۆڕشدا بەشداربوون و سەروەریەکی کەمتر لە پیاوانیان پێنەبەخشرا.

ئـــەوان مۆرکـــی لـــەناوچوون و توانـــەوەیان بـەنێوچارانی تیـۆری پەسـتی دەرەجـەی ژیـار و ئـەدراکی ژنـاندا، کێشـاو لێوەشـاوەیی خۆیانیـان لـە هـەموو بوارێکـی کۆمەڵایـەتی و سیاسـیدا، نرخـاند و خستەڕوو.

ژێدەر:

زنان، ۳۰ بهمن، ۱۳۷۷، بخش اندیشه.

پەراوێزەکان:

۱) ئـەو مەکتـەب و قوتابخانەیـە کـە (کلـۆد هـانری دوسـێن سـیمۆن) ی فەیلەسـووف و ئابووریناسـی گـەورەی فەرەنسا بنیـاتی نـاوە ئـەو قوتابخانەیـە هـەڵگری ئـەو باوەڕەیـە کـە ئەگـەر کۆمـەڵگای بەشـەرییەت بـۆ کـەڵك وەرگرتـن و بەرهـەم هێنـانی کانزاکـانی زەوی رێگایـەکی راست و رەوا، بگرێتەبـەر ئـەوا خۆشـبەختدەبـێ بـەو مەرجـەی ئـەخلاقی کۆمـەڵگاش بـە رێگایـەکی خـێردا بەرێت.

۲) ئۆتۆپیا، لەلایەکەوە ناوی کتێبێکی (تۆماس مۆر)ە. ئەو لـەم بەرهەمـەیدا بـارودۆخی کۆمەڵایـەتی بـەریتانیا و وڵاتەکانی تری ئەورووپای خستۆتە ژێر تیشـکی رەخنـە و لێکۆڵینەوە. هەروەها دیمەن و نیگاری مەدینەی فازیلەی خـۆی خوڵقـاندووە؛ بـەڵام لەلایـەکی تـرەوە مانـای زمانـەوانی ئۆتۆپیـا، هەڵسـان بـە کـارێکی سـەخت و موستەحیل دەگەیەنێ و (ئۆتۆپیست) هەکان ئەو کەسانە دەگرێتـەوە کـە دەیانـەوێت ئـەو کـارە سـەخت و ناموومکینانە بەئەنجام بگەیەنن.

۳) وشـەی کۆمـۆن بـە مانـا گشـتییەکەی، هاوبەشـی و ئیشتیراك دەگەیەنێ و (کۆمۆنـیزم) یش بـەمانای ئـاینی ئیشتراکی و هاوبەشییە. بزاڤـی کۆمـۆن لـە پاریسدا بـە دوو قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیوە. قۆناغی یەکـەم کۆمۆنـی مەشروعی حکومەتی شارەوانی شاری پاریس دەگرێتەوە کـە لـە رۆژی (۱۰) ئۆگۆسـتی (۱۷۹۲) جێگـەی کۆمۆنـە یاغی و سەرکەشەکەی گرتەوە کە دەورەیەکی پڕ کوشت و کوشتاری سیاسی لە شۆڕشی گەورەی فەرەنسادا پێك هێنابوو.

قۆناغی دووەم: سـەقامگیربوونی حکومـەتی شۆڕشـگێڕی پاریس لە ساڵی (۱۸۷۱) دایە کە لە پاش شکاندنی ئابڵۆقـەی شار لەلایەن پرۆسییەکانەوە، دێتەکایەوە.

چەمکی ونبوون
لە بەهەشتی ئەوبەر پردەکەدا(١)

خوێندنەوەی
عبدالمطلب عبدالله

لێردا بەهۆی دەرکەوتنی هەندێ دەنگی نوێوە بتوانین قسەیەك لە چیرۆك و رۆمانی کوردی بکەین، بەڵام پرسیاری سەرەکیمان ئەوەیە ئایا ئەو دەنگانە تا چەند توانیوویانە وەك ئەزموون سوود لە چیرۆکنووسەکانی پێش خۆیان وەرگرن، یان بە جۆرێکی دیکە ئایا چیرۆکنوسانی کورد تاچەند توانیویانە خەیاڵی فەنتازی کوردی بەرجەستە بکەن، تاکو لەوێوە نەوەی نوێ درێژە بەو مۆرکە بدەن و وەك بونیاد بەکاری بەرن، ئەگەرچی ئەو پرسیارە ناکرێ لە دەرفەتێکی وا بچووك لق و پۆپەکانی بەڕوونی بخرینە روو، بەڵام رەنگە بتوانین لەلایەك وەك پرسیارێکی سەرەکی بۆ بەدواداچوون بەرزیبکەینەوە، لەلایەکی دیکەوە ڕۆڕ بە راشکاوی دەکرێ بڵێین لە دووتوێی هەڵوەشانەوەی بونیادی چیرۆکەکانی هەندێ لە چیرۆکنوسان لەوانیش بەتایبەت "حسین عارف" کۆمەڵێك پێکهاتەی زیندوو بۆ بەدواداچوون و بەرهەمهێنانەوە بخەینە بەرچاو "قسەم لە سەر رۆمان نییە" واتە وەك ئەزموونێ دەکرێ نەوەی نوێ سوود لە لایەنێك یان رەگەزێك لە رەگەزەکانی ئەو چیرۆکنوسە وەرگرن، ئەوەش هەرگیز بەو مانایە نییە کە ئیتر ناشێ لەم بونیادو رەگەزانە تێپەڕبکەین، بەڵکو بێگومان هەموو ئەوانەش راستەوخۆ بە رۆحی ئیبداعەوە بەندە، واتە داهێنەر دەتوانێ بە شێوازی جیاکارانەی خۆی لەپێشوو دایانبڕێت و وەك مادەیەکی زیندوو بە ئازادی مامەڵەیان لەگەڵدا بکات.

هەروەها دەشێ خەیاڵی فەنتازی تەواوی رەگەزو بونیادە پێشکەووتووەکان بخاتە دووتوێی خۆیەوە، هەروەك چۆن لای چیرۆکنوسانی ئەمریکایی لاتین بە زەقی دەبینرێت، بەڵام لای خۆمان ئەو مەسەلانە تەواو پشت گوێ خراون، لەلایەکی دیکەش وەك دیارە لە کاتی هەڵوەشانەوەی بونیادی چیرۆکەکانی زۆربەی چیرۆکنووسان شتێکی زیندوومان بۆ بەدواداچوون و بەرهەمهێنانەوە دەست ناکەوێت، ئەوەش یەکێکە لە کارەساتەکان.

رەنگە ناوی (حسێن عارف) لێرەدا وەك باوکی رۆحی چیرۆکی کوردی زەمەنێك لە زەمەنەکان بەدیاربکەوێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ناوهێنانە هەرگیز ناچێتە خانەی فەرامۆشکردنی کۆمەڵێك تواناو دەنگی دیاری ئەو بواره "لە دەرفەتێکی دیکەدا بە لێکۆڵینەوەیەکی تێرتر ئەو مەسەلەیە دەوروژێنین"

مەبەستی ئێمەش لە کارکردن لەسەر ئەزموونی نەوەکانی پێشوو - بەرهەمهێنانەوە - وەك دوگمابوونی بارە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکە ناکەوێتەوە، بەڵکو وەك لەسەرەوە ئیشارەمان کرد تەنها پارێزگاریکردنی رۆحی مرۆگەلێکی دیاریکراو لەخۆدەگرێ هەروەك ئەو مرۆگەلەی "مارکیز" بە جیهانی ناساند، بەومانایەش لەگەڵ دابڕان و راتەکانە

بێژمار و گشتیەکانی سەردەم هەنگاو بەرەو خوێندنەوەی ئەزموونی خوێندنەوە دەنێن و بەهۆی ئامرازە وردەکانەوە بابەتی ئەزموون و خوێندنەوەی تایبەت بە ئەرکی خۆمان دەزانین، هەروەها دەشێ لەم نوسینەدا ئیشارەتەکان هەر تەنها بەولادانانەوە پەیوەست بن کە دوای راپەڕین جۆرە تەکانێکیان بە چیرۆکی کوردی بەخشی - یەکێکیش لەوانە "رێبوار حەمەرەحیم"ە.

"رێبوار حەمە رەحیم" بەهۆی بڵاوکردنەوەی چیرۆکی "تەمەن لە ڤوورە سپیەکان" توانی سەرنجی چیرۆکی کوردی بۆخۆی ڕابکێشێ، ئەگەرچی رەخنەگران تاکو ئێستا لایان لەم بەرهەمە نەکردۆتەوە، بەڵام کە باس لە نەوەی نوێ دەکەین رەنگە نەکرێ ناوی "رێبوار" بخەینە دواوە، بە رای من دەشێ "رێبوار" مژدەی دەنگێکی بەتواناو گەورەی چیرۆکی کوردی لەخۆ هەڵگرتبێ، بەڵام ئەو قسەیەش پێویستی بە ئەرك و ماندووبونی بێوچان و لەبن نەهاتووی "رێبوار" هوە هەیە، دواجار تا چەند دەتوانێ بە هێمنی و جەربەزەییەوە لەم بوارەدا درێژە بە وجودی خۆی بدات.

یەکێك لە سیفەتە جوانەکانی دەق هەبوونی ئەو گریمانانەیە کە دەکەوێتە دەرەوەی خودی نوسەرەوە یاخود بەمانایەکی دیکە کردنەوەی کۆمەڵێك دەرگایە بە رووی خوێنەردا، ئەوەش بەتایبەتی لە چیرۆك و ڕۆماندا راستەوخۆ پەیوەندی بە شێوازی گوتاری گێڕانەوەوە دەکات، خودی ئەو گوتارەش لەلایەك دەکەوێتە سەر سبەمۆتیکاو لەلایەکی دیکەش بە شت گوتنەوە "شیعرییەت" خۆی پەیوەست دەکات، لەنێوان گوتن و گێڕانەوەی چیرۆکیش ساتەوەختێکی کەم خایەن و بێگەرد و پڕ لە چێژ بۆ "بۆگێڕەوە" و پاشان درێژبوونەوەی خودی ئەو ساتەوەختەش لای خوێنەر بە ئەزموونی خوێندنەوەوە دەپێورێ، بەڵام لە خودی دەقدا دەکەوێتە سەر شیعرییەت و گێڕانەوە، یەکەمیان لە میانی گوتنەوە فەزا و زمانی تایبەت بەخۆی دروست دەکا، بەڵام دووەمیان هەموو ئەوانە لە دووتوێی بەرهەمهێنانی چیرۆکەوە بەدەست دەهێنێ.

بەمجۆرە نومایشکردنی شیعرییانە لە توێی ناگێڕانەوەدا بەرەو دامەزراندنێکی نوێی نوسین هەنگاو دەنێ و گێڕانەوەی چیرۆکیش لە توێی هەڵوەشانەوەی گێڕانەوەکانیدا بەرەو گێڕانەوەیەکی نوێ دەچێ[7].

وەك دیارە هەمیشە و لە هەموو بارەکاندا خودی گوتاری گێڕانەوە دەبێ پردێك لەنێوان کاتی تایبەتی ئەزموونکراو و کاتی گشتیدا هەڵبەستێ، لێرەدا ئەوکاتە هاوبەشە بەگوێرەی چیرۆك و ڕۆمان کاتێکە هەمیشە گێڕانەوە بەڕێوەی دەبات، بۆیە خوێنەر لە دوتوێی ئەوکاتە هاوبەشەدا زێتر تێکەڵ خۆی دەکات، یاخود خوێنەر بێتەگەرە لەژێر پەردەی شیعر ئامێزی گێڕانەوەدا ماناو چێژ بەیەکەوە بۆخۆی وەدەست دەهێنێ، کەواتە گێڕانەوە تاڕادەیەك دەوری خۆی لە ئاڕاستەکردنی مانادا دەگێڕێ و گوتنیش "شیعرییەت" لە ڕۆربەی کاتدا چێژ پراکتیزە دەکات، خودی ئەو مەسەلەیەش لە سەرێك لە سەرەکانیەوە راستەوخۆ بە شڵەژانی دیووی ناوەوەی رووداو و کەسێتی و مەرجە هونەرییەکانەوە بەندە، یاخود بەشێوەیەکی هونەری دەشێ بڵێین، بە پلۆتەوە خۆی پەیوەست دەکات. کەواتە هەموو ئەو مەسەلانە لەلایەك دەکەونە سەر بیری نوسەر و لەوێشەوە بە ئازادییەکانی داهێنانەوە دەلکێن.

بەڵام وەك دیارە پرۆسەی داهێنان بێ چەمکی خوێنەر و ئامادەباشی خوێنەر هەمیشە لەنگە، ئامادەباشی خوێنەریش بە حاڵەتە دەروونیەکان و فەزای خوێندنەوەوە پەیوەستە.، بەمجۆرە لەمیانی کردەی نوسەر و کردەی خوێنەر بەرهەمی ئیبداعی خۆی وااڵ دەکات.

لەلایەکی دیکە هەروەك ئاشکرایەوەزیفەی خەیاڵ لە ڕۆربەی حاڵەتەکاندا بەشێوەیەکی گشتی ئاسۆکانی خۆی لە داهاتوودا دەخاتە روو، بەو مەبەستەی درککردنی ئێستا بەرفرەوانتر نیشان بدات، بەڵام لە "بەهەشتی ئەو بەر پردەکە" ی رێبوار حەمە رەحیم دا خەیاڵەکان ئالیاتێك بەڕێوەیان دەبات کە هەمیشە پشت بە رابردوو یادەوەریەکان دەبەستێتەوە، ڕەنگە هەر بەهۆی ئەو ئالیاتەشەوە لەنێوان دونیای نوێ و دونیای ڕزگاربوون لە رابردوو، ڕزگاربوون لە هەڵەکانی یەکەم "دۆڕانی بەهەشت - بەهەشتی لەدەستچوو" لەپێناو بەهەشتی داهاتوو - ئەو بەهەشتەی کە دەشێ بە هەوڵ و کۆششی بێ بڕانەوەی مرۆڤ دەستی بۆ ببرێت و لێی نزیك

ببینەوە، ئەو بەهەشتەی کە دەشێ خەیاڵێکی جوان بێ لەبەردەم خودی مرۆڤایەتیدا، دواجار خۆی دووچاری ئیشکالیەتی بیری پێشکەوتووخواز و بیری کۆنەپەرستی دەکات "ئەوای لێبوردن دەکەم، چونکە ئەو خستنەڕووە ئەگەرچی بەسەرچووە بەڵام من بەهۆی زەرورەتی نوسینەوە تێی کەوتووم، بۆیە هەوڵمدا هەروەک خۆی بمێنێتەوە، بەڵام وەک دیارە دوای گەشەکردنی بیری مۆدێرنیەت و پۆست مۆدێرنیتە، هەموو ئەو خستنەڕووانە کەوتنە بەر لێشاوی گۆڕان و دواجار بەشێوازی جیاجیا بۆ پتەوکردنی مەرکەزییەت - ئەگەرچی لە پایە سەرەکییەکان کەوتن بەڵام وەک پەراوێز و بەشی بچوک بچوک خرانە بەر مامەڵە لەگەڵ کردن." بەڵام ئێمە پرسیارەکانی خۆمان لەم ئاڕاستەیەدا بەکارنابەین، بەڵکو هەوڵدەدین لە دووتوێی دوالیزمیەتی هونەری "یادەوەری - خەیاڵ" و ئازادی نوسەرەوە پەنجە بۆ پێکهاتەی لادانەکان و چەمکی ونبوون درێژبکەین، بەوماناییەش دەشێ چەمکی ونبوون لە یادەوەری و خەیاڵەوە بۆ دووتوێی دوالیزمەکانی دیکەی دەقەوە خۆی درێژ بکاتەوە، هەر لەو دوالیزمەشەوە دواجار پەنجە بۆ دوالیزمیەتی شۆڕین درێژ دەکەین و لەوێشەوە هەوڵی بەرجەستەکردنی ونبوونی "کافکا" یانەی ڕێبوار دەدەین، واتە ڕاستەوخۆ نوسەر لە دەرەوەی بونیادە باوەکانی چیرۆکی کوردی - بە هەوڵە تایبەتیەکانی خۆی لە ڕۆحی داهێنان نزیک دەکەینەوە، بەو مانایەش خەیاڵی "ڕێبوار" تەواو دەرچوونە لە شێوازی بەرهەمهێنانەوە، هەروەک لە دووتوێی دەقیش دەرچوونەلە زیندانی جەستەو هەڵفڕینە بەرەو ئازادییەکانی نوسین، هەر لەم ڕووەشەوە تێکشکاندنی تەواوی شۆڕینکات لەئەستۆدەگرێت -- هەمیشە سەرکێشانە دوای یادەوەرییەکان دەکەوێ و دژایەتی خۆی لەگەڵ واقیع ڕادەگەیەنێت، بێگومان هەموو ئەوانەش لە دەرئەنجامی تەنیایی و ژان و ژوارەکانی واقیعەوە سەرچاوەیان گرتووە.

بەمجۆرە ڕابردوو دەشێ وەهمێکی جوان بێ یاخود دونیایەکی لەبار بێ بۆ ئازادی، هەموو ئەوانەش زۆر بەجوانی وەک گوتمان لای ڕۆمانnوسەکانی ئەمریکای لاتینی بەرجەستەکراون، بۆ نموونە "مارکیز" لە ڕۆمانی "سەدسال لە دووەپەرێزیدا" کاری بۆ کردووە و بە خەیاڵە سیحراوییەکەی شارۆچکەی "ماکۆندۆ" لەجێی خۆی دوبارە بە قەرەجەکان چێدەکاتەوە.

ئەگەر ئەو شێوازەی ڕێبواریش بشێ تاڕادەیەک لە ڕۆماننوسەکانی ئەمریکایی لاتینی نزیک بکەینەوە، دەتوانین بڵێین: بەهەشتی ئەوبەر پردەکە بەشێوەی تەکنیکی گێڕانەوەی نوێ و مۆنتۆلۆژی گونجاو هەوڵدەدات کاتی ڕابردوو لە دووتوێی کاتی ئێستا بچوک بکاتەوە، ئەوە لەلایەک لەلایەکی دیکەش هەروەک زانراوە لە "دون کیشوتە" ەوە یۆتۆپیا کەوتە نێو ڕۆمانی ئەوروپاوە، یۆتۆپیای "دون کیشوتە" یش خەون و یەکسانی و ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی لەخۆگرتبوو - ئەوەو هەموو یۆتۆپیاکانی دیکەش دەشێ هەوڵێ بن بۆ بچوک کردنەوەی ئێستا لەمیانی خەونەکاندا، یاخود بەرفرەوانکردنی پانتایی خەونەکان و بچوک کردنەوەی واقیع لەخۆدەگرن، بەوماناییەش دەشێ "ڕێبوار" ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەو خەونەشەوە هەبێت و لەوێشەوە بۆ پێکهاتەکانی دیکەی دەق خۆی درێژبکاتەوە، یان بە جۆرێکی دی ئێمە لەنێوان یادەوەری و خەیاڵدا هەوڵی گرتنی چەمکی ونبوون لەنێو دەقدا دەدەین.

"ڕێبوار" ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ڕابردوو یادەوەرییەکانەوە دەکات و "لەوێ" لەنزیکەوە دەست بۆ بەهەشت درێژ دەکات "دەشێ بەهەشت بەو مانایە ڕواڵەتی مێینەی لەخۆ گرتبێ - هەر لەسەر ئەو بنەمایەوە گەڕانەوە بۆ دایک دواجار مۆرکی خۆی دەسەپێنێ" یاخود ڕاستەوخۆ دەست لە کۆمەڵێ خەونی چەسپێنراو و وەهمی بچوک کراوە و دووبارەکراوەی غەریب نزیک دەکاتەوە، کەواتەخودی ئەو مەسەلەیە دەکرێ لەمیانی پاڵنەری دووبارەکردنەوە لە ناشعوردا ئاماژەی بۆ بکرێت، ئەگەر خودی ئەو پاڵنەرەش دەلالەت لە بنەما سەرەکییەکانی دەقی (بەهەشتی ئەو بەر پردەکە) بکات، بەو مانایە تەواوی دوالیزمەکانی ناوەوەی دەق دەکرێ بە کردەی دووبارە بوونەوە بدەینە قەڵەم "لێرەدا مەبەستمان کردەی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی دەق نییە، بەڵکو کردەی دووبارە سەرهەڵدانەوەی چەسپێنراوەکانی ناشعود

دەگەیەنێت" خودی ئەو کردەیەش لەلایەک بالّ بەسەر پرنسیپی چێژی کاراکتەردا دەگرێ و بە دیووی ئەو دیوویشدا لە شێوەی ژان و ژووارداخۆی نیشان دەدات، لەلایەکی دیکەش وەک بەدیل چەند دەریچەیەک بۆ ئارەزووەکانی خۆیان دەقۆزنەوە بەلاّم هەرگیز، ئەو بەدیلانە بە حالّەتی چێژ وەرگرتن ناگەن.

بە واتایەکی دیکە ئەگەر بشێ لەلایەک بەهۆی کەلّەکەبوونی ئەو پالّنەرە دەریچەیەک بۆ "گێڕانەوە" بسازێنین ئەوا بێگومان دەگرێ لەلایەکی دیکەدا هەناسەکانی ئەو پالّنەرە بە "گوتن" پەیوەست بکەین، بەلاّم وەک گوتمان ئەگەر گێڕانەوە بە ژان و ژوارەوە یان بە رووداوەوە پەیوەست بکەین و لەوێشەوە گوتن یان شیعرییەت بە دەریچە بەدیلەکانەوە ببەستینەوە بەو مانایە هەرگیز دەق ناگاتە دوا ترۆپکی چێژ، یاخود بە مانایەکی دیکە دەشێ خودی ئەو مەسەلەیە هۆی کۆنترۆلکردنی چێژ بێ لەبەرژەوەندی گێڕانەوەدا، کەواتە گونجانی پەیوەندییەکانی هەمیشە بە پرۆسەی داهێنانەوە بەندە و دەکەوێتە حالّەتی نائاگاییەوە و لەوێشەوە لەگەلّ ئاگایی رێک دەکەوێتەوە.

کەواتە ئەگەر گێڕانەوە لە دووتوێی یادەوەرییەکانی رابردوو - رووداوەکان - بە کەبت بوونەوە پەیوەست بکەین، ئەوا هەلّچوونە بەدیلەکان و دلّەڕاوکێی ناوەوە "یان هەوڵەکانی راکردن لەنێو دەقدا دەشێ بە گوتن - نومایشکردن - ی خەونەکان "لە هەلّوێستی جیاجیادا" بچوێنین.

بەمجۆرەش لە ترۆپکی لەزەتی "بەهەشتی ئەوبەر پردەکە" کاتێ بەرەو واقیع و شعور دەبینەوە، یاخود کاتێ لەو بەهەشتە دەکەوینە نێو دیاردەی هەلّچوونی بەدیلەکان و هەلّوێستی جیاجیاوە، ئیتر دەریچەیەک بۆ پراکتیزەکردنی خەیاڵ دەکرێتەوە، بەلاّم لەپاشاندا لە تووێی گێڕانەوەدا راستەوخۆ هەستێکی وجودی داگیرمان دەکات بڕوانە ل ٤٧ - ٤٨ "ببوون دەلّێم داگیرمان دەکات، رەنگە ئەوە پەیوەندی بە پرۆسیسی خوێندنەوەوە هەبێ، چونکە پرۆسێسی نوسین خودی کاراکتەر دەکاتە چوار چێوەی خۆیەوە نەوەک خوێنەر لە دووتوێی ئەو هەستە وجودییەش دا مرۆڤ خۆی لە بێهودەترین هەلّوێستدا دەبینێ، یاخود بە مانایەکی دیکە ئەگەر گەڕانەوە بۆ یادەوەریەکان دەلالەت لە بەهەشت بکات و خودی ئەو بەهەشتە وەک رووداو دواجار لەبەرئەنجامی کۆمەلّێک کارەسات و کۆمەلّێک گوتاری شکستەوە سازابێت، ئەوا هەموو بەدیلەکانی دیکە وەک دلّەڕاوکێ و راکردن و پاشان دژبوونەوە جۆرە هەستکردنێک لەخۆدەگرێ کە تەواو غەرقی خۆ بە تاوانبارزانین و خۆونکردن دەگەیەنێت، چەمکی خۆ بە تاوانبارزانین و خۆ ونکردیش زۆر بە تووندی بە چەمکی دلّەڕاوکێ و لەوێشەوە بە پالّنەرە ناشعورییەکانەوە بەندە.

لەلایەکی دیکەش خودی کاراکتەر هەر تەنها لە کاتی راکردن و هەلّوێستی جیاجیادا دووچاری دلّەڕاوکێ و نائارامی و ترسی دەروونی نابێت، بەلّکو هەر لەوکاتەی وەک بوونێک دەست بۆ ماهیەتی خۆی دردێژ دەکات، ئەو ترس و دلّەڕاوکێیە یەخەی دەگرێ، بەلاّم کردەی خۆیەتاوانبارزانین راستەوخۆ بە وەعیەوە پەیوەستە "لە خانەیەکی کتێبخانەکەدا دوو زەرفی کاغەزی دادەگرت، یەکێکیان پڕبوو لەو وێنانەی دەمێک بوو چاوەڕێی دەستە ماندووەکانی ئەمیان دەکرد بۆئەوەی دەریان بهێنێ و لەئەلبومێکدا رێکیان بخات، ئەویدیان ئەو نامانەی تێدابوو کەهاوڕێ ئازیزەکانی بۆیان ناردووە.. ل٨)

لێرەدا درککردن بە تەنیایی و دواجار دابڕان لە خود رەنگە تەنیا بە شعورەوە پەیوەست نەبێ، چونکە مرۆڤ لە کاتە هەرە ناسکەکانی هەستکردن بە بوون بەدیووی ئەودیوودا تەنیایی داگیری دەکات. بەومانایەش خودی تەنیایی پەیوەندی راستەوخۆی بە ئاگایی و دلّەڕاوکێ و گومانەوە هەیە، دوابڕیاری مەرجی مرۆڤی داهێنەر و هوشیار لەخۆ دەگرێت، بەلاّم گەیشتن بە ئەویدی دەشێ ئەو هێزە فریاد رەسە بێ کە غەرقی بیرۆکەیەکی تەمومژاوییە، ئەو بیرۆکەیەش خۆ بە تاوانبار زانینە وەک لە پێشەوە ئیشارەمان بۆ کرد.

مرۆڤ هەمیشە لەنێو تەنیایی خۆیدا هەستدەکات کەسێ نییە دەستی بۆ درێژ بکات، خودی ئەو مەسەلەیەش دەکرێ بە ژیان و مردنەوە پەیوەستی بکەین، بەو مانایەش ئەزموونی ژین و مردن دوو ئەزموونن لە تەنیایی مرۆڤ دا، بەلاّم ئایا مردن

گەڕانەوە نییە بۆ ژیانی بەر لەدایك بوون؟ ئایا لەدایکبوون مردنە و مردنیش لەدایکبوونە.. ئەوە مەسەلەیەکە تەواوی مرۆڤایەتی هەمیشە لێی رادەکات، کەواتە ئاگایی خود و زەمەن و ئەقڵ و داب و نەریت و هەموو ئەو شتانە دەشێ هەوڵێ بن بۆئەوەی مرۆڤ لە ژیاندا وێڵ و سەرگەردان بێت، پاخود هەموو ئەوانە دەشێ بە مانا "کافکا" پەکە دژە بۆتۆپیا بێت و رەنگە لە ناسکترین کاتدا هەست کردن بە وجود رابەڵەکانی بکێشێ و دواجار لە تراژیکی ئەو هەستەوەش شتەکان خۆیان بچنەوە، بەمانایەکی دیکە لەنێوان دوو دژدا هەمیشە مرۆڤ هەست بە تەنیایی و ونبوون دەکات.

کاراکتەرکاتێ بریاری سەردانی هاوڕێ ئازیزەکانی دەدا = بۆ هەمان شاری خوێندن دەگەڕێتەوە لە گازینۆکەی جاران هەست بە کۆمەڵێ گۆران دەکات، دەشێ گۆڕانکارییەکان چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوە هەمان هەست کردن بوروژێنن، بۆیە خۆی وەك نامۆیەك دێتە بەرچاو و ئۆقرەی لێ هەڵدەگیرێ و بەرەو هوتێلەکە و ژوورکەی خۆی دەکەوێتە ڕێ لەم سەرەوە هەموو ئەو شتانە دەناسێتەوە کە چەندان جار بەلایانەوە گوزەری کردووە، بەڵام کاتێ دواتر بەر سیحری ژوورەکەی جارانی خۆی دەکەوێت بەهۆی دژبونەوە، هەستی نیگەرانی لا دروست دەبێ، بۆیە کاتێك لە هوتێلەکە بە کۆمەڵێ سکاڵاوە دادەبەزێت، هەموو ئەو شتانەی لەو سەرەوە بەلایاندا گوزەر دەکات بە نەناس دێنە بەرچاو، بەمجۆرە لەنێوان ناسین و نەناسین دا غەرق دەبێت و بێ ئامانج ڕێگا دەگرێتەبەر، بەڵام کاتێ هاوڕێیەکی بەهۆی ناوی خۆیەوە دەیهێنێتەوە ناو واقیع و دراجار بەڵێنی پێدەدات کە بۆ لای هاوڕێکانی بەڕێت "لەبری ئەوەی بە ئاڕاستەی باشوردا بڕوات ڕوویکردە باکوور.. ل ١٩".

گومان لە تەواوی دەقدا بەهۆی پاڵنەرە ناشعورییەکانەوە هەمیشە چەمکی خۆبە تاوانبارزانین و پاشان راکردن لە دووتوێی دوالیزمەکانەوە و دواتر چەمکی ونبوون دەخەنەوە، بەڵام هەموو ئەو ڕەشبینییەش دواجار نابێتە هۆی خۆکوشتن "زۆربەی هاوڕێکانم خۆیان کوشت.. لـ٢٠" بەڵکو ئەو هەموو تێکشکانە لەبری هەڵبژاردنی مردن خۆونکردن دەکێشێ و دەبێتە "گریگۆر سامسا"ی کافکاو لەنێو دژسیپەی یادەوەرییەکاندا جێ دەمێنێ و پاشان وەك باوکە ئادەم لەهەڵوێستی جیا جیادا دەبێتە هەڵگری دژ بوونەوەیەك و تاوانێك کە تاماوە پێوەی دەتلێنەوە، بەمجۆرە چەمکی راکردن و دژ بوونەوە دەشێ هەستێکی (کافکا)یانە بێ و تەنگید لەتەمومژی دونیاو ئاپندە بکاو لەوێشەوە بەدڵەڕاوکێی خودی مرۆڤەوە پەیوەست بێ، بەو مانایەش لێرەدا ڕەنگە بتوانین چەمکی تەمومژی ڕاستەوخۆ بەگوتارە سەلەفیەکانەوە پەیوەست بکەین، لەو گوتارانەی کە هەمیشە لەئامادە باشبەکانی خۆیاندا ڕێگا لە پرسیارە لەبن نەهاتووەکانی ناوەوەی مرۆڤ دەگرن و لەمیانی ڕاوەژاوی خۆیاندا دەبانشێوێنن و ناهێڵن بێنە سەر حاڵەتی گوتن:

چەمکی دڵەڕاوکێش پەیوەندی بەیۆتۆپیاوە دەکات، ئەو یۆتۆپیایەی کە لە دوای سەدەی نۆزدەم تەواوی ئاسۆکانی بەدیار کەوتو لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمیشدا تێکەڵی ئایدیۆلۆژیا بوو:

کەواتە "ڕێبوار حەمە ڕەحیم" لەسەلەفیەتی گێڕانەوەی چیرۆکنامێزو دڵەڕاوکێی یۆتۆپیائامێزی گوتندا تاکە فریادڕەسی لەم نێوانە دا =وەك گومان لەبری هەڵبژاردنی مردن= خۆ بەتاوانبار زانین و لەویشەوە ڕاکردن و دواجار وەك "گریگۆر سامسا"ی کافکا ونبوون لەخۆ دەگرێت؛ ئەگەرچی بەو مانایەشەوە دەکەوێتە دووتوێی ناشوێنەوە بەڵام لەخودی خۆیدا شوێنێك بۆ ژیان شك دەبات، ئەو شوێنەش وەك ئیشارەمان بۆ کرد دژە یۆتۆپیاو دژە گێڕانەوەیە.

"دون کیشۆت" هات خەونێکی خۆش بسازێنێ و "تۆماس مۆر" لەدووتوێی یۆتۆپیاکەی خۆیدا بانگەشەی لێبوردنی ئایینی و یەکسانی و ئازادی ڕاگەیاند "کامبانیلا" دەسەلاتی زانست و زانیاری بەپێشڕەو دانا.. بەڵام دواجار چارەنووسی هەموو خەونەکان بەرەو واقیع و سنووری دیاریکراوو لەکۆمەڵێك بۆچوون بەدەر نەبوون، ئیتر هەموو خەونەکان بەمجۆرە هەڵوەرین –یۆتۆپیای "کەڵە کوڕان و ئاسکە کچانی" شێرزاد حەسەن و "ئێوارەی پەروانە"ی بەختیار عەلی و "بەهەشتی ئەو بەر پردەکەی" ڕێبوار حەمە ڕەحیم – دوا چارەنووسی خۆیان لەواقیع – مردن ڕەنگڕێژ کرد؛

بەو مانایەش هەمیشە واقیع – مردن کەم‌و کوڕی‌و کۆت‌و بەندی خۆی هەیەو دووبارە خەون بەکەماڵەوە دەبینێ، مردنیش تەواوی ئەو خەونە لەخۆ دەگرێ، لەو بازنەیەشدا دەشێ بڵێین مرۆڤ هەمیشە بوونەوەرێکی یۆتۆپیایە، بەڵام ئەدەب لەنێوان چەمکی تەمومژو چەمکی دڵەڕاوکێدا ونبوونی خۆی رادەگەیەنێت، هەر لەدوو تونێی ئەو ونبوونەشەوە وەک "باختین" لەباسی رۆماندا دەڵێ دەبێ بڕوامان بەشێوەی کراوەوە هەبێت، خەیاڵیش هەمیشە بەتەواوی هۆی سەرەکی کراوەوەی ئیرادە لەخۆ دەگرێت، کەواتە خۆ ونکردنی "ڕێبوار" دەشێ ئیرادەیەک بەڕێوەی بەرێت، ئەو ئیرادەیەش لەدژ بوونەوەی مرۆڤی یاخیبوەوە هەڵقوڵاوە.

وەک گوتمان ئەگەر خەیاڵی "ڕێبوار" ئالیاتێک بەڕێوەی بەرێو خودی ئەو ئالیاتە لەسەر گوتن‌و گێڕانەوە ونبوونی خۆی دایمەزرێنێ، دەشێ ئەو شێوازە لەبەدواداچوونداپارچەیەکی نوێ بەپێی ئەزموونی خوێندنەوەو نوسین بخاتە روو، هەر لەتوێی کردەی خوێندنەوەشدا ئێمە هەنگاو بەرەو دەق دەهاوێژین، کەواتە لەوزەکانی خەیاڵی نوسەرو خەیاڵی خوێنەرەوە دەتوانین ئیرادەی دژ بوونەوە دروست بکەین‌و پەرچە کردارە ناشعورییەکان بگرین.

لە "بەهەشتی ئەوبەر پردەکەدا" وەک گوتمان ڕەگەزی خەیاڵ‌و مەنەلۆگ‌و فلاشباکی کردارەکان تەواوی دەق لەبۆتەی گێڕانەوەدا کۆنترۆڵ دەکەن‌و لەتوێی ڕەهەندە دوورەکانی هونەری نومایشکردنەوەش دەقێکی کراوەمان پێ دەبەخشن، یاخود دەلالەتەکان لەمیانی گوتنی شت‌و گێڕانەوەدا دواجار خوێنەر بەرەو دونیای ناپێشنیار کراوو شڵەژاوی داهێنان دەبەن، ئەو ڕۆحە سەرکێشەی "ڕێبوار" بەتەواوی دڵەڕاوکێیەو هەنگاو بەرەو یادەوەرییەکان دەهاوێژێ، لەمیانی گێڕانەوەشدا هەموو هەوڵەکانی خۆی لەپێناو پرۆسیسەکردندا تەرخان دەکات.

ئەگەر بەو مانایەش هەمیشە یادەوەرییەکان دژی گێڕانەوە بکەونەوە، ئەوا لەلایەکی دیکەوە گێڕانەوەش هەمیشە دژی واقیع خۆی والا دەکات، بەمجۆرەش پرۆسەی گوتن لەمیانی گێڕانەوەو یادەوەریدا – پرۆسەی گێڕانەوە لەمیانی گوتن‌و خەیاڵدا هەمیشە لە "گێڕانەوە – واقیع/ خەیاڵ– واقیع" نووسینی تەقلیدی خۆیان لادەدەن، ئەو خۆلادانەش بۆ ئەو گوتەیە تەواوی پێکهاتەو ڕەگەزەکانی نێو دەق لەدوالیزمیەتی گێڕانەوەو شیعرییەتدا بەرجەستە دەکەن، هەروەک ئاشکرایە هەموو ئەوانەش دەکەونە سەر ئەو زمانە جێڕەی کە هەمیشە سەرنج بۆ تایبەتمەندییە خۆییەکانی خودی دەق ڕادەکێشێ، بەمەش لایەنێکی هاوکاتی "تضامن" بەزمانی دەق دەبەخشێت.[٣]

هەروەها دەشێ وەک بونیادی هونەریش ئاماژەی بۆ بکەین، بەو مانایەش نوسەر بەڕۆحێکی هونەرییانەوە کێشەی دەروونی مرۆڤێکی هوشیارو ڕۆشنبیر لەتوێی پەیوەندییەکانی گێڕانەوەو گێڕەرەوەی هەموو شت زانەوە ڕەسم دەکات، بەو ڕەسم کردنە سەیرو سەمەرەو هەمگینەشەوە خوێنەر بۆ خۆی کێش دەکات.

کاراکتەری سەرەکی "ڕێبوار" وەک "دون کیشوت" هەمیشە لەخەون‌و خەیاڵدا دەژی‌و لەژوورەکەی خۆی "نهۆمی دووەم" بەهەڵدانەوەی دەفتەری یادگارییەکانی خۆی خەریک دەکات، دواجاریش هەوڵدەدات بەپراکتیزەکردن هەڵبسێ "هەرچەندە دەشزانێ هەموو هاوڕێکانی خۆیان کوشتووە بڕوانە ل٢٦" دەشێ لەم بارەیەوە تۆزێ لە "یوم صامت في طنجه"ی طاهر بن جلون نزیک بکەوینەوە، لەلایەکی دیکە ئەو سەردانە یاخود گەڕانەوەیەی کاراکتەر بەهۆی گێڕانەوەی هاوکاتیەوە کۆمەڵێک دیمەنی ڕەنگڕێژکراوی نێو دەق بەفەزایەکی غەمگینەوە لەیەکتر نزیک دەکاتەوە، بەو مانایەش هەستدەکەین گێڕانەوەی هاوکاتی ئیمایەک بەجوڵەو دیمەن‌و هەموو شتەکانی دیکەی نێوان ئێستاو ڕابردوو دەبەخشێ‌و بەرە بەرەش لەدووتوێی چنیندا وەسف بڵاودەبێتەوەو پاشان دایەلۆگ‌و شوێنی وەسف کراو بۆ نموونە: ژوری ماڵەوە نهۆمی دووەم – هوتێل نهۆمی دووەم‌و ژمارە (٢٢)و دواجار کۆشکە سیحرییەکەش لەدوو نهۆم پێکهاتووە، دوالیزمیەتی شوێن لەژمارە دووداخۆیان وێک دێننەوەو کۆمەڵێک دەلالەتیش لەخۆ دەگرن، بەڵام ئێمە تەنها وەک دەلالەتی شوێن لەدەقدا بەجەستەی تەنیاو دواجار ونبوونی نێو دوالیزمەکان پەیوەستی دەکەین.

بەمجۆرە کاراکتەر وەک جەستەیەکی بێ کردەو بێ وتە لەواقیعو هەردوو نهۆمی "ماڵ – هوتێل" دوای یادەوەرییەکان دەکەوێت تادەگاتە بەهەشتی ئەو بەر پردەکە – بێگومان "بەهەشت" لەنێو دەقدا سیحری نوسین لەخۆ دەگرێ‌و لەلایەکی دیکەش لەکۆمەڵێک دەلالەتی ڕەمزی‌و ئەفسانەیی نزیک

دەبێتەوە، هەروەها ئەو وەسفە باڵوەی کە لەئیحای گێڕانەوەی هاوکاتیەوە هەڵدەقوڵێ تەواوی پێکهاتەکانی نێو دەق کۆنترۆڵ دەکاتو دوالیزمەکان لەوێوە د ڕژێن، خودی ئەو دوالیزمەش هەمیشە لە بەرامبەرکێو کێشەدایە، وەك گوتمان نوسەر لەنێوانیاندا دواجار ون دەبێت، واتە ئەو ململانێیە لەدووتوێی بەرجەستەکردنی "بەهەشت" وەك شوێن – کاتی ناوەکی– و گیانی هونەریدا خۆیان دەنوێنن، بەڵام ئەو گیانە هونەرییە لەلایەکی دیکەوە لە میانەی "ناونیشانی دەق"دا کۆمەڵێك ئەرك لەخۆ دەگرێت، واتە بەرگی ئەو نۆڤلێتە دەبێتە باشترین شوێن بۆ وەشاندنی پرسیارە بێ وەڵامەکان. لەلایەکی دیکەش بەهۆی گێڕەرەوەیەکی نومایشکارانەوە تەواوی خۆی تێکەڵی گێڕانەوە دەکات، واتە کەسێتی گێڕەرەوەو کاراکتەری سەرەکی تەماهی یەکتر دەبن، لەم بارەشەوە ئەگەر پەنجە بۆ دایەلۆگی نێو دەق درێژ بکەین، دەبینین تاك زمانی تەواوی پێوە لکاوە، بەڵام خودی ئەو تاك زمانیەش پەیوەستە بەمۆنۆلۆگو دەکەوێتە دەوتوێی سێحری دوالیزمەکانو دواجار دووچاری لادانێك دەبێت – بڕوانە"–

- ئەو هاواره چییە؟

+ گوێم لەهیچ نییە. ل٢٣.

- دایکە موو بەسەرمەوە نەما؟

+ باوکیشت بەڕەحمەت بێ نەو سەری ڕووتاوە. ل٥٤.

لەلایەکی دیکەشەوە دەکرێ بڵێین ئەو لادانانە پەیوەندییەکی تووندوتۆڵی بەگێڕەرەوەدا هەبێ، واتە کرداری گێڕانەوە بەشێوەیەکی والاکاری هەمیشە هەڵچون پێش دەخات، بۆیە نومایشکارانە خۆی دەنوێنێ، ئەوەش ئەگەر لەلایەك بەخودی گێڕانەوە پەیوەست بکەین، بێگومان لەلایەکی دی فەزای گوتن – شیعرییەتی دەق– دەوری سەرەکی تیا وازی دەکات.

"بەر لەوەی چاوەکانی بەم رادەیە کز ببن و نەخۆشییەکەی "یان نەخۆشییە سەیرەکەی" بەتەواوی لەپەلو پۆی بخات، هەموو ڕۆژێك چەند جارێك لەسەر جێگاکەی هەڵدەسا، دەستی بەدیوارەکانەوە دەگرت و بەلەرزە لەرزو هەزار حاڵ خۆی دەگەیاندە لای کتێبخانە بچکۆلەکەی.. ل٧".

لەپێشەوە گوتمان نوسەر لەتوێی ڕێکخستنی دوالیزمەکانەوە بەشێوەیەکی هاوکاتی هەوڵی گرتنی کۆمەڵێك دەلالەتی داوە، بەڵام ئێمە نامانەوێت پەیوەندی دەلالەتەکان بەواقیع پەیوەست بکەین "مەبەستمان واقیعی کوردییە" بەڵکو هەوڵدەدین لەتوێی خودی دەلالەتەکانی نێو دەق پەویەندییە دوالیزمەکان بە یەکترەوە بلکێنین، دواجار لەبونیادی هاوکاتی ناوەکییەوە بەرەو شوێنو لەوێشەوە بەرەو ناشعور بگوازینەوە، کەواتە "کزبوونی چاو" وەك لەدەستپێك هاتووە دەشێ ڕاستەوخۆ لەلایەك پەیوەندی بەفەزای بەهەشتو کۆرپەلەکانەوە – وەك دواسنوور– هەبێ، لەلایەکی دیکەش ترسو نیگەرانی قۆناغی منالی دەوری تیا بگێڕێ.

هەروەها دەکرێ هەردوو پەیوەندییەکە دواجار بەباوك پەیوەست بکەین، چ لەزەمەنی ڕابردوو چ لەئێستادا، بەو مانایەش هەردوو – سەرەتاو کۆتایی– لەشێوەی هاوکاتی لەدووتوێی دەقدا ونبوونی باوك لەئەستۆ دەگرن، دەشێ لەهەمان کاتیشدا ونبوونی کاراکتەری سەرەکی راستەوخۆ بەدیلی ونبوونی باوك بێ، بەو مانایەش خودی ڕێکخستنی ڕووداوەکان دەشێ تێکەڵکێشانە خۆیان وازی بکەنو لە خودی ئەو تێکەڵکێشییەش پەیوەندی بەدژبوونەوە ببەستین.

کەواتە نوسەر هەوڵدەدات لەمیانی نائامادەیی باوك "وەك دژ بوونەوەیەك" لێرەو لەوێ، ئامادەیی دایك – حیکایەتی ئەوێ "مێژوو – ڕابردوو" تێکەڵکێشی حیکایەتی ئێرە "واقیع – ئێستا" بکات، هەر لەدووتوێی ئەو تێکەڵکێشییەش دا مانا شاراوەکانی حیکایەتی دووەم بەهۆی حیکایەتی یەکەم دەدۆزینەوە.

بەڵام ئایا نائامادەیی باوك دەلالەت لەهەڵوەشانەوەی شیرازەکانی "بەهەشتی ئەوبەر پردەکە" دەکات، هەروەك لای شێرزاد حەسەنو حەسار بەرچاومان کەوت، پرسیارەکەمان ئەوەیە ئایا سەرگەردانی کاراکتەرو لەناوچوونی ئەو هەموو کۆرپەلانە دەلالەت لەنائامادەیی مەعریفەو ئامادەیی وەهم دەکات؟ یاخود ئایا دەشێ وەهمێك بێ دەلالەت لەژیانی دوای مردنو مردنی لەدایکبوون بکات..

گوتمان ئەگەر بۆ بەدواداچوونی خودی دەق دوای پێکهاتە دوانییەکان بکەوین هەمیشە دواجار خۆمان لەنێوان گێڕانەوەو گوتندا دەدۆزینەوە لەوێشەوە گێڕەرەوە یاخود کاراکتەری سەرەکی لەم نێوانەدا بەهۆی ممارەسەکردنەوە ونبوونی خۆی

رادەگەیەنێت، بەمەش خوێنەر دەوری سەرەکی لەداهێنانی دەقدا بەردەکەوێت.

لەلایەکی دیکەش بەرجەستەکردنی ژمارە (٢) وەك شوێن هاوکات لەگەڵ دوانییەکانی دیکەی دەقدا پەیوەندییەکی تایبەتیان بەگەڕانەوەی شوێنی دووەم "خەیاڵ – بەهەشت"ەوە هەیە، واتە دەشێ بڵێین گەڕانەوە بۆ شوێنی یەکەم "هوتێل" هەمان دەلالەتی شوێنکاتی خەیاڵی "بەهەشت" لەخۆ دەگرێت، بۆ نموونە:– شوێنی یەکەم "هوتێل" بەپەلە جێ دەهێڵێ "زۆربەی ئەو پەرانەی لێ جێما کەلەسەر هەر یەکێکیان بەسەرهاتی رۆژێکی تەمەنی تۆمار کردبوو... ل١١" هەروەك لەڕاکردنی دووەمیشدا هەمان شێوە دووبارە دەبێتەوە، رەنگە خودی ئەو مەسەلەیەش راستەوخۆ بۆ پاڵنەرە ناشعورییەکان بگەڕێتەوە "بەتەواوی لەژنەکە نزیك بۆوەو ئەو بۆنەی لە سەبەتەکەوە بااڵو دەبۆوە بەیەکجاری شێتو شەیدای کرد، پڕی کرد بە سەبەتەکەداو لەقۆڵی دەرهێنا.. ل٤٥" تێکەڵکێشی وێنەی ئەو دوو رووداوە دواجار لەسەر کۆمەڵێك بنەمای نێو دەق و دەلالەتەکانی نێو واقیع خۆیان تۆکمەتر دەکەن، واتە ئەگەر لەیەکەم باردا پەلە پەلی هۆی لەدەستدانی کۆمەڵێ یادگاری لەخۆ گرتبێت، ئەوا لەراکردنی دووەم وێنەی دژ بوونەوەیەك ئەو ئەرکە دەنەخشێنێ، کە هەمیشە ناشعوری داگیر کردووە، ئەو دژبوونەیەش تەماهی یادگارە جێماوەکان دەبێو وەك مۆتەکە لەناشعوریدا دەژێت، دەشێ خودی ئەو مۆتەکەیە پەیوەندی بەچەپێنراوەکانەوە هەبێو دوالیزمیەت لەدووتوێی گێڕانەوەو گوتندا وازییان پێ بکات.

لەلایەکی دیکەش دەکرێ وتبوونی باوك کۆمەڵێك دەلالەتەکانی نامەعقول لەنێو دەقدا بااڵو بکاتەوە بەو مانایەش وێنەی باوك هەمیشە لەدەروونی کاراکتەردا رەنگدەداتەوەو لەوێشەوە خۆی تەماهی وێنەی مامۆستاو دواجار وێنەی پەیکەرەکە دەکات – لەپشت ئەو وێنەیەشەوە چەپێنراوەکان لەهەوڵە بەردەوامەکانی خۆیاندانو دواجار دەریچەیەکی وەهمی بۆ خۆیان دروست دەکەن "لەپشت مامۆستاکەیانەوە بەبەردەم ئێسکە پەیکەرێکدا دەڕۆیشتن، کە لە دۆڵابێکی شوشەدا لە ڕاڕەوێکی درێژدا دانرابوو، ئەو ڕاڕەوەی دەرگای هەموو تاقیگەکانی لەسەربوو – ئەوەندە بەو ڕاڕەوەدا گوزەریان کردبوو هیچ یەکێك لەوانە سەرنجی ڕانەدەکێشا بەخێرایی بەدەم قسەکردنو پێکەنینەوە تێدەپەڕین، بەڵام ئەو بەجۆرێك لەسامەوە وەك سامی رۆیشتن لەدوای جەنازەیەکەوە گوزەری دەکرد، گشت جارێکیش گوێی لەدەنگێکی خنکاو دەبوو کە لە دۆڵابە شوشەکەوە دەهاتە دەری و دەیگوت:– رۆژێك دێ منو تۆ دەبینە هاوڕێ –ل١٠– ١١" ئالەوێوەوە لەپشت مامۆستاکەو ئینجا دواتر لەئێسکە پەیکەرە نادیارو دیارەکەی ماڵەوە خۆیان دووبارە دەکەنەوە "بەڵام بەداخەوە ئێمە لەم نوسینەدا کەمتر پەنجەمان بۆ ئەو بونیادە سەرەکییەو چەند بونیادێکی دیکەی نێو دەق بردوو – هیوادارم لەخوێندنەوەیەکی دیکەدا کار لەسەر دوو بونیادی سەرەکی ئەو دەقە بکەم."

خودی سەبەتەکەش وەك تاکە رەمزێ نزیکبوونەوە لە "بەهەشت – ئافرەت" لەغیابی باوکدا، دواجار بەرکۆمەڵێك پرسیاری ئەخلاقی دەکەوێت، دەشێ ئەو پرسیارە ئەخلاقیانە خوێنەر یان بەشێوەیەکی بەرفراوانتر کۆمەڵگا خۆی بەلێپرسراویان بزانێت.

لەلایەکی دیکەش دەشێ لەدوو توێی بەجێهێشتنی خودی سەبەتەکەو نامەو کتێبو تەواوی یادگارییە بەجێ ماوەکانی دیکەدا هاوکاتی ناوەوەی دەق رابگەیەنین، بەڕاگەیاندی کاتی ناوەکی دەقیش نەخۆشیە سەیرەکەو کزبوونی چاو هەڵگری ئەو وەهمە دەبن کە لە ساتەوەختی ئێستادا لەبری مەعریفە داگیرمان دەکات.

سەرچاوەکان:

١– بەهەشتی ئەو بەر پردەکە – نۆڤلێت – رێبوار حەمە رەحیم لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم ژمارە (١٢)ی ساڵی ١٩٩٩ی پێ دراوە.

٢– القراءة والتجربة/ حول التجريب في الخطاب الروائي الجديد بالمغرب/ سعيد يقطين ص٨٩ – ص١٢٤ دار الثقافة : طبعة الاولى ١٩٨٥.

٣– بینای هونەری چیرۆکی کوردی – نامەی ماجستێر / پەرێز صابر محمد ل٥٦.

بیری نوێخوازی: ڕۆشنبیران و دیموکراسی

ن: رامین جهانبگلو

و: دیاکۆ

ڕۆشنبیرو دیموکراسی دوو چەمکن کە کڕۆکو تەوەری بیری نوێخوازین. وشەی ڕۆشنبیر (intellectual) بۆ یەکەم جار لە فەرەنسادا لەسەردەمی دادگایی کردنی "کاپتن دریفۆس"دا بەکار برا. پتر لەسەدان کەس لەنوسەران و ئەدیبانی ئەو کاتەی فەرەنسا، کەسانێك وەك مارسل پرۆست، ئاندرێ ژید، ئێمیل زولا..... بەیان نامەیەکیان ئیمزا کرد بەناونیشانی "بەیان نامەی ڕۆشنبیران" و تیایدا داوایان لەدەوڵەتی فەرەنسا کرد کە دیسانەوە بەفایلەکەی دریفۆسدا بچێتەوە. ئەگەر سەرنجی ڕەهەندە جیاجیاکانی ئەو بەیان نامە بدەین، پەی بەوە دەبەین کە چەمکی "ڕۆشنبیر" لە کۆمەڵگای نوێی ئەوروپادا تەنها وەك وتەزایەکی پیشەیی و کۆمەڵایەتی خۆی پیشان نادات، بەڵکو وەك ویژدانێکی جیهانی دادەنرێ، کە ئەرکێکی سیاسی و ئاکاری لەئەستۆدایە. لێرەوەیە کە نوسراوەکەی ئیمیل زولا لەمەڕ دادگایی کردنی دریفۆسەوە بەناوی "من تاوانباری ئەکەم" بەچاپ دەگات، و برنار لازار لەگوتارەکەی خۆیدا بەناوی "ڕاستەقینە سەبارەت بەمەسەلەی دریفۆس" وشەی ڕاستەقینە (حەقیقەت) نەك بەمانای میتافیزیکی و ئیلاهی، بەڵکو بەمانای مافی (حقوقی)، ئاکاری و سیاسی بەکار دەبات. بێگومان بناغەی گفتوگۆ سەبارەت بەدیموکراسی و ڕۆشنبیرانیش لەپەیوەندی لەگەڵ ئەم چەمکە نوێیەی ڕاستەقینەدا دێتە ئاراوە.

لەسەدەکانی ناوەڕاستدا باسی مەسەلەی حەقیقەت بەدەر لەدین و ئایین محاڵ و ئەستەم بوو. لەڕوانگەی بیرمەندێکی وەك "ئاگۆستین"ەوە عەدالەتی ڕاستەقینە تەنها لەوڵاتێکدا سەقامگیر دەبێ کە بونیاتنەرو حاکمەکەی "مەسیح" بێت و لەڕوانگەی "تۆماس ئاکویناس"ەوە خوا نەك هەر ئافرێنەری جیهانی مادییە، بەڵکو بەپلەی یەکەم سەرچاوەو سپێرەری یاسای ئاکارە. لەسەردەمی (ڕێنیسانس)دا بۆ یەکەم جار وشەی "حەقیقەت" بەمانا نائاینیی یەکەی هاتە ئاراوە. بۆ بیرمەندێکی وەك مەکیاڤللی ئیتر ئایین خۆی لە خۆیدا ئامانج نییە، بەڵکو کەرەسەیەکی بەهێزە بۆ خەباتی سیاسی. هەروەها بەلای "تامێس موور"ەوە خزمەت کردن بە حەقیقەت گرنگترە لەخزمەت کردن بە پادشا، و تائەو ڕادەیەش پێ لەسەر ئەوباوەڕە دادەگرێ کە سەر دەباتە پای سێدارە.

هەر بەم شێوەیە، کاتێ دەڕوانینە سەردەمی ڕۆشنگەری، دەبینین کە مەسەلەی ناسینی حەقیقەت، ناسینی حەقیقەتی ئیلاهی نییە، بەڵکو بەمەبەستی ئرخاندنو ڕەخنەی ئەرزەش گەلێکە داب و نەریت یەکجارو بۆ هەمیشە وەك ئەرزشگەلێکی وەرگیراوو پەسەندکراو لەقەڵەمی داوە. "دیدێرۆ" لەگوتارێکدا بەناوی "فەلسەفە لە ئەنسکلۆپیدیادا" فەیلەسوف وەك کەسێك پێناسە دەکات کە پشت ئەستوور بەبیرو ئەندێشەی خۆیەتی و ئامانجی سەرەکیشی ڕەخنەگرتنە لەواقعییەتی دەسەڵاتدارو پێشنیازکردن و داڕشتنی ئەرزشگەلێکی فیکری و کۆمەڵایەتی نوێ.



فرانسوا مۆریاک

هەر بەم مەبەستە فۆڵتەر وەک رۆشنگەرێک بەپێداچوونەوە بەئەرزشەکانی رۆشنگەری وەک ژەکفەری (سەبرو تەحەمول)، یەکسانی (عدالت)، ئازادیو عەقڵ لەدادگایی کُردنی "کالاس"دا بەشداری دەکات، و "رۆسۆ"یش دەستوەردان لەکاروباری سیاسیدا وەک ئەرکێکی فەلسەفی لەبەرچاو دەگرێ. هەروەها "کانت" لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا کە "رۆشنگەری چییە؟" لەگوتارەکەی خۆیدا دەنوسێ:

"رۆشنگەری دەرچوونی ئینسانە لە بچکۆلەیی خۆی، گچکایەتییەک کە خۆی بەرپرسییەتی." لێرەوە، بیرمەندی نوێخواز لەروانگەی بیرمەندانی چاخی نوێی ئەوروپادا، وەک بکەرێکی خودموختارە کە بەلگەی بوونایەتی خۆیو ئەندێشەکەی خۆی لەبوونی خۆیدا دەبینێتەوە نەک لە بناغەگەلێکی بالادەستو بەدەر لەکۆمەڵگا.

وشەی بکەر (Subject) لێرەدا ئیدی بەمانا لاتینییەکەی (Subjectum) واتە ملکەچو عەبد بەکار نابرێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەمانای ئازادییە لە کۆتو بەندی رێساگەلی بەدەر لە ئەندێشە. بکەری فەلسەفی کەسێکە کە خۆی وەک بابەتێک بۆ ناسین دەخاتە روو. لەبەر ئەوە لە ئەندێشەی مۆدێرنی ئەوروپادا گەوهەری مرۆڤ بەلەبەرچاوگرتنی مەسەلەی ئازادیی ئینسان وەک بکەرێکی ئاکاریی کەخاوەنی ئەقڵی عەمەلییە دەخرێتە روو. لێرەدا دووشت دێتەوە یادمان یەکەم دروشمەکەی کانت واتە "بوێرە تاکو بزانی"و دووەم وەڵامەکەی نیشتە لە کتێبی "چارەنووسی ئینسان" کە دەڵێ: "دەمەوێ بزانم" کەواتە مەسەلەی ئازادی ئینسان لە پەیوەندی لەگەڵ ناسینی خۆیو جیهانی دەوربەریدا دەکەوێتە روو.


هەر لەبەر ئەوە، یەکێك لەبابەتە هەرە گرنگەکانی کە روبەڕووی بیرمەندانی ئەوروپای نوێخواز دەبێتەوە، بابەتی فێرکاریو پەروەردەی ئینسانەکانە. ئامانجی ئەو فێرکردنەیش، دامێنانی ئیسنانێکی نوێیە کە بتوانێ بەتەنیایی بیربکاتەوە. هەر بەم پێیەشە کە بەلای نیشتەوە، فەیلەسوف یان بیرمەند "مامۆستای ئینسانەکانە" هەروەها لەکتێبی "چەند سەرنجێك لەمەڕ شۆڕشی فەرەنسا"دا دەنوسێ: "ئامانجی فێرکردن ئاگادارکردنەوەی سەربەخۆیی ئەندێشە (بیر)ە". لێرەدایە کە دیسان روبەڕووی مەسەلەی ناسینی حەقیقەت دەبینەوە. لەو روودەوە کە ناسین (مەعریفە) بەلای رۆشنبیری نوێخوازی ئەوروپاوە کە خۆی وەک رۆشنبیرێك دەناسێنێ، کردەوەیەکە لەرێگەیەوە تاك ئازادی خۆی بەدەست دەهێنێ، هەموو پرۆسەیەکی ناسینو ناساندن، واتە هەموو فێرکارییەك، بەمانای رەتکردنەوەی دەسەلاتو گیانی دەسەلاتخوازییە. بەلای رۆشنبیری نوێخوازەوە هیچ حەقیقەتێك بەیەکجارەکی پەسەند ناکرێو وەرناگیرێ بۆ هەمیشە. کەواتە لە روانگەی بیرمەندانی چاخی رۆشنگەرییەوە دەبێ حەقیقەت هەموو جارێكو هەرجارەی بەشێوەیەك دابهێنرێت. لەم رووەوە نیشتە لە کتێبەکەی خۆیدا دەنوسێ: "ئینجیلی ئیلاهی تەنها بۆ ئەو کەسە حەقیقەتە کە بۆای بەحەقیقەت بوونی [ئینجیل] هەیە." کەواتە بەڕای رۆشنبیری نوێخوازەوە حەقیقەت بەشێوەیەکی رەها بوونی نییە، چونکە ئەوانەی کە هەن تەنها رێگەو شێوازی جۆراو جۆرن بۆ گەیشتن بەحەقیقەت.

بەواتایەکی تر بەلای ڕۆشنبیری نوێخوازەوە حەقیقەت وەکو ئیمان لەئارادا نییە، بەڵکو باوەڕو بۆچوونێکە کە لەگەڵ باوەڕو بۆچوونەکانی تردا لەدەرگیریدایە.

لێرەوە، ئەرزش و بایەخی بیر یان ئەندێشەیەک، یان ڕێژەی ئازادیی بیرمەندو ئەندێشمەندێك لەکاتی بەراوردکردن و پێوانی لەگەڵ بیروباوەڕو ئەرزشەکانی تردا دەپێورێت و دێتە دەست. لەم ڕووەوە هۆی بوونایەتی ڕۆشنبیر بڕوانێنانە بەزیادبوونی ئەرزشەکان، واتە بڕوایەك دژ بەبڕوای تاکانە گەرایی ئیمان بەو گریمانەی کە هەموو ئەرزشەکان بەتاکە پێوانەیەك دەپێورێت. چونکە ئەگەر ئێمە لەو باوەڕەدا بین کە هەموو سەبارەت بەئامانجەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئامانجەکانی ژیان بەچەشنێکی یەکسان بیردەکەنەوە، لەو حاڵەتەدا ئیدی وتەزایەك بەناوی فەلسەفەو بەتایبەت فەلسەفەی سیاسی بوونی نابێت چونکە ئەم باس و مەسەلانە بەرهەمو پەروەردەی بیروڕای جیاوازو جۆراوجۆری نێوان تاکەکانی کۆمەڵن. کەواتە دەتوانین بەم شێوە پێناسەی دیموکراسی بکەین: دیموکراسی بونیاتی سیاسی ڕەخنەو جیاوازیی بیروڕایە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا، و ڕۆشنبیر ئافرێنەری ئەو بیرە ڕەخنەییەیە، چونکە ئەگەر ئێمە لەسەر "ئامانجی" ژیانی کۆمەڵایەتی ڕێکەوین، ئەوا دەمێنێتەوە سەر "ڕێگا"ی گەیشتن بەو ئامانجە، کە ئەویش فاکتەرێکی تەکنیکییە. لەڕاستیدا گرنگ ئەوەیە ئێمە دەرك بە ڕێژەیی بوونی ئەرزش و بایەخی بڕواو بۆچوونی ئینسانەکان بکەین کە بەرهەمی سەرەکی بیری نوێخوازییە. بە قسەی یەکێك لەنووسەرە هاوچەرخەکانی ئینگا- ەرا: "دەرك کردنی ڕێژەیی بوونی ئەرزشی بیرو باوەڕەکانو لەهەمان کاتدا پەیڕەوکردنو مولتەزیم بوون پێیانەوە، شتێکە کە مرۆی ژیوارەیی (متمدن) لەمرۆی کێوی (وحشی) جیا دەکاتەوە".

دیموکراسی شێوەیەکە لە کۆمەڵگای سیاسی کە تیایدا ئەرزشەکان ڕێژەییو لەبەر ئەوەیش بەرەو ڕووی یەکدی دەبنەوەو دەکرێ بیان نرخێنینو ڕەخنەیان لێ بگرین. هەر ئەمەیش دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە کۆمەڵگای دیموکراتیکدا سنورێکی واقعی هەبن بۆ تاکەکان کە بتوانن تیایدا لەدەست درێژی بیروڕای کەسانی تر پارێزراوبن. لێرەوەیە کە لە کۆمەڵگایەکی دیموکراتیکدا خەبات لەدژی ئەندێشەو بیری خۆسەپێنەرانە (استبدادی)و خۆخوازانە، لەناو ڕۆشنبیراندا وەك دژە کردەوەیەکی سروشتی خۆی دەنوێنێ، چونکە کۆمەڵگا وەك دەزگایەکی زیندوو وایە هەر کە لەگەڵ ڕەگەزێکی (توخمێکی) دژە دیموکراتیك بەرخورد بکات لەباری فیکرییەوە بەرەنگاری دەبێتەوە. ئەم کردەوە خۆڕسکە بەشێکە لە کەلتووری مەدەنیی دیموکراسی، کە لەڕاستیدا ڕۆشنبیران دەورێکی گرنگیان لە پێکهێنانو بەردەوام بوونیدا هەیە.

ڕۆشنبیر بەپێناسە خۆرئاواییەکەی؛ خاوەنی "ویژدانێکی کۆڵۆڵ"ە کە لەچوارچێوەیەکی فیکری ڕەخنەییدا ئەوی [واتە ڕۆشنبیرەکەی] جێگیر کردووە. بەم بۆنەوە نەریتی ڕۆشنبیری لەخۆرئاوادا لەسەر بنچینەی هەڵسەنگاندنو ڕەخنەبونیات نراوەو هەموو گۆڕانکاریو هەموو بیرێکی نوێ



لەڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ ئەرزشە تەقلیدییەکانو ئەرزشە کۆنەکاندا دیاری دەکرێت. ئەو ڕەفتاری ڕەخنەگرانەی ڕۆشنبیری خۆرئاواییە دەکرێ بەئاکامی پرۆسەی مێژوویی "ئەفسانە سڕینەوە" لە کەلتووری خۆرئاوادا بزانین. بیری نوێخوازی، شوناسنامەی سیاسیو کەلتووری خۆی لەچوارچێوەی مەعریفەیی ئەو پرۆسەیەدا دەبینێتەوە. ئەو ئەفسانە سڕینەوە، وێڕای

کەمبوونەوەی هێزی ئایینو نەریت لەکۆمەڵگای خۆرئاوادا، بووە هۆی سەرهەڵدانی گروپێکی کۆمەڵایەتی نوێ کە لە ئەم سەد ساڵەی دواییدا بەناوی "رۆشنبیران" ناوی دەرکرد. لەراستیدا "رۆشنبیر" میراتبەری سەرەکی ئۆمانیستەکانی چاخی رێنیسانس و "رۆشنگەرەکان"ی سەدەی هەژدەی ئەوروپایە، کە بەکەڵك وەرگرتن لەگیانی رەخنەگرانەی خۆی لەگەڵ ئەفسانەو خورافاتدا دەجەنگێتو بۆ بڕوای بەئەرزشگەلێکی جیهانیبە وەك ئاوەز، یەکسانی، ژەکفەری (تەحەمول)، ئازادیو جوانی، کە ئەمڕۆ هەندێکیان لەچوارچێوەی جارێ گەردوونی مافی مرۆڤدا دەبینینەوە.

لێرەدا بۆ روون بوونەوەی باسەکەمان پێویستە جیاوازیەك لەنێوان دوو چەمکی "رۆشنبیر" (intellectual)و "کۆمەڵگای رۆشنبیران" (intelligentsia)دا لەبەرچاو بگرین. intelligentsia کە وشەیەکی روسیەو لەسەدەی نۆزدەدا داهێنرا بەمانای کۆمەڵگایەکە لایەنگرانی بیرو ئەندێشە، کە وەك گروپێکی بەبڕواو خاوەن ئیمان، ئامانجیان رەواجو راگەیاندنی بنەماکانی ئایدیۆلۆژیکیو ئایینیە. لەبەرامبەردا "رۆشنبیر" (intellictuel) وشەیەکی فەرەنسایییەو بەمانای کەسێکە بەهۆی ویژدانی ئاکاریی تایبەت بەخۆیەوە بڕوای یەبنەمایەکی گشتیو جیهانی هەیە کە هەموو ئینسانەکان دەگرێتەوەو هەر لەبەر ئەوەیش بەردەوام تێدەکۆشێ تاکو بەشێوەیەکی جیهانی بیر لە مەسەلە بەشۆکەیی (جزئی)یەکان بکاتەوە یان بەپێچەوانەوە. رۆشنبیر کەسێکی تەنیایەو لەبەر ئەوەیش ئازادو خودموختارە.

لەراستیدا هەر ئەو تەنیاییەی دەبێتە هۆی ئەوەی مەسەلەکان بەدروستی هەڵسەنگێنێ. "خۆزێ ئۆرتێگا وای گاسێت" (Jise orteya Y Gasset)، فەیلەسوفی بەناوبانگی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمی ئیسپانیا، لەکتێبێکیدا بەناوی "بینەر" رۆشنبیر وەك کەسێك پێناسە دەکات کە ژیانێکی دەروونییو ناوەکی هەیەو "هەموو ساتێك دەزانێ کە بیر لەچی دەکاتەوەو بۆچی بیر دەکاتەوە؟" لەحاڵێکدا بەڕای ئۆرگا وای گاسێت سیاسەتمەدار لەخودی خۆی بێ خەبەرە؛ چونکە نەك بۆ خۆی بەڵکو بۆ هاتو هاواری جیهانی دەرەوەی خۆی دەژی.

لێرەدا دەگەینە مەسەلەی کەلتوورو فێرکاری. ئەمە راستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە بەلای رۆشنبیری نوێخوازدوە ئایدیای کەلتوور لەئایدیای مرۆڤ جیا نییەو بەڕای ئەو گرنگ ئەوەیە کە ئینسانەکان لەگەڵ ئایدیای ئازادیدا ئاشنا ببن. لەم رووەوە کاتێ وشەی "ئەنسکلۆپیدیا" (encyclopedie) دەهێنینە بەرچاو بیر لەمانا یۆنانییەکەی دەکەینەوە، دەبینین کە ئەم وشە لەدو رەگی یۆنانی Kuklon بەمانای جەغز (بازنە)و Paideia بەمانای فێرکردنو راهێنان (پەروەردە) پێکهاتووە. لێرەوە، بۆ رۆشنبیری ئەنسکلۆپیدیایی ئەرزش لەبارەوە گرنگە: یەکەم جیهانی بوونی ئەرزشەکان، دووەم بەرەوپێدانی ئەم ئەرزشە جیهانیانە لەڕێگەی فێرکردنو راهێنانەوە. هەمان بەرداشتیشمان لەوشەی Bildungی ئەڵمانییەوە دەست دەکەوێت. Bildung بەلای ئایدیالیزمی ئەڵمانییەوە بەمانای ئاشناکردنی ئینسانەکانە لەگەڵ ئەرزشە فیکریو ئاکاریو ستاتیکییەکان. لەراستیدا ئەوەی کە گرنگە، سەیرکردنی ئەم ئەرزشانە نییە لە دەرەوە، بەڵکو قبوڵ کردنیان لەناوەوە. کەواتە رۆشنبیری نوێخواز ئەوکەسەیە کە بەها جیهانییەکان لەچەشنی ویژدانێکی کوڵتوڵ لە ئەندێشەی خۆیدا دەدۆزێتەوەو لەگەڵیاندا دەژیو تەنها مامەڵەیەکی ئایدیۆلۆژیکانەیان لەگەڵ ناکات.

بەم چەشنە کاتێ ئێمە دەڕوانینە کەلتووری رۆشنبیریی نیو سەدەی دوایی ئەوروپا، دەبینین کە رووبەڕوی هاوشارییەکی ئازاد ئەندێش دەبینەوە کە ئەفسانە سازو ئەفسانە باز نییە. رۆشنبیری نوێخواز بت ساز نییە، بەڵکو بت شکێنە. لەبەر ئەوەیشبە کە هەرگیز لەگەڵ، روداو (واقیعیەت)ەکانی جیهاندا، مامەڵەیەکی هەستیارانە (ئێحساسی) ناکات و توێژینەوەیەکی ئەفسانەیی و ئوستورەیی لە پرۆسەی ئاوەزکاری (تعقل) ناگرێتەوە بەر. ئەم مامەڵە نەکردنی ئایدیۆلۆژیکانەی رۆشنبیری نوێخواز لەگەڵ رووداوەکاندا، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو [رۆشنبیر] نەکەوێتە داوی تاك گەراییی فیکریەوە، هەروەها لەگەڵ زۆر بەگەراییی فەلسەفی و سیاسیدا دژایەتی نەکات. لەبەر ئەوەش رۆشنبیری نوێخواز لەباس و

گفتوگۆی هێمنانە بێزار نابێت هەرگیز بەرامبەرەکەی خۆی بە "دوژمن"ی سیاسی و فیکری خۆی لەقەڵەم نادات و نابێتە ڕێگری پێشکەوتنی دیموکراسی و ئاکاری مەدەنی کە لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لەدوو ئەسڵی تاکایەتی و ئافراندنی خودموختاری تاک دارێژراوە. بۆ نموونە، ئەگەر لە فەرەنسادا بسەلمێندرێت (کە سەلمێندراویشە) کە نوسەرانی وەک سێلین (Celine)، برازیاک (Brasillach) و دریۆلاروشێل (Drien la Rochelle) لایەنگری نازیەکان بوون و خیانەتیان بەفەرەنسا کردووە، بلیمەتییە وێژەییەکەیان ناچێتە خانەی گومانەوە و پلەو پایەی ئەدەبییان وەک نوسەرو هونەرمەندێک دانابەزێ. تەنانەت نوسەرێک وەک ئالبیر کامۆ کە سەرنووسەری گۆڤاری کومبا (Combat) و لەنەیارە سەرسەختەکانی برازیاک بوو؛ وێڕای فرانسوا موریاک و چەند ڕۆشنبیرێکی تری فەرەنسا، نامەیەکیان بۆ "دۆگۆڵ" نوسی و داوای لێبوردنی برازیاکیان کرد. بەڵام لەوڵاتی ئەمڕۆی ئێمەدا کەمتر، یان بەدەگمەن دەبینی کە ئەگەر نوسەر، هونەرمەند، یان فەیلەسوفێک شتێکی لەو بابەتەی لێ دەرکەوێ، بتوانێ درێژە بەکارەکەی خۆی بدات و بەهای ئەدەبی و فەرهەنگییەکەی نەفەوتێ و یان لانی کەم نەچێتە ژێر پرسیار.

کەواتە لەجیهانی نوێخوازاندا، ڕۆشنبیران بەدەگمەن بەگوێرەی ژیانی کەسی و هەڵوێستە سیاسییەکانیان بڕیاریان لەسەر دەدرێ و پتر بەگوێرەی بەهاو ئەرزشی مامیەتی بەرهەمەکەیان و هێزی ئافرێنەری کارەکانیان هەڵدەسەنگێندرێن. جیهان و کۆمەڵ بەلای ڕۆشنبیری نوێخوازەوە توخمگەلێکی ئەفسون لێدراو (زەدەی دەستی ئەفسون) نین و هەر لەبەر ئەوە ئەو [ڕۆشنبیری نوێخواز] پەیوەندییە فیکری و کۆمەڵایەتیەکانی خۆی لەسەر بناغەی چەند ئەسڵێکی پیرۆز دانامەزرێنێ. هەر لەبەر ئەوەیە کە ڕۆشنبیری نوێخواز کەسێکی خودموختارە، چونکە پێویستی بەئایدیۆلۆژی و بۆرە خەڵک نییە. ئەو لەتوانای دایە بەتەنیایی بیر بکاتەوە و بەپێچەوانەی زەینییەت و بیروباوەڕەکانی بۆرە خەڵکیش بیر بکاتەوە. بەکورتی ڕۆشنبیر بەمانای نوێخوازی ڕاستەقینە، واتە کەسێک کە زامنی کارکردی ڕەخنەیی دیموکراسییەو هەر بەو مەبەستەیش بەپێداچوونەوەی ئەسڵەکانی مۆدێرنیتەو هەوڵدان بۆ تەرح و هەڵسەنگاندنی فەلسەفی و مەعریفی ئەو ئەسڵانە لەچوار چێوەی کەلتووری جیهانیدا؛ سنورەکانی هزری خۆی بەڕووی کەلتوورەکانی دیکەی جیهاندا دەکاتەوە.

بەم شێوەیە ڕۆشنبیری نوێخواز لەگەڵ جەمسەرە کەلتوری و هزرییەکانی جیهاندا لە وتووێژدایە، چونکە زەروورەتی بیناکردنی کەلتوورێکی ڕۆشنبیریی خودموختارو پێشکەوتو سەرنجدانە لەپرۆسەی کەلتووری جیهانی ئەمڕۆ ئەوەیش لەبیر نەکەین کە هەسارەی ئێمە [گوێ زەوی] تەنها وەکو لایەنی سیاسی و ئابووری بچووک نەبووەتەوە، بەڵکو ئاسمانەکانی جیهانی ئێمە لەباری کەلتووری و هزرییەوەیش ڕۆژ بەڕۆژ لەیەکتر نزیکتر دەبنەوە.

سەرچاوە:

مدرنیتە، دموکراسی و ڕۆشنفکر ان – رامین جهانبگلو – ل (٦٩-٧١)

دروستنەبوونی ناوەندی ئابوری لە کوردستاندا
و
کاریگەری لەسەر دورستنەبوونی دەوڵەت

عەتا قەرەداخی

لەم لێکۆڵینەوەیەدا مەبەستمان ئەوە نیە کە لە روانگەی تیۆری مارکسەوە بۆ ئابووری دەربارەی رۆڵی ئابووری وەکو بزوێنەری مێژوو بدوێین. دەشێ هەندێ تێڕوانینی مارکسیانە بۆ رۆڵی ئابوری وەکو ژێرخانی کۆمەڵایەتی و وەکو بزوێنەری مێژووش بهێنینە سنووری باسەکەوە و لەگەڵ راوبۆچوونی تر ئاخاوتنیان لەسەر بکەین بەڵام ئامانجی سەرەکی ئەم هەوڵدانە بۆ ئاخاوتن کردنە لەسەر دروست نەبوونی ناوەندی ئابوری لە کوردستاندا کە چۆن ئەوەش واتە ئەو کەموکورتیە لە مێژووی کۆمەڵایەتی کوردیدا دەوری کاریگەری گێڕاوە لە شێواندنی مێژووی کورد و گۆڕینی ئاڕاستەی سروشتی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی کوردیدا.

کاتێ باسی ناوەندی ئابوری و دروست نەبوونی ئەو ناوەندە دەکەین لە کوردستاندا، ئێمە ئامانجێکمان لەبەرچاو گرتووە و وای دەبینین ئەوە ئامانجی سەرەکیە لە مێژووی خەباتی کۆمەڵایەتی و رەوتی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی کوردیدا و بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو ئامانجە قسەکردن لەسەر زۆر لایەنی کۆمەڵایەتی کوردی گرنگیەکی ئەوتۆی نابێت پەیوەست بە چارەنووسی ئایندەی ئەم کۆمەڵگایە، ئەو ئامانجەش کە تاکو ئێستا وەکو ئاواتێکی سەرکوتکراو لە رووی کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە ماوەتەوە ئەویش گەیشتنی کوردە بە ئاستی دروستکردنی دەوڵەت لە رووی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیەوە.

راستە تاکو ئێستا لە ناوەندی ڕۆشنبیری سیاسی کوردیدا هۆی نەگەیشتنی کورد دەگێڕدرێتەوە بۆ هۆکارە دەرەکیەکان، بەڵام بە تێڕوانینی ئێمە لەگەڵ دەوری لەبەرچاوی هۆکارە دەرەکیەکاندا لە هێشتنەوەی کورددا لە پەراوێزی مێژوودا، هۆکاری سەرەکی پەیوەندی بە سروشت و ماهیەتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردەدی و چۆنێتی پەرەسەندن و نەشونوما کردنیەوە هەیە.

ئێمە پێشتر لە لێکۆڵینەوەیەکدا لەو دەروازانە دواوین کە کۆمەڵگاکانی دنیا لێیانەوە هاتونەتە ناو مێژووەوە و دەوڵەتی خۆیانیان دروستکردووە. بەڵام کورد لە هیچ کام لەو دەروازانەوە نەیتوانیوە بگاتە ئاستی پێکهێنانی دەوڵەت. ئەمەش سەرنجمان بۆئەوە رادەکێشێت کە لە شێوازی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی کوردیدا جۆرێك لە کەموکورتی هەیە کە وای کردووە ئەم کۆمەڵگایە هەنگاوی سروشتی نەنێت. بە تێڕوانینی ئێمە یەکێك لە سەرەکیترین هۆکارەکانی هێشتنەوەی کورد لە دەرەوەی پەرەسەندن و بەرەو پێشەوە چوونێکی سروشتیدا فاکتەری ئابوریەیە کە مەبەستمان لەمەش لاوازی ئابوری و بەرهەم هێنان و کۆنەبوونەوەی ئابوری و دروست نەبوونی ناوەندی ئابووریە لە کوردستاندا.

لەم باسەدا هەوڵدەدەین لەبارەی گرنگێتی ئەو ناوەندەوە بدوێین و دەوری لە بوون بە زەمینە و

بنەما بۆ رسکاندنی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی دیاریبکەین. هەروەها لەو هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکیانەش دەدوێین کە بوون بە بەربەست لەبەردەم دروستبوونی ئەو ناوەندەدا. دروست نەبوونی ئەو ناوەندەش لەلایەك بریتییە لە دەرئەنجامی بارودۆخێکی ناسروشتی لە کوردستاندا و لەلایەکی تریشەوە هۆی شێواندنی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و دروست نەبوونی دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانە بەشێوەیەکی تەواو کە ئەنجامی ئەو شێواندنەش لە گەشەی کۆمەڵایەتی کوردیدا مانەوەی کورد وەکو کۆمەڵگایەك بەبی دەوڵەت.

مەبەست لە ناوەندی ئابووری چییە

ناوەند یان چەق مەبەست لەو خاڵەیە کە دەبێتە پێنتێکی دیاریکراو و دەوروبەرەکەی پێیەوە دەبەستێت و ئەو پێنتە توانای کێشکردنی دەوروبەری بەرەو لای خۆی هەیە. دەشێ باشترین نمونە لەسەر ناوەند چەقی زەوی بێت کە بە هێزێکی دیاریکراو هەموو تەنەکان بەرەو لای خۆی رادەکێشێت. لە کۆمەڵگا خێڵایەتیەکاندا کە پەیوەندییەکانی خوێن و خزمایەتی جێگای پەیوەندییە ئابوورییەکان دەگرنەوە سروشتی ناوەندی کۆکردنەوەی ئەندامانی ئەو دامەزراوەش دەگۆڕێت لەبری ئەوەی پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان کۆیان بکاتەوە پەیوەندی خزمایەتی کۆیان دەکاتەوە. دیارە ئەوەش ئاشکرایە کە خێڵایەتی لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمای خزمایەتی دروست دەبێت و[1]. ئەو پەیوەندییەی کە ئەندامانی (ئەم دامەزراوە) خێڵ پێکەوە دەبەستێت پەیوەندییەکی سایکۆلۆژی خوێنیە کە پەیڕەوی کات و شوێن ناکات[2]. ئەمەش ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە ئابووری و فاکتەری ئابووری لە کۆمەڵگای خێڵایەتیدا دەورێکی ئەوتۆ نابینێت لە دروستکردنی حاڵەتی کۆمەڵایەتی بووندا و هەر بەو پێیەش دەشێ نەبێە بزوێنەری مێژوو. بۆیە ناوەندی کۆکردنەوەی ئەندامانی خێڵ هەمیشە بەدەوری هەرەمی خێڵ و لوتکەی هەرمەکەدایە کە لە کۆمەڵگای کوردیشدا لەبەر بوونی ژمارەیەکی زۆر لە هەرەمی هاوشێوە و چوون یەکی خێڵایەتی و هەر بەو پێیەش دروستبوونی ژمارەیەك لە ناوەندی لاواز و نەتوانینی پێکەوە کۆبوونەوە و یەکگرتنی ئەو ناوەندانە لە تاکە ناوەندێکی گەورە و بەهێزدا بواری دروستبوونی تاکە ناوەندێك تەسك بۆتەوە.

مەبەست لە ناوەندی ئابووری ئەو پنتەیە یان ئەو دامەزراوە ئابوورییە کە دەبێتە چەقێك و سەرجەم ئابوری وڵات و بەرهەم و شێوازی بەرهەم هێنان دەخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوەو سەرجەم جوڵەی ئابوری لەو ناوەندەوە ئاڕاستە دەکرێت و هەموو لایەنەکانی ئابوری و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی ئابوری رێك دەخات و دیسپلین دەکات و خۆیشی دەبێتە ناوەندێکی کۆکەرەوەی سەرجەم داهاتی ئابوری وڵات کە ئەویش داهاتی‌نەتەوەییە. هەروەك ئەم ناوەندە دەبێتە سەرچاوەی کۆبوونەوە و بەکارخستن و بەرهەم هێنانی ئابوری لە وڵاتدا بەجۆرێك کە کەسێتییەکی سەربەخۆی ئابوری بۆ ئەو کۆمەڵگاو وڵاتە دروست بکات و لەئاکامدا ئابوری وەکو زێرخانی کۆمەڵایەتی دەوری خۆی لە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و پێکهێنانی سەرخانی کۆمەڵایەتیدا دیاریبکات.

دیارە لەمێژە ئاخاوتن لەسەر ئەوە دەکرێت کە ئابوری ئەو زێرخانە کۆمەڵایەتیەیە کە ئاستەکانی سەرخانی کۆمەڵایەتی دیاریدەکات و بێ بە بنەماکردنی ئابوری ناتوانرێت ئاخاوتن لەسەر زیانی کۆمەڵگاو سروشتی ئەو زیانە و چۆنیەتی پەیوەندییە ناوکۆییەکانی و شێواز و ئاڕاستەی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگایە بکرێت. بە مانایەکی تر ئابوری فاکتەرێکی گرنگ و زیندووە لە بوونی کۆمەڵگادا و بەبێ بوونی ئابوریەکی یەکگرتوو، بوونی ناوەندێکی ئابوری یەکگرتوو لە وڵاتدا ناشێت دامەزرووێك دروست ببێت بەناوی دامەزراوی کۆمەڵ، بەمانایەکی تر یەکێك لەو خاسێتانەی (کە هەم هۆکاریشە) کە بوونی کۆمەڵ دیاریدەکات ئابوری یەکگرتوە. ئەگەر لەم روانگەوە سەیری کۆمەڵگای کوردی بکەین لە رابردوودا ئابوری یەکگرتووی نەبووە بەتایبەتی کە ئاخاوتن لەسەر بوونی سیستەمەکانی بەڕێوەبردن و سیستەمەکانی ئابوری لە رابردوودا مایەی گفتوگۆکردنە و واپێناچێت هەتا ئەم سەدانەی دوای تەنانەت سیستەمی بەڕێوەبردن

و سیستەمی ئابوری فیودیالیسش لە کوردستاندا پێکهاتبێت دیارە کە سیستەمی ئابوریش پێك نەهات ئەوا مانای وایە ئابوری یەکگرتوو، ناوەندی ئابوری بوونی نابێت کە ئەو ناوەندە یەکگرتووەش پێك نەیەت مانای وایە ئابوری بە پەرش و بڵاویی و بەش بەشی ماوەتەوە کە ئەوەش خاسێتی ئابوری کوردی بووە لە رابردوودا. واتە لە رابردوودا هەرچۆن کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی پەرش و بڵاوی خێڵایەتی بووە بە هەمان شێوە ئابورییەکی پەرش و بڵاویشی هەبووە. لە ڕوانگەی ڕوانین بۆ پێکهاتەی کۆمەڵایەتیەوە دامەزراوەکانی خێڵ و عەشیرەت کە ڕەگەزی سەرەکی بنیادی پێکهێنەری کۆمەڵی کوردی بوون لاواز بوون، بە هەمان شێوە ئابوریش بەپێی ئەوان دابەشکراوە و لاواز بووە و شێوەی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی وەرنەگرتووە بەڵکو سیستەمی ئابوری و سیستەمی خێڵایەتی کە هەردووکیان سیستەمێکی لاواز و سنوردارن لە کۆمەڵگای کوردیدا لەوساوە بۆ ئێستا بااڵدەستن کە ئەوەش پێچەوانەی دروستبوونی تاکە ئابوری و بەو شێوەش دژی دروستبوونی تاکە ناوەندێکی بەرپێوەبردنە، هەر لەسەر ئەم بنەمایە و لەم تێڕوانینەوە ئەگەر بەپێوانەی کۆمەڵایەتی بوونی کۆمەڵگا سەیری کورد بکەین ئەوا لەم ڕووەوە خاسێتەکانی کۆمەڵگای تەواوی نیە بەڵکو پێکهاتەیەکی پەرش و بڵاوە لە دامەزراو و هەرەمی هاوشێوەی یەکتری کە فاکتەری ئابوری لەبەر لاوازییەکەی و لەبەر نەتوانینی بە بوونی تاکە سیستەمێکی ئابوری و تاکە ناوەندێکی ئابوری نەیتوانیووە ئەو دامەزراوە چوون یەك و هەرەمە هاوشێوانەی خێڵ و عەشیرەتەکان هەڵبوەشێنێتەوە و لە یەکەیەکی بەرفراوانتری یەکگرتوودا کۆمەڵگا ڕێك بخات و لەو پرۆسەیەشدا سیستەمی یەکگرتووی ئابوری و سیستەمی یەکگرتووی بەڕێوەبردن پێك بێت.

ئێستا ئەوە ئاشکرایە کە ناوەندی ئابوری لە کوردستاندا و سیستەمی ئابوری خاوەن سیما و خەسڵەت و بنەمای تەواوەتی پێك نەهاتووە و ئەوەش دەرو و کاریگەری خۆیی لەسەر ژیان و پەرسەندنی کۆمەڵایەتی ئەم کۆمەڵگایە بینیووە و هۆی سەرەکی ئەم بارە ناسروشتیەی کە بە درێژایی مێژوو کۆنترۆڵی کۆمەڵگای کوردی کردووە دەگەڕێتەوە بۆ هەمان هۆکار. واتە هۆکاری دروستنەبوونی ناوەندی ئابوری. بۆئەوەی ئاخاوتن لەسەر هۆیەکانی دروستنەبوونی ناوەندی ئابوری لە کوردستاندا بکەین پێویستە سەرچاوەکانی ئابوری کوردستان و خاسێتەکانی ئەو ئابوریە و سیستەمی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی بەرهەم هێنانیش لەم کۆمەڵگایەدا ئاخاوتنیان لەبارەوە بکرێت.

سەرچاوەکانی ئابوری کوردستان لە رابردوودا

لە دێرزەمانەوە دوو سەرچاوەی دیاری ئابوری لە کوردستاندا هەبوون. یەکەمیان سەرچاوەی ئاژەڵداری و شوانکاری، دووەمیان سەرچاوەی کشتوکاڵ. دانیشتوانی کوردستان پشتیان بەم دوو سەرچاوەیە بەستووە لە دابین کردنی پێداویستیەکانی ژیانیدا. دیارە هەریەکە لەم دوو سەرچاوەش سیماو خاسێت و سروشتی تایبەتی خۆیان هەیە و راستەوخۆ بەندن بە سروشتی جوگرافی و تۆپۆگرافیای کوردستانەوە. بۆیە بەبێ ئاخاوتن و قسەکردن لەسەر دەوری تۆپۆگرافیاو جوگرافیای کوردستان ناتوانرێت ڕووی سروشتی ئابوری کوردی و پەیوەندی و دەوری لە ژیانی کۆمەڵایەتی و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیدا دەربخرێت. خۆ ئەگەر ئەو سەرچاوە ئابورییەش ناوەندێك دروست نەکات و نەبێە بنەمایەکی بەهێز بۆ کۆمەڵگاو سەرخانی کۆمەڵگاش بە سروشتی دروست نەکات ئەوا دیسان کۆمەڵگا دەخاتە بەردەم گومانێکی خنکێنەرەوە لەوەی ئایا ئەو پێکهاتەیە بووە بە کۆمەڵگا یان لەخوار ئاستی بە کۆمەڵگابوونەوەیە. بێگومان نەتەوەش وەکو نەتەوە هەتا سەرجەم بنەماکانی کۆمەڵگا ئامادەبوونیان نەبێت ناشێت ئەویش بوونی هەبێت. لەم بارەیەوە دکتۆر سەمیر ئەمین دەڵێك: نەتەوە لە راستیدا کاتێك دەردەکەوێت ئەگەر چینێکی کۆمەڵایەتی کە دامو دەزگای دەوڵەتی ناوەندی بەدەستەوەیە و

دەیجولێنێ، یەکێتی ئابوری ژیانی کۆمەڵ دابین بکات[٣].

ئێمە دەزانین لە درێژەی مێژووی کوردا نە ئەو چینە کۆمەڵایەتییە بەهێزە دەرکەوتووە، نە دەوڵەتیش لە مێژووی کوردا بەو خاسێتانەوە دروستبووە. واتە لێرەدا رووبەڕووی دوو بۆچوون دەبینەوە. یەکەمیان ئەگەر بوونی چینێکی خاوەن ناسنامە و بەهێز لە رووی دەسەڵاتەوە بتوانێت ئەو یەکێتییە ئابوورییە دروست بکات کە توانیبێتی دەوڵەت دروست بکات ئەوا لە کوردستاندا ئەو چینە کۆمەڵایەتیە دروست نەبووە. دووەمیش ئەگەر ئەو ئابوریە وەکو ناوەندێک زەمینەی پێکهێنانی ئەو چینە کۆمەڵایەتیە پێ بەخشیبێت ئەوا ئەو ناوەندە ئابورییەش لە کوردستاندا دروستنەبووە، هەر لێرەوە دەردەکەوێت کە هاوکێشەکە لە هەر جەمسەرێکیانەوە دەست پێبکات ئەوا لە مێژووی کۆمەڵگای کوردیدا زەمینەی ئەو دەست پێکردنە پێکنەهاتووە. ئەوەش لە پلەی یەکەمدا دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی سەرچاوەی ئابوری کوردستان کە لە ئاستێکدا بووە بە درێژایی مێژوو نەیتوانیووە ببێتە بنەمایەکی پتەو و بەهێز و ژێرخانێکیتوندو مکوم بۆ فۆرمەلەکردنی سەرخانی کۆمەڵایەتی کوردی، سەرخانێکی ئەوتۆ کە بتوانێت بکرێت بە بنەمای توێژینەوە و لێکۆڵینەوە بۆ سەلماندنی گەشە و پەرەسەندنی (سروشتی) کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی.

سەرچاوەی ئابوری کوردستان کە ئابوری ئاژەڵداری و کشتوکاڵ بووە هەر لە دێر زەمانەوە نەیتوانیووە بەشێوەیەکی بەربڵاو پەرەبسەنێت، بەڵکو تەنیا لە سنووری بەشی خۆکردندا (الاکتفاء الذاتي) دا ماوەتەوە و کۆمەڵی کوردی ئەوەندە خەریکی پەروەردەکردنی ئاژەڵ بووە کە بەشی پێداویستییەکانی ژیانی خۆی بکات. هەروەها ئەو بەشەی کورد لە خێڵ و عەشیرەتەکان کە نیشتەجێبوون ئەوەندەیان کشتوکاڵ کردووە کە بەشی خۆیان بکات. هۆی ئەوەش ئاشکرایە و دەگەڕێتەوە بۆ تۆپۆگرافیای ناڕەباروو ئاووهەوای ناڕەباری کوردستان کە هیچیان ڕێگای بەخێوکردنی ئاژەڵ و کشتوکاڵیان خۆش نەکردووە بەجۆرێك کە ئەم دوو سەرچاوەیە بەرهەمێکی ئەوتۆیان لێوە بەدەست بێت کە لە دانیشتوانی کوردستان خۆیان زیاد بێت و لەئاکامدا ئەو بەرهەمە کۆببێتەوە و ناوەندێکی ئابوری و لەئاکامیشدا بازاڕی هاوبەش پێك بهێنێت و سیستەمی دیاریکراوی ئابوری و بەو پێیەش سیستەمی دیار و خاوەن ناسنامەی کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبردنی لێوە بکەوێتەوە.

بەشی خۆکردن (الاکتفاء الذاتی) و سروشتی بەرهەم هێنان لە کوردستان دا

ئێمە پێشتر ئاماژەمان بۆئەوەکرد بەبێ بوونی بنیادێکی ئابوری بەهێز ناشێت کۆمەڵگا قۆناغەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی بە سروشتی ببڕێت و خاسێتە دیارەکانی هەریەکە لەو قۆناغانەش لە کاتی خۆیاندا بەدەست بهێنێت و لە هەر قۆناغەشدا سیستەمی کۆمەڵایەتی ئابوری و سەربەو قۆناغە دروست بکات. بۆ نمونە لە قۆناغی کۆیلایەتیدا سەرجەم خاسێت و بنەماکانی ئەو قۆناغە وەربگرێت و سیستەمی کۆیلایەتی پێکبهێنێت، هەروەها بەگوێرەی قۆناغەکانی تری پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیش بەپێچەوانەی ئەم بۆچوونەوە یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکانی دواکەوتن و مانەوە لە جوغزێکی داخراودا پێشنەکەوتن و پەرەنەسەندنی ئابوری لە هەر وڵاتێکدا ستراتیژی بەرهەم هێنانە لە ئاستی تەنیا بەشی خۆکردن دا. بەتایبەتیش ئەگەر لەو وڵاتەدا بواری بەرهەم هێنانی زیاتر و بڕەوپێدان و پەرەسەندنی ئابووری هەبێت. مرۆڤ بە سروشتی وا دروستبووە کە خواستێکی زیاد لە پێویستبوونی خۆیی بۆ بەدەست هێنانی درامەت هەیە و هەمیشە دەیەوێت گەورەترین سامان کۆبکاتەوە چونکە ئەوە گومانی تێدا نیە کە چ وەك تاك و چ وەك کۆ بنیادی ئابوری یەکێکە لە هۆکارە سەرەکیەکان بۆ سەلماندنی بوون، بەبێ بنەمایەکی ئابوری دەوڵەمەند ناشێت نە تاك و نە کۆمەڵ بتوانن بوونی خۆیان بسەلمێنن و ئامادەبوونی خۆیان بنوێنن.

بەشی خۆکردن لە کوردستاندا هەر لە دێرزەمانەوە پەیوەندی هەبووە بە کۆمەڵە هۆکارێکەوە کە وایان لە مرۆڤی کورد کردووە جۆرە قەناعەتێکی لا دروست ببێت کە تەنیا بیر لەوە

بکاتەوە ئەوەندەی داهات هەبێت لەسەری بژی ئیتر بەسیەتی. کواتە با بپرسین ئەو هۆکارانە چین کە وایان لە کورد کردووە ئەو جۆرە قەناعەتەی لا دروست ببێت؟

هۆکاری یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەی خێڵایەتی کۆمەڵگای کوردی کە هەر خێڵە لە سنووردێکی تەسك و داخراوی جوگرافیدا یان نیشتەجێبووە یان لە قەڵەمڕەوێکی دیاریکراودا گەرمیان و کوێستانی کردووە و ئەم شێوازی ژیانیش واتە ژیانی خێڵایەتی ڕێگای بۆ ئەوە خۆش نەکردووە بەرهەم هێنان پەرەبسەنێت، چونکە ژیانی کۆچ و گەرمیان و کوێستان ژیانێکی سەخت بووە و هەر خێزانە توانای ئەوەی هەبووە ژمارەیەکی سنووردار مەڕو ماڵات بەخێوبکات کە بەشی خۆی بکات. هەروەها لە ژیانی خێڵایەتی نیشتەجێشدا دیسان سیستەمی کۆمەڵایەتی ڕێگا خۆشکەرنەبووە بۆ بەرهەم هێنان زۆر کاتیش کە کۆمەڵگایەك یان دەستەیەکی کۆمەڵایەتی نەتوانێت بەرهەمی ئایوری پێویست بەرهەم بهێنێت ئەوا ناشتوانێت دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانی خۆی دروست بکات و سیستەمی کۆمەڵایەتی خۆی بنیاد بنێت چونکە بەبێ بەرهەم هێنانی پێداویستی‌یەکانی ژیان وەکو پێویست کۆمەڵ ناتوانێت بینا و ئاوەدانی بکاتە ئەرکی خۆی. هەتا ئاوەدانکرنەوەش نەبێتە بنەمای کارەکانی کۆمەڵ مانای وایە ئەو کۆمەڵگایە نەگەیشتۆتە ئاستی کۆمەڵایەتی‌بوون. یەکێك لە گرفتەکانی بەردەم پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی کورد لەراستیدا نەبوونی توانای بەرهەم هێنانی پێویست بووە لەرابردوودا کە ئەوەش بەشێکی سەرەکی پەیوەندی بەباری کۆمەڵایەتی کوردیەوە هەبووە کە لەلایەك سیستەمێکی کۆمەڵایەتی دیار پێکنەهاتووەو بنیادی خێڵایەتی کۆمەڵگاش بەئەندازەیەك ڕەگو ریشەی هەبووە لەنێو ئەم کۆمەڵگایەدا کە زیاتر لەوەی لەکۆمەڵگا بچێت بریتی بووە لە کۆمەڵە خێڵو عەشیەرتێکی ناپەیوەست و دوور لەیەکتر، لەو حاڵەتەشدا بەرهەم هێنان لەسنووریئەو یەکەو دامەزراوە بچووکو سنوور تەسکانەدا ماوەتەوەو ئابوری نەیتوانیوە دەوری فاکتەری یەکگرتنەوەی ئەو خێڵو عەشیەرتانە ببینێتو ببێتە ناوەندێك کە کۆنترۆڵی جوڵەی هەموو کۆمەڵگا بگاتو جۆرێك لەهاریکاریو یەکگرتنو یەکبوون لەنێواندا دروست بکات کە ئەوەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری نیشتەجێ نەبوونو نەتوانینی بەرهەم هێنانی لەڕادەی پێویستی خۆ زیاتر کە ئەو بەرهەمە بنەماکانی دروستبوونی بازاڕی هاوبەش بڕسکێنێو زەمینەی کۆمەڵایەتی بوونی تەواوەتی خێڵو عەشیرەتەکان خۆش بکاتو لەوێشەوە هاریکاریو بنیانان دەست پێ بکات کە ئەو هاریکاریەش کە دەرئەنجامی کۆمەڵایەتی بوونە زۆجی کۆمەڵایەتی بگەیەنێتە پلەی ڕەهایو لەوێڕا بەچەمکی هیگڵی قۆناغی دروستبوونی دەوڵەت دەست پێ بکات.. کۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤ بەپێویست روویداوەو زانایان ئەوەیان دەربڕیووە کە مرۆڤ بەسروشتی ئەفریدەیەکی کۆمەڵایەتیەو دەبێ کۆمەڵایەتی بێت کە کۆمەڵایەتی بوونیش لە (شوێندا دەبێت)و ئەوان ناوی دەبەن بەشار ئەویش مانای ئاوەدانکردنەوە[٤] و نیشتەجێ بوون هەڵدەگرێت.

راستە پێداویستی‌یەکانی ژیان مرۆڤ ناچاری پێکەوە ژیانو کۆمەڵایەتی بوون دەکات بەڵام لەوەش گرنگتر ئەوەیە ئەگەر لەسنووری کۆمەڵگایەکدا هاریکاریو پێکەوەژیان ببێتە بنەمای پێکهێنانی یەك سیستەمی ئابوریو بەڕێوەبردنو یەك ناوەندی ئابوری پێکبێت ئەوا ناوەندی جوڵە ڕێکخەری کۆمەڵگاش دەبێتە یەك ناوەندو ئەو ناوەندەش بێگومان خۆی لە زەمینەیەکدا دەبینێتەوە کە ئەویش زەمینەی ئابورییە، واتە ناشێت بەبێ بوونی ناوەندێکی ئابوری نەکۆمەڵگا خاسێتی یەکگرتنی هەبێت، نەئاڕاستەی گەشەو پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی بەئاقارێکی دروستو سروشتیدا بڕواتو بتوانێت قۆناغەکانی خۆی بەڕێکیو بەتەواوی ببڕێتو بگاتە ئەو ئاستەی کە لە دامەزراوەکانی خێڵو عەشیرەت کە دامەزراوەی پەرشو بڵاون دامەزراوی یەکگرتووی نەتەوە یان کۆمەڵ دروست بکات، یەکێك لە کۆسپەکانی بەردەم کورد بۆ ئەوەی بگاتە ئاستی بەدەست هێنانی خاسێتەکانی نەتەوەو کۆمەڵگا ئەوەیە کە تاکو ئێستا ناوەندێکی ئابوری نەتەوەیی یان ناوەندێکی ئابوری یەکگرتوو بۆ هەموو کۆمەڵ دروست نەبووە هەتا دیوارەکانی نێوان خێڵو عەشیرەتو سەرجەم دامەزراوەکانی قۆناغی خێڵایەتی هەڵبوەشێنێتەوەو دامەزراوی یەکگرتووی

بالا لەسەر ئاستی نەتەوە دروست بکات، دیارە ئەم حاڵەتەش لەمێژووی کوردا! لەلایەك پەیوەندی بەعەقڵیەتی بەرهەم هێنانی تەنیا بەشی خۆوە هەیە کە ئەو عەقڵیەتەش لەبنەڕەتدا بەرهەمی پێکهاتەی خێڵایەتی کوردیەیە کە تەنانەت خودی ئەو پێکهاتە خێڵایەتیەش پێکهاتەیەکی ناسروشتیو نائاسایییەو تاکو ساتەوەختی ئێستاش هیچ بنەمایەکی یەکبوونو یەکگرتنەوەی لەگەڵ یەکتردا نیە کە ئەمەش دیسان لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە تێکڕای هێزی بزوێنەرو ڕۆحو ماهیەتی بوونی خێڵایەتی کوردی بریتییە لەبنەماکانی خوێنو خزمایەتیو فاکتەری ئابووری هیچ دەورێکی ئەوتۆی نیە لەدارشتنو بەرهەم هێنانی عەقڵو ستراتیژی خێڵایەتی کوردیدا. چونکە هۆکارەکانی خوێنو خزمایەتی بەئاسانی ڕێگا نادەن بۆ سازشو سەوداگەری لەگەڵ ئەوانی تردا لەپوانگەی بەپێرۆز سەیرکردنی خۆیانەوە، بەڵام فاکتەری ئابووری هیچ شتێك بەپێرۆز نازانێت تەنیا (مال – درامەت) نەبێت، لەپێناوی ئەوەشدا هەموو سنوورە پێرۆزەکان دەپوخێنێت، بەڵام لەبەر ئەوەی خێڵایەتی کوردی لەژێر کۆمەڵە هۆکارێکی تردا قەناعەتی بە بەرهەم هێنانی تەنیا بەشی خۆی لادروست بووە، ئیتر بەو پێیەش فاکتەری ئابووری لەکۆمەڵگای کوردیدا نەیتوانیووە ئەو دەورە ببینێت.

هۆکارێکی تری ڕادەی کەمی بەرهەم هێنانە لەکوردستانداو بەو پێیەش کۆنەبوونەوەی بەرهەمو درووست نەبوونی ناوەندی ئابووری دەگەڕێتەوە بۆ تۆپۆگرافیای نالەباری کوردستان. تۆپۆگرافیای کوردستان بەگشتی لەشاخو گردو یاڵو دۆڵو شیوو دەشتی تەسك پێکهاتووە کە بەشێکی زۆری لەبەردو تاوێرو جێگای نالەباری ئەوتۆ پێکهاتووە کە نەك هەر ناتوانرێت بکرێت بەکشتوکاڵ بەڵکو ئەوەندە وشك و ڕەقەنە هیچی لێ سەوز نابێتو ئەو شوێنانە نە بۆ کشتوکاڵ دەست دەدەن نەدەشبن بەپاکژو لەوەڕگا. لەلایەکی ترەوە تۆپۆگرافیای کوردستان لەچیای بەرزو قەدپاڵی لێژی ئەوتۆ پێکهاتووە کە بۆ هیچ جۆرە بەرهەم هێنانێك کەڵکی لێوەرناگیرێت، ئەو دەشتە تەسكو کەمانەشی کە لەدامێنی چیاو گردەکانەوە هەن زۆربەیان دێمەن و ئاودێری ناکرێن، مەگەر تەنیا بۆ کشتوکاڵی دێمە کار بەکاربهێنرێن.

لەم بارودۆخە تۆپۆگرافیەی کوردستاندا بەرهەم هێنان کارێکی گران و زەحمەتەو مرۆڤ لەم زەمینە نالەبارەدا هەمو ئومێدێکی ئەوە بووە چ لە پەروەردەکردنی ئاژەڵداو چ لە کشتوکاڵ کردندا ئەوەندەی بەرهەم دەست بکەوێت کە بتوانێت ژیانی خۆیی پێ مسۆگەر بکاتو بەئەوەندە وازبهێنێت کە بەشی ژیانی ساڵانەی خۆی بکات، ئەوەش وایکردووە کە بەرهەم لەئاستی پێویستو بەکارهێنانی زیاد نەبێتو بەوەش نەبەرهەم کۆ ببێتەوەو نەناوەندی ئابووری دروست ببێتو نە هەلومەرج بۆ پێکهاتنی بازاڕی هاوبەش لەوڵاتدا بڕەخسێت.

لەلایەکی ترەوە نەبوونی زەوی لەبار بۆ کشتوکاڵو ئاوی پێویست بۆ ئاودێری هۆیەکی تری کەمی بەرهەم هێنان بووە لە کوردستاندا. شەرەف خان لەبارەی خاکی کوردستانەوە دەڵێت: خاکی کوردستان بەلوپستانیشەوە بەشی زۆری ڕەقەنەو چڕو لێڕەوارەو نەرمانی ئەوەندە نیە کە بەرهەمو درامەتی کشتوکاڵی دانیشتوانی هەموو بەتەسەلی تێر بکا[5]. ئەمەش وایکردووە کە کوردستان وڵاتێکی کشتوکاڵی نەبێتو بەرهەمی کشتوکاڵ نەك هەر لەپێویستی دانیشتوان زیاتر نەبێت بەڵکو نەگاتە ئەو ئاستەشی کە بەتەواوی تێریان بکات. ئیتر چۆن ئابووری لە کوردستاندا ببێتە زەمینەی تێکشاندنی سنووری نێوان دامو دەزگاکانی خێڵو عەشیرەتو بنەمای کۆمەڵایەتی بوونو بەو پێیەش بنەمای نەتەوایەتی کورد دابنێت. بێگومان لەسەر زەویەکی واهەژارو کەم بەرهەم ناشێت ناوەندی ئابووریو بازاڕی هاوبەش دروست ببێت.

لەبارەی ئابووری باشووری کوردستانەوە کە بەڕای شەرەف خان: ئەو بەشەی کوردستان لەهەموو شوێنەکانی تری کوردستان بەپیتو ڕێژەوتر[6].

ئەدمۆنز دەڵێت: ئابووری ئەم هەرێمە بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە کشتوکاڵو شوانکاری دەبەستێتو بەرهەمی سەرەکی زستانە گەنمو جۆیە کە ئەویش لەوانەیە لەسااڵنی پڕ پیتو فەڕدا بەشێکی کەمی زیاد بێت و بنێردرێتە دەرەوە[7]. لێرەدا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە تۆپۆگرافیای کوردستانو کەشو هەواکەی لەبارنین بۆ کشتوکاڵو نەیانتوانیووە ببن بەهۆی کۆکردنەوەی بەرهەمی زیاد لەپێویست لەکوردستاندا بەڵکو لەباشترین حاڵەتدا ئەوەبووە

بەشی پێداویستی ناوخۆ بەرهەم هەبووبێت، دیارە کورد خۆیشی بەخۆڕسکی‌و لە ئەنجامی کۆمەڵە هۆکارێکدا جۆرێك لەقەناعەتی لادروست بووە کە بەدوای بەرهەم هێنان‌و داهاتدا نەڕوات‌و تەنیا بەدەستکەوتێکی کەم بۆ ژیانێکی سادە قەناعەت بکات. لەم بارەیەوە شەرەف خان دەڵێت: کوردەکان هەموویان زۆر چاوتێرو کەم چاو نەزێرن‌و هەرگیز کازەندە لەبەختی خۆیان ناکەن. زۆربەی خێزان‌و ماڵ‌و منداڵی رەمەکی‌و بۆرە پیاوی کوردستان بەشی زۆری ساڵ بەنانی هەرزن‌و گارس‌و گاڵ رای دەبوێرن‌و لەسەر ئەو بەلەنگاز‌یەشەوە شوکرانە بژێرن[8]. یەکێك لەو هۆکارە سەرەکیانەی کە بەدرێژایی مێژوو زیانی لەکورد داوەو بووە بە بەربەست لەڕێگای جوڵەو بەرەوپێشەوەچوونداو هۆکاری قایل بوونی کوردە هەمیشەو هەمو کاتێ بەئەمری واقیع، قەناعەت هێنان بەوەی کە بەبرسێتی‌و هەژاری و نەداری بژێت ڕێگا خۆشکەر بووە بۆ ئەوەی هیچ هەوڵێك نەدات بۆ زیادکردنی بەرهەم‌و خۆشگوزەران کردنی خۆی، ئەگەر کۆمەڵگایەك یان دەستەو تاقمێکی ئیتنیکی هەوڵی گۆڕین‌و بەرەوچاکتر کردنی باری ژیانی خۆی لەهەموو لایەکەوە نەدات چۆن دەتوانێت ببێتە هێزێکی فشار دروستکەرو هەوڵی گۆڕینی کۆمەڵگا بدات. ئەم هۆکارانەی جوگرافیای نالەباری کوردستان‌و ئاوو هەواو ئاو بۆ ئاودێری سەرجەم لەبەر نالەباریان ڕێگا خۆشکەر بوون بۆ دروستکردنی قەناعەت لەعەقڵ‌و هۆشی کورددا بەوەی کە تەنیا بەبەشی ژیانی خۆی بەرهەم‌و داهات رازی بێت.

لەلایەکی ترەوە‌و سەرباری زۆڵی خراپی تۆپۆگرافیا لەبەردەم دروستبوونی ناوەندی ئابوری لەکوردستاندا، هۆکارێکی سەرەکی تر بۆ لاوازی ئابوری کەمی ئاوی پێویست‌و گرانی باری ئاودێری‌و پشت بەستنە بەئاوی باران. کشتوکاڵی دێم واتە دانەوێڵە تەنیا پشتی بەباران بەستووەو ئەگەر هەر ساڵێك باران وەکو پێویست نەبارییبێت ئەوا بووە بەقات‌و قڕی‌و کارەساتی برسێتی‌و گرانی وڵاتی گرتۆتەوە. لەلایەکی تریشەوە پشت بەستن بەباران مرۆڤی کوردی کردۆتە مرۆڤێکی هەمیشە چاوەڕوان، دیارە مرۆڤی هەمیشە چاوەڕوانیش بەردەوام لەحاڵەتی گومان‌و دڵەڕاوکێدایە بەرامبەر بەداهاتوویی‌و کەمتر دەبێتە مرۆڤێکی پراکتیکی. لەئاکامی ئەوەشدا کە سەرچاوەی سەرەکی ژیانی کە ئاوە لەدەستی خۆیدا نەبووەو چاوەڕوانی هێزی باڵای خواوەندی کردووە کە بارانی بۆ ببارێنێ‌و بەردەوام چاوەڕوانی سرۆشو بەزەیی خودا بووەو کەمتر بیری لەدانانی نەخشەو بەرنامەی داهاتووی خۆی کردۆتەوە. ئەگەر کەسێك یان کۆمەڵگایەك نەتوانێت بەرنامەو نەخشەی داهاتووی هەبێت بێگومان ناشتوانێت بیر لەبەرهەم هێنانی زیاد بکاتەوە بەڵکو ئەوەی بەلایەوە گرنگ دەبێت ئەوەیە کە چۆن دەتوانێت پێداویستی‌یەکانی ژیانی ئێستای بەدەست بهێنێت‌و سبەینێ لەدەرەوەی بیرکردنەوەی ئەودا دەبێت کاتێ مرۆڤی کورد بیری لە بەرهەم هێنانی زیاد نەکردبێتەوە ئیتر چۆن ئابووری لە کوردستاندا کۆدەبێتەوە‌و چۆن ناوەندی ئابووری پێکدێت.

لەلایەکی ترەوە فاکتەری ئایین‌و تواندنەوەی کورد لەناو بنەما و پرنسیپەکانی ئاییندا دەورێکی کاریگەری بینیووە لەدروستکردنی قەناعەت‌و قەناعەت هێنان بەکەمترین بەش کە پێویستی‌یەتی واتە (بەشی خود) کردن لەعەقڵ‌و هۆشی مرۆڤدا بەگشتی‌و لای کوردیش بەتایبەتی کاریگەری هێزی ئایین لەپشتی‌یەوە بووە. چونکە کورد والەئایین تێگەیشتووە کە رازی بێت بەهەموو بەشێك‌و بەکەمترین بەش ئیکتیفا بکات ئەویش لەسەر بنەمای بڕوابون بەوەی کە (رزق لای خوایەو خوا تاسەری دابێت رزقیش دەدات‌و تۆ هەر بچوڵێ خوا رازیقە) ئەم رستەو دەستەواژانە کە بەرهەمی عەقڵی کۆیی کۆمەڵگان هەڵقوڵاوی واقیعێکی کۆمەڵایەتی ئایینین‌و گوزارشتێکی راستەقینەن لەپنتایی کۆنەستی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی.

هۆکارێکی تر کە دەوری هەبووە لەدروستکردنی حاڵەتی قەناعەت هێنان بە بەرهەم هێنانی تەنیا بەشی خۆ (ئیکتیفای ژاتی) سیستەمی فیودیاڵی‌و خێڵایەتی کوردی‌و چۆنێتی بەرهەم هێنانە لەم سیستەمەدا. دیارە ئەوە ئاشکرایە کە سیستەمی فیودیاڵی کوردیش لەقۆناغێکی زۆر درەنگدا خاسێتەکانی سیستەمی وەرگرتووەو بگرە سیستەمی فیودیاڵی کوردی بەتەواوی تێکەڵ بووە

لەگەڵ سیستەمی خێڵایەتی کوردیداو هەر ئەوەش وایکردووە کە یاساکانی خێڵایەتی لە سروشتی ئەو سیستەمەدا کاری خۆی بکات لەم بارەیەوە ئەی. شامیلۆف دەڵێت: لەراستیدا لە کۆمەڵگای (فیودیالی) کوردیدا زۆرێک لە پاشماوەکانی سیتسەمی خێڵایەتی دەبینرێت[9] دیارە یاساکانی سیستەمی خێڵایەتی لەگەڵ سیستەمی فیودیالیدا هەمان یاسانین، هەر بۆیە سیستەمی فیودیالی کوردی بە سیستەمێکی ناتەواو دادەنرێت چونکە ئاشکرایە کە دەبێ سیتسەمی فیودیالی هەموو بنەماکانی سیستەمی خێڵایەتیو عەشیرەتگەری هەڵوەشێنێتەوە بیان گۆڕێ بەجۆرە یاساو دەستورێکی تر چونکە یاساو دەستورەکانی سیستەمی خێڵایەتی لەدابو نەریتی خێڵایەتیەوە هاتوون کە لەراستیدا سیستەمی فیودیالی کوردی نەیتوانیووە ئەو داب و نەریتە کۆمەڵایەتیانەی کۆمەڵگای خێڵایەتی بگۆڕێتو بگرە تاکو ئێستاش هەر بەردەوامە. لەراستیدا دەبێ: فیودیالیزم یارمەتی هەڵوەشاندنەوەی یاساو دەستورەکانی ئابوری کۆمەڵگای خێڵایەتی بدات بەڵام لەلایەکی ترەوەو بەشێوەیەکی تاڕادەیەک ئاشکرا پارێزگاری لەبەهاکانی خێڵایەتی دەکات[10]. ئەمەش ئاشکرایە چونکە خێڵایەتیو فیودیالی کوردی بەنێویەکدا چوونو سیستەمێکی پێکەوەیی پێکدێنن کە ئەویش نەسیستەمی خێڵایەتییە بەتەنیاو نە سیستەمی فیودیالییە. لەسیستەمی فیودیالیدا یاساکانی زەوی زارو کشتوکاڵو ئاودێری هەمان یاساکانی قۆناغی خێڵایەتی بووە و ئاغا و بەگ و شێخی سەرۆک خێڵ و عەشیرەت خۆی دامێنەری یاسا و دەستوور و شێوازی ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان خۆی و ئەندامانی خێڵ بووە و لە سنووری داخراوی دامەزراوەکەیدا سەربەخۆیی یاسا و دەستوورکانی پاراستووە و زۆربەی کات یاسا و دەستوورەکانی سنووری ئەم خێڵ لەگەڵ یاسا و دەستوورەکانی ئەو خێڵی تردا لە ڕووی شێوەی کارکردن و ملکانە و سەرانە و سورانە و بێگارکردنەوە یەکیان نەگرتۆتەوە بەپێچەوانەی سیستەمی فیودالییەوە کە دەبێ یاسا و دەستورێکی گشتگیر پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان و بەڕێوەبردن و هەموو وردەکارییەکانی ژیانی کۆمەڵگا ڕێک بخات. بەڵام ئەم تێکەڵاویە وایکردووە کە سیستەمی بەڕێوەبردن و پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنانی خێڵایەتی کوردی بەسەر قۆناغی فیودالیدا زاڵ بێت. دیارە ئەوەش ئاشکرایە کە سیستەمی خێڵایەتی هەمیشە بەربەرست بووە لە ڕووی بەرهەم هێنانی زیاددا چونکە جوتیاری قۆناغی خێڵایەتی هەموو شتێکی پەیوەست بووە بە سەرخێڵ و یاسای خێڵەوە و خۆی تەنیا مافی ئەوەی هەبووە ئەوەندەی هەبێت بژی. لەکاتێکدا کە جوتیار بە هەر جۆرێک ئیشی کردبێت ئەو تەنیا لایەنی هەرەکەمی مافی ژیانی هەبووە، لەبەرئەوە گرنگ نەبووە بەلایەوە چەندی بەرهەمی دەبێت چونکە ئەو خاوەنی بەرهەم نەبووە ئەمەش وایکردووە لە سیستەمی خێڵایەتی – فیودالی کوردیدا بەرهەمێکی ئەوتۆ لە کوردستاندا کۆنەبێتەوە و هەر بەو پێیەش نە ناوەندی ئابوری دروست ببێت نە بنەماکانی بازاڕی هاوبەش پێک بێت.

وەک ئاماژەمان بۆ کرد خودی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کورد کە لە خێڵ و عەشیرەت پێکهاتووە دەوری کاریگەری هەبووە لەسەر ڕێژەی کەمی بەرهەم هێنان، لە دێر زەمانەوە تاکو ناوەڕاستی سەدەی بیستیش هێشتا بەشێکی زۆری خێڵەکانی کورد نیشتەجێ نەبوون و خۆیان بە کشتوکاڵەوە خەریک نەکردووە و زیاتر پشتیان بە شوانکاری و ئاژەڵداری بەستووە و لەو بوارەشدا خەریکی گەرمیان و کوێستان بوون واتە لە ژیانی کۆچەریدا بوون، کۆچەریش ئاسایی نەدەتوانێت ئاوەدان کردنەوە بکات نە بەرهەمێکی ئەوتۆ بهێنێت نە پەیوەستی بە خاکەوە هەبێت.

خێڵی کۆچەری ئەوەندە بەرهەمی هێناوە کە بەشی پێویستییەکانی ژیانی سادە و ساکاری خۆیبکات. خۆ ئەگەر خێڵی کۆچەری کوردی بەرهەمێکی لەخۆی زیاتریشی هەبووبێت لە بەرهەمەکانی ئاژەڵ ئەوە لە کاتی گەرمیان و کوێستاندا زۆرجار کە نزیک بووەتەوە لە سنوورەکانی کوردستان بەرهەمەکەی لەلایەن دەرەوە راکێشراوە و ئەو بەرهەمە لە کوردستاندا کۆنەبۆتەوە هەتا ببێت بە بنەمای پێکهێنانی بازاڕی ناوخۆ و کاکڵەی دروستبوونی ناوەندی ئابوری کوردی. دەشێ هەندێجار خێڵی کۆچەری کوردی بەرهەمەکانی خۆی کە بەرهەمی مەڕومااڵت بووە لەسەر سنوورەکان

لەگەڵ پێداویستی‌یەکانی تری ژیانیدا کە زیاتر پێداویستی‌یەکانی خۆراك و جل و بەرگی سادەبوون ئاڵ و گۆڕی کردبن و ئەو بەرهەمە لەناو ولاتدا نەماوەتەوە و هەتا ببێتە بنەمای پێکهێنانی بازاڕ و سەرەتاکانی پیشەسازی لە کوردستاندا.

هۆکارێکی تری کەمی بەرهەم هێنان لە کوردستاندا پەیوەندی بە سروشتی پەیوەندییەکانی فیودیاڵی ماتەواوو ناسروشتی کوردییەوە هەیە، کە مەبەست لەوەش ئەوەیە نە فیودیالی کورد وەکو چینێکی خاوەن ناسنامەو خاوەنی سەرجەم خاسێتو بنەماکانی چینایەتی ئەو چینە پێگەیشتووە، نەلەبەرامبەر ئەو چینەدا جوتیاران وەکو چینێکی خاوەن ناسنامەو سەرجەم بنەماو خاسێتەکانی خۆیان لە هاڵەتی سروشتیدا پێگەیشتوون، هەر بۆیە پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنانو پەیوەندییەکانی ملکداریو خاوەندارێتی زەوی‌و کاری جوتیار لەسەر زەوی ئەوان بەسروشتی دروست نەبووەو شێوازی سیستەمێکی جێگیرو خاوەن ناسنامەی وەرنەگرتووەو زۆربەی کات خاوەن ملکی کورد زەوییەکەی بەرامبەر بەڕێژەیەکی دیاری کراو لە ملکانە داوە بەجوتیار بۆ ئەوەی کشتوکاڵی تێدا بکات، لەلایەك خودی خاوەن زەوییەکە بەو ڕێژە کەمەی ملکانە قەناعەتی کردووە کە ئەوەش هەر بەشی ئەوە بووە خۆیی پێ بژێو دیوەخانەکەیی پێ بەڕێوە ببات‌و شتێکی ئەوتۆی زیاد نەبێت، واتە بەگو ئاغاو شێخی کورد بەدەگمەن بوونەتە خاوەن سامانی گەورە، بەڵکو زیاتر جیاوازی ئەمان‌و جوتیاری هەژاری کورد ئەوە بووە کە ئەمان خۆیان کاریان نەکردووەو تا ئاستێکی دیاری کراو ژیانیان لەوان باشتر بووە بێگومان جوتیاری هەژاریش کە خاوەنی هیچ هۆیەکی بەرهەم هێنان نەبووەو نەیتوانیوە ئەوەندە خۆی لەگەڵ زەویدا خەریك بکات کە بەرهەمێکی زۆری هەبێت هەروەها ئەوەشی بەلایەوە گرنگ بووە تەنیا ئەوە بووە کە ژیانی خۆیی‌و خێزانەکەی دابین بکات.

لەلایەکی تریشەوە لەو ساوە تەنانەت تاکو ئێستاش ئامێرو ئامرازو تەکنۆلۆجیای کشتوکاڵ لە شێوەیەکی زۆر سادەدا گەیشتۆتە کوردستان‌و جوتیار زیاتر پشت بەهۆکارە کۆن‌و تەقلیدیەکانی بەرهەم هێنانی کشتوکاڵ دەبەستێت بۆیە ناتوانێت بەرهەمێکی ئەوتۆ بهێنێت کە لە بەشی پێویستی خۆی زیاتر بێت. هەموو ئەم هۆکارانە بەدرێژایی ژیانی کورد دەوری کاریگەریان بینیووە لە دروستکردنی قەناعەتی رازی بوون بەبەشی خۆو تەنیا بۆ ئێستاش لە عەقڵو هۆشی کورددا. ئەوەش هۆیەکی سەرەکی لاوازی ئاستی بەرهەم هێنان‌و دروست نەبوونی بازاڕی ناوخۆو بەو پێیەش دروست نەبوونی ناوەندی ئابوریە لە کوردستاندا.

لەلایەکی ترەوە کورت بینی مرۆڤی کورد بەگشتی‌و بیرنەکردنەوەی لەداهاتوو. بەتایبەتیش لەم رووەوە خاوەن ملکەکان تەنیا بۆ ئێستا ژیاون‌و هیچ پرۆژەیەکی ئایندەبیان نەبووە هەتا لەو پێناوەدا بیر لە چاککردنی زەوییەکانیان‌و پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان نەکەنەوە. بەڵکو بەپێچەوانەوە لە سیستەمی فیودیالی کوریدا کە دەسەڵاتی خێڵایەتی بااڵدەست بووە سەرۆك خێڵەکان ئەگەر بیریان لە زیادکردنی بەرهەم‌و دەوڵەمەندبوون کردبێتەوە ئەوا لەبری چاککردنی زەوییەکانیان‌و چاککردنی ئەو یاسایانەی کە پەیوەندییان بەملکانەو وەرزێری‌و رەنجبەرییەوە هەیە، لەبری ئەوەی هەوڵبدەن تەکنۆلۆژیای نوێ بهێننە بواری کشتوکاڵەوە، هەوڵیان داوە زەوی‌و زاری خێڵ‌و عەشیرەتەکانی تر داگیر بکەن کە ئەوەش زۆربەی کات بووەتە هۆی شەڕو شۆڕو لە ئاکامدا بەرهەمەکانی کشتوکاڵ‌و لەوەڕگاکان سوتێنراون لە ئەنجامی ئەوەشدا زیانی گەورە لە هەردوو بواری کشتوکاڵ‌و ئاژەڵداری کەوتووە لەبری زیادبوونی بەرهەم، نەبوونی‌و قات‌و قڕی دروستبووەو ئەوەش ئەنجامەکەی بەتاڵانکردن‌و وێرانکردن‌و شەڕو شۆڕو خوێن رشتن کۆتایی هاتووەو جۆرێك لە ئاژاوەو ناسەقامگیری دروستکردووە. ناسەقامگیریش بەپێچەوانەکردنەوەی وتەیەکی ئیبن خەلدون یەکێکە لە هۆیەکانی تێکچونی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەو عیمرانی مرۆیی کە لە راستیشدا سەقامگیری زەمینەی سەرەکی عیمران‌و ئاوەدانکردنەوە خۆش دەکات[11] کشتوکاڵ‌و ئاژەڵداریش کە سەرچاوەی ئابوری کوردستان بوون.. تەنیا لەهێمنی‌و سەقامگیریدا مرۆڤ دەتوانێت پێیانەوە خەریك بێت‌و بەرهەمی زۆر بەدەست بهێنێت. بەپێچەوانەشەوە شەڕو ئاژاوەو ناسەقامگیری خۆی وێرانی‌و بێ بەرهەمین. یەکێك لە

هۆکارەکانی کەمی بەرهەم و کۆبوونەوەی لە کوردستاندا بەدرێژایی مێژووی زانراو ناکۆکی و ئاژاوەی ناوخۆو شەڕو ئاژاوەی نێوان خێڵ و عەشیرەتەکان بووە.

لەلایەکی ترەوە لە دامەزراوی عەشیرەتدا[12] واتە لەدامەزراوی شێخ و سەیدەکاندا راستە شێخی عەشیرەت خاوەنی ملکێکی زیاترە لە ئەندامانی تر، بەڵام لەم دامەزراوەدا ئەندامانی تریش ملکی تایبەتی خۆیان هەیە و مەگەر بەدەگمەن ئەگینا لەسەر زەوی و ملکی شێخ کارناکەن، جگە لەوەش شێوازی پەیوەندی لە دامەزراوی شێخ و سەیدەکاندا ئاڕاستەیەکی ئاسۆیی هەیە و لەشێوەی هەڕەمی پەیوەندی خێڵایەتیدا نیە. راستە شێخ لە ئاستێکی بەرزدایە بەڵام ئەو هەڕەمەی دەسەڵات و بەڕێوەبردن کە لە دامەزراوی خێڵدا پێکدێت و ئاغا بەگی سەرخێڵ لەلوتکەی هەڕەمەکەدا دەبن و ئاڕاستەی پەیوەندی و ئاڕاستەی فەرمان لەوەوە بەرەو ئاستەکانی خوارەوە ئاڕاستە دەکرێت. لە دامەزراوی شێخ و سەیدەکاندا ئاڕاستەی پەیوەندییەکان ئاسۆیین و چەمکی فەرمانیش لەم دامەزراوەدا کەمتر دەبینرێت چونکە لەلایەک ئەندامانی ئەم دامەزراوە لەڕووی نەسەبەوە هەموو خۆیان لەیەک ئاستدا دەبینن، لەلایەکی تریشەوە هەریەکە بەشی خۆی ملک و زەوی هەیە و لەڕووی ژیانی ئابورییەوە جۆرە سەربەخۆییەکی هەیە و وابەستە و ژێر دەستەی شێخ نابێت. هەریەکە لە ئەندامانی ئەم دامەزراوەش لەسەر ئەو بەشە زەوییەی هەیەتی کار دەکات و بەشی خۆی بەرهەم دێنێت. نەچاوی لەوەوە بووە زەوی بدات بەملکانە چونکە زەوییەکەیان تەنیا بەشی خۆیان بووە نەچاویان لەوەوە بووە کە زەوی شێخە خاوەن ملکەکەی خۆیان بکەن و ملکانە بدەن واتە قەناعەتیان بەو بەشە ملکە کەمەی خۆیان و بەو بڕە بەرهەمە کردووە کە لەسەر ئەو زەوییە بەرهەمیان هێناوە کە ئەویش تەنیا بەشی ژیانی سادەو ئاسایی خۆیان بووەو ئەمانە ئەوەندەیان بەرهەم نەهێناوە کە لە خۆیان زیاتر بێت ئەوەش هۆیەکی تری کۆنەبوونەوەی بەرهەمو دروست نەبوونی بازاڕی ناوخۆو پێکنەهاتنی ناوەندی ئابوری بووە لە کوردستاندا. لەکاتێکدا هەم دامەزراوی عەشیرەت بەشێکی فراوانی کۆمەڵگای کوردی پێکهێناوە، هەم شێوازی ژیانی ئەمان کە لە پێش خێڵەکانەوە نیشتەجێ بوون کاری لەو خێڵانەش کردووە کە پێشتر کۆچەری بوون و لەدوایدا بەناچاری نیشتەجێ بوون کە بەهەمان جۆرە قەناعەتەوە کار بکەن و ئەو قەناعەتەش بەربەستێك بووە لەبەردەم بەرهەم هێنانی زیاتردا.

ناسەقامگیری کۆمەڵایەتی و سیاسی وەك کۆسپی بەردەم دروستبوونی ناوەندی ئابوری

کوردستان وڵاتێکە کەوتۆتە پانتاییەکی جوگرافی ئەوتۆوە کە ئەو شوێنە جوگرافیەی یەکەمین هۆکاری ناسەقامگیرییە بۆی. لەلایەك خاڵ و رێگەی پێکەوە بەستنی رۆژهەڵات و رۆژئاوایە. لەلایەکی ترەوە لەرابردوودا کەوتۆە نێوان کۆمەڵێ شارستانی دیارو گەورەوە، هەروەها لەمپەرێکە کە کۆمەڵە نەتەوەیەکی هێجگار جیاواز لەیەکتری جیادەکاتەوە. لەشکری (دە) هەزار کەسی گەزنەفۆن بەم خاکەدا تێپەڕی کردووەو هەروەها ئەسکەندەری گەورەش لێرەوە هێرشی کردۆتە سەر ساسانیەکان. لەملمانێی نێوان میدو ئاشوورییەکان و بابلی و ئاشوورییەکاندا مەیدانی شەڕو پێکدادانی سوپاکان بووە.

لە فەتحی ئیسلامیدا سەرباری ئەوەی کە ئەم وڵاتە خۆی فەتح کراوە، هەروەها سەرە رێگای سوپای ئیسلامی بووە بۆ ناوچەکانی تری رۆژهەڵات و باکور. دواتریش بەر هێرشی مەغۆلەکان بەرەو بەغدا کەوتووەو لە گواستنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامیشدا لە عەباسیەکانەوە بۆ تورکە عوسمانیەکان و لەگەڵ ئەو گواستنەوەیەی دەسەڵاتیشدا سەرهەڵدانی ناکۆکی نێوان ئەم دوو ئیمپراتۆرە زیانی لە کوردو یەکێتی کورد داوە هەریەکەشیان کوردی ژێر سایەی دەسەڵاتی خۆی بەدژی ئەویتریان بەکارهێناوە.

لەمێژووی سەدەی بیستیشدا کودرستان یەکێك لەو وڵاتانە بووە کە گەورەترین ململانێو ناکۆکی لەسەر دروستبووە تاکو لە ئەنجامدا بەشێوەیەکی ناشەرعی دابەشکراوە بەسەر چەند دەوڵەتێکداو

بەردەوام کوردستان لەباریکی پەشێوو ناسەتامگیردا ژیانی بەڕێکردووەو بەردەوام تارمایی شەڕ بالّی بەسەردا کێشاوەو کورد بەهیچ جۆرێك لە ئایندەی خۆی دلّنیا نەبووەو ئومێدی سبەینێو نەبووە. لەبارودۆخێکی وەهاشدا زەحمەتە مرۆڤ بیر لە بەرهەم هێنانی زیاد لە پێویستی خۆی بکاتەوە. چونکە لەیەك ئومێدی سبەینێی نەبووە هەتا لەو پێناوەدا ئەمڕۆ رەنجێکی زۆر بدات‌و بەرهەمێکی زۆر بەهێنێت، بەمانایەکی تر کورد هەمیشە بۆ ساتەوەختی ئێستا ژیاوەو بیری لەسبەینێ نەکردۆتەوە، جێگیربوونی ئەم بۆچوونەش لەلایەك بووەتە کۆسپ لەبەردەم بەرهەم هێناندا، لەلایەکی تریشەوە وای لە کورد کردووە ئەگەر بەرهەمێکی لەخۆی زیاتریشی هەبێت ئەوا ئەوەندە بەلایەوە گرنگ نەبێت‌و چۆنی بۆ رێکەوتبێت رەوانەی دەرەوەی سنوورەکانی کوردستانی بکات یان لە دەرەوەی کوردستانەوە ئەو بەرهەمە رابکێشرێت. ئەوەش وایکردووە کە هیچ بنەمایەکی ناوەندی ئابوری لە کوردستاندا دروست نەبێت.

دیارە نەبوونی ناوەندی دەسەڵاتیش لە کوردستاندا دەوری کاریگەری بینیووە لەوەیدا کە ناوەندی ئابوری دروست نەبێت بەتایبەتی لەکاتێکدا کوردستان پێگەو رەوگەی هاتوچۆو بەژێرپێوەبوون، بووە لەلایەن سوپاو هێزەکانی نزیك‌و دوورەوەو ئەوەش وایکردووە کە کوردستان وەك جوگرافیایەکی بێ سنوور وا بێت واتە جوگرافیایەك کە بەپووی دەرەوەدا کراوە بێت‌و هیچ دەرگایەکی نەبێت هەتا بە پووی دەرەوەدا دابخرێت، بێگومان لەجوگرافیایەکی بێ سنوورو بێ ناوەندێکی ئەوتۆدا کە بەهێزێکی مادی‌و مەعنەوی هەموو بەشەکانی ئەو جوگرافیایە بەخۆیەوە ببەستێت‌و هەموو داهات‌و بەرهەم بۆ یەو ناوەندەکە خۆی کێش بکات ناشێت ئابوری لەناوەندا کۆببێتەوەو ناوەندی ئابوری پێکبهێنێت. هەر ئەو بێ سنوورییەی کوردستان‌و نەبوونی ناوەندی دەسەڵات تیایدا کە دیارە ئەو ناوەندەی دەسەڵاتیش ناشێت بەبێ ناوەندی ئابوری پێکبێت وایکردووە کوردستان وەکو جوگرافیایەکی بێ خاوەن وەهابێت‌و لەهەمان کاتدا وەکو بۆشاییەکیش وەهابێت کە هیچ هێزێکی مادی‌و مەعنەوی لەخودی ئەو جوگرافیایەدا دروست نەبووە هەتا بەشەکانی پێکەوە ببەستێت دروستبوونی ناوەندی ئابوری یەکەمین هۆکارە کە ئەو هێزە لەناوەندی ئەو جوگرافیایەدا دروست دەکات کە رایەڵی پێکەوە بەستنی سەرجەم بەشەکانی ئەو جوگرافیایە دەستەبەر دەکات‌و یەکێتی ئەو جوگرافیایەو یەکێتی ئەو کۆمەڵەی کە لەسەری دەژی دەسەلمێنێت کە ئەو یەکێتی‌و یەکگرتنانەش لەمەرجە سەرەکیەکانی دەوڵەتی کوردین.

پەیوەندی نێوان کۆمەڵی ناوخۆیی کوردو کۆمەڵگاکانی تر (پەیوەندی بازرگانی)

دکتۆر سەمیر ئەمین دەڵێت: کۆمەڵگا مێژوویییەکان ئەو پێکهاتانەن کە لەلایەکەوە زۆر شێوەی بەرهەم هێنانیان تێدا دەبێت، هەروەك لەلایەنی دووەمیشەوە تیایاندا پەیوەندی نێوان کۆمەڵگای ناوخۆیی‌و کۆمەڵگاکانی تر رێك دەخرێت[13] کەواتە لێرەوە ئەوەدەردەکەوێت کە لەنێوان کۆمەڵگای ناوچەیی‌و کۆمەڵگاکانی تردا کە دەشێ لەئاستێکی پەرەسەندوتردابن پەیوەندی ئابوری هەبێت ئەویش بریتی دەبێت لە: بوونی پەیوەندی بازرگانی مەودا دوور[14] بالەم روانگەیەوە بڕوانین‌و بزانین ئایا بازرگانی دەرەوە دەورێکی ئەوتۆی دەبێت لەسەر پەرەسەندنی ئابوری ناوخۆو دروستبوونی بازاڕی ناوخۆو بەو پێیەش دروستبوونی ناوەندی ئابوری‌دا.

ئەگەر سەرنجی ژیانی نیمچە دوورگەی عەرەبی پێش ئیسلام بدەین ئەوا دەبینین کە ئەم دوورگەیە سەرگەرمی بازرگانیەکی بەربڵاو بوو لەگەڵ شامداو لەوێشەوە بۆ دنیای دەرەوەو دوورتر. تەنانەت لەئایەتی قورئاندا باسی دوو وەرزی بازرگانی نیمچە دوورگە کراوە وەرزێ بۆ شام‌و وەرزێ بۆ یەمەن‌و باشووری نیمچە دوورگە. کە ئەویش لە ئایەتی (رحلة الشتاء والصیف)دا دەردەکەوێت نیمچە دوورگەی عەرەبی لە میانەی ئەو بازرگانیەی دەرەوەدا هەرچی پێویستی‌یەکانی خۆی بووە هێناویەتیە ناوەوەو ئەو شتەشی کە لە پێویستی خۆی زیاد بووە یان ئاڵو گۆڕی کردووە یان فرۆشتوویەتی بەڵام ئەم جوڵە بەردەوامە بووەتە سەرچاوەیەکی بەهێزی ئابوری

لەوڵاتداو جۆرە عەقڵیەتێکی بەرهەم هێناوە کە ئارەزوومەندی کۆکردنەوەی بەرهەمو (مال) بووە. دیارە لەهەر کوێش (مال) کۆببێتەوە مانای وایە بنەمای ژیانی ئایندە دادەنرێت. زۆر جار دەشێ وڵاتێك نەوڵاتێکی پیشەسازی بێت، نە وڵاتێکی کشتوکاڵیو نەبەکاری ئاژەڵداریش بێت بەڵام شوێنی جوگرافیو بوونی بەڕێژەوی بازرگانی نێوان وڵاتانی تر وای لێدەکات کە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی ئابوری بۆ دروست ببێت لەداهاتی باج و گومرگ. دیارە کوردستان نەبووەتە ڕێگای بازرگانی نێوان وڵاتانو نەیتوانیووە لەو ڕووەشەوە داهات کۆبکاتەوەو ئەو داهاتەش ببێتە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی ئابوری. لەئاکامیشدا ئەو ئابوورییە ببێتە بنەمایەك بۆ پەرەسەندنو گەشەکردنی ئابوری ناوخۆو لەوێشەوە بنەمای بازاڕی ناوخۆو ناوەندی ئابوری لەوڵاتدا پێك بێت.

دیارە کاتێ باسی دروستبوونی ناوەندی ئابوری دەکەین بەواتایەکی تر مەبەستمان دروستبوونی سەرمایەیە، هەندێ بۆچوون هەن کە پێیان وایە سەرمایەو دروستبوونی بازاڕی ناوخۆو بەو پێیەش دروستبوونی ناوەندی ئابوری لەژێر کاریگەری سەرهەڵدانی بازرگانیدا دروستبووە. لەکاتێکدا مێژووی سەرهەڵدانی بازرگانی کۆنەو لەمێژە هەر وڵاتە بەجۆرێك بازرگانی کردووە ئەگەر وڵاتێکی بەرهەم هێنەر بووبێت. بۆ نموونە ئەگەر کوردستان لەقۆناغی ژیانی خێڵیەتیو ژیانی کۆچەرێتیو گەرمیانو کوێستاندا بەرهەمێکی زۆری ئاژەڵداریو بەروبومەکانی ئاژەڵداری هەبوایە ئەوا لەڕێگای جۆرێك لەبازرگانیکردنەوە کورد یان خۆی ئەو بەرهەمانەی دەبردە دەرەوەو لەبەرامبەریدا پێداویستیەکانی تری خۆیی دەهێناو دەکرێ یان ئەو بەروبومانەی دەگۆڕیەوە بەپولو پارەو بەو پێیەش پولو پارە دەهاتە کوردستانەوەو تیایدا کۆدەبووەوە. یان دەشیا (بازرگانی) دەرەوە بۆ کڕینی ئەو بەرهەمانە بهاتایەتە کوردستانو لەبەرامبەر ئەو بەرهەمانەدا یان پولو پارە یان پێداویستیەکانی تری ژیانی خەڵکیان بهێنایە. لەهەردوو حاڵەتەکەدا کوردستان دەبوو بەبازاڕێك بۆ ئاڵوگۆڕکردن، بۆ ناردنە دەرەوەی بەرهەمی زیادو هێنانی بەرهەمی پێویست کە لەو سەوداو مامەڵەیەشدا جۆرێك لەچالاکی پیشەسازی دروست دەبوو جۆرێك لەبازاڕی ناوخۆی دروست دەکردو لە ئاکامی ئەوەشدا دەشیا لەلایەك عەقڵیەتی کۆکردنەوەی پارەو داهات لە کوردستاندا دروست ببوایە، لەلایەکی ترەوە عەقڵیەتی بەکارخستنی پارەو داهات دروست دەبوو. ئەوەی پارەو پولێکی هەبوایە هەوڵیدەدا پێداویستیەکانی ناوخۆ لەدەرەوە بەو پارەیە بهێنێتو لەناوەوە ساغی بکاتەوە کە ئەوەش بنەمای دروستبوونی عەقڵی بازرگانیو بەکارخستنی پارەو پولە، کە دەشیا ئەوە ڕێگا بۆ سەرهەڵدانی پیشەسازی خۆش بکردایەو لە ئاکامی ئەوەشدا بنەمای بازاڕی ناوخۆ دابنرایە کە ئەوەش هەنگاوێکی گرنگو سەرەتاییە بۆ دروستبوونی ناوەندی ئابوری لە کوردستاندا.

هەروەك لەقۆناغی خێڵایەتیو ژیانی ئاژەڵداریدا لەبەر کەمی بەرهەمی ئاژەڵداری ئەو جۆرە بازرگانیە دروست نەبووە، لەهەمان کاتدا لە قۆناغی ژیانی کشتوکاڵیو فیودیالیشدا دیسان لەبەر کەمی بەرهەمەکانی کشتوکاڵ لە کوردستاندا بازرگانی کردن بە بەرهەمەکانی کشتوکاڵەوە دروست نەبووە. هەتا لەم بوارەیانداو لەڕێگای ئەو بازرگانیەوە پارەو سەرمایە لە کوردستاندا کۆببوایەتەوەو ئەوەش ببوایەتە بنەمای دروستبوونی بازاڕی ناوخۆ. بەهەرحاڵ کوردستان لەهیچ قۆناغێکی دیاری مێژوودا نەبووە بەڕێگای بازرگانی نێوان دەوڵەتان، نەخۆیشی بووە بەوڵاتێکی بازرگانی، نەکۆمەڵگای کوردیش بووە بەکۆمەڵگایەکی بازرگانی هەتا لەسوودی بازرگانی پارەو سەرمایەیەکی زۆر لە کوردستاندا کۆببێتەوەو ئەو پارەو سەرمایەش ببێتە بنەمای دروستبوونی ئابوریو ناوەندی ئابوری لە کوردستاندا.

نەوت وەکو کۆسپێك لەبەردەم دروستبوونی ناوەندی ئابوری گوردیدا

راستە نەوت یەکێکە لە سەرچاوە هەرە گرنگەکانی ئابوریو هەر وڵاتێك ئەم سەرچاوەیەی هەبێت واتە یەکێك لەبنەماکانی دەوڵەمەند بوونو کۆبوونەوەی سەرمایەی هەیە. ئەگەرچی لەمێژووی نوێداو لەگەڵ دۆزینەوەی نەوتدا وڵاتانی دواکەوتووی

خاوەن تەوت دووچاری گەلێك كێشە بووبن لەژێر
فشاری دەوڵەتانی داگیركەرو خاوەن هێزدا. هاتنی
داگیركەرانی رۆژئاوا بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست
هەوڵدانیان بۆ داگیركردنی رۆدیەی تەو ناوچەو
هەرێمانەی كە كانگای تەوتن لەسەرەتای ئەم
سەدەیەدا ئاكامەكەی بەوە شكاوەتەوە كە رۆدیەی
ناوچە نەوتیەكان یەكونە ژێر سایەی دەسەڵاتی
داگیركەرانی رۆژئاوادە.

بەگوێرەی كوردستان تەوت تەك هەر بووە بەهۆی
داگیركردنی بەڵكو هۆكارێكی سەرەكیش بووە بۆ
دابەشكردنی لەدوای شەڕی یەكەمی جیهانیو
هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی، ئەویش لەو
رونگایەوە كە كوردستان وڵاتێكی نەوتیبەو لەبەر
ئەوە لەژێر كاریگەری دوو هۆكاردا دابەشكراوە.
یەكەمیان بۆ رازی كردنی دەوڵەتانی تازە
دروستكراوی ناوچەكەو بۆ ئەوەی بواری دروستبونی
تاكە ئیدارەیەك لە كوردستاندا نەبێت بەو پێیەش
تاكە ناوەندێكی ئابوری دروست نەبێت.

هێزوری دۆزینەوەی تەوت لە كوردستانو
ناوچەكەشدا ئەوەندە كۆن نیەو دەگەڕێتەوە بۆ
چارەكی یەكەمی ئەم سەدەیەو لەو سەردەمدا كە
چارێكی تر كوردستان دابەشكرابوو بەسەر دەوڵەتە
كۆنو تازە دروستكراوەكانی ناوچەكەدا. ئەگەر
بهاتبایەو كورد خۆی خاوەنی وڵاتی خۆیو خاوەنی
ئیدارەو بڕیاری خۆی بوایەو تەوت لەخزمەتی
پێداویستی وڵاتەدا بەكاربهێنرابایە ئەوا كوردستان دەبوو
بە یەكێك لە دەوڵەمەندترین و گەشەسەندوترین وڵات
لەرووی ئابوریەوەو دەشیا هەر ئەو بڕیارە
ئابوریەشی بەوایەتە رەسمیەكی لەبارو هەڵو
سەرجێ پەرەسەندنو پێشكەوتنی كۆمەڵایەتی
كوردی بەشێوەیەكی تەواو بەرەخساندایە.

بەڵام لەبەر ئەوەی لەلایەك كورد خۆی خاوەنی
وڵاتی خۆی نەبووەو خۆی بەڕێوە نەبردووەو
بەك ناوەندی بەكگرتووی دەسەڵات لە كوردستاندا
دروست نەبووە، داهاتی نەوتیش نەیتوانی كورد بووەتە
لە كوردستاندا كۆمۆنەوەو نەیتوانیوە بەبنەمایەك بۆ
پێكهێنانی ژێرخانی كۆمەڵایەتی كوردیو
نەزمیتەیەكی پتەو و بەهێزی دەوڵەمەندی
دروستكردووە. بەڵكو بەپێچەوانەوە تەوت هەر لەكەڵ
دۆزینەوەیدا لە كوردستاندا تەنانەت پێش

دەرهێنانیشی زیاتر كوردستانی كردۆتە جێی چاو
تێبڕینی دەوڵەتانی خاوەن دەسەڵاتی تەو كاتە
بەگشتیو بەرهێنانیش بەتایبەتی، لەلایەكی تردەوە
دەشێ بڵێین تەوت دەورێكی دیاری بینیوە لەشێوازی
دابەشكردنی دووەمی كوردستاندا كوردستان كە
بەشێكە لەووی ئیدارییەوە، ئەو ناوەندانەی ئەوان
هەرچی پەرەپێدانو داهاتو مادەی خاوپشە لە
كوردستانەوە بەدەو لای خۆیان كێشی دەكەن.
هەڵبەت تەوحی زاگرۆسی تەوتی كوردستان لەلایەن
ئەو ناوەندانەوە زیاتر رێگای خۆشكرد بۆ ئەوەی ئەو
ناوەندانە سەرچاوەكانی تری ئابوریش بەرەو لای
خۆیان رابكێشن. بەتایبەتی یەكێك لەو هۆكارە
سەرەكیانەی كە بوو بەهۆی ئەوەی كە ولایەتی
موسڵ بخرێتە سەر دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراق
نەوت بوو، بەتایبەتی بەرهێنانیا دەیویست عێراق كە
لەژێر ئیفتیدایی ئەودا بوو گەورەترین سەرچاوی
نەوتی هەبێت، دیارە فەرەنسایش تەوحی ئەوەی
هەبوو كە بەشێك لە سەرچاوە نەوتیەكانی سنووری
ولایەتی موسڵ یەكوبگرێتە سنووری سوریاوە كە لەژێر

ئینتیدابی ئەودا بوو. هەریەکە لە هاوپەیمانەکانی دوای جەنگی یەکەم دەیویست بەشێکی دیاری کراوی لەو رووبەرە فراوانەی ئاسیای ژێر سایەی دەسەلاتی پێشتری ئیمپراتۆری عوسمانی دەست بکەوێت کە ئەوەش هەموو ئەو ناوچانەی دەگرتەوە کە ئێستا عێراق پێکدێنێ. دەشیان ویست ئەو ناوچەیەی دەستیان دەگەوێت لەڕووی ئابوری‌و ستراتیژیەوە ناوچەیەکی گرنگ بێت[15] کە هەر ئەم تموحە بوو لەبنەڕەتدا ولایەتی موسڵی خستە سەر دەوڵەتی تازە دروستبووی عێراق‌و ناوچەکانی تری کوردستیانیشی بەش کرد. کە سەرچاوەی سەرەکی ئەو ئابورییەش کە باسی دەکرێت نەوت بوو. لێرەوە بەئاشکرا دەردەکەوێت کە نەوت دەورێکی کاریگەری هەبووە لەوەیدا کە کوردستان لەڕووی سیاسی‌و ئیداریەوە دابەش بکرێت، دیارە دابەشکردنی سیاسی‌و ئیداریش راستەوخۆ بووەتە هۆی دابەشکردنی سەرچاوەکانی ئابوری ئەم وڵاتە. کە لەڕاستیشدا هەموو دابەش بوونێك بەدژی دروستبوونی ناوەندی ئابوری‌و بازاڕی ناوخۆیە. بۆیە لێرەدا دەتوانین بڵێین ئەگەر تموحی نەوت‌و سەرچاوەکانی تری مادەی خاو نەبوایە رەنگە کوردستان لەدوای جەنگی یەکەم‌و هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆری عوسمانی نەبوایەتە جێگای چاو تێبڕینی دەوڵەتان‌و ئەنجام ئەوەندە ململانێی لەسەر دروست نەبوایەو بەو شێوەیە دابەش نەکرایە. خۆ ئەگەر بهاتبایەو کوردستان دابەش نەکرایە ئەوا سەرباری بۆشایی نەڕووی ئیداری‌و تەنانەت شارستانیشەوە ئەوا هێشتا دەشیا ئەو داهاتە کەمەی ئابوری‌و بەرهەم هێنانی کشتوکاڵ‌و ئاژەڵداری ببوایەتە بنەمایەك بۆ پێکهێنانی بازاڕی ناوخۆ لەئاکامیشدا سەرمایە لە کوردستاندا کۆببوایەتەوە‌و ناوەندی ئابوری پێکبهاتایەو بەو پێیەش ئابوری وەکو هێزی بزوێنەری مێژوو ببوایەتە فاکتەری جوڵە دروستکەرو پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی کوردی‌و لەوێوە لەسەر ئەو بنەمایە زەمینەی دروستبونی دەوڵەتی کوردی لەڕووی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیەوە پێکبهاتایە.

دیارە نەوت جگە لەوەی دەوری سەرەکی بینیووە لەدابەشکردنی کوردستانداو بەو پێیەش زەمینەخۆشکردن بۆ تێکشکاندنی بنەمای دروستبوونی ناوەندی ئابوری لە کوردستاندا، هەروەها بەگوێرەی وڵاتانی دواکەوتووی ناوچەکە بەگشتی‌و لەگەڵ ئەوانەشدا کوردستان داهاتی نەوت دەورێکی سەرەکی بینییووە لەشێواندنی گەشەی ئاسایی کۆمەڵگاکاندا، لەلایەك داهاتێکی زۆر کۆبۆتەوەو بەڵام لەلایەکی ترەوە ئاستی ژیانی کۆمەڵایەتی‌و پەرەسەندن و کۆمەڵایەتی زۆر لەدوا بووە، ئەوەش لەلایەك ئەو کۆمەڵگایانەی کردووە بەکۆمەڵگای تاڕادەیەك مشەخۆر، واتە بەبێ ئەوەی بەرهەمێکی ئەوتۆ بهێنن گەورەترین سامانیان بەسەردا کۆبۆتەوە. ئاستی پەرەسەندو گەشەی فیکری‌و عەقڵی‌و پێگەیشتنی هەست‌و هوشیاری نەتەوەیشیان لەو ئاستەدا نەبووە کە بتوانێت ئەو سامانە زۆرە لە بنیادنان‌و دروستکردنی وڵات‌و پرۆژەی زانستی‌و تەکنەلۆژیدا بەکار بهێنێت. بەمانایەکی تر لەم وڵاتانەدا سەرمایە کۆبۆتەوە (دیارە کوردستان لەبەر ئەوە دەوڵەتی خۆیی نەبووە شتێکیش نەبووە ناوی سەرمایەی کوردی بێت چونکە سەرمایەی نەوتی کوردستان تێکڕا چۆتە ناوەندی ئەو دەوڵەتانەی کە داگیریان کردووە، بەڵام ئەو چینە کۆمەڵایەتیەی کە خاوەندارێتی سەرمایە دەکات پێنەگەیشتووە. لەئاکامی ئەوەشدا سەرۆك خێڵەکان‌و شێخەکانی عەشیرەت بوونەتە خاوەنی ئەو سەرمایەو بەڕێوەیان بردووە، دیارە ئەوەش بارێکی نەگونجاو نادروستە کە عەقڵی خێڵ‌و ستراتیژی خێڵایەتی سەرمایەی قۆناغی تەکنۆلۆژیاو سەرمایەداری بەڕێوە ببات. لەکاتێکدا سەرمایەی لەو جۆرە بەرهەمی قۆناغی سەرمایەداری‌و ئیدارەی چینی بۆرژوای سەرمایەدارە کە ماهیەت‌و گەوهەری بوونی چینی بۆرژواش ناسیونالیزمە. دیارە عەقڵی خێڵ‌و ستراتیژی خێڵیش لەخوار سەرهەڵدانی ناسیونالیزمەوەیە‌و تەنیا ناسیونالیزم تموحی ئەوەی هەیە کە سەرمایەی نەتەوەیی بپارێزێت‌و بیخاتە کارەوە لەخزمەتی بەرژەوەندی نەتەوایەتیدا، بەڵام لەوڵاتانی دواکەوتووی خاوەن نەوتدا لەبەر ئەوەی ناسیونالیزم پێنەگەیشتووە دەبینین لەبری ئەوەی چینێکی کۆمەڵایەتی ئیدارەی ئەو ئابورییەو ژیانی کۆمەڵایەتی بکات شێخ یان سەرخێڵێك دەیکات کە باشترین نموونەش هەموو شێخ نشینە نەوتیەکانی دورگەی عەرەبە، دیارە وڵاتانی تری عەرەبیش کە پاش چەندین ساڵ ناسیونالیزمێکی شۆڤێنی باڵی بەسەردا کێشان هەر لەسەر هەمان بنەما دروست

بـــوون. لەبنەڕەتیشـــەوە دروســـتبوونی ئـــەو ناسیونالیزمە شۆڤینیەی عەرەب پەیوەندی بەبنەمای ئـابوری دروســتبوونیەوە هەیــە. لەبــەر ئــەوەی بەسروشــتیو لــە ئــەنجامی گەشــەی ئــابوریو پەرەســەندنی کۆمەلایــەتیدا دروســت نــەبووەو لەماوەیەکی زەمەنی کورتـدا ئـابوری نـەوت دروستی کردووە بۆیە لەبارێکی شلۆقو تووندڕەوایــەو سـیمای چینایەتی دیار نیەو تێکەلاوێکــە لــە ســەرجەم چـینو تویــژە کۆمەلایەتیــەکان کــە زۆربــەیان لــەو تێکەلاویوونــەدا بنــەماکانی چینایــەتی خۆیــان ون کردووە.

مەبەستمان لەم قسانە ئەوەیە کە چۆن ئـابوری نـەوت دەوری هــەبووە لەشــێواندنی پەرەســەندنی سروشـتی کۆمـەڵگادا دیـارە بەگوێرەی کورد لەبــەر ئەوەی ئەو داهاتــە نەوتیــە لای خۆی کۆنەبووەتــەوە مەسـەلەکە جیـاوازە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشدا لەبــەر ئەوەی کوردستان بەو وڵاتانــەوە لکێنـدراوە کـە ئـەو داهاتــە نەوتیــەیان لاکۆبۆتــەوەو هــەمان سیســتەمی سیاســـیو ئیـــداریو ئـــابوریش کوردســـتانی بــەڕێوەبردووە بۆیــە لەئاســتێکدا نــەوتو بەرهــەمی نــەوت هــەر دەوری هــەبووە لەشــێواندنی گەشــەی کۆمەڵایەتی کوردیشدا. بەتایبەتی لەو روانگەیەوە کە لــە ئاکامی دابەشبوونـدا کـە نـەوتیش وەکـو یــەکێك لـەهۆکارەکانی دابەشبوون سـەیر دەکرێـن. ئـابوری کوردسـتان بـەرەو چـوار نـاوەندی ئـابوری جیـاواز ڕاکێشرا ، نەهیچیان ناوەندی ئابوری کوردی بوونو نەهیچیشیان لەسـەر جوگرافیـای کوردسـتان بـوون. بێگومان ڕاکێشرانو گواستنەوەی ئابوری کوردسـتان بـۆ دەرەوەی سـنووری کوردسـتان لەڕاسـتیدا دژی پرۆسەی کۆبوونەوەی ئابوریو داهاتە لە کوردستاندا واتە لەپلەیەکی باڵاتردا ڕاکێشانی ئابوری کـوردی بـۆ دەرەوەی کوردسـتان دژی دروسـتبوونی نـاوەندی ئابوریو بازاڕی هاوبەشە لە کوردستاندا.

دیـارە داگیرکـەرانی کوردسـتانیش بەوردییـەوە هــەوڵیانداوە کــە کوردســتان نەبێتــە وڵاتێکــی پیشەسازی، هەر بۆ نموونە لەعێراقدا سەرجەم مـادە خاوەکانی ئاسنو شوشـەو نـەوت لـە کوردسـتانەوە گواستراونەتەوە بۆ سنووری عێراقی عەرەبیو کارگەو کارخانەکانی شوشەو ئاسنو بیترۆکیمیاوی کـە مـادە خاوەکەیان لە کوردستاندا بووە کـەچی ئـەم کارگـەو کارخانانە لـە بـەغداو ڕومـادیو بەسـرەو شـوێنەکانی تـری عـێراق دروسـتکراون، بـۆ ئـەوەی کوردسـتان نەبێتـە وڵاتێکـی پیشەسـازیو بنـەمای دروسـتبوونی بازاڕو ناوەندی ئابوری تێدا دروست نەبێت.

لە تەوەرەی یەکەمی ئەم باسەدا لەوە دواین کـە چۆن ناوەندی ئابوری لە کوردسـتاندا دروسـتنەبووە، هەروەها باسی دەوری ستراتیژی (تەنیا بەشی خۆم) مان لە شـێوازی بەرهـەم هێناندا لای کورد کـرد و لـەو هۆکارانەش دواین کـە بەربەسـت بـوون لـە ڕێگـەی دروسـتبوونی بـازاڕی نـاوخۆ و نـاوەندی ئـابوری کوردیـدا، بـەڵام زیـاتر گرنگیمـان بـە هۆکـارە ناوخۆییـەکان دا. لێرە بـەدواوە باسـی ڕۆڵـی لەبـەر ڕۆیشـتنی ئـابوری و لـە مێـژووی نوێشـدا باسـی کۆڵۆنیالکردنی ئابوری کوردی دەکەین، کـە ئـەم دوو لایەنەش لە گەوهەردا ناڕێکن لە یەکتری و هەمان مانـا و واتایـان هەیـە لـە ڕووی پیـادەکردن و دەرئەنجامەکانیانەوە.

مەبەست لە لەبەرڕۆیشتنی ئابوری چیـیە؟

مەبەست لە لەبەرڕۆیشتنی ئـابوری ئەوەیـە کـە بەرهـەم و داهـاتی ئـابوری وڵاتێـك یـان نەتـەوە و کۆمەڵگایەك هەر لەگەڵ بەرهەم هێنانیدا لە سنووری وڵاتـی خۆیـدا نەمێنێتـەوە و لەلایـەن وڵاتـان و دەوڵەتانی تـرەوە ئـەو ئـابوری و داهاتـە ئابوریـیـە ڕابکێشرێت و بگوازرێتەوە بۆ دەرەوەی سنووری ئەو وڵاتە خۆی کە بەرهەمەکەی لێهێنراوە و خودی وڵاتی بەرهـەم هێن هیچ کەڵك و سودێك لەو بەرهەم و داهاتە ئابوریە وەرنەگرێت.

بەمانایەکی تر لەبەر ڕۆیشـتنی ئـابوری کردارێکـە بە دژی کۆبوونەوەی ئـابوری و دروسـتبوونی بـازاڕی ناوخۆ وبەوپێیەش دژەکرداری دروستبوونی نـاوەندی ئابوریـیە لە وڵاتدا.

لە پرۆسەی لەبەرڕۆیشتنی ئابوریدا وڵاتـی بەرهـەم هێـن سـەرباری بەرهـەم هێنـان هیـچ داهـاتێکی تێـدا نامێنێتەوە بەڵکو هەر لەگەڵ بەرهەم هێناندا نەلایـەن دەرەوە ئـەو بەرهەمـە بـە ڕێگـای جۆراوجـۆر ڕادەکێشرێت. هۆی هەرە سەرەکی ئـەم پرۆسـەیەش

لەسەر بنەمای دووانەیەك دادەمەزرێت دووانەی (دەسەڵات/ بۆشایی) یان دووانەی (پێشکەوتن/ دواکەوتن)، یان دووانەی (شارستانی/ سەرەتایی‌بوون) و لە پشتی هەموو ئەمانەشەوە دەتوانین بڵێین دووانەی (ئامادەبوون/ ئامادەنەبوون) راوەستاوە. ئەو وڵات و کۆمەڵگا و نەتەوەیەی کە ئامادەبوونی هەیە لە ڕووی دەسەڵات و شارستانی و پێشکەوتنەوە دەتوانێت ئابووری ئەو کۆمەڵگایەی دراوسێی یان ئەو وڵاتەی دراوسێی بمژێت کە لەو بوارانەدا ئامادەبوونی نیە. ئەگەر وڵاتێك ئامادەبوونی هەبێت مانای وایە ناوەندی ئابووری هەیەو بەپێچەوانەشەوە وڵاتی نائامادە ناوەندی ئابووری نیە. دیارە ناوەندی ئابووریش توانای ئەوەی هەیە کە ئابووری لە هەموو ڕوبەڕێکی بێناوەندەوە بەرەو لای خۆی ڕابکێشێت، لەبەرۆشتنی ئابووریش لە کوردستاندا بەشێوەیەکی سروشتی بەرئەنجامی ئەو هاوکێشەیە. بوونی دەسەڵات و شارستانی و ئامادەبوون لە دەوروبەری کوردستان و نەبوونی لە کوردستاندا یان بەواتایەکی تر لەبەرۆشتنی ئابووری لە کوردستاندا دەرئەنجامی ئامادەبوونە لە وڵاتانی دەوربەری کوردستاندا و نامادەبوون لە کوردستاندا، یان دەرئەنجامی بوونی ناوەندی ئابوورییە لە وڵاتانی هاوسنووری کوردستان و نەبوونی لە کوردستاندا؛ لەبارەی لەبەرۆشتنی ئابووری کوردییەوە مەسعود محەمەد دەڵێت: بەدرێژایی چەند هەزار ساڵێك کوردستان کەوتۆتە نێوان سێ هێزی زلەوە. قەرمانڕەوایی ئێران و دەسەڵاتی بابل و ئاشوور و دەسەڵاتی ڕۆمەکان، ئەم سێ ناوچە زلەی دەسەڵات کە کوردستانیان گرتۆتە نێوان خۆیانەوە هەریەکەیان بەرووبووم و داهاتی کەرتێك لە کوردستانی گەورەیان بۆ خۆیان ڕاکێشاوە و مەودایان نەداوە ئەو داهاتە لە کوردستان بمێنێتەوە و بێ بەماکی بنیادنانی دەسەڵات و حوکمڕانی[16].

لەم وتەیەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە لەبەرۆشتنی ئابووری لە کوردستاندا مێژوویەکی کۆنی هەیە و هەر بەو پێیەش دەشێ بە یەکێك لەو هۆکارە سەرەکاینە دابنرێت کە لە دێر زەمانەوە سروشتی گەشەی کۆمەڵگای کوردیان شێواندوە و نەیان هێڵاوە کورد بە سروشتی قۆناغەکانی پەرەسەندنی خۆی ببڕێت و هەر هیچ نەبێت لە قۆناغی سەرهەڵدانی بۆرژوای نیشتمانیدا دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی دروست بکات.

لەو سەردەمەدا کە لە هەریەکە لە میزۆپۆتامیا و وڵاتی فارس و ڕۆم دا دەوڵەت هەبوو لە کوردستاندا دەوڵەت نەبوو، واتە کوردستان لە ڕووی ئیداری و سیاسیەوە وەکو بۆشاییەك وابووە، لەکاتێکدا کە دەسەڵاتی ئیداریش لە وڵاتێکدا بوونی نەبێت ئەوا دەسەڵاتەکانی دەوروبەر دەتوانن بە ئارەزووی خۆیان تۆڕەکانی دەسەڵاتیان هەڵبدەنە ئەو ناوچەو وڵاتەوە و چییان بوێت تیایدا ئەنجامی بدەن.

هەر بەم پێیە هەریەکە لەو دەسەڵاتانە، چییان ویستووە و چۆنیان ویستووە لە کوردستاندا ئەنجامیان داوە کە مژینی ئابووری کوردستان یەکێکە لەو کارە سەرەکیانەی کە ئەو دەوڵەت و دەسەڵاتانە چ بە نەخشە و پلان بووبێت یان لەخۆوە و بێ هیچ نەخشە و بەرنامەیەك ئەنجامیان داوە. مەبەست لە نەخشە و پلان ئەوەیە کە خودی ئەو دەوڵەتانە بەپێی نەخشەیەك کۆڵۆنی ئابووری کوردستانیان کردبێت یان بەبێ نەخشە و بەرنامە لەبەرئەوەی لەوێ دەوڵەت و دەسەڵات هەبووە، لەلایەك پێویستبوونی خەڵکی کوردستان بە بەرهەمە سادەکانی پیشەسازی ئەو سەردەمە لە ئامێرەکانی کشتوکاڵ و پۆشاك و ئاژەڵداری چ پێوویستی دەوڵەتەکان بە بەرهەمی کشتوکاڵ و ئاودێری و ئاژەڵداری وایکردووە کە سەرجەم بەرهەمەکانی ئابووری کوردستان لە بەرامبەر ئەو پێداویستیە ساکارانەی پیشەسازیدا بگوازرێتەوە بۆ بازاڕەکانی ئەو دەوڵەتانە و بە هیچ شێوەیەك بەرهەم لە ناوەوەی کوردستان کۆنەبێتەوە.

ئەم ئاڵوگۆڕەش کە زیاتر تیایدا دەوڵەتانی دەوروبەری کوردستان سوودیان وەرگرتووە هەر ئەوە نەبووە کە ئابووری لە کوردستاندا کۆنەبێتەوە و نەبێت بە زەمینەی مادی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی، بەڵکو لەگەڵ ئەمەش دا پشت بەستن بە بازاڕەکانی ئەوان وایکردووە کە کورد خۆی بیر لە دروستکردنی شتە سادە و ساکارەکانی بەرهەمی پیشەسازی سەرەتاییش نەکاتەوە کە زیاتر بریتی بوون لە پێداویستیەکانی کشتوکاڵ و ئاودێری و بەڵکو کورد لە حاڵەتێکدا بووە کە هەمیشە چاوی لەوەبێت کە ئەو پێداویستیانەی لە دەرەوە بۆ بێت. ئەمەش

لەئاکامدا بۆتە هۆی ئەوەی کە پیشەسازی لە کوردستاندا دەرنەکەوێت و بە زاراوەی ئابورییانە کوردستان لە رووی ئابوورییەوە ببێتە ولاتێکی پاشکۆ. کە لەگەڵ رۆیشتنی کاتدا ئەم پرۆسەیەش وایکردووە کە کۆمەڵگای کوردی تا رادەیەک ببێتە کۆمەڵگایەکی بەکارهێنەر نەک بەرهەم هێنەر لە رووی بنەماکانی پیشەسازییەوە کە ئەوەش کارگەرییەکی ئاشکرای لەسەر عەقڵ و هۆشی کورد هەبووە و وایلێکردووە بەردەوام چاوی لە ئەوانی ترەوە بێت و چاوەڕوانی بەرهەم و دروستکردنی ئەوانی تر بێت، ئەوەش لە ئاستی هەست و نەستی کورددا ئاسەوارێکی نێگەتیفی هەبووە و کردویەتی بە پاشکۆ و لەبەردەم چاوەڕوانی هەمیشەیدا رایگرتووە، چاوەڕوانی هەموو بڕیار بۆدانێك و هەموو جوڵە و ئاراستەجوڵەیەك کە دەشێ بۆی بدرێت یان لەبەری بگرێت.

ئەو هۆکارانەی کە رێگایان بۆ لەبەرڕۆیشتنی ئابووری کوردستان خۆشکردووە.

چەند هۆکارێك رێگایان بۆ لەبەرڕۆیشتنی ئابووری کوردستان خۆشکردوە، پێشتر ئاماژەمان بۆ بوونی دەسەلات لە دەورەبەری کوردستان و نەبوونی دەسەلاتی ئیداری و سیاسی لە کوردستاندا کرد[16]. بەڵام چەند هۆکارێکی تریش لەم بوارەدا دەوریان بینیووە لەوانەش تۆپۆگرافیای کوردستان و شوێنی دروستبوونی شار لە کوردستاندا و ناوچە کشتوکاڵییەکانی کودرستان و هەروەها هۆکارەکانی فەتح و داگیرکردنی کوردستان.

ئەگەر سەرنجی تۆپۆگرافیای کوردستان بدەین ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە کوردستان تۆپۆگرافیایەکی ناڕەباری هەیە.. وڵاتی کوردان بانێکی چیاییە و زۆربەی بەشەکانی رووت و بەردەڵانە، یان بە دارستان داپۆشراوە[17]. هەروەك مینۆرسکی دەڵێت بەشێوەیەکی گشتی ئەتوانین بڵێین کور.. و چیا لێك جیانابنەوە. هەر لەگەڵ دەشت دەستی پێکرد ئیتر کوردەکان بەجێی دێڵن بۆ عەرەب و تورك، تا نزیك دەریاچەی واتنیش بۆ ئەرمەنەکان[18]. مارتن ڤان برۆنستیش دەڵێت: ناوەندی کوردستان لە چیای سەخت و یاخی دەست پێنەگەیشتوو پێکهاتووە[19]. هەروەها تۆمابوا دەڵێت: کوردستان بریتییە لە بەشی سەرەکی ئەو ناوچە چیاییەی کە دەکەوێتە نێوان دەریای رەش و دەشتەکانی مزۆپۆتامیاوە لەلایەکەوە و چیای تۆرۆس و دەشتی ئیرانی لەلاکەی ترەوە[20]. هەروەها خالفین دەڵێت: کوردستان وڵاتێکی شاخاویە کە ناوەندەکانی چیاکانی (کوردستان) داگیریان کردووە[21].

هەموو ئەم وتانە دەریدەخەن کە تۆپۆگرافیای کوردستان سەرجەم لە چیاو بان و هەردو شێو و دۆڵی قوڵ و دەشتی تەسك پێکهاتووە کە هەموو ئەمانەش لەلایەك بۆ کشتوکاڵ و ئاودێری و ئاژەڵداری گونجاوترین و بەرهەمێکی زۆریان تیدایدا بەرهەم ناهێنرێت.

لەلایەکی ترەوە لە تۆپۆگرافیایەکی وەها ناڕەبارەدا نە بواری شار دروستبوون بە باشی هەیە نە بواری دروستبوونی ناوەندی دەسەلات و ناوەندی ئابووری، بەتایبەتی لەکاتێکدا ناوەندی کوردستان وەکو قەڵایەك وەهایە و بەشی زۆری سەخت و دژوارە و لە رووی دیموگارفیەوە رێژەیەکی کەمی دانیشتوان دەکەونە ناوەندی کوردستانەوە و بەپێچەوانەوە لەبەرئەوەی سنورەکانی کوردستان بەهۆی بوونی دەشتی زیاتر و زەوی کشتوکاڵی لەبارترەوە بوونەتە جێگای نیشتەجێبوون و شارە دیارەکانی کوردستان بەرێژەیەکی ئاشکرا کەوتوونەتە هێڵی سنوورییەوە و هەم بەرهەم هێنان بە رێژەیەکی زیاتر لەو سنوورانەدا یان لە نزیك سنوورەکانی کۆدەبێتەوە و لەبەرئەوەش هێزێك نیە ئەو بەرهەمانە بەرەو ناوەندی کوردستان ڕابکێشێت بۆیە هێزەکانی دەرەوەی کوردستان ئەو داهات و بەرهەمە ئابوریانە بەرەو لای خۆیان کێش دەکەن و بەئاسانی رایان دەکێشنە دەرەوەی سنووری کوردستان، ئەمەش زیاتر پرۆسەی لەبەرڕۆیشتنی ئابوری بردو پێدەدات کە پرۆسەیەکە بە دژی مانەوەی ئابوریەیە لە کوردستاندا و هەر بەوپێیەش دژی دروستبوونی ناوەندی ئابوریە لە کوردستاندا.

لەپاڵ ئەم هێزی کێشکردنەی دەرەودا شێوازی سروشتی لێژی زەوی کوردستان لە رووی تۆپۆگرافیاوە بە ئاراستەی دەرەوە هۆکارێکی تری

یارمەتیدەرە بۆئەوەی داهات و بەرهەمی ئابوری نەتوانرێت لە دەشتەکانی نزیك سنوورەکانەوە بگوازرێتەوە بۆ ناوەندی کوردستان لەکاتێکدا نە رێگاوبانی گواستنەوە لە مێژەوە بۆ ئێستا وەها ئاسان نەبووە، نە ناوەندی کوردستانیش ئەو هێزی کێشکردنەی هەبووە. نە ناوەندی کوردستانیش لە رێگایەکی رێکخراو و بەرنامە بۆ داڕێژراوەوە بە ولاتانی دەرەوەوە بەستراوە هەتا ئەو بەرهەمانەی لە رێگای بازرگانیەوە بگوازرێتەوە، نە لە خودی ئەو ناوەندەشدا توانای سەرف کردنی ئەو بەرهەمە هەبووە لەبەر لاوازی دیمۆگرافی لە ناوەندی کوردستاندا، نە بازاڕی ناوخۆش لە ناوەندی کوردستاندا دروستبووە بۆ کۆکردنەوە و بەکارخستن و بەکاربردنی ئەو بەرهەمانە، نە پیشەسازیش هەبووە هەتا بەرهەمە سەرەتاییەکان و مادە خامەکان بەکاربهێنێت. لەبەر ئەم هۆیانە داهات و بەرهەمی ئابوری کوردستان بە ئاڕاستەی سنوورەکان جوڵاوە و، لەوێشەوە هێزی دەسەڵات و ناوندی ئابورییەکانی دەوروبەر کێشیکردووە و لە کوردستاندا نەماوەتەوە هەتا ببێت بە ماك و بنەمای دروستبوونی دەسەڵات.

دیارە ئەم پرۆسەی راکێشانی ئابوری کوردستان لە دێر زەمانەوە بەردەوام بووە و هەروەك مەسعود محەمەد دەڵێت لەسەردەمی رۆم و بابلی و ئاشوری و ساسانیەکاندا پرۆسەی راکێشانی ئابوری کوردستان لە شێوە و شێوازێکی تردا ئەنجام دراون.

لە قۆناغی فەتحی ئیسلامی و دەسەڵاتکردنی سوپای ئیسلام بەسەر کوردستاندا دیسان چەند هۆکارێك رێگایان لە کۆبوونەوەی ئابوری لە کوردستاندا گرتوە و بواریان نەداوە ناوەندی ئابوری تێدا دروست ببێت. ئەوە شتێکی ئاشکرایە سوپای هەر دەوڵەت و ولاتێکی بێگانە بچێتە ولاتێکی تر‌ەوە لە قۆناغی یەکەمدا لەگەڵ دەسەڵاتکردنی سەربازیدا هەوڵدەدات دەسەڵاتی ئابوری و ئیداریش بگرێتە دەست چونکە رۆحی بزوێنەر و بنەمای بژێوی ئابورییە ئەگەر ئەو سوپایە توانی سەرچاوەی ئابوری بگرێتە دەست و بیخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە مانای وایە یەکێك لە بنەما سەرەکیەکانی بە پاشکۆکردنی ئەو ولاتەی مسۆگەر کردووە. بە هەمان شێوە لە پرۆسەی فەتحدا کە سوپای ئیسلام گەیشتۆتە کوردستان یەکێك لەو چەکە زۆر بەهێزانەی کە بە دەستیەوە بووە بۆ ناچارکردنی کورد بۆ وەرگرتن و پەسەندکردنی پەیامەکە و قبوڵکردنی دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامی چەکی ئابوری بووە. واتە دەوڵەتی ئیسلامی لە رێگای جۆرە فشارێکی ئابورییەوە کە ئەویش بریتیبووە لە جزیە و بەتاییەتی لەسەر ئەو کەسانە دانراوە کە نەبوون بە ئیسلام بەشێك لە ئابوری کوردستانی گواستۆتەوە بۆ ناوەندی دەسەڵاتی دەوڵەت کە سەرەتا لە دوورگەی عەرەبی و دواتریش لە عێراقی عەرەبدا بووە، واتە بەشێك لە ئابوری کوردستان گواستراوەتەوە بۆ (بیت المال). ئەمە سەرباری باج و خەراج کە سەرجەم خەڵکی گرتۆتەوە.

بەهەرحاڵ ئەوەی ئاشکرایە کوردستان لە سەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب دا فەتح کرا، واتە لەوساتەوە خەراج و جزیە لە کوردستان سەندراوە و دەوڵەتی ئیسلامی وەریگرتبووە، دیارە لەپێش ئەو مێژووەشدا خەراج هەر وەرگیراوە بەتاییەتی لە سەردەمی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی ساسانیدا یەکێك لە سەرچاوەکانی داهاتی دەوڵەت خەراج بووە، کە هاوشێوەی ساسانیەکان دەوڵەتانی تری دەسەڵاتدار بەسەر کوردستاندا بەشێوەی جیاجیا خەراجیان لەم ولاتە سەندووە و بەوەش بەشێك لە ئابوری کوردستانیان بەرەولای خۆیان راکێشاوە.

لە سەردەمی فەرمانڕەوایی خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب دا کوردستان فەتح کرا رێژەی خەراج زۆر بەرزبۆتەوە بەتاییەتی هەر لەو سەروەختەدا عێراقی عەرەبی و میسریش فەتح کران وپانتاییەکی جوگرافیای زۆر کەوتە ژێر سایەی قەڵەمڕەوی دەوڵەتەوە کە دەبوو خەراج بدەن بۆ زەویەکانیان، ئەمە سەرباری ئەوەی سیاسەتی ئیداری و ئابوری دەوڵەتی ئیسلامی سەرچاوەیەکی زۆر بەهێزی تری ئابوری دۆزییەوە ئەویش سەرچاوەی (جزیە) بوو کە سەرچاوەی بنەڕەتی جزیەش دیسان لای ساسانیەکانەوە هاتووە. قاسم حسین عەزیز دەڵێت: جزیە جۆرە پارە سەندنێك بوو کە ساسانیەکان دروستیان کرد و لە هەموو خەڵکیان سەندووە جگە لە بنەماڵەی خۆیان[٢٢]. دەوڵەتی ئیسلامیش هەمان سیاسەتی ئابوری لەبەرگرت، بەڵام جیاوازییەکە

ئەوەبوو کە جزیە لەسەردەمی خەلیفە عومەردا لە هەموو ئەو کەسانە دەسەندرا کە لەسەر ئاینی خۆیان دا دەمانەوە و نەدەبوون بە ئیسلام بەتایبەتیش فەلە و جوو هەروەها زەردەشتی و هەموو خاوەن پەیامەکانی تریش.

دیارە ئەوە ئاشرایە کە لە کوردستاندا خەڵکێکی زۆر بوون بە ئیسلام بەڵام بەشێکی زۆریش لە جووڵەکە و فەلە و زەردەشتی و.. مانەوە و دەبوو جزیە بدەن لە بەرامبەر ئەوەدا کە لە سایەی ئیسلامدا ئازادی ژیانیان پێدرابوو، سەروماڵیان دەپارێزرا، دیارە ئەو جزیەش بڕێکی زۆر بووە و سەرجەم گواستراوەتەوە بۆ دەروەی سنووری کوردستان واتە بۆ (بیت المال). هەر لە سەردەمی خەلیفە عورمەدا بە گوتەی حسین مروە بڕی ئەو جزیەی کە لە نامسوڵمانەکانی عێراق وەرگیراوە سەد ملیۆن درهەمی زیو بووە[٢٣]. دیارە ئێمە بڕی ئەو جزیەمان لا نیە کە لە نامسوڵمانانی کوردستان وەرگیراوە ئەویش لەبەرئەوەی مێژوونووسانی عەرەب و ئیسلام کە لەو مەسەلەی دواون لە هیچ قۆناغێکدا دانیان بەوەدا نەناوە کە وڵاتێك هەیە ناوی (کوردستان)ە هەتا سەرژمێری بۆ بکەن و زانیاری سەربەخۆی لەبارەوە تۆماربکەن.

بەهەرحاڵ هەر لەوکاتەوە بڕێکی زۆر لە درامەتی کوردستان لە ڕێگای جزیەوە و بڕێکی زۆریش لە داهات لە ڕێگای خەراجەوە گواستراونەتەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت بۆ دوورگەی عەرەبی یان بۆ بەغدا و سامراء دواتریش بۆ پایتەختی سەفەوی و عوسمانیەکان کە سەرجەم ئەو پرۆسەی گواستنەوەش بریتیبوون لە گواستنەوەی ئابوری لە کوردستانەوە بۆ دەرەوەی کوردستان کە ئەوەش بۆتە کۆسپی بەردەم کۆبوونەوەی ئابوری لە کوردستاندا و هەر بەو پێیەش بۆتە ڕێگر لەبەردەم دروستبوونی ناوەندی ئابوری و دروستبوونی بازاڕی هاوبش لەم وڵاتەدا.

هەر لە سەروەختی گەیشتنی سوپای ئسیلام بە کوردستان بە سەرۆکایەتی ئەبو عوبەیدەی کوڕی جەراح ئەگەرچی مەبەستی بە ئیسلامی کردنی کورد لە پلەی یەکەمدا بووە بەڵام مەبەستی ئابوریش تەواوکەری مەبەستی یەکەم بووە و یەکێك بووە لە بزوێنەرەکانی پرۆسەی فەتح.

دوای فەتحی شام ئەبوعوبەیدە نامەیەکی بۆ خەلیفە عومەر نووسی کە ئایا بەرەو فەتح کردنی عیلات و خێڵانی کوردەکانی چیا بڕوات یان نا[٢٤]. عومر لە وەڵامدا بۆی نووسی: داوا لە (کوردەکان) بکەن یان مسوڵمان بن و پەیڕەوی ئاینی ئیسلام بکەن یان سەرانە بدەن ئەگەر ئەم مەرجانەیان پەسەند نەکرد ئەنجا جارێ شەڕیان لەگەڵ بدەن[٢٥].

هەر لەبارەی ئامانجی ئابوریی پرۆسەی فەتحەوە دکتۆر عەبدولعەزیز ئەلدوری دەڵێت: فەتح ڕێگایەك بوو بۆ عەرەب هەتا ژیانێکی باشتری لێوە بەدەست بهێنن[٢٦]. هەندێ بۆچوونی تریش هەن کە پێیان وایە عەرەب لە ڕێگای پرۆسەی فەتحەوە لە نیمچە دوورگەی عەرەب چونە دەرەوە و لە برسێتی ڕزگاریان بوو. ئەم وتانەش ئەوە دەسەلمێنن کە عەرەب و دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامی لە ڕێگای پرۆسەی فەتحەوە بەشێکی زۆر لە ئابوری وڵاتانی بەر فەتح کەوتوویان بۆ خۆیان ڕاکێشاوە و بردووە و گواستوویانەتەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت کە ئەویش بەگوێرەی کورد هەمیشە لە دەرەوەی سنووری جوگرافیای وڵاتەکەی ئەمدا بووە، واتە بەشێك لە ئابوری کوردستان گواستراوەتەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت لە دەرەوەی کوردستان ئەمەش هۆیەکی سەرەکی بووە بۆ ئەوەی ئابوری لە کوردستاندا کەڵەکە نەبێت یان بە واتایەکی تر لە دەرەوە کێش بکرێت، ئەوەش پێچەوانەی کۆبوونەوەی ئابوری و دروستبوونی ناوەندی ئابوریە لە کوردستاندا.

جگە لە گواستنەوەی بەشێکی ئابوری کوردستان بۆ خەزێنەی دەوڵەتی ئیسلامی لە ڕێگای جزیە و باج و خەراج و زەکاتەوە. هەر لەگەڵ بڵاوبونەوەی ئایینی ئیسلام لە کوردستاندا لەو شوێنانەی چەندین پارچە زەوی کشتوکاڵی و کانی و کاریز و سەرچاوە و باخ و لەوەڕگا کران بە وەقفی مزگەوتەکان کە داهاتی ئەمانەش بەشێوەیەکی گشتی دەگواسترایەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەتی ئیسلامی واتە لە کوردستان دوور دەخرانەوە، ئەم حاڵەتەش بۆ ماوەی دوورودرێژ بەردەوام بووە. جێگای خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە یەکێك لە هۆیەکانی بزوتنەوە نەیارەکانی دەوڵەتی ئیسلامی کە ڕۆڕبەی ئەو بزوتنەوانەش لە سەردەمی عەباسیەکاندا

هۆکاری ئابووری بووە چونکە دەوڵەت بە جۆرێک فشاری باج و خەراج و جزیەی خستۆتە سەر خەڵک کە زۆربەی خەڵک پێیان هەڵنەسووڕاوە. ئەنجامی ئەوەش راپەڕینی لێکەوتۆتەوە. یەکێک لەو بزوتنەوانەی کە بەشێکی لەسەر خاکی کورد بووە و کورد تیایدا بەشداربووە بزوتنەوەی بابەکی[٢٧] یە لەوانەشی تیایدا بەشداربوون عیسمەتی کوردی و میری چەند خێڵێکی کولان لە ئازەربایجان[٢٨]. کە رێژەی بەرزی باج و خەراج وایلێکردون رابپەڕن، واتە ئەو راپەڕینانە بەمەبەستی نەدانی باج و خەراج و جزیە بوون. لە ئاستێکی تردا دەتوانین بڵێین ئەو راپەڕینانە بەو مەبەستە ئەنجام دراون کە ئابووری ئەو ناوچانە کە ئێمە لێرەدا مەبەستمان وڵاتی کوردە نەگواستۆتەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەتی ئیسلامی، بەڵکو لە سنووری وڵات خۆیدا بمێنێتەوە، بەڵام دەوڵەتی ئیسلام دەست بەرداری ئەو داهاتە نەبووە و هەوڵیداوە بە هەرجۆرێك بێت بگوازرێتەوە ناوەندی دەسەڵاتی خۆی کە ئەوەش بنەمای کۆڵۆنیالیکردنی ئابووری هەیە، ئەگەرچی بۆ ئەو سەردەمە زاراوەی کۆڵۆنیالیکردن و بەو شێوەیە دەرنەکەوتووە.

لە دوای روخاندنی دەوڵەتی عەباسی و گواستنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامی بۆ دەستی تورکە عوسمانییەکان و پاشانیش بالادەستبوونی دەوڵەتی سەفەوی بۆ بەشێك لە دنیای ئیسلام ئەمجارەیان ئابووری کوردی لەجیاتی ئەوەی بەرەو بەغدا کێش بکرێت بە دوو ئاڕاستەی جیاواز کێش دەکرا. بەشێکی بە ئاڕاستەی ئەستەمبوڵ واتە پایتەختی ئیمپراتۆری عوسمانی ئیسلامی و بەشەکەی تریشی بە ئاڕاستەی پایتەختی ئیمپراتۆری سەفەوی لە ئێران. دیارە سەرباری ناکۆکی نێوان ئەو دوو ئیمپراتۆرە هێشتا لەسەر دابەشکردنی کوردستان لەنێوان خۆیاندا کۆك بوون و هەر لەم قۆناغەدا جگە لە دەسەڵاتی لاوازی ناوچەیی دەسەڵاتێکی ئیداری بەهێز لە کوردستاندا دروست نەبوو هەتا بتوانێت ئابووری کوردستان بە ئاڕاستەی خۆی کێش بکات و لە سنووری کوردستاندا ناوەندی ئابووری دروست ببێت.

سەرباری بوونی چەند هێرشێنێکی لاواز لە کوردستاندا دەسەڵاتی ئابووری و بڕیاری ئابووری هەر لە دەستی ئەو دوو ئیمپراتۆرەدا بووە و هەرچۆن ناوەندی ئابووری لە کوردستان دروست نەبووە بە هەمان شێوە ناوەندی بڕیاری ئابوریش دروست نەبووە، بۆ نموونە بابی عالی بە ئارەزووی خۆی بۆ هەرکەس مەبەستی بووبێت زەوی کوردستانی تاپۆکردووە و بە ئارەزووی خۆی زەوی بەخشیوە یان کردوویەتی بە ملکی دەوڵەت و بە وەقفی مزگەوت و بنەماڵە دیارەکان کە ئەمانەش ناڕاستەوخۆ چوونەتەوە خەزێنەی دەوڵەت و بەشێوەیەکی گشتی لە کوردستان چوونەتە دەرەوە.

سەفەویەکانیش سیاسەتێکی هاوشێوەی عوسمانیەکانیان هەبووە و بە هەرجۆرێ بۆیان لوابێت هەوڵیان داوە ئابووری کوردستانی ژێر سایەی قەڵەمڕەوی خۆیان بگوازنەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەتی خۆیان کە ئەویش لە دەرەوەی کوردستاندا بووە ئەوەش وایکردووە کە هیچ ناوەندێکی ئابووری لە کوردستاندا دروست نەبێت.

بێگومان داگیرکەرە نوێیەکانی کوردستانیش وەکو پێشتر ئامازەمان بۆ کرد بە هەموو شێوەیەك هەوڵیانداوە ئابووری کوردستان چ ئابووری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری چ مادە خاوەکان و تەنانەت (ئاو) یش لە کوردستانەوە بگوازنەوە بۆ ژێر سایەی دەسەڵاتی راستەوخۆی خۆیان و بۆ نێو جوگرافیای نەتەوەیی خۆیان بەو مەبەستەی کە ڕێگای دروستبوونی ناوەندی ئابووری و بازاڕی هاوبەش لە کوردستاندا نەدەن چونکە لەوە بەئاگان کە دروستبوونی ناوەندی ئابووری و بازاڕی ناوخۆ و بازاڕی هاوبەش لە کوردستاندا دەبێتە هێزێك کە چەقی ڕاکێشان و کۆکردنەوە و یەکخستنی کورد دروست دەکات و بێگومان ئاکامی ئەو کۆبوونەوە و یەکگرتن و یەکبوونەش هێزێکی ئەوتۆی لێدروست دەبێت کە بتوانێت زەمینەی دروستبوونی و بە بکەربوونی، کورد بڕەخسێنێت.

ئەنجام

لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە تاکو ئێستا ئابووری لە کوردستاندا بەو ئەندازەیە کۆنەبۆتەوە کە ببێتە ماکی پێکهێنانی ژێرخانێکی ئەوتۆ کە هەم دەوری بزوێنەری هێزو

ببینێت لەم کۆمەڵگایەدا و هەم ببێتە بنەمای پێکهێنانی سەرخانێکی کۆمەڵایەتی پێگەیشتوو. هەروەها دەوری خۆی ببینێت لە ڕێکخستنی بنەماو زەمینەی پێکهاتنی‌توێژ و چینە کۆمەڵایەتیەکاندا و قۆناغەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی تەواو و پێگەیشتوانە خاڵڕێژ بکات و لە ئاستێکی ئەوتۆدا بێت پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی بەرهەم هێنان بەتەواوی ڕێك بخات و سیستەمە کۆمەڵایەتیەکانی بەڕێوەبردن بە هەموو خاسێتەکانیەوە بنیاد بنێت. بێگومان ناوەندی ئابوری دەبێ وەکو ناوەند بێتە بنەمای بەرهەم هێنانی جوڵە و ڕەوتی سروشتی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و لەو ئاقارەدا ئابوری وەکو فاکتەرێك دەبێتە بزوێنەری مێژوو چ لە گەیاندنی کۆمەڵدا بە ئاستی پێکهێنانی دەوڵەت چ لە بزواندنی کۆمەڵدا بۆ بنیادنانی شارستانی و بەرهەم هێنانی شارستانی.

دیارە هەر کۆنەبوونەوەی ئابوری لە کوردستاندا و دروست نەبوونی ناوەندی ئابوری هۆی سەرەکی پێکنەهاتنی بازاڕی ناوخۆ یان بازاڕی هاوبەشە و بەو پێیەش ئابوری نەیتوانیووە ببێتە بنەمای سەرەکی ململانێی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای کوردیدا، یان بە واتایەکی تر ئابوری نەگەیشتۆتە ئەو ئاستە کە پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان کۆنترۆڵی هەموو ململانێی و ناکۆکیە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگای خێڵایەتی کوردی بکات و لەنێو ململانێیەکی بەرباڵوتردا بیان تونێنێتەوە کە ئەویش ململانێی چینایەتیە. کە لەو ململانێیەشدا چینی باڵادەست دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەموو کۆمەڵدا بکات و دەسەڵاتی چینایەتی خۆی دروست بکات کە ئاسایی ئەو دەسەڵاتەش لە شێوەی دامەزراوی دەوڵەتدا دەبێت.

واتایەکی تر دروست نەبوونی ناوەندی ئابوری بۆتە هۆی ئەوەی کە فاکتەری ئابوری نەتوانێت ببێتە بزوێنەری مێژوو لە کۆمەڵگای کوردیدا و لەئاکامدا کورد بگەیەنێتە قۆناغی دروستکردنی دەوڵەت. هەر هیچ نەبێت لە سەروەختی دەرکەوتنی چینی بۆرژوا سەرهەڵدانی هەستی نەتەوایەتیدا. بە مانایەکی تر دەتوانین بڵێین لە ئەنجامی کۆنەبوونەوەی ئابوری لە کوردستاندا و دروست نەبوونی ناوەندی ئابوری کوردی هەست و هوشیاری نەتەوەیی کوردی بە سروشتی نەخەملاوە چونکە چینی بۆرژوا کە هەڵگری پەیامی نەتەوایەتیە نە بە سروشتی و تەواوی پێکهاتووە، نە توانیوویەتی هەڵگری خاسێت و سیفاتە چینایەتیەکانی خۆی بێ کە ئەرکە نەتەوەیەکان لە ڕاستیدا لە ئەستۆی ئەودایە.

لێرەوە دەتوانین دروست نەبوونی ناوەندی ئابوری لە کوردستاندا بە یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکانی بەردەم دروست بوونی دەوڵەتی کوردی دابنێین و ناسروشتی ناسیونالیزمی کوردیش کە تاکو ئێستاش ناتوێت هەڵگری بەرنامی دەوڵەت و دروست کردنی دەوڵەتی کوردی بێت دەگەڕێتەوە بۆ باری شێواو و ناسروشتی پێکهاتنی ئەو ناسیونالیزمە لەژێر کاریگەری پەرەسەندنی ناسروشتی کۆمەڵگای کوردیدا کە ئەویش دەرئەنجامی لاوازی و حاڵەتی ناسروشتی بەرهەم هێنان و کۆنەبوونەوەی ئابوری و دروست نەبوونی ناوەندی ئابوری کوردیە لەگەڵ نەبونی ئابوری بە فاکتەری بزوێنەری مێژوو لەم کۆمەڵگایەدا.

دیارە ئەو هۆکارانەشدا خستەڕوو کە دەوریان بینیووە سە لەباربردنی ناوەندی ئابوری لە کوردستاندا. کە ئەوانیش بریتی بوون لە سروشتی بەرهەم هێنانی لاواز و ئیکتیفای زاتی و لەبەڕێشتنی ئابوری و ڕۆڵی داگیرکردنی کوردستان لە دێر زەمانەوە تاکو ئێستا.. کە سەرجەم ئەم هۆکارانە بنەمای پێکهاتنی ناوەندی ئابوری کوردستانیان لەباربردووە و بەو پێیەش ڕێگایان نەداوە کە زەمینەی پێکهاتنی دەوڵەتی کوردی بڕەخسێت. بە

سەرچاوەکان:

١) الدكتور محمد عابد الجابری — العصبية والدولة — دار الشؤون الثقافة العامة — بغداد ص ٢٥٢.

٢) نفس المصدر ص ٢٥٣.

٣) الدكتور سمير امين — التطور اللامتكافيء — ترجمة: برهان غيلون — الطبعة الثانية ص ٢٥.

٤) ابن خلدون — المقدمة — دار الجيل — ص ٤٦.

٥) شەرەفخانەی بەدلیسی — شەرەفنامە — وەرگێڕی هەژار — ل ٣٧.

٦) هەمان سەرچاوە — لاپەڕە ٩٨.

٧) سي . جي – ادمونز – كورد و ترك و عرب – ترجمة جرجيس فتح الله – الطبعة الثانية اربيل ١٩٩٩ ص ٢٣.

٨) شەرەفخانی یەدلیسی – شەرەفنامە – ل ٣٨.

٩) أ شاميلوف – حول مسالة الاقطاع بين الكرد – ترجمة الدكتور كمال مظهر احمد – الطبعة الثانية – بغداد – ١٩٨٤ – ص ٤٤.

١٠) نفس المصدر ص ٤٤.

١١) الدكتور محمد عايد الجابري – العصبية والدولة – ص ٢٢٠.

١٢) عەتا قەرەداخی – خێڵایەتی کوردی و ئاستەنگەکانی بەردەم دروستبوونی فیودراسیۆن – گۆڤاری گەلاوێژی ژمارە ١٥) ساڵی ١٩٩٩.

١٣) الدكتور سيمر امين – التطور اللامتكافيء – ص ١٣.

١٤) نفس المصدر ص ١٣.

١٥) Edith and E.F.Penrase – Iraq – International Relation and National Devalo ment – London 0 1978 . pp. 32-33.

١٦) مەسعود محەمەد – حاجی قادری کۆیی.

١٧) David Adamson. The Kurdish War – London – 1946. P.15.

١٨) مینۆرسکی – کورد – وەرگێڕانی: حەمەسەعید حەمەکەریم – بەغدا– ١٩٨٤ – ل ٣٣.

١٩) Martin Van Bruinessen- Agha, Shaikh and State. Zedbooks- 1992- p.11.

٢٠) لۆسیان رامو (توماتوا) – الكرد والحقد – ترجمة – عزيز عبدالله نباتي – اربيل ١٩٩٨ – ص ٢٥.

٢١) ن. أ. خالفين – الصراع على كردستان – ترجمة – الدكتور أحمد عثمان ابوبكر. بغداد – ١٩٦٣– ص ١٢.

٢٢) الدكتور قاسم حسين عزيز – البابلية – دار الفارابي – بيروت – ص٧٩.

٢٣) د.حسين مروة– النزعات المادية في الاسلام – الجزء الاول– ص ٤١٨.

٢٤) وڵاتگیری رەشەخەڵکی عێراق – وەرگێڕانی مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی – سلێمانی ١٩٩٧ – ل ١٦.

٢٥) هەمان سەرچاوەی پێشوو – ل ١٦.

٢٦) الدكتور عبدالعزيز الدوری – الجذور التأريخية للقومية العربية – بيروت دار العلمية للملايين – ١٩٦٠ ص ١٦.

٢٧) عەتا قەرەداخی – بزوتنەوەی بابەکی و پەیوەندی بە کوردەوە – گۆڤاری بەیان – ژمارە (١) ی هاوینی ١٩٩٧.

٢٨) احمد بن ابی يعقوب بن جعفر – تأريخ اليعقوبي – الجزء الثالث ص ٢٠٧.

لە شوێنێکدا، لەوێ

میلان کۆندێرا
و/ ئاوات ئەحمەد

شاعیرەکان هۆنراوە دانەهێنن
هۆنراوە لە شوێنێکدایە، لەوێ
ماوەیەکی زۆر دوێنێ، لەوێیە
شاعیر هیچ ناکات هێندە نەبێ دەربخات
ژان سکاسیل

(١)

جۆزێف سکفۆرسکی هاوڕێم لە یەکێک لە کتێبەکانیدا ئەم چیرۆکە راستەقینەیە دەگێڕێتەوە:


ئەندازیارێکی خەڵکی پراگ بانگ کرا بۆ کۆڕێکی زانستیی لە لەندەن. ئەویش چوو، بەشداریی لە دانیشتەکاندا کردو پاشان گەڕایەوە بۆ پراگ. دوای چەند سەعاتێك لە گەڕانەوەی، لە ئۆفیسەکەی خۆیدا دەستی دایە ڕۆژنامەی (ڕۆدبرافۆ) – کە ڕۆژنامەی ڕەسمیی حیزب بوو–، نوسرابوو: ئەندازیارێکی چیکی نێردرابوو بۆ بەشداریی بکات، لەوێ لەبەردەمی ڕۆژنامەگەریی خۆئاوادا جنێوی‌دا بە نیشتمانە سوسیالیستەکەی خۆی، بڕیارشی‌دا لە خۆڕاوا بمێنێتەوە. ئەمە شتێکی کەم نەبوو، بیست ساڵی زیندانی بەدەمەوەبوو. ئەندازیارەکە باوەڕی بە چاوی خۆی نەدەکرد. کاتێك کچە سکرتێرەکەی هاتە ژوورەوە حەپەسا و وتی: ئای خوایە، چۆن هاتیتەوە، قەت ناشێ، نەتخوێندۆتەوە چییان لەسەر نوسیویت؟

ئەندازیارەکە لە چاوی سکرتێرەکەیدا ترسی بینی. چی بکات.؟ بەپەلە خۆی گەیاندە ڕۆژنامەکە و نوسەرەکەی دۆزییەوە، ئەویش پۆزشی بۆهێنایەوە، دیارە مەسەلەکە بەڕاستی ناخۆشە، بەڵام خەتای ئەوی تیانیە چونکە راستەوخۆ هەواڵەکەی لە وەزارەتی کاروباری ناوخۆوە پێگەیشتووە.

ئەندازیارەکە چوو بۆ وەزارەت. لەوێ پێی وترا: بەڵێ، راستە، بێشك هەڵەیەك روویداوە. بەڵام وەزارەت پەیوەندی بە مەسەلەکەوە نیە. چونکە ڕاپۆرتەکەیان لە ئیدارەی پرسگەی باڵیۆزخانەوە پێگەیشتووە لە لەندەن. ئەندازیارەکە داوای کرد بە درۆخستنەوەیەك بڵاوبکرێتەوە، پێی وترا: نا، بەدرۆخستنەوە مەحاڵە. بەڵام دڵنیایان کرد کە هیچی بۆ نابێت و خەمی نەبێت.

بەڵام ئەندازیارەکە دڵی نەسرەوت، چونکە هەر زوو بۆی دەرکەوت کە سانسۆرێکی قورسی خراوەتە سەر، تەلەفونەکانی تۆماردەکرێن و، لە شەقامەکاندا دوای دەکەون. خەو لە چاوی تەری و شەوەکانی پڕبوون لە کابووسی ناخۆش، تا ئەو ڕۆژەی کە چیتر بەرگەی ئەو فشارەی نەگرت و، خۆی خستە

گەورەترین مەترسییەوە و ولاتەکەی بەجێهێشت و بەمەش بوو بە پیاوێکی رەوکردوو.



(٢)

ئەم چیرۆکەی تەخشم کرد(*) یەکێکە لەو چیرۆکانەی کە بەبێ دوودڵی وەك چیرۆکێکی (کافکایی) وەسف دەکرێن. ئەم وشەیە لە ناوی داهێنەرێکی هونەرییەوە پوختەکراوە، کە ئەو وێنانەی تێدایە رۆمانتوسێك بە کاری هێناوە، وەك ئەوەی گەورەترین کۆلکەی هاوبەشی چەند رەوشێکی(**) (ئەدەبیی و راستەقینەش بن) بەجۆرێکی وا کە هیچ وشەیەکی تر دەرکیان پێناکات و زانستەکانی سیستەت یان کۆمەڵگا یان دەرون کلیلی تێگەیشتنیان پێشکەش ناکەن.

بەڵام (کافکاییزم) چیە؟

با هەوڵدەین وەسفی هەندێك لە سیماکانی بکەین:

بەکەم: ئەندازیارەکە بەرەو رووی دەستەڵاتێکی بێسنور ئاڵۆسکاویۆوە، هەرگیز ناگاتە کۆتایی کۆڵانە پێچاوپێچە بێکۆتاییەکانی و، هەرگیز ئەو کەسەی بۆ نادۆزرێتەوە کە حوکمەکەی داڕشتووە. کەواتە ئەویش لە هەمان ئەو رەوشەدایە کە جۆزیف. ك لە بەرامبەری دادگادا خۆی تێدا بینییەوە یاخود (ك) ی مەساح لە بەرامبەری کۆشکدا. ئەوانە هەموویان لەناو یەك تاقە جیهاندان و ئەو جیهانەش بریتیە لە دام و دەزگایەکی ئاڵۆسکاوی زەبەللاح کە نە دەتوانن لێی قوتاربن و نە تێشی دەگەن.

پێش کافکا، زۆرجار رۆمانتوسەکان دام و دەزگاکانیان ڕووت کردۆتەوە و وەکو گۆڕەپانێك دەریانخستووە کە تیایدا بەرژەوەندییە تایبەتەکان یاخود کۆمەڵایەتیەکان ململانێ دەکەن. بەڵام لای کافکا، دام و دەزگا میکانیزمێکە ملکەچی یاسا خودییەکانی خۆیەتی کە نەناسراوێك لە زەمەنێکی نەزانراودا دایڕشتوون، ئەوانە یاساگەلێکن کە پەیوەندییان بە بەرژەوەندیی مرۆییەوە نیە، بۆیە یاساگەلێکی تەژمن(***)

دووەم:

لە بەشی پێنجەمی رۆمانی (کۆشك) دا کوێخای گوند بەدور ودرێژی چیرۆکی فایلە درێژەکەی (ك) ی مەساح بۆ خۆی – واتە (ك) ی مەساح – دەگێڕێتەوە، با کورتی بکەینەوە: دە ساڵ لەمەوبەر پێشنیارێك خرایە بەردەمی شارەوانی بۆ دامەزراندنی مەساحێك لە گوند، بەڵام کوێخا نەیسەلماند (کەس پێویستی بە مەساح نیە)، وەلێ وەڵامەکە لەناو ئۆفیسێکی تردا رێی لێتێکچوو، بەوەش ساڵانێکی دوورودرێژ بەدحاڵیبوونێکی بیرۆکراسییانە کەوتەگەڕ،

گەیشتە ئەوەی رۆژێکیان بە هەڵە (ك) بانگهێشت کرا تا وەك مەساحێك کاربکات، ئەمەش لە ساتێکدا کە ئۆفیسە پیەیوەندیدارەکان خەریکی فەوتاندنی پێشنیارە کۆنەکە کە چیتر مانای نەمابوو. کەواتە (ك) دوای سەفەرێکی سەخت، بە هەڵە گەیشتە گوندەکە. لەوەش زیاتر: مادام بەنیسبەتی ئەوەوە جگە لەو کۆشکە هیچ جیهانێکی تری شیاو لە گۆڕێ نیە، بۆیە بوونیشی (هەمووی) لە هەڵە زیاتر شتێکی تر نیە.

لە جیهانی کافکاییدا فایل لە بیرۆکە ئەفلاتوونیەکە دەچێت: فایل واقیعی راستەقینە دەنوێنێت، لەکاتێکدا کە بوونی ماتریالانەی مرۆڤ تەنیا پەرچدانەوەیەکە لەسەر شاشەی وەهمەکان خراوەتە روو. لە راستیدا (ك) ی مەساح و ئەندازیارە پراگمیەکە هەردووکیان سێبەری فایلەکانیانن، بگرە زۆر لەوەش کەمتر: ئەوان سێبەری هەڵەیەکن لە فایلەکانیاندا، واتە ئەوانە دوو سێبەرن کە تەنانەت مافی ئەوەشیان نیە وەك دوو سێبەر بوونیان هەبێت.

جا ئەگەر ژیانی مرۆڤ لە سێبەرێك زیاتر نەبێت و، واقیعی راستەقینە لە شوێنێکی تردا بێت، شوێنێکی سەخت و ئاستەم، لەناو نامرۆڤیی یان ژوور مرۆڤییدا، ئەوا بەیەکجار خۆمان دەکەین بەناو جیهانی لاهوتدا. لەراستیشدا هەندێك لە راڤەکەرانی سەرەتای کافکا رۆمانەکانی ئەویان وا لێکدایەوە کە بریتیبن لە چیرۆکی رەمزیی ئایینی.

بەڵام پێموایە ئەوە لێکدانەوەیەکی ساختەیە (چونکە لەو شوێنەدا رەمز دەبینێت کە کافکا چەند بارێکی بەرچاو لە ژیانی مرۆیی دەخاتەڕوو) بەڵام کافکا ئەمەی کەشف کردبوو: لەهەر شوێنێکدا دەستەڵات رووبەرووی تەحەدایەك ببێتەوە، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لاهوتێکی تایبەت بەخۆی بەرهەم دەهێنێت، هەرکە وەك خوداوەندێك رەفتار دەکات، هەست و سۆزی دینیی بەرەو خۆی دەخرۆشێنێت؛ ئەو کاتەش دەشێ بە دەستەواژەی لاهووتییانە وەسفی جیهان بکرێت.

کافکا چیرۆکی رەمزیی ئایینی نەنوسیوە، بەڵام کافکاییزم (لە ژیانی واقیعی و ئەندێشەییدا) لە سیمالاهوتیەکەی (یان راستر: لاهوتییە ساختەکەی) جیانابێتەوە.

سێیەم:

راسکۆلینکۆف ناتوانێت بەرگەی قورسایی هەستکردن بە گوناه بگرێت، بۆ ئەوەی بحەوێتەوە، بە ویستی خۆی رازیی دەبێت بە سزا، ئەمەیە ئەو رەوشە زانراوەی کە تێیدا گوناه بەدوای سزادا دەگەڕێت.

بەڵام لای کافکا لۆژیکەکە پێچەوانەکراوەتەوە. سزادراو هۆی سزاکەی نازانێت. پوچگەرایی سزاکەش دەگاتەپلەیەکی وا کە چیتر تاوانبارەکە ناتوانێت ئارام بگرێت، حەز دەکات، بۆ ئەوەی بحەسێتەوە، پاساوێك بۆ سزاکەی بدۆزێتەوە: لێرەدا سزا بەدوای گوناهدا دەگەڕێت.

ئەندازیارەکەمان بە چاودێریکردنێکی پۆلیسیانەی چڕ سزادرا. ئەم سزایە داوای ئەو تاوانە دەکات کە هێشتا نەکراوە: ئەو ئەندزیارەی کە بە هیجرەتکردن تاوانبار کرابوو وای لێدێت کە بە راستی هیجرەت بکات. بۆیە دواجار سزا تاوانەکەی خۆی دۆزییەوە. لە بەشی حەوتەمی (قەزیە) دا، (ك) کە نازانێت چ تاوانێکی ئاڕاستەکراوە، بڕیاردەدات کە بە ژیانی خۆیدا بچێتەوە، بە هەمو رابوردوی خۆیدا بڕوانێت (تەنانەت بێبایەخترین شتیش تیایاندا). ئامێری خود هەست بە گوناهکردن) کەوتە کار و تاوانبار بەدوای خەتاکەیدا دەگەڕێت.

رۆژێکیان، ئەمالیا نامەیەکی بێشەرمانەی لە فەرمانبەرێکی کۆشکەوە پێدەگات. هەست دەکات دەستدرێژیی لێکراوە و نامەکە دەدڕێنێت. کۆشك پێویستی بەوە نەبوو ئەو رەفتارە دزێوەی ئەمالیا ببوغزێنێت. چونکە ترس (هەمان ئەو ترسەی کە ئەندازیارەکە لە چاوی سکرتێرەکەیدا بینی) خۆبەخۆ کاردەکات. بۆیە خەڵکی هەموویان خۆیان لە خێزانەکەی ئەمالیا لادەدەن وەك ئەوەی تووشی تاعوون بووبێت، بەبێ هیچ فەرمانێك یان ئیشارەتێك لە کۆشکەوە هاتبێت کە مانایەکی وا بگەیەنێت.

باوکی ئەمالیا دەیەوێ داکۆکی لە خێزانەکەی بکات. بەڵام بەرەو رووی سەختیەك دەبێتەوە کە لەوەدا دەرناکەوێت کە ئەو کەسەی بۆ نادۆزرێتەوە کە فەرمانەکەی داوە، بەڵکو لەوەدایە کە فەرمانەکە لە ئەسڵدا بوونی نیە !.. چونکە مرۆڤ بۆئەوەی ئیستیئنافی حومکێك بکات، یاخود داوای بەخشین

بکات، پێویستە یەکەمجار مەحکوم کرابێت! بەمجۆرە باوکەکە لە کۆشک دەپارێتەوە تا تاوانەکەی ئاشکرا بکات. کەواتە لێرەدا هێندە بەس نیە هەر ئەوەندە بڵێین سزا بەدوای تاواندا دەگەڕێت. چونکە لەم جیهانە لاهوتییە ساختەیەدا سزادراو دەپارێتەوە بۆئەوەی وەک تاوانبارێک رەچاو بکرێت.

ئەمڕۆ روودەدات کە کەسێکی خەڵکی پراگ لە حاڵەتی لێتووڕەبوندا هیچ کارێکی دەستگیر نەبێت. بۆیە بێهودە داوای بڕوانامەیەک دەکات کە ئاماژەیەکی تێدابێت بۆ هەڵەیەک کە ئەو کردبێتی و بەهۆیەوە، کارکردنی لێقەدەغەکرابێت. بەڵام شتی وای دەست ناکەوێ. لەبەرئەوەی لە پراگ کارکردن ئەرکێکە یاسا باسی کردوە، بۆیە دواجار بە مشەخۆر تاوانبار دەکرێت؛ ئەمەش مانای ئەوەیە خۆی لە کارکردن دەدزێتەوە و تاوان دەکات. لێرەشدا سزا تاوانەکەی دەدۆزێتەوە.

چوارەم:

چیرۆکی ئەندازیارە پراگییەکە چیرۆکێکی خەندەئاوەرە، گاڵتەی کە پێکەنین دەوروژێنێت.

ڕۆژێک دوو پیاوی ئاسایی (پشکنەر نا، وەک وەرگێڕانە فەرەنسیەکەی تێمان دەگەیەنێت)، سەرلەبەیانی دەچنە سەر جۆزێف . ک لەناو جێگاکەیدا پێی دەڵێن کە دەسبەسەرکراوە و بەرچاییەکەشی دەخۆن. لەبەرئەوەی فەرمانبەرەکە نۆر گوێڕایەڵ بوو، لەجیاتی ئەوەی دەریان بکاتە دەرەوە، دێت هەر بە جلی نوستنەوە بەدرێژیی لەبەردەمیاندا داکۆکی لە خۆی دەکات. کاتێک کافکا بەشی یەکەمی (قەزیە) ی بۆ هاوڕێکانی خوێندەوە، هەر هەمویان و بە نوسەریشەوە دەستیان کرد بە پێکەنین.

فیلیپ ڕۆس خەون بە فیلمێکەوە دەبینێت لە (قەزیە) وە وەرگیرانێت: گرۆشۆ پێێ وایە (ک) ی مەساح مارکسە، هەروەها شیکۆ و هاربۆ دوو یاریدەدەرەکەین. بەڵێ باشی بۆ چووە چونکە کۆمیدیا لە جەوهەری کافکاییزم جیانابێتەوە.

بەڵام خۆشحاڵ بوونی ئەندازیارەکە (مەبەست لە ئەندازیارە پراگییەکەیە (و.ک) کاتێک دەزانێت چیرۆکەکەی کۆمیدییانەیە، خۆشحاڵ بوونێکی نۆر چروک و خراپە. چونکە خۆی دەبینێتەوە زیندانی ناو گاڵتەی ژیانی تایبەتی خۆیەتی، وەک چۆن ماسییەک لەناو بوتڵێکدا زیندانی دەبێت، ئەمەی بەلاوە خەندەئاوەر نابێت، لە راستیشدا گاڵتەکە تەنیا لەلای ئەوانە خەندە ئاوەرە کە لەبەردەمی بوتڵەکەدا راوەستاون، لە بەرامبەریشدا کافکاییزم دەمانباتە ناو قوواڵییەوە، بۆ تۆقینێکی کۆمیدیی.

لە جیهانی کافکاییزمدا کۆمیدیا ئاوازێکی دژی تراژیدیا نیە (تراژیکومیدیا) وەک لە لای شکسپیر هەیە؛ ئەو لێرەدا بۆئەوە نیە کە بەهۆی ڕۆحسوکییەکی کۆمیدییەوە وا بکات تراژیدیا زیاتر قابلیی بەرگەگرتن بێت، ئەو هاوشانی تراژیدیا نیە بەڵکو هەر لە لانکەدا تێکی دەشکێنێت، بەوەش قوربانیەکان جیادەکاتەوە لەو تاقە سەبوورییەی کە بۆیان هەیە ئومێدی پێببخوازن: سەبووریی ئەوەی قوربانیەکان خۆیان لە مەزنیی تراژیدیادا ببینەوە (مەزنی راستەقینە یان گریمانی کراو). ئەندازیارەکە نیشتمانەکەی دۆڕاند و هەمو بیستەرانیش دایانە قاقای پێکەنین.

(٣)

چەند قۆناغێک هەن لە مێژووی نوێ کە ژیان تیایاندا لە ڕۆمانەکانی کافکا دەچێت ئەوکاتەی کە هێشتا لە پراگ دەژیام، چەندان جار گوێم لێبووە خەڵک سکرتاریەتی حیزبیان ناو دەنا (کۆشک) کە خانوویەکی ئەندازە درێژی نزیک لە نوێخوازیی بوو. چەندان جاریش گوێم لێبووە کە خەڵکی لێپرسراوی دووەمی حیزب (هاوڕێ هندریش) یان ناونابوو (کلام) کە ناوێکی جوان بوو بەتایبەتی کە وشەی (Klam) لە زمانی چیکیدا مانای (سەراب) یان (فێڵ) دەگەیەنێت.

(س) ی شاعیر، کە گەورە کەسایەتیەکی کۆمۆنیست بوو، لە پەنجاکاندا لەدوای دادگاییکردنێکی ستالینییانە، خرایە زیندانەوە. لە زیندانداا دیوانێکی شیعری نوسی و تیایدا سەرباری هەموو ئەو نەهامەتییانەی بەسەریدا هاتبوون دڵسۆزیی خۆی بۆ کۆمۆنسیزم دەربڕی. ئەوە ترسنۆکی نەبوو. چونکە شاعیر پێی وابوو دڵسۆزیی (دڵسۆزی بۆ جەللادەکانی) نیشانەی چاکی و سەرڕاستیی خۆیەتی. کاتێک پراگییەکان بەمەیان زانی ناویان نا: دان پیانانە جوانەکەی جۆزێف .ک.

ئەو وێنە و بارودۆخ و تەنانەت ئەو وێنانەش کە بە وردی لە رۆمانەکانی کافکاوە هەڵهێنجرابوون بەشێکی ژیانی پراگیان پێکدەهێنا.

ڕەنگە ئەو قسەیەمان وامان لێبکات بگەینە ئەم دەرەنجامە: وێنەکانی کافکا پێشبینی کۆمەڵگای سەرانسەرییان دەکرد بۆیە لە پراکدا هێشتا هەر زیندوون.

بەڵام ئەم قسەیە پێویستی بە ڕاستکردنەوەیە: کافکاییزم زاراوەیەکی سۆسیۆلۆژیی یان سیاسیی نیە، ڕۆمانەکانی کافکا وا لێکدراونەتەوە کە ڕەخنەگرتن بن لە کۆمەڵگای پیشەسازی و ڕەتاندن و نامۆبون و ڕەوشتی بورژوازی بەکورتی لەسەرمایەداریی، بەڵام ئێمە لە جیهانی کافکادا هیچ شتێك نادۆزینەوە لەوانەی کە لە سەرمایەداریدا هەیە. پارە یان دەستەڵاتی پارەی تێدا نیە، بازرگانی و، مولکایەتی و مولکدار و ململانێی چینەکانی تێدا نیە.

هەروەها کافکاییزم وەڵامی پێناسەی سەرانسەرییش ناداتەوە، لە ڕۆمانەکانی کافکادا: نە حیزب و نە ئایدیۆلۆژیا و زاراوەکانی و نە سیاسەت و نە پۆلیس و نە سەرپا بوونیان نیە.

وا دیارە کافکاییزم هێزێکی شاراوەی بەرایی بێت لە مرۆڤ و جیهانەکەیدا، بریتیە لە هێزێکی شاراوەی لە مێژوودا دیارینەکراوە، کە هەتا هەتایە لەگەڵ مرۆڤدا دەبێت. بەڵام ئەم وردکردنەوەیەش پرسیارەکە پووچ ناکاتەوە: ڕۆمانەکانی کافکا چۆن لەگەڵ ژیانی پراگدا دەگونجێت؟ هەروەها چۆن لە پاریس هەمان ئەو ڕۆمانانە وەکو گوزارشتێکی تەژم لە ژیانی زاتی دانەر سەیردەکرێت؟ ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە هێزی مرۆڤ و جیهانە شاراوەکەی کە پێی دەوترێت کافکاییزم لە پراگدا ئاسانتر دەگۆڕێت بۆ چارەنوسی دیار تاکو پاریس؟

هەندێك ڕەوت هەن لە مێژووی نوێدا لە ڕەهەندی گەورەی کۆمەڵایەتیدا کافکاییزم بەرهەم دەهێنن: چڕکردنەوەی پلە بە پلەی دەستەڵات بەرەو بە یەزدانکردن؛ وەرچەرخانی چالاکیی کۆمەڵایەتیی بۆ بیرۆکراسییەتێك کە هەموو دام و دەزگاکان دەکاتە بزرگەیەکی بێسنور، سڕینەوەی کەسێتی ئەو تاکەی ئەم وەرچەرخانە بەرهەم دەهێنێت.

دەوڵەتە سەرانسەرییەکان بەو سیفەتەی ئەوپەڕی چڕکردنەوەی ئەو ڕەوتانەن، پەیوەندی پتەوی نێوان ڕۆمانەکانی کافکا و ژیانی ڕاستەقینەیان ڕونکردۆتەوە. بەڵام ئێمە ئەگەر نەتوانین ئەو پەیوەندییانە بزانین، لەبەرئەوە نیە کە ئەو کۆمەڵگایەی ناو دەنرێت دیموکراسی کەمتر کافکاییە لە کۆمەڵگای ئەمڕۆی پراگ و هیچی تر، بەڵکو پێمواییە ئێمە بەشێوەیەکی یەکلاییکەرەوە مانای واقیعیمان لێونبووە.

چونکە ئەو کۆمەڵگایەی کە بە دیموکراسی وەسفدەکرێت، ئەویش ئەو پرۆسێسە دەزانێت کە تاك دەکات بە شت – شيء– و کۆمەڵاش دەکاتە بیرۆکراسی؛ گۆی زەوی هەرهەمووی بۆتە شانۆی ئەم پرۆسەیە. خۆ ئەگەر ڕۆمانەکانی کافکا گوزارشتە ئەندێشەیی و شیعرییەکەی بێت، ئەوا دەوڵەتی تۆتالیتاری گوزارشتە پەخشانی و ماتریالییەکەیەتی.

بەڵام بۆچی کافکا یەکەمین ڕۆمانnوس بوو کە دەرکی کرد بەو ڕەوتانە، کە هەتا دوای مردنی بە تونديی و ڕاشکاویی دەرنەکەوتن؟

(٤)

گەر بمانەوێت خۆمان نەدەینە دەستی خورافە و ئەفسانە، ئەوا شوێنەوارێکی گرنگی بەرژەوەندییە سیاسیەکانی کافکا نادۆزینەوە، بەم مانایەش لە هەموو هاوڕێ پراگییەکانی جیادەبێتەوە، لە ماکس بڕۆد و فرانز فیرفیل و ئیگۆن ئەرقین کیش، تا دەگاتە هەموو ئەو پێشەنگانەی لافی ئەوە لێدەدەن کە دەزانن ئاڕاستەکانی ئایندەی مێژوو بەرەو کوێیە.

کەواتە چۆنە ئەمڕۆ دەتوانین بگەین بە کاری ئەوانە نا، بەڵکو کاری هاوڕێ تەنیا و گۆشەگیرەکەیان، کە بەسەر ژیان و هونەری خۆیدا داخرابوو، وەك پێشبینیەکی کۆمەڵایەتی سیاسی، کە بەهۆی ئەمەوە لە بەشێکی گەورەی جیهاندا قەدەغەکراوە؟

ڕۆژێکیان دوای ئەوەی لەلای ژنێکی کۆنە هاوڕێم ئامادەی دیمەنێك بووم، بیرم لەو نهێنییە کردەوە. ئەم ژنە لە ساڵی ١٩٥١ دا لەکاتی دانگاییکردنە ستالینییەکاندا لە پراگ خرایە زیندانەوە و بە چەند تاوانێك گوناهبارکرا کە ئەنجامی نەدابوون. لەو

سەردەمەدا سەدان کۆمۆنیستی تر رووبەڕوی هەمان چارەنوس بوونەوە، ئەوانە بەدرێژایی ژیانی خۆیان تەماهییان کردووە لەگەڵ حیزبەکەیاندا، کاتێکیش هەر ئەو حیزبە تاوانباری کردن، هەروەکو جۆزێف .ك قایل بوون بە (سەیرکردنی ژیانی رابوردوویان، تەنانەت وردترین وردەکارییشی) بۆئەوەی هەڵە شاراوەکە بدۆزنەوە، بۆئەوەی ئیعترافی لەسەر بکەن بە چەند تاوانێکی وەهمی. وەلێ ژنە هاوڕێکەم بە ئازایەتیەکی بێوێنەوە نەیکرد وەکو هاوڕێکانی و وەکو (س) ی شاعیر لکەچبکات بۆ پرۆسەی (گەڕان بەدوای گوناهدا). بەمەش هاوکاریی جەللادەکانی نەدەکرد و بەکەڵکی ئەوە نەهات لەدوا دیمەنی دادگاییکردنەکەدا بەکاربهێنرێت. بەمەش لەجیاتی لەسێدارەدان حوکمیاندا بە زیندانی هەتا هەتایی. دوای پازدە ساڵ ئازاد کرا و ئابڕووی بۆ گەڕێندرایەوە.

ئەم ژنە لە کاتێکدا گیرا کە کوڕەکەی یەك ساڵان بوو. کاتێك لە زیندان دەرچوو کوڕەکەی بوو بە شانزە ساڵ، ئیتر خۆی و کوڕەکەی بە کامەرانی و گۆشەگیرییەکی مامناوەندیی گوزەرانیان دەکرد، دیارە پێویستی سۆزیی ئەم ژنە بە کوڕەکەیەوە جێگای رێزبوو.

کاتێك من چووم بۆ سەردانیان کوڕەکەی ببوو بە بیست و شەش ساڵان. بینیم وا دایکەکە بە بێزاریی دەگری، هۆیەکی راستەقینە بۆ گریانەکەی نەبوو: سەرلەبەیانی کوڕەکەی دەرەنگ خەبەری ببۆوە یان شتێکی لەو بابەتەبوو. بە دایکەکەم وت:

بۆچی تۆڕەدەبیت لە شتێکی وا پڕوپووچ؟ ئەمە هۆیەکی کافییە بۆ گریان، تۆ گەورەی دەکەی!

لەجیاتی دایکی کوڕەکە وەڵامی دامەوە: (نا، دایکم گەورەی ناکات. دایکم ژنێکی گەورە و ئازایە. ئەو لەو شوێنەدا بەرگریی کرد کە کەس نەیتوانی. ئەو دەیەوێت من ببم بە پیاوێکی بەشەرەف، راستە، من زۆر درەنگ خەبەرم بۆتەوە، بەڵام گلەییەکەی دایکم لەسەر شتێکی قوولترە، لەسەر رەفتاری خۆپەرستانەی منە. حەزدەکەم بەو شێوەیە بم کە ئەو پێی خۆشە، من لەبەردەمی تۆدا پەیمانی دەدەمێ.

ئەوەی حیزب نەیتوانی لەگەڵ دایکەکەدا بیکات، دایکەکە لەگەڵ کوڕەکەیدا کردی. ناچاریکرد کە لەگەڵ ئەو تاوانبارکردنەدا تەماهی بکات، ناچاریکرد (بەدوای گوناهەکەیدا بگەڕێت) و بە ئاشکراش ئیعتیرافی لەسەر بکات.

بە حەپەساوی ئەم دیمەنەی دادگاییکردنێکی ستالینییانەی بچکۆلەم بینی، یەکسەر تێگەیشتم کە ئەو میکانیزمە دەرونیانەی کە جڵەوی رۆداوە مێژووییە مەزنەکان دەگرن (کە زۆر ناوازە و نامرۆییانەن) هەر ئەوانەشن کە جڵەوی رەوشە هۆگرەکانیش دەگرن (ئەو رەوشانەی کە ئاسایین و زۆر مرۆیین).

نامە بەناو بانگەکەی کافکا کە بۆ باوکی نوسیوە و نەیناردووە، زۆر بە جوانی رووبی دەکاتەوە کە کافکا لە خێزان و پەیوەندیی نێوان منداڵ و دەستەڵاتی پیرۆزی دایك و باوکەوە، زانین خۆی لەمەڕ تەکنیکی هەستکردن بە گوناە هەڵدەهێنجێت کە دەبێت بە یەکێك لە پێکهێنەرە گەورەکانی رۆمانەکانی. لە چیرۆکی (بڕیاری دادگا) دا کە پەیوەندییەکی پتەوی هەیە بە ئەزموونی خێزانی دانەرەوە، باوك کوڕەکەی تاوانبار دەکات و فەرمانی پێدەدات لە ئاودا خۆی بخنکێنێ. کوڕەکە بە گوناهە خەیاڵیەکەی رازیی دەبێت و دەڕوات خۆی فڕێبداتە ناو رووبارەکەوە، وەك چۆن دواتر کاتێك رێکخراوێکی تەژم تاوانباری دەکات دەڕوات خۆی سەربڕێت. هاوشێوەیی نێوان دوو تاوانبارکردنەکە و دوو سزادانەکە و دوو جێبەجێکردنەکە ئەو بیردەوامێتیە دەخاتەڕوو لە داهێنانی کافکادا لەنێوانی (سەرانسەرێتی خێزانی توندو تۆڵ و (سەرانسەرێتی) دێدە کۆمەڵایەتیە مەزنەکەی.

کۆمەڵگای سەرانسەری، بەتایبەتی لەوپەڕی دەرکەوتنیدا، دەکەوێتە سڕینەوەی سنورەکانی نێوان گشتی و تایبەتی؛ دەستەڵات کە زیاتر و زیاتر تەڵخ و لێڵ دەبێت داوا دەکات ژیانی هاونیشتمانان تا ئەوپەڕی روون ببێت. ئەم نمونە باڵایەی کە لە (ژیانێکی بێ نهێنی) دا جووت دەبێت لەگەڵ ئەو نمونە باڵایەی تردا کە لە (خێزانێکی نمونەییدا) جووت دەبێت: ئیتر هاونیشتمان مافی ئەوەی نابێت هیچ شتێك لە حیزب یان دەوڵەت بشارێتەوە، وەك

ئەو منداڵەی کە نابێت لەبەردەمی دایك و باوکیدا هیچ نهێنیەکی هەبێت. کۆمەڵگا سەرانسەرییەکان وەك خۆیان رەواجی پێدەدەن خەندەیەکی نمونەیی ئاشکرادەکەن: دەیەوێت جەماوەر وەك یەك خێزانی گەورە دەربکەوێت.

زۆرجار دەوترێت رۆمانەکانی کافکا گوزارشت لە ئارەزوویەکی سەرکێش دەکەن بەرەو کۆمەڵ و بۆ پەیوەندیکردنی مرۆییەوە؛ وا دیارە ئەو بونەوەرەی لە رەگەکانی هەڵکێشراوە کە (ك) هیچ ئامانجێکی نیە جگە لە: زاڵ بوون بەسەر نەفرەتی گۆشەگیرییەکەی. وەلێ ئەم لێکدانەوەیە قسەیەکی دووبارەکراوە یان کورت کردنەوەی مانا نیە و هیچی تر، بەڵکو دژی مانایە.

(ك) ی مەساح بە هیچ جۆرێك بەدوای خەڵك و گەرم و گوڕیی ئەوان ناکات، ئەو نەیدەویست ببێت بە مرۆڤێك لەنێوان خەڵکدا وەکو (ڤۆرپست) ی سارتەر، بەڵکو دەیوست لەلای دەزگایەك پەسەندبێت نەك لەلای گروپێك. بۆئەوەی بەوە بگات پێویستە باجێکی گران بدات: دەسبەرداری گۆشەگیرییەکەی ببێت. هەر ئەمەشە دۆزەخەکەی ئەو: چونکە ئەو بە هیچ جۆرێك تەنها نیە، ئەو دوو یاریدەدەرەی لە کۆشکەوە نێردراون بەردەوام بە دواییەوەن. بەشداریدەکەن لە یەکەمین موماڕەسەی خۆشەویستی ئەوانا لەتەك فریدادا، لە گازینۆکە دادەنیشن تاکو بەسەر دوو ئاشقەکەدا بڕوانن، ئیتر لەو ساتەوە سەر جێگایان بەجێناهێڵن.

نەفرەتی گۆشەگیریی نا: بەڵکو خەمی کافکا بریتیە لە (گۆشەگیریی داگیرکراو)! خەڵك هەموویان وازیان نەدەهێنا لە بێزارکردنی کارل رۆسمان، جلەکانی دەفرۆشن، لە وێنەکەی دایك و باوکی بێبەشی دەکەن، تاقە وێنەیەك کەهەیبوو، لە شوێنی نوستنیدا لە نزیکی سیسەمەکەوەیە دوو کورپێژگە شەڕەبۆکس دەکەن و تاوناتاوێك دەگەون بەسەریدا. رۆبنسۆن و دۆلاسارشی سەر روتاوە ناچاری دەکەن لە ماڵی ئەوان لەگەڵیاندا بژی، بەجۆرێك هێشتا هەناسەدانی برۆنزەلدای قەڵەو هێشتا کە لەکاتی خەودا لە گوێییدا دەزرنگێتەوە.

چیرۆکی جۆزێف (ك)یش بە داگیرکردنی ژیانی تایبەتی دەستپێدەکات: دوو پیاوی نەناسراو دێن بۆ گرتنی و ئەویش لەسەر سیسەمەکەیەتی. ئیتر لەوکاتەوە هەست بە تەنیاییەکەی ناڕەحات: دادگا شوێنی کەوتووە و چاودێریی دەکات و قسەی لەگەڵدا دەکات، ئیتر ژیانە تایبەتیەکەی وردە وردە دەپوکێتەوە چونکە دامەزراوە تەژمەکەی ژیانی لی تاڵکردووە هەڵی دەلوشێت.

ئەو دەرونە شاعیرییانەی حەزدەکەن بانگەشە بۆ رەتکردنەوەی نهێنی و پەشمەکیەتی ژیانی تایبەتی دەکەن، هیچ حیسابێك بۆ ئەو پرۆسەیە ناکەن کە دەستی پێدەکەن. خاڵی سەرەتای تۆتالیتاریی لە خاڵی سەرەتای رۆمانی (قەزیە) دەچێت: دێن و لەناو جێدا دەدەن بەسەرتا. دێن وەك چۆن دایك و باوکت حەزدەکەن بێن بۆ لات لەسەر جێگاکەت.

زۆرجار دەپرسین ئایا رۆمانەکانی کافکا خستنەڕووی سەختترین ململانێ تایبەت و شەخسیەکانی دانەرن یان وەسفێکی بابەتیانەی (ئامێزە کۆمەڵایەتیەکەن)؟ کافکاییزم نە بە جیهانی سۆز و نە بە جیهانی گشتیەوە ناوەستێت، ئەو هەردوکیان دەگرێتە خۆی. گشتی ئاوێنەی تایبەتییە، لەکاتێکدا تایبەتی گشتی پەرچدەکاتەوە.

(٦)

لە کاتی ئاخاوتنمدا دەربارەی ئەو مومارەسەی کۆمەڵایەتیە، بچووکانەی کە کافکاییزم بەرهەم دەهێنن، تەنیا بیرم لە خێزان نەکردۆتەوە، بەڵکو لەو دەزگایەش کە کافکا هەموو ژیانی خۆی تێدا بەسەربرد: ئۆفیس.

زۆرجار پاڵەوانەکانی کافکا والێکدراونەتەوە کە گوزارشت بن لە رۆشنبیر، بەڵام گریگۆری سامسا خاوەنی هیچ شتێك نیە لە کەسێتی رۆشنبیر. کاتێك کە خەبەری بۆوە و ببوو بە سیسرك تەنیا خەمی ئەوەی بوو کە بەم حاڵەتە تازەیەوە چۆن دەتوانێت بێ دواکەوتن بگاتە ئۆفیس؟ هیچ لەسەریدا نەدەخولایەوە گوێڕایەڵی ئەو سستمە نەبێت کە پیشەکەی رایهێناوە لەسەری: ئەو گارگەرە، فەرمانبەرە وەهموو کە کەسێتیەکانی کافکا هەر ئاوان و وەك نمونەیەکی سۆسیۆلۆژی تەسەوریان نەکراوە (وەك دەشیا لەلای رۆماننوسێکی وەك زۆلا

بەوجۆرە بێت)، بەڵکو وەك شێمانەیەکی مرۆییە، شێوازێکی سەرەتاییە لە بوون.

لە جیهانی بیرۆکراتی فەرمانبەرەکاندا ئەمانە نین:

یەکەم هیچ دەسپێشخەرییەك یان داهێنان یان سەربەستی کارێك لەگۆڕێ نیە، بەڵکو تەنیا فەرمان و ڕێساکان هەن: ئەوە جیهانی گوێڕایەڵییە.

دووەم: فەرمانبەر بەشێکی کەم لەو کارە ئیداراییە گەورەیە دەکات کە هیچ دەربارەی ئامانج و ئاستۆکانی نازانێت: ئەوە ئەو جیهانەیە کە جوڵانەوەکان تیایدا میکانیکین و خەڵك مانای ئەوە نازانن کە دەیکەن.

سێیەم: فەرمانبەرەکە ڕووبەڕووی چەند ناوێکی نەناسراو و چەندان فایل دەبێتەوە: ئەوە جیهانی پەتیکراوەکانە.

وەزعی ڕۆمان لە جیهانی گوێڕایەڵی و ئۆتۆماتیکیەت و پەتیبووندا، وەك ئەم جیهانە، کە لەوێدا سەرچڵی مرۆڤانە هەر ئەوەندەیە لە ئۆفیسێکەوە بچێت بۆ ئۆفیسێکی تر، ئەمەیە دژ دەوەستێتەوە لەگەڵ کرۆکی شیعری داستانیدا. لێرەوە پرسیار دەکرێت کافکا چۆن توانیویەتی ئەم مادە خۆڵەمێشیە دژە شیعرە بکات بە ڕۆمانی دڵگیر و بە ئەفسون؟

دەتوانین وەڵامەکە لەنامەیەکدا بدۆزینەوە کە بۆ میلینای نوسیوە: (ئۆفیس دامەزراوەیەکی گەوج نیە، زیاتر لە سەمەرەو، نزیکە تا گەوجی). ئەم ڕستەیە یەکێك لە گەورەترین نهێنیەکانی کافکای تێدایە، ئەو توانیویەتی ئەوە ببینێت کە هیچ مرۆڤێك نەیبینیوە: ئەو تەنیا هەر بایەخی سەرەکیی دیاردەی بیرۆکراتی بەنیسبەتی مرۆڤەوە نەبینیوە، بەنیسبەتی مەرجەکەی و ئایندەکەیەوە بەتەنیا، بەڵکو ئەو هێزە شیعرییەیە پەنهانەشی بینیوە کە لە مۆرکی تارماییانەی ئۆفیسەکاندا هەیە (کە ئەمەش زۆر سەرسامان دەکات).

بەڵام ڕستەی ئۆفیس لە سەمەرەوە نزیکترە مانای چیە..؟

دەکرێ ئەندازیارە پراگییەکە لێی تێبگات: بە هەڵە فڕێ دراوە ناو فایلێکەوە لە لەندەن، بەمجۆرەش لە پراگدا وەك تارماییەکی ڕاستەقینە مایەوە، بەدوای جەستە ونبووەکەدا دادەگەڕا، لەکاتێکدا کە ئەو ئۆفیسانەی سەردانی دەکردن وەك بزرگەیەکی بێسنوور وابوون کە لە میتۆلۆژیایەکی نەزانراوەوە هاتبوون.

کافکا بەهۆی جیهانی سەمەرەوە کە زانیبووی لەناو جیهانی بیرۆکراتیدا ببینێ، توانی لەوەدا سەربکەوێت کە پێش ئەو مەحاڵ بوو: گۆڕینی مادەیەکی بەشێوەیەکی قوواڵ دژ بە شیعر، واتە مادەی کۆمەڵگای بیرۆکراتی، بۆ شیعرێکی مەزنی ڕۆمان، گۆڕینی چیرۆکێکی کاڵ و کرچ، چیرۆکی مرۆڤێك کە ناتوانێت وەزیفەی دەست بکەوێت (کە لە ڕاستیدا چیرۆکی کۆشکە) بۆ ئەفسانە، بۆ داستان، بۆ جوانیەك کە لەمەوپێش لە وێنەیمان نەبینیوە.

دوای ئەوەی دیکۆری ئۆفیسەکانی فراوان کردەوە تا ڕەهەندە زەبەللاحەکانی جیهان بگرێتەوە، بەبێئەوەی ئاگای لێبێت گەیشتە ئەو وێنەیەی کە سەراسیمەمان دەکات چونکە زۆر لە کۆمەڵگایەك دەچێت کە ئەو هەرگیز نەیبینیوە، واتە کۆمەڵگای ئەمڕۆی پراگییەکان.

لە ڕاستیدا دەوڵەتی سەرانسەری جگە لە ئیدارەیەکی گەورەی تەنیا هیچی تر نیە: مادام هەموو کارەکە تیایدا میریە، ئەوا خەڵکەکان دەبن بە فەرمانبەر، ئیتر پیشەیان هەرچی بێت: زانا چیتر زانا نابێت، قازی قازی نابێت، بازرگان بازرگان نابێت، کاهین کاهین نابێت.

ئەوانە هەموویان مووچەخۆری دەوڵەتن. لەکاتدرائییەکەدا کاهینەکە بە جۆزێف. ك دەڵێت: (من سەربە دادگام) هەروەهاش لای کافکا پارێزەرەکان خزمەتی دادگا دەکەن. ئەمڕۆ ئەمە هیچ پراگییەك سەرسام ناکات. چونکە داکۆکی کردن لێی (لەو کەسە پراگییە و.ك.) باشتر نابێت لە داکۆکیکردن لە (ك) پارێزەرەکان لە خزمەتی تاوانبارکراوەکاندا نین؛ لە خزمەتی دادگادان.

(٧)

لە قەسیدەیەکدا کە پێکهاتووە لە سەد چوارینە، هەوڵ دەدات بە ساکارییەکی نیمچە منداڵانە هەموو ئەوانە کەشف بکات کە مەترسیدار و ئاڵۆزن. شاعیری گەورەی چیك ژان سکاسیل دەنوسێت:

شاعیرەکان هۆنراوە داناهێنن
هۆنراوە لە شوێنێکیدایە، لەوێ
ماوەیەکی زۆر درێژە، لەوێیە
شاعیر هیچ ناکات هێندە نەبێت دەرێبخات

کەواتە بەنیسبەتی شاعیرەوە **نوسین** بریتیە لە تێکشاندنی ئەو بەربەستەی کە **لە پشتیەوە** لە سێبەردا شتێك خۆی شاردۆتەوە کە ناگۆڕێت (قەسیدە). بۆیە (بەهۆی ئەم **کەشفکردنە** سەربەورهێنەر و بەپەرۆشە) قەسیدە **لێمان دێتە** پێشەوە بەو سیفەتەی کە دریتیە لە **سەراسیمەبوون**.

قەیەنم چواردە ساڵان بوو کە بۆ یەکەمجار (کۆشك) م خوێندەوە. لەوساوە **تا ئێستا هەرگیز** هێندەی ئەوجارە بەو کتێبە **کامەران نەبووم**، سەرباری ئەوەی کە ئەو مەعریفە بەرینەی **لەوێدا** بوو (هەموو ناواخنی راستەقینەی کافکاییزم) **لەوکاتەدا** بەلای منەوە قسابیلی تێگەیشتن **نەبوو: من** سەراسیمەببووم.

دواتر چاوەکانم ئاشنای رۆشنایی (قەسیدە) بوون و دەستم کرد بە بینینی ئەوەی کە **ئەزمونی** ژیانی **تایبەتیمی سەراسیمەکرد**، کەچی **هێشتا رۆشنایی** هەر لەوێدا **مابۆوە**.

ژان سکاسیل دەڵێت: (قەسیدە) **ماوەیەکی زۆر** درێژە بەبێ گۆڕان چاوەڕێمان دەکات **بەڵام ئایا** نەگۆڕان لە جیهانێکی گۆڕاودا وەهمێکی **ڕووت نیە؟**

نا، هەموو ڕەوشێك دەسکردی **مرۆڤە** و ناکرێ جگە لەوەی لەناو مرۆڤدا هەیە **شتێکی** تری تێدا بێت، دەشێ ئەندێشە بکەین کە ئەم ڕەوشە هەیە (خۆی و میتافیزیاکەی) (زۆر دەمێکیشە هەیە) بەو سیفەتەی شیمانەیەکی مرۆیی بێت. **بەڵام** لەم حاڵەتەدا، ئەو مێژووەی کە دەگۆڕێت **بەلای** شاعیرەوە مانای **هەیە؟**

ئەوەی غەریبە، لە دیدی شاعیردا مێژوو لە **هەڵوێستێکدا** هەیە کە **تەریبی هەڵوێستی تایبەتی** خۆیەتی: ئەو داناهێنێت، **بەڵکو کەشفدەکات. ئەو بە** ڕەوشە تازەکاندا کەشفی دەکات مرۆڤ چیەو، ماوەیەکی زۆر درێژە) لە چیدایە چی لە دەست دێت؟

ئەگەر قەسیدە لە ئەسڵدا لەوێ بێت، نەوا شتێکی نالۆژیکیە توانای (پێشبینی) بدەین بە **شاعیر**، نەک ئەو (هیچ ناکات هێندە نەبێت کەشفی) **شیمانە** مرۆییەکەی (ئەو قەسیدەیە) بکات کە (**ماوەیەکی زۆر** درێژە) لەوێیە و مێژووش **ڕۆژێك** لە **ڕۆژان کەشفی** دەکات.

کافکا پێشبینی نەکردووە، بەڵکو **ئەوەی** بینیوە کە لە شوێنێکدا (لەوێ) هەیە، **نەشی دەزانی** کە بینینەکەی پێشوەخت بووە: **ئەو نەیدەویست** سستمێکی کۆمەڵایەتی ڕووت بکاتەوە. **بەڵکو** تیشکی خستە سەر ئەو میکانیزمانەی بەهۆی **مومارەسەی** سۆزیی و کۆمەڵایەتیی بچکۆلەی مرۆڤەوە **دەیزانین**، بەبێئەوەی بەخەیاڵیدا بێت کە وەرچەرخانی **دواتری** مێژوو پاڵی پێوە **دەنێت** بۆ **پێشەوەی شانۆ** گەورەکەی.

هەموو ئەو تاقیکردنەوانەی **کە مێژوو** لەناو کەمۆڵەی لابورەکانیدا ئەنجامی **داون: چاو** بزکردنەوەی موگناتیسیانەی **خەوڵێخەرانەی** دەستەڵات گەڕانی بێهودە بەدوای **هەڵەدا نەفیکردن** و ترسان لە نەفیکردن؛ قەرەمانی **گۆڕاپەڵی**، مۆرکی تارماییانەی واقیع و واقیعی **سیحرییانەی** فایل، دەستدرێژکردنە سەری بەردەوامی **ژیانی تایبەتی**.. هتد، چەند ساڵێك پێش ئەوە کافکا **لە ڕۆمانەکانیدا** ئەنجامی داون.

گەیشتنی جیهانی **ڕاستەقینەی دەوڵەتە** تۆتالیتارییەکان بە (قەسیدە) **ی کافکا**، هەردەم وەك شتێکی تەڕم دەپارێزرێت و **شایەتی** دەدرێت **کە** کردەوەی شاعیر لە کرۆکیدا **زەحمەتە حیساب** بکرێت، هەروا سەمەرەشە: **ناواخنی** زەبەللاحی کۆمەڵایەتیانە و سیاسییانەو (پێشبینیکەرانە) ی ڕۆمانەکانی کافکا لە (ئیلتیزام نەکردنیدایە) واتە لە سەربەخۆییەکەیدا بەرامبەری **سەرپاکی** بەرنامە

سیاسیەکان و چەمکە ئایدیۆلۆژییەکان و پێشبینیە ئایندەییەکانیدا.

راستیەکەی، ئەگەر شاعیر (مولتەزیم) بێت بە خزمەتکردنی حەقیقەتێکەوە کە پێشتر زانرابێت (حەقیقەتێکی وا کە خۆی خۆی ببەخشێت و لەوێ لەبەردەماندا) بیدۆزینەوە نە بری ئەوەی بگەڕێین بەدوای قەسیدەی خۆ حەشاردراودا (لەوێ. لە شوێنێکدا)، ئەوا بەمە دەسبەرداری نامەی راستەقینەی شیعر دەبێت. ئەو کاتەش گرنگ نیە کە ئەو حەقیقەتەی دەپێشەوە تەسەروکراوە شۆرشێك بێت یان جیابوونەوەیەك بێت، یاوەڕێکی مەسیحیانە بێت یاخود بێباوەڕیی بێت، زۆر دادپەروەرانەبێت یاخود کەم. ئەو شاعیرەی خزمەتی حەقیقەتێکی تردەکات جگە لەوەی کە چاوەڕێی (کەشفکردنە) و بریتیە لە (سەراسیمە) بوونی شاعیرێکی ساختە.

من کە بەم پەڕۆشییەوە باوەشم کردووە بە کەلتووری کافکادا، کە وەك کەلتووری تایبەتی خۆم داکۆکیی لێدەکەم، لەبەرئەوە نیە باوەڕم بەوەبێت لاسایی کردنەوەی ئەوەی مەحاڵە لاسایی بکرێتەوە، سودی هەیە (جارێکی تر کافکاییزم کەشف بکەمەوە)، بەڵکو بەگەڕێتەوە بۆ ئەم نمونە نایابە لە سەرچاوەخۆیی ریشەیی رۆمان (ئەو شیعرەی کە رۆمانە). کافکا بەهۆی ئەمەوە باسی لە مەرجە مرۆییەکەمان کردووە (بەو شێوەیەی کە لە سەردەمی ئێمەدا دەرکەوتووە) بە رێگایەکی وا کە هیچ بیرکردنەوەیەکی سۆسیۆلۆژیی یان سیاسی ناتوانێت وەکوئەو بۆمان باس بکات.

(*) تەخشم کرد: سردتها، لە تەخمان (السرد)ەوە.
(**) رەوش: وضعية.
(***) تەژم: غامض.

سەرچاوە:
گۆڤاری – العرب والفكر العالمي.
ژمارە (٢) بەهاری ١٩٨٨.
لاپەڕە (٤٨–٥٦).
وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: بدرالدين عرودكي.

ئەفسانە.. رەوتاری لافاو

رزگار سەعید

(ئاشکراکردنی نهێنیەکان راستی دەردەخەن)

- دەستنوسەکانی زەریای مردوو -

سەرەتا:

که باس لە ئەفسانە (میتۆلۆژیا) دەکەین، باس لەو خەسڵەتە تایبەتیە زۆر دێرینانە دەکەین لە دێرۆکی پێش خۆمانەوە وەک سەرچاوە ئامادەییان هەیە و شێوەکانی ئاوێتەی کەلەپور بووە. بە واتایەکی دی چیرۆکەکانی ئەو (خواوەند.. پاڵەوان.. روداو.. هتد) دانە دەگێڕێتەوە کە لە یەکەم بزاوتدا بەدەرکەوتوە و دیاردەی جیاوازی (سروشت و کۆمەڵ) پش نمونەی دیوێکی دیکەی یاخود دەوڵەمەندتریەتی.

ئەفسانە و کەلەپور ناکرێت فەرامۆش بکرێن چونکە سروشی (لامعقول) دەدەن بەدەستەوە، ئەم چەمکە چەندە سنووداربێ یان بەپێچەوانەوە نابێت بێ بناغە پەسەندی بکەین، چونکە حوکمی لێکدانەوەکان لای نەتەوەکان بە کوردیشەوە جۆرێک لە بێباوەڕی تێدایە، فاکتەرەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بونی ئایین لەناوچەکە و هەڵهێنجانی واتاکانی و دەستەواژەکان لە قورئاندا. میتۆلۆژیا (Myth, Mythos) لە چەمکی کلاسیکیدا بەواتای چیرۆکە پڕوپوچەکان هاتوە، لە روی بابەتییەوە جگە لە خواوەندد. پاڵەوانە مەزنەکانیش لەخۆدەگرێ و زۆر بە ئاسانیش هەستی مرۆڤایەتی، سۆز، وێناکردن، هەڵوێست بەرجەستە دەکات و دەبێتە رێنیشاندەری فەلسەفی مرۆڤ لە بوندا.[1]

هێز و توانای چیرۆکە میتۆلۆژیەکان گوزارشتێکە بۆ زاڵ بوون بەسەر سروشتدا، ئەزمونە ئەندێشەییەکان هەر لەو ئاقارەدا بەئەنجام دەگات کە رەنگ دانەوەی بەسەر حەقیقەتەکاندا هەبێت، هەرچەندە بە دەرکەوتنی حەقیقەت بەسەر هێزی سروشتدا، چرای میتۆلۆژیا دەکوژێتەوە.[2]

لە کۆمەڵگای کۆندا گوزارشتەکان زۆر لایەن و نهێنییان ئاشکراکردووە، پاشان بوەتە هەوێنی کۆنترین سەرچاوەی مێژوو، هەر لە هەڵدانی یەکەم بەیداخ لەسەرئەم گەردوونە، مرۆڤ تێڕوانینی بۆ ژیان و باری کۆمەڵایەتی بۆ دیدێکی هاوچەرخانە کردوەتەوە و چەمکی بیرکرنەوە و دەربڕینیشی بە فۆرمی جیاواز نواندوە. خوێندنەوەی بۆ ماتریاڵەکان.. نواپنی بۆ ژیان، گوزارشتێکی هونەریانە بوە و سەرچاوەی باشی بۆ خولقاندوین کە لە کاری هونەری و ئەدەبیدا رەنگیان داوەتەوە و دەیان بینینەوە.

ئەوەی زیاتر بە روخساری ئەفسانەوە و لە شارستانیە کۆنەکاندا دیارە، پاڵەوانەکانی هەڵدەستن بە کاری گەورە و گۆڕینی جادوەکان و بەدەست هێنانی هیواو ئارەزووەکان، پادشا و خواوەندەکان دەرمێنن، زۆر جاریش پادشاکان کوڕی خواوەند یان خواوەندن، ئەم کێشمەکێشە یەکێکە لە ئەدگارە دیارەکانی و ناسینەوەی، بەڵام لە نوسینەوەیدا بە هیچ جۆرێک ناوی نوسەر بەدی ناکرێت یان

خاوەندارێتی ونە، هەندێجار ڕەهەندی ئەو ون بونە دەگاتە ون بونی مێژوو لە دایك بونەکەشی.[٣]

بەبێ مەعریفەی ئەفسانە زمانی ئەدەب کەمێك بێچێژە، زۆرجار لە شیعرا روناکیە میتۆلۆژیەکان دەبینین کە نمونەکانی دەبنە فاکتەرێك بۆئەوەی بڕەوی زیاتر بداتە مۆسیکای هۆنینەوەکە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەو ئاینە کۆنە یۆنانی و ڕۆمانیانەش بکەین کە ڕەنگی داوەتەوە لە ئەدەبدا و پانتایی‌یەکی بەرچاو و بەرینی داگیرکردوە، بوەتە خاڵی هاوبەشی نێوان شیعر و هونەر، بەڵام ئەم چەمکە نەچوەتە خانەی میتۆلۆژیاوە و هەر بەو پەیوەستیە ماوەتەوە بە ئەدەب و چێژەوە و پەلی نەکێشاوە.


جگە لەوەی لای هەر نەتەوەیەك (بەتایبەتی یۆنانی ـ ڕۆمانی و گریکی) ڕەنگدانەوە و ناوی تایبەتیان هەیە بۆ خواوەندەکانیان ناوەکانیش وا گونجێنراوە کە لە توانای مرۆڤەکان دەربچێ و تەنها خۆیان (واتە خواوەندەکان) دەبنە حاکمی قەدەر و زاڵ دەبن بەسەر تێکڕای ئەگەڕەکاندا. جگە لە خواوەندەکانیش دێوودرندەکانیش گیانلەبەرێکن کە خەسڵەتیان یان ئۆرگانیزمیان سروشتی نیە، بە هێزن و بێسۆزیشن، دەیانەوێت ئەو توانا و هێزەیان دژی مرۆڤ بەکاربهێنن و بێترسێنن، تەنها لەبەرئەوەی نەبادا توشی لەناوچون بن.[٤]

زانایان.. فرتابخانەکان.. چی دەڵێن؟

زانایان لەو باوەڕەدان بەکەم کاری ئەدەبی ئەفسانەیی لە پەرستگە و پەیکەری خواوەندەکانەوە سەرچاوەی گرتووە. ـ مارکس دەڵێت: (پێشکەش کردنی هونەری لاشەورە بۆ سروشت). ڕاتە وێنە ئەفسانەییەکان دەبنە هەوێنی زۆربەی هونەرەکان بە ڕێناکردن و لێکدانەوەی جیاواز، جگە لە نوسراوە ئاینیەکان لەسەر ئاستی گەلیان تیرە و هۆز بە بەکارهێنان و گێڕانەوەی ئەو چیرۆکانە و تێپەڕبونی زەمەن بێگومان گۆڕانکاری بەسەردا دێت، هەرچەندە وێناکردن بۆ چەمکی چیرۆکەکان یەك وێناکردنە، لەبەرئەوە ئەو پێکهاتە هاوبەشە دوبارەوەبوە دەبینرێت لە سەرچەم کەلتورەکانی جیهاندا.

– (ڕوبرتسون سمیث W.R.Smith) باوەڕی وایە، ئەفسانەی کۆن لەبری باوەڕی ئایینی و سروتی پرستن بوە، چونکە کەلەپور فۆرمێکی چیرۆك ئامێز لەدەوری خواوەندەکان دەگێڕێ

– (مالینۆفسکی Malinofsky) باوەڕی وایە، ئەفسانە لەبری (دەستوری باوەڕەکانە) کە ئێستا لێکدەداتەوە و باوەڕ بە ئایندەش دەکات.



– لێکۆڵەرەوە (K.O.Muller) مۆللەر باوەڕی وایە ئەفسانە فەرموودەی بێوێنەیە بۆ ڕوداوە مێژویی‌و واقیعیەکان وە دەتوانێ جیاوازی ئەفسانە و ڕاستی دەربخات، ئەو ئەفسانەیەی شاعیر و فەیلەسوفەکان هەڵدەستن بە گۆڕینی قسەو بابەتەکانی.

– (جاکسۆن Jachson) و (ئۆڵدن بێرگ Olden berg) باوەڕیان بە پێڕەو (سیستەم) ی یوهیمر کۆن بوو (لەم پێڕەوەدا دەبێ پاڵەوانی

چیرۆکە ئەفسانەییەکە راستی بێت، وە بەکاری چاکە و نەمری و سەرهەڵدانەوە هەڵبسێت، جگە لە گۆڕینی مرۆڤ بۆ خواوەند).

- (ماکس مۆللەر Max Muller) ئەفسانە بە وێنەیەک لە وێنەکانی هزر دادەنێ و بەهۆی زمانەوە دیاری دەکرێت.

- (ئی. بی. تایلەر E.B.Taelar) کە یەکێکە لە دامەزرێنەری قوتابخانەی ئەنترۆپۆلۆژی و کاریگەری گەورەی هەیە بەسەر قوتابخانەکانی دیکەدا، هێرشی دەبردە سەر قوتابخانەی زمانەوانی، وە ئەو پێوەوە ئەفسانە لەیەک چوانەی کۆدەکردەوە بۆ دەست خستنی زانستی راستی ئەفسانە، لەگەڵ بەراوردکردنی یەکە بەیەکەیان.

- (هربرت سپنسر Herbert Spencer) شوێن کەوتنی بیروباوەڕی ئەنترۆپۆلۆژییە و خاوەنی (فەلسەفەی پێشکەوتن)ە ئەفسانە وا دەبینێ کە (دەقێکە پێشینان[19] دەیپەرستن).

- ئەریک فرۆم Erich Frowm) جەخت لەسەر ئەفسانە بە زمانێکی هێمایی راڤەی هزرە ئاینی و فەلسەفی و ئەخلاقییەکان دەکات، بۆئەوەی جیهان دەوڵەمەند بێت لە زانین و مەعریفە پێویستە لە بابەتەکان بگەین

پرۆسەی وێناکردن و کاریگەری (چالاکی) پرۆسەیەکە دوبارەدەبێتەوە لە ئەندێشەدا، کاتێک بمانەوێت دەست بکەین بە توێژینەوەی کۆمەڵگا جیاوازەکانی ئەم سەردەمە، ئەوە دەبێ بەتەواوی رەچاوی خودی مادە ئەفسانەییەکەی بکەین، ئەوکاتە خوێندنەوەی تایبەتیمان چنگ دەکەوێت.[5]

لێرەدا پۆلێنی قۆتابخانەکان دەکەین لە (یوهیمر) هەتا (مالینۆفسکی) بۆ (لیفی شتراوس)، کە لەسەر سێ پرنسیپ راوەستاون:

١- ئەفسانە گوزارشت لە راستیەکانی مێژوو دەکات.

٢- ئەفسانە هێمایە بۆ راستی فەلسەفە بەردەوامەکان.

٣- ئەفسانە رەنگدانەوەیەکە بۆ ئەو پرۆسە ئاسایییەی جار لە دوای جار لە خولانەوە ناوەستێت.

ئەم قوتابخانانەش شوێن کەوتەی یەکێک لەم شەش پێڕەوەن:

١- پێڕەوی یۆهیمری: بە کۆنترین پێڕەو دادەنرێت، چیرۆکی پاڵەوانە نەمرەکان لە دیدی ئەفسانەدا دەبینێ.

٢- پێڕەوی ئاسایی: پاڵەوانە ئەفسانەیەکان بە دیاردەیەکی سروشتی دادەنێ پاش ئەوەی لە ئەفسانەدا دەستنیشان دەکرێ یان خود رەنگ دەداتەوە ئەوکاتە چیرۆکەکە دەبێتە چیرۆکی کەسایەتیە پیرۆزەکان.

٣- پێڕەوی مەجازی: بەو واتایە دێت، ئەفسانە چیرۆکێکی مەجازییە و قوڵترین واتای فەرهەنگیش دەشارێتەوە.

٤- پێڕەوی هێمایی (رەمزی): چیرۆکی هێمایی بە فەلسەفەی تەواوی سەردەمەکەی دادەنێ، لەبەرئەوە پێویستە توێژینەوەی هەمان سەردەمی خۆی بکرێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی هێماکانی ئەفسانە.

٥- پێڕەوی ژیری (العقلی): بۆ نەشو نماکردنی ئەفسانە دەچێ لە ئەنجامی خراپی تێگەیشتن، یاخود کردنی هەڵەی کۆمەڵگەلێک بە لێکدانەوە یا گێڕانەوە یا خوێندنەوەیان بۆ رۆمانێک یا روداوێکی کۆنتر.

٦- پەیڕەوی شیکردنەوەی دەرونی: وای دادەنێت ئەفسانە هێمایەکە بۆ ئارەزو و هەڵچونەدەرونیەکان[6].

ئەوەی تا هەنوکە لە زانستی میتۆلۆژیا دەرکەوتوە لەلایەن توێژەرەوەکان نەگەیشتونەتە ئەو ئاست و رەتگە (مرحلە) ی پێگەیشتنە، ئەم هەوڵەش سەرەتایەکە بۆ دەرکەوتنی فۆرمەکانی، چونکە میتۆدەکان پرۆسەی وێناکردنن و چەند بارە دەبنەوە.

لێرەدا باس لە چیرۆکێکی هاوبەش دەکەین کە لە زۆربەی پارچە جیاوازەکانی سەرزەوی و لەلایەن کەس - گەل - ەکانەوە بە فۆرمی جیاواز جیاواز دەخوێنرێتەوە.. ئەویش (چیرۆکی لافاوە مەزنەکەیە)، ئەو چیرۆکەی تێکڕای مێژوی مرۆڤایەتی ئاگاداراە، زانایانی جیۆلۆجی (زەمین ناسی) باس لە

دوو جۆر لافاو دەکەن، یەکێکیان گشتی و ئەوی‌تر تایبەتی.
دەڵێن پێش دروست بونی مرۆڤ لافاوێکی گشتی بەسەر زەوی‌دا هاتوە و زۆربەی پاشماندەکانی لەسەر شاخ و ئەشکەوتەکان گوزارشتی لێدەکەن، بەڵام لافاوی تایبەتی لە ئەنجامی باران و بەفر تواندنەوەدا رودەدات چی گیانلەبەر و کشتوکاڵە دەبێتە خۆراکی و چەند رۆژێکی دیاری‌کراویش دەخایەنێت.(*)
زەینەفون باس لە پێنج لافاو دەکات روی‌دابێت، (تیودروس الصقلی) بە لافاوی شەشەم ناوزەدەکات. یۆنانی و یابانی و هندیەکان دەڵێن لە (٢٣٠٠ پ.ز) دا لافاوێك هات و دورگەی (بڕون) ی وێران کرد، یاخود مەکسیکیەکان دەڵێن سالّی (٤٠٠٨پ.ز) دوای دروست بونەوە تەنها ژن و پیاوێك رزگاری‌بوو.(٧)
ئەوەی لێرەدا مەبەستمە ئەو لافاوە زیاتر بە لافاوی (نوح) ناسراوە و خوێنەر لە زانیاریەکان و وێناکردنەکان و خوێندنەوەکانی ئاشنا بکەین!

رەوتار (سیرة) ی لافاو!

سەرەتا قورئانی پیرۆز باسی رودانی لافاو دەکات و زیاد لە چل جار ناوی پاڵەوانەکەی (نوح) دەهێنێ. بێگومان گرنگی هێنانەوەی ئەم چیرۆکە ئەو پەیامەیە کە چیدی مرۆڤ نابێت لە فەرمانی یەزدان دەربچێ، هەرچەندە بە چەند شێوازێکی جیاواز نوح پێغەمبەر گەلەکەی ئاگادارەکاتەوە تا ئەنجامەکەی هەر ئەوانە رزگاریان دەبێت کە لە کەشتیەکەدا دەمێننەوە.
کاتێك لافاو هێور دەبێتەوە و کۆتایی‌دێت ژیانێکی نوێ بەرەو روی مرۆڤایەتی دەبێتەوە و کەشتیەکەش لەسەر شاخی (جودی)(**) لەنگەر دەگرێت (بەپێی شوێنگە جوگرافیەکە شاخی جودی دەکەوێتە کوردستانەوە)، (و قيل يا ارض ابلعي ماءك و يا سماء اقلعي، و غيض الماء و قضي الأمر واستوت على الجودي و قيل بعداً للقوم الظالمين)(***) هود – ٤٤– ئاشنایەتیمان بۆ ئەم چیرۆکەی قورئان بەڵگەنەویستە، هەربۆیە دوبارەی ناکەینەوە، بەڵکو خوێنەران بە سەردە نامۆکانی دیکە ئاشنا بکەین.
یەکگرتنەوەی تێکڕای چەمکی چیرۆکەکان کۆکن لەسەر ئەوەی ئەو ئافاتە سزادانێکە بۆ مرۆڤ.
چەندین چیرۆکی دیکەش ئامادەیی هەیە باس لە ئافاتی (بوومەلەرزە، سوتان، هەرەسی شاخ، نەخۆشی و پەتا، مارو ئەژدیها.. هتد) دەکات، بەڵام ئەوەی جەختی لەسەردەکەین ئەو دەمارگیریەیە، چیرۆکەکان باس لە پارچەبون و لەناوچونی زەوی ناکەن بەڵکو دەڵێن: لەناوچونی ئەوەی لەسەر زەوی‌یە و دوبارە لەدایك بونێکی نوێ. شوێنگەی رودانی لافاوەکە تا سالانی (١٩٢٠) نادیاربوو.
ئەوکات کۆمسیۆنێك پێکهاتبو لە توێژەرەوەی ئەنتیکە و ماتریالّە میژوییەکان لە موزەی بەریتانی و زانکۆی بنسلفانیای ئەمەریکی بە سەرۆکایەتی (لیۆنارد) هاتە عێراق و سەردانی تل العبید یان کرد کە چوار میل لە شاری ئورەوە دورە. لە کاتی هەڵکەندنی هەندێ شوێندا و بەهۆی (رادیۆ – کاربۆن) ەوە قاپ و قاچاخ و پەیکەری قوڕی سورەکراو کەرەستەی (صوانی) دێتە بەرچاویان کە ئەمانە تەنها لە چاخی بەردیندا بەکارهێنراون، لەژێر تاقیکردنەوە و بەدواداچونێکی زانستیانە بۆیان دەردەکەوێت ئاو فاکتەرێکی سەرەکی بوە بۆ دروست بونی ئەو چینانە و جەختیان لەسەر ئەوەکرد ئاو ناوچەکەی داپۆشیوە کە بەرزیەکەی لە (٢٥) پێ کەمتر نەبوە، هەرچەندە تەورات بە (٢٦) پێ مەزەندەی دەکات.
لیۆنارد باوەڕی وابو ئەو لافاوە تێکڕای جیهانی نەگرتوە بەڵکو تەنها ناوچەی (دەڵتەو فرەهات) ی گرتۆتەوە بە شاخ و بیابانیەوە، جگە لەوەی ئەم ناوچەیە سەبارەت بە تێکڕای خەڵکی هەموو جیهان بووە.(٨)
لەم سالانەی دوایدا هەندێك پارچە تەختەی ئەو کەشتی‌یە لە کوردستانی باکوردا دۆزرایەوە. توێژەرەوەکان سەرەتا چمکێکی ئەو لایەنەیان گرتبوو زۆرتریش وەك ئەو ئەفسانانە دەیانڕوانی کە هەنوکە لەناوماندایە.
(گ.شلیمان) ی زانای ئارکۆلۆژی ئەڵمانی بەهۆی وردبونەوە و لێکۆڵینەوە لە چەند دێڕێکی نادیاری

هەڵبەستەکانی ئەلیادە ی هۆمیرۆس توانی شوێنەواری شاری تەروادە بدۆزێتەوە و سەرلەنوێ کەلاوەکانی بخاتەوە بەر تیشکی روناکی، ئەو تەروادەیەی تا ئەوکاتە بە ئەنجامی بیرێك لە ئەندێشە دروست کراو دائەنرا کردیە راستییەکی بەڵگەنەویست. زانایانی ئەمڕۆش لەو باوەڕەدان گەر ئەوە لە رابردرودا و لە شوێنێکی دیاریکراودا رووبدایێت، زەوی گۆڕانکاری دیکەی بەسەردا دێتەوە، بەڵام بە دوو جۆر:

یەکەمیان: نەگەیشتنی گەرمای خۆر بەپێی پێویست، ئەوکاتەش سەرزەوی دەبێتە پارچەیەك بەستەڵەك و کارەساتێکی ژینگەیی دروست دەبێت و ژیان کۆتایی دێت یان بەپێچەوانەوە زەوی لە خۆر نزیك دەبێتەوە ئەوە هەردوو بەستەڵەك دەتوێتەوە جارێکی دیکە ئاو سەرزەوی داهەژێنێ یان سەر زەوی بە تیشکی خۆر گڕدەگرێ و دەسوتێت.[9]

لافاو لە تێکستی بزماریدا:

لافاو لە دەقە بزماریەکاندا گوزارشتی لێکراوە و پاڵەوانەکەشی دەست نیشان کراوە وەك:

ا- تێکستی یانزە لە داستانی گەلگامیش.

ب- دەقە سۆمەریەکان: داستانی (زیو – سۆدرا).

ج- چیرۆکی(بیرۆسیس).

د- داستانی (ئەترام – هاسیس) سەردەمی بابلی کۆن.

لێرەدا هەوڵ دەدەین بە کورتی باسیان لێوەبکەین چونکە یارمەتی دەرمان دەبێت بۆ سەردەکانی تر.

() توێژەرەوەی بەناوبانگ (ئەرنۆ پۆیبێڵ Arno poebel) لە ساڵی (١٩١٤) دا تێکستێکی بڵاوکردەوە بەناوی (زیو – سۆدرا Ziu Sudra) واتە (نەمری یان ژیانی سەرمەدی) کە لە شاری (نفر) دۆزرابوەوە و مێژوەکەی دەگەڕایەوە بۆ نزیکەی (٢٠٠٠ ساڵ پ.ز)ە زیو – سۆدرا شێوازێکی سۆمەریە، بابلیەکان بە (ئەوتۆ نەبشتەم یان بە ئەوتا – نەبشتەم) ناوی دەبەن واتە (بینیم یان ژیانم دۆزیەوە). زیو – سۆدرا لە سەرچاوە کلاسیکیەکانی یۆنانی و رۆمانیەکان بە (خیسثرۆس Cxisuthres) ناودەبرێت.

کاتێك (ئەیا) ی خواوەند بە خیسپرۆس رادەگەیەنێ و پێی دەڵێت: (ئەی کوڕی ئوباراتوتو، خانوەکەت بڕوخێنە و کەشتیەك دروست بکە، گوێ مەدەرە کەل وپەل و سامانت و خۆت رزگارکە، بەڵام بیرت نەچێ گیان لەبەری جیا جیا لەگەڵ خۆت هەڵگرە).

بەکورتی زیو – سۆدرا پادشایەکی باش و لەخواترس بوە لەلایەن خواوەندی ئاو (ئانکی) ئاگادارەکرێتەوە و فەرمانی پێدەدرێت کە کەشتیەك دروست بکات و بەرگەی بارانی زۆر و گێژەڵوکە بگرێت چونکە بەنیازە بەشەریەت لەناوبات. بە درێژایی حەوت شەو و حەوت ڕۆژ باران دەبارێت، لە ژێر کاریگەری شەپۆلە بەهێزەکانی دەریاوە کەشتی هەڵدەگەڕێتەوە ! پاش خاوبونەوەی لافاوەکە خواوەندی خۆر (ئەوتۆ) خۆر پەخش دەکات بەسەر زەویدا و جارێکی دیکە زیو – سۆدرا نەبەردەمیدا دەبینێتەوە.[10]

() خواوەند (کرونوس Cronus) گەورەترین خواوەندی یۆنانییە لە دوای (ئۆرانۆس) ی خواوەندی ئاسمان، دێتە خەوی پادشا (ئەرداتس Ardates) کە (١٨ سار – واتە ٦٤٨٠٠ ساڵ) حوکمی کردووە، پێی رادەگەیەنێ لافاوێك روودەدات لە ڕۆژی (١٥) ی مانگی (دسیوس – Daisios– ئایار)، هەموو بەشەریەت لەناودەبات.

ئەرداتس فەرمان دەدات لە شاری (سپار – شاری خوای خۆر) چاڵێك هەڵکەنن گشت نوسین و شتە مەعریفیەکانی مێژوی سەرەتا تا کۆتا هەموو شتێك بنوسنەوە و تێیدا بشارنەوە، پاشان فەرمان دەدات کەشتیەك دروست بکەن و خەڵکەکەی تێبکەن بە درێژی پێنج (ئیستاد – Stades) و پانیەکەی دوو ئیستاد(***). لەم گێڕانەوەیەدا ئەو خاڵە جیاوازە بەرچەستە دەکرێ لەچاو گێڕانەوەی دەقە بزماریەکانی دیکەدا بەوەی:

١–دەستنیشان کردنی کات: بە واتە مانگ و ڕۆژی کارەساتەکە، جگە لەوەی ئەو دەست نیشان کردنە لە تەوراتیشدا هاتووە.

٢– شاردنەوەی نوسینەکان لە شاری (سپار) دا.[11]

() بابلیە کۆنەکان قەصیدەیەکی درێژی (١٣٠٠) بەیتیان هەیە و بەسەر سێ تێکستدا دابەش کراوە بەناوی (ئەترام – هاسیس Atram- hasis) هەوە

واتە (نەهی‌کردن لە حیکمەت). ئەم قەصیدەیە باس لە زۆربونی مرۆڤ دەکات، خواوەندی تاعون (نەمتارا namtara) دەیەوێت بە نەخۆشی لەناویان ببات و لە ئەنجامدا دەیکات. بەڵام دوای ماوەیەک رێزەی دانیشتوان زۆر دەبێتەوە بە ناچاری پەنا دەباتە بەر خواوەندی باران (ئەدەد) و داوای لێدەکات باران نەبارێنێ تۆئەوەی وشکی و بێئاوی قڕ بخاتە ناویان. وشکی و بێئاوی روەکاتە زەوی بۆ ماوەی شەش حەوت ساڵ، تا وای لێدێت مرۆڤ دەخوات، ماڵ منداڵی خۆی دەکاتە نێچیر، لە ئەنجامدا خواوەند (ئەیا) پەنا دەباتە بەر خواوەند (ئەنلیل) کە پارێزگاری لە بونی بەشەریەت بکات و لەو برسیەیە کوشندە وشکیەی کەم بکاتەوە تا بارانێکی زۆر دەبارێنێت و دەبێتە هۆی دروست بونی لافاو کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە دانستانی گەلگامیشدا ناوی هاتووە.[12]

سەردە میتۆلۆژیەکان لای گەلانی جیاواز

گەلی کورد: ئاهورامەزدا ئامۆژگاری یەکەم مرۆڤ و پیاوچاکان دەکات پەنا بەرنە بەر قەڵا، گیاندار و رووەک و خۆراک لەگەڵ خۆیاندا بەرن.. (لافاوەکە هات گشت خانوە زێربنەکانی لەناوبرد)، ئەوەی جێی سەرنجە مرۆڤی ئەزکاتە پیری و مردنی نەدەزانی.

کتێبی پیرۆزی زەند – ئاوێستا دەڵێت: (کاتی دروست بونی لافاوەکە ئاو هێندەی بالای مرۆڤێک بەرزبوەوە). لەلایەکی دیکەشدا باسی ئەو تاریکیە دەکات باڵی بەسەر وڵاتە رەنگینەکەی باپیرانی (ئاری) دا کێشاو بوە هۆی پەیدابونی بەستەڵەک و سەرما، هەروەها دەڵێت: گەلی ئاریم ئاگادڕی هاتنی ئەو سەرمایە کردوە (زستانێکی کوشندەی وا دێت هەموو جیهان دەیبەستێ.. بەفر بە بەرزی چوارده پەنجە جێیان دادەپۆشێ).

کتێبە پیرۆزەکانی هیندیەکانیش بێبەری نین لەو گێڕانەوانە و ئامادەییان هەیە وەک (بەرهەمنا – مهابهارات و بران).

کتێبی پیرۆزی بەرهمانە کە لە سەدەی هەشتی پ.ز دا نوسراوە دەڵێت: نەهەنگێک لە نەهەنگەکانی دەریا هەواڵی لافاو بە (منو) ی خواوەند رادەگەیەنێ و ئامۆژگاری دەکات کەشتی دروست بکات. کاتێک لافاوەکە روودەدات نەهەنگەکە کەشتیەکە بەرەو باکور رادەکێشێ و لە نزیک شاخێک لەنگەری پێدەگرێت و چاوەڕێی کەم بونەوە و کشانەوەی ئاو دەکات.

کە بوونەوەر دەبنە قوربانی، یەزدان ژنێک دەبوژێنێتەوە و لە پشتی ژنە خۆی مارە دەکات، سەرلەنوێ زەوی دەبوژێتەوە و بنیات دەنرێتەوە. کتێبی پیرۆزی مهابهارات کە لە پێش (۳۰۰۰) ساڵ دا نوسراوە جەخت دەکات و دەڵێت: ئەو (منو) ە پیاوێکی زۆر چاک بووە. بەڵام چیرۆکی کتێبی بران ناوی منو ناهێنێ بەڵکو دەڵێت خواوەند (وشنو) شێوەی نەهەنگی وەردەگرت و بە پادشا (ساتیاوارت) ی راگەیاند کە رودانی لافاوێک نزیک بۆتەوە. ئەم چیرۆکە ئەفسانەییانە لەناو هۆزە هندۆسەکاندا جیاوازیان هەیە، بەتایبەتی لە هەرێمی سکیم و (ئاسام).

بوودیەکانی هندو یابان و چین دەڵێن: ماری (ناگا) نیشانەی لافاوە، لە گۆم دا دەژی و رێگەنادات بە کەس لەو درەختە پیرۆزە تایبەتە نزیک بێتەوە کە خواردنی بەرەکەی چاوی مرۆڤ وا بەهێز دەکات هەموو رابردوو ببینێ. هەواڵی لافاو لەناو ئوستراڵیەکانیشدا رەنگی داوەتەوە دەڵێن: (بۆقێکی زەبەلاح ئاوی سەر زەوی هەڵ دەلوشێ چی گیانەوەر هەیە لە تینودا دەمرن و هیچ هۆیەک نادۆزنەوە بۆ دەرهێنانی ئاوەکەی دەمی تا ماسیەک لە شێوەی نەهەنگدا دەکەوێتە ختوکەی بۆقەکە و بۆقەش دەداتە تریقەی پێکەنین و ئاو لە دەمی دەردەچێ و لافاو رووەدات). هەندێک هۆزی ئەمەریکای باشور دەڵێن: (دروست بونی لافاو لەئەنجامی راکردنی دوانەیەکەوەیە بەسەر زەوی‌دا رادەکەن و لە ژێر قاچیان کارێزەکان دەتەقن.

لە ئەمەریکای ناوەڕاست و باکوریشدا چیرۆکی لافاو زۆرە بەگشتی دەربارەی ئەو ئافاتە دەدوێن کە دابەزیوەتە سەر زەوی و وێرانی کردووە یان لە ئایندەدا دێت و سەرزەوی وێران دەکات، جگەلەوەش باوەڕیان بە نوێبونەوەی جیهانە، پاش ئەوەی توشی لەناوچون دەبێ تاوانبارانیش لەناو دەچن.

ئەم جۆرێ گێڕانەوانە لای هۆزە سەرەتاییەکان ئاڵۆگۆڕدەکات، دانیشتوانی دورگەی (ئەندمان) کە کەوتوەتە کەنداوی بەنگالەوە باوەڕیان وایە هەنوکە دوای لەناوچونی ئەم جیهانە مرۆڤ بۆ جارێکی دی دەردەکەوێتەوە ئەوکاتە خۆشی و سود لە ژیانی

بەختیار دەبینێ و نەخۆشی و پیری و مردن نابینێتەوە.
یەکێك لە زانایانی زمانی ئینداندانی دەڵێت: لە زمانی هیچ هۆزێکدا نیە کارێك گوزارشت لە رابردوو ئایندە بکات وە ناشتوانرێت جودابکرێتەوە کە ئایا ئەو میتۆلۆژیایە گوزارشتێکە یۆ ژیانێکی بەختەوەری بەسەرچوو یان ژیانێکی نوێ.
ئەفسانەکانی کەندای کارۆلینا (دەکەوێتە ئۆقیانوسی هادی و نزیك و ئوستڕالیا) دەڵێن: (ئۆرێبیك Aurepik) کە کۆڕی بنیاتنەری جیهانە بە فرمانی لافاوەکە هەڵدەستێت کاتێك دەبینێ دەسەڵاتداران لە حەقیقەت لادەدەن و گرنگی بە کەسانی دی نادن بەتایبەتی ئەوانەی لە ئاستی خوار خۆیانەوەن لەو کەندارە بە گێژەڵوکە نغرۆیان دەکات، ناشڵێن ئەو نغرۆبوونە کۆتایی ژیانی کەندارەکەیە و بەڵکو دەرئەنجامەکەی سزا و گوناهە، بەڵام یەزدان کەسانی نوێ و ژیانی نوێ بنیات دەنێتەوە.
هۆزەکانی (نیگریتو – Negrito) تێکەڵ گەلێکە لە هۆزەکانی ئەندەلوسی و مالیزی، باوەڕیان وایە خواوەند (کاری – karei) هەموو جیهان لەناودەبات، چونکە لایان داوە لە فرمانەکانی بەڵام بەشەریەت دەتوانێ بە بەخشینی قوربانی تۆبە بکات. بێگومان ئەوەش تاوانبار و بێتاوان دەگرێتەوە، گەر ئەو کارەساتە رووبدا یەزدان هیچ بونەوەرێکی نوێ دروست ناکاتەوە هەر لەبەرئەوەشە ئەو هۆزانە خواوەند (کاری) بە خراپ ناودەبەن و وەك دوژمنی خۆیان سەیری دەکەن کە بەهەشتی لێدزین.
هۆزی (گوارانی – Guarani) یەکێکە لەو هۆزە هندە سورانەی باشوری بەرازیل باوەڕیان وایە لەناوچونی جیهان بە سوتان یا بە لافاو کۆتایی دێت، جێی سەرسوڕمانە لە سەدەی شانزەهەمەوە کۆچوڕەو دەکەن و دەگەڕێن بەشوێن خاکێکی چۆڵ دور بێت لە تاوان و گوناه. تا ساڵی (١٩٥٦) گەڕانەوە و نیشتەجێبوون دوای ئەوەی هەستیان بە بۆگەنی ئەو بیروباوەڕە کرد.
هەندێ هۆزی دیکەش هەن باوەڕیان وایە دوای لەناوچونی جیهان بونەوەری نوێ دروست دەبێتەوە بە گەڕانەوەی مردن بۆ ژیان، کۆمەڵگەلێکی دی باوەڕیان وایە لەناوچون کۆتایی جیهانە.
لە زۆربەی ئەفسانە هیندو – ئەمریکیەکاندا هاتووە، ئەم لەناوچوونە دەوری یەو بە کاتی رێك و پێك بەڕێوەدەچێ.
هۆزی (ئەزتیك Azteque) لە ساڵی (١٣٢٥) هاتنە مەکسیك و دەسەڵاتی ولاتیان گرتە دەست تا ساڵی (١٥٠٢) ئینجا ئیسپانیەکان هاتن، ئەم هۆزانە لەلایەکی گەورەی، مەدەنیەتدا بوون و رێکخراوەیی سیاسی و فەرهەنگیەکی بالایان هەبوو لەگەڵ پیتی هجائی، باوەڕیان وایە جیهان سێ یان چوار جار وێران بووە، چوارەم یان پێنجەم بەڕێوەیە: دەڵێن: ئەم جیهانە لەکۆی جیهان گەلەکانی دیکە (مەبەست گەردونە) بەهۆی خۆرەوە بەڕێوەدەچێ، کەوتنی ئەو خۆرە و ئاوابوونی یاخود ون بونی دەبێتە هۆی کارەساتی لەناوچونی جیهان.
لە کۆی ئەم بۆچون و بیروباوەڕانەدا بۆمان دەردەکەوێت ئافاتی ئاسمانی ئەنجامێکی بەڵگەنەویستە بۆ پێربوون و لەناوچونی جیهان، هەرچەندە ئەم بۆچون و باوەڕەش لە هەردوو ئەمەریکادا باوە.
هۆزی (شیرۆکی – Sheroky) هۆزێکە لە ولایەتی ئۆکلاهۆمای وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا باوەڕیان وایە کەی شاخەکان داڕمان ئەوە گوریسەکە دەپچڕێت و وشکانی لەناو ئۆقیانوسەکاندا نوقم دەبێ. وێناکردنیان بە جۆرێکە زەوی نیوەدورگەیەکی هەڵواسراوە بە قوبەیەکی ئاسمانیەوە بە چوار گوریس.(١٢)
ئەفسانەیەکی دیکە دەڵێت: دوای ئەوەی یەزدان زەوی نغرۆ دەکات ژن و مێردێك دروست دەکات و دەیان گەڕێنێتەوە بۆ بنیات نان وەك سەرەتای دەست پێکردنی ژیانی ئادەم و حەوا.
لە سەردەمی (بەرهەمناو بران) دا – واتە ٨٠٠ ساڵ پ.ن) باوەڕی ئەوە دەرکەوت ئەدوار ی چوار گەردونەکە بە نغرۆبوونی جیهان کۆتایی دێت و پاشان سەرلەنوێ دروست دەبێتەوە دوای هەزار لەناوچوون و هەزار دروست بونەوە، ئاستۆ گرەگرێت بە گەرمای حەوت یان دوانزە خۆر، دەریاکان وشك دەبن، زەوی گرەگرێ، پاشان باران دەبارێت بە درێژایی دوانزە ساڵ بێ بڕان، تا زەوی نوقوم دەبێت، هەموو بونەوەرێك لەناودەچێ، زەوی سەرلەنوێ دروست دەبێتەوە بۆ کاتێکی نادیار.
باوەڕ و لەدایك بوونی دەوری لە کاتی (هیراقلید، ٥٤٠–٤٨٠ پ.ن) لە یۆنان دەرکەوت، کە یەکێك بووە لەو کەسانەی باوەڕی زۆری بە گەڕانەوەی سەرمەدی بووە، ئەم بیروباوەڕەش هەڵدەسێت بەوەی زەوی ئەزەلیە و لەناودەچێ، جارێکی دیکەو و سەرلەنوێ بەشێوەی دەوری دروست دەبێتەوە.

ئەمانەی سەرەوە هەندێك بیروباوەڕی هۆزە دێرینەکان بوو سەبارەت بە چیرۆکی لافاو، وا دەرکەوێت هەندێکیان لەوی تریان وەرگرتبێت بە هەندێك دەست کاریەوە، کە دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی باری تایبەتی هەریەکێك لەو هۆزانە.
گەر بگەڕێینەوە سەر تەوراتیش دەبینین بێبەری نیە لە گێڕانەوەی چیرۆکی لافاو و وەکو لە سفر: الاصحاح السادس، الاصحاح السابع، الاصحاح الثامن

و الصحاح التاسع) دا هاتووە، وەکو گێڕانەوەی دێرۆکی کلدانی و تاشوری و سۆمەری و میسریەکانە.
لە ئەصحاحی شەشدا هاتوە، یەزدان دەبینێ خراپەی مرۆڤ زۆربوە و خۆزگەکانی دڵ پێچەوانەی کردارە باشەکانە، دڵ تەنگ دەبێت، بڕیار دەدات ئەو مرۆڤەی دروستی کردوە لەسەر زەوی بسڕێتەوە و دەفەرموێت بە نوح کۆتایی هەموو بونەوەر هاتووە، تۆش کەشتیەك دروست بکە، چونکە هەر جەستەیەك گیانی تێدابێت لەژیر ئاسماندا، لەناوی دەبەم.
لە ئەصحاحی حەوتدا دەگێڕێتەوە دوای حەوت رۆژی دیکە بۆ ماوەی (٤٠) رۆژ و شەو باران دەبارێت، چی لەسەر زەوییە دەسڕێتەوە، ئەو روداوە لە (٦٠٠) ساڵی تەمەنی نوح ڕوویداوە، لە مانگی دووەم و لە رۆژی (١٧) دا. گشت کانی و کارێزەکان دەتەقن، هێزی ئاسمان باران دەبارێنێ و دەرگاکانی دەکرێتەوە، شاخەکان دادەپۆشرێن، (١٥٠) رۆژ ئەو ئاوە بەوجۆرە دەمێنێتەوە.[١٤]
لە ئەصحاحی هەشتدا دەڵێت: کەشتیەکە لە مانگی حەوت و لە رۆژی (١٧) لە شاخەکانی ئارارات دا لەنگەری گرت، تاکو مانگی (١٠). لە سەرەتای مانگدا ئاوەکان دابەزین و لوتکەی شاخەکان دەرکەوتن. پاشان نوح کۆترێك دەنێرێ تا بزانێ ئاو کەم بوەتەوە، پاش ماوەیەك کۆترەکە دەگەڕێتەوە چونکە نەیتوانیوە بەئەندازەی قاچی وشکانی بدۆزێتەوە. پاش حەوت رۆژی دیکە کۆترەکە دەنێرێتەوە لە ئێوارەدا گەڵازەیتونێك بە دەنوکیەوە دەبێت، بەوەدا دەردەکەوێت ئاو نزم بوەتەوە. دوای حەوت رۆژی دیکە کۆترەکە دەنێرێتەوە بەڵام ئەمجارە ناگەڕێتەوە.[١٥]

پەراوێز:

**** سەرەتا بابەتێکی د. اسماعیل صگرم لەبارەی (طوفان) ەوە بینی پاش خوێندنەوەم و بەراورد کردنم لەگەڵ ئەو زانیاریانەی لام بون بەتایبەتی کتێبی (نهێنی کۆنترین میژوو) بۆم دەرکەوت ئەم زانیاریانە گەلێك زیاتر و نوێترن و لە کتێبەکەدا نیە، تا لە ئەنجامدا کەوتمە سۆراغ کردنی زیاتر و کۆکردنەوەی بەڵگەنامەکان تا ئەم بابەتەم لێئامادەکرد.
– (یەك ئیتساد= ٢٢٠ یاردە)

* لەو لافاوە تایبەتیانەی ڕوویداوە لە سەدەی بیستدا:
لە (١٦) ی نیسانی (١٩٢٧) لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لافاوێکی گەورە ڕوویدا بەوەی ئاستی ئاوی ڕوباری (میسیسپی) بەرزبووەوە لەئەنجامی باران بارینێکی بەردەوامدا بۆ ماوەی دوو رۆژ. بەم کارەساتە حەوت ولایەت زەرەرمەندبون، زۆر بە پەلە سەرۆکی پێشوی ئەوکاتە (کۆلیدج) فەرمانیدا (٤٠ هەزار سەیارە و ٥٠ هەزار بەلەم) بخرێتە خزمەت ئەو کەسانەو رزگاربکرێن. پاش (١١) ڕۆژ سەرۆك سەردانی شوێنی روداوەکە دەکات دەبینێ هەردوو شاری ئەرکەنساس و نیو ئۆرلیانس بەتەواوی لە ئاودا غەرق بوون. یاخود، لە ساڵی (١٩٣١) وە لە وڵاتی چین ڕوباری (یانغسی) پڕدەبێ و لێی دەڕژێ و دەچێتە ناو ماڵی زیاتر لە (٤٠ ملیۆن کەس) وە، کە (٤) ملیۆنی بونە قوربانی و زیاد لە (٣٠) ملیۆنی بێ ڕێوجێ مانەوە.
** جودی لەشێوەی دەنکیدا وەك وشەی (کوردی) یە کاتێك پیتی (ر) ی لێبکرێتەوە، ئەمین زەکی بەگ لەو (٣٢) ناوەی کە بۆ میژوی کۆنی نەتەوەکانی هەڵبژاردووە تەنها ناوی کوردی جیاکردۆتەوە بەوەی لە (کوتی و جوتی کورتی و سیرتی وکورداها و کارداها)وە بێت، وشەی جودی وشەیەکی لۆکاڵییە، تا ئەوکاتەی حەزرەتی عیسان نەهاتە ئەم ناوچەیە موسوڵمانان ناوی جودییان نەبیستبوو.
*** ئەو ئایەتانەی لە قورئاندا باسی لافاوی نوح دەکەن ئەمانەن (الأعراف ٥٧، التوبه ٧١، یونس ٧١، ابراهیم ٩، الحج، ٤٢، الفرقان، ٣٣، ص١٢، المؤمن ٣١، یونس ٤٧، الحاقه ١١، هود٤٤).

سەرچاوە:

١) الاسطورة والتراث، سید محمود القیمي – سوریا – ١٩٩٣.
٢) الموسوعة الفلسفیة.
٣) الأسطورة والتراث.
٤) موسوعة الأساطیر – و. حنا عبود.
٥) الأسطورة والتراث.
٦) هەمان سەرچاوە.
٧) الطوفان: سید محمد – موصل – ١٩٧١.
٨) قصص الانبیاء: المسمی بعدائس ادجالس.
٩) طوفان: د. اسماعیل صگرمجلة العربي – ژمارە ٢٧١.
١٠) ملحمة گلگامش: طه باقر – ١٩٨٠.
١١) هەمان سەرچاوە.
١٢) نهێنی کۆنترین میژوو : ا. گەریۆفسکی.
١٣) الطوفان عند الأمم: د. احسان حقي/ مجلة العربي – ژمارە ٢٦٨.
١٤) القصة في القران الكريم. د. عبدالرحمن محمود شيحاته – ١٩٧٦.
١٥) هەمان سەرچاوە.

بووزا، ئەو رابەرەی دژایەتی بت و بت پەرستی دەکردو خۆی بوو بە بت!

ئەفسانەی بووزا و سەرهەڵدانی ئایینی بووزایی.

وەرگێڕانی:
حەسەن عەبدولکەریم

هەموو کەسێکی لات و هەژار لە هەموو کات و شوێنێکدا، ئاواتەخوازی ئەوەیە ببێ بە پاشایەک، ئەی بیستووتانە شازادەیەک ئاواتی ئەوە بخوازی ببێ بە هەژار و لات و ئاواتەکەشی بێتەدی؟!

پێش ٢٥٠٠ ساڵ، لە بناری شاخەکانی هیمالایادا، شانشینیەک هەبووە بە ناوی (ساکسیا)، شای ئەو وڵاتە ناوی (سود هودانا جوتاما) بوو، شایەکی بەهێز و تواناو زۆر دەوڵەمەندبوو، گەلەکەی خۆش دەویست و، گەلەکەشی زۆر ئەوی خۆش دەویست، لە (کابیلافستا) ی پایتەختی وڵاتەکەیدا کۆشکێکی گەورەی هەبوو، لەگەڵ ئەوەدا لە هیچ شتێکی کەم نەبوو، هەرچی هۆی بەختەوەری و خۆشی بوو لەبەردەستیابوو، هەر لە خەم و پەژارەدا بوو چونکە منداڵی نەبوو. هەر لەبەرئەوە هەموکات خەریکی پێشکەشکردنی قوربانی بوو بۆ ئەو خوایانەی ئەوکاتە هیندۆکەکان دەیان پەرست، زۆر بەخشندەبوو بەهیوای ئەوەی خواکان پاڕانەوە و نزای قەبووڵ بکەن و کوڕێکی پێ ببەخشن دوای خۆی ببێ بە جێنشینی. تەمەنی گەیشتە ٥٠ ساڵی، نزای گیرابوو، شاژن کوڕێکی جوانی بوو، ناویان نا (سیدهاتا). هەر بە بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە، هەموو خەڵکی وڵاتەکە بە سواری ئەسپ و فیل و بەپێ رووبان کردە کۆشکی پاشا بۆ پیرۆزبایی‌کردن.

کوڕە هێشتا منداڵ بوو فێری سواری و راهێنانی فیل و تیرهاویشتن کرا. کە تەمەنی گەیشتە دوانزە ساڵان لە کۆشکی پاشادا ئاهەنگێکی گەورە سازکرا بەبۆنەی دەسکردنیەوە بە خوێندن لە یەکێك لە دێرەکاندا بۆ ماوەی چوار ساڵ لەسەر نەریتی ئەوکاتە و چوار ساڵ لەو (دێر)ەدا مایەوە بۆ خوێندنی بیروباوەڕی هیندۆسی لەسەر دەستی زانایانی ئەو بواردا و بیروبۆچوونی باو دەربارەی خواو دروست بوونی مرۆڤ و دابەشبوونیان بەسەر چوار چیندا. خوێندنی ئەم بابەتانە بوو بەهۆی وروژاندنی چەند پرسیارێك لەبارەی ئەم ئایینەوە.

() یەکەم: ئەگەر کەسێکی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا پیاوێکی چاك بوو، چالاك بوو، ئازابوو، ئایا رێگای دەدرێتێ سوود وەربگرێ لەو دەسکەوتە تایبەتییانەی دانراوە بۆ کەسێك لە چینەکانی سەرەوە؟ یا پلەی چینایەتی بەرزبکرێتەوە بۆ سەرووتر؟ لە وەڵامدا پێی گوترا نەخێر! دووبارە پرسیاری کردەوە: کەواتە سوودی پیاوچاکی و چالاکی و هەوڵدان و ئازایەتی دەبێ چی‌بێ لە ژیاندا؟ پێیان گوت لەو جیهانەکەی تردا پاداشتی خۆی وەردەگرێ. پرسیاری کردەوە: جیهانی تر چیە؟ وەڵامیان دایەوە:

وەك ئاگاداری، رۆحی مرۆڤ لە (براهمان) ەوەیە کە (سەرچاوەی ژیان و بوونە) و براهمانیش مردنی



بۆ نیە و ئەوەش لەوەوە سەرچاوەی وەرگرتبێ هەرگیز نامرێ.

() پرسیارێکی تری کردو وتی: باشە کە یەکێك ئەمرێ رۆحی – گیانی چی بەسەردێ؟

لە وەڵامدا پێیان گوت: کە یەکێك دەمرێ لاشەکەی دەفەوتێ و خێرا رۆحەکەی دەچێتە لاشەی منداڵێکی تازەپەیدابووەوە، ئەگەر مردووەکە مرۆڤێکی چاك بووبێت، ئەوا رۆحەکەی دەچێتە لاشەی منداڵێکەوە لە چین و توێژە بەرزەکانی کۆمەڵگا و، ئەگەر مرۆڤێکی رەوشت خراپیش بووبێت ئەوا رۆحەکە دەچێتە لاشەی منداڵێکەوە لە چینە نزمەکانی کۆمەڵ، ئەمەشە کە پێی دەگوترێ یاسای پاداشت و سزا یان بە واتایەکی دی بەهەشت و دۆزەخ.

() ئەی ئەنجامی ئەو رۆحە چی دەبێ کە لە کەسێکی خراپەوە دەچێتە لاشەی کەسێکی تری خراپەوە تا دوایی هەر بەو شێوەیە؟

– ئەوە خاوەنەکەی دەبا بە ناخی زەویدا و هەر ئەنالێنێ بەدەست ئازار و نەخۆشییەوە و هەر تل ئەبێتەوە بەرەو خوار تا رۆحەکەی دەچێتە لاشەی باڵندەیەك، ئاژەڵێك، کرمێکەوە.

() ئەی ئەو رۆحانەی کە لە لاشەی پیاوچاکێکەوە دەچنە لاشەی پیاوچاکێکی تر ئەنجامیان چییە؟

– خاوەنی ئەوانە لە چینێکەوە بەرزەبێتەوە بۆ چینێکی تر تا ئەگاتە پلەی هەرە سەرووی چینەکان کەچینی براهمانییەکانە، ئەگەر هەر لە سەر رەوتی چاکی خۆی بەردەوام بوو ئەوا دەگاتە پلەی هەرەبەرز و پاشان کۆتایی خولی ژیان و گەڕانەوە بۆ

لای براهمان که سەرچاوەی ژیانە و ئەم پلەیەش پێی دەوترێ (نیرفانا) که بەرزترین پلەی بەختەوەرییە لە بوونداـ

بەم شێوەیە، منداڵەکەیان فێرکرد، ئەوەشیان فێرکرد کەهەر کەسێك چاکە بکا پاداشتی چاکەی خۆی وەردەگرێتەوە و ئەوەی خراپە بکا سزای خۆی وەردەگرێتەوە؛ ئەمەش پێێ دەگوترێ یاسای (کارما) واتە یاسای کار.

پاش تەواوکردنی چوار ساڵی خوێندن گوپە گەڕایەوە بۆ کۆشکی پاشایەتی و تەمەنی بوو بوو بە شانزە سال.

هەروا ئەفسانەی بووزا دەڵێ: لەوڕۆژەدا کە (سیدهاتا) لەدایك دەبێ، ئەو کچەی کە لە چارەی نووسراوە ببی بە هاوسەری (شازادە یەسودهادا) لەدایك دەبێ، پاش ئەوەی کە (سیدهاتا) لەدێر دەگەڕێتەوە بۆ کۆشکەکەی باوکی، هەر لەو تەمەنی منداڵییەدا دەیخوازێ و ژیانێکی بەختەوەر دەبەنە سەر.

شازادە (سیدهاتا) ئارەزوومەندی راوکردن بوو، زۆرجار دەچوو بۆ راوکردن و هەموو جارێکیش پاسەوانە تایبەتییەکەی خۆی کە ناوی (شاناه) بوو دەبرد لەگەڵ خۆیدا، رۆژێکیان چووبوو بۆ راو، لە رێگادا پیاوێکی بینی هەر ئێسقانێکی ڕووت بوو، لەشی هیچ گۆشتێکی پێوەنەبوو لە ئازاردا دەتلایەوە، شازادە پرسیاری کرد ئەوە چییەتی؟ پاسەوانەکەی وەڵامی دایەوە: ئەی شازادەی سەروەرم، ئەوە نەخۆشە، دووبارە لێی پرسییەوە بۆ نەخۆشە؟ وەڵامی دایەوە: قوربان ئەوە ڕەوتی ژیانە و هەموومان نەخۆش ئەکەوین.

لە گەشتێکی تردا پیاوێکی پشت چەماوەی بینی دووداری خستوو:تە بن بالّی و بەهۆیانەوە هەنگاو هەڵدەهێنێتەوە، لە پاسەوانەکەی پرسی ئەمە چییەتی؟ ئەویش وەڵامی دایەوە وتی ئەی شازادەی گەورەم ئەمە پیرێیە وای لێکردووە. لێێ پرسییەوە پیریی بۆچی؟ وەڵامی دایەوە قوربان ئەمە ڕەوتی ژیانە، هەموومان پیر ئەبین.

لە گەشتی سێهەمدا کەسانێکی بینی تەرمی مردوویەکیان هەڵگرتووە و بەدوایانەوە ژن و منداڵی مردووەکە دەگرین و خەم و پەژارە دایگرتوون، لێرەشدا پرسیاری کرد لە (شاناه) ئەمە چییەتی؟ شاناه وەڵامی دایەوە، قوربان ئەوە مردنە و هەموومان دەبێ بمرین بە شاو فەقیر و هەژارەوە.

رۆژانێك تێپەڕبوو، شازادە خەمبار بوو، هەر بیری ئەکردەوە لە مەسەلەی ژیان و نەخۆشی و پیریی و مردن و تا تەمەنی گەیشتە سی سالّ لە ژێر سێبەری کۆشکەکەدا هەرخەریکی خوێندنەوە و پێداچوونەوەی کتێب بوو بێئەوەی پەی بە نهێنییەکانی ژیان بەرێ و ئەم پرسیارانەی هەر لە سەردا مایەوە، مرۆڤ بۆ دێتە دنیاوە؟ بۆ نەخۆش دەکەوێ؟ بۆ پیردەبێ؟ بۆ دەمرێ؟ پاش مردن ڕوو لە کوێ دەکات، ئەم هەموو کوێرەوەرییە بۆ ئەچێژێ لە ژیاندا؟ بۆ هەموو مالّێك پڕ لە خۆشی و بەختەوەری نەبێت وەك ئەو مالّەی ئەو تێیدا دەژی؟ بۆ کۆمەڵگا لەسەر بناغەی چینەکان دامەزراوە و بۆچی چینی خوارەوەی کۆمەڵ بێبەش کراوە و ڕێگای پێنادرێ بچێتە پەرستگاکان و تەنانەت کتێبی پیرۆزی (ڤیدا) بخوێنێتەوە؟ بەردەوام خەریکی بیرکردنەوە بوو لەم مەسەلانە.

رۆژێك لەگەڵ (شاناه) ی پاسەوانیدا چووە ناو بازاڕی شارو لەوێ لەنێو ئاپووڕەی خەڵکدا کاهینێکی پیری بینی پۆشاکێکی زبری زەردی لەبەردابوو داوای خواردنی لە خەڵك دەکرد، بەتەواوی سەرنجی کابرای داو لێی وردبوویەوە، نیشانەی بەختەوەری و ئارامیی دەروونی پێوەدیاربوو. ئەم کابرایە یەکێك بوو لەو هەزاران کاهنانەی سەرانسەری شاخەکانی هندستانیان گرتووەتەوە، وازیان هێناوە لە کەس و کارو مالّ و منداڵیان و وێڵی شاخەکان بوون بۆ خواپەرستی و دوورکەوتنەوە لە دنیا، ڕوو ناکەنە ئاوەدانی تەنیا بۆئەوە نەبێ هەندێ شت سوالّ بکەن بۆ بژێوی خۆیان و پاشان دەگەڕێنەوە بۆ شاخەکان.

شازادە کە ئەم کاهینانەی بینی هات بە خەیاڵیا ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەم ڕێگایە بگرێتەبەرو ببێت بە یەکێك لەم هەزاران کەسە و سەری خۆی هەڵگرێ و بگەڕێ بەدوای (حەقیقەت) دا، حەقیقەت و ڕاستی ژیان، ئازارچەشتنی خەڵك، هۆی نەخۆشی و پیریی و مردن.

ئەفسانەی ژیانی بوزا هەروا لەسەر ئەم شێوەیە دەڕوا و دەڵێ: (شازادە سیدهاتا بڕیاریدا خەیاڵەکەی بێنێتەدی و ڕووبکاتە شاخەکان، باوکی هەرچەند هەوڵ و تەقەلای دا پەشیمانی بکاتەوە بێسوودبوو، کاتێ شازادە خەرێکی خۆئامادەکردن دەبێ، ژنەکەی یەکەم منداڵی دەبێ، پادشا زۆر

خۆشحاڵ دەبێ و دەڵێ ئەم منداڵە کوڕەکەم دەبەستێتەوە بە ماڵەکەیەوە لەو سەفەرە پەشیمان دەبێتەوە.

شەو داهات و دنیا تاریك بوو، شازادە چووە ژووری خەزانەکەی و تەماشای کرد کوڕەکەی کردووەتەباوەش، ماچێکی کردو هاتە دەرەوە لە ژوورەکە و رووی‌کردە ژووری پاسەوانەکەی، داوای لێکرد خۆی ئامادەبکا بۆ سەفەر.

کەژاوەی شازادە کەوتەڕێ بەرەو شانشینی (موجادا) و هەر کە لە شانشینی باوکی دورکەوتەوە، کەژاوەی راگرت و فەرمانیدا بە شاناە لەگەڵ کەژاوەکەدا بگەڕێنەوە، چونکە ئەو بەتەنیا و بەپێی پەتی ئەو رێگایەی گرتەبەر، پاش ماوەیەك گەیشت بە کاهینێك لە وێڵ و پێخاوسەکان، داوای لێکرد جلەکانیان بگۆڕنەوە و ئەویش رازیبوو، شازادە جلە شاهانەکەی خۆی دا بەو و ئەویش جلە زبرو چڵکنەکانی خۆی بۆ داکەند و ئیتر شازادە کەوتەوە رێکردن بۆ گەڕان بەدوای حەقیقەت و راستیدا.

ئەفسانە لەسەر باسەکە دەڕوا و دەڵێ: سیدهاتا حەوت ساڵی ڕەبەق شوێناوشوێنی کرد، بە دەنگێکی هێمن و لەسەرخۆ بۆ خەڵك قسەی دەکرد و خەڵکیش گوێیان بۆ رائەگرت، دەنگوباسی گەیشتە لای (بیمیسارا) ی شای (موجادا) و چوو بۆ لای و گوێی راگرت لێی و پاشان پێی گوت وەرە کۆشکەکەی من و ببە بە راوێژکارم، سیدهاتا بە زەردەخەنەیەکەوە پێی گوت:

ئەگەر لەوانەبوومایە کە بە دوای پلەوپایە و موڵك و ماڵدا بگەڕێم هەمویانم لەبەردەستدابوو، بەڵام من بەدوای شتێکدا دەگەڕێم کە لەمانە هەموبەنرختر، من بەدوای حەقیقەتدا دەگەڕێم. پاشا پێی گوت: باشە کەواتە پەیمانم بدەرێ، هەرکاتێ کەوتە دەستت بگەڕێتەوە بۆ لام و بۆم باس بکەی، شازادە گوتی پەیمانت دەدەمێ.

پاش ئەوە دەستی کردەوە بە گەڕان و سەردانی هەموو پەرستگا و دێرەکان و پرسیارکردن لە زاناو ژیرەکان، ئەوانیش لە وەڵامی پرسیارەکانیدا رەوانەی کتێبە ئاینیەکانیان دەکردەوە کە ئەو بە منداڵی هەمووانی خوێندبوو، لەم گەڕانەیدا رۆژێك تووشی پێنج کاهن بوو کە ئەوانیش بەدوای حەقیقەتدا دەگەڕان، پێیان گوت چاکترین رێگا بۆئەوەی مرۆڤ بکات بە حەقیقەت و راستی، ئەوەیە مرۆڤ خۆی پاك کاتەوە، ئەویش بە خۆبرسیکردن و خۆئازاردان. چونکە ئازاردانی لەش رۆحی مرۆڤ پاك دەکاتەوە، (براهمان) گەورەی خواکان وای گوتووە.

سیدهاتا وتەکەیانی بەلاوە پەسەندبوو، چەند رۆژێك لە دارستانێکدا لەگەڵیاندا ژیانی بردەسەر و ئەوەندە خۆیان برسی کرد تا بوون بە پەیکەرێك لە ئێسقان و توانای ئەوەیان نەما بڕۆ بەرێگایەوە، سیدهاتا وای لێهات خەریك بوو بفەوتێ و بێهۆش کەوت، کە هاتەوە سەر خۆی، بە دەنگێکی نزم بە برادەرەکانی گوت: ئەی هاوڕێکانم، لەمەودوا ئیتر من ئەشکەنجە و ئازاری خۆم نادەم و خۆم برسی ناکەم، کاهنەکان لەناو خۆیاندا کەوتنە ورتەورت، وتیان وادیارە ئەم داماوە بەرگە ناگرێ و دەسبەرداری ئەم ژیانە پاکەی ئێمە دەبێ.

سیدهاتا دەستی کردەوە بە خواردن و خواردنەوە و ئاهێکی پیا گەڕایەوە، فیکر و هۆشی هاتەوە سەرخۆی و یەکەم حەقیقەتەی بۆ دەرکەوت ئەویش ئەوەیە مرۆڤ ناتوانێ بێربکاتەوەلەکاتێکدا خۆی بە ئازارەوە بتلێتەوە بێبەش بێ لە هەموو خۆشییەك و، مادام ئەم ئاینە بانگەشە دەکات بۆئەوەی کە مرۆڤ خۆی ئازاربدا ئەوە بەهەڵەداچووە و، لەم خاڵەوە دەستی پێکرد.

لەسەر فیکرکردنەوە بەردەوام بوو و پاشان گوتی: هەروەها کارێکی هەڵەیە ئێمە ئەم لاو ئەولا بگەڕێین بەدوای حەقیقەت و راستیدا، راستی لای خۆمانە، لە ناخی خۆماندایە، پێویستە لەسەرمان لەو قوواڵییەدا دەری‌بهێنین، پاشان لە ژێر دار هەنجیرێکی پیرۆزدا دانیشت و بڕیاریدا ئەو جێگایە بەجێنەهێڵێ تا نەگا بەو حەقیقەتەی بەدوایدا دەگەڕێ، چەند کاتێك تێپەڕبوو ئەو هەر لە شوێنی خۆی دانیشتبوو، چی ئەزموونی ژیانی خۆی هەبوو، چی لە کتێبەکاندا خوێندبووی، هەمووی هێنایەوە پێش چاوی خۆی، لەناکاو بیروهۆشی روون بوویەوە، دەموچاوی لە خۆشیدا گەشایەوە و هاواری کرد: سەرەداو و کلیلی حیکمەت و حەقیقەتم کەوتە دەست، ئەمە یەکەم یاسای ژیانە: چاکە بڕوێنە چاکە ئەدووریتەوە، خراپە بڕوێنە خراپە ئەدووریتەوە. خۆیشی سەرسام بوو، لە خۆی دەپرسی باشە من چۆن پێش ئێستا بیرم لەمە نەکردووەتەوە، لەگەڵ ئەوەدا کە لە (کارما) دا باسکراوە، ئەو شەوە خەو نەچووە چاوی و هەر بیری لەم یاسایە دەکردەوە و

چی پرسیارێکی ئەم چەند ساڵەی بێ وەڵام مابوونەوە، هەموو وەڵامەکانیان لەم یاسایەدا بەدی کرد، ڕۆژووەوە و بۆی دەرکەوت ئەوەی بۆی دەگەڕا دۆزییەوە و بیری ڕوناک بوویەوە، هەر لێرەشەوە وشەی (بوزا) ی بڕا بەسەردا کە بەمانا ڕوناکبیریە و، بوزاییەکان هەموو ساڵێك لەم شەوەدا ئاهەنگ ئەگێڕن بەم بۆنەیەوە بەناوی شەوی پیرۆز کە گەورەترین جەژنیانە، ئەو دارهەنجیرەش بوزا لەژێریا شەوی بردەسەر ناویان ناوە داری حیکمەت و ژیری.

ئەفسانەکە هەر بەردەوامە و دەڵێ: بوزا (کە بوو بە ناوی تازەی شازادە سیدهاتا) دەگەڕا بەناو خەڵکدا و بانگەشەی دەکرد بۆ ئەم بیروباوەڕە تازەیەی خۆی. یەکەم جار ڕووی کردە شاری (بنارس) ئەو شوێنەی کە لەگەڵ پێنج کاهنەکەدا بەیەك گەیشتن و پاشان ئەم لێیان جیابوویەوە و بەلایەوە باشتر وابوو کە مرۆڤ خۆی ئازارنەدا و واز نەهێنێ لە خواردن و خواردنەوە، لەوێ جارێکی تر پێیان گەیشتەوە و پێی گوتن: ئێوەش وەك من بەدوای حەقیقەت و ڕاستیدا دەگەڕان، وا من دۆزیمەوە.. ئێوە باوەڕتان نیە بە یاسای (کارما) وتیان بەڵێ ئێمە باوەڕمان پێی هەیە.

بوزا وتی: ئەوە کلیلی هەموو نهێنییەکانە و دەرگای حیکمەت و حەقیقەت دەخاتە سەر پشت، ئەو یاسایە دەڵێ: چاکە، چاکەی لێئەکەوێتەوە و خراپەش، خراپە.

- کاهنەکان گوتیان: جا ئەمە چ شتێکی تازەیە تۆ دۆزیوتەتەوە؟

بوزا گوتی: شتی تازە ئەوەیە کە هەموو ئەو قوربانیانەی ئەیکەن بۆ خواکان لە کارێکی بێسوود و بێ کەڵك زیاتر هیچی تر نیە!

- چۆن؟

- بوزا وتی: ئاو لەسەر لوتکەی شاخەکانەوە بەرەو خوار دەبێتەوە، بەفر هەموکاتێ سارده، ئاگر گەرمە. خواکانی هیند هەموویان توانای ئەوەیان نیە ئەو تایبەتمەندییە بگۆڕن، ئەوان هەرگیز ناتوانن ڕێگا لە ئاوێك بگرن لە شاخێك بەرەوخوار ببێتەوە، ناتوانن بەفر گەرم بکەن، یا ئاگر ساردبکەن، ئەگەر هەزار نوێژ و قوربانیان بۆ بکەن.

وردە وردە قسەکانی بوزا ئەچووە مێشکیانەوە و ئەویش بەردەوام بوو لەسەر قسەکانی و وتی:

کەواتە هەموو ئەم بتانەی خەڵك ئەیانپەرستێ هیچ کەڵك و سوودێکیان نیە، چونکە ناتوانن نە سوود بگەیەنن بە مرۆڤ نە زیان، لەبەرئەوە نوێژکردن بۆیان و قوربانی پێشکەشکردن هیچ ئەنجامێکی نیە و زیادەیە، ئەوەی چاکە ئەپوێنێ چاکە دەرەو ئەکا و ئەوەی خراپە ئەپوێنی خراپە ئەدوورێتەوە و هەموو خواکانی هند توانای ئەوەیان نیە ئەم حەقیقەتە جێگیرە بگۆڕن بە بارێکی تردا، کاهنەکان هەروا گوێیان لە قسەکانی ڕائەگرت و باوەڕیان بە ڕاستی ئەو قسانە هێنا، بوزا لەسەر قسەکانی خۆی بەردەوامە و دەڵێ: لەبەرئەوە کتێبی (ڤیدا) کە داوا دەکا نوێژ بکرێ بۆ ئەم بتانە و شتیان پێشکەش بکرێ، کتێبێکی پیرۆز نیە، چونکە کتێبی پیرۆز خەڵك فێری درۆ ناکات.

کاهنەکان کەوتنە مقۆمقۆ وەك جاری پێشوو، چونکە تا ئێستا کەس نەیوێراوە بەم شێوەیە قسە بکا لە مێژووی هینددا، بوزا لەسەر قسەکانی خۆی هەر بەردەوامە و دەڵێ: ڤیدا داوای ئەوەسان لێدەکا کە باوەڕ بکەین بەوەی خوا براهمان، مرۆڤی کردووە بە چوار چینەوە، ئەمەش درۆیە، ئەگەر ئێمە باوەڕمان هەبێ بە یەکەم یاسای ژیان کە پێشتر بیرم خستنەوە، چونکە لەو یاسایەدا هاتووە کە تەنها دوو چین هەن لە ناو کۆمەڵ دا، چاك و خراپ، مەسەلەکەش پەیوەندی هەیە بە کردەوەی مرۆڤەوە نەك بە پەیدابوون و سەروەت و سامانیانەوە.

کاهنەکان پێیان گوت: کەواتە تۆ باوەڕت بەوە نیە کە براهمان مرۆڤی کردووە بە چوار بەشەوە؟

بوزا گوتی: نەخێر من تەنانەت باوەڕم بە براهمان خۆیشی نیە.

- ئەی باشە کێ ئەم جیهانەی دروستکردووە؟

- بوزا وەڵامیدایەوە گوتی: من باوەڕم وایە ئەم جیهانە بۆ هەتا هەتایە هەر دەمێنێ و هەر شتێکیش کۆتایی نەبێ سەرەتایشی نیە.

کاهنەکان واقیان وڕما لەو قسانەی لە دەمی بوزا دەردەچوو، لەناو خۆیاندا دەیانگوت ئەم قسانەی بوزا شتێکی تازەن و هەرچی لەمەوپێش وتراوە سەرەوژێری کردو تێکیدا و ئەمەش ئەوە نیە کە ئێمە تەمەنی خۆمان بردەسەر لەپیناوی فێربوون وبڵاوکردنەوەیدا.

بوزا دەستی کردەوە بە قسەکردن و گوتی: ئەی پیاوانی ئایین خۆتان بپارێزن لە دوو شتی دژ بەیەك،

یەکەم ژیانی خۆشی و رابواردن، چونکە دەبێتە هۆی خۆ هەڵبواردن دووەەم ژیانی خۆدوورخستنەوە لە هەموو خۆشییەك، چونکە ئەمەشیان دەبێتە هۆی بێئاگایی لە هەموو شتێ و ئەم دووجۆرە ژیانە مرۆڤ ناگەیەنێتە ژیانێکی پاك و باش و خاوێن، ئەگەر دەتانەوێ بگەنە ژیانێکی خۆش ڕێگایەکی ماهناوەنجی بگرنەبەر.

کاهنەکان گوتیان کامەیە ئەو ڕێگایە؟

بووزا گوتی:

() باوەڕی تەواو: کە بزانیت لەوەی باوەڕت هەیێ بەوەی ڕاستگۆیی چاکترین ڕێپیشاندەری مرۆڤە.

() وزە و ئیرادەی ڕاست: ئەوەش بەوە دەبێ کە هێمنی خۆت بپارێزی لە هەموو کاتێکدا و ئازاری هیچ کەس و گیان لەبەرێك نەدەیت.

() ڕاستگۆیی: واتا دووڕکەتنەوە لە درۆ و بوختان و قسەگێڕانەوە و خەڵك خەڵەتاندن و قسەی ناشرین بەخەڵك وتن.

() کردار و هەڵسوکەوتی ڕاست: دزی مەکەن، پیاوەکوژن، کارێ مەکەن کە پاشتر لێی پەشیمان ببنەوە یا خۆتان لێی شەرمەزار بن.

کردەوەی باش: پیشەیەکی خراپ هەڵەبژێرن بۆ ژیانتان وەك دزی کردن، ساختەکردن، شت لە خەڵك گۆڕین، شاردنەوەی شتی دزراو.

() هەوڵدانی باش: هەوڵدان لەپێناوی هەموو شتێکی چاکدا و دووڕکەوتنەوە لە هەموو شتێکی خراپ.

() تێڕامانی ڕاست: هەموکات لەسەرخۆبن و مەهێڵن خۆشی زۆر بااڵ بکێشێ بەسەرتاندا.

() خۆڕاگرتنی تەواو: ئەوەش بەوە دەبێ حەوت خاڵەکەی سەرەوە جێبەجێ بکەی، بەمەش دەگەیتە ژیانێکی هێمن و ئارام.

ئەم گۆبوونەوەیەی بووزا لەگەڵ کاهنەکاندا ئەوەیە کە تا ئێستاش پێی دەگوترێ (گۆبوونەوەی بنارس) کە بووزا هەشت ڕاسپاردەکەی خۆی گەیاند بە پێنج کاهنەکە و ئەوانیش لێیان وەرگرت و بوون بە هاوڕێی.

ئەفسانەکە لە گۆتایی نزیك دەبێتەوە و دەڵێ: بووزا ڕاسپاردەکانی خۆی لەم پێنج وشەیەدا کۆکردەوە. پیاو مەکوژە، دزی مەکە، درۆمەکە، داوێن پیس مەبە، ئەوەی سڕت دەکا بەکارگەمەهێنە.

پاش ئەوە بووزا لەگەڵ پێنج کاهنەکەدا دەستیان دایە باڵاوکردنەوەی بانگەوازەکەی بۆ ڕازهێنان لە بت پەرستی و بە پیرۆز نەزانینی قیدا و ڕوخاندنی سیستمی چینایەتی و هێشتنەوەی ئەنیا دوو چینی چاك و خراپ.

بەم شێوەیە ئایینی بووزا لەدایك بوو لە کیشوەری ئاسیادا، بووزاش بیری کەوتەوە کە گەلی خۆی پەیمانی دابوو بە شا (بیمیسارا) ی ڕۆاتی موجادا هەرکاتێ حەقیقەتی دۆزییەوە بگەڕێتەوە لای و بەویش بڵێ. کەوتەڕێ بەرەو لای و شا باوەڕی هێناو خۆی و میللەتەکەی بوونە پەیڕەوانی بووزا، هەر لەم کاتەدا لەلای باوکییەوە بانگ کرایەوە، ئەمیش گەڕایەوە بۆ شانشینی (ساکیا) و دەستی کرد بە بانگەشە بۆ ئایینەکەی و خەڵکەکە پۆل پۆل ڕوویان کردە، ئاینەکە و باوەڕیان پێهێنا.

بەم شێوەیە ئایینی بووزا لە سەرانسەری ئاسیادا باڵاوبوویەوە و ئایینی بت پەرستی لەناوبرد، تەمەنی بووزا گەیشتە هەشتا ساڵ و مردن لێی نزیکبوویەوە.

هاوڕێکانی دەستیان کرد بە گریان و لێیان پرسی: ئەی مامۆستا و ڕابەر جێمان دێڵی؟

بووزا وەاڵمی دایەوە، وا مەزانن کە بووزا بەجێتان دێڵێ و نەماوە لەناوتانا. وتەکانم، لێکدانەوەکانم بۆ مانای ڕاستی. ئەو یاسایانەی بۆم داناون دەمێننەوە لەلاتان و بیانکەن بە ڕێپیشاندەرێك بۆ خۆتان پشت لە دوای پشت.

ئەم ڕووداوانە لە ساڵی ٤٧٧ ی پێش عیسادا بوو؛ واتە زیاتر لە دوو هەزار و چوارسەد ساڵ پێش ئێستا.

پاش مردنی بووزا چی ڕێنمایی و وتەکانی هەبوو لە سێ بەرگدا بووە کتێبی پیرۆزی پەیڕەوانی ئایینی بووزایی.

لێرەدا ئەفسانەی بووزا کۆتایی دێت، بەاڵم ناسەوارێکی خراپی بەجێهێشت، ئەو بووزایەی بەدرێژایی تەمەنی دژایەتی بت و بت پەرستی دەکرد، خۆی کرا بە بتێك خەڵك ئەیپەرستن و پەیکەرەکانی لە هەمو پەرستگاکانی ئاسیادا باڵاوبوویەوە و وەك خوایەك سەیر ئەکرێ.

سەرچاوە:

لە نامیلکەی (أساطیر و حوادث)

"گۆران"



ئەژی گۆران

لە تەمەنێکی لاوی، یا بگرە هەرزەکاریا، کە لە ترسی ئینگلیز مالیان چوبوە هەورامان، رۆژێ لە سلێمان بەگی کاتب فارسی، زویر ئەبێو بەرەو هەڵەبجە ئەگەڕێتەوە، کە لە بیارە سەرەوخوار ئەبێتەوە، بەهۆی تاریك داهاتنی ئێوارەوە، چرپو چخوردی چەمی بن دارگوێز، رێ هەڵە ئەکات و، لەباتی ئەوەی بەرەو تاوێرە بڕوات روئەکاتە چەمی هاوار،

سلێمان بەگی باوکی وای گێڕابوەوە، کە تا ماوەیەك لە تەندروستی فەقی عەبدولای کوڕی بە گومان بو، چونکە ئەوشەوەی چەمی هاوار تووشی شتێکی سەیر هاتبو.

گوایە لە دورەوە چەند تەپکەیەکی روناکی درەوشاوەی بەدیکردبو، کە لە سەرەتادا زۆر لێیان ترسابو، وای زانیبو، خێڵی جنۆکەنو لەوێدا هەواریان خستوە.

بەڵام لەدوایدا، بەردێکیان تێئەگرێ و، ئەیدا لە یەکێکیان، لەپڕ ئەو تەپکە نورە، پەرش و بڵاو ئەبێتەوە، بە هەوادا، دەکەونە فڕین، لەشێوەی ئەستێرەیەکی وردا، دەدرەوشێنەوە، خوا لێی خۆش بێ عەلی کمال باپیر وای گێڕایەوە، کە لەو شەوەوە گۆران تێگەیشتبوو، کە "گوڵ ئەستێرە" لە بنچکە درکێکا پەروەردە ئەبن و، دەکەونە فڕین لە کاتی گەورەبونیانا، شەوانی بەهار، گەلێ دۆڵو شیوو، دەر و دەشتی تاریکی کوردستان، دەکەنە بریسکو هوڕ، گەلێکمان چراخانی گوڵ ئەستێرەمان دیوە.

مالمان لە هەولێربو، کە گۆران دەستی لە ئیش کێشرابوەوە و، چاوەڕوانی دادگای ئەکرد، عەسر و ئێوارە، خوالێیان خۆشبێ، عەلی کەمال باپیرو، عەلی ئاگا و، عەزیزی کاکە حەمەی موفەتیشی مەعاریف و، دکتۆر مارف خەزنەدار و، ئازاد شەوقی و، مستەفا بەگی مودیری زراعەو، گەلێ هاوشاری سلێمانی کە لەوێ بوون، دەهاتنە میوانیمانو، منیش لە بەردەستا چاو ئاوم ئەگێڕا.

گوێم لێبو، گۆران لەمەڕ باسی گوڵ ئەستێرەدا فەرموی: دیمەنێکی یەکجار سەیربو، بەتایبەتی کە دوایی زانیم لەناو ئازارا، گوڵ ئەستێرە دێتە دەر، لە بنچکە درکێکی تیژ و نەشتەراویا، ئەو جوانیە پەیدا ئەبێ کەوابو ژیانی بناری هەورامان و، شاری هەڵەبجەی جاف، بۆخۆی ڕۆمانسیەتێکی سەرەتاییە، کە فرمێسکی تیا دائەگیرسێ. ئا لەوێوە کە دەنواپین "گۆران" بش بۆخۆی دەفەرموێ:

بۆ شاعیرێك کە گیانی
لێی هەڵ ئەقوڵا جوانی.
ئەگەرچی هۆی بەخی خۆی
جوانی فەسڵ نەبو بۆی.

—هاوڕێم بێکەس—

لە بێکەسی دەموچاو ئاوڵاوی، ورگن و، دور
لەجوانی، جوامێریو جوانی گیان هەڵ ئەقوڵا.

لێرەدا جێرپەنجەی گوڵ ئەستێرەکان بەدەرونی
گۆرانەوە دیارە. جا لە گەلێ شوێنا "گۆران"
ئەستێرەی دیوە، ئەوەتا هەر لە یەکەم هەڵبەستەوە:

بە ئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە
لە باخچەی بەهار گوڵم چنیوە.
-ئافرەت و جوانی-

هەروەها ئەگەر سەیری هەڵبەستی (نیاز) بکەین:

بە ئاسمانی هیوامەوە ئەستێرەکانم
بە هەزاران شا ئەستێرەی گەش گەشی جوانم
هەموو نوقمی دەریای تەمی رەش و تاریك بوون
وەك وەنەوشەی چنراو لەگەڵ سیس بون
خەریك بوون.
-نیاز-

با لێرەدا، زۆر بەدوای نمونەدا نەگەڕێین، بەڵکو
سەرنجێ بدەینە هەڵبەستی "بەسەرهاتی
ئەستێرەیەك" هەموو هەڵبەستەکە چەند جارێك
بخوێنینەوە، وە لە دوابەیتا کە دەڵێ:

ئەم ئەستێرە بەسەرهاتی دلگیری
لە کام رۆحا نابزوێنێ زویری؟

"گۆران" هەروەك لە هەرزەکاریا ئەو گوڵ
ئەستێرانە و دیمەنی ئەو شەوە کاری تێکردن، لە
تاکە ئەستێرەیەکیشدا، کە سروشتی پی ڕازاوەیە
گۆران دەکەوێتە ژێر کاریگەریو، بەدەم لێکدانەوە و
سەرسوڕمانەوە لەهەر شتێك کە گۆران لە سروشتا
ئەیبینێ، پێوەی دەتلێتەوە، شیعریش لای گۆران لە
پڕیسکی گوڵ ئەستێرەوە دەست پێدەکا، کە لەناو
دڕکا سەرهەڵ ئەدا.

بۆیە هەمیشە سەرچاوەی جوانیەکانو، هونەری
داهێنان لە گینگڵی ئازارەکانا بەدی هاتون.تەنانەت
لە هەڵبەستی درامی، بوکێکی ناکامای:

لەناو کۆشکو تەلاری ئاوێنەبەندا، بستەمو زۆری
زۆردارمان بۆ دەست نیشان ئەکات، تا ئەوکاتەی
بوکی ناکام لەکۆشکا دائەبەزێنێ، رادەی کێشمەکێش
لەنێوان کۆشك و، دەشتودەری بەربلاوا، لەنێوان
تواناو، سەریەستیا، کوڕە شوانی دڵدار ئەگاتە ئەو
قوربانیەی، کە لە پێناویا کچی جوتیار، لەناو ئەو
هەموو نعمەتو نازەدا، خۆزگەی بەدڵۆپێ فرمێسکی
تازەیە.

بۆچی؟ بۆئەوەی لەرەی فرمێسك بەسەر برژانەوە
تا دەکەوێتە سەر گۆنا، هاوار بکاو، جارێ بدا بە دنیادا
کە دەستی زۆرداری، هەرگیز کورەی دڵی عاشقی پێ
ناکوژێتەوە.

ئابەو مەبەستە رۆمانسیانەوە گۆران لە
سروشتەوەو لە شاخەوە، لە بەفر و بارانەوە، لە
وەنەوشەوە، لە شاگوڵەوە، مەبەستەکانی بەدی
ئەکات و، ئاواتەکانی بە ئاسۆیەکی هەمەڕەنگا هەڵ
ئەواسێو، هیواو ئاواتی گۆران هیواو ئاواتی کوردە و،
ئاسۆی ئاواتەکانی ئاسۆی دەم کەلی کوردستانە.

ئەگەرچی لە "جوانی بێناو" دا، روبەڕومان
دەکاتەوە، لەگەڵ - ئەوی کچە جوانەکەی.. -
بەڵام، شوێنی لە دایك بوونی ئەم هەڵبەستەو
پێناسەی تەمەنی، وابوە کە گۆران کاتێ لە
ئیستگەی کوردی "شرق الأدنی" کاری کردوە.
لەگەڵ ڕەمزی قەزاز و، ڕەفیق چالاکا.

عەسر و ئێوارەیەکی، کەنار دەریای سپی،
جوانیی کچێکی هاو سەفەری هێناوەتەوە یادو،
لەنێوان جوانی سروشت و، کچە جوانەکەدا، جوانی
بێناوی هەمیشە لەیادبوە، کە ئەویش کوردستانە.

لە هەموو شیعرەکەدا، سەرنجی زۆر ورد ئەمان
داتە دەست ئەو مەبەستە، بەڵام:

ئەی کچە جوانەکە جوانی تر بازۆربن
لە باخچەی بەهارا گوڵ باخی بەرخۆربن
با ڕەنگیان پەرداختر جێگەیان سەرچڵ بێ..
بە واتەی خەڵکی تر، با ناویان شاگوڵ بێ،
گیانی من بۆ تەڵێ وەنەوشە پەرۆشە
کە لەژێر سێبەری توترکا خامۆشە.



بەڵێ: ولاتانی دنیا جوانن، بە هاریان پڕە لە شاگوڵو خۆیان شاگوڵی بەرخۆرن. بەڵام گوڕان، کوردستانەکەی ژێر توترکی زوڵم کە وتوی، گەلێ لا جوانترە.

گیانی من بۆ تەڵێ وەنەوشە پەرۆشە.
کە لە ژێر سێبەری توترکا خامۆشە

هەر لەم هەڵبەستەدا، دەگاتە ئەوەی کە کانیەکی ڕونی بچوکی، بەر تریفەی مانگەشەو، لە چەپەکێك و لاپێیەکی کوردستانا، کە وردەزیخی، لەبەرتریفەدا، بۆتە مرواری دوورو جەواهیر ئەوەی پێ جوانترە، لە شەپۆلی دەریا، کە لەبەر تیشك و روناکی ڕۆژا دەمەو عەسرێك، خۆی نەنوێنێ، بەوەش واز ناهێنێ و دەیکاتە شلەپوڕ.

بەڵێ کانیە بێ دەنگەکەی کوردستان،کوردستانی خۆڕاگرنەداو، هەمیشە شەوی بەر تریفە، ئەو کوردستانە، کە هێشتا شارستانیەت، دەستی نەداوەتێ هەر بەدارو پەردوو، کوێرە ڕێو گابەردی زلو، بێئاڕایشت، سروشتێکی ئاسایی:

ئەی کچە جوانەکەی بەدەنگی چپە دوو
گەنە موی دەموچاو مەچەك هەڵ نەگرتوو.

بەڵێ کوردستانی چەپەك. بێ ئارایشت، بە گەنەموی گژوگیای ناو مێرگو، مێرگوزاری خۆیەوە، لەوانی کە جوانترە.ئا بەو جۆرە، لە سروشتی کوردستان و، چیاو دەشت و بناریەوە چاوی بە دنیای شیعر هەڵهێناوە.

لەبەرئەوە سروشت بە هەموو تۆفو توشیەکیەوە، جوانی تیابەدی دێ، جوانیەکانی مرۆڤیش، لە تۆفو وەیشوومەی عەشقێکا سەر هەڵ ئەدەن، کە هەتا ئەمڕۆش کورد هەر عاشقی کوردستانە و جێژوانیش لە دوڕتوێی سروشتایە.

کەوابو سروشت بریتیە لەو زەمینەی گۆرانی تیا ژیاوە، لە کوردستانا، بریتیە لە گۆران لە ئادەمیزاد، ئادەمیزادی گوند لەنێوان هەر سێکیانا، جوانی ناو کۆییە، ئەو ناوکۆییەش سەرچاوەی هەموو داهێنانەکانە. ئینجا لەم باسەدا، ئەوەی پێویستە دەستنیشانی داهێنان و، تازەکردنەوە بکەین، کە لای گۆران چۆن وەبەرهاتوە.

"گۆران" لە ڕوی کێشو و سەرواوە، دەستی لە شێوە عەروزی کۆن هەڵگرت.

شیعری کوردی گەڕانەوە بۆ کێشی پەنجە "هیجا"ی کوردی کە چ لە فۆلکلۆری کوردیا پەیڕەو کرابو، یا شیعری هەورامی سەردەمی ئەردەڵانی پێ وترابو.

لە ڕوی فۆرمو بابەتەوە پەیڕەوی سەرهەڵدانی ڕۆمانسیی کرد هەروەکو، خۆی ئاماژەی بۆ کردوە، کە شیعری تازەی تورکی، بەتایبەتی (عبدالحق حامد و کمال نامق) و گەلێکی دی، کە ئەمانە لەدواجاردا، قوتابخانەی "فەجری ئاتیان" پێك هینابو، بۆیە کاتی خۆی لە وەڵام دانەوەیەکی خوالێخۆشبوو کامل بەسیردا، دراسەیەکم لە بەیانا بڵاوکردەوە، [1]، وەکو شێوە توێژ هەڵدانەوەیەك لەسەر ئەدەبی تورکی ئەو سەردەمە و، جۆری بزوتنەوە نوێخوازیەکەیان.

چونکە بەڕاستی هەرچیەك لەسەر سەردەمی مامۆستای بەڕێز شێخ نوری شێخ صالح و،

هاوڕێکانی ئەوتریٚ لەوبارەیەوە، لەگەڵ ئەمەش کە گۆران بۆخۆی ئاماژەی بۆ شیعری نوێی تورکی کردوە.

هەرئەوەندەیە وەک دیاری کردنێک، بەڵام کەسێ نیە پسپۆڕانە، راستەوخۆ لە زمانی تورکیەوە، شتێکمان بخاتە بەردەست. کە ئەمە بۆ مێژووی ئەدەبی کوردی زۆر پێویستە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندەی کە بۆخۆم هەوڵم داوە، لەو روەوە زانیاریەکی کەمم بەدەست هێناوە و لەوانە ئەتوانم ئاماژە بۆ بەیانە شیعریەکەی دەستە لاوێکی تازە بکەم لەناو قوتابخانەی فەجری ئاتیا، کە خۆیان ناو نابو "گەنج قلم لر" واتا – قەڵەمە لاوەکان – کە ئەمە لە ساڵی ١٩١٣ دا دەرچوو، ئەوەش کە لێرەدا شایانی باسە، ئەوەیە کە ئەم بەیانە شیعریە، لەبەر رونەکی تیوری فیکری "فۆاد کوپرلو" هاتۆتەکایە، چونکە ئەو سەردەمە لەناو گەنجەتورکەکانا، ناویراو (تیور) دانەری ئەدەبییان بوو ئەو بەیانە شیعریە، لەدوای دیباجەیەکی سەرەتایی و، لە ئاستی لێکۆڵینەوەکانیا چەند خاڵێ بەرچاو ئەخات، کە وا بزانم سیانیانم لەبیرە، ئەو سێ خاڵەش بەم جۆرەیە:

١) هەتا بتوانرێ وشەی تورکی بەکاربێت و، بەرفەمە شیعریەکان لە زمانی عەرەبی دور بخرێنەوە.

٢) ئەو وشانەی بەکاردێ لە شیعردا، پێویستە هەمیشە لە شێوە و ناوەرۆکا تازەبن، ئەگەر وشەی تازەت دەست نەکەوت، هەوڵ بدە، هەمان وشەکانی پێشوت لەسەر چرۆی تازە پاراو بنەوە، ئەگەر ئەوەش نەبو، شیعر مەنوسە.

٣) واز لە کێشی عەروز بهێنن و، لەناو میراتی نەتەوەیی و فۆلکلۆرمانا، کێشی هیجا زۆرە و، سودی لێوەربگرن. بەوجۆرە لەژێر هۆی کاریگەری ئەو سێ خاڵەدا، یا ئەو بەیانە شیعریەدا، لاوانی کوردیش لە روانگەی پێداویستی شارستانیەتەوە، لەو مەیانەدا کۆششیان کردوە، هەروەک نوسیفو رەخنەیەکەی مامۆستا شێخ نوریش لە ساڵانی ١٩٢٢دا، بەدەم هەمان زایەڵەوە گوێ مەڵ ئەخا. ئەوەتا گۆرانیش بۆخۆی دەڵێ: شیترە تازەکان بە وەزنی "هیجا" هەڵبەستراون کە هەرچەند شیعر دۆستەکانی کۆن بەخوێندنەوەی رانەهاتون ... هتد "سەرەتا بۆ بەهەشت و یادگار" جا هەر ئەو سەرەتایە بە تێکڕا، هەموو هەنگاوەکانی گۆران دیاریئەکات کە ویستویەتی کێشی "هیجا" بە ژماردنی برگەکان، وەک بابەتی فۆلکلۆری نەتەوەی و، سەردەمی مەولەوی شیعری کورد هەڵبەستێ زۆربەی کێشە فۆلکلۆریەکان بگرە شیعرەکانی مەولەویش. کێشی (٥–٥) واتە دە برگەیی تیا بەکارهاتوە.

بەڵام گۆران سەرەشقی تاقیکردنەوەکەی لەوەدایە کە جگە لەم کێشەو، هەندێ کێشی وردو کورتی دی، بە چەند شوێنێکا کێشی (٥–٦) ١١، یا (٨–٥) ١٢، وە لە کورتەکانیشا (٤–٤) ٨. برگەیی داهێناوە.

نمونەیەکی فۆلکلوری وەک ئەم بەیتە سەیر بکەین:

هەنارەی ساردم کێو لەبن دێنێ
ئاخۆ خواگەی من چیت بەسەردێنێ.

هە١	نا٢	سەی٣	سار٤	دم٥
گێ١	و٢	لەبن٣	دێ٤	نێ٥
ئا١	خۆ٢	خوا٣	گەی٤	من٥
چیت١	بە٢	سەر٣	دێ٤	فی٥

لە بەرامبەر ئەمەشدا، دەتوانین، لەم هەڵبەستە وردبینەوە :

"ئافرەت و جوانی"

بە ئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە
لە باغچەی بەهار گوڵم چنیوە
.....
..... هەتا دوایی هەڵبەستەکە.

بۆ نمونەی کێشی کورت و، جووتەکان دەتوانین لە هەڵبەستی "رەوتێکی جوان" وردبینەوە.

لەژێر زەردەی خۆرهەتاوا
بەناو چیمەنی گوێ ئاوا.

.....

لە هەڵبەستی ئاواتی دووریشدا ئەتوانین ئەو کێشە درێژە تازەیە بەدی بکەین کە گۆران دای هێناوە:

ئەی چاو چەشنی بازی قەفەس
هەڵوەرێ پەڕت
کوا بالە تیژەکانی نیگای
حووسنی دلبەرت؟

هەر لەو هەڵبەستەدا، گۆڕانکاری کێش، وەک یاریو جێپێی سەمایەکی ڕێکوپێک بەدی ئەکەین، کە لە شوێنی تریشا دوبارەبونەتەوە. لەمە بەدوا دێینە سەر باسی زمان و، وشەی کوردی و، داهێنان لە وشەکانا، کە ئەم باسەش لەگەڵ ئەوەی سەرەوەدا "فۆرم" پێک دێنن.

هەر وەک لە باسی کێشدا، لە سەرەتای (بەهەشت و یادگارا) گۆرانمان بە شایەت گرت.

ئەوا بۆ پاکژی زمان و، بە کوردی هەڵبەستنوو، داهێنانەکان هەر خۆی بە شایەت ئەگرین، کە ئامازە بۆ ئەوە ئەکات، هەرچی ئەو هەڵبەستانەی غەزەل ئاساو، وشەی عەرەبی زۆر تیا بەکارهاتوە، ئەوە کۆنن، تا بەکارهێنانەکەش زیاتربێ، کۆنترن.؟ بەڵێ "گۆران" خۆی بە م مانایە، ئەوەمان تێدەگەیەنێ، کە پێداویستی تازەکردنەوە، بە شێکی گرنگی زمانی کوردیە.

هەر لە بنەڕەتا، یەکێ لە فەرمانەکانی شیعر، کە پێویستە بەجێی بێنێ، پارێزگاری و داهێنانی زمانە. جا بە دوای ئەم رایەدا، سەرێ بدەین، لەو هەڵبەستانەی کە زیاتر ئەم دیاردەیەیان بەخۆیانەوە گرتوە: ئەگەر تێکڕا بنواڕینە هەڵبەستەکانی (بەهەشت و یادگار) و، دوو هاوینەگەشت وەکو لە شیعرەکانی تازەبابەت لە بەشەکانی کەدا، هەست بەوە دەکەین، کە زمانی شیعری گۆران، هەتا بڵێی سادە و ڕۆشنە، کە هیچ گرێیەکی داتاشراو بە درەختی دارشتنیەوە نابینی.

ئەو وشە سادە و، ئاساییانەی کە ڕۆژانە من و تۆ پێی دەدوێین، هەر وشەیە و، بۆ خۆی فەرمانێکی تایبەتی پێ سپێردراوە، لە وێنەکێشانی هەڵبەستی گۆرانا،

گۆران کە جوانیەکی نەخشاندبێ، یا تەنانەت دیمەنێکی ناسۆریشی نەخش کردبێ، وەک خۆی بێ کەموزیاد، ئەوەی باس کردووە، لە (ذهنا) ئەو نەخشەی گۆران توانیوێتی تابلۆکان بە ڕەنگ و دەنگ و، سیمایانەوە شتێ لای خوێنەر بەجێ بهێڵێ "گۆران" شاعیری وەسفە نەک تەنها بۆ جوانی، وەسفی هەموو دیمەنێک بێ موبالغە وەک خۆی داوێتی بەدەستەوە. وەک دەبینین:

قژ کاڵی لێو ئاڵی پرشنگی نیگاکاڵ
ئەی کچە جوانەکەی سەرگۆنا "نەختێ ئاڵ".

سەرگۆنا نەختێ ئاڵ .. کەمێک، نەک وەک پەڕەی گوڵ، سورێکی یەجگار تۆخ.

ئا لێرەدا، دەردەکەوێ. کە زمانی شیعری گۆران لە هەموو خەسڵەتەکانی، وشەکانی، ڕەنگ و دەنگی دروست کردوە، لە شوێنێک وەک نەقاشێکی هونەرمەند، فڵچەی لە وشەکان دێنە گۆ، وەک ئەکتەرێکی سەر شانۆ خۆیان لە خۆیان دەدوێن. هەروەک لە "جوانی لادێ" دا دەڵێ:

وەختێ کە ئەکەی چەشنی نەسیم لەرجە بەرەو
ماڵ
ئەگریجەی تەڕ پەخشە لەسەرکوڵم و خەت و خاڵ،
شەڕیانە؛ شەماڵ، پەنجە لەسەر ڕەنگی ڕەش و ئاڵ
ئێوارەیە وا، هەلگرە سا گۆزەی تازە.

وەک لەسەر شانۆیەک، یا هەر لە ژیانی دوو کەسا، مشت و مڕێک پەیدابێ لەسەر هەڵبژاردنی شتێ.

ئەوەتا پەنجە ئەگریجەی ڕەش لائەداو، بە شەماڵ ئەڵێ: دە لاچۆ با کوڵمی ئاڵ دەرکەوێ.

شەماڵیش ئەگریجەی ڕەش و تەڕ ئەداتەوە، بەسەر کوڵمی ئاڵا و، دەڵێ من حەزم لەم ئەگریجە ڕەشەیە...

شەڕیانە .. لەسەر ڕەش و ، ئاڵ ..
مشتو مڕیانە و، هاتونەتە قسە، بە دەنگی بەرز، گەوتوونەتە هاوار

خۆ هەر سەرەتای ئەو کێشەیە، کە دیمەنەکەمان بۆ دەڕەخسێنێ، وەک سیناریستێ، دەست نیشانی ئەوەشی کردوە، کە پێویستە کامێرا بەتەواوی جوڵەو بزواندنی گۆزە هەڵگرمان نیشان بدات، واتە بە تەواوی کامێرا "کلوز" ئەبێت لەسەر گۆزە هەڵگر، تاوەکو لە بەرەوە لێمان دورکەوێتەوە، تابزانین وەک "نەسیم" لەنجە ئەکات. وەک شنەبایەک تێپەڕئەبێ، تا جارێکی کە "دوربین" کە سور ئەبێت لەسەر تەواوی دەموچاو، کە پەنجە و شەماڵ شەڕیانە.

جا ئێستە بەدوای ئەوەدا، سەیری: جادە چۆڵبو "لە درزی پەچەوە" "جوانی بێناو" ، "بۆ کچێکی بێگانە" یا لە "پایزا" یا لە "هاورێم بێکەس" دا،

لە هەر شوێنێ، توشی دیمەنەکانی گۆران دێین، تەماشائەکەی، هەر رستە بۆخی بەدەنگی خۆی لەخۆی ئەدوێ، هەر ڕەنگە و، وەکو خۆی بەچاوی خۆی، وەک خۆی چاوێکت لێدائەگرێ. بەڵێ گۆران شاعیری وەسفە، بەڵام هەر شتە بۆ خۆی لە خۆی ئەدوێ، ئەوەش خەسڵەتی داهێنانی هونەری زمان پاراویە لای گۆران.

ئەگەر درێژە نەدەینێو، لێکدانەوەی شێوە و، فۆرمی شیعری گۆران لێرەدا بەجی بهێڵین: ئەوا دەبێ شتێ لە ناوەڕۆک بکەینە، سەرباسێکی تایبەت و، لەپێشا بکەوینە دیوی سێبەری عەسرو ئێوارە، بە ڕوی شارەکەمدا، ەڕوەک ئاغای هەقەشناس بە نەزمێکی ڕەوان باسی کردوە و، ئەڵێ: "شارەکەم سنە" (٢)

جا ئێمەیش شاری هەڵەبجەی شەهید، شاری هەنارو، تایەرو، موختار و گۆران، بەیاد دەکەینەوە.

بەڵێ بۆئەوەی لە بنەڕەتەوە، هونەرمەندێک، یا داهێنەرێک بخەینە چوارچێوەی، بیروباوەڕیەوە، لێکدانەوەی باری ژیان و، شوێن و گوزەرانی ژیان شتێکی پێویستە.

هەڵەبجەی شەهید شوێنی لەدایک بونی گۆرانە لە ساڵی ١٩٠٤ زاینیدا لە بنەماڵەیەکی زانا و خوێندەواری سەر بە ئاین، عەبدوڵا بەگی سلیمان بەگی عەبدوڵا بەگی کاتب فارسی هاتۆتە دنیا.

وەک لە پاشکۆی ئەم دیوانەدا باس کراوە، بنەماڵەی کاتب فارس بەو شێوەیە هاتونە هەڵەبجە.

هەڵەبجە لە بنەڕەتا بە سیانزە "ە" ناوبانگی بوە، بەهۆی ئەوەی کە سیانزەماڵ هاتونە سەربە خورافاتی، میرو، شێخ قادر و، کانی ئاشقان، وە ئەو سیانزە ماڵەش تا ئێستا بە نەوەکانیان دەڵێن لە سیانزە ماڵەن.

دوایی جاف و، میرو پاشان پاشاکانیان دڵیان پیاچوونەو بەرەی وەسمان پاشای بۆ مەحمود پاشا لەوێ گیرساونەتەوە ئەگەرچی ماوەیەکیش مەحمود پاشا لە هەڵەبجە و پریس ژیانی بەسەربردوە.

دیارە جاف بەهۆی ئاو و هەواو پیت و بەرەکەتەوە ئەم شوێنەیان وەک هەسرو شارەزور بەدڵ بوە.

ژیان لەناو کۆمەڵدا، ژیانی موڵک داری بوە، خاوەن دەسەڵات مالیک بووەو، بێدەسەڵاتیش ڕەعیەت.

هەروەک ئەزانین بنەماڵەی کاتب فارسیش کە هەر جاف بون و، ژن و ژن خوازیش، لەگەڵ بەگزادەدا. پلەو پایەی بۆ دیاری کردون.

بەڵام وەک خاوەن موڵک و، دەسەڵاتی دارایی ئەوە نەبون کە ژیانی گۆران بە ئاسانی ڕەخسابێ.

لە نێوان خوێندنی حوجرە و. لەبەردەستی باوکی و خوێندنی ئاینی و خوێندنی ئەدەبیاتی فارسی خوێندوە، هەروەک خۆشی چەند جار گێڕاوێتیەوە

بەشی زۆری تێدێشتن لە ئەدەبی فارسیا، بەتایبەتی سەبارەت بە (حافظ) لای شێخ بابا رەسول زیاتر کەڵکی وەرگرتوە.

مەلا شێخ تۆفیقی بەرزنجە، خوا لێی خۆشبێ، بۆی گێڕامەوە کە لەگەڵ باوکی، رەفیقە فەقێبون.

وتی: باوکت سەرچاوەی خوێندەواری لە ئێمە زۆشنتر بو، بۆیە لێم پرسی فەقێ عەبدولا، ئەم هەموشتە لەکوێ ئەزانی، وتی زۆر ئەخوێنمەوە، لەم مشتومڕەوە، گوێران کتێبێ بەدیاری ئەدا بە شێخ تۆفیق، بەناوی "ذخائر المحفوظات" پێشکەشی کردبو.

بەخێرایی ئامادەم بۆ ئەندەکێ لە بارەی گوزەرانی کرد، کە پێویستە لە رووی هونەریەوە، پەیوەندییە دەروونیەکانی دامێنەر بدۆزرێتەوە.

جا گوێرانێك لە بناری هەڵەبجەدا. چەشنی وشەی کوردی رەسەنی جاف و، زاراوەی هەورامانیی تەپد پاراو، دیمەنی سروشتی پێ دەشت، تا لوتکەی بەرزی گەردن کەش، لە پەیوەندیەکی کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی سەرەتاییدا و، سەردەمی نزیك بە داستانی کۆن لە سنوری گوێ ئاگردانا، دەبێ وەك بەهرەی شیعری بەدەست هێنابێ، سەلیقەی بۆ دامێنانیش لە سنوری چەشنێك ئەدەبی ئەوتۆدا بێ. کە لەگەڵ باری رۆشنبیری بنەماڵەکەیدا، سەرچڵ بێ.

ئەم لیکدانەوە بەرکوڵە هەوێنی هزری گۆرانمان بۆ دیاری ئەکات و، لە دوو مەزەندا، گۆرانمان بۆ کۆدەبێتەوە.

یەکەم ئەوەیە کە جوانی سروشت و، جۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان لە هەڵسوکەوتێکی رۆمانسیانەدا، گوێران دەکاتە شاعیری شەیدای جوانی سروشت و، پێ هەڵدان بە جوانیەکانی سروشتا، تەنانەت وای کردوە کە هەندێ جار، پایزی لە کەژاوەیەکی رازاوەدا خستۆتە بەر هەست و تێڕوانینی خوێنەر، کە لەوەبەر پایز بەو چێژ و خۆشیەوە، نەینواندوە، لای خوێنەری سەردەمەکە.

ئەوەتا لە هەورێ پایزدا کە دەڵێ:



لە دەریاوە قەتاری هەوری بارشت کەوتە دووی پێشەنگ

بەسەر سنگی چیادا، چۆکی داداوە، کشو بێ دەنگ

ئەم دیمەنەو، ئەم هەڵوێستە، کە گوێران لە رووی هەوری پایزدا گرتویەتی، بۆئەوەیە کە پایز بەسەر سروشتا بگری.

لە جوانترین شێوەدا، بۆمان دەگرێتە چوارچێوەیەکی بلورینی، لەناو ئەو چوارچێوە جوانەدا، وێنەکەی کە گوێران پیشانمانی ئەدات، دێتە دەنگ و، بە رەنگ و بۆی خۆیەوە.

بۆیە دەڵێ:

بەفر ئاسۆی بڵند بگرێتە چوارچێوەی بلووریني

لە چەم هەڵسێ خوڕەو هاژەی شەپۆلی ئاوی خوێنینی

ئەگەر بێتو لەم گۆشە نیگایەوە، لە گوێران وردبینەوە، ئەبینین کە هەمیشە سروشتی بە جوانی ژیانەوە، بەرچاوخستوە، هەروەك لە ئافرەت و جوانیا ئەڵێ:

بەڵام تەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز
بێ روناکیە بێ بزەی ئازیز

یا لە رەوتێکی جوانا:

ئەوهندە جوان لەوە جوانتر
لە شەنەی بای شەو رەوانتر
هەتا ئەگاتە.....

یێی ناز ئەنێ بەسەر ئەرزا
جوانی لە بەژنێکی بەرزا

لەنار سروشتی بێگەردی سەردەمی گۆرانا، ژیان بۆخۆی هەروەك هەیە، خاڵی نەبوە لە ترازیدیا رۆمانسیەکانی دەرونی، پڕ سۆز و، شوور.

لە پلەوپایەی، کۆمەڵایەتی گۆرانا و، لە ئاستی نەدارایی رۆژگارا، "گۆران" لەبەردەم هەموو ئەو جوانیانەدا زۆر ناکام ئەبێ، گەلێ پەپولەی لەدەست بەرئەبێو، گەلێ گوڵی ئاواتی هەڵ ئەپروکێ:

"ئاواتی دووری
ئەی چاو چەشنی بازی قەفەس هەڵوەرێ
پەڕت،
کوا بااڵ تیژەکانی نیگای حوسنی دولبەرت؟

هەر لە دیدار و بیستن و، بۆنەو، لامیسەوە، بە هەمویانا ئەگەڕێ سوااڵی یادگارێکیان لێ ئەکات بەڵام بێهودەیە.

بە ناکامی پەنا ئەباتە بەر خاتیرەو، وێنەی خەیاڵی ئەو عیشقەی لێ داوائەکا تا وەختی ئیحتیضار.

چەشنی ئاوێنە،
دائم بنوێنە:
عەشقی قەدیمی یار
تاوەختی ئیحتیضار

هەروەها، خۆزگەم بە پار، سکاڵا، لە جوانی سەرەڕێدا، تەسلیمی جوانی ئەبێتو:

تۆیش لەگەڵ هەر جوانێك ئەبینم تا ئەمرم
ئەبیتە مەرواری بۆ ملوێنکەی شیعرم،

جا لێرەوە گۆران جوانی سروشت و، هەمو جوانیەك، لە تراژیدیای ژیانی رۆمانسیا، بای دەکێشێتە بەردەم واقعی ژیان، کە لە گۆڕی خوێناویدا، لە هەردوو شیعری هیوادا، لە هەردو شینی بێکەسی هاوڕێیا، لە گوڵی ناکاما... هتد.

بونسی وزەی بەرهەڵستی و، روویەڕوبونەوە ئەدۆزێتەوە. دامێنان لای گۆران بۆ خزمەتی نەتەوەکەی بوە، تەنانەت ژیانیشی هەر بەو جۆرە بناوانی لێهەڵگرتوە، شیعرەکانی کوردستان و سرودەکان و، ... هتد.

بەڵگەی ئەو راستیەن، جا ئەگەر لەسەر داوای کەسانی وەك (رەفیق حیلمی) و، توفیق وەهبی، چوبێتە فەلەستین و، دوایی بە دوای ئەوەدا گەڕابێ ڕێگایەکی باش بۆ خۆشی کورد بگرێتە بەر: هەر بە نیازی نەتەوەکەی بوە.

گۆران لەکاتێکا تەواو لەو بیری کۆمونیستیەوە نزیك بوە، بۆ کۆنفرانسی مامۆستایان ئەو شیعرە پرسۆز و، پڕ شانازییەی تیا وتوە:

ئەگەر دونێ مامۆستاکان
یەك سوڵتانیان پێئەگەیان.

هتد...

ئەو شانازییەی گۆران کردوێتی بە رابوردوی نەتەوەکەیەوە، هەمیشە لەگەڵیا ژیاوەو، ویستویەتی وەك ئاڵای شانازیی کورد بەرەو پێشەوە بشەکێتەوە، بۆیە داوائەکات کەملیۆنان سوڵتان پێ بکات. ئەوەندەش رەگی قوڵی شانازییەکان لە دڵی گۆرانا ریشاڵی پەخش و داچوبوە، کە بەر لە هەموشتێ ئاینی نەتەوەکەشی مەبەست بوە:

نەوەی شێرکۆ: صەلاحەددین
پاڵەوانی غەزایی رێی دین،

نەوەی بۆ پاسی قەڵای قودس
وەك بەردی رووی شورا بێترس.

لەبەر شیر و تیرا وەستا
تا دەنگی هەی ئامان هەستا.

لە گروی خاچ
کە خاچیان کردبوو بە پاچ
بۆ رووخاندن،
بۆ ئاسیا پر لە مردن.
پڕ لەگەلاوەی شارگردن.

باوەڕناکەم مرۆڤ لە ئاستی ئەم دیمەنەدا، دەستەپاچە بێ. جا دیارە گۆرانی خاوەن مەبەست زیاتر کەوتۆتە، سەر رچەی زانینی راستی، ئەوەتا سەلاحەدین ئەو شانازیە ئاینیەو، خاچ پەرستانیش کاولکەر و دوژمنی دین. بۆیە دێمە سەر ئەوە باس لەوە بکەین، کە گۆران چۆن، و چ خزمەتێکی بە کورد کردوە.

هەر بۆئەوەش بوە ڕووی لە دەرگای بیروباوەڕی مارکسیزمی کردوە، تا ئەمە خوایە کورد بە شتێ بگا. بەتاییەت بۆچونی ڕۆشنبیرانی سەردەمی گۆران؛ لە دوای جەنگی جیهانی دووهەم، لەم ڕوەوە، بە کۆمەڵ و، بە تاك لەم ڕێگایەوە، شوێن پێیان هەلگرتوە.

واتە شوێن پێ هەلگرتنی مارکسیزم، چ وەك لایەنی ڕۆشنبیری، یا سیاسەتی بەکۆمەڵ لەناو حزبەکاندا بەردەوام، جێی مشتومڕبوە.

بۆ نمونە تا کۆنگرەی پێنجەمی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەگەر وردبینەوە، دەبینن چەندین جار دروشمی مارکسیەت بەسەردەرگای پرۆگرامیانەوە بوەو، لەم ڕەوشەدا چەندین کێشەی سیاسی لەناو پارتیدا ڕوێداوە فەڕوەها هەڵپەی داوی ماوێتی، بەدوای پارتیدا، کە ئەوێش لە مارکسیەت سەرچاوە ئەگرێ، پێناسەی زۆر لاوان و، گروپوکۆمەڵی ناو کوردستان بوە.

پێویستی ئەزانم لای خوێنەری کوردو، بەتاییەتی نەوەکانی لەدوا، ئەوە بزانن کە گۆران، دوای گەڕانەوەی لە سۆڤیەت ئەو نیشانەی خۆش بینیەی، جاران بە ڕویەوە نەما کە جاران ڕووی پێ ئەکرد سۆڤیەت.

بۆ ئەمەش لە دوو دانیشتنا قسەی خۆی کردوە، ئەوەبو لە حەفتاکانا، یا لە سەرەتای هەشتاکانا، مشتومڕێ لەنێوان دکتور عزالدین و، خوالێخۆشبو شاعیری ناودار سالح دیلانا هەلایساو، لەلایەڕەی یەکێ لە ژمارەکانی هاوکاریا، لەمەڕ ئەو ڕاوبۆچونەیان نوسی.

هەرچۆنێبێ، گۆران هەرچیبو بردییە خاکەوە، بەڵام شیعرەکانی و، ڕێبازی داهێنانی لە ناوەڕاستی سیەکانەوە گەلێ خزمەتی بە نەتەوە گەیاندوە:

۱) تورەڵدانی عەروزی عەرەبی، هەروەك بڵێی
مالی قەڵب سەرو ساحێبی خۆی ئەگرێتەوە.
چونکە لە ڕاستیا ئەم خاڵە دوو شتی
مێژوویی بۆ کورد تۆمار ئەکات، کە هەمیشە
تاجی سەری ڕۆڵی پێشکەوتن خوازیو
داهێنانی ئەدەبی کوردیە.

مێللەتی کوردی بێدەسەلات و پشت پەنا، کە دوژمنەکانی وایان چاوەڕوان ئەکرد ناوی کۆڕبێتەوە، کەچی لە ناوەڕاستی خاوەر میانەدا پێش هەموو نەتەوەکان کەوت و، توانی هیجای برگەیی خۆی بەکاربێنێو هەر وەك پاسمان کردوە.

تەنانەت هەتا ئێستاش شیعری نوێی عەرەب، عەروزی هەڵنەبواردوە، ئەگەرچی ئەمان میراتی نەتەوایەتی خۆیانە. بەڵام لە ئەدەبی فارسیا، نە نیما و نە أحمد شاملو، نە یانتوانی کێشێکی خۆمالی فارسی بدۆزنەوە.

۲) پاکوی زمانی کوردی لە ڕێبازی داهێنانی شیعری گۆرانا هەمیشە شتێکی نەرەکی بوە، نەك دروشم. بۆ ئەمەش تا ئێستا لە

شیعری تورکیو فارسیشدا، وشەی عەرەبی زەقو، ناقۆلا بەکارهاتوە و دێ، کە لە زۆر شوێنا لەجێی خۆیو بە واتا عەرەبیەکەی بەکارنەهاتوە.

لە یاکێ لە بەرهەمەکانی شاملودا، شیعرێکم بەرچاوکەوت "سە سرود برای افتاب" ۳۸ وشەی عەرەبی تیابو. بەڵام ئەمڕۆ زمانی ئەدەبی کوردی بەدەگمەن رێگەوت، وشەیەکی عەرەبی لەناو دەیان نوسراوا بەکاربێت. ئەوەش هەوڵوکۆششی گۆرانە لە داهێنانەکانیا.

۳) پێشکەوتنی مێژوویی شیعری کوردی لە بواری نوێخوازیو داهێنانا لەسەر دەستی بەهەشتی و پایەبەرز شێخ نوری و هاوڕێکانیا، پەرەپێدانی لەسەر دەستی گۆرانا، بە هەموو خاڵەکانی سەرەوەش، دەتوانین بەوەی رەچاوبکەین، کە ئەو کارە یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکیەکانی لەناونەچونی فۆلکلۆرو، فەرهەنگی کوردی، لایەنی ئەدەبی کوردی، ئەگەر مل ملانێی سیاسی لە کوردستانا ئەوەندە ئاڵۆز نەبوایە، ئەدەبی کوردی ئالای پێشڕەوایەتی وشیاری میللەتی لەدەستا بوە و، لە دەستیایەتیو، هیچ رێبازێکی سیاسی ناتوانێ لە دەستی بسێنێ.

٤) ئیتر بۆئەوەی هەمومان، چ لە روی ئەدەبەوە، یا لە رێی هەڵوێستەوە، لەنار شیعرەکانی گۆرانا، روبەڕوی خۆی ببینەوە، منیش لێرەدا هەر بەو نیازە سەرنجێ ئەدەمە سەر پارچەکەی گۆران لە (پەرفیخە)، کە لە نەخۆشخانەوە، ئەڵێ:

بەڵێ دکتور خوشکان! ماتم
هەر من نیم ماتی ولاتم.
لەناو هەزارانا: تاك، تاك
لێومان هەیە پێبکەنێ
لای ئێمە بۆ دنیای شادی
وا تازە خەڵك هەنگاو ئەنێ.

ئیتر هەروەك لێوی ماتی بەسەر خەندەبا لێك نا، لە نەخۆشخانەی پەرخیفە.

رۆژی ۱۹٦۲/۱۱/۱۸، لە سلێمانی لە باوەشی کوردستانی دایکا، چاویشی بەسەر ماتیو کلۆلیا لێك نا.

جیوردانۆ برۆنۆ
(١٥٤٨-١٦٠٠)
نەو بیریارەی
لە گۆڕەپانێکی ڕۆما سوتاندیان و لە هەمان گۆڕەپاندا پەیکەرێکیان بۆ کرد

وەرگێڕانی: حەمەرشید ئەحمەد فتاح

ئەو مرۆڤەی خاوەن ڕایەکی ئازاد بوو، لە ساڵی ١٦٠٠ز لە یەکێك لە گۆڕەپانەکانی ڕۆما سوتاندیان، وە ساڵی ١٨٨٩ لە هەمان گۆڕەپان دا پەیکەرێکیان بۆ کرد

تا ئەم دنیایە بەرەو پێش بڕوات،ئاسۆی زانیاری مرۆڤ پان و بەرینتر دەبێ، بەردەوام پێویستیمان بە پێداچوونەوە هەیە. لە بیرو باوەڕەکۆنەکان و ڕاستکردنەوەیان و وازلێهێنان و وەرگرتنی بیرو باوەڕی نوێی داهێنراو کە لەگەڵ پلەی گەشەسەندنی زانست و زانیاری نوێ دا بگونجێ، ڕەنگە زۆر جار چەند بیرو باوەڕێك لە سەردەمێکدا ببنە ڕاستی و خەڵکی باوەڕیان پێ بێنێ، بەڵام لەسەردەمی داهاتوودا خەڵکی بەخەیاڵ و خەرافاتی دادەنێن، چونکە مرۆڤ زۆر پابەندی ئەو بیرو باوەڕو داب و نەریتانە دەبێت کە لە منداڵی یەوە فێری بووە و لەگەڵی ڕاهاتووە. هەر ئەمەشە دەبێتە هۆی بیرو باوەڕی سەردەم و ئەمیش بە دەوری خۆی دەبێتە هۆی تەنگ پێ هەڵچنینی نوێخوازو چاکەرەکان و دۆزەرەو داهێنەرەکان، کە بیرو باوەڕی نوێ دەهێننە کایەوە، دەبنە هۆی گۆڕانی بیروباوەڕە کۆنەکان.

تا ڕۆژی ئەمڕۆ هەچ کەسێك هەستابێت بەم کارە بەشی سوکایەتی کردن و بەکەم زانین و ڕقلێبوون بووە لە لایەن خەڵکەوە، بەڵام لە چەرخەکانی ناوەڕاستدا بەشیان سوکایەتی پێکردن و دەربەدەری و بەرەڵایی بووە لە هەندێ جاردا خاوەن ڕا جیاواز و نوێکان لەگەڵ کۆمەڵەی تاوانبار و خراپە کار دا ناویان دەبرا کۆمەڵێ پێیان خۆشبوو ئەم جۆرە مرۆڤانە بفەوتێنن بۆ ئەوەی سەریان سوك بێت لە بیرو باوەڕکانیان.

ئێمە بە چاوێکی پڕ لە شانازیەوە سەیری ئەو پاڵەوانانە دەکەین، کە دەبینین یا دەبیستین لە شەڕدا خۆڕاگرو ئازان بەڵام گومانی تێدانیە کە ئەو مرۆڤانەی بەرەنگاری بیروبۆچوونە هەڵەکانی نێو خەڵکی بوونە تەوە ڕۆڵێکی گرنگیان بینیوە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا و ڕێگایان بۆ ئێمە ڕۆشنکردۆتەوە. هەرچەندە ناو بانگی ئەمان وەك ناوبانگی پاڵەوانی شەڕەکان نەبووە، ئەم جۆرە مرۆڤە بوێرو چاونەترسانە زۆر جار خەڵکی پشتی تێکردوون و بەرگرییان لێ نەکردوون. ئەمانە زۆربەی جار هاوڕێیان کەم دەبێ ڕەنگە جاری وا هەیە تووشی کێشەو ئازاری وا دەبن لە توانای مرۆڤ دا نەبێت، خۆ ڕۆیشتن و خۆگونجاندن لەگەڵ بیرو بۆچوونی ئەو ڕەشە خەڵکە مرۆڤ هیچ هیلاك ناکات و تووشی هیچ ئازارێکی ناکات، بە پیچەوانەوەی ئەو کەسانەی دژی بیرو بۆچوونی ئەو ڕەشە خەڵکە دەبنەوە.

ئەو دۆزینەوە مەزنانەی لە بواری ئاسمان ناسیدا بە دەست هات لە سەردەمی رێنسانس دا بووە هۆی جولانەنی مێشکی خەڵکی بووە مایەی تێکچوونی بیرو بۆچوونیان، لەسەردەمی گۆندا کە پیتاگورس وتبوی زەوی خڕە نەك تەخت، خەڵکی گاڵتەیان پێدەکردو قسەکەیان بەدرۆدەخستەوە، ئەیدەبێ حاڵی کەسێك چۆن بێت کەلەچەرخەکانی ناوەراست دا بژی و بڵێ زەوی تاو چەقی ئەم گەردونەی نەگرتووە تا رۆژو ئەستێرە و هەسارەکان بەدەوریا بسوڕێنەوە

ئەم باوەڕە لای خەڵکی ئەو سەردەمە تاچەرخی پانزەیەمی زاینی بەردەوام بوو، تائەو کاتەی کە پرینکۆس لەنێوان ساڵەکانی١٥٠٦-١٥١٢ تیۆریەکەی ئاشکرا دەکات کە خۆر کەوتۆتە چەقی گەردونەوە و زەوی و هەسارەکانی تر بەدەوریا دەسوڕێنەوە، بەڵام ئەوەی جێی مەترسیە لەم تیوریەدا ئەوەیە دژی بیرو باوەڕی ئایینی دەوەستێتەوە چونکە لەم سەردەمەدا هیچ کەس نەیدەتوانی پای جیاوازی هەبێت لەگەڵ رای پیاوانی کڵێسە، ئەو کەسەش رای جیاوازی هەبوایە، خۆی دوچاری سزاو ئازارێکی زۆر دەکرد، ئەم حاڵەتە زۆر بەرووتی لەژیانی فەیلەسوفی گەورەی سەردەمەکەی خۆی و یەکێك لەبیر کەرەوە مەزنەکان و شاعیری گەورە برۆنۆوە دیارە. لە٧ی شوباتی ١٦٠٠ی ز کۆمەلە خەڵکانێکی زۆر لەمەیدانی کامبۆدی فیوری کۆبوونەوە، لەناوەراستی مەیدانەکەدا دارێکی زۆر هەڵچنرابوو، لەناو ئەم دارە هەڵچنراوانەدا ستونێکی دار هەبوو بۆ بەستنەوەی ئەو کەسانەی فەرمانی سووتاندیان دەرچ.وو. ئەگەر سەیری دەموو چاوی خەڵکەکەت بکردایە، خۆشی سەرکەوتنێکی پێوە دیار بوو. چونکە خەڵکەکە دەیانزانی ئەر کەسە لەفرمانی کڵێسەو خوا دەرچووە و سەرپێچی کردووە بەتایبەتی کەدەڵێ زەوی بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە لەو کاتەدا برۆنۆیان دەهێنا بۆ گۆرەپانەکە و سەربازەکان پاڵیان بەخەڵکەگەوە دەنا بۆ ئەوەی رێگە چۆڵ بێت و تاوانبارەکە بەرنە سەر سەکۆکە، برۆنۆ پیاوێکی لاواز بوو وکراسێکی زەردی لەبەرکرابوو، چونکە مەرکەسێك دادگای پشکنین تاوانباری بکردایە ئەم کراسەی دەکردەبەر و لەسەر کراسەکەشی وێنەی شەیتانەکان کێشرابوو. ئا لەم کاتەدا کەدەیان هێنا بۆسووتاندن قەشەکان وێستیان قسەیان لەگەڵا بکەن بۆ ئەوەی دان بەهەڵەکانیدا بنێ و پەشیمان بێتەوە و داوای لێبوردن بکات بەڵام ئەم هەرچەندە بەدڵتەنگی یەوە سەیری دەکردن، چاوەکانی سیمای خۆراگری و سووربونی پێوە دیار بوو. رەشە خەڵکەکەش کە کۆ بوبونەوە گاڵتەیان بەم کابرایەدەهات کە خۆی کردۆتە قوربانی بیرو بۆچونەکان و راکانی. خەڵکەکە وایان دانابوو کە کابرا بەقاچی پڕ لەرزۆکەوە بچێتە سەرسەکۆکە بەڵام بەپێچەوانەوە هەنگاوەکانی لەهی مرۆڤێك دەچوو کە تەواو باوەڕی بەخۆی بێت هەر هەموو خەڵکەکە چاوەڕێ بوون کەکابرا پاشگەز بێتەوە و لەم چارەنووسە ترسناکە بتوانێ خۆی رزگار کات بەڵام مەحاڵ بوو ئەو بەو شەر چۆکدا بکەوێت و داوای بەزەیی بکات، بۆ ساتە وەختێکیش هەر چاوەڕێیان دەکرد، بەڵام ئەو شەر بەبێ دەنگی مایەوە، دیارە کەسوورە لەسەر باوەری خۆی هەرگیز نانەوێ و مل نادات پاش ئەمە گرپان بەردایە ئاگرەکەو نێچیرەکە لەئازاردا تلی دەدا بەڵام هیچ هاوارێکی لێ هەڵنەسا پاش چەند ساتێك هەموو گیانی دەبێتە خۆڵ و باکە پرژو بڵاوی دەکاتەوە، ئەمە وێنەیەك بوو لەکۆتایی هێنان بەژیانی فەیلەسوفیك و شاعیرێکی وەك جێۆردانۆ برۆنۆ کەپێی قبوڵ نەبوو باوەڕ بەشتی پێ بناغەو هیچ بەهێنێ، قبوڵی نەکرد کەپەشیمان بێتەوە لەو راستیانەی کە دەیزانی

لەدایك بوون و پەروەردەی

برۆنو لە شاری نولا لە دایك بووە، لە ساڵی (١٤٥٨ز) دا هەر لە منداڵیەوە شەیدای خوێندن و زانست بوو، توانای بلیمەتی ئەم منداڵە بووە هۆی سەرسوڕمانی خەڵکەکە، بێجگە لە زمانی ئیتاڵی و لاتینی و زمانی ئیسپانی و یونانیشی دەزانی، لە تەمەنی چواردەسالێدا بۆ ماوەی سیانزە ساڵ لەماڵە پەبەنەکانی دۆمینیکان مایەوە پاڵە ئاینی یەکانی بڕی تابووە قەشە، لەم سەردەمەدا ئەوەندە زانیاری کۆکردبووەو کە لە دواتردا بووە بنەمایەکی چاك و بەرفراوان بۆ ڕاو بیرو بۆچوونەکانی. کلێسە پێی خۆش نەبوو ئەم کابرایە ئەوەندە زیرەك و بە ئاگابێ لە شتەکان، و پرسیار لە شتەکان بکات بۆیە ئەوەندەی پێ نەچوو جیاوازی کەوتە نێوانیانەوە چونکە ئەم بەردەوام سوور بوو لەسەر بۆچوونەکانی خۆی، بۆیە پیاوانی کلێسە تاوانباریان کرد بەوەی کە باوەڕی کز بووەو نە گەلێاندانیە، بەم شێوەیە وردە وردە باری لار بوو تا لە دوایدا ناچار بوو هەڵێ بو (جەنەوە)، لەوێ بۆ چەند مانگێك ژیانی لەسەر فێرکردنی منداڵان بەند بوو وە هەچ کاتێکیش ئیش بوایە لێکۆڵینەوەی لەسەر گەردوون دەکرد، ئەم ڕاکانی (کوپرنیکۆس)ی پێ قبوڵ بوو کە دەیگوت خۆر ناجەڵێو زەوی و هەسارەکانی تر بە دەوری خۆردا دەسوڕێنەوە، ئەم ڕایەش پێچەوانەی ڕاکانی کلێسە بوو، برۆنۆ بەمەش وازی نەهێنا بەڵکو باوەڕی وابوو کە لە هەسارەکانی تردا ژیان هەیە .

ڕۆحێکی شۆڕشگێڕانەو هەڵگەڕانەوە و بەرەنگار بوونەوە

پاش ئەوەی لە ڕۆما هەڵهات، لەهیچ جێگایەك نەدەمایەوە بە ڕۆحێکی شۆڕشگێڕانە بەرەنگاری هەموو نەیارو بەر هەڵستکارەکانی دەبووەوە. هەر چەندە برۆنو لە سەرەتای لاوێتیدا لەگەڵ کلێسەی کاسۆلیکی بوو بەڵام لە دوایدا بووە نەیاریان و برۆنو لایەنگرانی (کالڤن) ی بەلاوە باش نەبوو، چونکە زۆر توندڕەو بوون، هەروەها لەگەڵ چاکخوازە ئاینیەیە فەرەنسیەکانیش نەبوو، جیاوازی نێوان کاسولیك و پرۆتستانیشی پێ خۆش نەبوو پاش ئەوەی سەردانی جنێڤی کرد لەوێ زۆر نەمایەوە، چونکە بە زۆری کالڤینی یەکان لەوێ نیشتەجێ بون پاش ئەوە سەردانی و تنبرگ ی کرد، لەوێ پێشوازی یەکی گەرمی لێکرا، برۆنو مارتن لوسەری بەرز دەنرخاند ، چونکە لە پێڕەوی پرۆتستانەکان ڕازی نەبوو، کاتێکیش لە بەردەمی کۆمیتەی پشکنین دا وەستابوو لە بارەی ئەم دوو ڕیفۆرمیستەوە ڕوتی، ئەوان لەمن نەزانترن من ڕقم لێیانە ڕقم لە بیرو بۆچوونیانە. ئەوان شایانی ئەوە نین پێیان بوو تڕێت پیاوانی ئاینی ئەوانە فیشاڵ کەرو درۆزنن ،

برۆنۆ بێ باوەڕ نەبوو

برۆنۆ هەروەك دوژمنەکانی تاوانباریان دەکرد بێ باوەڕنەبوو و مەبەستیشی نەبوو هەستی ئاینی خەڵکانی تر بریندارکات لەو کەسانەش نەبوو بە دەستی ئانقەست گاڵتە بە بیروباوەڕی ئاینی بکات و لەو خەڵکانەش نەبوو کە ڕەخنەی روخێنەریان هەبێت و حەزیان لە ئاژاوە و فشەی بێ سەرو بەربێت بەڵکو فەیلە سوفێکی ڕۆحی بوو ئەو وای دەبینی کە خوا بوونی هەیە لەهەموو جێگایەکی ئەم گەردونەدا. ئەو گەوهەری تەواوی کاری خوای لەمرۆڤدا دەبینی! بەڵام ڕقی لەو هۆکارە زۆرانە دەبۆوە کە دەبوونە هۆی دەرنەکەوتنی ئەو گەوهەرە .برۆنۆ دەیویست عەقڵی مرۆڤ لەکۆتەکانی تۆندڕەوی و فەرمانە خراپەکان ڕزگار کات. داوای سەربەستی بۆ خۆی دەکردو سوورببوو لەسەر ئەوەی کەدەبێ هەموو کێشەکان بەشێوەیەکی سەربەست بخرێنە بەر باس و لێکۆڵینەوە. ئەوەی لەناخەوە برۆنۆی ئازار دەدا

ئەوەبوو خاوەن بیرو بۆچونە جیاوازەکان دەبوونە هۆی دروست کردنی رق‌و کینە و فیتنە لەنێو خەڵکیدا، خەڵکیان دەکردە دووژمنی یەکتری‌و حەزیان دەکرد نەیارەکانیان بچەوسێننەوەو ئازاریان بدەن و زەلیلیان بکەن بۆنۆ باوەری وابوو پێشکەوتنی مرۆڤایەتی تەنها لەڕێگەی سەربەستی‌و چاوکردنەوەو ڕۆشنکردنەوەی خەڵکیەوە ڕوودەدات، نەک لەڕێگەی سوود وەرگرتن لەنەزانی و نەفامی خەڵکەکەو بەژێر دەستە کردنیان، بەڵام ئەوەی جێی داخە زۆربەی خاوەن هزرەکانی ئەو سەردەمە تووندڕەو بوون و لێبوردنیان نەبوو .

نووسەرو وتار بێژێکی دەربەدەر

بڕۆنۆ تەنها خوێنەری کتێب نەبوو، بیرو بۆچونەکانی بەتەنها لەبازنەی گێشە ئایینی و فەلسەفیەکاندا نەبوو، بەڵکو لەپاڵ ئەمانەشدا خەڵکی فێر دەکردو وانەی دەگوتەوە، لەدەربڕینی راو بۆچوونەکانیدا ئەوەندە سوور بوو کەسەرنجی خەڵکی بەلای خۆیدا رادەکێشا، هەرچۆنێك بێ بڕۆنۆ یەکێکە لەو خاوەن هزرانەی کەناتوانرێ لەبیر بکرێ، ئەو بەدڵنیایی توانی مێشکی خەڵکانی سەردەمەکەی خۆی بجوڵێنێ و بخاتە گەر ئیتر لێی رازی بوبوون یا رقیان لێ بووبێ، بۆیە شتێکی سەر سوڕهێنەر نیە کە کۆسپ خرابێتە سەر ڕێی کڵێسە و بێ بەشی کردبێت لەهەموو مافێك.

بڕۆنۆ بۆ ماوەی شانزە ساڵ ژیان و ئازارو دەربەدەری دەچێشت، سەفەر کردن لەسەردەمی ئەودا زۆر زەحمەت بوو،هەرچەندە کتێبەکان چاپ دەکران بەڵام بڵاوکردنەوەیان زۆر زەحمەت بوو، لەم بارو زروفەدا بڕۆنۆ توانی بەشێکی زۆر لەنوسینەکانی چاپ بکات بەڵام زۆربەی ئەو بەرهەمانە وون بوون و نەماون: ئەوەی کۆکراوەتەوەو پارێزراوە کاریگەریەکی راستەو خۆی هەبووە لەسەر فەلسەفەی سپینوزا SPinoza ولیبنتز Leibnitizl و هەروەها فەلسەفەی ئایدیا لیستی ئەڵمانی، لەچەرخی نۆزدەهەمدا.

سەردانی بۆ فەرەنسا

لەکاتێکدا سەردانی فەرەنسای کرد جیاوازی نێوان هێگنوت و پرۆتستانت و کاسۆلیك لەوپەڕی تووندو تیژیدا بوو لەپێش هاتنی ئەم ، بەهەشت ساڵ، لەساڵی١٥٧٢ سان بارتام بووە قەسابخانە، لەم کارەوە بڕۆنۆ تێگەیشت که تووند ڕەوی دەبێته مایەی تووندو تیژی و تاوانی گەورەی بەدواوەیە، کاتێك سەردانی تۆلۆزی کرد، وانەی فەلسەفەو گەردوون ناسی وتەوە لە پاریس پەیوەندی لەگەڵ هنری کەمەلیکی فەرەنسا چاك بوو، داگای پشکنین ئەمەی لەسەر حساب کردبوو.

سەردانی بۆ ئینگلتەرا

لەساڵی ١٥٨٣ سەردانی لەندەن دەکات و بالۆزی فەرەنسا لەوێ یارمەتی دەدات لەزانکۆی ئۆکسفۆرد سیمینارێکی بەست، پاش ئەمەش چەند سیمینارێکی تری بەست، بەڵام لە ئەنجامدا بووە هۆی توڕە بوونی مامۆستاکانی زانکۆ چونکە توانی هەموو ئەوانەی بەرامبەری دەوەستانەوەیبەزێنی لە ئەنجاما هیچیان بۆ نەمایەوە .جنێۆ و قسەی ناشیرین نەبێ لەم سیمینارەدا، بڕۆنۆ دژی راکانی ئەرستۆ بوو، مامۆستاکانی ئەم زانکۆیە نەیانتوانی لە بیرو بۆچونەکانی بگەن بۆیە تاوانباریان کرد بەوەی کە کابرایەکی حیلەبازی جادوگەرە. ئەم تاوانبار کردنەش لەبەر ئەوە بوو هەموو بیرو بۆ چوونەکانی بڕۆنۆ نوێ بوون و ئەوان پێشتر نەیان بیست بوو بۆیە بە ناچاری وازی هێنا.

سەردانی بۆ ئەڵمانیا

پاش ئەوەی دوو ساڵی لە ئینگلتەرە بردە سەر گەرایەوە بۆ فەرەنسا و لەوێوە بەرەو ئەڵمانیا ڕۆیشت، لەوێ ژیانێکی ئاوارەیی و بێ جێگەو ڕێگەی بەسەر برد، بەڕیوەبەری زانکۆی ماربۆرگ ڕێگای پێ نەدا کە سیمینارێك ببەستێت دەربارەی فەلسەفە، لە

دوایـدا زانکـۆی ونـبرگ ڕێی پێـدا. پـاش ئەمـە سەردانی براگ دەکات لای ئیمپراتۆر رودۆلفـی دووەم دەمێنێتەوە، چونکە لایەنگری ئەدەب و زانست بـوو، لەم ماوەیەدا لە ژێر سەرپەرشتی هەردو زانا (کیبلر) و (براهـە) دا دەمێنێتـەوە ئـەم دوانـە زانـا بـوون لـە بواری گەردوون ناسی و فەلسەفەدا بڕۆنۆ لـە یـەکێك لـە کتێبـەکانیدا دەڵـێ نامـەی ئـەو لـەژیان دا ڕزگارکردنی عەقڵەو سەرکەوتنێتی بەسـەر نـەزانین دا ئەو زۆرانبازیە بێ بەزیانە تاوانبـار دەکات کـە لـەنێو تـێزە ئایینیـیە جیاوازەکاندا هەیـەو دەڵێت بەتەنـها چاکەو خۆشەویستی دەبێتە ئایینی ڕاستەقینە.

بەکێش کردنی بۆ ئیتاڵیا

ئـەوەی لـە ژیـانی بڕۆنـۆدا سـەیرە، ئـەوەبوو کـە دوژمنەکانی توانیان بیهێننەوە بۆ ئیتالیا، بڕۆنۆ چاك دەیزانی کە گەڕانـەوەی بـۆ ئیتالیـا مەترسـی لەسـەر ژیانی ئەبێ، بەڵام لە لایەکی تـرەوە وای بـە خـەیاڵدا دەهات. کە دەتوانێ کێشەو جیاوازی یـەکانی لەگـەڵ کلێسە چارەسەربکات، بەڵام لەگەڵ پابـەند بـوون بـە بیرو بۆچوونی خۆیەوە، ئـەوەی گومـانی تێدانیـە کـە خۆشەویستی بۆ وولاتەکەی یەکێ لەو هۆیانە بـوو بـۆ گەڕانەوە بۆ ئیتالیا بەڵام لە پێش ئەوەی فرانکفـۆرت بەجێ بهێڵێ، دەڵێ (مرۆڤی ژیر لە مردن سڵ ناکـات، بـەڵکو جـاری وا هەیـە دەبـێ ئازایانـە بـەرەنگاری بێتەوە.

گەنجێکی خائین کە ناوی جیوفانی دەبێ هـەندێ لە کتێبەکانی بڕۆنۆ دەخوێنێتەوە و وای بـە خـەیاڵدا دێت کە ئەم کابرایە سیحر بازەو نهینیـیە شـاراوەکان دەزانێ، بۆیە بـانگی دەکات بـۆ ڤینیسـیا کـە ببێتـە میوانی، بڕۆنـۆش داواکـەی قبـوڵ دەکـات بڕۆنـۆ لـەم شـارەدا ناوبـانگێکی چـاکی هـەبوو بۆیـە لـە لایـەن زاناکانـەوە پێشـوازی لێدەکرێـت. پـاش ماوەیـەك مۆشینجۆ لە مامۆستاکەی بێزار دەبێ چونکە ناتوانێ لە بیرو بۆ چوونەکانی بگـات، مۆشـینجو سـوور بـوو لەسەر خیانەتکردن، بۆیە دەچێ و ئاگاداری سەرۆکی ئەنجومەنی پشکنین لە ڤینیسیا دەکات ئـەوانیش لـە مایسـی ١٥٩٢ دادگـایی دەکـەن و بـەوە تاوانبـاری دەکـەن کـە ڕەخنـەی لـە ڕێبـازی کلێسـە گرتـووە و داوای چاکردن و گۆڕان دەکات، بەرامبەر ئەمە بڕۆنـۆ هەرگیز ئامادە نەبوو واز لـەبیرو بۆچوونـەکانی خـۆی بهێنێت هەر چەندە لەو کارانە پەشیمان بـووەوە کـە بەرامبەر کلێسە کردبووی دادگای پشکنین کارەکـانی لـە سـەرەتای چـەرخی سـیانزەوە دەسـتپێکرد و دامێنەرەکەشی ڕەبەنێکی ئیسپانی بوو، ئەم دادگایە بۆ ئەوە دامەزرا کە خەڵك ناچار بکـەن فەرمانەکانی کلێسە قبـوڵ بکـەن، ئـەوەش قبوڵـی نـەکرد ئـەوە بیکـوژن، لـەم سـەردەمەدا هـەموو جـۆرە شـێوازێکی ئازاردان دامێـنرا هـەر لـە دانـی پـارەی زۆرەوە هـەتا جۆرەهـا ئەشکەنجە، یـا بـەندکردنی هـەتا هـەتایی یاسوتاندی مرۆڤ لەبەرچاوی خەڵکی لەشوێنە گشتی یەکاندا بـۆ چـاو ترسـاندنی خـەڵکی، پێشـڕەوی ئـەم قوربانیانـە بـە موسـڵمانەکانی ئـەندەلوس دەسـتی پێکرد، لە کاتێکدا (تورکمادا) لە ماوەی (١٨) هەژدە ساڵ دا سـەرۆکی دادگاکـە بـوو زیـاتر لـە (١٠ هـەزار مرۆڤ سـوتێنرا، دادگـای ئیسـپانیا زۆر تونـدو تیژتـر بوو لە بەرامبەر قوربانیەکانی وەك لە دادگای ئیتالیا، زۆربـەی قوربانیـەکان پرۆتسـتانت بـوون، یـەکێ لـە دانیشتوانی خەڵکی ڕۆما لەسـاڵی ١٥٨٦نوسـیوێتی و دەڵێت (زۆڕی چەند کەسێك دەسوتێنرێ، هەندێکیان سەریان دەپەڕێنرێ، بەندیخانەکان پڕ بوون لە بـەند، بۆیـە ناچـارن بەندیخانـەی تـر دروسـت بکـەن، ئەنجومـەنی پشـکنین دەسـەلاتێکی ترسـناکو لـە ڕادەبـەدەری هـەبوو بۆیـە لـە مێـژووی خۆیـاندا لاپەرەیـەکی ڕەشـیان تۆمـارکرد. لـەو سـەردەمەدا ڤینیسـیا کۆمـارێکی سـەربەخۆ بووبۆیـە خـەڵکی پەنایان بۆ دەبـردو دەبوونـە پەناهـەندە. بـەڵام پاپـا ئەمـەی پـێ قبـوڵ نـەبوو داوای لـە دەسـەلاتدارانی ڤینیسیا کرد کە ئەو تاوانبارانەی بداتەوە دەسـت بـۆ دادگایی کردنیان، هەرچەندە دەسەلاتدارانی ڤینیسیا

له پێشدا ئەمەیان پێ قبوڵ نەبوو، بەڵام لە دوایدا ناچار بوون کەمل بدەن بۆ داواکەی پاپا. بەم شێوەیە بڕۆنۆ دراوەتە بەر دادگایی کردنی، یەکێك لە پارێزەرەکانی بڕۆنۆ لەبارەیەوە دەڵێت: هەڵەکانی بڕۆنۆ ئێجگار گەورەو ترسناکن، بەڵام ئەم پیاوە خاوەن عەقڵێکی بەهرە داری کەم وێنەیە، زانا و دانایەکی گەورەیە کاتێك بڕۆنۆ گەیشتە ڕۆما خستیانە بەندیخانە، پاپا وایزانی بەبەندکردنی هێزو سوور بوونی دەروخێنێ و ناتوانێ خۆی ڕاگرێ، بڕۆنۆ بۆ ماوەی شەش ساڵ بەندکرا هیچ هەواڵێکی لە دنیای دەرەوە پێنە دەگەیشت، کەسیش لە دنیای دەرەوە نەیدەزانی ئەم فەیلەسوفە لە بەندیخانەدا چ ئازارێك دەچێژێ، چونکە جۆرەها شێوازی سزایان لەگەڵدا بەکار دەهێنا بەڵام بێ سوود و بێ ئەنجام بوو لە ساڵی ١٥٩٩، لە کاتێکدا یەکێك لە پیاوانی دادگا سەردانی دەکات، بڕۆنۆ پێی دەڵێت کە ئەو لە ڕاکانی خۆی پاشگەز نابێتەوەو، لە ڕاستیدا ئەو نازانێ ئەو ڕایانە چیە کە ئەم دەبێ لێی پەشیمان ببێتەوە بڕۆنۆ ڕای وابوو کە:

(هەچ پیاوێکی ژیرو دانا کە ڕێگای چاکە و پیاوەتی بگرێتەبەر لە ئازار ناترسێ، مرۆڤی بەختیار ئەوەیە کە بەچاوی ژیرییەوە دەڕوانێتە شتەکان) پاش ئەوەی فەرمانی کوشتنی دەرچوو بە سوتاندنی ڕووی دەمی کردە دادوەرەکان وتی ((لەوانەیە کە ئێوە ئەم فەرمانە بەسەر من دا دەدەن، زۆر زیاتر لە من دەترسن)) پاش ئەوەی لە بەندیخانە دەریان هێنا دایانە دەست فەرمانڕەوای شارەکە، بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە ژوورێك دا مایەوە، هەتا بردیان لە مەیدانەکەی ڕۆما سوتاندیان.

پاش تێپەڕبوونی (٣٠٠) ساڵ بەسەر کوشتنی ئەم فەیلەسوفە مەزنەدا، لە ساڵی ١٨٨٩ پەیکەرێکی لە گۆڕەپانی (کامپۆدی فیوری) لە ڕۆما بۆ دروست دەکرێ (لەهەمان جێگادا کە سوتاندیان. دەتوانین بڵێین قوربانی دانەکەی بڕۆنۆ و هەموو ئەوانەی بە شێوەی ئەو کەم تا زۆر قوربانیان دا بە فیڕۆ نەچوو،

چونکە پاش ئەمانە دەسەلاتداران فێربوون کە ڕێز لە سەربەستی هزربگرن و توندو تیژی و چەوساندنەوە بەرامبەر ئەوانە بەکار نەهێنن کە لەگەڵیانا نین و لێبوردنیان بەرامبەر نەیارەکانیان هەبێت، متمانەبکەنە سەر بەکار هێنانی عەقڵیان بۆ ڕازی کردنی بەرامبەرەکەیان نەك لەسەر بەکارهێنانی ئاگرو ئاسن

ئەم باسە لە گۆڤاری (العربی) کوێت یەوە وەرگێڕاوە بەدەستکاریەوە ژمارە (١١٠) لە نوسینی (عەلی ئەدهەم).

خۆبووون نەك پاشگۆبووون

- هەڵبژێری و سوودەرگرتن نەك بەدواکەوتن و پاشکۆیەتی
- شاکاری و نوێخوازی نەك چاولێکەری و کۆنخوازی
- سەربەخۆیێتی و نەتەوایەتی نەك پاشکەوتن و نەتەوانێتی



فوئاد تاهیر سادق

چاك كردن و دڕینی باری خراپ و دواكەوتوو.. شاكاری و داهێنان و دروستكاری .. خۆڕزگاركردن لە ژێردەستی و پاشكۆیەتی، یان مانەوە دواكەوتوو و بەدواكەوتوو، سست و تەمەڵ و داردەست، كێشەی كردن و نەكردنە .. بوون و نەبوونە .. بۆمان هەیە ببین، بۆشمان هەیە نەبین.. ئەمەش هەڵبژاردن و بڕیار و ویستە و هەڵوێستە!

ببین یان نەبین .. كێشەیەكە تا رادەیەكی زۆر پێوەندی بە ویستە و كار و چالاكی و بیروباوەڕ و یەكگرتنی خۆمانەوە هەیە. ئاكار و جۆری هەڵبژاردن لە كار و بیردا، بێجگە لە پێویستییەكانی دەروبەر و ژیان، بەندە بە ئاستی رۆشنبیری و شارستانێتی نەتەوە و رادەی هۆشیاریی‌یەكەی.

لە سەردەمی كۆندا، بیر و دانایی و زانیاری لە كوردستاندا بەپێی ئەو سەردەمە و بەشێوەیەكی رێژەیی لەئاست و كاروانگەیەكی پەسنددا بووە.. بەڵام لە سەردەمی‌تر و بەهۆی ژێردەستی و نەبوونی ئازادی بیر و مانەوەی لە چێوەی نەدیاری و ئەندێشەی نادروست، بەهۆی نەبوونی ئازادی لێكدانەوە و شیكردنەوە و لێكۆڵینەوە، دانایی و بیر گاڤی ئەوتۆی نەنا. نەتەوەی كورد بە بەراورد لەگەڵ نەتەوانی‌تر لە كۆندا، لە ڕووی رۆشنبیری‌یەوە بەگشتی و بیروباوەڕ بەتایبەتی لەپێش بووە.. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە كە بێجگە لە باوەڕی زەردەشتێتی كە دەربڕی لایەنە پێچەوانەكانی ژیانە لە ڕووناكی و تاریكی، چاكە و خراپە، خۆشی و ناخۆشی، پاكی و پیسی و هتد.، كورد پێش ئەوەش سروشت پەرست بووە بەتایبەتی پەرستنی خۆر كە بێگومان ژیری و بەجێی و دانایی تێدایە.. چونكە ئەگەر خۆر نەبێت ژیان لەسەر ئەم هەسارەمان نەدەبوو.. بەپێچەوانەی بت پەرستی كە گەمژەیی و نەزانی و بیرتاریكی تێدایە.

مرۆڤ كە لە شتی نەزانراو و نەناسراو دەپرسێت .. لە نەێنی و لایەنە نەدیار و ونی بوون و ژیان دەكۆڵێتەوە، بیئەوەی بەخۆی بزانێت دانایی‌زانی (فەلسەفە) دەكات.. بەدەگمەن مرۆڤ هەیە بەپێی بەرنامەیەك هۆشیارانە دانایی‌زانی (فەلسەفە) بكات.

دانایی‌زانی (فەلسەفە) لەسەرەتادا لایەنەكانی باوەڕ و ئاین و رەوشت و تێكڕای زانیاری گرتبۆوە.. بە پەرەسەندن و پێشكەوتنی رۆشنبیری، بە كەڵەكەبوونی شارەزایی و تاقیكردنەوە، بە پێشكەوتنی لێكدانەوە و شیكردنەوە و لێكۆڵینەوە تا هاتووە لایەنەكانی تری رۆشنبیری لە دانایی‌زانی جیابوونەتەوە.. ئەوهاشی لێهات كە دانایی‌زانی لەپێناو دانایی‌زانی نەكرێت، بەڵكو بۆ وەدی‌هێنانی مەرامە بیری و كارەكی‌یەكانی ژیان بێت .. دانایی‌زانی بوو بە بیروباوەڕ و بەرنامەی ژیان.


کۆنفۆشیۆس

ئەو نەتەوانەی لەسەر بیری نەدیار ماونەتەوە و مل کەچی بار و باوەڕی سەپێنراون، بە دواکەوتوویی ماونەتەوە و دەمێننەوە.. ئەوانەش کە بیرکردنەوەیان دانایانەیە و ڕێبازی زانستی و بەجێ دەگرنە بەر پێشکەوتوون و پێش دەکەون. ئەگەر بێت و مرۆڤ دانایی‌زانی نەکردایە، بە دیلی را و باوەڕی پێشینان دەمایەوە، شاکاری و گافی پێشکەوتوو بەکەڵکی نەدەبوو.. بەڵام مرۆڤ کە بیرمەند و پەیکار و هۆشیارە لە ئاست و ڕادەیەکدا ناوەستێت و دەگۆڕێ و پێش دەکەوێت .. لە ئەو ڕێبازانەی کە لە ئەم پێناوەدا گرتوویەتی دانایی‌زانیە .. بۆ گەیشتنە دروستی و بەجێی و دەرخستنی راستی، گومانی کردووە و خەریکی پرسین و لێکۆڵینەوە و تۆژینەوە بووە.

دانایی‌زانی کە لە کۆندا دانایی و ڕامان لە گەردوون و دروستکەر بووە، دانایی‌زانی (فەلسەفەی) هاوچەرخ دەربارەی ژیان و زانیاریە .. هەوڵی دروستکردنی کۆمەڵی نوێیە و بایەخدانە بە ڕێکخستنی ژیان و کەڵك وەرگرتن لە شارەزایی و تاقیکردنەوە.


هەر نەتەوە بەپێی ئاستی ڕۆشنبیری و ژیاری و پێویستی و بەرژەوەندی دەسەلاتەکەی دانایی‌زانی خۆی هەیە .. بینایی و هەڵوێستی دیاری دەکات.. لێرەدا دانایی‌زانی بۆ ئەو کۆمەڵەی باوەڕی پێدێنێت و پەیڕەوی دەکات دەبێتە بیروباوەڕ IDEOLOGY.. بە ئەو شێوەیە دانایی‌زانی‌یەکە دەبێتە هێزێکی کارا لە کۆمەڵدا یان بەرەوپێشی دەبات یاخود بەرەو دواوە!

بیرمەندە پێشینەکانی کورد ڕامان و بیرکردنەوەیان دەربارەی باوەڕ و ڕەوشت و بوون بووە .. بایەخیان بە ئەستێرە و گەردوون دابوو نەك بە هەسارەی خۆیان، بە بەهای کۆمەڵایەتی و باوەڕ نەك بە باری ژیان و گرفتەکانی.

نەتەوەی کورد خاوەن گەنجینەیەکی دانایی و لایەن و توخمی دانایی‌زانیە .. خۆی لە باوەڕ و وێژەی کوردی، لە ئاینی زەردەشتی و پەندی پێشینان و وتەی نەستەق و هۆنراوە دەداتەوە. هەرچەندە ڕۆشنبیری نەتەوایەتیمان وەك ئەوانەی دراوسێیەکانمان و زۆربەی نەتەوانی جیهان، خوێندنگەیەکی تەواو و دیاریکراوی دانایی‌زانی (فەلسەفە) نییە، بەڵام دانایی و توخمی دانایی‌زانی تێکەڵ بە باوەڕ و ئەندێشە و زانیاری وەك ئەوانەی چین و هیند و سروشتی‌یە یۆنانی‌یەکان هەبووە و لەڕووی باوەڕەوە لە هی ئەوان پێشکەوتووتر بووە.

کورد پێش زەردەشتێتی سروشت پەرست بووە، بەتایبەتی خۆر .. ئەمەش لەخۆیدا دانایی و بەجێی تێدایە، چونکە ئەگەر خۆر نەبوایە ژیان لەسەر زەوی نەدەبوو!

زەردەشتێتی :بەستەی دوولایی‌یە پێچەوانەکەی ژیان دەکات: رووناکی و تاریکی، چاکە و خراپە، دادوەری و ستەمکاری، پاکی و پیسی، خۆشویستن و قین و هتد .. ئەم دوو لایی‌یە پێچەوانە لە گەردوون و ژیان و کۆمەڵ و مرۆڤدا هەن .. شایەنی ئاماژەیە کە یەک لە بنەماکانی "دانایی‌زانی بێژیاری بابەتی هیگڵ" و "کەرەستەیی بێژیاری مارکس" و شیکاری‌یەکانی زانستە سروشتی‌یەکان ئەوەیە کە هەموو شتێك پێچەوانە یان دژەخۆی هەیە!


هیگل

ئاراستەکانی زەردەشتێتی بنەمای رەوشتین.. شایەنی بیرخستنەوەیە کە دانایی‌زانی سۆکرات و پلاتۆ (عەرەب ئەفلاتوونی پێدەڵێن) و ئەرستۆ و کەسانی تر بایەخیان بە رەوشت دابوو. ئەمانە لە ئاراستە رەوشتی‌یەکانی زەردەشتین: بیری چاك، وتنی چاك، کار و کرداری چاك.. لە ئەرکە سەرەکی‌یەکانی کەسی زەردەشتی کە دەبوایە پەیڕەوی بکردبان ئەمانەن: نەزان فێرکردن، خراپ چاك کردن، دوژمن بە دۆست کردن و کشتوکاڵ کردن.

ئەرك و ئاراستەکانی زەردەشتێتی مۆرکی سوودگەیاندن و کار و کارەکی‌یەکان هەن .. لە ئەم رووەوە لەگەڵ دانایی‌زانی (فەلسەفە) کارەکێتی PRAGMATISM یەك دەگرنەوە!

بێجگە لە رەوشت و باوەڕی کورد ، دانایی و توخم و مۆرکی دانایی‌زانی لە وێژەی کورد، بەتایبەتی وتەی نەستەق و پەندی پێشینان، رەچاو دەکرێت .. نموونەی ئەوانە:

- گیا لەسەر بنجی خۆی دەڕوێتەوە (واتا هەموو شتێك بۆ سەرەتاکەی خۆی دەگەڕێتەوە، دەچێتەوە سەر نەژادی خۆی).
- قسە بیکێشە، بی‌بێژە، بی‌وێژە
- تفەنگ بە تاریکی‌یەوە مەنێ
- بە رووڵەت مەخەڵەتێ
- تێر ئاگای لە برسی نی‌یە
- کەس بەدۆی خۆی نالێت ترشە
- پەتی درۆ کورتە
- بیانی دوو مەیدانە
- سوار تا نەگلێ نابێ سوار
- سەد دەرزی گاسنێکی تێنابێت
- لە ئاوی مەند و مرۆڤی مۆن بترسە
- رۆژان رۆژی لەدوایە
- بۆ هەر دەردە دەرمانێك
- قسەیە بکە جێی خۆی بگرێت

داناو دانایی‌زانی (فەیلەسووفی) وەك "سیدهارتا گۆتاما بووزا" ی (٥٦٦ – ٤٨٦ پ.ز) هیند و "کۆنفۆشیۆس" (٥٥١ – ٤٧٩ پ.ز) و "تشوهی" (١٢٠٠–١١٣٠ پ.ز) چین و دانایی‌زانە سروشتی‌یەکانی پێش سۆکرات دەربارەی باوەڕ و رەوشت و ژیان لە زەردەشت و ئەو وتە نەستەقانە و پەندە پێشینانەی کورد چاکتر و بەرزتریان نەوتووە. ئەوەندەیە هی ئەوان زۆریان دەربارە وتراوە و لەسەر نووسراوە و بانگەشەیان بۆ کراون . زۆر دۆڵ و زۆڕنایان بۆ لێدراون!

رۆشنبیری بە گشتی‌تر و زانیاری بە گشتی و دانایی‌زانی (فەلسەفە) بەتایبەتی، لەکۆنەوە تا ئیمڕۆ

زریـزە گـەوی یـەك لـەدوای یـەکی پەرەسـەندن و پێشـکەوتن و پێگەیشـتنی چـەندین سـەردەمن .. ئاستی ئێستای داناو زانیـیـەکان بـەر و کۆششـی هـەزاران سـاڵی کۆمـەڵانی مرۆڤایەتیـیـە. بێگومـان داناییزانیـیە نوێیـەکان لـەڕووی ئاست و دروسـتی ناوەڕۆکـەوە، لـەڕووی کـەڵك و کـارەکێتی و پەیڕەوکردنەوەوە، لەڕووی رێباز و بیروبـاوەڕەوە لـە داناییزانیـیـە کۆنـەکان باشـترن. لەبـەر ئەوانـە داناییزانیـیە کۆنەکانی وەك "سروشـتی" و "چێتیتی پـاش سروشت" METAPHYSICS و نموونـەیتی Idealism و "سۆفیسـتی" و "داڵانێتـی" و هاوتاکانیان شایستەی خۆپێوەخـەریك کـردن نـین لەبەر: بێسوودی و نەزۆکی لێکۆڵینەوەکانیان، کۆنی رێبـاز و بەرنامـەکانیان، پێکـهاتن و دامـەزراندنی داناییزانی (فەلسەفەی) پێشکەوتوو و نوێ.

ئـەوها دروسـتە کـە نوێخـوازی داناییزانیـیـە (فەلسـەفە) پێشـکەوتووەکان بـین.. بەشـێوەیەکیش هـەڵبژێری گوڵبژێریـان بـین نەکەوینـە پێچەوانـە و دژواری بیروبۆچوونـەکانمان .. هـەروەها پابـەندی یەکیان نەبین و ئەوانی تـر بـەلاوە بنێـین.. زیانیشی نـابێت زانینێکمـان دەربـارەی داناییەزانیـیـە کۆنـەکان ببێـت بـۆ بـەراورد و ئاگـاەداری لـە رەوەنـی پەرەسـەندنی داناییزانیـیەکان و پێوەندیـیـان وەك سەرەتا بە ئەوانەی پاش خۆیان.

داناییزانی دەبێـت سـوودی هـەبێت .. کوێرانـە و سۆزەکی دوای نەکەوین و نەبینە دەروێشـی .. کـەڵك وەرگرتن شتێکە و بەدواکەوتن شـتێکی تـرە. مرۆڤـی رەسەن و تێگەیشتوو باوەڕی بە خۆی و نەتەوەکـەی هـەیـە .. پشـت بـە خـۆی دەبەسـتێت و خـاوەن بیروبـاوەڕی خۆیتـی .. شـانازی بـە رۆشـنبیریی نەتەوایەتی خۆی دەکات و بە لایـەنی ئـەرێی و نوێی رۆشـنبیریی نەتـەوانی تـر سـاماندارتری دەکـات .. کەڵکیان لـێ وەردەگرێت و بە شێواز و قاڵبی گونجاو لەگەڵ بار و پێویستی وڵاتەکەی دایدەڕێژێت.

شـاکاری و داهێنـان لـە مـەیدانی رۆشـنبیری و ژیاریدا نیشانەی زیندووەتی و توانا و بلیمەتی رۆڵانی نەتەوەیەکە.. پێچەوانـەی چاولێکـەری کـە نیشـانەی بێتوانایی و سستی و گەوجیـیـە .. لەلایـەکی تـرەوە سـەربەخۆێتی باوەڕ بـەخۆکردن و رێزگرتنـی خـۆ و زانینـی بـەهای خـۆ و نەتەوەیـە.. رەسـەنی و هۆشیاریـیە.. پێچەوانەی پاشکۆیەتی کە رەشۆکی و نەزانی و خۆلەبیرکردنە. مرۆڤی نەتەوەپەروەر مۆرکی نەتەوایـەتی دەداتـە بیروبـاوەڕ و دانـایی و داناییزانیـەکەی .. نەتـەوەی خـۆی و رۆشـنبیریـیە نەتەوایەتەکەی بە کەم نازانێت و گیانی مرۆڤایـەتی و هاوچـەرخیش لەدەسـت نـادات.. شـاکاری و سـەربەخۆێتی و نەتەوایـەتی و مرۆڤایـەتی مۆرکـی بیروباوەڕ و داناییزانیـیەکەی دەبێت.

ژیـان پـڕۆژە و کاروانـە، نەخشـە و بەرنامـەی دەوێـت.. نەتـەوە بـەپێی بـاری کۆمەڵایـەتی و دەوروبەرەکـەی ژیـاری خـۆی دادەمـەزرێنێت و رۆشـنبیریـیەکەی پێـك دەهێنێـت.. دەبێـت پـرس و وەڵامی سەربەخۆی ببێت.. نەتەوەی زیندوو رابـەرە نەك بە دواکەوتە.. مێژوو زۆر نموونەمان دەداتـێ کـە چۆن نەتـەوەی زیندوو خـاوەن پـەیامی خۆیتـی و شاکاری هەیە و سـەربەخۆیی خـۆی دەپـارێزێت و نابێتە پاشکۆی بیانی.. "مـارتن لۆثـهر" ی ئـەڵمانی (١٤٨٣ -١٥٤٦) رێبـەرەوەری سـەکاڵاکارانی PROTESTANTS مەسـیحی دامـەزراندو کەنیسـەی ئـەڵمانی لـە پاشـکۆیەتی کاثـۆلیك و دەسەڵاتی ڤاتیکانی رزگارکرد.. ئەو گاڤە رەسـەنی و شـاکاری دەردەخـات. نموونەیـەکی تـری پشـت بەخۆبەسـتن و بـاوەڕ بـەخۆکردن و نەویسـتنی پاشکۆیەتی، گاڤەکەی "ماوتسی تۆنگ" ە (١٨٩٣ - ١٩٧٦) کـە دروشـم و رێبـاوەڕی تایبـەت و جیـای لـە ئەوەی "یەکیەتی سۆڤیەت" ی پێشووی بۆ چین دانا کە "ماوێتی" پێدەڵێن. ئەمـە بێجگـە لـە شـاکاری و گاڤە سەربەخۆییەکانی ئەو وڵاتانەی کە لە مـەیدانی



رامیاری و رۆشنبیری بە گشتی و بیر و دانایی‌زانی (فەلسەفە) بەتایبەتی هەیانە.

ئێمەی کورد دەتوانین بەپێی پێویستی و بەرژەوەندی نەتەوایەتیمان، بیروباوەڕ و کەلەپووری نەتەوایەتیمان بە هەڵبژێریەکی گولبژێری بەلایەنی ئەرێی و چاکی بیردۆزی و رێباوەڕە دانایی‌زانی‌یەکانی بیانی بەشێوەیەك موتوربە بکەین کە کەڵکیان لێوەربگرین و دژواری و پێچەوانەش لەلایەن و توخمە هەڵبژاردراوەکان دروست نەکەن و سەربەخۆیی خۆشمان لەدەست نەدەین.

هیچ دانایی‌زانی‌یەك (فەلسەفەیەك) نییە هەرچەندە مۆرکی گشتی وەرگرتبێت کە هەموو بابەت و تێکڕای کێشەکانی دانایی‌زانی گرتبێتەوە.. دانایی‌زانی‌یەکان، کەم و زۆر، لایەنی ئەرێی‌یان هەن و سوودیان لێوەردەگیرێن.

راست و دروست نییە پابەندی تەواوی یەك دانایی‌زانی (فەلسەفە) بین و ئەوانیتر بەبۆچوون و لایەنە چاکەکانیانەوە بیان خەینە پشت گوێ. لێرەدا چەند نموونەیەکی لایەنە ئەرێی‌یەکانی هەندێ دانایی‌زانی بەشێوەیەکی چڕ دەخەمەڕوو وەك نموونەهێنانەوە دەربارەی ئەو ڕاستی‌یەی کە هەریەکەیان لایەنی چاکیان تێدان و کەڵکیان لێوەردەگیرێن:

() دانایی‌زانی بێژیاری بابەتی هیگڵ (١٧٧٠-١٨٣١):

١) هەموو شتێك وەك تۆڕ بەیەکداچووە.
٢) هەموو شتێك لە گۆڕان و جوواڵەدایە.
٣) گۆڕانە جۆرییەکان ئەنجامی گۆڕانە چەندی‌یەکانن و بەپێچەوانەوەش.
٤) لە ناخی شتدا دژە خۆی تێدایە.. هەموو شتێك بوون و پێگەیشتن و تێکچوون و فەوتانی هەیە.
٥) لابردنی لابەر بنچینەی کردەی بێژیاری‌یە.. بۆ نموونە میوە لابەری گوڵەکەیەتی .. هاوبەشێتی لابەری سەرمایەداری‌یە.. چەوساوە لابەری چەوسێنەرەکەیەتی..

() "دانایی‌زانی کارەکێتی" PRAGMATISM:

دانایی‌زانی کار و کارەکی و سوود و کەڵك وەرگرتنە .. کەڵك و سوود لە کار و بیردا بەلایانەوە زۆر گرنگە و کارەکی‌یەکان PRAGMATISTS دەڵێن بگرە زانیاریش KNOWLEDE نابێت لەپێناو زانیاری بێت، بەڵکو ئەگەر زانیاری کەڵکی نەبێت باش وایە خۆتی پێوە خەریك نەکەی.

() "دانایی‌زانی ئەرێێتی" POSITVISM": پشت بەڕاستی‌یە بابەتی‌یەکان دەبەستێت. "ئۆگێست کۆنت" ی دانایی‌زانی فەڕەنسایی (١٧٩٨-١٨٥٧) باوەڕی ئەوەیە کە زانیاری بە شارەزایی هەستی پێك دێت و بە تێبینی وتاقیکردنەوەش پێش دەکەوێت.. تێگەیشتنی جیهان بەهۆی زانستەکانەوە دەکرێت.

() "دانایی‌زانی تاقیکارێتی" EMPERICISM: گرنگی بە شارەزایی و تاقیکردنەوە و زانست دەدات .. زانیاری بەری تاقیکردنەوەیە.. تاقیکاریش بە شتی کەرەستەیی‌یەوە دەکرێت.

() "دانایی‌زانی داکەوتێتی" REALISM: دان بە سەربەخۆیی سروشت و شتان دەنێت مرۆڤ هەبێت و نەبێت .. مرۆڤ بەشێکی سروشتە و

دروستکەری نییە.. تێگەیشتنی جیهان بە بوونی مرۆڤ و سروشتەوە بەندە. "بێرتراند رەسڵ" ی (١٨٧٣–١٩٧٠) دانایی‌زانی "داکەوتێتی نوێ" NEW REALISM دەڵێت پێویستە مۆرکێکی زانستی پوخت بدەینە دانایی‌زانی (فەلسەفە).

() "کەرەستەیی بێژیاری" DIALECTIAL MATRIALISM: سەرجەمی بوون بە کەرەستە دادەنێت .. رێبازی لێکۆڵینەوەی بێژیاریە.. دەڵێت جیهان لە جوواڵە و گۆڕان دایە.. کەرەستە بنچینەیە و هۆشیاری بەری کەرەستەیەکی ئێجگار ئاڵۆز و پێشکەوتووە کە میشکە.. هۆشیاری دانەوەی دەروبەری گۆمەڵایەتی و سروشتە لە میشکی مرۆڤدا بەهۆی هەستەکانیەوە. کردەی پەرەسەندن EVOLUTION بە گۆڕانی هەند بۆ گۆڕانی جۆر و بەپێچەوانەوەش.. زۆرانی دژان ناوەڕۆکی کردەی پەرەسەندن پێك دەهێنن.. پەرەسەندن بەشێوەی لاولاوی و بەرزبۆوە و بەپێی لابردنی لابەر روو دەدات.

() "دانایی زانی بوونێتی" EXISTENTIALISM: بایەخ بە ئازادی مرۆڤ دەدات.. دەڵێت گرنگ ئەوەیە کە مرۆڤی بەندکراو هەست بە بەندکراوی خۆی بکات. "بوونێتی" (الوجودیە) دەربارەی مرۆڤ و راستی و ژیانە.. باوەڕی ئەوهایە کە مرۆڤ بەخۆی چارەنووسی خۆی دیاری دەکات.

() "دانایی‌زانی چیێتی پاش سروشت" METAPHYSICS: هەرچەندە ڕامان و بەدواچوونی بێئەنجام و نەزۆکە، لێکۆڵینەوەی سەرەتا و نەژادی نەزانراو و توانابەدەرە.. بەڵام پێکەر و هاندەرە کە لێکۆڵیار پشوودرێژ بێت بۆ گەڕان بەدوای ڕاستی کۆڵ نەدات.. ئەوها لە مرۆڤ دەکات بە گومان بێت بۆ گەیشتنە ڕاستی و ئەنجام.

() "دانایی‌زانی هەڵەهێنان" INTUITIONISM: هەڵهێنان یان زانینی ڕاستەوخۆ بۆ ئەو لایەنانەی کە ناکێشرێن و ناپێورێن و تاقی‌ناکرێنەوە وەك: حەز، ئارەزوو، ویست، هەڵچوون، سۆز، بەزەیی، خۆشەویستی، تووڕەیی و ئەم چەشنانە.

() "دانایی‌زانی گومانکاریێتی" SCEPTICISM: گومان دەربارەی زانینی داکەوت REALITY.. زانیاری سنووری هەیە.. بەلای "رینێە دیکارت" ی فەرەنسایی (١٥٩٦–١٦٥٠) پێوانەی مسۆگەری ڕاستی ئەوەیە کە جێی گومان نەبێت .. دەڵێت بە ڕەخنە و گومان و تاقیکردنەوە دەگەیتە ڕاستی.. نموونەی بە خۆی دەهێناوە و دەیوت: "من بیر دەکەمەوە، کەواتە هەم".

بە ئەو شێوەیە دەبینین کە دانایی‌زانیەکان (فەلسەفەکان) لایەنی ئەرێی‌یان هەن دەکرێت سوودیان لێوەربگیرێن، بەڵام بێئەوەی ببینە دەروێشیان.. مرۆڤ و نەتەوەی زیندوو و ڕەسەن نابێتە پاشکۆ و بەدواکەوتی هیچ لایەك و خۆی شاکاری دەبێت و ڕابەری دەکات.. بێدەروێشی تا مردن فێرخواز دەبێت.. ئەم رێبازە سەربەخۆییە نەك هەر لە بواری رۆشنبیری بە گشتی و بیر و دانایی‌زانی بەتایبەتی، بەڵکو لە بواری ڕامیاری و ئابووریشدا پێویست و دروستە.. چەندی بۆمان بکرێت و دەست بدات پەیڕەوی بکەین.

گەشت

یان هێلانەکانی سەر درەختی رەشەبا

د. کەمال میراودەلی

(ئەم بەشە پێشەکی دیوانە هۆنراوەیەکی درامیی بلاّونەکراوەی شاعیرە)

١

نازانم کەی ئەم گەشتەم دەست پێکرد،
بۆ دەستم پێکرد
بۆ کوێ دەچم، کەی کۆتایی دێ؟

ئەوەندە دەزانم هەور و هەلاّبوو.
بەرەبەیانێکی باراناوی بوو، تەمتومانێکی گەردوونی بوو
سواری ئەسپەشێیەکیان کردم،
قاچەکانیان لە ئاوزنگ توند کردم،
قامچیەکیان دایە دەستم و وتیان تاودە!
- بۆ کوێ؟
تاودە!
- بۆ؟
تاودە!
هەر ئەوەبوو، تێم تەقاند
دەشت و دەرم تەیکرد
چیا لەدوا چیام ژێر رکێف کرد
شوێن پێم لەسەر رێوبانەکان و تاریییەکان و تارماییەکان بەجێهێشت..
ئەستێرەکانم هەراسان کردن

سەگوەڕم بە دوای خۆمدا دروست کرد
مانگم بە سمی ئەسپەکەم قاش قاش کرد
هەر قاشەم لە زەمەنێکدا بەجێهێشت.
لەشم، لەشم جووت نابێ؟
چاوم بە قایمی دەنووقێنم، بە قووڵی دەیخەوێنم،
تا دڵمی تێدا دەمەیێ.
ئەوەتا، لە خەوندا، من دەتبینم
ئاھ. گەرمایەکی بێئامانی، بڵێسەیەکی بالای و
لە خوێنمدا خەملیوە

٢

نازانم، بۆ دەبێ عەوداڵی جووتبوونت بم،
دەمێکە لەو مەودایەمان تێپەڕاندووە
پڕ بە بێمەودایی گیانم بۆنت دەکەم.
ئەو گوڵزارە بێ سنوورە دەبینم
کە ڕێگاتووش و تەماوییەکانی تەنیوە
سەدان کانیاو دەبینم
لە تاشەبەردە سەختەکانەوە هەڵدەقووڵێن
جریوەی سەدان کۆڕەوی باڵداری کۆچەری دەبیستم..
ئێستا دەزانم راستە، راستە
تۆ هەیت!!
تەنیا وانەی ئەوین نییە ئەمەی فێرکردم
بۆیە تا نەبۆ ئەم سترانەم نەچڕیوە
کە دەبوو سەدەیەک لەمەوبەر بیچڕم
قۆناغ بە قۆناغ
هەوراز بە هەوراز
هەوار بە هەوار
کەپر بە کەپر
هەڵم گرتی..
لە هەر ئاوازێک بەیازێکی ئاگراویم هەڵبژارد
تا شمشاڵەکەم سووتا
هەردوو لێوم بوون بە قەرەبرووت
قەرەبرووت بوو بە کڵپەی گۆرانی

گەلاوێژینوێ 19

بە گوڵە ئاوازێکی سووری خوێنین..

لێم گەڕێ، با ئەم شاخەڵێنە ماچ کەم!
با ئەم کێوانە بسڕوتێن،
با دەرووێەک
گەرووێەک
بۆ ئەم تونێڵە بکرێتەوە!
با ئەم مەحاڵە نزیک بێتەوە.. نزیک بێتەوە!

بەڵام من تەنیا وێنەی دوو لێوی گڕاوی خۆم
لەسەر تاشەبەردەکان هەڵکەندووە
دوای نەختێ،
ئەم ماقوورانە پڕدەبن لە خوێن
تارمایی تۆ دنیا پڕ دەکات،
تێناگەم
بۆ هێندە گەمژەم.
حەزەکانم قوواڵ و بە تەوژم و بێ بنن
تێکەڵێکی ئاگراویی تۆ و منن..
کەچی من گێلانە بۆ تۆ دەگەڕێم و بۆ خۆم دەگەڕێم،
حەزدەکەم زاتی خۆم
بەسەر هەموو شتەکاندا بڕێژم
بەشکا وێنەی تۆ لە هەموو گەردێکی کەردووندا ببینم..
یەقین بم، هەیت، هەم، هەیتم، هەمیت،
بوون: هەبوونە
ئاخر من لە چرکە چرکی بێوچان و بێ ئامانی دڵم دەترسم،
ئاخر من لە روانی، خەواڵوێتی لەناوچاوانم دەترسم،
ئاخر من لە هەموو فەراموشییەک
هەموو مەدهۆشییەک
هەموو بێهۆشییەک دەترسم،
لە هەموو سەرەتایەک و ناوتایەک و ماڵئاواییەک دەترسم
ئاخر من دەزانم
دەزانم
دەزانم
دەزانم و دەشمەوێ بە هەموو رەنگێ، بە هەموو ڕێگەیەک،

به هەموو چاوورِاوێک،
خۆم، به خۆم هەڕەشەلێدەتێنم..
خۆم، به تۆ هەڵخەڵەتێنم..
ئاخر من دەزانم
دەزانم
دەزانم
دەزانم زانی ئەو زانینەش ژانە گەردوونییەکی نەفرەتییە و
لە مێشکمدا چینگڵ دەدا..
ئاه!
حەزدەکەم بخەوم و خەون نەبینم
حەزدەکەم خەون ببینم و خەوتوو نەبم
دەشترسم لەوەی زیندەخەوێکی بێکۆتایی بم
جۆگەیەکی هەڵڕژاوی بێئاگایی بم
کونە کزرەکانی چاڵە میلیۆنەمەکانی چۆڵە ئاگراوییەکان پڕبکەمەوە.

وەرە با گومبەزێک لە بێدەنگی دروست بکەین و
پێکەوە بچینە ناوی..
داخۆ گەر هەموو دەنگەکان کپ بوون،
چ دەنگێ دەبیستین
داخۆ ئەوسا ئەوینی ئێمە
بە زمانی راستەقینەی خۆی دەدوێ؟
داخۆ ئەوسا گوێم لە خوڕەی جۆگەی خوێنم دەبێ؟
داخۆ ئەوسا گوێم سرپەی پێی پەری دەبیستێ؟
داخۆ ئەوسا دەنگۆیژێکی پڕ مانا و مەبەست
لەو گڕکانە هەڵدەگرین و
نوێژێک بۆ دەستپێکردنەوە دادەبەستین؟

۳

شاخەکەم، شاخەکەم، شاخەکەم!
من هیچ خوایەکم نەبینیوە،
من هیچ خوایەکم نەناسیوە
دەزانم تۆ هەیت و بەهێزیت.
ئەم هەموو گریەی من لەسەر
هێندەی نینۆکێکی پەنجەی تۆ توایەوە.

من چاوەڕوانی ئەوینێک دەکەم
داوای نەبێ،
پاداشتی نەبێ،
ئەوینێک خۆی لە خۆیدا
بەخشندە و بەخشراوبێ،
ئەوینێک سەری کاسم بخاتە سەر رانت،
دەستی پیرۆزەییت بخاتە سەر تەوێڵی
ئارەقاوی و ئاگراویم..
لێم گەڕێ بخەوم!
لێم گەڕێ لە گەشتەکەمدا بەردەوام بم،
ئاخر خۆشم نازانم بەرەو کوێ دەچم،
ئەم گەشتەم پێ مەبڕە بە پرسیار!
پێ مەبڕە بە بڕیار!
پێ مەبڕە بە کردار!

من دەسەڵاتم بەسەر چاوەکانمدا نەبوو
کە پشکووتن،
بەسەر گوێمدا نەبوو کە کرانەوە،
بەسەر دڵمدا نەبوو کە
چک چک
چک چک
کەوتنە لێدان،
بەسەر میشکمدا نەبوو کە بوو بە تەنەکەی خۆڵی
هەموو بیرەوەرییەکان.
من ئاگام لێنەبوو کە ناونرام
کە خەتەنەکرام
کە خرامە بەر مەمک
کە مەمکم لێبڕدرا،
کە لەنێو شەڕەسەگدا نقووم بووم،
کە دوپشک لە بنمیچەوە کەوتە خوارەوە و
پیوەی دام،
کە ئەلفوبێیان فێرکردم،
کە مانای یەکەم مەرگ و
دووەم مەرگ و
سێیەم مەرگ و
دەیەم مەرگ و
سەدەم مەرگ و

ملیۆنەها مەرگ و شیوەنم زانی!
ئاخر من (کوتە گۆشتێکی مەعسووم) بووم
چیم لەم هەمو ناهەمواریيە دابوو..
چیم لەم هەموو هەراو هوریایە دابوو!
نازانم ئێستاش بۆ دڵم تک تک لێدەدا،
بۆ میشکم بۆتە ئاشی هەموو باراشێکی برسی
بۆ چاوەکانم بوونە شاشەی هەموو
هۆرە و چیرۆکەکانی ئەم دیرۆکە تراژیدییە!

بەڵام دەزانم ئەمە گەشتی تۆ و بێ تۆییە!
دەزانم گەشتی گەڕانە بەدوای گەردوونێکدا!
لە خوێنی خۆم دایە!

خەڵکی گازندەم دەکەن، سەرنجی ساردم تێدەگرن
بزەی بێباوەڕیم بەسەردا هەڵدەوەڕێنن
کەچی لە شێتیم دەسڵەمنەوە و دەترسن
مانایەکی هێندەقووڵی تێدا دەبینەوە
کە پەی پێنابەن!
بە تەلیسمبازم دادەنێن.
هاکا، هاکا مەلای خەتێ فەتوای دەرکرد دارکاریم بکەن،
قامچیشۆرم بکەن،
خوێنم بکەنە کاسەوە.

بەڵام کەس ئەو خوایە ناناسێ کە من دەیناسم،
چونکە کەس گوێ بۆ خوڕەی خوێنی خۆی ناگرێ!
هەور بەری ئاسمانی داگرتەوە
هەوری سپی، هەوری تەڵخ، هەوری رەش،
هەوری پەلکەزێڕینەیی،
هەوری باڵدار و پۆپنەدار،
هەوری چەخماخەدار

هەورەکان سەیری خوێنی خۆیان کرد
تۆیان بینی و توانەوە
ئەم خاکە هەمووی بۆتە بەرامەی خوێنی تۆ؟
ئەم خاکە هەمووی بۆتە پەیکەری برسێتیی تۆ؟
ئەم خاکە هەمووی بۆتە
داستانی فرۆشتنی تۆ؟

گەلاوێژینوێ 19

تەنێ چاودزەکان نابینن،
تەنێ گیانکوێرەکان نابینن،

ئەمڕۆ سروەیەکی نەورۆزی هەڵێ کردو
بەرامەیەکی بەهەشتی سییەکانی پڕکردم..
چاوی ناوەوەم پشکووتن و
لە دەم کەناری خۆێنمدا
نێرگزەجارێکی بۆسنوورم بینی..
بە دیار کازێوەی بەیانەوە دانیشتم و
سترانێکی بێدەنگم چڕی..
هەموو سروشت کەوتە زیکرکردن،
هەموو چڵەکان، پۆپەکان، گوڵ و گیاکان
لەگەڵیدا وتیانەوە..
هەموو چاوە نێرگزێک بوو بە هێلانەی
گۆرانییەکی باراناوی شۆڕاوە بە تیشکی خۆر.
تا دوورتر دەکەوتمەوە، نزیکتر دەبوویەوە
تا نزیکتر دەبووەوە، دوورتر دەکەوتییەوە
تا چەنجاڵی و بڵۆزایی زیاتر دەوری تەنیم
ئاوازی مۆسیقاکەی تۆ پتر گیانی تژی دەکردم
تا ماندووتر دەبوم، پتر لەزەتی پشووی باوەشی تۆم دەچێشت
تا زیاتر سەرم سەودای ترسبازی دەبوو
نەرمتر سەرم لەسەر رانت ئارامی دەگرت
تا برسیتر دەبووم هەستم بە تێرییەکی زیاتر دەکرد.

ساکاریی ئاوازی ئەوینی تۆ
گرێی هەموو ئاڵۆزگەکانی بۆ کردمەوە
کلیلی تیشکی چاوی تۆ
هەموو ئەڵقەڕێزەکانی لێک ترازاندن
دەزانم هێشتا زۆرم ماوە بگەمە نزاری تۆ،
چاوم لێیە
تووندێڵی رەشەبایەکی توند هەڵی کردووە
دوور، زۆر دوور، لەودیوی تونێڵەوە
پەرستگاکەی تۆیە
لەوێدا، لەناو پەنجەرەیەکی بچووکدا، مانگ خەوتووە
خۆر پاسەوانیی دەکات

ئای گوێم چەندە عەوداڵی مۆسیقای ئەو پەرستگایەیە.

ئای لەو ئاوازەی ل، هەناسەی ئەو پەنجەرەوە
بەرزدەبێتەوە
بە چاو دەیبینم، بە گوێ دەیبیستم
بە دڵ بەرهەستی دەبم،
بەڵام دەزانم هێشتا مەحاڵە
ئەمە کام قۆناغی گەشتکەمە، نازانم
بەڵام زۆر حەز لەم بەرەبەیانە دەکەم
قاوەڵتیەکەم تامی بەرامەیەکی هەنگوینیە،
خوێنەکەم دەخاتە مەرتەبەی مەستییەوە.
حەز دەکەم
وەک حەقیقەتی تەمی خوێ
هەر تۆزقاڵێک،
هەر ئەتۆمێک،
لە تۆ نزیک بیمەوە،
پێوانەی مانا بزانم!

لە خەوێک بێدار دەبمەوە
خەمێکی ئەستوور لە دڵم بارە
دەمەوێ بگریم.
نە نوزەم دێ، نە ئەشک
دەمەوێ هاوار بکەم، نە هەناسەم دێ نە دەنگ..
پەلوپۆم دەکوتم
تەقەڵێکی گەورە ل، لەپی دەستم دایە
کلووە خوێنێکی گەورەیە
تامی دەکەم
تامی خوێیە
تامی حەقیقەتی تۆیە

ئەی ئەم (وانییە) چییە وا ونی کرد.
تکات لێدەکەم، تکات لێدەکەم
ئەمجارە تۆ خوێنەکەم هەڵبمژە!
ئەمجارە تۆ تێکەڵی خوێنی خۆتم بکە!
ئەمجارە تۆ بمکە خوێی ناو خوێنەکەت و
هەموو بەرەبەیانێک تامم بکە!
با بزانم گەشتەکەم بێ هوودە نییە،
با بزانم قۆناخی گومانم بڕیوە،
با بزانم سەرەتایەکم بۆ یەقین سۆراغ کردووە..

تیشکێکم بەرەو گەرووی تونێڵ هاویشتووە..

دەبێ گومانەکەم گەلآڵەکەم،
برینەکەم بارکەم،
گەشتە خەفەبووەکەم بگەشێنمەوە..

نەورۆز بە بروسکەیی هات و
خوێنی پڕکردم لە هەلآڵەی هەناسەی خوا و
بەخێرایی تێپەڕی..
نێرگزە وەریوەکان لەناو دەمارەکانمدا بوونە چقڵ
خۆر خۆی دایە دەست تەمتومان و
پاشەکشێی کرد.

تاریکاییەکی ئەستوور چۆکی داکوتاوەتە سەر رۆحم،
لە قومێک دەگەڕێم
دەستم تەنیا بەر رەژووی گومان دەکەوێ.
بەردەچەرخێک. چەخماخەیەک، پشکۆیەک،
نەء. ئەمە سەرەتای ناوەڕاستی تونێلەکەیە
لە بۆشاییەکی تاریک رادەمێنی،
هەنگاوی پڕ گومان و نادڵنیا دەنێی،
زۆر بە کزی لە خوێنەکەتدا
نوزەی گۆرانییەک دەبیستی..
تەزوویەکی تیژی باریک
هەستێکی گەرم دێتووکە دەدات
های.. های
ئێمە بووینە بێکۆتایی
ئێمە بووینە بێ کۆتایی
ئێمە بووینە بێ کۆتایی..

ئەم واهیمەیە پێیەکانمان هەڵدەقەنێ
پێدەخینە سەر پێڕێلکە لێژەکان
دەبینە چەند گیژێکی گەردەلوولی تونێڵەکە
پڕ بە گەردوون
چاومان بۆ ماچی خۆر دادەپچڕین،
رووبارێکی تاریکیی بێ بن و بێئامان دەبینین،
شەپۆلەکانی گەمارۆمان دەدەن.
ها.. ئەم قۆڵە بڕاوەم بکە بە سەوڵ!

گێژاو تا تۆقی سەرمان بەرزبۆتەوە
دەریا، وەک ئەژدیها لوولی خواردووە..
ها ئەوە قۆڵەکەی دیکەم،
سەوڵ لێدە، سەوڵ لێدە، سەوڵ لێدە!
تاریکایی دەباڕێ
تاریکایی هەڵدەقوڵێ
تاریکایی وەک شەپۆل، وەک لاشە، وەک شاڵاوی تاعوون رادەکشێ..
سەوڵ لێدە، سەوڵ لێدە!
ها ئەوە کەللەسەرم سەوڵ لێدە!
ئەوە دوو چاوی ئەبلەقم سەوڵ لێدە!
ڕۆحم، کوا ڕۆحم..
من ڕۆحمم بۆ ناگیرێ
تۆ ڕۆحمت پێناگیرێ
چۆن ڕۆحم بکەمە سەوڵ.. چۆن؟

ئێمە بە بیر لە هەموو وەرزەکانی ترس و
مەرزەکانی مەرگ تێپەڕدەکەین،
ئێمە لە ئاکامدا دوو پارووە گۆشتین
بۆ دەمی گێژاو، تونێل، ئەژدیها
یان چاڵە گڵێکی خۆماڵییانە، گەلێ خۆماڵییانە..
چ بکەم لە ڕۆح،
لە گۆرانی
لە بێکۆتایی؟

من لەسەرەتا و ناوتا و بنتا و کۆتایی ئەم گەشتەدا
تۆیشووم هەر خۆشەویستی ئێوەبووە
من تەنیا ئەوینی ئێوەم شک بردووە
لە ساتی هیلاکی و ترس و گومان و بڕسێتی و بەرەلاییدا
کردمە هێلانەی خۆم،
هێلانەیەکی سادە، گەرم، فێنک، مێهرەبان
هێشتا ساوا بووم کە خۆم بینی باڵم لێ ڕوان،
فێڕی چێبڕکە بووم
باوەڕم نەکرد..
باڵە بچکۆڵەکانم لێک دان، هەستم کرد دەتوانم
قاچەکانم لەسەر زەوی بەرزکەمەوە..
ئاسمانی شین بکەمە گۆرانییەک بەسەر دەنووکمەوە..
پێم وتن:

ئەمە هێلانەی وشەکانی ئێوەیە
خۆشەویستی ئێوە باڵەفڕێیان تێدا دەکا
سروەگای خەمی ئێوەیە.. خەونی ئێوەیە..
تووڕەیی ئێوەیە
ئەو ئاسمانەش کە دەمەوێ شەقەی باڵی شادی تێدا بدەم
ئازادیی ئێوەیە،
ئەو کانیاوەی دەمەوێ لە کەناریا ئارام بگرم
سروودەکانمی بۆ بڵێمەوە.. درووەکانمی بەسەردا ببارێنم
بەختیاری ئێوەیە.

٤

سەیری کەن، سەیری کەن!
ئەو پاروو گۆشتەی ئەژدیها زاری بۆ داپچڕیوە
دەتوانێ بفڕێ..
لە ئەژدیهاکان ناترسم
لە ئەژدەهاکەکان ناترسم
چریکەکانم لەناو قەفەزەکانیشدا باڵەفڕێیانە..
چاوم بڕیوەتە ناو قەدی ئەم ئاسمانە
قوبابە ئینە جادوییە..

بۆ نەفڕم؟ بۆ ئەستێرەکان نەکەمە ملوانکەیەکی بێ‌کۆتایی و
بە دیدەکانمدا هەڵیانەواسم؟

بۆ مانگ نەکەمە کەپری خەونە بێدارەکانم؟

کە گەیشتمە ئەو فانتازیایە، کە گوێم لە دەنگی شەقەی باڵی دڵ و
چریکەی گۆرانیی خوێنی خۆم بوو
کە خەریک بوو ئاسمانی حەوتەم بکەمە خەونگام
ڕوانیمەوە بۆ هێلانەکەم،
ڕەوانیمە نێو هێلانەکەم
چۆڵ و هۆڵ بوو..
چەند وەحشەتناک بوو..
موخابین، تۆ دەمێک بوو بەجێت هێشتبووم
بێ ناونیشان
بێ بەخشینخوازی
بێ‌پاکانە، بێ مانّاوایی

بەجێت هێشتبووم
هێلانەکەشت دابووە دەست دانێکی دەنووک چاڵ.

ئای.. لەم بەدبەختییە..
نا نا.. باڵی چی، فڕینی چی، ئاسمانی چی؛

دەبێ لەسەر دوو پێی خۆم بوەستم
دەبێ بە تەنیا ئەم گەشتە ئەنجام بدەم
دەبێ قۆڵم بکەمە سەوڵ
چاوم بکەمە دووربین
خوێنم بکەمە خوێ
دەبێ گۆشتی رانی خۆم بخۆم
هات و نەهاتی خۆم بەکاڵا بکەمەوە
دەبێ ڕۆحم..؟

نا. ڕۆحم نادەم بەدەستەوە، ڕۆحم زیندانی چەستەم مەکەن
ئاخر من ئەم گەشتەم ناوێ!!
ئەم هەموو ژان و تینوێتی و زام و مەرگەم ناوێ،
ئاخر من تەنێ هێلانەکەمم دەوێ.
هێلانەیەکی بچووک، سادە، هێمن
دەنووکێکی بچووک
دوو باڵ و
چەند چریکەیەکی کازێوەیی.

ئاخر من تۆم دەوێ
حەز دەکەم سەرم بخەمە سەر ڕانت و خەوم لێبکەوێ،
خەوم لێبکەوێ و ڕاست نەبمەوە.. قەت ڕاست نەبمەوە!
نەفرەت لە ڕۆحم!
من دەزانم تا وزەیەکی ئەوینی تۆ لە خوێنمدا بێت!
شەیدایەکی بەهەشتی
خوێنم دەخاتە مەستییەکی ئەبەدی
ئیدی من هیچی دیم لە خوا، گەردوون،
سروشت، ژیان، قەدەر ناوێ..
بەرەبەیانێکی سپی و
وەرزێکی نەورۆزی و
باوبۆرانی ساتەکانی شێتبوونم دەوێ..
هێلانە سەرەتاییەکەم دەوێتەوە..

لەوێدا چاوم هەڵێنا
جادووی تماشام دۆزییەوە
سەری رازم لەسەر رانی تۆ ئۆقۆرەگربوو..
فێرە باڵەفڕێ بووم..
ئەستێرە دوور و هەرە تەریکەکانم ماڵی کردن
شەوانی هاوینە، ا.ە سەربانی ماڵە گوندییەکەمانەوە
چاوشار کێم لەگەڵ دەکردن
تا خۆیان دەدا بە دەست نیگای عیشقەوە و بانگیان دەکردم،
منیش باڵە بچکۆلەکانم لێک دەدان و
دەنگ دەنگ قوڕ و پووشم دەگوازتەوە و
ماڵی خۆم لەوێدا بنیات دەنا
تا لە پڕێکدا
گوێم لە دەنگی تۆ بوو بانگت دەکردم:
وەرەوە.. وەرەوە
بۆ سەرزەوی
کوڕە کرمانج
ئەو خەوە سادە و
خەونە ئەستێرەییە،
دادت نادات!!
وەرەوە بۆ سەر عەرد و بێ عەرد!
دەنگت وەک چەخماخە لە گیانی دام،
بووم بە پەڵە هەورێکی کۆچەری و
بەسەر کێڵگە گەنمەکاندا باریم
بەسەر گۆڕە بێ ناونیشانەکاندا باریم
بەسەر کۆچ و ئاوارەییتدا باریم
بەسەر کاولگە و وێرانە شارەکاندا باریم.

ئاخ، ئەم خاکە ژەهری تێدا چێنراوە..
گوڵ و گیا و شەوبۆی تێدا شین نابێ.
هەموو ئاسنی دنیایان کردۆتە زنجیرێک لە ئەستۆی بنار
رایان کێشاوە بۆ دەشت
دەشتیش بۆ سەحرای عارەبان..
کەس لە سۆراخی گەرمیان نازانێ..
کوێستانیش لەرزو تای تووش بووە..
ژەهربارانە.. ژەهربارانە.

خۆم کردە شەوەزەنگ،
خۆم لە حەسحەسەکان شاردەوە و
گەڕامەوە بۆ بنار

دارستان گۆرانییەکی زەردی وەریوە
پەلک پەلک دەیچنمەوە
دەیکەم بە سابات
بە خوێنم رەنگی دەکەم
تا دەبێتەوە بە گۆرانییەکی پەلکەزێڕینەیی
ئاسمانەکەمی تێدا؛ دەدۆزمەوە
هێلانەکەمی تێدا دەدۆزمەوە..

خەزاڵێ، خەزاڵێ، خەزاڵێ
لاسەکەت هاتۆتەوە
خەزاڵێ، خەزاڵێ، خەزاڵێ
ئەی ئەو قاشەمانگەی لە ئاسۆ ئەرخەوانییەکی
زەمەنی منداڵیمدا شاردمەوە
وەرە دەرێ.. وەرە سەرسوێ
وەک لەتە مانگێک بەئەنگێوێ
دڵدارەکەت هاتۆتەوە
ئامێزی تۆی دەوێ
خەزاڵێ، خەزاڵێ
خەزاڵێی چاو رەش
خەزاڵێی چاو گەش
خەزاڵێی دەم پڕ لە خەندە و
چاو پڕ لە گۆرانی
لاسەکەت هاتۆتەوە بۆ کوێستانی.

لەندەن ١٩٩٦

تاسەر ئیسقان

ژن.



قوبادی جەلی زادە

وەک ئێوە منیش،
پیاوێکی رەش و سپی بووم.
سپی وەک رەژوو
رەش وەک بەفر،
ژنێک، کە هەر دەپەنجەکانی رەنگ بوون،
هات رەنگی کردم.
پرچم قاوەیی و
چاوم کاڵ و
پێستم گەنمی و
ملپێچەکەم فستقی و
پاڵتۆکەم حەڵوایی و
چاویلکەکەم فۆتۆ گرێ.
ژنێک، کە پێکەنینەکەی دارستانێک رەنگ بوو
لێوی رەنگ کردم بەماچ
دەنگی رەنگ کردم بە عیشق
سمێڵی رەنگ کردم بەگوێزان
ردێنی رەنگ کردم بەعەتر
پیاوێکی خۆڵە میشی بووم....

ژنێک، کە ڕووت بوونەوەی تاقگەیەک ڕەنگ بوو،
قەڵەمەکەی ڕەنگ کردم بە داهێنان
ووشەکانی ڕەنگ کردم بە
جورئەت.
قەسیدەکانی ڕەنگ کردم بە
ڕاستگۆیی.
کۆمەڵە شیعرێکی ڕەنگ کردم بە
«ئاسەر ئیسقان ژن».
وەک ئێوە منیش
سپی ترین خەڵووزو ڕەشترین بەفر بووم
ژنێک کەپەنجەکانی دە ڕووباری ڕەنگ بوون،
ڕۆحی خڵتانی ڕەنگ کردم.
هەنووکە من، تۆ فانێک ڕەنگم
پیاوە ڕەش و سپیەکانی ڕەنگ دەکەم
ژنە ڕەش و سپیەکانی ڕەنگ دەکەم
نیشتمان ڕەنگ دەکەم
مێژوو ڕەنگ دەکەم
ئێوە ڕەنگ دەکەم!
ڕەنگ ڕەنگ دەکەم!

جریوەی شەهید

-١-

لە ژووری نوستنی نەخۆشێکدا،
ئەشیعەیەکی خەون و
شوشەیەک هەناسە.

-٢-

لە ژووری نوستنی پیرەمێردێکدا،
گۆچانێکی لە جێ..چ..وو...و
تاقمێک چاو!!

-٣-

لەژووری نوستنی منداڵێکدا،
جووتێک قەڵەمی هەڵفڕین و
دەستەیەک باڵی ڕەنگ.

—٤—

لەژووری نوستنی گۆرانی بێژێکدا،

ئینجانەیەک کامگارو

پەرداخێک سەنتوور!

—٥—

لە ژووری نوستنی پیاو کوژێکدا،

تفەنگێکی سوارو

تەرمێکی پیادە.

—٦—

لەژووری نوستنی کۆرپەیەکدا،

دوو مەمکی خرپن و

دوو رووباری شیر.

—٧—

لە ژووری نوستنی بێوەژنێکدا،

پەیکەری پیاوێکی رووت و

کووپەیەک لیرەی ماچ.

—٨—

لەژووری نوستنی شەهیدێکدا

پۆستەرێکی رەش و سپی و

ژنێکی رەنگاو رەنگ

—٩—

لەژووری نوستنی جوتیارێکدا

جریوەی ئارەق و

پرخە پرخی کێڵگە

—١٠—

لەژووری ئینفرادی زیندانیەکدا،

قەنارەیەکی سوورو

نیشتمانێکی سەوز.

—١١—

لەژووری نوستنی سەرخۆشێکدا،

هەمیشە بتێک.

هەمیشە خودایەک.

-١٢-

لەژووری نوستنی شاعیرێکیشدا،

شووشەیەک شەراب.

چەمکێک نوور.

رەنگاڵەیەک منداڵی.

گلاصێک صوڵۆ

یەدەگێک ووشە

رووبارێک مەمک

پەنجەرەیەک ماچ

پۆستەرێک سواڵکەر

جریوە جریوی ژن.

جگەرەیەک ئازادی

هەمیشە خوا بتێک!

بەر لەوەی گوڵ

بچێ بۆشەر

چووم بۆ شەڕ...

لەپەنا بەردێکی زلدا تەقەی دەکرد.

گەمارۆمان دا.

دەستی هەڵبڕی و هاواری کرد؛

تەسلیم

تەسلیم

تەسلیم.

کەچی دەممان پڕکرد لەفیشەک

من کلاشینکۆفەکەیم بەرکەوت

ئەو پاکەت و چەرخەکەی.

ئەو تەزبیحەکەی.

ئەو جەمەدانییەکەی.

ئەو...

ئەو..

چووم بۆ شەڕ

لەسەنگەرێکی «دوژمن» دا، لاشەیەک

هێشتا گەرم.

رادیۆکەی بۆ من.

نارنجۆکەکەی بۆ ئەو.

قەمسەڵەکەی بۆئەو

چەکەکەی بۆ« شۆڕش».

تەرمەکەی بۆ سەگ.

ژنەکەی بۆ تۆ..

کچەکەی بۆتۆ..

بۆ..

بۆ..

چووم بۆ شەڕ..

لەدووری حەوتسەد مەترەوە بەفیشەک

کەللەی سەرێکم هەڵگرت.

هاوڕێکانم یەک دەنگ:

براڤۆ

براڤۆ

براڤۆ!

چووم بۆ شەڕ

تفەنگەکەم بەبریندارێ گەڕایەوەو

خۆم،، "نـــا"

* * *

بەر لەوەی بچم بۆ شەڕ..

بەئاستەم شانم دا لەشانی کوڕێک

دەست لەسەر سنگ پێم گوت:

برا گیان بمبورە.

بەر لەوەی بچم بۆ شەڕ..

ژنەکەم پێی گوتم:

تکایە ئەمشەو بەتەنێ بنوو

سبحەینێ رەمەزانە..

(قەیناکا ماڵەکەم)

بەر لەوەی بچم بۆ شەڕ
چوومە لای باڕ مەنێک و گوتم:
ئەزیەت نەبێ چنگێ زەیتوون و
قاپێک عەرەق.
بەر لەوەی بچم بۆ شەڕ
لەنێو ماشێنێکدا بەنەفەرەکەی تەنیشتم گوت
برادەر ڕێم دەدەی جگەرەیێ بکێشم!؟
بەژنێکم ووت کەلەبەر دەممەوە ڕێی دەکرد:
زنجیری تەنووەکەت کراوەتەوە کچی باش.
بەر لەوەی بچم بۆ شەڕ..
لەبن مەوقفێکی پاسدا بە زەلامێکی نەناسیووم ووت:
بفەرموو ژێر چەترەکەم با باران تەڕت نەکات.
بەر لەوەی بچم بۆشەڕ..
چوومە بن گوێی ڕووباریک و عەرزم کرد:
«گیانەکەم مااڵی گوڵ کامەیە!؟»
بەر لەوەی بچم بۆ شەڕ..
دەنگم دابەژن
سندووقەکانی هەڵبژاردنم پڕاو پڕ کرد
لەزەردەخەنەی ژن
بەر لەوەی بچم بۆشەڕ
و
بەپەپولەیەکی نەو بووکم ووت، کە
لەحەمام دەگەڕایەوە؛
ئەرێ سەعات چەندە تازە ژن؟
لەشەرمان هەڵفڕینی سوور هەڵگەڕاو
پێی گوتم :
دەقیقەیەکی دەوێ بۆ ئاشتی!!

تێبینی/ بەر لەوەی گوڵ بچێ بۆ شەڕ، لەیەکێک لەژمارەکانی ئااڵی ئازادی بااڵو کراوەتەوە. بەاڵم دواتر پێ یدا چوومەتەوەو دەسکاریەکی زۆرم کردووە.

ڕاکشان لەناو ئەفیوندا



محمد رەنجاو

بەتەنیا دێی
وەک غلۆر بونەوەی تەمەن
بەناو تونێڵەکانی سەراب دا
بۆ گەڕان بەدوای رەنگە کاڵبوەکانی
زەخرەفەکانی میژۆ
میژویەکی شەڵاڵ بوو بەخوێنی خۆت
داگیرساو بەسەهۆڵبەندانی چاخەکانی بەرد،
میژویەک کەهی ئێمە نەبوو.
بەتەنیا دێی
بۆ گەڕان لەخەونە وەریوەکانی تریفەیەکی سوتاوو
لەودیو ڕۆخەکانەوە
خەونێک هەیە زەرد
وەک لێوە پڕلە ورتە ورتەکانی گیانەلاڵ.
بەیەکەوە دەڕۆین بەرەو ئەودیو ڕۆخەکان
ڕۆخی گومان و تونێڵەکانی چاو شارکێ
ڕۆخی ئاوابوون لەنزای
پەڕەسێلکەکانی ئەودیو دارتێلەکانی نەفرەت
دەڕۆین تائەبەد
تاسڕینەوەی هێڵەکانی وەهم
تا وون بوون لەفەزا

ئەڕۆین....ئەڕۆین

تاکەناری میّزی مەستی

تا ڕۆخی خەونە لینجەکانی دوای جوت بونێکی وەهمی.

ئەڕۆین....ئەڕۆین پەریزادە

بە دوو باڵی زامدارەوە

بەسەر شانی گەردەلوێکی لاسارەوە

بۆ سڕینەوەی نەفرەتەکان

بۆ دڵداری و ئەوین

بۆ ماچی تەوێڵی ئیبلیسەکان

* * *

بەیەکەوە دەڕۆین

بەجەستەیەکی سڕبوی ناو ئەفیون و

خەونێکی بەچێماز

لەناو پێخەفی تەنیایدا.

لەتونێلە گەرمەکانی بلوێرێکی شکاودا

سەفەرێ چێ ئەکەین

مەتارەیەک شەراب و

دوو قتوە گۆشتی سەرەگا

تۆش هاوڕێی سەفەری بۆ جوت بوون.

چی بکەین لەدنیا

بابڕۆین خانمەکەم بوخچەکان وەپێچە

نەبادا ئەم کێوی گومانە زوو برمێ و

خەونەکان خاموّش کا.

بابڕۆین بۆ ئەوێ

لەوێ مەمکە قنجەکانی تۆ وەکو مانگ راکشاون

لوتکە ئاسۆییەکانی بەیانی ماچ دەکەین

لەوێ چڵێ زەیتون لەبەرۆکی خۆر ئەدەین

وەک-با- گەمە بەیادەوەریەکان دەکەین

لەوێ هەموو شتێ ئەکەین

بەڕووتی خۆمان دەدەینە بەر ڕێژنەی باران و

بەقولاێی خەرەندێکا ڕۆدەچین
لەوێ کەتەنها من و تۆین
وەک راهیبەیەک هەموو گوناهەکانمان
بۆ یەکتری ئەگێڕینەوە
پرۆڤەی هەموو گوناهەکان دەکەینەوە
لەوێ لەگەڵ تاوێرێکدا غلۆر دەبینەوە
تا شیوێک قوتمان ئەدا
چەند جوانین خانمەکەم لە غلۆر بونەوەو قوتدانا
* *
خەونی دۆڵەکان سەراپا بینینی لوتکەیە
لەوێدا رادەکشێین وەک میرو شازادە
لەوێدا نەمەرگ زاروکان دەخاتە گریان و
نەژیان وەک مرۆڤ بەڕوتدا دەتەقێ
لەوێدا هەموومان لەسەر باڵی
مەلێکی تەرەبووی بەر زەبری شەواڕە
لەناوپێچی گڤەی باو
وێردەکانی شەلاڵ بوو بەخوێنی منارە
سەفەرێک چێ دەکەین
لەوێدا بۆ پشوو با بمرین
نەبادا کەڕەنای جەنگەکان
ئەوێشمان لێ تاڵ کا.

مانگی ۱۹۹۹/۱۲

دڵقین

محسن ئاواره

«گشت قوفله داخراوەکان، بە (کلیل)ێک دەکرێنەوە، ئەویش کلیلی (خۆشەویستی)یە»

لەسەر شۆستەی شەقامی شارەوە، کشایەوە بۆ کوچەو کۆڵانی تەنگەبەر
لە کۆڵانەوە بۆ خانوێکی لە مێژینەو ژووری نوستن
لە ژوورەوەشدا بۆ گەلیی خودو حەڕەمی سەر
کشانەوە.. کشانەوە.. بچوک.. بچوکبوونەوە
بە بڵێسەی گڕی ،ەنگێک، جەنگی ناوەکیو نەهلیستیەت، جگەرەیەکی داگیرساند
دوکەڵ تێئالاڵ وەک هەورێکی سپی نەوی بەسەر لوتکەی کێودا
(سۆتەکایشی بە پەنجەیەک دەهێنایە پاڵ یەکو پەرتی دەکردەوە
-ئێمە لە چاخێکدا ژیاین
عیشق پادشاو سەرداری دارستان بوو
(وجد) دەروازەی بڵندو میهرستان بوو
ژووژکی رقئاژن گرژو بێ تاقەت لە پەراسووی مەراقان
هێشتا گوناهەکان باڵق نەدەبوون، شەیتانە بەردینەکان پێیان پێنەکەنیبوون
وەک کەفەژیلکەی سەر جوگرافیای ئاو دەکوژانەوە
هێشتا دیوارەکان نەدەبڕدران، دزەکان لە پشت چرا کوژاوەکان ئەدۆزرانەوە
ئەو وشە تاڵانەی لە گەروەو تەنگەبەرەکاندا عاسی دەبوون
نەدەگەیشتنە سەر زار دەمردن
ڕەوشت لە شانە شیرینە ئەزەلییەکان سەرخەویان دەشکاند
گرەو وەصلی دوڵبەر ئێجگار دژوار بوو

مردن لە لوتکەی وەفادا لەزەتبار بوو
باپیرەم حیکایەتی دەکردە گوارەیەکـو لە گوێچکەی دەکردین
-کێو گوتی.. من جوفرەیەکی سەختم
جوفرە گوتی.. لەسەر دەستما سێنییەکی زیوینم راگرتووە
(کلیل)ێکی چاو سووری لەسەر، بەتەمێکی سپی داپۆشراوە
(کلیل)یش گووتی.. ئەی جوانمەرد، ڕەفتەی تەمم لەسەر لادەو بمبە
دەرگای مەوعود، دەرگای تەڵەسمبەند، لە قوللەی سەر تڕۆپکی کێوا، بخەرە سەر گازلەی پشت
تاجە گوڵینەی گرەو، پەریخانی جوانکیلە، چاوەڕوانە
لەژێر جووت مەمکیدا، ئەنگوستیلەیەکی نەقیم یاقووتی پەنهانە
لە قامکت کەو سیحرەکان بەتاڵ دەبنەوە
گوڵی ڕەش بە باڵای ڕۆشنا هەڵدەگەڕێ و ئاڵ دەبێتەوە
سێبەری ترس خۆی گرمۆلە دەکاو بۆ ڕەگەزینەی دەکشێتەوە
پەتای (یەئس)یش لەبەر پێی ئازادیدا دەنووشێتەوە!!
-لەو چیایەی بەرامبەرما، جۆگەڵە ئاوێک، وەک ماریکی سپی خاڵ خاڵ
پێچی دەخواردو دەهاتە خوار
جار جارەیش ڕووناکییە کرستالیەکەی دەڕوشا
کە هەنگاوی دەنا بەسەر دڕکـو تیشەکان
پەیامی پێبوو، موناداییەک بوو
بە تەڵەزمی نووکی قووڵینگ نووسرا بوو
ئاراوی ڕووناکی و.. ئارەقەی تەکانو.. گوڵاوی موڕادی، لەگەڵ تێکەڵ کرابوو
شەربەیەکم لێ پڕ کرد، لەسەر تارمەی باڵکۆنی مااڵ دامنا
بۆ بەیانی، ببوو بە کچێکی کەڵەگەت پەیکەر ڤینۆسی
خونچەی قرمزی و بزەی زەردباو ئاورینگی غەمزەکانی
لە جێیڵانی سروشت دەگرت!!
-دەمەو عەسرانێک بوو، ئاسکێکی کێوی، بەنێو ڕێژنەو گرمەو تریشقەدا ڕای دەکرد
بۆشاییەکی دوای خۆی جێدەهێشتو باران و دژەکان پڕیان دەکردەوە
بۆ دواوەیش ئاوڕی نەئەدایەوە
باڵی گرتبوو، باڵ نەدەبینرا
سمەکانی چەخماخەی دەداو سێرەی لێ نەدەگیرا
نەپڕ خۆی کرد بە باوەشی ژوورەکەما
باوەشم پیا کرد، دڵی بەخێرایی لێ دەدا
بۆنی باران و، هەڵمی جەستەی گەرمو

شوونزامی پێکانی گوڵەی راوچیو رەنگەکان
خورجینەی سیمەکانمی وەک خاڵکوتان
لەسەر پەردەی ناوەوەی سییەکانم کوتران
بۆنرەنگێکەو وەرزەکان بەڕێ دەکاو نارەوێتەوە!!

دڵۆڤانی، ئەو (چا)یە دڵخۆشکەرە بوو، ئێوارانێک لەبەر دەمما دائەندرا
کەوچک لە ئیستکانە دڵ روونا‌کەکاندا وەک ئاوەلوول لوولی دەخوارد
(تاڵی‌و شیرینی) باوەشیان بەیەکا دەکردو لەناو یەکدا دەتوانەوە
گوڵە بۆنخۆشەکان لە مەرکانەکاندا خۆیان رادەوەشاند
بۆن وەکر مزراح لە دەرەوەی جازبییەی ماسۆشی‌و سادییەکان دەسۆڕایەوە
کرانەوە.. کرانەوەی خونچەکان، داخراوەکان، قوچاوەکان
کرانەوە.. تا رادەی ماڵیی کردنی امارا بە خۆشەویستی
-ئەدی سۆز ئامێزی شەهرەزاد نەبوو
وەک شلکە رێواس لەو کەللە هێمالاێە سەختەی شەهریار رووا
شمشێرە لەخوێن رەباس بووەکەی لەدەست بەردراوەو..، کەوتە ئەو دیو هەڵدێری شێتگیری‌و زوڵم
لە قووڵایی خەرەندەی هەزارو یەک شەوەدا بوو بە هەڵم..؟!!
-من، منی گەردیلە، گەردیلەیەکی لاواز لە جەستەیەکی مەزندا، کە ناوی (خۆشەویستی)یە
منی خەلفەو شاگردی ئوستادێکی گۆشەگیر لە خەڵوەتگەیەکی، لاتەریکی ڕێبازی عیشق
منی بەردێکی سەدەفی گچکە لە پانۆرامای دیوارێکی نەخشەداری رۆمانسی
منی مەحۆمو کۆنترۆڵکراو بە ئەڤینی
منی گەمارۆ راونراو بۆ باوەشی ئەڤینی
وەک کلاڤەی قایش مەتر،
رادەکێشرێم‌و دەسوڕێمەوەو هەڵدەکرێمەوە
لەم باجەدا دەرباز نەبوویمەو نابم
-گەر (قوندەفلە)یش لە زمانی موحیبەت بگەیشتبووایە
لە پەڕەگرافی سەندیکایەکی عیشقا یەک نەغمەی هەبووایە
دەیزانی بۆ حەزرەتی سولیمان، خۆی لەپێش هەتاوی گەرم‌و
گشت باڵندەکانی باڵ سووتاو کرد تا سێبەر لە بەلقیسە بکەن؟!
-لە باخدا، ئەهریمەن.. (خوناوای لێک دابڕ کرد
(خون) سیمای خۆی پاراست‌و رەنگی هەر (سوورخن)
(ئاو) بوو بە هەڵم‌و بەرەو هەورەکان سەری هەڵگرت
هەڵم رەسەنزادە بوو، لە بنەماڵەی ئاو، ئەڤینی یاخەی بەر نەدا

بۆیە لە ملەکەتی هەورەوە بەتەرە بارانییەکان
نامەو وەرەقەیەک.. یا دووان
بۆ ئسوورخنای دەنارد
بە گەیشتنی نامەکان، رۆحەکانیان تێکەڵ یەکتر دەبۆوە
دەبوونەوە ئخوند.. ئاوازەکەی جاران!!
-زەمانێ زوو، میهرستانێک بوو میهرستان
تازە زاوا بووم، بە سەندووقێکی ساکار ژوورەکەمیان رووناک کردەوە
سەندوقێک بە بریقەو ئاوێنەدار
خانە خانە ئاوێنەکان، شانیان دابووە یەک
لە ئاوێنەیەکیان، وێنەی ئەسپێکی باڵدار، ئەسپی بۆراق، لە فڕینی هەمیشەیی دابوو
لەوەی دیان، کارامزێک لە راکردنو نەگیران،
پڵنگێکی دەم کراوەی برسی بەدوایدا
ئێستاش سیحری تەفسوناوی ئەم وێنانە، باڵەکانی لێ دانەماڵیوم
ئێستایش لەگەڵ ئەسپەکەدا دەفڕم و
لەگەڵ پڵنگەکەدا چەپۆکان دەوەشێنم و
لەگەڵ کارامزکەیشدا رادەکەم و ناگیرێم!!
-ئەوە سەبەتەکانی خۆشەویستی
پڕیەتی لە زەنگیانەو مۆروو مەرجان
لە دەنکە رازیانەو گێوژو قەزوان
لە گوێزو کەڵا شووشەو جگـو بەڕوو
پریەتی لە لیمۆی بۆندارو.. شەمامەی خاڵدارو.. بەی ناو دەستان
پریەتی لە ئەنگوتکە حەڵوای سەر قەبران
پریەتی لە تۆنترەنجەو دەمانچەی ئاوی و اپەلیکـای گەمان
پریەتی لە خەیاڵی رەنگاو رەنگـو ماراسۆنی سیحرو کەرنەقاڵی فڕدەوسی و
قوداسەی پاکی و تەرتیلەی جوان!!
-دڵە هەرمێیەکەی ارابیعەی عەدەوی ایەش، بە خۆشەویستی سیخناخ نەبووایە
ئەو رۆحەی هێندە بە جیلوە نەدەبوو گۆڕ جەستەی پڕ شوعلە کات
نووری خوایی لە چاوەکانیا سەرخات؟!
ئەوە دەستێکی پەڕیوی ئەمیرخانی برا دۆستی) لە مەیدانی شەڕگەدا
ئەوە دوو دەستی قوتکراوی حەلاج لە مەیدانی حەق و مەقامی (فەنا)دا
دەستن.. خوێن و رووناهی ئەقینییان لەبەر دەڕوا، بۆ خواو نیشتمان!!

-خۆشەویستنی ئەو حونجەیە بوو، دیوارەکان خۆیان بۆ نەوی دەکرد
بانەو بانی دەکرد. تا کۆتره تەریوەکەی دەگرتەوە
کۆلاره پساوەکەی دەبردەوە
خۆشەویسنی، سەربازێکی ڤیرارایش بووایە
رووی لە گەڕەکە دەرنەچووەکانیش بکردایە
ماڵەکان داڵدەیاندەدا
ئینزباتە داگیرکەرەکانیان دەسخەرۆ دەکرد
گشت ماڵەکان بۆ پاراستنی نهێنییە فەخفوورییەکان
بەڵێنیان لە زەوی‌و فەنەریان لە ئاسمان
شتە پیرۆزو تقوسە مەرجانیە بە چریوەکان
نەریتە جوان‌و بەها بخوورییە بۆنخۆشەکان
سروودە تەزووداڕەکان.. دەکڕان‌و ڤەت نەدەفرۆشران
-شارستانیەت بۆ تەبرغەی ڕەسەنایەتی، جەڵدە بەدەست بووە
لەهاوندا ژەهری کوتیوە، لەبادەی تەکنەلۆژیادا ژەهری گرتۆتەوە
لەسەردەمی ئێمەدا ئۆشەویستی بەتام بوو، وەک گەزۆی ادار الملوکـای بابان
کەلەقووتووی دارین، لە ئاردە گەنمی شارەزوور ئەتەکێندرا
لە پشتەوەی هۆشی ئاڵی عوسمان‌و بێ ئاگایی سوخرە کێشەکانی
بەسەر باڵی هەڵۆیە ئیشراقیەکانی بەر دەرکی سەرا
بە دیاری بۆ شارەکان دەنێردرا

هیدایەتی سپی، زەمبیلەیەک بوو، پڕ دەکرا لەسێوی ڕوومەت ئاڵ‌و
هەناره قەڵیشاوەکانی عازەب، ددان شەڕابی
دەگەڵ قەرتاڵە تڕێی ڕەشمیری هیران‌و نازەنینێ
صافی هیانی، لەرێی شیعرەێکییەوە، لەبەر بەیانێکی زوو
بەهەڵەت‌و ڕێچکۆڵەی نی سەفیندا دەینارده شار
بەرایی لە امام کەریما دەگرت،
کەبە لوژە لوژی گوێدرێژەکەی لە باڵیسانەوە بەڕێ کەوتبوو
بارەکەی، بارە داری قەڵا شکەری‌و کەڵەبابی کەرمنشایی لەسەر
هێشتا دونیا تاریک‌و ڕوون بوو، هەر لەو ڕێگایەدا، کەڵەشێر بانگی دەدا
بۆ ئەشقیەکانی شەو بەکێو.. زەنگێک بوو
امامە کەریما ئەو کات چاوەکانی ساغ بوون وەک (چاوە جاغی) کووڕە
کیمیا بارانی توتمەو باڵیسانی بەخۆوە نەدیبوو

-ئەو شاری هەولێرە.. ئەو تەلاقە لەلەک گاوسایبە پرشنگدارە
ئەو مناڕە سەر بەرزە، ئەو بازارو قەیسەرییە مەزەدارە
چەند خۆشەویست بوو!!
لە مەنجەڵە ماستێکی سەر بە قەرسیلی داپۆشراوت ئەدۆزییەوە

-ئەو ڕەقسی حاجیلەو بەیبون لەنمایشی هیجرانو سرووتی ئاو زینگدان
ئەوەش نێرەوەزی خانەقینو چاوە گەشەکانی عەنبەر خاتوون
وەک قاسەیەکی نەکراوەی سەرپشتی حەمبالێکی فەیلی
کەلە جەرگەی ئاغی دادادا بۆ قاتی حەوتەمینی ساختمان سەردەکەوتو
ئەوسا لەوێوە پشوویکی شانازی کوردانەی دەخواردەوە
هێشتا ماری سرِ کاژی نەگۆڕیبوو، پشکۆی گەرمیانی نەکەوتبوو سەرپشت
چەپۆکی ئەنفالایش لە هەوکی چرا ڕۆشەنەکانی کەرکوک گیر نەببوو
لەگەڵ چریکەی گزنگی بەیانیەکی تازە، کرێکارە کوردی کۆمپانیای نەوت
بە ئاسوودییەوە لەسەر پردی خاسەدا، پەیدانی لە پاسکیلەکەی دەدا
ئەو کات پاکیزەیر, لە باخی مژدەدا بەیانی باشی لێ دەکردین
گەمییەی ڕەنگ سەهۆڵی بۆ نێو دەریای دڵقینی دەبرِدین

-دڵقینی، ئەو گەشتە ڕوح سووکەبوو، کەلە ئاخۆاوە بەرێ کەوتین
لە گوندە کێویلەکەکەی ئسۆریەو دەکان حاڵمان گرت، بە جوانییەکەی جەزب بووین
لە ئچێنیدا ماستاوی سەر بەکەفمان نۆش کرد
لە ڕەزەکاندا ئفیقیامان خوارد
هێشتا چرِنوکە تیژەکانی ئتاها شەکرچیا نەگەیشتبووێ
وەک ئنیرۆنا ئاگر لە ڕۆمای ئەو بەدەنە جوانە بەردا!!

خۆشەویستی وەک گوڵو گیاکانی سەر سینگی گورِی ئازیزان خۆشەویست بوو
وەک پێخەفێکی ئارام لەشەوێکی نسرمدا پێویست بوو

-وەرە ئەم کتێبە کۆنە لەسەر تاختچەکەی بەرِائەتی دوێنێ داگرین
بیخەینە کۆشی بابە نوئێلەکانی ئیمرِۆوە
بەچاوی ئەوینەوە پەرِەکانی هەڵ دەینەوە
بە ئارەبانە ئاسانەکان، ئاڵۆزەکان بگوێزینەوە
وەک پەموێی پەرِە کراو لەئاوە پیرۆزەکاندا خاوێنیان کەینەوە

دەست.. بۆ دەستەملانێو باوەش لێک گرتن

زمان.. بۆ پەیڤی شیرین

لێو.. بۆ ماچی لێبووردن

گەڕانەوە بۆ کانزاکانی عیشقو مەزاری وەفا

بالالوت بین لە دڵی گومڕاو..

دەستی درۆزنو تەوقەی ڕیا

-دیواری ئۆڵبرێخت بەپێوە بوو

یەک ئەڵمانیای کردبووە دوو

دایانیشاند

دوو ئەڵمانیاو دوو ئالاو دوو مەشخەڵ، بوون بە چاوگەیەکو دەستێک هەڵیگرت

ئەو دەستەی لکاوە بە جەستەیەکی برۆنزی، ناوی (ئەڵمانیا)یە!!

-دەسا (ئەپۆڵۆ)،

ئەو شمشێرە ماندووە دەم بە خوێنە

لە بەینمانا دانیشێنە

ئەفرۆدێت لە پەرستگەی ئەماتۆس(دا چاوەڕوانە

لمۆمێکایش بۆ ئەو دڵە تاریکستانییەی ئێمە داگیرسێنن

کوللە لەسەر لانکۆڵەی کانیاوە داپۆشراوەکان هەڵدەینەوە

دەستڕازەکان شل کەینەوە

ئەو منداڵە ئاوییە زیوین ڕەنگەی بەروومانەوە پێدەکەنێ

ناوی بنێین (دڵڤین)!!

پەراوێز:

* ئەمیر خانی برادۆستی= واتە (خانی لەپ زێڕین).


* (سۆریەو دەکان)= دوو گوندی ناوچەی زاخۆن لە ٩٦٨دا ژەنەڕاڵی تاوانبار تاها شەکرچی، گەورەو بچوکی ئەو دوو گوندەی ئاگرداو سووتاندبیانی.

* ئەپۆلۆ= خواوەندی تەباییو ڕێککردن.

* ئەماتسۆس= ئەو پەرستگەییە لە دوورگەی (کۆبرس) کە ئەفرۆدێت گەورە خانمی ئەو دوورگەیە بووە لەوێدا.

◉ ئەم شیعرە لە چوارەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژدا خوێندرایەوە.

شەرابی عیشق



کوردۆ کاروان

(١)

بەختەوەری چ ئاورنگێکە
خۆشەویستی سەختترە لە سیمای
دۆزەخ
تۆ فەنابوونی سەدەفی بارانی
لە چاوەڕوانی سێوەکانی رۆحدا
بۆم بگەڕێ
دەشێ ئاسمان بێبۆدەیی گێلاسە دەم بەخەندەکان
وەرنەگرێتەوە
سەیرکردنی تەم تومانی جوانی
بۆ تەنیایی پیاسەیەکی باران
حیکمەتی وەفای گوڵ و تەفسیری
خەیاڵ هەڵئەفڕێنن
تۆ پیانۆیەکی مەستی
منیش رۆشناییەکی ئەبەدی
تێکەڵم بە
بە ئاهو نالەی پاساریەکانەوە
ناسکتر لە بادەی شەفەق
دەچیتە گەنجینەی زامەکانی
منالێمەوە
لانکەی ئەو ئەستێرانە

رۆژانێکی گەنم ڕەنگ
نیشتمانم بوون
بۆ غروری گۆنای فریشتەکان
سەمام بۆ بادەنۆشی بەهەشت
دەکرد
وەک سلاوی پەپوولەکان
لە سۆمای وێردی ئێوارە
ئاوێنەییەکاندا
وڕکم لە گریانی خۆر دەگرت
مەیخانەی گوڵەکان
لە چاوەکانی "مەسیح" دەچێ
تێکەڵم بە
وەختی شیوەنی بارانە
ئەوە حیکایەتی مردنی تاریکیەکانی
جەهەننەمە
ئەوە حیکایەتی پۆلە شەونمی
ماڵئاوایی سپیدەیە
جوانتر لە شکۆفەی منالێیم
لە دەفتەری ڕەونەقی ئاوەکاندا
ئەدرەوشێتەوە
کوا ئەو پاساریانەی
ڕۆژانێکی گەنم ڕەنگ
نیشتمانم بوون
وەرە ئەی دۆست
هەوری عەشق
نوێبۆتەوە
وەرە ببە بە ئاشنای
لالەزاری ئەم شەیدابوونە
چاوی دیدەنی دۆست
چاوێکی بارانیە
گیانی پەنهانی من باغێکە
ئەی دۆست

لە ئاوێنەی نوێژی سنەوبەرەکاندا

ڕۆحی حۆرییەکانی بینیووە

تا دەمی سەحەر ماچی شکۆفەی

خونچەی کردووە

وەرە ئەی عەشق

شەرابی هەور

نوێبۆتەوە

شارەکان بەشێکە لە عەتری تریقەکانی ئیبلیس

وەرە ئاسمان ئاوی

شەوانی ستڕانی ئەستێرە

تێکەڵم بە

ئەی دەستە میهرەبانەکانی

باران

من غەمی گوڵێکی سوورم

سەیرکە ئاسمان هەردوو کراسەکەی

بەخشی بە ویقاری خودا

ڕۆژان کراسی ئەڤین و

شەوان کراسی سەمای ئەستێران

من لە خەونی ڕێحانەیەکدا

گوێبیستی ترپەی دڵی بەردێکم

بەردیش باڵندەیەکی ئاویی

بۆ زەوی عەشق و کەژاوە

تەلیسماوییەکانی خوێن

کۆچ دەکا

مەرگ پێی خۆش بوو

یاری ڕووناکییەکان لەنێوان

جوانی دڵتەنگی باران و

سادەیی سەدەفەکاندا

دابەش کەین

ئەی لەبەرچاوی پەنجە گەرمەکانی

"ئەهرامەکاندا"

ئەسپە جریوەکان بەسەر فرمێسکی

فریشتەکاندا
غاریان نەکرد
چرایەک لە ژوور سەری ئەو بارانەوە
هەڵکەن
سرووودەکانی هەناریکی بەهەشت
بە مەعبەدی تەنهایی "مانگ"
دەسپێرمەوە
من موناجاتی گیا و گوڵی
ئایندە و
ماچی لە خاچ دراوی رووناکیم
من مردنی ئاوێنەکانی شەیتانم
ون کردووە
دەنگێک نیە لە سەمای تۆفانی
ئەم مزگێنی عەشقە تێبگات
لەگەڵ زەردەخەنەی نێرگزدا
دەستی ئەو پەنجەرانەمان ماچ کرد
لە منالی ئەم چرا رووخۆشانەوە
نزیک ماچەکانی خودا
ئاشناترین پەیڤی رۆشنایی "کافکا" ن
لە بیرەوەری لەززەتی یاقووتێکدا
میراتگری عیشوەی میوەکانی بەهەشتن
رێگا بە پەرینەوەی شەبەنگی
تەرتیلەکانی "موسا" ئەدەن
برینی ئەم پەلکەزێرینەیە
خۆشتر لە رووخسەتی رووناکی
لە خشتەیان بردین
ئاە یەپوولەکان لەبەردەم
ئاوێنەکانی ئاگرا
بەرلە هەڵهاتنی ئەستێرە
بەدیار مەرگی باخچەکانەوە
دەهێڵن کۆشکەکانی گەردی رۆشنایی
بەهەشت

خاپوورکەن

دەهێڵن ئاوی خەوتووی

ئەم رۆژژمێرە

بەدەم پێکەنینی پانتۆنیایەکەوە

بەدمەستی هەروەکان

ئاشکراکەن

بە هەتاوم گوت

پی بخەرە سەر خاک

بە ئاورنگم گوت

لە ئاشوبی هەڵاڵەدا

تریسکەی خەراباتی

گوڵ و جوانی

ببەخشەوە

لە دایک بوونی من سەفەری

شەپۆلە تەڵاییەکانی دەریایە

روورناکتر لە نزای پەریزادەکان

سبەینێ لە جوانترین کوچەی

ئاسمانە زەیتونییەکاندا

دەگەشێتەوە

ئەی میهرەبانی پەلکەزێڕینە

سەیرکردنی تەم تومانی جوانی

لە چاوەکانی "مەسیح" دەچێ

بۆ تەنیایی پیاسەیەکی باران

حیکمەتی وەفای گوڵ و تەفسیری خەیاڵ

هەڵئەفڕێنن!!

* ئەم شیعرە لە چوارەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژدا خوێندراوەتەوە

ریسك

ئەنوەری رەشی عەولا

فینلاند

لەشەونومی پڕ ئەفسانەییەکانی ئەم وجودە شڕ شێتەی مندا
مانگ ماسیەکە زامدار
ئەستێرەکان پولەکە تیشکی هەڵوەریو
مانگ کەشتیەکی وێڵە لەدەریای شەودا
ئەستێرەکان لرفەو شەپۆلین
نەهەنگێکی تاقانەیە
لە ئۆقیانوسی شەودا.. مانگ؛
ناوێرن توخنی بکەون ماسیە وردیلەکانی ئەستێرە
خۆریش بەقولاپی تیرۆژە دەم تیژەکانی
تا دەمەو ئێوارە کەرنەڤاڵی راویان بۆ رێکدەخات.
مانگ گونکێ هەویری ترشاوە
لەزبڵدانی شەودا
ئەستێرەکان شارە مێروولەن
شەو خوانە
مانگیش دەستە بەرەیەک نان
ئەستێرەش هەژارەکانی ئاسمان
شەوەزەنگ گوڵێکە رەش
مانگ نێرکە زەردەکەیەتی
ئەستێرە کریستاڵیەکانیش ئاونگین
درەختێکی برۆنزییە مانگ
بەبناری شەوەوە

ئەستێرە رزیوەکانیش
گەلای تەریون لەبن هەنگڵیا
کە لە ئینجانەی شەودا گوڵی مانگ شکۆفەی کرد
نەستێرەکان
لە خۆشیدا بۆی بوون بەپەپوولەو هەنگ
مانگ داهۆڵە لەدەغڵی شەودا
ئەستێرەکان چۆلەکەن
کازیوەش.. وەرزێرە چاو بزکەرەوەکەی دەمەو بەیان.
مانگ شایە لە عەرشی شەودا
شوێنی کەوتون رەشە ئۆردوی ئەستێرە
لەو نمایشەدا بزرن
ئەو باڵندانەی ڕێزەیەکیش بێت
بەسەر لقی خۆرەوە دەنگیان دلێرە
مانگ تاجی شەوە
بروسکەش شمشێرەکەی
ئەستێرەکان متومووری
کەوا شۆڕشەکەی
لەوەتەی مانگ ئەسپەشێیە
خوازیارن زینی هەوری لەسەر پشت بنێن
شۆڕە سوارەکانی ئەستێرە
گەر تاسەی مانگ نەکەم
ئەستێرەکان
نیشک نانێرن بەمیوانیم
کە خۆر ئەڵقەی مانگی کردە پەنجەی شەوەوە
من دەستم بۆ ماچ کرد، وەک برا بچوکێ
ئەستێرەکانیش شەکراوەکەیان خواردەوە
مانگ‌و ئەستێرەکان
خەویان لەچاوی خۆیان تۆراند
تاکۆتەڵو مەزاری خۆر کوێر نەبێتەوە.
کە زەمان بەردی مانگی فڕێدایە

گۆمی شەوەوە
پرژەکانی نوون بەئەستێرە
مانگ کتێبێکە
گشت شەوێک ئەستێرەکان دەیخوێننەوە.
مانگ شیعرە تەواونەبووەکەی شەو
ئەستێرەکان حەرفی رژاون
مانگ ریش سپیتیرن
حیکایەتخوانی گەردوونە
هەر کە دێتە گوتن – گشت
ئەستێرەی گەورەو وردە
گوێ قوڵاغی داستانەکانی دەبن.
گشت شەوێک لەگەڵ ئەستێرەکان
گوێ لە هەقایەتەکانی مانگ دەگرم
تامااڵەکەم پڕ ببێت لە بۆن بوخوردی خەیاڵو
خەونی ئاڵ ئاڵ.
شەو قوتابخانەیەکە
مانگ مامۆستاکەیەتی
ئەستێرەکانیش قوتابین
جیاوازی مانگو ئەستێرەکان لەوەدایە
ئەم ستران بێژەو
ئەوان کۆرسن
وەلێ هەردووکیان گەڕیدەو سەرکێشو قەلەندەرن
مانگ قسە دەکاو
گوێ ناگرێ
ئەستێرەکان گوێ دەگرنو
قسە ناکەن
ئەمەیە حیکمەتی کەڵەگایی؟
شەو جادوێکە بوو
مانگ پەیامەکەی نوسیوە
ئەستێرەکان بەخشیانەوە.

لەگۆڕەپانی گەردوندا.. مانگ تۆپێکە
شەو تێی هەڵدەدات
ڕۆژ لەماڵی خۆی دەیشارێتەوە
ئێمەو ئەستێرەکان لەوەتەی هەین
لەسەر سەکۆی وەسوەسیەکانمانەوە
بەچرکە ژمێرو
ڕۆژژمێرو
ساڵژمێرو
سەدە ژمێرەکان سەیر دەکەین
بەم دیمەنو یاری مێژووە مەوزوعیەیە دەگرین
یا ناشیانەو؛ یاریزانانە دەم پاندەکەینەوە
گەر مانگ پینەچی چاپوک نەبوایە
ئەستێرەکان لەبەر درکەزی شەوەزەنگ
سەفەریان بۆ نەدەکرا بەپێی پەتی.
مانگ مەمکی شەوە
ئەستێرەکان دڵۆپە شیرن
دەکرێن بەدەمی فەوزای بێدەنگیەوە.
ئەستێرەکان کڵۆ شەکر نەبن
شەو چایەکە ژەقنەموت.
تەنیا جارێک مانگ سەمایەکی لەگەڵ
شیعرێکی دڵسوتاوم بسازاندایە
لەو گۆڤەندەدا
ئەستێرەکان ناوێزەترین کۆڕاڵی عیشقو وەفایان دەچڕی.
مانگ تاتەشۆرە
ئەستێرەکان یەکەم شەهیدو ئەتککراوی وجودن
هەوریش چاوی سپی
ئەویش گۆڕستانێکی بێ سەرحەد.
شینو گریانی گوڵە پەژمردەبووەکانی شەو
ئەوەتان لە کەشکوڵی مانگدا
ئەستێرەکانیش تەنیا شاهیدێکن.

مانگ دڵی شەوە
ئەستێرەکان خانەن
شەو پێستی لەشین
ئەو ڕۆژەی مانگ یاخیبوو لە کەتەلۆکەکانی زەمین
ئەستێرەکان بوون بەیاساوڵ
کەدیلیان کرد لەجەنگی شەودا
ئەستێرەکان بوونە سەجانی
کە بەخاچی شەویشدا هەڵواسرا – مانگ؛
ئەمجارە ئەستێرەکان بوون بەڕاهیبەی
گەر مانگ خوێنی خۆی
نەبەخشیایە ئەستێرەکان
شەو وەجاخی کوێر دەبوو.
مانگ تاقە دڵدارێکی گەردونە
بۆیە پەنجە بلوورییەکانی ئەستێرە
بەسەر قژە ژاکاوو قەترانیەکەی شەودا دەهێنێ.
ڕۆژ کە بەچەپکێ تیشکەوە
دەچێت بۆ ژووانی عاشقە پێست ڕەشەکەی.. شەو؛
مانگ دەکەنە ژوانگە
بۆیە ماچەکانیان دەبنە ئەستێرە.
مانگ‌و ئەستێرەکان خێزانێکن
لە نیشتمانی شەودا
کەچی هەورو باڵندەکانی تر کرێچی‌و پەنابەرن.
تەنیا بەمردنی شەو
مانگ‌و ئەستێرەکان هەتیو دەکەون.
تەم‌و غوبارەکان
بەرچاوی مانگ‌و ئەستێرەکانیش بگرن
وەلێ ناتوانن
ببنە بەکر مەرگەوەڕۆ
درکی مەم‌و زین.
شەو تەپڵەکە

مانگ چگەرەکێش

هەور دوکەڵەو

ئەستێرەکان سوتون

گەر ئەستێرەکان لەمەملەکەتی شەودا

تەکیەو مەرقەدی مانگ بەپیرۆز نەگرن

ئەوا بۆ ئەبەد نەفرەت لێکراو دەبن.

شەو کارخانەیە

مانگ کارخانەچی

ئەستێرەکان سۆزانین

شەمشەمەکان دەڵاڵن

شەو کەژە

مانگ شارێکە لەسەر سەری

ئەستێرەکانیش گوندن لەکەمەریا

شەو کوانووە

مانگ کۆتەرەدار

ئەستێرەکان ژیلەمۆن

زەمەن کە سەرمای دەبێت

خۆی لەبەریان گەرم دەکاتەوە.

مریشکە رەشەی شەو – لە چێشتەنگاودا

یاساتێ هەور کەڵەشێرانە بەخۆ گیف کردنەوە

دەگەڕێتەوە

ئەویش لەگەڵ جوجەڵەکانی ئەستێرە

بەگارە گار دەچنەوە کولانەی مانگ.

گەر ئەستێرەکان

دان بەتاوانە شاراوەکانی مانگ دا بنێن

خەلاتی خۆشیان هەر سزا دەبێت.

(کیسە توتنەکەی داپیرەم)

و/ موکری

نەکرەم نایلیسلی

لەدایك بووی ساڵی ١٩٣٧

ئایلیسلی یەکێ لە نووسەرانی نەوەی نوێی ئازەربایجانی (سۆڤیەتی جارانە) کە لە دوا ساڵەکاندا، لە سەرلەبەری سۆڤیەتی جاراندا، ناوبانگ و شوهرەتی گەورەی وەدەست هێنابوو.. سێ داستانی (ئەفسانەکانی خاڵە مەدینە) ، (دەختی هەنار)، (ئینسانەکان و دەختەکان) سیانەیێکی تایبەتیان دروست کردووە، بوونە مایەی ئەو هەموو ناوبانگەی ناوەڕۆکی ئەم سێ داستانە و هەروەها چیرۆکی (کیسە توتنەکەی داپیرەم) باس لە دێهاتەکانی ئازەربایجانی سۆڤیەتی جاران دەکات، بەتایبەتی لە ساڵەکانی جەنگدا.. ئایلیسلی لە نووسینەکانیا باس لە سەختی ژیان و هەستی شاعیرانەی بابەتە تیژ و نەرمەکانی جیهان تێکوەردەدات، کاریگەری جوانی روحی لە کورت نووسی و پسپۆری لە دەرخستنی هەستە دەروونیەکانی ئینساندا دەردەکەوێ کا، بە چەند دێڕێ نایابترین تایبەتمەندیەکانی ئەم نوسەرە دەخاتەڕوو.

کاتێ کە توتنەکەی داپیرەم تەواودەبوو، هەمیشە تکای دەکرد کە من لە ماڵێ نەچمەدەرێ و دەیگوت:

(کوڕە گیانەکەم، لە تەنیشتی منداا دانیشە، تۆ بۆنی توتنت لێوەدێ، منیش گیرفانەکانم دەتەکاند، کراسەکەمم وەردەگێڕا، یەك زەڕە توتنی پێوە دیارنەبوو، ئەسڵەن هەستم بە بۆنی توتن نەدەکرد.. لە کوێ دەتوانرا توتن ببێ، یا بۆنی بێ، لەکاتێکدا من سەرلەبەری تەمەنم بۆ یەکجاریش سیگارێکم نەکێشاوە، بۆ داپیرەم وا بە گەرمیەوە دەمنوسێنێتە قەد سنگی خۆیەوە و دەیگوت. بۆنی سیگارم لێدێ؟

من بە هیچ شێوەیەك نەمدەتوانی لە مەبەستی حاڵی بم، دەگریام، هاوارم دەکرد، تکام لە داپیرەم دەکرد دەسبەردارم بێت، بە تووڕەبوونەوە هەوڵم دەدا، بۆ پیرێژنی بسەلمێنم کە هیچ بۆنێکم لێنایێت، هاوارم دەکرد (ئەمە تۆیت کە بۆنی توتنت لێوەدێ.. دەمت بۆنی توتنی لێوەدێ، سەرپۆشەکەت، سەرتاپات، بۆنی توتنیان لێوەدێ، نامەوێ لە تەنیشتی تۆدا دانیشم!)

داپیرەم دڵگیر نەدەبوو، بە ئەسپایی دەچووە کەنارەوە، ئاهی هەڵدەکێشا، چاوی دەبڕیە روخسارم، کاتێ کە هەستم دەکرد چاوی تێبڕیوم، نەمدەتوانی خوداری بکەم، لەژێر چاوەوە سەیرم دەکرد و دەمبینی، چەنێ لەپۆلاوازە و روخساری پڕ چرچ و لۆچە.. توتنەکەشی تەواو بووە ! بەشێوەیەك دڵم پێی دەسوتا، وەعدم دەدا کە شەو حەتمەن لە باوەشیدا بخەوم.. داپیرەم سەرلەنوێ لە ئامێزی دەگرتم دەمیگوشیە قەدسنگی خۆیەوە، دەگریا و دەیگوت، کە من شێوەم گەلێ بە باوکم دەچێ، هەروەکو سێویکین کرابینە دوو کەرتەوە.. ئەو کە دەگریا هەمیشە ئەم قسەیەی دەکرد..

کاتێ داپیرەم لەنێوان گریەو زاریەکاندا، بە منی دەگوت، منیش بگریم رەنگە باوکم دەنگی گریانەکەی من ببیستێ..

پاش ئەمە لە گریان تێرەبوو، لەپڕ بیرەنگ دەبوو، سەرزەنشتی خۆی دەکرد (ئەی پیرەکەمتیار ئەمە چ گریە و زاریەکە .. تەنها جەرگی ئەم منالّە دەسووتێنی!)

بە پەلە فرمێسکەکانی خۆی دەسڕیەوە، بە هەموو توانایێکی خۆیەوە هەوڵی دەدا پێبکەنێ، گەلێ دڵی دەیخواست منیش شاد و کەیفخۆش بم، داوای لێدەکردم و دەیگوت (پێبکەنە، کوڕە گیانەکەم پێبکەنە! لێگەڕێ بەلای کەمەوە روحی باوکت شاد بێت!)

جارجار خۆمم دەدواند (تێدەگات، مومکین نیە من بۆنی توتنم لێوە بێت، دەزانێ من توتنەکانی ئەو لانادەم، وەکو سیگاریش نایانپێچمەوە، ئیدی چی لە من دەوێ؟ بۆ هەرکاتێ توتنەکەی تەواوبێ نایەڵێ یەک هەنگاو لێیەوە دوورکەوم، روخساری دەنووساندە قەد روخسارم، سوورەبوو لەسەر ئەوەی کە من بۆنی توتنم لێوە دێ؟!

توتن، بۆ داپیرەم، هەمو شتێ بوو، هەرکاتێ کە توتن لە کیسەکەیدا لە کەمیدەدا، ئیدی رۆژە سەخت و دژوارەکان دەستی پێدەکرد، دایکم لەم رۆژانەدا، رەنگپەڕیوتر لە رۆژانی ئاسایی دەکەوتە روو، هەوڵی دەدا کەمتر لە ماڵەوە بمێنێ، پاش قاوڵەتی دەفرەکانی دەشوشت فەورەن لەماڵەوە دەچووە دەرێ و دەڕۆیشت، زۆر جاریش بە تووڕەبوونەوە پێی دەگوتم: (دیسانەوە توتنەکە لە کەمی دا!) گوایە گوناهی منە کە داپیرەم توتنی نییە بیکێشێ.

من بەچاکی دەمزانی: کە کیسە توتنەکەی داپیرەم، لە باوکمەوە بۆی بەجێماوە

سەرەڕای ئەمەیش دەمزانی کە داپیرەم پێشتر هیچ کاتێ سیگاری نەکێشاوە، تەنها پاش چونی بابم بۆ جەبهە فێرە سیگارکێشان بووە، داپیرەم گەلێجاردەیگوت. کە باوکم چاوی ئەوەی نەبوو ژنە سیگارکێشەکان ببینێ، هەرکە باوکم بگەڕێتەوە، ئەو حەتمەن سیگار تەرک دەکات، داپیرەم واقعەن دەیویست ئەم عادەتە تەرک کات، بەڵام نەیدەتوانی، ئەگەر چی باوکمی خۆشدەویست، ناویان هێنابا دەگریا..

لەم رووانەوە چاوانی دایکیشم پڕدەبوون لە فرمێسک، پوریشم دەستی بە گریان دەکرد، تەنانەت مامە (قاراش) م بە ئاسپایی فرمێسکەکانی دەسڕی، نەمدەزانی بۆ تەنها من نەمدەتوانی بگرییم..

گەلێ حەزم دەکرد بگریم، وەک داپیرەم لە ناخی دڵەوە گریە و زاری بکەم! بەڵام بە هیچ شێوەیەک گریانم نەدەهات، داپیرەم تەنها هەناسەی ساردی هەڵدەکێشا و بە گۆشەی لەچکەکەی چاوانی خۆی دەسڕییەوە بەڵام دایکم بۆی روون دەکردمەوە کە کاتێ منالّی شیرەخۆرە بووم هەند گریاوم ئیدی فرمێسک لە چاوانمدا نەماون.

ئەڵبەتە ئومێدەواربووم، کاتێ گەورەبم باوکم ئەوەندە خۆشبوێ هەرکاتێ ناوی بهێنن وەکو خەڵکە ئاساییەکە بگرییم گەرویشم پڕبێ لە گریان..

بەڵام کات دەگوزەری، کیسە توتنەکەی داپیرەم، گاە پڕدەبوو و گاە خاڵی، بە دیوارەکەوە ئاوێزان بوو، داپیرەشم رۆژ بە رۆژ کۆمتر دەبووەوە، موەکانی دایکیشم. زیاتر سپیتر دەبوونەوە، بەڵام دیسانەوە من نەمدەتوانی بگرییم.

لە رۆژی ئارامی هاویندا، هەتاو تازە ئاوا ببوو، سەماوەر لەژێر کەپرەکەدا گیزەی دەهات، داپیرەم مرد.. خەڵکێکی زۆر بۆ کفن و دفنی ئامادەببوون، بەڵام هیچ کەس نەدەگریا، هەموو دەیانگوت

- (پیرێژن بەرەو جیهانی جاوید چوو، خوا لێی خۆش بێ)

هەروەها دەیانگوت، کاتی مردنی نەبوو، پێش وەخت مرد، پزیشکیش بە تەواوی دەستنیشانی هۆی مردنەکەی کردبوو کە توتن پیرەژنی کوشتووە پاش ئەوەی بە خاکیان سپارد، دایکم قەرەوێڵەکەی خستە پشتی سنووقەکەوە، ئاهێکی کێشاو گوتی:

- (بیچارەبوو، توتن کوشتی)

لەراستیدا. جگە لە من هیچکەس نەیدەزانی بۆ داپیرەم مرد؟! خەم و خەفەت ئەوی کوشت! هۆی سیگار کێشانیشی هەر خەم و خەفەت بوو! ئەگەر باوکم بگەڕاباوە، داپیرەم ئەم توتنە نەعلەتییەی تەرک دەکرد چونکە گەلێ دەترسا، کە رۆژێ لە رۆژان باوکم بگەڕێتەوە، ببینێ دایکی سیگار دەکێشێ، گەلێ تورەدەبوو، ناشێ بگوترێ کە داپیرەم لە باوکم دەترسێ – دایك لە کوڕی خۆی ناترسێ – تەنها لەبەرئەوەی کاتەکانی باوکم تاڵ نەکات، ترس دایدەگرت.

رۆژی بەرلە مردنی داپیرەم بانگی کردم، بە دزی دایکمەوە پێی گوتم، پاش مەرگی یەکسەر بچم بۆ بازاڕ توتن بکڕم و کیسە توتنەکەی پڕکەم و گوتی:

- (دروست تا پەتی کیسەکە پڕی دەکەی! تێگەیشتی؟ لە تاقەکەدا بەو بزمارەش هەڵیدەواسی)

نیشانی دام لە کام تاق بە کام بزمارەوە ئاوێزانی کەم،. چەند جارێ نیشانیدام، نەء داپیرەم توتن نەیکوشت.

دەرگا دەکرێتەوە، باوکم دێتەژوورێ، دەمەوێ بەرەو پیری بچم، باوەشی پیاکەم، سەرم بخەمە سەر سینگی و بگریم، بەڵام نە دەتوانم هەڵسم و نە بەرەو پیری بچم، وەکو ئەوەی کەسێ منی بە تونەی گرتبێ..

لەپڕ کیسە توتنە خاڵیەکە دەهێنمەوە یادی خۆم، دەبێ بەپەلە هەڵسم کیسە توتنە لە بزمارەکە بکەمەوە و بیشارمەوە، بەڵام ناتوانم هەڵسم، دەبێ چ بکەم؟!

باوکم لەسەرەخۆ بەرەو لای من دێت، دەچەمێتەوە، ورخسارە پڕ مووەکەی کە لەمێژە نەیتاشیوە، دەبینم، باوکم بە لێوە ئەستوور و گەرمەکانی ناوچەوانم ماچ دەکات، متیش دەست دەخەمە ملیەوە، بە رووتی بۆنی توتن دەگەنە لوتم چەند جارێ سمێڵە زبر و رەشەکەی ماچ دەکەم.

ئێستا باوکم بەرەو جانتا سورەکە دەچێ، دەیکاتەوە، چاکەت و پانتۆڵێ کە بۆمنی هێناوە، دەریدەهێنێ، منیش چاکەت و پانتۆڵە نوێیەکە لەبەردەکەم. بۆچی لە کۆڵان و شەقامدا راناکەم، بۆ هاوار ناکەم (باوکم هاتەوە.. باوکی من هاتەوە.. ئیدی من هەتیو نیم!)

دڵم دەیەوێ پاڵێ بە باوکمەوە بنێم، دەستە بەهێزەکانی وەلاخەم، چاکەت و پانتۆڵەکە بپۆشم، بە کۆڵان و شەقامەکاندا رابکەم، رێ لە هەمو رێبوارێ بگرم و بڵێم و بڵێم! هەموو دنیا دەبێ بزانن کە ئێستا من باوکم هەیە! دڵم دەیەوێ جارپدەم (ئەی خەڵکینە بزانن باوکم هاتەوە! من باوکم هەیە، بۆچی لەمەڕ ئەو لە من ناپرسن! بۆ ناتانەوێ دەربارەی بابم قسان بکەن! ئاخر باوکی من هاتووەتەوە، گەڕاوەتەوە! لە ماڵێدایە!)

بەڵام ئیدی من ناتوانم هیچ کارێ بکەم، نە دەتوانم لەنێوانی بازووەکانی باوکم بێمە دەرێ، نە چاکەت و پانتۆڵەکە بپۆشم، نە بە هاوارەوە لە کۆڵان و شەقامەکاندا رابکەم. لەخەو رابووم.. باوکم لێوەکانی خۆی نابووە سەر ناوچەوانم لەخەو بێداری کردم، چاوەکانم دەکەمەوە، دایکم دەبینم.

خەونەکەم ئەوەندە روون بوو، ئەگەر بۆ یەکەمجار ئەم خەونەم دیبا حەتمەن دەترسام.. ئەی کوا باوکم؟ بەڵام چەند جارێ ئەم خەونەم بینیوە و خووم پێوەگرتووە.. ئەم سمێڵە زبرە کە بۆنی توتنی لێوەدێ، ئەم چاکەت و پانتۆڵە نوێیە جوانە، ئەم قەڵەمە، کە دەسکەوتی جەنگە.. هەموو ئەمانەم ئەوندە بینیبوو، لە خەونیشا دەمزانی ئەمە خەونە..

لەخەو هەڵسام، یەکسەر قسەکانی دوێنێشەوی دایکمم هێنایەوە یاد، دەبوو بچم بۆ مەرکەزی پارێزگا، بزانم بۆ موچەی خانەنشینیەکەی ئێمەیان تا ئێستا نەناردووە. دەبا بچمە بەردەمی خاڵە (قیجی) کاڵوەکەم لەسەر لابەم، بەئەدەبەوە سەلام بکەم. ئەگەر خاڵە (قیجی) روخسەتی چوونەژوورەوەم بدات، دەبێ بەئەدەبەوە تەنها ئەوەندە بڵێم.

- (ئەم مانگە موچەی تەقاعودیەکەمان، هەندێ دواکەوتووە، ئەگەر نابێتە مایەی ئەزیەت بۆ ئێوە (دەبێ حەتمەن بگوترێ: ئەگەر نابێتە مایەی

زەحمەت بۆ ئێوە، مومکینە لێپرسییەوە بۆ.. دایکم نەخۆش... ناتوانێ بێت رەنگە ئێستا پارە نەبێت؟ ئەگەر وایە، نارەحەت مەبن، هەرچۆنێ بێت دەیگوزەرێنین).

خاڵە (قیجی) دەفتەری حیساباتەکەی دەکاتەوە، یەکسەر مەعلومم دەبێ لەمێژە پارەیان نەناردووە، بەڵام دیسانەوە (زەریفە) تەبلیغەکەی گوم کردووە، خاڵە (قیجی) بەرەو لای (زەریفە)م دەنێرێ (زەریفە) تەبلیغەکە دەدۆزێتەوە، بەرەولای خاڵە (سەلیم)م دەنێرێ، من ئیمزا دەکەم، خاڵە سەلیم پارەی تەقاعودیەکەمان دەداتێ..

پاش وەرگرتنی پارەکە دەبێ حەتمەن بچمە کۆگا کیلوونیوێك شەکر و دوو کیسە چای بکڕم.. پاشان بچم بۆ بازاڕ، یەك کیلۆ نۆك و چارەکە کیلۆیەك گۆشت بکڕم..

دەست و چاوم بە دیقەتێکی تایبەتیەوە شۆرد، هێشتا هەتاو هەڵنەهاتبوو، ژوورەکە هەندێ تاریك بوو، سەماوەری سەر مێزەکە جۆشی دەدا، دایکم گەلێ بە تورەیی دەکەوتە ڕوو، لەبەرئەوە ناچاربووە بەم بەرەبەیانە لەخەوم هەڵسێنێ..

دایکم، چوار هێلکەی خستە ناو سەماوەرەکە.. دوانی دامێ تا بیانخۆم دوانەکەی دیشی لە دەستمالێکەوە پێچایەوە.. کاتێ دووەمین پیاڵە چایم خواردەوە، ئەوەی کە دوێنێ شەو گوتبووی، وشە بە وشە دووبارەی کردەوە:

- (کاتێ کە برسیبووی، نان بخۆ، کاتێ کە دەستمالەکە دەکەیتەوە، ئاگادارێبە خوێیەکە نەڕژێ، ئەگەر سەیارەیێك بەرەو شار دەڕۆیشت، تکا بکە لەگەڵ خۆیدا بتبات، لە بازاڕدا ئاو نەخۆیتەوە، ئەگەر بزانم خواردوەتەوە، ئەوا نەگەڕێیتەوە بۆ ماڵێ. ئەگەر تینووت بوو، بچۆ بۆ چایخانە، چای بخۆرەوە. ئەسڵەن باشترە چایش نەخۆیتەوە.. لەماڵێدا هەرچییەکت دەوێ بیخۆ.. لە شەکردانەکەدا تەنها یەك شەکر نەمابوو سێیەمین چایی بۆ تێکردم...

- کوڕەکە گیان ناوی خانەوادەیی تۆ چییە؟
- سەلیمۆف.
- سەلیمۆف؟ ئیدی پارەی تەقاعودی بەرتۆناکەوێ
- چۆن بەرم ناکەوێ؟
- گەلێ بە سادەیی بەرت ناکەوێو تۆ گەورەبوویت خۆت دەبێ کار بکەی و پارە پەیدابکەیت..

والسلام!

تەنگەنەفەس بووم، بەترسەوە سەیری خاڵە (قیجی) دەکەم، لە تەواوی سااڵنی بیباوکیم، تەنانەت یەکجاریش ئاوها دەسەوسان نەبووم، دەمویست هاواریکەم.

- (باوکە گیان، چۆن دەبێ شتی ئاوها ڕوبدات باوکەگیان!؟)

چۆن شتی ئاوها دەبێ؟ من گەورە بووم، بەڵام تا ئێستا کە دەبێ باوکم خۆشنەدەویست! یەکجار بۆئەو نەگریاوم؟ هیشتا کیسە توتنەکەی داپیرەم پڕنەکردووە، نەك لەبەرئەوەی پارەمان نەبووبێ، پاش مردنی داپیرەم، چەند جارێ پارەی تەقاعودیمان وەرگرتووە، من توتنم نەدەکڕی چونکە باوەڕم نەبوو کە باوکم بگەڕێتەوە.. نەك تەنها لە گەڕانەوەی باوکم بێئومێد ببووم، بەڵکو هێدی هێدی هەستم دەکرد کە ئەو هەرگیز لەم جیهانەدا وجودی نەبووە.

لە ڕێدا بەئاسپایی هەنگاوم دەنا، هیچ شتێکی بەردەمی خۆمم نەدەبینی، بەڵام نازانم پاشان بۆ گەڕامەوە بۆ شار، بەڕێوەدەڕۆیشتم تەنها بیرم لە یەك شت دەکردەوە، پارەکەی باوکم.

(پارەکەی باوکتیان ناردووە..) و (دەست لە پارەکەی باوکت بەردە) (پارەکەی باوکت تەوابوو..) (پارەکانی باوك!

چەندین ساڵ بەو پارانە دەژیاین.. بەو پارانە، نان، شەکر و توتنی داپیرە و شتی ترمان دەکڕی.. ئەم پارەیەیان بەناوی منەوە دەنارد، من بەم پارانە دەفتەرو کتێب و قەڵەم و مرەکەبم دەکڕی، دە ساڵ بە پارەی باوکم دەرسم خوێند بەڵام لە کۆتاییدا تێنەگەیشتم باوك دەکاتە چی.

بەڕێوەدەڕۆیشتم و بیرم دەکردەوە بیرم لەو شتە دەکردەوە، بەو شتەی هەرگیز بیرم لێنەکردبووەوە.. بیرم دەکردەوە، رەنگە هیچ شتێ ڕووینەدابێ، هەموو شتێ وەکو خۆی وابوو من هەموو

ئەو شتانەم لە خەوندا بینیوە. نە ئەمە خەون نییە، بەراستی ئیدی پارە نانێرن، بەڵام من بۆ دووبارە گەڕامەوە بۆ شار؟

وەستام، وەکو ئەوەی کە تازە لەخەو بێداربم، چاوەکانم هەڵگلۆفی خۆم لە بەرانبەری بینایەیێکی دوو نهۆمی ڕەنگ زەردا بینی، کە بە دیوارەکەیەوە ئەم تابلۆیە هەڵواسرابوو (ئیدارەی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی) ئەگەر (خاڵە قیجی) من ببینێ. چی پێبڵێم؟

لەوێوە تێپەڕیم؟

.. بەبێ پەیڕەوکردنی ئاداب و ڕسوم، سەلامم کرد، تەنانەت کڵاوەکەشم لەسەر لانەدا، بەبێ ڕیعایەتی تەشریفات چوومە نووسینگەی سەرۆکی کارخانە کە کاتێ چومە ژورەوە ترس دایگرتم سەرۆکی کارخانە کە بینی، خەجاڵەتی ڕووی تێکردووم، زەردەخەنەی هاتێ و پە میهرەبانییەوە گوتی

- وەرە ژورێ، ئەی گەنج-وەرە ژوورێ! فەرموو دانیشن!

دانیشتم

- چاکە، کوڕەکەگیان، بڵێ بزانم چ فەرمایشتێکت هەیە؟

بێدەنگ بووم، توانای ئەوەم نەبوو، یەك وشە قسان بکەم.

- دیارە بۆ کارکردن هاتوویت؟

هەستم بەوە دەکرد کە بە خۆم پشت ئەستورم، سەرنجی ئومێدەواریم بڕیە سەرۆکی کارخانەکە و گوتم:

- بەڵێ.. من.. مومکینە لە کارخانە کارێکم بدەیتێ؟

- بۆ مومکین نییە. ئەڵبەتە مومکینە، بۆ گەنجێکی ئاوها عاقڵ هەمیشە لە کارخانەدا کاری بۆ پەیدا دەبێ.. خەڵکی کوێی؟

- خەڵکی (سویودلی) م

- کوڕی کێی؟

- کوڕی (سەلیمە)م

سەرۆکی کارخانە بزەیێکی هاتێ و پاشان پێکەنی و گوتی:

- کوڕی سەلیمە ! پیاوێکی سەیری! چیت پێبڵێم!

قاقا دەستی بە پێکەنین کرد، کە بینی بەتەواوی پەشۆکاوم، سەری خۆی بۆ لای پەنجەرەکە وەرچەرخاند و بە بزەوە گوتی:

- کوڕەکە گیان، شەرم مەکە، من بە تۆ پێنەدەکەنیم، بەڵام لە ئایندەدا بزانە، کە لێت دەپرسن کوڕی کێیت، دەبێ ناوی باوکت بڵێی

بە زەحمەت توانیم بڵێم

- ناوی باوکم؟ تۆ کە باوکی من ناناسیت..

دیسانەوە، دەبوایێ ڕونیکەمەوە کە من هەتیوم.

- باوکم مردووە.. لە جەنگدا شەهید بوو..

سەرۆکی کارخانە بە دیقەتەوە سەرنجی دام، بزەی سەر لێوانی پەڕی وام لا دروست بوو کە دەیەوێ شتێکم پێبڵێ، بەڵام نەیگوت.. ئەوجا من بە دەنگێکی بەرز گوتم.

- من کوڕی نەجەفم

- کوڕی نەجەفی پزیشکیار[1]؟

- بەڵێ، دایکم دەیگوت، باوکم پزیشکیار بووە.

سەرۆکی کارخانە سیگارێکی داگیرسان، لە ژوورەکەیدا دەستی بە پیاسەکردن کرد پاشان هاتە نزیکی منەوە و گوتی:

- باوکت پیاوێکی چاك بوو.

من بێدەنگ بووم، نەمدەزانی چ بڵێم، ڕەنگە هی ئەوەبا هەڵسم و ڕێی خۆم بگرم و بڕۆم؟ بەڵام چۆن بە دەستی خاڵی بڕۆم؟ چ بە دایکم بڵێم؟

- لە کارخانەکەی ئێوەدا ناکرێ پێشەکی..

نەمتوانی ڕستەکە تەواوکەم، وەك ئەوەی سەرۆکی کارخانە قسەکانی نەبیستبێ.

- نابێ سەد ڕۆبڵ.. یارمەتیم بدەن، کاتێ کە موچەکەم دەدەنێ لێی داشکێنن..

سەرم لەم ڕووداریەی خۆم سوڕمابوو، بە ترسەوە سەیری سەرۆکی کارخانەکەم دەکرد

- ئیجازەم دەدەیتێ بڕۆم؟ سبەی دەتوانم بێم بۆ کارکردن؟

سەرۆکی کارخانە بە حاڵەتێکی پەریشانیەوە گوتی:

- وەرە.. وەرە.. دەتوانی

هەستام، بە ئاسپایی بەرەو دەرگا ڕێم گرتەبەر، پێم وابوو کە حەتمەن بانگم دەکات، هەرواش بوو، کیلۆنی

دەرگاکەم گرتبوولەپڕ سەرۆکی کارخانە بە دەنگی بەرز بانگی کردم و گوتی:

- کوڕەکە گیان بۆ کوێ دەچی؟ پێم وایە لەمەڕ پارەوە شتێکت گوت:

- یارمەتیم دەویست.. نزیکەی سەد رۆبڵ

یەقینم وابوو سەرۆکی کارخانە موحاسیب بانگ دەکات و فەرمانی پێدەدات سەد رۆبڵ یارمەتیم بۆ بنووسن، منیش بۆ وەرگرتنی ئەم پارەیە دەبێ موراجەعەی سەد کەس بکەم، بەڵام سەرۆکی کارخانە یەک ئەسکەناسی سەد رۆبڵی لە گیرفانی خۆی دەرهێنا، بەرەو لای منی درێژ کرد و گوتی:

- مانگی پێنج سەد رۆبڵ وەردەگری.

لە نیو سەعاتدا سەد رۆبڵەکەم خەرج کرد، ئیدی دەمتوانی بەرەو مااڵێ بڕۆم گەلی خۆشحاڵ بووم، فیکەم لێدەدا و هەڵبەز و دابەزم دەکرد و بیرم دەکردەوە (سەرۆکی کارخانە پیاوێکی چاکە! پێنج سەد رۆبڵ.. باوکیشم دەناسێ!)

هەرکە باوکمم کەوتەوە یاد، بێئیرادە هەنگاوەکانم سست بوونەوە ئاخر چۆن شتی وا دەبێ؟ سەرۆکی کارخانە باوکی من دەناسێ و رێزی بۆ هەیە، بەڵام من ئەسڵەن باوکی خۆم ناناسم.

نازانم چۆن گەیشتمەوە گوند، هەتاو لە ئاوابووندا بوو، منێگەلیان بەرەو دێ دەگەڕانەوە مانگاکان گوانیان پڕ شیربوون، دەیانبۆڕاند، لە کەناری گۆڕستانەوە دەڕۆیشتم، بۆ یەکەمین جاری تەمەنم، هەستم بە چکۆلەترین ترس نەدەکرد، تەنانەت لەسەر گۆڕەکەی داپیرەمدا هەندێ وەستام، وەک ئەوەی دەتوانم قسانیشی لەگەڵدا بکەم.

ئێستا دەچمە مااڵێ، دەرگا دەکەمەوە، بە ویقار و بی پەلەکردن، وەک پیاوێکی شیاو لە ژورەکەدا، هەنگاو هەڵدەهێنم، کیسەی گۆشتەکە لەسەر سنووقەکە دادەنێم، دایکم یەکسەر دەزانێ گۆشتەکە لە چارەگە کیلۆییێک زیاترە، توڕە دەبێ. جوانە هەموو شتێکی بە دوورودرێژی بۆ شەرح دەکەم، ئەوجا چ دەڵێ؟

بەڵام هەموو شتێ بەپێچەوانەوە بوو، دایکم لە کۆڵاندا بینی دیاربوو ماوەیێکی زۆر چاوەڕێی کردووم، بە میهرەبانییەوە پێشوازی لێنەکردم، بە جدییەوە پێی گوتم

- تا ئێستا لە کوێ بوویت؟

لە ژووڕەکەدا، چراکە داگیرسابوو، سەماوەرەکەیش جۆشی دەدا، ئەڵبەتە تا ئێستا چەند جارێ سەماوەرەکەی داگیرساندبوو.. چایی بۆ تێکردم، دروست وەک رۆژی ئیمتحان، دڵم لێی دەدا، بەبێ حەوسەڵەییەوە چاوەڕێی ئەوەبووم کەی دایکم سەیری کیسەکە دەکات..

لە ئاخریدا کیسەکەی هەڵگرت، رووی خۆم وەرچەرخاندبوو، هەوڵم دەدا تا پێم بکرێ، خۆم بێدەربەست نیشان دەم، ئێستا دەپرسێ، بۆچی گۆشتت زیادکرپیوە؟

بەڵام بە توڕەبوونەوە گوتی:

- خانە خراپ، ئەمە چییە؟ ئەم توتنەت لەکوێوە هێناوە؟

لەجێی خۆم راپەڕیم هەردوو دەستم چەسپاندە قەد کیسەکەوە تۆپکڵێکی ئەستوری توتن پۆشرابووە سەر شەکر و نۆک و گۆشتەکە..

دایکم سەرنجی دەدام، دووبارە پرسی

- ئەم توتنەت لەکوێوە هێناوە؟ کێ پێی داویت؟

من بێدەنگ بووم

ئیدی دایکم هیچی نەپرسی، بێدەنگ و ئارام بەرانبەر یەک دانیشتبووین، ئاوازێکی ئاسپاییش دەگەیشتە گوێ.. دایکم بێدەنگ و خامۆش، سەیری دەکردم منیش سەیری کیسە توتنە خاڵییەکەی داپیرەم دەکرد، کە لە تاقەکەدا بە بزمارێکەوە ئاوێزان بوو.

(۱) پزیشکیار: معاون طبي

سووتە مەڕۆ

محمد أمين أحمد

سلێمانی

((دایکم گریا..من ترسام! !دایکم گریا..من ترسام! !))

دایکم بەرەنسکی دا.. قوڵپی دەدا..هەنسکی بەرز دەبوەوە بەچاوەکانیا فرمێسک، بەخوڕ دەهاتە خوارێ.. خۆڕەی چاوی دایکم، خوڕەی ئاوە سپی[1].. هاژەی ژاژەکان، هۆنەی (با).. شڵپ وهوڕی پیادەکانی ناو چەمەکەو بەنووچا چوونی ئەسپەکانو دەنگی نالچەی هێسترو لێکەوتنی سمەکانیان، بە بەردە ئاسنینەکانی چەمی ئاوەسپی، پزیسکی دەدا.. چەخماخەی سمی ئەسپەکە ئەوەندەی تر، دڵی دەخورپاندم! ! کاتێ هەواڵەکەیان بەدایکم گەیاند، ئۆقرەی نەگرت؟! چاوی وەکو دوو مرواری، فرمێسک، ئەوەندە زاخاوی دابوون،گەش ببوون، دەبریسکانەوە.. هەرکە چاوی هەڵدەبڕی، نیگای بەتینی، دڵی باوکمی، دادەخورپاند.. باوکم زۆرخۆشی دەویست.. بەهیچ جۆرێك نەیدەهێشت، بە ماتەمی یا بەدڵ تەنگی بپیینێ، چونکە بە پارە نەیکڕی بوو.. ڕێزو حورمەتی زۆر لەلابوو.. کولمە ئاڵە بێتاوانەکانی، وەکو سێوە لاسووەی باغی ئێرەمی کورد، دەبریسکایەوە.. تڵەتڵی بوو[2].. بەدەم هەنسکەوە، مەمکە خەرمانە دراوەکەی دەرهێناو، تەپاندیە دەمی منداڵە شیرخۆرەکەیەوە.. ئێستا بوایە، حەکیم پێی دەگوت: ((نابێ شیری خەم و خەفەتدار و خەفەت بار، بدرێتە منداڵی کۆرپە وساوا.. چونکە دەبێتە هۆی ژانو ژۆر)) سی ساڵە ! نەخێر سەدان ساڵە، منداڵی ئێمە، بەخەمو خەفەت گۆش دەکرێن.. فرمێسك دەگرن.. ((خەیار چەمەر[3] بۆ سك ئێشەی منداڵ باشە !)).. کەوتە خۆ کۆکردنەوە. ئەوەی پێویست بوو، لەناو بوخچەیەکی دروست کراوی، دەستی خۆی بەستو لەگەڵ خۆی دا هەڵیگرت.. ئەسپە زینکراوەکەیان، لەحەوشە گەورەکەیاندا، بەزنجیرێکەوە، بەسترابوەوە.. دایکم گریا، فرمێسکی ڕشت.. من دڵم خورپا ! ترسام! ! نازانم بۆچ حەزم دەکرد، لەگەڵیا بگریم؟! منداڵ بووم، تێ نەدەگەیشتم، لەبەر چی دەگری؟! "حەمەلاك" پیاوێکی کارامەو جەربەزەو چاو نەترس بوو.. کەی برسی بوایە، یان خەرجیی پێ نەمابایە، بە شەو: بۆ دێ یەکی دوور ئێجگار دوور، ملی دەنا و دەچوو دووسێ کاوڕی دوگ شۆڕی دەهێنا.. ئەگەر مالآتەکە هی ئاغا نەبوایە، پەی پێ نەدەبرد ! ! ناویشی دەرکردبوو.. هەر بیان گوتایە ئەوا هات! زەلام خۆی لەبەری نەدەگرت ومیزە چورتکێی، پێ دەکەوت.. (بۆ نیگایەکی وێڵ و شەیدام، باڵی شیعرم هەڵوەریی) (بۆ نەو جوانانی ئەم خەڵکە، دڵو دەروونم دەرپەڕی..) دایکیشم بەدەم بالۆرەوە، شێوەی ئاوازی ئەو گۆرانیە، سۆزی دەکرد.. دەگریا.. فرمێسکی دەڕشت، بالۆرەی دەووت.. زەردەی دەمەو ئێوارە بوو.. دوونیا زاری دەکرد کاکی شۆفێر ریکۆردەکەی بادا، هەنە جارێك ئەو نیودێڕە شیعرە بە ئاسپایێکەوە دەخزایە گوێم.. بە ساتێك چل ساڵێتەی کرد.. گوتم: خودایە: ئەو شیعرە پڕسۆزە، ئاوازەکەی لەخۆی بەرزترە دەبێ ئەم ئاوازەم لەکوێ بیستبێ؟ خوم دایێ و بینم[4] خواردەوە. هانەوە

گوێم؛ هەسان ئاواز، وەکو لەناو ئەشکەوتێکی دوور ئێجگار دوورەوە دەنگی دەدایەوەو دەخزایە دەروونمەوە.. ئاوازی شیعری گەرمیانی فۆلکلۆری ئەو سەردەمەی خستەوە یادم، کە لەگەڵ دەنگیا، ئولفەتم گرتبوو، دڵم پێی نەرم دەبوو، جەستەم لەگەڵیا نە ئیئە دایدەگرت.. وورده شەپۆلی ئەو ئاوازە جەنائیزیە، نەرمو گەرمی ئەو شیعرە قەسەمیانە[5]، بۆنی مێخەك بۆنەکەی دایکمی بۆ دەهێنام.. هەناسە گەرمەکەی، لەو پۆژە زۆقمبارەدا، گەرمی دەکردمەوە.. چی پۆژێك بوو ئەو پۆژە؟!! پۆژانی ساڵی ١٩٨٨ بوو.. لام سەیر بوو، لاشەم خاو ببوەوە، گەرمیانی گڕ گرتووش، تەزوویەکی سۆفی گرانە، موچڕکێکی گەشکاوی، بە لەشم دا و بەجەستەی دا، تێدەپەڕی.. کاتێ خۆم داپێی و گوێم لە ئاوازی ئەو گۆرانیيە گرت؛ حەزم دەکرد، چەند جارێکی تر، گوێ لێ بگرم.. باڵۆرەکەی دایکم، بە تەواوی، لەگوێم دا، تا دەهات دەزرنگایەوە و هەر دەزرنگایەوە.. تاکو وێنەکان بە تەواوی، لەگەڵ ئەو شیعرەدا ڕوون بوونەوە.. ئای چەندم پێخۆش بوو! بەڵام دەنگی ئاینە مەل[6]، ئەو تەزووە خۆشانەی لێ زڕاندم.. هۆن هۆن فرمێسکی دایکم وترسی منداڵیم ودەنگی ئاینەمەڵو لوولە لووری چەقەڵۆ زریکەی سیسرکی ناو ژاژەکانو سیرپیکەی گیا ڕەشی بەهار، ئەوەندەی تر، دەبوە هەڵم و بەری دڵی دەگرتم! گیا ڕەشی بەهاری ئەو سەردەمە زۆر بوو.. وەکو ئێستا نەبوو، کە بە پەینیش نەڕوێتەوە؟! گەر ڕواشەوەئەوا لەباتی گوڵاڵە سوورە لەغم گۆپکەی دەکرد.. کە زەوی دەغولمیەوە، قاچو دەستو پەنجەی نەو جوانانی دەبرد.. ناو قەدو باڵای نەمامەکانی ئاڵ دەکرد.. ئاڵتر دەکردەوە.. گوڵاڵەش سوورتر هەڵدەگەڕا.. کەوتنە ڕێ.. ((شاڕێ)) یان گرتەبەر.. گەیشتنە تووله ڕێگایەکی باریك لایاندا.. دوا بەدوای یەك دەڕۆیشتن، بەسواریی، بەپیادەیی.. خۆشم لەپشت دایکمەوە، چ لەترساو چ بەزەیی هاتنم بەدایکمدا؛ بە تونگ پشتی دایکم گرتبوو. نەشم دەزانی بۆچیو لەبەرچی دەگری؟! لەبەرچی سۆزو باڵۆرە دەکا؟!

—(بەم شەوە بۆ کوێ دەڕۆن؟!)

زۆریشم حەز لەو دیمەنانەی شەو بوو.. باوکم هەردەم دەیگوت:

—((شەو قەڵای مەردانە. شەو لانەی زەخیرە خستنی قیامەتە..))

—((خۆزگە ئێستا خدری زیندە[7] پەیا ئەبوو، یا دەمانبینی!))

—((گەر دەرکەوتو بینیت، چی پێی دەڵێت؟!))

—((پێم دەگوت: خدر ئاوی حەیاتی بۆچی بوو، با، فێری ناهومێدییا؟!!

تووله ڕێگا و خوڕەی ئاوەسپی، ئولوتەپە[8]. چەمی باگەرمێ[9]. قەڵاگاورێ[10]. پامسپێشن[11]. شۆراو[12]. تەقتەق[13].. تاوێرکەوە[14].. شیراش تەپە[15].. تەپە قووت[16]..خەرابە[17]. قۆڕی چای[18]. پەڵکانە[19].. دەیان شوێنی تری گەرمیان وەکو: قوترجە[20]، مەلحەمە[21]، قوملیجە[22]..لەسەر زاری ڕێڕەوەکان بوو، ئەم ناوانە شوێن هەوار و جێگای شەخسن. پڕن لەکانو کانزا، تەنانەت، زێڕو ئەڵماسو گۆگردو مسو نەوتی ڕەشی نا پاڵەفتەشیان تیا دۆزیوەتەوە، سەرەڕای کانی خوێنو سەنگەری مەردایەتی، کەچی ئێمەش بەبێ شێو سەر دەنێینەوە!! ئەم قەڵاگاوریيە لەسەر لووتکەی شاخی باگەرمێ دروست کراوە، دەڕوانێتە سەر، چەمی ئاوە سپی، دیارە هەر شاخەکە داتاشراوە.. دەبێ ئەوە چی ئەندازیارێك بووبێ، کەنەخشەی دروستکردنی ئەو قەڵایەی کێشابێ؟! ئیدی کەس مێژووی ئەو قەڵایەی نەدەزانی! دەماو دەم ئەوەیان دەگێڕایەوە: گوایە لەدێر زەمانەوە، ئەو قەڵایە نیشتەجێی خەڵکی بارگەرمێی ئەو سەردەمە بوە —(وەکو ئێستا چۆن زوربەی ناوەکان گۆڕاونەوە، لەکاتی عوسمانیەکانیشدا، ناویان ناوە مەڵبەندی خوێیو خورماو شاتوو، ئاوەسپی— یش بۆتە ئاق صوو) چی سەردەمێك؟ کەس نازانێت!! بەڵام بە مەزنە، وەکو دەگێڕنەوە، حوکمڕانانی گەرمیانی باشووری کوردستان، لەشاخی

(هەمرین)[٢٣] ەوە هاوتەماس[٢٤] بوون، بەڵگەشیان ئەوەیە گوایە: بەختەتی بزماری کۆن، لەسەر بەردە لوقمی[٢٥]ئەستەمدا، لوقمە سوور کراوەکانیسان ماوەتەوە، وەختی خۆی(ئینلیس)[٢٦] ێك بەڕوپیەك لەکابرایەکی شوانکارەی کڕێیوەتەوە!!! لەدامێنی قەدپاڵەکەش دا، گۆمێکی ترسێنەری گێژ ئەدا.. ئەوەی ناشارەزا بوایە وەکو سێگۆشەکەی بەرمۆدا، لووڵی دەداو ئیتر کەس، نەیدەبینییەوە!! ئای دەیان شوانکارەو لاوی تیادا نوقم بوو؟! بەختەوەرەکان، تەرمەکانیان دەکەوتە کەناری چەمەکەوە. ئەوەشیان لەپاش چەند ڕۆژێك پاسەوانیی چەمەکانیان دەکردو دەپارانەوەو قوربانیان بڕیار دەدا!! ئەگینا لەناو قوڕە مچەکەی ژێرکەنەکەدا[٢٧] دەچەقیو لەناو بنکەنەکەیدا[٢٨]، دەبوە ئۆراکسی ماسی.. ماسی سووری گەورە گەورەی تیادا بوو.. جارێکیان ماسیەکیان گرتبوو، خستبوویانە سەر ئێستێکەوە، دەمو کلکی لەزەوی دەخشا.. تاڕۆنی حەیوانو مریشکی کوردیو یەنیرو کەرەو فرۆ هەبوایە، کێ ماسی دەخوارد؟ ئەم هەموو دیمەنانە، بەو شەوە، بە مێشکم دا تێپەڕین.ز بیری منداڵی تیژە! دایکم گریا، من ترسام! زۆر حەزم دەکرد ڕۆژ دەرکەوێ.. یەکێکیان قاو چەخماخێکی دەرهێنا، بە بەردە ئەستێکەی[٢٩]، سیغارەکەی داگیر ساندو کەوتە باس کردنی بەسەر هاتێکی خۆی:

-(ئا لەو قەلاێەدا..) گوێم بۆ شل کرد. حەزم کرد لەو تەمەنەدا، وەکو ئەو، چاو نەترس بم. قەلاێ ئاسنینەکان بپشکێنم..((ئا لەو قەلاێەدا.. کەسااڵیی جارێك، دەرگاکەی دەکرێتەوە، بەختەوەر ئەو کەسەیە، ڕێکەوتنی ئەو دەرگا کردنەوە دەکەوێت: پڕە لەخەزنە!! خەزنەکەی قاروونی تیادایە!! لیرەی زەرد. مرواری. خشڵ.. تاجی ئاڵتوونی زێڕ.. گۆبەرۆکو لەخمەو پاوانەو دەسەوانەو ملوانەکەی گۆبکە هەناری و جگە لە دوڕو گەوهەرو مرواریو زیوو خێوێکی زۆریش!! جیهانێکی سەیرو سەمەریتیادایە!! ژوور لەناو ژوور، قادرمە، سەکۆ، جێگای تەون کردن. قاپو قاچاخی لە گڵ دروست کراوی ئەو سەردەمە؛ بەاڵم دەبێ تەلسمی ئەو دەرگایانە بشکێنیو هیماکانی بکەیتەوە.. دیوارەکانی بەختەتی کۆن نووسراون. کێ لێی تێدەگا؟!))

دەستێکی بەسمێڵی خۆیا هیناو ئەمجا گوتی:

-((کاتێ لەپێچاڵی لایەکی ئەم قەلاێەدا دانیشتمو چوومە ناخا بینم خواردەوە سا بەڵکو بەکردنەوەی ئەو دەرگایە، بەختەوەر بم! لەناکاو دەوروبەرم بووبە گرمەو ناڵە نااڵو هەورە تریشقەیەك چاو چاو نەبنێ! خۆمم گرت.. چاوم نەکردەوە، چونکە پیان گوتووبووم: چاو نەکەیتەوە، نەش ترسی؟! لەترسەوە شت دەپەڕێتە سەر مرۆ وشێتو گۆج دەبێ!! کەوتمە سەاڵواتدان بەدیاری پاکی ڕۆحی نازدار پێغەمبەردا..)) دەنگەکان دوور دەکەوتنەوەو نزیك دبوونەوە.. ژێێەکان.. ئاوارەکان.. چەمەرانە دەهاتنە گوێی، بە، بەاڵشووغی[٣٠]؟! تێکەڵ دەبوونو جوێ دەبوونەوە.. لەوانە بوو چی ڕیشاڵی دڵو دەروونو مێشکی هەیە، ببنە گوڵۆڵەی دەستی پیرەژنێکی نوێژ نەکەر!! تووکی سەری، بژ وەستان. هەناسەیەکی داو، لەگەڵ دەنگی سمی ئەسپەکان دا، ورد ورد گەڕایەوە سەر باسەکەیو گوتی:

-((ئەژدیهایەك: سەری لەئاسمان وکلکی لەزەوی، وەکو گاڕان[٣١]، لە پێش چاومدا، ڕەپ وەستا. تیشکی چاوی خۆڵەمێشی بوو.. مەرگی لێوە دەباری.. زۆر سەیر بوو؛ بەزمانێکی پاراو، تێی خۆریم:

_((گەر لێرە دەرنەچیتو ئەم شوێنە بەجێ نەهێڵیت، دەتکەم بە خۆڵەمێش..)) خۆم نەچرچاند[٣٢] هەناسەم نەدا .. دەنگ نەما. هەموو شتێك کپ کڕ.. ناوچە کشو مات.. قەاڵ خامۆش بوو.. سروەی تیا نەما، دەنگی هەناسەکەی لەجەستەمدا دەتەقیەوە.. ئاوازی گۆرانی یەکەو باڵۆرەکەی دایکم، (بۆ نیگایەکی وێڵ وشەیدام، باڵی شیعرم هەڵوەری)و تەی کردنی ساتەکانی چل ساڵ

لەمەوە بەرم، ئەژدەها کەکەی ئەو (لالەیە)؛ خستمیە بیرکردنەوەیەکی قوولترەوە.. دووبارە پووداوەکانم بەیەکەوە گرێ دا: ئاخۆ ئەو دیمەنانە لەکوێ بینیومن؟! تۆبڵێیت: خەون بووبن؟!)) (ئاڤان)و(خەندە) گوتیان:

–بابە! تەلەفزیۆنی سەردەمی ئێوە چی پیشان ئەدان؟!

–چی دی سەردەمی ئێمە، تەلەفزیۆنی نەبوو. پاپیران چیرۆکی تاقی کردنەوەکانی خۆیانیان، بۆ دەگێڕاینەوە.. پڕ بوو لە مەردایەتی، ئازایەتی، دڵ پاکی داوێن پاکی، دراوسێتی. هاتن بەهەنای یەکترەوە.. تەنانەت فێریان دەکردین کەچۆن شووشە شکاو لە ڕێگای خەڵکی دا لابەرین، نەک وەکو ئێستا، بزمار دەخرێتە ژێر تایەی ماشینی خەڵکەوە.. هەر کردەوەو قسەیەکیان پەندێك بوو.. لەگەڵ هاژەی ژاژو دەنگی سمی ئەسپو نەرمە کۆکەی (لالە) و نەبچراندنی باسەکەی:

–((خۆشم نازانم چۆن خۆم ڕاگرت؟! لەپێش چاوم ون نەبوو. تووکی سەری بژ ببوو، ببوە حوشترلۆك[٣٤]. کونار[٣٥]. سەرە شەکرۆك[٣٦].. کەتێی خوێم هەناسەکەی ئاگر بوو، پێی گوتم:

–[من (فۆ) مم، باوکی(گریسۆ)، پێم شەرمە بتسووتێنم، بەڵام (گریسۆ) وت، بۆ دەنێرم..!]. لەبەرچاوم ون بوو جەستەی گیانم تێك شکا.. مێشکم شڵەقا قاچم ببووە هەپك[٣٧]. ئەژنۆم، ببوە گوڵەنك[٣٨]. زرانیم[٣٩] لەرزی. چاوم لێڵ بوو.. لەپڕێکا دەنگێك لەناخما بروسکایەوە، وەکو یەکێك تلی دەیتەوە. تلامە خواری.. ئێستاش نەمزانی چی هێزێك بوو پاڵی پێوەنام!!))

پاڕانەوە و باوەڕ قایمیو سەلاواتت بەدیاری ڕۆحی پێغەمبەر نازداردا ڕزگاری کردووی..))

–((دایکم مەگری، خوشکم مەگری.. ئێستا کێ دەڵێ: براکەت تیا چووە؟! یا دەستگیر کراوە؟!)) دایکم بەدەم هەنسکەوە گوتی:

–((دڵم خەبەری پێ داوم.. بەخوا، نەماون!!))

–((ئای ڕۆ، وەخۆم ڕۆ، سامانو گۆڕانو لاوکو کرمانجو ستراندو سۆرانو بۆتانم ڕۆ..))

ئێستا کێ، کەبیر لە دڵ دەکەمەوە، دەزانم چی کۆمپیوتەرێکی خواییە، بە چرکە وەستانی نیە. پەنجا سالْ سەد سالْ! نۆسەدو پەنجا سالْ وەکو دڵەکەی حەزرەتی نووح.. لێدەداو هەر لێدەدا.. بەبێ وەستان! بەبێ ووچان!! ڕاستە دلْ پەیوەندی بەشانەی مێشکەوە هەیە؛ بۆیە دادە خورپێ!! خەبەری چاکو خراب، لەیەك جیا دەکاتەوە:. جاری واش هەیە، هەستی شەشەم، پێش ڕوو داو دەکەوێ.. دوا بەدوای یەکدا، بە ناو چەمی ئاوەسپیدا، ڕۆشتنو کەوتنە بڕینی چەمەکە.. دەشترسان، لەپڕێکا، یا لەناکاودا لافاو هەڵبکا.. وەرز وەرزی بەهار بوو.. کاتی تواننەوەی بەفری کوێستان بوو. جاری وا بوە، کە لافاو هەڵدەستا، ئەم بەرو ئەو بەری چەمەکە، لیرفەی دەهات. چەندان خانووی دەڕوخاند. بەرووبوومی ڕادەمالّی..خانوەکانی گەرمیان، بریتی بوون لە قوڕو خشتی گڵینە، لەوەتی گەرمیان هەیە، هەر لەناو زنجو خانووی قوڕ زیاتر نەژیاون.. بەردالأنی مەڕمەڕیو تەلاری چەند نوهۆمیان نەبوە، بۆ کێ دروست کەن؟ بۆ شالاو و ڕوخاندن؟! بەڕۆژ، پیرو جوان، بۆ کۆکردنەوەی کۆترەدارو چیلکە، دەر دەچوون ئەو سەردەمە، لە گەرمیان دا، هەر کۆترەدار هەبوو، ئاگر دانو مەقەڵی لەگڵ دروست کراو، یا، لە تەنەکە دروست کراوی دەستی وەستا (عەمین) ی خوا لێخۆش بوو، دێکەی گەرم دەکردەوە. ئەم گەرماوانەی ئێستا کەهەن، لەو سەردەمەدا نەبوون.. کەسیش سەرما بردەڵە نەبوو؟! کوا هەڵمی دار گوێزو دار بەڕوو، تاکو بەیانی، پیاو ئارەقی دەردەدا؟! ئەوەی بێ کەس بوایە، مالۆچکەیان بۆ دەکرد. دایکم لای کردەوە، بەئافرەتەکەی تەنیشتی گوت:

–((لەگەڵ کێژانی ئاواییەکەماندا، ئەهاتین، بۆ تەقتەقو ڕاستی تەپە قووت. کنگرو هەپەڵۆکو پیشۆك–مان دەکرد.. بەدوای قارچکو کارەکدا، دەگەڕاین. ئەو پانتاییەی تەپە قووتە، بە فەرشی نیرگزو شەوالّ سوورە[٤٠] و گوڵە چاو چۆلەکە، ڕاخرابوو.. چی پەنجەیەك بووبێ کە ئەو نەخشو نیگارەی نەخشاندبێ! کاتێ چەمی ئاوەسپی، تووڕە دەبوو، لافاو هەڵدەستا، دەکەوتینە کۆکردنەوەی ئاو مالّك[٤١] و کۆترەدار.. هەریەکە بەقەد بالأی خۆمان،

ئاومالّکمان کۆ دەکردەوە..)) بەدەم قسەکردن و پرمەی ئەسپو دەنگی نالّچەی بەر چەوو زیخو کوچك کەوتووی؛ هەلّکردنی چەرخی دەستی (لاله) و هاژەی ژاژو ووژەی (با)و خوڕەی چەمەکەو ڕێگای تەقتەقو تێکڕا، تێکەلّ دەبوون.. گەیشتنە چەمەکە.. تووله ڕێگایەکی دوور و درێژو باریکتریان، دایە ژێر پێ.. ئەم بەرو ئەو بەری گردوتەپلۆزك بوو.. شاخی بچووك بچووكو تاشە بەردو (گا) [٤٢] بەرد، بەردە تیژ[٤٣] و سنگ دار[٤٤] بوو.. هەلّیان کێشایە بان. لەپڕێکا پۆلێك سوێسکە هەلّفڕی.. دەنگی بالّیان شەقەیان وەکو شاوری دەستی حەسحەس، دلاّنی دادە خورپاند.. ئای چەندم حەز لەشەقەی بالّیسوێسکەو ڕاپەڕینی(وەلّەو)[٤٥] دەکرد!! ئای چەندم حەز لەو هەلّۆیانە دەکرد، ئەوەندەش ڕقم لە بەرازو یەکانە[٤٦] و مالّوس[٤٧] و کەمتیارو سەگسار[٤٨] و گورگو گورگاز[٤٩] و گۆڕکەندە[٥٠] بوو؟! چەندێ حەزم لەسینگی سوێسکە و کەو دەکرد سنگی سوێسکە تورتو بەلەزەت بوو.. ڕۆڕیش حەزم دەکرد سوێسکە بەخێو بکەم؟ داخەکەم! سوێسکە سرکەو مالّی نابێت.. کەچی کەو مالّی دەبێت.. سوێسکە لەناو قەفەزدا، دەپڕووکێ، سست دەبێ، پەڕوبالّ هەلّدەوەڕێنێ؟! کەوتنە تەختایی شیراش تەپە. لەوێشەوە بەناو شوێن هەوارو ئاسەوارە دێڕینەکاندا ڕۆشتن.. ملەیەکی تریان بڕی. وردە وردە، دێی قەلاّو چراکانی دەتروکانو دەردەکەوتنو نوقم دەبوونەوە.. سیبەرەکان دەجمان.. دایکم هەر فرمێسکی دەڕشت. گاو خانێك مابوو، دابەزی. من ومنالّە شیر خۆرەکەی برامی دایە دەست (خەجە) ناوێکەوە.. بەخۆ کوشتن، خۆی گەیاندە کۆڕی شیوەنەکە.. گەرمیان لەبەستنی کۆڕی شیوەندا کارامەن!! !ناوچەیەك خاوەن سێ هەزار سالّ، پڕ سامانو شارستانیەتی لەژێر سمی ڕەشە ولاّخی بێگانەدا، بتلیسێتەوە، چۆن لەناو خەمو ئیشو ئازاردا قالّ نابێت! بەشیان ئاوارەییو دەربەدەریو زینده بەچالّ کردنو چوارمێخە کێشراو، ئەدی چۆن لەناو خەمدا قالّ نابن!!! ئێستاش میمك [٥١] و پوور و پووزاو خزمو قەومو خوێش، لەپشت جەوەلّەکەوە[٥٢] سڕو سوقانی بێ تاوانان کۆدەکەنەوە.. کۆکردنەوەی کۆترە دارو ئیسقان، کۆکردنەوەی ئاو مالّك وتەرم.. بەشێوەی بازنەیی، ژنان وردو درشت کۆڕیان گرتبوو، ئافرەتێك، لەچەقی کۆڕەکەدا، سەر شیوەن دادەر، شیعری میللی گەرمیانی دەوت: بەغەریبیان.. بە بێکەسیا.. بەزاواو بووکی ئۆخەی نەکردووا، شیعری بەسەریاندا هەلّدەدا بەهرەی شیعری بەسەریانا دائەباراند.. ئیستاکێ زۆر لەلام سەیرە چۆن ئەو ژنە، ئەو هەموو شیعرەی لەبەر بوو؟ دەیان گوت: (گوایە لەخەویا بەشی دراوە..)) بیرم لێ کردەوە. بەشی چی؟ چۆن بەشی دەدرێتێ؟ گوێم لێ بوو گوتیان:

—((لە خەوا یەك مشت کونجیان داوەتی؟)) لام سەیرە! کەچی ئێستا بۆم دەرکەوت؛ کاتێ کڕیی ئەو ووتەیەم هەلّگرد، دەبینم مەبەستیان لەبەهرەیی شیعرییە.. شیعر بەهرەیە.. بەبێ ووچان کۆڕی گەرم دەکرد. بەو شەوە سینگ کوتان بوو.. دایکم گریا.. من ترسام!گەر دایکم بمرێ من چبکەم؟!

—خوا گەورەیە.. ئومێد براونیم. چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەم کە خۆر لەدەم کەلی قاجرەوە[٥٣] هەلّدێ..

هەر لەو ڕۆژەشەوە، ئاوی سپی بەچاوە گەشەکانیا، زا.. ئیتر بەیەك جاری تەرکی خەنەو سمەلّو سۆتکەو مێخەكو ئارایشتی کرد..کل‌وکلدانەکەیو میسکە[٥٤] ئاسکینێکەی خستە ناو قوتوویەکی زیوینەوەو خستنیەوە ناو باولّە کلّوم دراوەکەیەوە. بەسەر خەمەکانیا دەتلایەوە.. ئەرشیفێکی هەشتا سالّەی پێبوو، وەکو ئەرشیفی ڕەجالّو داماوەکانی کورد. هەنە جارێك، ڕووداوێکی بۆ دەگێڕاینەوە. لە باسی داماوی کوردو زەبرو زەنگی تورکو عەرەبو عەجەمو ئینگلیزو ڕووس، ئازایەتیو جوامێری ئاو باریکو بەردە قارەمانو ئاگری داغو مەهاباد زیاتر هیچی تری لەبیر نەمابوو! پەژارەکانی ببوونە کفن و دلّو دەروونی

پێچابوونەوە.. ژنان لەگەڵ ئاوازی ئەو شیعرە فۆلکلۆری یەی، کە بەڕێگای پاراوە[٥٥]، گەیشتبوە مە.، کەوتنەڕێ. لە پێش بەیاندا، تەرمەکانیان کۆکردەوە. پاچو خاکەنازو بێڵۆ قوڵنگو چراو فانۆسیان لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرت.. دار مەیتەکانیان، هەر لەئازاری ئەم گەرمیانە بۆیان داتاشراو بوو. لەپەڕەی سیغاری غەریبیدا، بە بەردی ئەستێی گەردوون، سوتان. گەرمیانی گڕگرتووش مەرگ لەناویاندا شەپۆل دەدا، کەچی هەر سوور بوون لەسەر گەڕانەوە و ئاوەدان کردنەوەی شارو شارۆچکەو دیهاتە تەپوەکانیان..

تێبینی/ وەکو ئامانەتێك دەڵێم: لە١٩٩٠/٣/٣ نووسیمەتەوە، وەلە ١٩٩٣/٨/١٦ بە ئازادی لەدایك بووە.. بۆ چەند گۆڤارو ڕۆژنامەی کوردستانم ناردووە بەڵام بەداخەوە ڕۆشنایی بەخۆیەوە نەدی.

فەرهەنگۆك

١. ئاوەسپی: ڕوبارێکە لەناو جەرگەی گەرمیانەوە هەڵدەقوڵێ. عەرەب پێی ئەڵێن روباری عوزێم، تورکەکان ناویان ناوە اق صو

٢. تڵە نڵ: سوور هەڵگەڕاو، لەسوورێتی دا دەبریسکێتەوە.

٣. خەیار چەمەر: ڕوەکێکە بۆ ژانە سك بەکاردێت بەتایبەتی بۆ ساوا.

٤. بیین: تێ ڕامان.

٥. جەنائیزی: چەمەرانە..خەماوی

٦. قەسەمیانە: سوێند بوون.

٧. ئاینە مەل: تەیرێکە هەواڵی خاپوری پێ یە.

٨. خدری زیندە: ئەو ڕۆحە نەمرەیە لەناو کوردەواریدا باوە.

٩. ئولو تەپە: ئاسەوارێکە دەکەوێتە ڕۆژئاوای دووزەوە.

١٠. چەمی باگەرمی: لەمێژووی کۆندا بەئاوە سپی دەگوترا.

١١. قەڵاگاوری: قەڵایەکی گەورەیە، لەشاخۆچکەی دووزە هەر لەو شاخە داتاشراوە.

١٢. پامسپێشن: گۆماوێکی قوولە، شەریکەی ئای پی سی کاری تیادا دەکرد.

١٣. شۆراو: هەورازێکە دەچێ بۆ دیێ شۆراو ژاژڵانە..

١٤. تەق تەق: پانتاییەکە لەبەینی شۆراو و دێی قەڵادا.

١٥. شیراش تەپە: ئاسەوارێکی دێرینە.

١٦. تەپە قوت: ئاسەوارێکە لەشێوەی گرد دروست کراوە.

١٧. خەرابە: ناوی خۆی بەخۆیەوەیە.

١٨. قوڕی چای: چەمێکی ووشك و برنگە. کەلافاو هەڵدە ستا قوربانی بەردەکەوت.

١٩. پەلکانە: دەکەوێتە خواروی دووزەوە پڕە لەنەوت و خوێ و گۆگرد.

٢٠. قوترجە: گەڕاوێکە لەخواروی دوزەوە، بۆنەخۆشی گەڕو گوڵ و نەخۆشی پێست باشە.

٢١. مەلحەمە: شوێنێکی ئاسەوارە دەکەوێتە بەرامبەر ئەلبو سەباح، دووز، پڕە لەئەرواح.

٢٢. قوملیجە: ناوچەیەکی لماوی یە بەرامبەر ئەلبوسەباح، چەند پێشمەرگەیەك لەوێ شەهید کران.

٢٣. هەمرین: شاخی حمرین–ە ئەم ناوە ناوێکی کوردی کۆنی پەتیە واتە(هەمووریێیە)

٢٤. هاوتەماس: سنووری کوردستانی باشوور لەسنوری عیراق جیا دەکاتەوە بەپێی مێژوو.

٢٥. بەردەلوقم: خشتی سورکراوی تۆمار کراوی نوسین.

٢٦. ئینلیس: ئینگلیزێك / ئەونوسراوەی لەجوتیارێکی کورد کڕیبوو.

٢٧. ژێر کەن: ئەو چاڵانەی لەبنی بنەوەی ڕووبارەکەدان.

٢٨. بنکەن: ئەو چاڵە سەرکوڵمدراوەن لەژێر ڕووبارەوە.

٢٩. بەردی ئەستێ: قاو چەخماخ– ٥، ئاگریان پێدەکردەوە.

٣٠. بلاّ شووغ: تێکەڵو پێکەڵ

٣١. گاڕان: داری گەورەو ئەستوور

٣٢. خۆڵەمێشی: سومبڵی مەرگە (فسفۆرپە)

٣٣. چرچاندن: تەزووی ترس/ ڕاچەڵەکاندنی دڵ نەك خورپاندن.

٣٤. حوشترلۆك: درێكێكە لە كونسار دەچی تیژپسەرە، خۆراكی حوشترە.

٣٥. كونار: ڕووەكێكی درك تیژە..

٣٦. شەكرۆك: درەختێكە گوڵەكەی هەموو درێكە

() فۆ: ناوی ئەو ئەژدیهایەیە، كەهەناسەكەی ئاگرە. گڕە. بڵێسەی ژەهرە

() گریسۆ: بیچووەكەیەتی، لەژەهر پەخش كردنەوە زیاتر چاكە نازانێ..

٣٧- هەپك: وەكو پەتك: شل و شاو دەبێ.

٣٨- گوڵنك: لەبەن. یا لەدەزوو، یا لەئاوریشم دروست دەكرێ.

٣٩- زرانیم: ئەژنۆم.

٤٠- شەوالّ سورە: گوڵێكی سوورە ڕەگەكەی وەكو پیاز تونێكڵ بەسەر تونێكڵەوەیە، زۆر شیرینە(گەرمیانی)

٤١- ئاو مالك: ئەو دارو دەوەنەیە كەلافاو لەگەلّ خۆیدا دەهێنێت..

٤٢-گابەرد: تاشە بەردی زۆر گەورە.

٤٣- بەردە تیژ- هەردەی پڕ بەردی لاتیژە.

٤٤- سنگدار جۆرە بەردێكی نوك تیژن.

٤٥- وەڵەو: بێچووی ئاسك.

٤٦- سەگسار: سەگسارە- دوورەگە.

٤٧- گورگاز: لەرەگەزی گورگەو گورگیش نییە. دوورەگە.

٤٨- گۆڕ كەندە: زیندەوەرێكە گۆڕ تێكدەرە، دلّ پڕ قین و كینەیە تەنانەت بەرامبەر بەمردوو.

٤٩- یەكانە: بڕەی بەرازە(نێرینەو خرتی بەرازە) (٤٦)

٥٠- مالۆس: مێینەی بەرازە (٤٧)

٥١- میمك: پوور.

٥٢- جەوەڵەكە: شاخ و كێو.

- شاوور: فیكە..

٥٣- قاجر: كەڵی قاجر دەكەوێتە بنار گلەوە

٥٤- میسكی ئاسكین: ئەو میسكەسروشتیەیە كەلەژێر ناوكی ئاسكەوە دروست دەبێ،

٥٥- پاراوە: پاراسایكۆلۆژیەوە..

- شەخس: كانزا.
- برمۆدا: ئەو دوورگە سێگۆشەیەیە كەئەوەی لێی نزیك بێتەو- هەڵیدە لوشێ.

- چەمەرانە: لێدانی دەهۆڵ بەهەڵگەڕاوی، لەكاتی مردنی جوانە مەرگێكدا لەباتی تازییەو بەچەمەرانە بەڕێی دەخەن، وەكو مارشێك بەكار دێت، ئەمەش لەگەرمیاندا لەسەردەمی كۆندا باوو بوو...
- ئەستێ: بەردێكە پزیسكی ئاگری لێدەكەوێتەوە.
- ملەكەوە: ناوەكەی بەخۆیەوە، دەكەوێتەناوچەی (داوده) لەناوچەی دووز...

مەمەللۆ



چیرۆکی: جەلیل قەیسی

و: هێمن موحسین عەلی

کێ لە ئێمە ژیانی خۆش ناوێ؟ سەربارى ئەو نەهامەتییانەی رووبەڕوویان دەبینەوە کەچی ژیانمان خۆش دەوێ، بگرە بەتەواوی لە ژیان تێناگەین کەچی پتریش خۆشمان ژیانمان خۆش دەوێ، تێناگەین تا ئەو کاتەی بۆ تاهەتایە جێی دەهێڵین.. ژیان، هەروەك لە گۆرانییەکی تورکمانیدا دەڵێ: تەنیا پەنجەرەیەکی بچووکە و لەمیانیەوە بەخێرایی تەماشایەکی دەرەوە دەکەین و پاشان دەڕۆین.. ئایا ئەمە سەیر نییە شتێکمان بەو ئەندازەیە خۆش دەوێ کەچی تێیشی ناگەین.. لەم تەماشاکردنە خێرایەوە تا ئەو کاتەی ژیان بەجێدێڵین ئیدی بە ڕێگەیەکی درامی یا میلۆدرامی یاخود بە هێمنی بێ، هەمیشە لە چەند ئارەزوویەکی بەناویەکداچوودا دەمێنین، بەڵکو هەریەکێك لە ئێمە – وەك مۆنتین دەڵێ– هەوڵ دەدا خۆی لە شوێنێکی بەرزتر لە تەوەری مانگ دابنێ و خۆریش دابەزێنێتە ژێر پێیەکانی.. لەم ساتەدا.. من عاشقی سەفەرم لە ئاگایی و لە خەونیشدا سەفەر دەکەم، خەیاڵیشم لە شوێنە دوورەکاندا پەرت دەبێ.. وەك باڵندە کۆچەرەکان بەبێ نەخشە سەفەر دەکەم، هەندێ جاریش بە بەرنامەوە سەفەردەکەم، هەروەك باڵندەی (قەترەس)[1] پاڵەوانی گەشتە درێژەکان، لە کاتژمێرێکدا بەخێرایی پتر لە هەشتا میل دەفڕێ، منیش وەك ئەو باڵندەیە عاشقی سەفەرم.

رۆژی پێشکەشکردنی نەزری شل بە ڕێکەوت بینیم.. لە نێوان سەدان کچی گەنج و جواندا کە چەندین گۆزەی پڕ لە هەنگوین و شەرابیان هەڵگرتبوو، ئەو کچە سەرنجی ڕاکێشام، ئافرەتێکی ئەفسووناوی و بێئەندازە جوان بوو، وەك شا ژنێکی چیایی بە جل و بەرگی ئەرخەوانییەوە لەنجەی دەکرد، بە هەنگاوی کورت لێی نزیك بوومەوە.. هەستی بە ماندوویەتی دەکرد.. ئاهێکی جوانی دایەوە و لەگەڵ خۆیدا قسەی دەکرد: ئێرە شوێنێکی چەند جوانە مرۆڤ ژەمێکی بەلەزەتی تیادا بخوات.. پریاسکەیەکی ڕەنگاوڕەنگی دەرهێناو لە تەنیشتی خۆی دانا، بەهێواشی مریشکێکی برژاوی دەرهێنا لەگەڵ هەندێ نان و تەرەو و گۆزەی بچووکی فوخاری.. شەپۆلی ئەو خەڵکەیش کە بە جل و بەرگی ڕەنگاوڕەنگەوە وەستابوون و گۆزە و سەبەتەکانیان پڕبوون لە نەزر، نۆر بە پەرۆشەوە چاوەڕێبوون دەرگای پەرستگەی (ئیکۆر) کە تایبەت بوو بە (ئەنیل) ی خواوەند، بکرێتەوە، تا سرووتی پێشکەشکردنی نەزر دەست پێبکەن..

ئاه، شاری (نەڤەر) لەم ڕۆژە پیرۆز و بەهارییەدا لە خەون دەچێ، بگرە لە سەرووی خەونیش، نەڤەر شارێکی بێنراو و نەبینراوە، لە سۆنگەی ئەو بۆنە پیرۆزەدا لە شارێکی جیوەیی دەچێ، گژوگیا وەك ئەڵماسێکی خورافی دەبریسکانەوە و حاڵەتێکی پڕ لە نەشئەی دەوروژاند، لەژێر هەتاوی سوورو ئاسمانی شیندا دیمەنێکی ترسناك و وروژێنەری بەم شوێنە فراوان و بەم خەڵکە ڕەنگاوڕەنگ و پەشێو و لە هەمان کات بەختیارە دەبەخشێ، ئەو خەڵکەی

چاوەڕێی کردنەوەی دەرگای ئەو پەرستگە بڵندە بوون کە هەر لە کەللو (زقورە) یەکی مەزن دەچێ.

لە نزیکیەوە دانیشتم، ئاوڕی لێدامەوە و بۆ ماوەیەکی زۆر تەماشای گۆزەکەمی کرد، بە خۆڕسکیەکی منداڵانەوە وتی:

- خوایە گیان.. گۆزەیەکی چەند جوانە.. ئەم گۆزەیەت لەکوێ هێناوە؟
- لە شاری ئاراپخا [٢]
- ئاراپخا؟ شاری ئاراپخا لەکوێیە؟
- لە باکووری ووڵات، لەتەك ئاگرێکی ئەزەلیدایە.. ناوی باوەگورگورپت بیستووە؟

بەگشت جەستەیەوە لای لێکردمەوە و بە جووڵانەوەیەکی جوان و بەدەستە نەرم و سپیەکەی ئامازەی بۆ کردم دابنیشم.. دانیشتم.. بە پڕ پڕەی وتی:

- باوە.. گورپ .. گورپ.. ناوێکی جوان و سەیرە!

لە پشتی برژانگەکانیەوە گەشانەوەیەکی ئەفسووناویم بینی و لە نێوچەوانیشیدا ڕۆشناییەکی بریقەدار، گەمەی بە پەلك و بسکە ئاڵتوونییەکەی دەکرد، بەخۆشییەکی گەشەدارەوە وتی:

- ئایا بۆئەوە هاتووی تا نەزر پێشکەش بکەیت؟
- نا.. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەگوێرەی نەریتی باب و باپیرانم ئەم گۆزەیەم هێناوە.
- گۆزەکەت چیی تێدایە؟
- شەرابێکی کۆن.. شەرابێك لە ڕەزە ترێیەکانی ئاراپخا.
- ئاە.. ئارا.. پخا..
- ئەی تۆ.. لە چ شارێکەوە هاتووی؟
- من لە (شیشرۆم)[٣]ەوە هاتووم. ناوی شاری (شیشرۆم) ت بیستووە؟
- نەء.. لە شاری (نەڤەر)ەوە نزیکە؟
- ها ها ها.. بێگومان نا.. زۆر دوورە.. دەزانی چەند هەفتەمان پێچوو تا گەیشتینە ئێرە؟ بە سواری وڵاخ هاتین.. ڕێگاکەش زۆر سەختە.. چەند هەفتەیەکە ئێمە بەڕێوەین.. شیشرۆم شارێکی دوورەو کەوتۆتە نێوان زنجیرەیەك چیای بڵندەوە.. لە باکوور..

- بەتەنیا هاتیت؟
- نەء.. لەگەڵ چەند کەسێ لە خەڵکی شارەکەم.. پێش تۆزێ لەم شوێنە دڵگیرەدا دابەش بووین.
- ئایا ئێوە (ئەنیل) ی خواوەندتان زۆر خۆش دەوێ؟
- بێگومان..
- بێگومان نەزری ئازیزت لا هەیە؟
- لە (ئەنیل) ی خواوەند داوادەکەم باوکە نەخۆشەکەم چاك بکاتەوە و بەڕووبوومی کشتوکاڵیمان زۆر بکاو، منیش ببم بە نسیبی ئەو کوڕە گەنجەی زۆرم خۆشدەوێ.
- کاتێ سەیری ئەو ئافرەتەم دەکرد کەوا لە مرۆڤ دەکا. بەبێ خواستی خۆی لەبەرامبەر جوانییەکەیدا بشێوێ، لە دڵی خۆمدا وتم: ئاە.. سێ نەزری هەیە، کەواتە شەکسپیر لەسەر هەق بووە کاتێ وتی (شێت و عاشق و شاعیر سەوداسەری خەیاڵن) وتم:
- من دڵنیام تۆ ڕۆحێکی هەستەوەر و بەڕێز هەیە.
- چۆن؟
- ماوەیەکی درێژت لە شاری شیشرۆمەوە بۆ شاری نەڤەر بڕیوە تا لە (ئەنیل) ی خواوەند بپارێیتەوە ببی بە نسیبی ئەو کوڕە گەنجەی خۆشت دەوێ.
- هەروەها لەپێناوی باوکیشمدا و لەپێناوی بەڕووبوومی کشتوکاڵیمان، ئەو کوڕە گەنجەشم زۆر خۆشدەوێ.
- خۆشەویستی سەروەرە، دەبێ بپەرسترێ.
- بگرە بەناچاری دەیپەرستین.. وانییە؟
- بێگومان.. ئایا ئەنیلی خواوەند بەدەنگ نزاکانتانەوە دێ؟
- ئەو سەربەستە..
- بێگومان ئەو سەربەستە.. ئەی لە گۆزەکەی تۆدا چی هەیە؟
- هەنگوین.. لە ڕۆژی پێشکەشکردنی نەزری شلدا دەبێ مەی یاخود هەنگوین پێشکەش بکەیت، شارەکەی منیش بە هەنگوین بەناوبانگە.

سەری گۆزەکەی کردەوە و بە کەوچکێکی دارین هەندێ هەنگوینی دەرهێناو پێشکەشی کردم، بە ناسکییەوە وتی:

- بگرە.. بیخۆ تا بۆخۆت حوکم بدەیت..
- بەڵام ئەم هەنگوینە بۆ ئەنلیلی خواوەندە، ئاخۆ دەبێ بەرلەوەی ئەو تامی‌بکا.. من تامی بکەم؟
- ئەنلیلی خواوەند تەنیا تەماشای دەکا.. دەی بخۆ.. بخۆ.. خواوەندەکان ناخۆن..

کەمێکم لە هەنگوینەکە خواردو وتم:

- ئازیزەکەم پاکژیی رۆحی تۆ لەم هەنگوینە بەلەزەتترە..
- چی..؟
- هەنگوینێکی زۆر بەلەزەتە.. دەبێ تۆیش لە شەرابەکەی من بخۆیتەوە.
- بۆ نا..

بەدەست و پەنجە ناسک و سپییەکانی، پەرداخەکەی لێنزیک کردمەوە، منیش پەرداخەکەم بۆ پڕکرد، بەلەزەتەوە خواردیەوە، لەدوای هەر قومێک دەیووت: شەرابێکی دێرین و نایاب و بەلەزەتە.

نانێکی ئەسمەر و پارچەیەک گۆشتی مریشکی دەرهێنا لەگەڵ هەندێ سەوزەوات کە لە نەعناع دەچوو.. منیش سەیری جوولانەوەی دەستەکانی و خاوێنێتی قاپە دارینەکەیم دەکرد، وتم: بەڕاستی پاک و خاوێنی لای ئاشوورییەکان جۆرێکە لە پەرستن و ئیمان. پارووییەکی لەو خواردنە پێشکەشکردم، ویستم بیخۆم، وتی:

- بووەستە.. بووەستە..
- بۆچی؟
- لەبیرم چوو خوێی پێوەبکەم.. ببووڕە..
- جا بۆچی دارای لێبوردن دەکەی.. ئایا هەر دەبێ خوێی بەسەردا بکەی؟
- بێگومان.. بێگومان..

زۆر بە ناسکی هەندێ خوێی بۆ خستمە سەر گۆشتەکە و وتی:

- دەتەوێ بەبێ خوێ نانەکەت بخۆی.. ئەی گوێت لەو گۆرانییە خۆش و پیرۆزە نەبووە لەسەر خوێ؟
- کام گۆرانی؟ چەندین گۆرانی لەسەر خوێ هەیە.
- راستە.. بەڵام ئەو گۆرانییەی کە دەڵێ (بە دەنگێکی خۆش گۆرانی دەڵێ):

ئەی خوێ، کە لە شوێنێکی خاوێندا
بۆ خواردەمەنیی خواوەندەکان خوڵقاوی
ئەنلیلی خواوەند وای خوولقاندووی
بەبێ تۆ هیچ سوودێك لە ئیکۆردا نییە
ئەی خوێ گرێکەم بکەرەوە.(٤)

لە گۆرانی وتن وەستا، پێکەنینێکی منداڵانەو جوان پێکەنی، پاشان دەستمان کرد بە خواردن و خواردنەوە. شوێنکە بوو بە یەك پارچە نوور، ئەوانەی نەزریان پێبوو بەرەو پەرستگەکە رۆیشتن، تریفە بە نازێکی وروژێنەرەوە قومێکی تری لە شەرابەکە دا، ئینجا بە نازێکی زیاترەوە لێی خوارەوەی بە زمان سڕی و وتی:

- بۆچی وا بە حەپەساوی تەماشام دەکەی؟
- بە حەپەساوی؟ سەیری ئەو پۆشاکە جوانەت بکە.. سەیری ئەو رەنگە شینە جوانە بکە کە تێکەڵ بە وەنەوشەیی کراوە.. دیارە تۆ لە رستن و چنیندا زۆر لێهاتووی؟
- لە شاری شیشرۆم دا گشت ئافرەتان لە رستن و چنیندا لیهاتوون.
- چاکە..

پێکی شەرابی کۆن، سیحری جوانیی ئەو شوێنە، هەتاوی هەنگوینیی گەرم، ئەو گژوگیایەی لە ئەڵماس دەچێ، گفتوگۆی هێمنی من و تریفە، چرپەی خەڵکی.. گشت ئەمانە بەڕادەیەك تریفەیان ئاسوودە کردبوو لە روخسارە جوانەکەیدا هەڵچوونێك وەك بروسکە بەرزبۆوە، لە دڵی خۆمدا وتم: ئەی شازنەکەی شاری شیشرۆم.، گەیشتن بە باخچەکانی دڵت ئاسان نییە، دڵێك بەخشیوتە بە ئەویندارێکی

دوور، بەڵام منیش هەوڵدەدەم ببم بە هاوڕێ و ئەویندارێ تۆ ئەگەر رازی بیت، تا لەو کارە دەبمەوە کە وەك باڵندەی (قەترەس) بە فڕین خۆم گەیاندە شاری (نەڤەر).. زۆر نییە بۆ عاشقێکی گەشتیار لەپێناوی تۆدا لە نیوەی رێگە وەن بێت. ئایا شازنێکی وەك تۆ شایانی ئەوە نییە مرۆڤ لەپێناویدا هەر لە سەرەتای رێگەوە وەن بێت؟ تریفە وتی:

- تۆ ناوی رەنگەکان دەبەی، ئاخۆ رەنگت خۆش دەوێ؟
- زۆر..
- ئێمەیش لە شیشرۆم عاشقی رەنگەکانین.
- بۆچی؟
- ئۆە. چونکە ئێمە لەنێو لافاوی رەنگەکاندا دەژین، درەختی ئەرخەوانی دەوری گرتووین، هەروەها دەیان جۆری گوڵی رەنگاوڕەنگ، داربەڕوو، دارتوو، باڵندەی رەنگاوڕەنگ، تەنانەت چیاکانیشمان لە هەروەرێکدا چەند رەنگێکی جیاواز دەگرن.. ئێمە بەبێ رەنگەکان ناتوانین بژین
- حەز لە شەرابیش دەکەن؟
- ئۆە.. بێگومان شیشرۆم بە میوە و مەی بەناوبانگە، بێگومان حەز لە شەراب دەکەین.

گۆزەگەم دایە دەستی، چەند قومێکی لە لوولەکەیەوە خواردەوە، پاشان بۆ چەند خولەکێك دەم و چاوە جوان و سپییەکەی سوور هەڵگەڕا.. سەیرێکی ئاسۆم کرد، گوێم بۆ بێدەنگی شل کردبوو کە دەڕژایە ناو خامۆشییەکی کپەوە.

خوایە گیان.. سامالّ و سافییەکی جوان و ئەفسوونایی گشت ئەم شوێنەی گرتۆتەوە، هەستم بە خۆشییەکی پڕ لە لەزەت دەکرد، دڵنیانەبووم لەوەی ئاخۆ زەمەن بەهێواشی دەڕوا یان بەخێرایی، ئەو زەمەنەی مێژوو و درامای مێژوو دەخولقێنێ.. یان من وا هەست دەکەم وەك باڵندەی (قەترەس) بەخێراییەکی شێتانە بەنێو ڕاڕەوەکانی زەمەندا گوزەردەکەم تا لەپڕ لە یەکێ لە شارەکانی ولاتەکەمدا دەوەستەم، شاری (نەڤەر)، لەگەڵ ئەو حەشاماتە تێکەڵ دەبم کە بۆ پێشکەشکردنی نەزری شل هاتوون بۆ لای – ئەنلیل – ی خواوەند..

کاتێ دەرگای پەرستگەکە لەسەر پشت کرایەوە،حەشاماتەکە بەخێرایی شاڵاویان بەرەو ناوەوە برد. پێم وت:

- دەبێ ئێستا بڕۆین؟
- نا نا.. دەتوانین چاوەڕێ بکەین، پەرستگاکە زۆر فراوانە، گرنگ ئەوەیە نەزر پێشکەش بکەین و نزاکان بخوێنین.
- بە راست ناوت چییە؟
- ناوم تریفەیە.. تریفە.. ئەی تۆ؟
- جەلیل.. باشە ناوەکەت مانای چییە؟
- تریفە واتە تیشکی مانگ.. یان تریفەی مانگ..
- ناوێکی جوانە..
- پێش تۆزێ وتت بۆ سەردانی پەرستگەی ئیکۆر نەهاتووی.. ئەی کەواتە بۆچی هاتووی؟
- هاتم تا فێر بم و دڵنیابم..
- ها ها.. فێری چی بیت و لەچی دڵنیابیت؟ ئایا قسەکەت وا دەگەیەنێ کە تۆ نەزر و هیوات نییە..
- تریفەگیان.. مرۆڤ هەمیشە بەهیواوە دەژی..
- باشە.. لەبەر خاتری من داوای بەدیهێنانی خواستێکت لە ئەنلیلی خواوەند بکە.. تەنیا یەك خواست.
- ها ها ها ها.. تریفە گیان گوێ بگرە.. ئاخۆ لەم جیهانەدا ئافرەتێ هەیە حەز دەکات لەلای پیاوان خۆشەویست و نازدار و دڵبەر بێ؟
- بێگومان نا.. هەمیشە ئافرەت حەز دەکات لەلای پیاوان خۆشەویست و سەنگین بێ.
- زۆر باشە.. تۆیش ئافرەتی..
- من! بێگومان.. دەتەوێ چی بڵێی؟
- داوا لە ئەنلیلی خواوەند دەکەم تەمەنی جوانیت درێژ بکاتەوە و تا هەتایە خۆشەویست بیت تەنانەت لەلای دوژمنەکانیشت.

روخساری سوورتر هەڵگەڕا، لە تەماشاکردنەکانیدا بۆم دەرکەوت ترپەی دڵی خێراتر لێدەدا، تانەت لەوە دەترسا گوێم لە ترپەی دڵی بێ.. وتم:

- هەروەها لە ئەنلیلی خواوەند داوا دەکەم ئەو کوڕەی خۆشت دەوێ بەنیسبی تۆبێ، باوکە بیمارەکەت چاك بێتەوە و بەروبوومی کێڵگەکەشتان زۆرتربێ..
- ها ها ها.. ئەی هیچ شتێك بۆ خۆت داوا ناکەیت؟
- با.. داوای ئەوەی لێدەکەم تۆ لەگەڵمدا بمێنیتەوە تا کارەکەم جێبەجێ دەکەم.
- ئامین.. من رازیم جەلیل گیان..
- کەوانە بەیەکەوە دەبین؟
- بەڵێ..
- ئەوسا بەیەکەوە دەگەڕێینەوە، من بۆ شاری ئاراپخا و تۆیش بۆ شیشرۆم، لەوانەیشە لەگەڵتا بێم بۆ شاری (ئەربائیلۆ)[٥].
- سوپاس.. سوپاس..
- لە دوایشدا تۆیش شارەکەم دەبینی.. ئاراپخای ئازیز دەبینی.
- بێگومان.. من رازیم.. ئێستاش با برۆین. کەسێ لە دەرەوەی پەرستگەدا نەماوە.. با برۆین.. بەڵام جەلیل گیان پێت نەوتم کاری تۆ لە شاری (نەفەر) دا چییە؟
- هاتووم بەدوای پیاوێکدا دەگەڕێم ناوی (ئورشکامۆ) یە.
- ئورشکامۆ؟ ئورشکامۆ کێیە؟ چ کارێك دەکا؟
- نەسخ دەکا..
- چی نەسخ دەکا..؟
- ئەو لە راستیدا نەسخکاری پاشایە..
- کام پاشا؟
- ئەمارسین..
- چیت لێی دەوێ؟
- دەمەوێ چەند راستییەك لەسەر ئەمارسین – ی پاشا و کەسانی تر بزانم..
- ئاهـ.. تێگەیشتم.. بۆچی؟ تۆ کێیت؟

- با برۆین تریفە گیان.. لە دواییدا دەزانی.. بەڵام ئێستا نا.

شت و مەکەکانی هەڵگرت و دەستی گرتم و وتی:

- خێراکە.. خێراکە با برۆین..

* * *

گۆڕەپانی پەرستگەی ئیکۆر زۆر فراوان بوو، بە چەندین کۆڵەگەی رەنگاوڕەنگ رازێنرابوەوە، دیوارەکانی بە رەنگی رەش و سپی بۆیە کرابوون، رۆشنایی مۆمەکان بەشێوەیەك دابەش کرابوون هەست و سۆز و رۆحیان دەوروژاند.. سەدان گۆزەی رەنگاوڕەنگی پڕ لە شەراب و هەنگوین لەسەر سەکۆیەك بەجوانی ریزکرابوون.. هەموو شتێك لەلای ئامادەبووان سۆز و ترسێکی تەماویی دەوروژاند.

قەشەیەکی باڵابەرز هاتە ژووری، چرچ و لۆچی دەم و چاوی بە زەقی دەردەکەوتن، بەجۆرێ قسەی دەکرد وەك ئەوەی دەورێك ببینێ و دەورەکە پێویستی بەوەیە بە هەنسك و بە دەنگێکی گریان ئامێزەوە بدوێ، لەنێوان گشت ئەو کەسانەی لە گۆڕەپانەکەدا کۆببونەوە و بە کش و ماتییەکی لاڵ وەستابوون، ئاماژەی بۆ من کرد و بە دەنگێکی فەرمان و تووڕەوە وتی:

- ئەرێ تۆ! تۆ کێیت؟ خۆت بچەمێنەرەوە، وەك ئەو حەشامانە تۆیش خۆت بچەمێنەرەوە.. بەم جۆرە پێشوازیم دەکەی؟

لەو ساتەدا خەڵکەکەم بینی هەر هەموویان بە ترسێکی زۆرەوە چەماببونەوە، تریفە بە توندی دەستی راکێشام و بە چرپەوە وتی:

- بچەمێرەوە.. خێرا بچەمێرەوە.

منیش پشتم چەماندەوە و خۆم خوارکردەوە.

قەشەکە وتی:

- ئێستا هەریەکێ لەئێوە نزا بخوێنێ، ئەو نەزرە بڵێن کە لەپێناویدا سەفەرێکی سەختتان کێشاوە، لە ئەنلیلی خواوەند داوا دەکەم نەزرەکانتان قبوڵ بکات و بەدەنگ نزاکانتانەوە بێ.. ئامین.. ئامین..
- گشت ئەو خەڵکەش بە ترسێکی زۆر و بە چرپەوە بەدوای قەشەکەوە چەند جارێك وشەی

(ئـــامین) یـــان دووپـــات کـــردەوە، دوای بێدەنگییەکی کـورت، دەنگـی قەشـــەکە بـــە ئەدایەکی شـــانۆییەوە بـەرزبۆوە و وتـی: (لـە هـــەموتانمان دەوێ لایـەنگری (ئەمارســین) ی پاشـابن، ئەمارسـینی پاشـا واتـــە تارومـــار و فـــەنابوون، ئەمارســینی پاشـــا واتـــە ژیـــان و سەرکەوتن، یاخیبوون لە ئەمارسینی پاشا واتـە نەمان و فەنابوون.. لەپێناوی نـاوی ئەمارسیندا کۆشش بکـەن، لـەپێناوی ئـەودا ئیمـاندارین، لـە گشت گوناهێك دوربکەونەوە، کەسێ ئەمارسینی خۆش بوێ دەبێ بە رۆحێکـی رێزلێگیراو، بـەڵام کەسێ لە جەلالەتی ئەمارسینی پاشـا یـاخی بـێ ئەوسا گۆڕێکیش بۆخۆی نابینێتەوە و لاشـەکەی فرێدەدرێتـــە نێـــو دەریـــاوە)[6] ئێســتاش بـــێ ژاوەزاو و بێدەنگ بڕۆن..

گشـت خەڵکەکـە هاتنـە بـــەر هـــەتاو و گژوگیـــای بـــەهاری و لەشـــێوەی چـــەند کۆمەڵـــە و گروپێـــك بڵاوببونەوە و تژی بوون لـە دڵنیـایی و بـەختیاری و ئاسـوودەیی لـە چـاوەڕوانی چـەند خوڕەیـەك لـە ڕەحمـەت کـە لەوانەیـە ئـەنلیلی خواوەنـد بۆیـان دابارێنێ.. هەموو دەستیان بە سەماکرد و لەناخـەوە پێدەکەنین و شـەرابیان دەخواردەوە.. کاتـێ مـن و تریفە دوورکەوتینەوە، وتی:

- جـــەلیل .. بۆچـــی کـــە قەشـــەکە هـــات دانەجەمیتەوە؟
- من سەربەستم..
- چی؟ تۆ لـە حـــزوری قەشـــە و لـــە گۆڕەپـــانی پەرستگەکەدا سەربەستیت؟ مرۆڤێکی سەیریت.
- ئەگـــەر دەســـتت رانەکێشـــابام پشـــتم نەدە .پەماندەوە.
- چی؟ یەعنی لەپێناوی منـدا پشتت چەماندەوە؟
- بەڵێ..
- دەشڵێی بەڵێ..؟ نا نـا.. تـۆ مرۆڤێکـی سـەیر و تەمومژیت.. تۆ لە چ جیهانێکی؟

- تریفـە گیـان.. مـن لـەم جیهانـــەم.. لـــە شـــاری ئاراپخا.. هەروەك چۆن تۆ لە شاری (شیشـرۆم) دایت.

لـەپڕ خـەڵکێکی زۆر لـە پیـاو و ئـافرەت و گـــەنج لێمـــان کۆبوونـــەوە کـــە تـــازە لـــە پەرســـتگەکە دەرچووببوون، تەماشایان کردم و باوەڕیـان نـەدەکرد کە من مرۆڤێکی راستەقینە بم دەشـێ تاریمـایی یـان خەونێك بم..

کچە گەنجەکان تەماشای من و تریفەیان دەکرد و ئاهیان دەکێشا، تریفەش بەهۆی هەستێکی تێکـەڵ و ئـەو خەڵکـە زۆرەی لێمـان نزیـك ببونـەوە، خـۆی بـۆ گریـانێکی گـەرم ئامـادە دەکـرد.. هەریـەك لەوانـە ڕوخساری منیان دەخوێندەوە.. کش و ماتی درێـژە دەکێشـێ و پاشـان بـە چرپـە و بـە ناسـکی قسـە دەکەن.. لێوەکان دەیانەوێ بێنە قسە کەچی بەهۆی هێزێکی نـامۆوە دادەخـران، تـرس بـوو نەیدەهێشت لێوەکـان بکرێنـەوە یـان تاسـان و سەرسـوورمان؟ یـاخود لەبـەر حاڵـەتی دڵنیـابوونێکی کت و پـڕ کـە مرۆڤێك لەبـەردەم قەشـەدا سـروودی پەرسـتگاکەی بـەزاند؟ بۆچـی قسـەم لەگـەڵدا ناکـەن؟ چ خولیایـەك لەسـەریاندا دەسـووڕێتەوە؟ ئایـا زمـانی خۆیـان بیرچۆتەوە؟ باشە.. ئەی بۆچی من قسـەیان لەگـەڵدا نەکەم؟ چییان پێ بڵێم؟ ئاخۆ لەم کارەدا پشـتگیریم دەکـەن یـا دژم دەوەسـتن؟ بـەڵام مـــن شـــتێکی وام نەکردووە تا پشتگیریم بکەن.. تریفە دەیوت: جەلیل هەموو شتێك لـێرەدا گـۆڕاو بـوو بـە لوغـز.. دەشـێ مەی کاریگەریی خۆی هەبووبێ.. چەندین ڕوخسـاری ئەرخەوانی تژی بوون لە ئاسـوودەیی و پرسـیارکردن و دڵەڕاوکێ و هەڵچوونێکی تەماوی..

لێم نزیك بوونەوە.. هەندێکیان بە جوولانەوەیەکی درامییانـەوە دەسـتیان لێدەدام وەك بڵێـی بیانـەوێ بزانن ئاخۆ من بە راستی مرۆڤێکی راسـتەقینەم یـان تـەنیا تاریمـایی و تـەیفێکم. مـن کـە بـۆ قەشـە

نەچەمامەوە.. کش و ماتییەك لەو نیوەڕۆ بەهارییەدا بااڵوبۆوە هەر لە تاریکی دەچوو. چییە؟ ئاخۆ سرووتی دوای سەردانی پەرستگەی ئەریکۆ و سەمای جەستەو خواردنەوەی شەراب و لە ئامێزگرتن و ماچ کردنیان بێچۆتەوە؟. کاتێکیش بەخۆشەویستیەوە بە روویاندا پێکەنیم، شەپۆلێك لە هەستی جوان دایگرتن، کچێکی گەنج وتی: (گرنگ نییە تۆ کێیت، بەاڵم لەگەاڵ ئەوەشدا تۆ سەرایێکی جوانیت). کوڕێکی گەنج دەنگی هەاڵبڕی و وتی: (دەبێ شەرابی زیاتر بخۆینەوە تا شەهەوتی کردار پتر بکەیت.. چونکە لێرەدا کەسێ هەیە دەزانێ چۆن و کەی سوژدە بردن رەت بکاتەوە)..

ئافرەتێك پرسی: تۆ کێیت؟ پیاوێك وتی: لێیمەپرسن تۆ کێیت. کچێك بە دەنگی نوزانەوەوە وتی: تکایە مەپرسن ئەو پیاوە کێیە.. وای مەزەنە بکەن خەیاڵێکی جوانە یان واهیمەیەکە، میوانێکی ون بووە و لە شوێنێکی دوورەوە هاتووە.. وای دابنێن روشناییەکی بەهارییە.. دەی سەما بکەن.. سەما بکەن..

وەك جەند تەیفێکی رەنگاوڕەنگ بەسەر گژوگیاکەدا بااڵوبوونەوە و دەستیان کرد بە سەماکردن و گۆرانی وتن، سەرسوڕمان و دووداڵی و حەپەسانیان بوو بە بورکانێکی قەشەنگ و جوان.. ئاە، باب و باپیرانی ئێمە لە گشت چرکەساتێکدا ژیانیان دەمژی، باوەڕیان وابوو ژیان بریتیە لە نانێکی گەرم دەبێ وەك ئیشتیهای برسییەکی راستەقینە هەاڵیلووشین بەرلەوەی وەك ئێسکێکی ئاسایی سارد و رەق بێتەوە.. بە ئارەزوویەکی جوانەوە بەرەو ژیان دەڕۆیشتن چونکە لە دەستدانی ژیان واتە لەدەستدانی هەموو شتێك تا هەتایە.

دەستیان کرد بە سەماکردن و بەدەنگێکی کۆڕاڵی گۆرانییان دەووت:

ئەی ئەو شارەی خۆراکی زۆر بووە
ئەی ماڵی پشوو
تۆ وەك چیا سەوزیت
ئەی ئەو شارەی ئینکی‌ی خواروەند چارەنووسی دیاریی‌کرد[٧]

تریفە بە دەنگێکی شێواوەوە وتی:

- بۆچی ئەم خەڵکە لە دەورماندا کۆبوونەوە؟ بۆچی بە خۆشەویستیەوە تەماشای منیان دەکرد؟ بەڕاستی تۆ کێیت؟
- تریفە گیان.. زۆر پرسیارمەکە.. بیەاڵە با من و تۆ پێکەوە بە دەنگ داواکارییەکانی بەهارەوە بچین.. بەدەنگ ئاهەنگەکانەوەبەهار هەموومان بانگ دەکات..

دەستمان کرد بە خواردن و خواردنەوە.. لە دوری چەند میترێك لە ئێمەوە کچێکی گەنج لەبەرامبەر کوڕێکی گەنجدا دانیشتبوو، سۆزێکی جوان بە روخساری کوڕەکەدا دەبریسکایەوە، ئەمەوای لێدەکرد پتر ئەویندارییکچەکە بکات. تریفە وتی:

- ئەوانە ئەویندارییدەکەن.
- بۆ نا.. ئەی تریفەی مانگ .. بۆ نا.
- ئەی تۆ.. بۆچی بە جۆرێ تەماشام دەکەی وەك ئەوەی یەکەمجار بێ بمبینی؟
- تریفە گیان.. تریفەی مانگ.. دەزانی کاتێ من بە رامانەوە سەیری تۆ دەکەم، هەست بە چی دەکەم؟
- هەست بە چی دەکەی؟
- بە سەریەستی..
- ها ها ها.. تۆ پیاوێکی زۆر خۆشیت.. بەاڵم تەماویت.. بەاڵێ تەمومژیت..
- من مرۆڤێکی روون و سادەم.. باوەڕم پێبکە زۆر روونم.. تۆیش ئێسك سووکی و وەك من روون و بێگەردیت.
- ئەرێ تۆ ناچیت بۆ الی نەسخکاری پاشا؟

- بێگومان.. دەبێ بڕۆم.. لە راستیدا من بۆ ئەو کارە هاتووم.

لەم کاتەدا دوو پیاو لە پیاوانی پەرستگە هاتن و داوایان لێکردم لەگەڵیاندا بچم.. لە سەرەتادا رازی نەبووم.. بەڵام لە بەرامبەر لوتف و سەنگینییاندا رازی بووم بەو مەرجەی تریفەشم لەگەڵدا بێت.. ئەوانیش رازی بوون.. بردینیانە ژوورێك لەو ژوورانەی پڕبوون لە شتومەکی شاهانە.. تریفە بە دەنگێکی لەرزۆك وتی:

- دەبێ چییان لەتۆ بوێ؟
- تۆ دەترسی تریفە گیان؟
- بەڵێ..

لەپڕ دەستم خستە سەر نێوچەوانی تریفە.. چەند ئاهێکی جوانی هەڵکێشا.. وتم:

- پەلەمەکە تریفە.. چاوەڕوان بە.. من هیچم نەکردووە..
- بەڵام تۆ سوژدەبردنت رەت کردەوە..

بەرلەوەی وەڵامی بدەمەوە، قەشەکە هاتە ژوورەوە..

تریفە بەخێرایی داچەمییەوە، بەڵام من هەر لەجێی خۆمدا دانیشتم و نەجووڵامەوە، قەشەکە بە فیزێکەوە وتی:

- ئەی پیاوی ناڕۆ.. تۆ خەڵکی چ شارێکیت؟
- من نامۆ نیم.. من خەڵکی شاری ئاراپخام.
- بۆ پێشکەش کردنی نەزر هاتووی، یا تەنیا رێبوارێکیت؟
- تەنیا رێبوارم..
- کەواتە بۆچی هاتیتە نێو پەرستگاکەوە؟
- پەرستگە بۆ هەموو کەسێکە..

- کاتێ من هاتمە ژوورەوە بۆچی خۆت دانەچەماندەوە؟
- نازانم بۆ.. لەوانەیە قەناعەتم پێ نەهێنابێ.
- چی؟ قەناعەتت نەهێنابێ؟ ئەمە وشەیەکی سەیرە.. بۆ کارێك هاتووی بۆ شاری (نەقەر)؟
- هاتووم ئورشکامۆ ببینم.. من بەدوای ئەودا دەگەڕێم.

- بۆچی؟ چیت لە نەسخکاری ئەمارسینی پاشا دەوێ؟
- هاتووم هەندێ راستی بزانم..
- راستی؟! تۆ کێیت تا راستی بزانیت؟ چ راستیەك؟ لە خودی ئۆرشکامۆ؟ تۆ مرۆڤێکی سەیریت.. یەکەمجارە گوێم لە پیاوێك دەبێ بەوجۆرە قسە بکات..
- من لە خاکی ئەم نیشتمانەدام و خەڵکی شاری ئاراپخام.. مرۆڤێکی زۆر ئاسایم و سەیرنیم..
- بەڵام بە چ مافێ دەتەوێ هەندێ راستی بزانی؟
- بە مافی ئەمانەت.. بە مافی راستگۆیی.. بە مافی هاوولاتییەکی دڵسۆز.. دەمەوێ ئۆرشکامۆ ببینم.
- مەسەلەکەی تۆ زۆر سەیرە کابرا.. هاوولاتیەکی ئاسایی دەیەوێ ئۆرشکامۆ ببینێ!! تۆ بەتەواوی هۆشت لەلای خۆتە؟
- بەڵێ.. زۆریش.. پاشان ئۆرشکامۆ تەنیا نەسخکارە و وەك من هاوولاتییە!
- چی؟ هەر تەنیا نەسخکارە؟ بەڵام ئەو نەسخکاری پاشایە.. ئێ.. چیتر؟
- چیت لێی دەوێ؟
- ئەگەر رێگە بەتۆ دراوە لەبری ئەو قسە بکەیت.. ئامادەم قسەت لەگەڵدا بکەم..
- ئەوەی ئۆرشکامۆ دەیزانێ.. منیش دەیزانم.

بۆ ماوەیەکی کورت بێدەنگ بووین. ئاوڕم لە تریفە دایەوە تەماشای دەکردم و وام هەست دەکرد چاوەکانی دەڵێن: ئەم پیاوە مرۆڤێکی تەماوی و خەیاڵبین و سەیروسەمەرەیە، بەبێ ترس قەشەیەکی پایەبەرز دەدوێنێ، سەبرێکی پتەوی هەیە. قەشەکە وتی:

- باشە.. ئێستا دەتەوێ چی بزانیت؟
- بەڕێز.. بۆئەوەی بە زمانی لۆجیك لە یەکتر تێبگەین، نابێ وەك گەورەیی و فیزی قەشەیەك رەفتارم لەگەڵدا بکەیت.
- باشە.. باشە.. دەتەوێ چی بزانیت.. بڵێ..
- دەمەوێ بڵێم ئۆرشکامۆ پیاوێکی ئەمین و راستگۆ نییە.

قەشەکە رووی گرژکرد و قیژاندی:

- چی؟ تۆ ئەڵێی چی زەلام؟
- دەڵێم ئۆرشکامۆ وێنەیەکی ناڕاستەقینەی ئەمارسین پاشای کێشاوە..
- چۆن؟!
- بەجۆرێ وێنەی کێشاوە هەر لە باڵندەی (حەرشەفە) دەچێ کە تا هەتایە بە نەمری دەژی..
- ناوی ئەم باڵندەیەم نەبیستووە.
- قەشەی بەڕێز.. باڵندەی حەرشەفە لە بەستەڵەکدا دەژی، هەمیشە خەون بەوەوە دەبینێ کە لە هاوینێکی هەمیشەبیدا بژی و تا ئەبەد هەتاو بەسەر سەریەوە بێ..
- تێناگەم! مەبەستت چییە؟
- ئەم باڵندەیە، قەشەی بەڕێز، لە تەنیا شەوێکدا بۆ دوورترین شوێن دەفڕێ و دەشگەڕێتەوە.
- دەتەوێ چی بڵێی؟ روونی بکەرەوە.
- ئەمارسینی پاشا ئەو باڵندەیە نییە لە هاوینێکی هەمیشەبیدا بژی و تا ئەبەد هەتاو بەسەر سەریەوە بێ..
- ئەنیلی خواوەند رەحمێك.. دەتەوێ بڵێی چی؟ بە روونی قسان بکە.
- دەمەوێ بڵێم، پاشا ئەمارسین (واتە بەرخی – سین – ی خواوەند) کە ئەمە ناوەکەیەتی، بەرتیلێکی زۆری بەخشیوە تا ناوی تەمجید بکرێ و کارە وەهمیەکانی مەزن بکرێت.

قەشە بە دەنگێکی زیقن قیژاندی: تۆ دەڵێی چی؟. وتم:

- گوێ بگرە، چەند خشتێکی قوڕینم دۆزیوەتەوە دەیسەلمێنن کە ئەمارسینی پاشا پاڵەوانێکی ئازاو چەلەنگ نەبووە.. ئۆرشکامۆ زیادەڕۆییەکی زۆری لە وەسف کردنی ئەودا کردووە، خشتی قوڕینم دۆزیوەتەوە دەڵێ ئەمارسین بە بەرتیل ناوی خۆی ناوە: (بەرزکەرەوەی سەری – ئەنلیل – ی پەرستراو).. هەروەها ئەمارسین بە بەرتیل خۆی خۆشەویستی شاری (ئور) نیشان داوە.

قەشە بە حەپەسان و سەرسوڕمانێکی زۆرەوە وتی:

- بەرتیل؟! بێدەنگ بە..
- بەڵێ بە بەرتیل.
- چۆن؟
- ئۆرشکامۆ گەورەترین درۆزن و هەلپەرستە، لە چەندین رووداو و شەڕی وەهمیدا ئەمارسینی وەك پاڵەوانێکی دلێر ناساندووە..
- ئۆرشکامۆ ئەمەی کردووە؟! مەحاڵە..
- جگە لە ئۆرشکامۆ، چەند ساختەچییەکی دیکە هەن، بۆ نموونە لیبانۆ، کشباس، هەروەها نەسخکاری فێڵباز شاروم، ئەمانە لە نووسینەکانیاندا ئەمارسینی پاشایان وەك بەهێزترین مرۆڤ نیشان داوە.

قەشەکە قیژاندی:

- ئەی ئاراپخایی.. سنووری خۆت بزانە..
- من سنووری خۆم دەزانم و بە بەڵگەشەوە قسە دەکەم.
- نەخێر تۆ نازانی چی دەڵێیت..
- تکایە بەبێ هەڵچوون قسە بکە.. بە هێمنی و لەسەرخۆ قسە بکە تا لە یەکتر تێبگەین.

قەشەکە بۆ ماوەیەکی درێژ بێدەنگ بوو، تریفە کەمێ شڵەژاوی پێوە دیاربوو بەڵام لە روخساریدا بەختەوەرییەك دەبینرا و بە خۆشەویستییەوە سەیری دەکردم. کاتێ سەرسوڕمان و خۆشەویستی لە ئافرەتێکدا دروست دەبێ، خۆیشی نازانێ چۆن و بۆچی لەیەك کاتدا هەستیار و ئازا و ترسنۆك و نائاسایی دەبێ.. لەو حاڵەتانەی دوچاری تریفە ببوون بۆم دەرکەوت کە خۆشی دەوێم.

قەشە وتی:

- تۆ دەڵێی چەند خشتێکی قوڕینت لەلا هەیە ! لە کوێدا دەستت کەوتوون؟
- مێژوو مێژوو.. مێژوو بە رێگەیەکی شێتانە ئازادیی هەڵبژاردن نابەخشێتە هیچ حاکمێك هەرچەندێکیش بەهێزبێ، هەروەك نایبەخشێتە هیچ مرۆڤێك..
- مەبەستت چییە؟
- مێژوو هەمووان دروستی دەکەن.. گوێبگرە.. ئایا لاریت هەیە لەوەی کە - نابوبیندو- ی دواپادشای بابل شێت بوو؟
- نا نا.. شێت نەبوو.. نەخێر هەرگیز شێت نەبوو..

بۆ ماوەیەك لە قەشەکە رامام و لە دڵی خۆمدا وتم: ئەم قەشەیە هەروەك گشت قەشەکانی دی دەسەڵاتێکی گەورەی لە حکومەتدا هەیە.. قەشەکان چینێکی لێزانن و دەتوانن سوود لە هێز و لاوازیی دەسەڵاتی سیاسی وەرگرن، دەشزانن کەی و چۆن و بۆچی و لەکوێ ئەم یا ئەو پاشا ناچاردەکەن مل کەچی هەژموونی ئەوان بێ، دەشزانن چۆن بە ئاسانی لە دەسەڵات دووریان بخەنەوە یان چ کاتێ بەشێوەیەکی هیستریانە داکۆکی لێبەکەن.. لە گشت ئەم حاڵەتانەشدا مافی خواوەندیێ بەکاردێنن.. لە کاتی پێویستدا ئامادەن پاشا بە لاواز و گوناهبار و شێت و یاخیبوو لە خودا تاوانبار بکەن.. خۆ ئەگەر پاشایش داوای لێبوردن بکا و لێیان بترسێ ئەوسا ناچاری دەکەن بە رۆژوو بێ. بە قەشەم وت:

- تۆ دەڵێی (نابوبیندو) ی پاشا شێت نەبووە.. باشە.. سەیری ئەم رەقیمە بکە یەکێ لە خزمە نزیکەکانی ئەو نووسیویەتی کە شێت بووە.. ها بیخوێنەرەوە..

قەشە رەقیمەکەی خوێندەوەو، ورتەورتێکی لێوەهات و وتی:

- نا نا.. تاونبارکراوە بە شێتی چونکە ململانێی لەگەڵ مەردۆخ دا کردووە، هەروەها دەستی لە مەسەلە ئاینییەکان وەرداوە و پتر بانگەشەی بۆ (سین) ی خواوەند و پەرستگەکەی لە ناوچەی (حران) دەکرد و بۆ ماوەیەکی زۆر لە مێرگەکانی ئەو دوورگەیەدا ماوەتەوە.

بە گاڵتەجاڕییەوە پێکەنیم، رەقیمێکی ترم دایە و وتم:

- ئەمەش رەقیمێکی تر و لەلایەن خزمێکی نزیکیەوە تەدوین کراوە کە باسی شێت بوون و رەفتاری نابەجێ و کینە و تووڕەیی ئەو دەکا.. ئایا ئێستا قەناعەتت بەوە هێنا کە (نابوبیندۆ) شێت بووە و ئێوەش وەك مەزنترین ئاقڵ تەمجیدتان کردووە..
- ئەی هاوڵاتیی ئاراپخایی.. بە چ مافێك باسی نابوبیندۆ و ئەمارسین و ئۆرشکامۆ و شاروم دەکەیت و خۆیشت تەنیا هاوڵاتییەکی سادەیت.. ئایا دەزانی مافی هاوڵاتی سادە چییە؟
- هاوڵاتی سادە مافی نییە بەڵام هێزی بیستنی (ئایا) ی خواوەندی هەیە..
- مەبەستت حیکمەتی خواوەندە؟
- بەڵێ.. رێك مەبەستم ئەوەیە..
- ئاگات لێیە تۆ چ گەمژەییەك دەنوێنیت؟
- بۆچی؟
- چونکە تۆ وەك هاوڵاتیەکی سادە بە عەقڵ بیردەکەیتەوە..
- مەبەستت ئەوەیە ئیدانەی ئەو شتانە بکەم کە درۆکان ئاشکرا دەکەن؟
- تۆ زۆر سەرسەختی..
- من لەگەڵ هەقدا سەرسەختم.. هەروەك باب و باپیرانم سەرسەختم بۆ پێداگرتن لەسەر هەق و

راستی.. هەروەك مەردۆخ بلادن – ی پاشا سەرسەختم كە بۆماوەیەكی درێژ دەجەنگا.

- ئایا دەزانی بۆچی بۆ ماوەیەكی درێژ دەجەنگا؟
- لەبەرئەوەی لەسەر هەق بوو..
- بەڵام بۆ وڵاتی عیلام نەفی‌كرا..
- ئێ.. چیتر؟ ئەو لە تاراوگەشدا لە دژی بابل یاخی‌بوونێكی رێكخست.. مەردۆخ پاڵەوانێكی وا نەبوو بە بەرتیل و ساختە دروست بووبێ.
- بەڵام بە دەستی سەرنخاریب كوژرا..
- بەڵام وەك دەزانیت سەنخاریب بەشێوەیەكی دڕندانە لەلایەن كوڕەكانیەوە كوژرا.. ئایا سەرت لە تەزویر كردنی راستیەكان سووڕدەمێنێ.. ئێوە (ئویل مردوك) ی كوڕی (نبوخذنصر) تان بە بەرتیل خواردن و فەساد و بەرەڵایی تاوانبار كردو پاشان گوشتتان هەر لەبەرئەوەی مرۆڤێكی باش بوو..
- ئەی ئاراپخایی.. تۆ گشت نهێنییەكانی ئێمە دەزانیت..
- شتێكی جوانە تۆ دەزانی من گشت نهێنییەكانتان دەزانم..

* * *

قەشە نەرمانی‌دا شەرابمان بۆ بێ.. لەنێو كش و ماتییەكی هێمن و جواندا شەرابمان خواردەوە و من و قەشە جاروبار سەیری یەكترمان دەكرد.. قەشە وتی:

- ئازیزەكەم ئاراپخایی.. تۆ لەسەر هەقیت.. گشت ئەو شتانەی دەربارەی ئەمارسین نووسراون راست نین.. دان بەوەدا دەنێم منیش لەگەڵ ئۆرشكامۆدا لە دروست كردنی ئەو ناڕاستییانەدا بەشداربووم و بە درۆ تەمجیدی ئەمارسینم كردووە..

سەیری قەشەكەم دەكرد و لە دڵی خۆمدا وتم: بۆ لیبۆس – ی مێژوونووسی گریكی لەسەر هەق بوو كاتێ وتی:

- زانین و تێگەیشتن لە رابردوو كورتترین رێگایە بۆ راست كردنەوەی ئاكار و رەفتارەكان..

ئاورێكم لە تریفە دایەوە كە خۆی دابووە دەست كۆمەڵێ تەهویماتی جوانەوە.. قەشەكەیش دوای ئەوەی تەسلیمی راستیەكان بوو، بۆ ماوەیەكی درێژ بێدەنگ بوو، لە ترسی ئەوەی نەكا چەند راستییەكی دیكە لە سووچە تاریكەكانی رابردوودا ئاشكرابكەم، پێی وتم:

- ئەی ئاراپخایی.. فەرمانی شتێكی دیاریكراو دەدەی؟

وەڵامم نەدایەوە، ئای سووچە تاریكەكانی رابردوو.. لە دەهالیزەكانی خۆتدا چەند رووداو و بیرەوەری و پلانی ترسناكت هەڵگرتووە. وتم:

- قەشەی بەڕێز دەزانی ئەو وتارە كورتەی لە پەرستگاكەدا خوێندتەوە ماستاوكردنێكی پێكەنین هێنەر بوو بۆ ئەمارسین.. تۆ هەروەك ئۆرشكامۆ كەسێكی (مەمەمەللۆ)[8] یت. مەمەمەللۆ هونەری درۆكردن پێشكەش دەكات.

قەشە بە دەنگێكی نزم وتی:

- ئازیزم، ئێمە لەبەرامبەر پاشا زۆردار و خوێنڕێژەكاندا دەبینە چەند تارماییەك، هەر بە ساختە دەبینە كەسێكی زاهید و زیادەڕۆیی لە پەرستندا دەكەین.
- ئەم قەشەیە بۆی دەركەوت زۆر قسەكردن لەگەڵ منداڵ لە بەرژەوەندی ئەو نییە، جا بۆئەوەی خۆی لە سەنگەری بێدەنگی بێنێتەدەر، فەرمانی دا شەرابی پترمان بۆ بێنن.. كاتێ ئێوارە نزیك

بۆوە، پێی وتم من و کچە هاوڕێکەم هەرچی داواکارییەکمان هەیە بۆمانی دەخاتە بەردەست.. منیش سوپاسم کرد.. دەستی تریفەم گرت و چووینە دەرەوە.. لەنێو کەش و هەوای خۆری بەهاری کە بەرەو ئاوابوون دەچوو، پیاسەمان دەکرد.. تریفە وتی:

- ئێستا بۆ کوێ؟
- بۆ شار.. تریفە گیان تۆ بۆچی خەمباری؟
- نەخێر من بەختیارم، سوپاسی ئەو ساتە دەکەم کە تۆم تیایدا ناسی.
- سبەینێ بگەڕێینەوە؟
- بۆ کوێ؟
- من بۆ ئاراپخا و تۆیش بۆ شیشرۆم..
- دەتەوێ وا زوو بەجێم بێڵێی.. بۆ وا پەلە دەکەیت جەلیل گیان.. من دەمەوێ لەگەڵ تۆدا بمێنمەوە. تا ئەو رادەیە بیر لە ئاراپخا دەکەیتەوە؟
- دە زۆر باشە با بەیەکەوە بمێنینەوە.. با تا هەتایە هەر بەیەکەوە بین..
- دەڵێن شاری (نەفەر) لە شەوی پێشکەشکردنی نەزردا دەبێتە جوانترین شار، با بچین بۆ ئەوشارە..
- با برۆین خۆشەویستەکەم..
- با برۆین..
- دەی تریفە گیان.. تریفەی مانگ.

* * *

پەراوێزەکان:

١) باڵندەی قەترەس: Albat rass

باڵندەیەکی دەریایی گەورەیە، لەشی سپی و باڵی قاوەییە، لە هەوادا بەرزدەبێتەوە (فەرهەنگی زانیاریی وێنەدار — کەمال جەلال غەریب — ل ٧٢).

٢) ئاراپخا: ناوی کۆنی شاری کەرکوکە.

٣) شیشرۆم: یان شەمشەرە، دەکەوێتە نزیکی شاری رانیە لە کوردستانی عێراق.

٤) قەسیدەیەکی بابلییە لەسەر خوێ.

٥) ئەربائیلۆ: ناوی دێرینی شاری هەولێرە.

٦) وتاری قەشەیەك بۆ تەمجیدی ئەمارسین.

٧) قەسیدەیەکی بابلییە.

٨) مەمەللۆ: بە زمانی بابلی کۆن واتە ئەکتەری شانۆیی.

سەرچاوە:

* جليل القيسي/ الانعكاسات الضوئية/ مجموعة قصص/ دار الشؤون الثقافية العامة — بغداد — ١٩٩٥.

نهێنی رەنگەکان

سەید ئەحمەد حەمەلاو

شەقامەکە لەژێر پێخوسی جەنجاڵییەکەدا متبوو، هەروا وەرکەوبوو نەدەبزوا، مرۆڤ گەلەکان وەکی وروژابن، تێکیانەوە دەهاویشت. بە جوتان جرتانی کاریە دەستیەکان و فرکسانی فرکسانی پۆلیسەکان، هێندەی دیکە شەقامەکە گرانشێل دەکرا. هەرکەسە ڕەدووی بیری خۆی کەوتبوو، هەریەکەش سۆزیان نەدەجما یا دەرکیان بەوە نەدەکرد کە ئەو شەقامەش بونەوەرێکە و هەستی خۆی هەیە. دەجوڵێ، دەبیستێ، دەبینێ، بیردەکاتەوە، تورەیە، میهرەبانە. بە ڕادەیەک میهرەبانە نەک تەنها مرۆڤ، بەڵکو گوزەرانی گشت بونەوەرەکانیش دابین دەکا و پەنایان دەدا.

لەو ڕۆژەوەی (سەربازی لەنگ) هاتبوو شەقامەکە و گاریەی لێدەگێڕا، ئەوی وەکی دیدی خۆی دەپاراست، جێیەکی بە ڕێڕەوی بۆ گاریەکەی دابین کردبوو کە کڕیاری زۆری لێدەگیرسانەوە و لەو میوەیەیان دەکڕی کەبەشێوەیەکی دلگیر لەسەر گاریەکە ڕیزبەندی کردبوون.

ڕەنێکی باش هەبوو. شەقامەکەش دەنەی کڕیارەکانی دابوو، بەردەوامیش دەنەی دەدان. زۆر لە کڕیارەکان گوێبیستی ببوون. بە هەمووانی گوتبوو: (بچنە لای سەربازی لەنگ، لەکن وی پێداویستیەکانتان بکڕن).

ئەوانیش ڕاستەڕێ دەچوونە وێ. هەبوو لاساری دەکرد، دوورەکەوتەوە، چەند گاریەی دەکردن، دواجار هەستی دەکرد، دەنگێک لە گوێی دڵیدەدا، دووبارە دەبۆوە: (نەمگوت بچۆرە کن وی!) کەسەکە ترسی لە دڵ دەگەڕا، بێئەوەی لە دەستی دابێ، ڕاستەڕێ دەگەڕایەوە. بە سەربازی لەنگیشی گوتبوو: (ڕووخۆش و هەرزان فرۆش بە) خۆیشی میوەی تەڕو تازەی هەرزان فرۆش دەکرد، دەستی وەبەر دەستی کەس نەدەناو هەرکەس چی بیوستایە گوڵبژێری دەکرد.

خەمی هەمووانی هەبوو، پەژارەی سەربازی لەنگ، مرۆڤەکان، زیندەوەرەکانی دیکەش. بەڵام سەربازی لەنگی خۆشتر دەویست. لەمێژبوو ناسیبووی، ئەودەم لەنگ نەبوو، قیتوقۆز ڕێی دەکرد. کە لەنگ بوو، شەقامەکە لەرزی، زریکەیەکی داچڵەکێنەری لێبەرزبۆوە، لە هێزی زریکەکە قڵیشایەوە، تا شوێن و کات و هۆی لەنگیەکەشی دەزانی. بۆیە بە درێژایی ڕۆژ نیگای لێنەدەگواستەوە.

بەو ڕۆژانە، گاریەگێڕ ڕەدوو دەنرا، گاریە و تەرازو دەشکێنرا و باریان هەڵدەڕشترا. ئەمیش، دەبوایە بە لەنگە لەنگ گاریەی وەلانێ و لە پەنایەکی پەستێوێ.

شەقامەکە، چەند جارێک لە ڕەدوونێرەری گاریەکان دڕدۆنگ ببوو، بۆیە سڵەمیبوونەوە و جارجار چاوپۆشیان لە سەربازی لەنگ دەکرد.

سەربازی لەنگ کە لەلاچەپەکێکدا چاوی لەوانە نەدەگواستەوە کە گارییان ڕەدوو دەنا، بەتایبەتی لێپرسراوە تێکسمڕەکەیان، کە بە کەتەی ڕەشتاڵە ناودێر دەکرا. لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

(هەندێکی دی ئەم بەڵای خودایانە دووربکەنەوە، دەچمەوە جێگەی خۆم، هەلێکی یەک چارەکی، لەم دەمە و ئێوارەیەدا هەر هەلێک و بۆ یەک چارەک، باشە، چەند کڕیارێک بەڕێدەکەم، هەر یەک چارەک و بەس)

چاوی دەگێڕایەوە. قسەی لە دڵ دەگەڕا: (ئەم شومڵی شەڕانە لێناگەڕێن، گەر لێگەڕێن، داهاتێکی کۆک وەچنگ دێنم)

ئەو بۆیەی گاریەی لێڕادەگرت زۆر لە لاچەپەکەوە دوور نەبوو؛ بۆیە بە ئاسانی دەگەڕایەوە، بەڵام لە دەربازبووندا گران وەدەست دەهات، ئەویش لە سۆنگەی لەنگیەکەیەوە بوو. هەرجارێك كە هەڵدەهات دەیگوت: (ئەو لاقە لەنگەم، ئەم لاقە لەنگە دوابڕاوەم لەدووم نایەت، ئەم لەنگیەم بۆ بۆتە گرفت، دەنا ئەو دەمانەی کە لەنگ نەبووم...)

لەوە دەچوو دڵی بەخۆ مابێ یا بەزەیی بەخۆیداهاتبێتەوە، بۆیە هەناسەیەکی هەڵکێشا: (ئا..ی!! ئای ئەو دەمانە چەند کۆك و توند بووم، بەرزترین دۆند لەژێر پشتی هەنگاومدا دەینالاند!!)

رابوردەی هاتەوە بەرچاو، بۆ کەسی نەگێڕایەوە، نەشی دەبیست بۆ کەسی بگێڕێتەوە. ج پێویستی دەکرد شەقامەکە، سەربردی بۆ هەموان گێڕابۆوە. بۆ تەواوی کەسەکان، رەدونێرەکان، دەرەختەکان، بالندەکان، بۆ تەواوی ئەو زیندەوەرانی لەسەری دەگوزەران.

چووبوە خەوی هەموویان، ئەوی بە هەموان ئاشناکردبوو. بۆیە کاتێك کەتەی رەشتاڵەی پارێزی بۆ دەبرد، بالندەکان لەسەرسەری دەیانکردە جریوە، ئەمیش وەئاگادەهاتەوە و خۆی دەربازدەکرد.

ئەو شەوەی چووبوە خەوی رەدونێرەکان، بەیانی هەموو سامیان لە روو گەڕابوو، ئەو بەیانیە کەسیان نەیگوت گاریەت لایە. جگە لە کەتەی رەشتاڵە، کە گەڕی لێهاڵاندبوو. شەقامەکە ئەو دەمی بە یاخیبوون دەزانی، چەند جارێك سەرزەنشتی کردبوو، هەفتە یەك لەسەریەك چووبوە خەوی، بەڵام هەرگوێی پێنەدەدا. بۆیە کەوتە ئازاردانی، یەك دووجار تۆپکڵە شوتی و مۆزی وەبەرپێیدابوو، رۆژێکیش کە هێندەی رك لێببۆوە، دەستی بردو توند بەلەکی گرت، وەکی پەڕێك بگرێ، ئاوا بەدەستیەوە هات، لەپەو روو لەلیتاوە بۆگەنەکەی گەوزاند. خۆشی هەستی کردبوو کە شتێکا بەلەکی گرتوو. هەستی بە هێزێکی لە رادەبەدەر کرد، وایزانی ئێسکی بەلەکی لە ژێر هێزەکەدا پرواوە، خەڵکەکەش، ئەوانەی لە کەتەوە نزیك بوون، کەوتنەکەیان دیبوو، بە چاوی خۆیان تارماییەکیان بینی لە بەلەکی نەویبوو تارماییەکە لەنێوان خەڵکەکەوەکشا و لە بەلەکی نەوی. لە تاریماییەت سڵەمینەوە، کەس بە هانایەوە نەچوو. تەنها لە دوورەوە لێیان دەڕوانی و زەردەیان پێدەهات.شەقامەکە، بە خەڵکەکەی گوتبوو: (دەبێ ئەم کەتەیە تەمبێ بکەم. ئەم رەشتاڵە ناناسن؟! یا خۆ گێل دەکەن!)

بۆیگێڕانەوە: (لەمێژە، لە کاتی قڵیشانەکانەوە لەسەرگەدەی من رەدووی گاریان دەنێ. رۆژێك گاریە نەشکێنێ دڵی ئاو ناخواتەوە. خووی ئەو کەر دزە پشیلەکوژەی گرتوە. خووی ئەوی لە خوێن گەڕاوە! بۆ ئەو تەمبێکردن کەڵکێکی نیە، دەبێ لێرەی وەدەرنێم)

سەربازی لەنگ ئارەزووی راوڕاوێنی نەبوو، زۆریش دژی بوو، مەبەستی بوو، گوێڕایەڵی یاسای دورخستنەوەی گاریان بێ. ئەو رۆژە بە کۆمەڵێکی گوتبوو: (بێزم لە گاریە گێڕان دێ) گوتبویان: (ئەدی بۆ دەستبەرداری نابی؟!

گوتبوی: (زگی منداڵان لێناگەڕێن، دەنا زۆرم لانەنگە)

یەکێك گوتبوی: (درۆدەکا) تەشەنەکەی بیست وەلێ خۆی لێنەبان کرد. کەچی شەقامەکە دەهری بوو: (ئەو درۆ دەکا: ئەو لە تێرەکانە. دەنا سەربازی لەنگ راست دەڵێ، منیش گاریەگێڕانم لا نەنگە، لەبەر زگی منداڵی گاریەگێڕان چاو لێکدەنێم. نابینن چۆن سنگ و گەدەم بۆ واڵا کردون! من ئازار دەکێشم تا زگەکان تێربن).

رەدووی گاریەیان دەنا. هەبوو دەربازدەبوو، هەبوو خۆی لەمو لەو دەکوتا. هەبوو وەردەگەڕا یا دەشکێنرا و تەرازوی دەبرا.

ئەم گاریەکەی لە پەناکەدا نەبزواندبوو. لەو دیمەنە ورد دەبۆوە، چاوی بە هەمواندا دەگێڕا. بە رەدونێرەکان، رەدونراوەکان، دوکاندار، کرێیار، رێڕەو ئەوانەی لە شەقامەکە بوون. لە هەموان ورد دەبۆوە، لەبەرخۆوە دەیگوت: (ئەم زل زلانە، ئەو لەشە گەورە و گرانەیان، کۆیلەی ئەو تۆپە رەشەی سەر شان و ملیانە، ئەو خڕە رەشە چی بەو لەشە زەبەلاحە بکا نالێ نا! ورتەی لێوەدەرنایا! بە داریدا بدا دەیدا و بە بەردی دابدا دەیدا! بە گای بکا گایە و بە کەری بکا کەرە... و)

سەلاوێك ورتە ورتەکەی پێبڕی. بەسەر لەقاندنێك وەلامی دایەوە. ئەوەی سەلاوی کرد، چەند شەقاوێك دوور کەوتەوە و ئاوری لێدایەوە و بەدەم رێوە گوتی: (نەگبەت، چەند زرنگ بوو، لە پۆلدا لەپێش هەمووانەوە بوو، ئەو رۆژەی دەرباز بوو سەرلەبەری قوتابخانەیان سەنگ و سووژن دا، ئەمیان بەرچنگ

نەکەوت، پایەکی ناوەتە بان.. ئێستاش.. ئییدی، گەر رەنجبەری ئاغایەك بایە، هیچ نەبوایە پای دانەدەنا.

زۆرجار باوکم دەیگێڕایەوە: (هێشتا لە گوند بووم، بارم نەکردبوو، ئاغامان رەنجبەرێکی هەبوو، رەنجبەرێکی گوێرایەڵی. ئاغا کەوتبوە تەمەنەوە، رەنجبەرەش مندااڵی زۆری هەبوون، ئاغا گوتبووی: (تەمێنم هەتیوانم ئەم رەنجبەرەی وەدەردەنێن، داماوێکی گەدە دڕاو، وا چاکە پاداشتی دڵسۆزیەکەی بدەمەوە، نابێ چاکەیم لەبەرچاو بزربێ)

سەرلەبەری گوندی کۆکردەوە، کەس نەیدەزانی بۆچیە! کۆڕەکانی لە چوار دەوری خۆی راگرتوو بانگی راداشتە رەنجبەرەکەی: (وەرە شەریفە، کۆڕەکەم)

تا باوەشی کشا، باڵی واڵاکردەوە: (ئاها.. کۆڕم، لێرەوە، لەو شیوەیەوە تا ئەو شیوە و بۆ بەندەنێ، تا نزارت لێون دەبێ، بۆخۆت. هەر لە سەبەینێڕا دەیکەتە دەز، باخ، ساق، بە چی دەکەی بیکە، ئیدی ئەوە زەوی خۆتە.

ئەو دوو هۆدەیەش، ئەوەی خۆتی تێدای، ئەویش بۆ خۆت) رووی لە خەڵکەکە کرد: (خزمینە، ئێوە ئاگاداربن، دوای خۆم کەس مافی لێسەندنەوەی نییە. لەورۆژەوە شەریف بوو بە خاوەنی زەوی. بەڵام ئەم داماوە.. سەربازی لەنگ لە دواوەڕا لێی دەڕوانی. لە قوتابخانە بەیەکەوە بوون، وەك ئێستا بێ ئاوا لەبەرچاوێتی. رۆژێك رووی لێنابوو: (لام باشە کارمان لەتەکدا نەکەی)

وەڵامی دابۆوە: (تەنها خاوەنی پەڕاو و پەرتوك و هێزی بازی باوکمم. شتێکمان نییە خۆی بۆ لەگێژەن نێین. ئەوەی تۆ گەرەکتە بۆ یەکێك باشە، جێیەك، رێیەك، زەویەکی هەبێ، دەبێ ئەوانە لەسەر شتەکان وەچنگ بێن). هەر هێندەی گوتبوو، ئیدی لەورۆژەوە خۆی دوورەپەرێز دەگرت.

کە لە دواوەڕا چاوی لێنەگواستەوە گوتی: (تۆ ژیرووی، تۆ پەکەی سەر شان و ملت، نەببوە کۆیلەی هیچ رەنگێك، بۆ خۆت بویتە خاوەن بڕوا نامەیەکی باڵا.. منیش، دەبا گاریە پاڵ نێم) وەکی پەژیوان بوبێتەوە:

(نا.. ئەمیش کۆیلەی رەنگێکە، رەنگی بێنیشتمانەکان،. هەرخۆم سەروەرم، خۆم کەسی باڵام، کەسێکی خاوەن مێژوو، منی خاوەن مێژوویەکی هەمیشە باڵا)

گوێی لە قاقای شەقامەکەبوو. ئەم تێگەیی: (بە گێلێتی من، بە گێلێتی من پێدەکەنێ) بیستی: (من نەبم لێرەشت وەدەردەنێن!) ئەم گوتی: (کەواتە خاوەنی تۆم) شەقامەکە خۆشیەکی لە دڵ گەڕا: (هەردوکمان خاوەنی یەکدین) سەریازی لەنگ لەسەرخۆ گوتی: (بەڵێ.. هەردوکمان بااڵین)

لە جنجاڵیەکە ڕامایەوە، تێکیانەوە دەهاویشت. تەنها تۆپە رەشەکانی دەبینی، تۆپە رەشەکان لەپاڵ یەکەوە وەکی شەپۆلی دەریا بەرزو نزم دەیاننواند.

(ئەو لە شانە کۆیلەی تۆپە رەشەکانن، تۆپە رەشەکانیش کۆیلەی رەنگەکانن، هەریەکە، هەر تۆپە رەشێك کۆیلەی رەنگێکە. من لە نهێنی رەنگەکان دەترسێم. رەنگەکان تێکەڵ بن سوریان لێدەچۆڕێ، سوورەکە جۆڵاوگە دەبەستێ و دەکشێ، دواتر دەبێتە رەش، رەشێکی لیخن. دەبێ خودایە، یەزدانی مەزن، چ ئەفسانەیەك لەودیو نهێنی رەنگەکانەوەبێ، وا ئەم خەڵکە بەهۆیانەوە گیرۆدەی کەم ئەندامی ژیری بوون. و).

ئەوەی لە دڵی خۆیدا دەگوت، شەقامەکە لە زاری وەرگرتەوە: (چاوەکان بە ئارەزووی رەنگەکان دەبینن، گوێیەکان بە ویستی رەنگەکان دەبیستن، زارەکان وەکی رەنگەکان گەرەکیانە، هەڵدێتەوە، هەستەکان شتەکان پێچەوانە دەکەنەوە، من لە دڵی هەموواندام، چومەتە ناو مۆخیانەوە، هەستەکان وەکی رەنگەکان دەیانەوێ، کاردانەوەکان ئەنجام دەدەن.. تێگەیشتی لەنگە؟!)

سەرێکی ڕاوەشاند: (بەڵێ.. تێگەیشتم) بۆ چەند چرکەیەك دامە، بە رەنگێکی تەماویەوە: (منیش.. سەرەڕای کەم ئەندامی لەنگی، کەم ئەندامی ژیریشم!)

بە بەڕێکردنی کڕیارەوە سەرقاڵ بوو، کەتە خۆی بۆ لە بۆسەنابوو: ورد ورد ورد پارێزی دەبردێ، وەکی رێوی بێهەست نزیك دەبۆوە.

ئەو دەمەی سەربازی لەنگ بازاڕەکەی خستبووە ژێر چاودێریەوە، کەتەش چاودێری ئەمی دەکرد. ئەم بەمی نەزانیبوو، هەربۆیەش کە گاریەی هێنایەوە، کەتە لێی گەڕا تا دڵنیاتربێ، چەند کڕیاری لێکۆدەبوونەوە ئەوەند بێخەمتردەبوو، بیری بزر کردبوو، هێندەی نەمابوو کەتە فڕکەی کاتێ. باڵندەکان هەستیان بە مەترسی‌کرد، بەپەلە لەسەرسەری سەربازی لەنگ بازنەیان بەست، کەوتنە باڵەفڕەو جریوەجریو، بەشێوەیەك نزیك دەبوونەوە

که تیژه باڵی هەندێکیان بەر سەروگوێی دەکەوت. هێند سەرقاڵ بوو ئاگای له هەرای باڵندەکان نەبوو، کەته چاوەڕوانی ئەوەی نەکردبوو، بۆیە پێش ئەوەی وەئاگابێتەوە دەبێ گورزی خۆی بوەشێنێ. شاڵاوی بردبێ، لەپڕ شەقامەکە زریکاندی لەتەك زریکەکەدا دەلەرینەوە و خەڵکەکەش بەملاولادا دەکەوتن. وەئاگاهاتەوە، وێستی دەربازبێ، فرەتر له پەژارەی گاریەکەیدا بوو. دەیگوت: (تێاڵاکە وێ خۆم کەوێ نەك گاریە و تەرازو) شڵەژا، قاچە لەنگەکەی لەپێشتر دانا، له دواوەشڕا ،ەستی به نزیك بونەوەی تێاڵایەك کرد، تێاڵایەك وششەکەی پێش زەبرگەیی. بەدەم رەتەڵەوە پشتی بەر تێاڵاکەدا، له شکستی قاچی و زەبری تێاڵاکە بە زەویدا کەوتوە قاچە لەنگەکەی دەرچوو. گاریەکەش بەگوڕ خۆی لە قەبرغەی ئەفەندیەك کوتا. لەکاتێکدا لە زەویەکە درێژبوو له قاچە پەڕیوەکەی دەگەڕا، ئەفەندیەکە کە لە قەڵەوییان له چوالوەلوسکەیەکی جاوسووری دەکرد، پەیتا پەیتا جوێنی پارسەنگ دەنا، گەر باریکەڵە رەقەڵەکە بەهانایەوە نەچوایە و ئەفەندیەکەی دوور نەخستایەتەوە هێندەی نەمابوو پێاڵوشێلی بکا، لەهەمان کاتدا کەتەش له باڵی نەیبوو بەنیاز بوو بەدوای خۆیدا رەکێشی بکا.

شەقامەکە پەستتر بوو، له رکاندا دەلەرزی، گرمەی بە سامی لێبەرزدەبۆوە. خەڵکەکە هەستیان بە لەرزینەوەی کرد، لەگەڵ لەرزینەوەیدا دەهەژان. گێژەڵوکەیەك هەڵیکرد، گێژەڵوکەی پەگێژەن دەیلوراند، هەور بە گواڵی رەش رەش دەهاتن و لە بەرزی یەکیان دەگرت، گەواڵە هەورە رەشەکان بەریەك دەکەوتن و دەیانقریشکاند، هەورە تریشقە چەخماخەی دەدا، هەورە رەشەکان پاڵیان لێکدا و روناکیان له ئاسمان بڕی، ترس لەشێوەی تەمێکی رەش هەموو شوێنی داپۆشی. خەڵکەکە کە ترس و شڵەژان وە لەرزی هێنابوون، چنگێکیان بینی، هەستیان کرد لەسەر سەریانەوە چنگێك خزا و لە کەتە نەوی و بەرز بەرز بۆوە و تیژ تێپەڕی.

ئیدی کەسێك کەتەی نەدیەوە. ئەفەندیەکەش تا دەهات بچوك دەبۆوە، هەر هێندەی مێروویەك دەبینرا. باریکە لاوازەکەش لاقە پەڕیوەکەی بەدەستەوەبوو، بەئەژنۆی سەربازی لەنگی دەچەسپاندەوە.

ئارامیەك باڵی کێشا، هەوزە رەشەکان رەوینەوە، هەورێکی سپی فریشتەیی وەکی پەپوولەیەکی هێمن نزم دەبۆوە. شەقامەکە ماندوو، ئارەقەی دەردابوو، شەمااڵێك هێور هێور دەهات و لەسەرخۆ خۆی لە شەقامەکە هەڵدەسوو. خەڵکەکە شەقامەکەیان لەشێوەی تارمایی‌یەکی پاکژدا بینی، بە ئارامیەوە هەناسەی دەدا، هەروا تێی رامابوون، بارانێك لەسەرخۆ، بێدەنگ، نەرم نەرم دایکرد. خۆر لەنێوان دڵۆپە بارانە زیویەکانەوە دەدرەوشایەوە، دڵۆپەکان، هێمن، وەکی یاقوت دەبریسکانەوە، تروسکە تروسك دادەکەوتن و لەسەر شەقامەکە تێکەڵ دەبوون.

شەقامەکە هێمنانە دوا:

(ئەو ئەفەندیە) تێکڕا لە ئەفەندیە بچوك بۆوەکەیان روانی:

(ئەو ئەفەندیە،ئەوسا، کاتی قڵیشانەوەکان، نوسینەکانی ئەهریمەنی بەئێوە ئاشناکرد، ئێستاش ئەو نوسینانەی کە لە..)

چاوەڕوان بوون شتێك بدرکێنێ، دوای بێدەنگیەك:

(ئەمە، لە دەریای سپی خەستدا مەلەوانێکی بەهونەرە!)

سەربازی لەنگ، بە باریکە رەقەڵەکەی گوت:

(تۆش له باڵاکانی)

شەقامەکە بەهەموانی گوت: (ئەویش له باڵاکانە) دوابەدوا ورتە ورتێکی کرد، باڵندەکان ئاوازێکیان چڕی، خەڵکەکەش لەسەرخۆ یەك دەنگ سەندیانەوە:

لەبەرد بەرد وەکو مەلی دڵنیا
مانای سەربەرزی ژیان بزانم
کام شاخم ویست بچم له بنیا
تێر بچریکێنێ (ئەزغەری) گیانم.

لەتەك شەپۆلی دەنگەکاندا، لە سەربازی لەنگ و باریکە رەقەڵانەکەیان دەپوانی، کە بەرز بەرز دەیاننواند، درەختەکانیش باوەشێنی هەموانیان دەکرد، خۆریش بەرز بەرز پێدەکەنی.

* ئەم چیرۆکە لە چوارەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژدا خوێندراوەتەوە.

لەنەدەبی بیگانەوە:

وەستای تابووت

چیرۆکی: ئەلسکاندەر پووشکین

و لەئینگلیزییەوە: عبدالرحمن فەرهادی

"ئەدریان پرۆخۆرۆڤ"ی وەستای تابووت دوامالّو بارگەو بنەی لەسەر گالیّسکەی مردوان دانابوو کە جووتە ماینیّکی لەپۆلاوازو بێ هێز بۆ چوارەم جار لە (باسمانایا) وە بەرەو "نیکیتسکایا" رایاندەکێشا، ئەوکاتەی کە بەخێزانەکەیەوە باریان دەکرد.. دەای ئەوەی لەکارەکەی بۆوە، نوسراوێکی لەبەر دەرگاکە هەلّواسی کە مانای ئەوەی دەگەیاند "ئەم خانووە بۆ کرێ یافرۆشتنە". ئینجا بەپێ بەرەو ماڵە نوێیەکەی ملی رێی گرتەبەر.

خانووە زەردە بچکۆلانەکە دەمێك بوو ئەدگاری خۆی دەرخستبوو، ئەوکاتەی وەستا ئەدریان لێی نزیك دەکەوتەوە سەری لەوە سوڕ دەما کە بۆچی دڵی بەم خانووە خۆش نییە؟! هەرچەندە بەم دواییە پارەیەکی زۆریشی پێ دابوو.

هەر کە لەدەرگاکە چووە ژوورەوە ماڵە نوێیەکەی لەشێوەی کەلاوەیەکو بەم شڕوشپڕێوییە بینی، زۆری خەفەت خوارد، هەژدە ساڵ بوو بەو ڕێکو پێکە یە دەژیان، دەستی بەلۆمەکردنی هەردوو کچەکەیو خزمەتکارەکەی کرد بەبیانووی ئەوەی خاوو تەپو تەوەزەلن. پاشان دەستی بەکارکردن کرد تا یاریدەیان بدات.. فەرمانەکەی زوو بەجێ گەیەنرا: دار تەرمی پیرۆز، کۆگەی بچووکی خەزەفی، مێز، قەنەفەو سیستەم سووچەکانی ژووری دواوەی گرتو ئامادەکران و کەلو پەلەکان لەژووری دانیشتنو متبەق دا بەسەر یەکەوە کەڵەکەکرابوونو

بەبونە سەرمایەی وەستا ئەدریان کە پێکهاتبوو لەدار تەرمی جۆراو جۆر و سەندوقی گچکە گچکە کە شەپقەی پرسەو شاڵو لایتی دەستیان تێدا بوو. نووسراوێك لەسەر دەرگاکە درابوو کەچاوچنۆکیەکی زۆری پێوە دیار بوو، لایێکی سەرەو خوار بەدەستەوە گرتبووو تەماشای نووسراوەکەی دەکرد: "لێرە تابووتی تەختی رەنگاو رەنگ دروست دەکرێو دەفرۆشرێو بەکرێش دەدرێو هی کۆنینەش تازە دەکرێتەوە.

کچەکان بەرەو ژووری نوستن خزان، ئەدریانیش سەری لەشوێنەکانی تری ماڵەکەدا پاشان لەسەر پەنجەرەکە لێی دانیشتنو فەرمانی ئامادەکردنی قۆریە چایەکی دا.

خوێنەری خۆشەویست دەزانی کە شەکسپیرو والّت سکۆت بەدڵخۆشییەوە دەستنیشانی گۆڕ هەڵکەندیان کردووە، لەکاتێکدا ئەمە جیاوازیەکی زۆری لەگەڵ بیری ئێمەدا هەیە. لەراستیدا ئێمە ناتوانین ئەزموونی ئەوان بەجێ بێنین. میزاجی تابووت دروستکەری ئێمە بەتەواوی لەگەڵ کارە شووومەکەیدا دەگونجێ. ئەدریان پرۆخۆرۆڤ بەردەوام سەرقاڵی ئیشو گرژو مۆن بوو. بەدەگمەن دەمی لێك دەکردەوە، تەنیا لەوکاتانەدا نەبێ کە لۆمەی کچەکانی دەکرد وەختێ دەیبینین بێ ئیشو کار لەبەردەم پەنجەرەکە وەستاونو سەیری پیاوان دەکەن، یانەو کاتانەی کە داوای پارەیەکی زۆری لەو

کڕیارانەی دەکرد کە دەهاتنە لای. ئەو کەسە بەدبەختو بەختیارانەی ڕۆژ کڕینی کەلو پەلەکانی دەهاتنە لای.

ئینجا ئەمە ئەو "ئەدریان پرۆخۆرۆف"ەیە کە لەنزیك پەنجەرەوە دانیشتووەو ئەمەیان حەوتەمین کوپە چایەتی دەیخواتەوە، وەك تەبیعەتێکی خۆی نوقمی نێو بیرێکی خەماوی بووە بیری لەو بارانە بەگوڕە دەکردەوە کە هەفتەی پێشوو لەکاتی پرسەی میر لیوا خانەنشینەکە دایکرد زۆربەی شاڵەکان لەبەر بارانە بەگوڕەکەدا وێك دەهاتنەوە، زۆر لەشبەقەکان قەدیان پێك دەچوو ئەدریان چارەنووسی زەخیرە کۆنەکەی دەزانی کە تایبەت بوو بە پرسەو دەیزانی لەباریکی خراپ دان.

هیوایەکی بەوە بوو کە لەبری زیانەکانی، خەڵاتێك وەرگرێ، ئەویش بەهۆی مردنی پیرە "ترۆخینا"ی ژنی دوکاندارێکەوە کە سااڵنێك زیاتر لەسەر رۆخی قەبرە.

پرۆخۆرۆف وای دەزانی سەرەڕای پەیمانەکانیشیان میراتی ژنەکە بێ هیچ گیروگرفتێ بۆ وی دەنێردرێ، بەاڵم دەبێ تۆزێ دەستی لەگەڵ نزیکترین ئەو کەسەی تەرمەکە ئامادە دەکا تێکەڵ بکات. لەناکاو سێ جاران لەدەرگا درا کە خەیاڵەکەی پرۆخۆرۆف، بڕی:

- کێیە؟

دەرگاکە کرایەوەو پیاوێك بەزوور کەوت کە لەیەکەم تەماشاکردنیدا دەزانرا کە پیشەگەرێکی ئەڵمانییە. بەزوور کەوتنو بەدڵخۆشییەوە بەرەو پرۆخۆرۆف هەنگاوی نا و بەدایالێکتیکی رووسی "کەبێ خەندە نابێ" گوتی:

"ببورە دراوسێ ڕێزدارەکەم. ببورە لەوەی هەراسانت دەکەم.. دەمەوێ بەزوترین کات بتناسم. من پێاڵو دروستکەرم و ناوم "گۆتلیب سکێڵتز"ە لەو خانووە بچووکەی ئەوبەری جادەکە دەژیم کە بەتەواوی بەرامبەری پەنجەرەکەتە ئەمڕۆ بەبۆنەی ژن هێنانەوە ئاهەنگ دەگێڕم، هاتووم بۆ ئەوەی خۆتو کچەکانت داوەت بکەمو نانمان لەگەڵ بخۆن". داوەتە کە بەگەرمییەوە لەلایەن پرۆخۆرۆفی تابووت دروستکەر پەسەندکراو سوپاسی پێاڵو دروستکەرەکەی کرد بۆ ئەم دڵسۆزییەی و داوای لێ کرد دانیشێو چای لەگەڵ بخواتەوە.

پاشان چونە نێو گفتوگۆیەکی هاوڕێیانەوەو ئەدریان پرسی:

- ئیشت چۆنە؟
- ناوە ناوەیە، ناتوانم لێی بێزاریم کەلوپەلەکانی من وەك هی تۆ نین، ژیان بەبێ پێاڵویش دەبێ، بەاڵم مردن بێ تابووت نابێ.
- زۆر راستە. ئەگەر مرۆڤێك هیچی نەبێ پێاڵوی پێ بکرێ تۆ ناتوانی لۆمەی بکەی کە بۆچی بەپێی پەتی دەگەڕێ، بەاڵم مردووی هەژار تابووتەکەی بەخۆڕاییە.

قسەکانیان بەم شێوەیە دەمێك بەردەوام بوو، پاشان پێاڵو دروستکەرەکە هەستایە سەر پێو دووپاتی داوەتەکەی کردەوەو تابووت دروستکەرەکەی جێ هێشت. بۆ ڕۆژی پاشتر، سەعات دوازدەی تەواو تابووت دروستکەرو هەردوو کچەکەی لەدەرگای ماڵە نوێیەکەیان هاتنە دەرو یەکسەر بەرەو ماڵە دراوسێکەیان هەنگاویان نا. من نە لەوەسفی "کافتان"[1] رووسییەکەی ئەدریان پرۆخۆرۆفو نە لەوەسفی خۆڕازاندنەوە ئەوروپاییانەکەی ئەکۆلیناو داریا دەوەستم، لەمەدا بەالی نەریتی ڕۆماننوسە تازەکاندا وەرچەرخابوون، بەاڵم من بەزیادی نازانم سەرنج لەوە بدەم کە هەردووکیان بەشاڵێکی زەردو پێاڵوێکی سوورەوەهاتبوونو کردبوویانە نەریتێك بۆ ئاهەنگو بۆنەی گرنگ.

خانووە بچکۆلانەکەی پێاڵ دروستکەرەکە پڕ بوو لەمیوان، بەشی زۆری پیشەگەری ئەڵمانیو ژنەکانیانو کرێکارەکانیان بوون. لەفەرمانبەرە رووسییەکان تائەو کاتە تەنیا یەکێکی لێ بوو "یۆرکۆ"ی فینلەندیی تۆبەتدار کە سەرەڕای کارە هاکەزاییەکەی جێگەی بایەخێکی تایبەتی بوو لەاڵیەن خانە خوێیەکەوە و بیستو پێنج ساڵ بوو عارەبانچی "یۆگۆرینسکی" بوو بەدڵسۆزییەوە کارەکەی دەبردە سەر.ئاگرە گەورەکەی ساڵی ١٨١٢

که پایتەخته کۆنەکەی رماند، خانووە بچکۆلانەکەی ئەویشی خاپوور کرد که تایبەت بوو بەئێشکگری. بەڵام هەردوای دەرچوونی لەسوپا خانووێکی تری نوێی لەهەمان شوێن بۆ دەرچوو کە رەنگێکی خۆڵەمێشی هەبوو. پایەکانی سپی گریکی بوون یۆرگۆ لەبەردەم خانووەکەی بەخۆو بەتەورەکەی و چاکەتە بورەکەی دەستی کردەوە بەهاتنو چوون. پێشەوەی چاکەتەکەی لەقەڵغان دەچوو. بەشی زۆری ئەو ئەڵمانیانەی دەناسی کە لەنزیک دەرگای نیکیتسکایا دەژیان، هەندێکیان شەوی یەک شەممە تا دوو شەممەیان لەژێر سەقفەکەی ئەو بردبووە سەر ئەدریان زوو خۆی پێ ناساند، زوو یا درەنگ پێویستی بەمە هەبوو، هەرکە میوانەکان لەسەر مێزی نان خواردن جێگەی خۆیان گرت ئەم دووانە لای یەک دانیشتن.

"هێر"[٢] سکێڵتنو ژنەکەیانو "لوچین"ی کچیان کە تازە پێگەیشتبوو لەتەمەنی ١٧ ساڵی دابوو، رێزیان نواندو خواردنەکەیان پێشکەش کرد. بیرە فیچقەی کرد. یۆرگۆ ئەوەندەی چوار کەسی خواردەوە و، ئەدریانیش بەهیچ لێی جوێ نەدەبۆوە، بەڵام دوو کچەکەی وازیان لەفیزی خۆیان نەهێنا، ئاگاداری کردنەوەو بتڵێکی سەر مۆری هەڵپچڕیو بەدەنگێکی بەرز بەڕووسی گوتی:

- بەخۆشی "لویس"ی دڵسۆز.

شەمانیاکە فیچقەی کرد. خانەخوێیەکە بەخۆشەویستیەکەوە ماچێکی لەروخسارە سافەکەی ژنەکەی کردو میوانەکانیش بەهەراو زەناوە پێکیان بەخۆشی "لویس"ی دڵسۆز هەڵدا.

خانەخوێیەکە هاواری کرد "بەخۆشی میوانە خۆشەویستەکانو بتڵی دووەمی هەڵپچڕیو میوانەکانیش پەرداخەکانیان بەیەکجار بەتاڵ کردو بەمە سوپاسی خانەخوێیەکەیان کرد. ئینجا کۆمەڵێ هەڵقوڕاندنی بەدوادا هات بەخۆشیی هەموو میوانەکانو بەخۆشی "مۆسکۆ"و دەستەیەک گوندی بچووکی ئەڵمانیا خواردیانەوە. بەخۆشی هەموو جڤاتێک بەگشتیو ئینجا هەر یەکەیان لەتایبەتی خواردیانەوە، بەخۆشی مامۆستاو کرێکارەکان.. ئەدریان بەگوڕ دەیخواردەوەو زۆر دڵخۆش بوو. ویستی پێکێکی خۆش بۆ خۆی هەڵدا کەچی لەهێکرا یەکێ لەمیوانەکان کە نانەوایەکی قەڵەو بوو پەرداخەکەی بەرز کردەوەو هاواری کرد "بەخۆشی ئەو کەسانەی کە لەپێناویان کار دەکەین، بەخۆشیی کرێکارەکانمان".

پێشنیارەکە وەک پێشنیارەکانی تر بەپێز بوو بەکۆمەڵ دڵخۆشی خۆیان دەربڕی میوانەکان دەستیان کرد بەپرسین لەئەحوالی یەکت،ر بەرگدروە کە بۆ پێڵاو دروستکەرەکە داهاتەوە ئەمیش بۆ ئەو، نانەواکە بۆ هەردووکیانو هەموویان بۆ نانەواکەو هەروەها. لەنێو پیرۆزباییەیەکی هاوبەشیەکەدا یۆرگۆ رووی کردە دراوسێیەکەیو بەدەنگێکی بەرز گوتی: "دەوەرە باوکە بچوکەکە! بەخۆشیی تەرمەکانت بخۆرەوە".

هەموویان پێکەنین بەڵام تابووت دروستکەرەکە ئەمەی بەریسوا بوونێك زانیو مۆن بوو، کەس سەرنجی لەمە نەدا، میوانەکان بەردەوام بوون لەخواردنەوە، کە لەسەر مێزی نانخواردن هەستان دەمێك بوو زەنگی نوێژی خۆرئاوابوون لێی دابوو. میوانەکان لەکاتێکی درەنگدا پەرتەیان لێ کرد، بەشی هەرە زۆریان لەکەیفێکی خۆش دابوون نانەوا قەڵەوەکەو بەرگە کتێبکارەکە کەسەرو سیمای سوور هەڵگەڕابوو، قۆڵیان خستە قۆڵی یۆرگۆو بەرەو ماڵە بچکۆلانەکەیان بردەوە. بەم جۆرە ئەو پەندەیان هێنایە دی کە دەبێژێ "نۆبەتێکی باش شایانی یەکێکی ترە".

تابووت دروستکەرەکە بەسەر خۆشیو تووڕەییەوە بەرو ماڵەوە بۆوە، بەدەنگێکی بەرز هاواری کرد: بۆچی کارەکەی من وەک هی خەڵک دڵسۆزی تیا نییە" ئایا تابووت دروست کەر برای جەلادە؟ ئەو کافرانە بۆ پێکەنین؟!

ئایا تابووت دروستکەر قەرەقۆزە؟ دەمویست داوەتیان بکەم خوراندنێکی چاکیان دەرخوارد دەم، بەڵام ئێستا هیچ سۆزێکیان بۆ نانوێنم، لەجیاتی ئەوەی ئەوان داوەت بکەم، داوەتی ئەوانە دەکەم کە لەپێناویان کار دەکەم. "مردووی خاوەن باوەڕ، ئەو

کاتەی کارەکەرەکە خەریکی داکەناندنی پووتەکانی بوو، پێی گوت:

– باوکە بچوکەکە چی رووێداوە؟ بۆ قسەی وادەکەی خاچێك بکێشە، مردوو داوەتی مااڵە نوێیەکەت دەکەی؟ چەند کارێکی ناهەمواره!".

- ئەرێ بەخوای داوەتیان دەکەم، بۆ بەیانی هەڵیگرە.
- ئەی ئەوانەی چاکەم لەگەڵ دەکەن، چاکەیەکم لەگەاڵ بکەن، بەیانی ئێوارە لەگەڵم وەرن بۆ داوەت، بەوە دڵتان خۆش دەکەم کە دەبینن خوا بۆچی ناردووم".

بەدەم ئەم قسانەوە بەرەو جێگاکەی رۆیشت، هەرزوو دەستی بەپرخو هۆڕ کرد.. هەر کە ئەدریان لەخەو رابوو، دنیا زۆر تاریك داهاتبوو. ترۆخینای ژنی دوکاندارەکە لەکاتی بەسەرچوونی ئەم تاریکیەیە ئەنگوستە چاوەدا مردبوو.

نێردراوێکی تایبەتی بەسواری ئەسپێکەوە لەالیەن کارەکەرێکەوە نێردرا تا هەواڵەکە بەئەدریان بگەیەنێ.

"ئەرێان" یش دە کوپێکی دایە بۆ ئەوەی براندیی پێ بکڕێ، خۆشی ئەوەندەی توانی بەپەلە پرۆزێ خۆی گۆڕی، "درۆشکی"[3] یەکی بردو بەرەو راسگۆلیای کەوتە رێ لەبەردەم ئەو ماڵی مردووەکەی لێ بوو پۆلیس وەستابوون. بازرگانیش دەهاتنو دەچوون دەتگوت قەلەڕەشنو بۆنی لاشەی مردوویان نردووە.

تەرمەکە لەسەر تەختەیەك دانرابوو، زەرد وەك مۆم، بەاڵم هێشتا شێوەی تێك نەچوو بوو، خزمو دراوسێو کارەکەرەکانی ماڵەوە هەموو لەدەوری وەستابوون. پەنجەرەکان هەموو کرابوونەوە، مۆمەکان داگیرسابوون، قەسیسەکانیش نوێژیان بۆ مردووەکە دەکرد..

ئەدریان بۆ الی برازاکەی –ترۆخینا– سەرکەوت کە پیاوێکی فرۆشیار بوو پاڵتۆیەکی جوانی لەبەردابوو؛ ئاگاداری کردەوە کەوا تابووتو مۆمو بەرماڵی بەزەیی و پێویستییەکانی دیکەی پرسە بەتەواوی ئامادە بکرێ. میراتگرەکەش بەدزییەوە سوپاسی کردو تێی گەیاند کەوا لەسەر نرخەکەی سەودای لەگەڵ ناکات ئەویش لەسەر نەریتەکەی خۆی سوێندی خوراد کە پارەی زۆری لێ وەرناگرێ، رووی لێ وەرگێڕاو جیابۆوە تادەست بەئیشەکەی بکات.

تەواوی رۆژەکە لەهاتو چۆی نێوان (راستگۆلیای)و دەرگای (نیکیتسکایا) بەسەر چوو. دەوروبەری ئێوارە هەموو شتێ بەکۆتا هاتو دوای ئەوەی شۆفێرەکەی جێ هێشت، بەپێ بەرەو ماڵ بۆوە، مانگەشەو بوو، ئەدریان بەسەاڵمەتی گەیشتەوە دەرگای نیکێسکایا.

لەنزیك کڵێسای (جەژنی سەرکەوتن)[4] هاوڕێمان یۆرکۆ کە دەیزانی ئەدریان خۆشی دەوێ، شەوباشی لێ کرد. شەو درەنگ بوو، ئەو کاتەی تابووت دروستکەرەکە لەماڵەوەی نزیك دەکەوتەوە، هەستی کرد کە یەکێ لەدەرگای ماڵەکەی نزیك دەبێتەوە دەرگاکەی کردەوەو تیایا ون بوو.

ئەدریان بیری کردەوە (ئەم پیاوە کێ بوو؟ کێ بێ دیسان بۆ من هاتبێ؟ تۆ بڵێی دز بێو هاتبێ دزیم لێ بکا؟ دەزانم کە شتێکی باش نییە. من دەترسم!) نزیك کەوتەوە خەریك بوو بچێتە ژوورەوە هەر کە خاوەن ماڵەکەی بینی بەپەلە بەرەو رووی هاتو وەستاو شەبقە سێ سووچەکەی داگرت بەرای ئەدریان لەناسیاو دەچوو. بەاڵم لەبەر پەلە پەلی نەیتوانی دیقەتی بدات.

ئەدریان هەناسەی خۆی راگرتو گوتی: (تۆ سەردانێکت لەسەرمە، تکات لێ دەکەم کە بفەرمووی).

ئەویش بەمنگە منگێکەوە گوتی: لەسەر داوەت کردن هیچ مەوەستە، تۆ لەپێشدا بڕۆ ڕێگە بەمیوانەکانت نیشاندە.

ئەدریان کاتی نەبوو تالەداوەتو داوەتکاریدا بەسەری بەرێ. دەرگاکە کرایەوە، ئەم هەنگاوی هەڵناو ئەویش بەدوایەوە.

ئەدریان هەستی کرد کە گوێی لەدەنگی ڕۆیشتنی خەڵکە لەژووری ماڵەکەیدا...

لەبیری خۆی ا گوتی: شەیتان لەمە مەبەستی چیە؟! بەپەلە چووە ژوورەوە، بەڵام ئەو شتەی بەرچاوی کەوت، وای لێ کرد قاچەکانی لەدوای نەیەن.

ژوورەکە پڕ بوو لەتەرم تریفەی مانگ لەپەنجەرەکەوە لە ڕووخسارە زەردو شینەکانی دەدان. تەرمی ڕەش، لاواز، چاوی نیوە قوچاو، لووتی نوشتاوە، ئەدریان بەترسێکەوە لەناو تەرمەکان ئەوانەی ناسینەوە کە خۆی ناشتوونی. ئەو میوانەی لەگەڵی هاتە ژوورەوە میر لیواکە بوو کە ڕۆژی بارانە بەگوڕەکە نێژرا. ئەوان هەموویان بەژن و پیاوەوە بەسەلام داهاتنەوە دەوریان لەتابووت دروستکەرەکەدا، تەنیا یەکێکی هەژار نەبێ کە بەم دواییە خۆڕایی نێژرا. لەبەر جلە کۆنەکانی خەمی دەخواردو شەرمی دەکرد. لەخۆی ڕانەدەبینی کە بتوانێ بچێتە پێشەوە، بۆیە لەسوچێکەوەو دوور لەخەڵکەکە بەهێمنی مایەوە.

ئەوانی تر هەموویان جلی جوانیان لەبەرکرد. تەرمی ژنەکان بەچەفیەو شریتەوە، فەرمانبەرەکان بەجلی ڕەسمانەوە، بەڵام ردێنیان نەتاشیبوو، بازرگانەکان بە(کافتان)ی پشودان، میر لیواکە بەناوی هاوڕێیەکی بەڕێزەوە قسەی کردو گوتی: (دەبینی. پرۆخۆرۆف، ئێمە هەموو بۆ داوەتەکەت هەستاوینەتەوە. تەنیا ئەوانە نەبێ کە نەیانتوانی بێن، لەمانەوە مانەوە. ئەوانەی کە وەک پارچەی بچوک بچوک شی بوونەتەوەو لەئێسکی ڕووت زێتر هیچیان نەماوەتەوە، بەڵام لەوانە تەنیا یەکێک نەبێ کە ئارامی نەگرت بمێنێتەوەو زۆر حەز دەکا بتبینێ.

لەو کاتەدا پەیکەرە ئێسکێکی بچووک بەناو خەڵکەکەدا بەپاڵنان لەئەدریان نزیک بۆوە، بەرووێکی بێ گۆشت. بەدڵێکی خۆشەوە بزە گرتی. پارچە پەڕۆی سەوزو سوورو پارچە کەتانی خراپی پێوە شۆڕ ببۆوە، وەک چۆن بەستوونەکەوە کرابن.. ئێسکی قاچی لەنێو پووتە گەورەکەی کە تا ئەژنۆی هاتبوون، شرۆو هۆڕی دەهات. وەک دەسکە ئاوەن لەنێو ئاوەن وابوو.

پەیکەرە ئێسکەکە گوتی: پرۆخۆرۆف، نامناسیەوە؟.. سێر جێنتە خانەنشینەکەی بەرگریت بیر نایەتەوە؟.. (پیتەر پیترۆفیچ گۆریلگین) ئەو کەسەی کە یەکەم تابووتت پێ فرۆشت، ئەویش لەجیاتی دار بەپوو کاژ بوو.

پەیکەرەکە بەدەم ئەم قسانەوە باسکە ئێسقانیەکەی بەرەو ئەدریان درێژ کرد، بەڵام ئەدریان هەموو هێزی خۆی کۆکردەوەو هاوارێکی لی هەستاو پاڵێکی پێوەناو لەخۆی دوور خستەوە. پیتەر پیترۆفیچ بەلادا کەوتو بووە هەزار پارچەوە. لەناو مردووەکان غەڵبەغەڵی تۆڵە سەندنەوە پەیدا بوو، هەموویان بۆ ڕێزلێنانی هاوڕێکەیان هەستانەوە هەموو ڕۆ قینی خۆیان بۆ ئەدریان دەرخستو هەڕەشەو لەعنەتیان لێ کرد. ئەو خانەخوێیە هەژارە لەگەڵ هاتو هاواریان کەڕ بوو، هەر خەریک بوو بمرێ، هۆشی نەماو کەوتە سەر ئێسکەکانی سێرجێنتە خانەنشینەکەی بەرگریو چاوی نوقا. هەندێ تیشک لەسەر ئەو جێگەیەی دەدا کە تابووت دروستکەرەکەی لەسەر پاڵ کەوتبوو، دواجار چاوی هەڵێناو کارەکەرەکەی لەبەردەمی بینی کە خەریکی قۆریەیە چایەکە بوو.

ئەدریان بەپەشۆکاویەوە هەموو سەر بردەی ڕۆژی رابردووی گێڕایەوە، میرلیواکە سێرجێنت

کۆرێلکەیەک، بەسەرێکی خەیاڵاوییەوە قیت بۆوە. چاوەنۆڕی کارەکەرەکەی دەکرد بۆ ئەوەی دەست بەقسە بکاتن تاسەربردەی شەوی رابردووی بۆ بگێڕێتەوە. ئەکسینا رۆبەکەی بۆ راگرتو گوتی "باوکی بچوك ئەدریان پرۆخۆرۆڤ. خەوەکەت چەند خۆش بوو! دراوسێ بەرگ دروودەکەت لێرە بوو، نۆبەتدارەکەش هات بۆ ئەوەی پێت رابگەیەنێ کە ئەمرۆ (جەژنی ناو)[5] یەتی، بەڵام تۆ خەوەکەت زۆر بەپرخو هۆڕ بوو، حەزمان نەکرد بەئاگات بێنین".

-کەس هاد: بەدوامدا بۆ خوالێخۆش بوو ترۆخینا؟

- خوا لێخۆشبوو؟! بۆچی مرد؟
- چەند شێتی، ئەی خۆت یاریدەت نەدام بۆ ئامادەکردنی پێویستییەکانی پرسەکەی؟
- ئەوە تۆ تێکچووی باوکە بچوکەکە؟!. یاهێشتا خواردنەوەکەی دوێنێ شەو بەری نەداوی؟ پرسەی چی هەبوو دوێنێ؟.. تۆ دوێنێ تەواوی رۆژەکەی لەلای ئەڵمانیەکە لەداوەت دابووی، پاشان بەسەرخۆشی هاتیەوەو خۆت خستە سەر جێگاکەو تائەو سەعاتەی کە زەنگی (پیرۆزی)[6] لێی دا هەر خەوتبووی.
- بەڕاستی؟!
- بەڵێ هەڕاستمە!
- باشە مادام وایە ئەوەندەی پێت دەکرێ زووکە چایەکە دەم بکەو بانگی کچەکانیشم بکە.

(٤) جەژنی سەرکەوتن: لای مەسیحییەکان ئەو جەژنەیە کە مەسیح بەرەو ئاسمان سەر دەکەوێ.

(٥) جەژنی ناو: لای مەسیحییەکان ئەوەیە کە جەژنی لەدایك بوونی یەکێ لە قەشە پیرۆزەکانە کە هەمان ناوی هەبێ لەگەڵ یەکێك دەبێتە جەژنی ناو بۆ ئەو کەسە.

(٦) پیرۆزیی: جەژنێکە لای کاسۆلیکە رۆمانییەکان.

***

تێبینی/ پەراوێزەکانی ئەم چیرۆکە لەئامادەکردنی خۆمەو لەگەڵ دەقی چیرۆکەکەدا نییە. ئەسڵی چیرۆکەکەش ناوی (Coffin Maker)ە.

سەرچاوە: Tates of the supernatural. By Edward Bulwer Lytton and others.

پەراوێز:

(١) کافتان: جلێکی درێژە، لەناو قەدەوە قایشێکی هەیە لەهەندێ وڵاتانی خۆرهەڵاتدا لەبەری دەکەن.

(٢) هێز: وشەیەکی ئەڵمانییەو واتای (مستەر)ی ئینگلیزی دەگەیەنێ.

(٣) درۆشکی: گالیسکەیەکە وڵاخ رایدەکێشێو چوار پێچکەی هەیەو سەری والایە لەرووسیا بەکار دەهێنرێ.

گەمەی راستیەکان

سالح بێچار

سلێمانی ١٩٩٩

ئەم ئێوارەیەش، وەک زۆر ئێوارەی تر، لەسەر هێڵی راستە شەقامەکە، تۆ تەنیا خاڵێکی هەنگاوە کورتەکانت، دوێژی شەقامەکە سەردەبڕن.. ئولفەتێک، سەیرت بەم شەقامەوە گرتووە... تەمەنێکت لە پیاسەی ئێوارانیدا بەسەربردووە.. کەچی ئەم ئێوارەیە دوو دڵیت.

پێت وایە دەبوو، نەهاتیتایە.. (نەدەبوو... بەجێ بێڵم... من لە کەیەوە چاوەڕێم فرسەتێکی ئاوام بۆ هەڵکەوێت؟.. کەچی ئەوەتا لێشی رائەکەم!.. ئەو لە من ئازاتر بوو... بەڵام من نەمتوانی ڕووبەڕووی ببمەوە... کەی لەوە باشتر هەڵدەکەوێت؟ تەنها هەر بتاریش لەماڵ بوو... دیارە من خۆم کەسێکی لاوازم! دەنا خەونم بە کاتێکی ئاوهاوە دەبینی... هەر کە بینیم، ویستم کۆنترۆڵی خۆم بکەم و ئاسایی بم.. بەڵام نەمتوانی.. هەناسەم سواربوو.. بۆ یەکەم جار هەستم بە لێدانی دڵم کرد.. کاتێکیش هەموو توانای خۆم کۆکردەوە و پێم وت.. (بەیارمەتیت... من دەبێت بچمە دەرەوە) ئەو بە نیگایەکی سیحراوییەوە پێی وتم.. (کوڕە پوریکی بێڕەحمی..) بەڵام من وا تێگەیشتم.. زیاتر مەبەستی بێغیرەتیم بوو. تا بێڕەحمیم.. ئەگەر واش بێت هەقێتی.. چونکە من .. چەندین جار بڕیارم داوە، کە بینیم، هەموو شتێکی پێبڵێم.. کەچی نەمتوانی.. نازانم لەکوێوە، دەست پێبکەم؟.. ترس و شەرم.. هەموو ڕێیەکیان لێبەستووم.. نازانم چۆنی پێ بڵێم؟.. بەڵام ئەی چۆنە لە بتاری خوشکمەوە دەست پێبکەم؟.. بۆ.. نا..؟ .. خۆ بنار و تافگە زۆر تێکەڵن.. رەنگە لای بنار، ئاسانتر بتوانم، هەموو شتێك بڵێم.. بێگومان ئەوێش، ئاسانتر دەتوانێت هەموو شتێك بە تافگە بڵێت.. بڕواناکەم ئەوان هیچ لە یەکتری بشارنەوە.. دوورنیە، هەموو نهێنییەکی، یەکتر بزانن.. من هەر لە ڕێی بنارەوە، زانیم.. تافگە حەزی بە ڕەنگی شینە.. لەو ڕەنگە کراسم کڕی.. بەڵام ڕەنگە تافگە ئەمەی وەک ڕێکەوتێك وەرگرتبێت.. هەموو دیواری ژوورەکەی خۆشم کردۆتە، وێنەی ڕووبار و دەریا و تافگەی شین..!

بڕیارە هەر ئەمڕۆش (کارا) ئەو تابلۆیەی بۆ تەواوکردبم.. کە گفتی دامێ بیکاتە دیاری ژوورەکەم.. کارا، دەیووت.. (وادەکەم.. لەنێوان دوو کێوی بڵندەوە.. تافگەیەك بڕژێتە خوارەوە.. پێدەشتی خوارەوەش دەکەمە ڕووبارێکی شین.. هەردوو بەری ڕووبارەکەش بە بژوێنێکی پڕگوڵی ڕەنگاوڕەنگ، دەنەخشێنم.. لە (باك گراوند) یشدا بە (تەلاشی) سیمای کچێك نیشان دەدەم، هەر لە وێنەی سەیرانەکەی دووکانی ئەو بچێت..) ئەو سەیرانە.. یەکێکە لە شیرین ترین یادگاریەکانی تەمەنم.. لەوێ لەنێوان دوو شینایی ئاو و ئاسمان دا، چەندین وێنەمان پێکەوە گرت. لەوکاتەوە.. تاکە خەم ڕەوێن و ڕۆشناییم.. ئەو چەند وێنەیەن، ئێستاش زۆربەی شەو، هێندە سەرنج لە چۆنێتی وەستان.. دوورونزیکی نێوانمان.. شێوەی تێڕوانین و

جۆری جل و بەرگی دەدەم.. خۆشم نازانم، چۆن و کەی خەو دەمباتەوە.. هەندێك شەویش، هەر بە هەمان جل و بەرگەوە هاتۆنە نێو خەونەکانمەوە..)

بەر لەکۆتایی شەقامەکە.. دەگەیتە (وێنەگە*)ی کارا.. ئەو خۆشحاڵە بە چوونت.. پاشان مژدەی تەواوبوونی تابلۆکەشت دەداتێ.. زۆر بە تامەزرۆیی بەنێو وێنەکاندا چاودەگێڕێت..

- کوا.. نایبینم؟..

کارا.. ئاماژە بۆ گۆشەیەك دەکات.. وێنەیەك لەسەر (ستاند)ێك داپۆشراوە.. وەك ئەوەی کارا، ویستبێتی.. جگە لە خۆت، کەس بۆی نەبێت، یەکەم بینەری ئەو تابلۆیە بێت.. کارا لە چاوەکانتا.. بێسنوری تاسە و حەزت ئەخوێنێتەوە.. بە چەند هەنگاوێك دەگاتە لای تابلۆکە.. وەك ئەوەی جەماوەرێکی زۆر چاوەڕوانی پەردەلادانی ئەم تابلۆیە بن.. کارا بە بڕوا بەخۆبوونێکی زۆرەوە.. پەردەکە لادەدات.. سەرەتا تۆ و.. پاشان خۆیشی چەپڵەدەکوتن.. تابلۆکە ناسکترە لەوەی چاوەڕێی بووی.. لە خۆشیدا، بە چاوی پڕفرمێسکەوە.. باوەش دەکەی بە کارادا..

- سوپاس.. سوپاس هاوڕێی ئازیزم.. سوپاس.

* * *

(.. ماوەیەکە زۆر بێتاقەتە.. ڕووخۆشیەکەی جارانی نەماوە.. کەم دووبووە، لەوەناچێت ناساغیش بێت.. ئەترسم بە نهێنیەکەی زانیبێت.. بڵێیت وابێت؟.. جا، لە ڕێی کێوە بیستوویەتی؟.. بڕواناکەم.. بەڵام تاکەی هەر دەی‌بیستێ.. ئەم بێدەنگی و خەفەتتباریەی بێهۆ نییە.. ئەڵێم، ئەمشەو بچمەوە ژوورەکەی خۆی قسەی لەگەڵ بکەم.. هەموو شتێکی لەگەڵ باس بکەم.. کاکیشم هەروای پێباش بوو.. تەنانەت ئامانەتی‌یەکانیشی بۆ گێڕامەوە.. کاکم دەیووت: (درەنگیشە.. دەبوو زووتر پێمان بوتایە..) ڕاست پش ئەکات.. بەڵام.. بەڵام ئاخر، چۆن پێی بڵێم؟.. ئێستا پیاوێکە.. خۆ منااڵەکەی جاران نییە.. هەر شەرمیشی لێئەکەم.. بەڵام خۆ ناکرێ: هەرواش بمێنێتەوە؟.. ئەی‌چی بکەم؟.. چۆن ئەو باسەی لەگەڵدا بکەمەوە؟.. وا چاکترە بە نووسین.. ئا.. بە نووسین ڕاستی مەسەلەکەی تێئەگەیەنم.. ئەوە بیست ساڵە، ئەو دوومەڵە لەسەر دڵمایە.. ئیتر وەختی دەربوونی هاتووە.. هەر ئێستا هەموو شتێکی بۆ دەنووسم..)

دایکت.. لە نووسینکەی بۆوە..بە ترس و دوودڵی‌یەکی زۆرەوە.. بەرەو ژوورەکەی تۆ دێت.. دەرگای ژوورەکەت والآیە.. دایکت، شان دەدات بە شانی دەرگاکەوە.. دەبینێت تۆ، ڕووبەڕووی تابلۆکەی کارا دانیشتوویت.. هێند بە قوواڵی سەرنجت لێداوە، چوپتە ناو تابلۆکەوە.. خۆت دەدەیتە بەر تافگەکە و لەژێر خوڕە و قەڵبەزەیدا سەما دەکەیت.. سەمایەکی شێتانە، سەمای پاکبوونەوە.. دواتر دەچیتە نێو مێرگی گوڵە ڕەنگاوڕەنگەکانەوە پڕ بە سی‌یەکانت بۆنیان پێوە دەکەیت.. بۆنی هەناسە و پرچەکانی تافگەیان لێدێت!.. سیما تەلاشی‌یەکەی پشت ئاوەکە.. ئاشکراتر دەردەکەوێت.. کارا، ڕاستی وت: تەواو لە تافگە دەچێت.. جۆری قژی.. ڕەنگی چاوی.. دەم و لێوی.. لەگەڵ ڕەوتی ئاوەکە، دادەبەزێتە خوار بۆ نێو ڕووبارەکە.. ڕووەو تۆدێت.. بەڕادەیەك لێت نزیك دەبێتەوە، لەسەر کراسە شیفۆنە شینەکەیەوە هەست بە سپێتی، پێستی دەکەیت.. تا ناوقەدی لەنێو ئاوەکەدایە.. فریشتەی دەریات بیردێنێتەوە.. بەنازەوە نیگایەکت بۆ دەکا و قژە تەرەکەی، هەڵدەداتەوە بۆ سەرشان و ملی.. بۆت پێدەکەنێت.. چەند مشتێ ئاوت لێدەپرژێنێت.. مووچوڕکەیەك بە هەناوتا دێ.. ئەو لە سەر ئاوپرژێنەکەی بەردەوامە.. تۆ لە خۆشیدا.. قا، قا لێدەدەیت.. پڕبە ژوورەکە، پێدەکەنیت.. هەست بە قورسایی دوو دەست دەکەیت لەسەر شانەکانت.. وەردەچەرخێیت.. دەشڵەژێیت، تەریق دەبیتەوە.. دایکت بە لێوەلەرە و سەرسوڕمانەوە لێت دەپرسێت:

- چیتە کوڕم.. تۆ بۆ وائەکەیت؟..
- هیچ.. دایەگیان.. هیچ..
- چۆن هیچ کوڕم.. چۆن؟.. شتێك هەیە تۆ لە منی ئەشاریتەوە..
- نازانم.. بڵێم چی؟..

- چۆن بڵێی چی؟.. هەموو شتێك بڵێ كوڕم.. هەڵبەت متمانەت بە دایكت نیە؟.
- نا.. دایە.. خۆم بە نیازبووم، لەگەڵ بنار قسە بكەم. بەڵام دەكرێ لەگەڵ تۆش.. لە هەمان مەسەلە بدوێم..
- دەی.. بەقوربانت بم.. بڕۆ..
- دایە..
- دایە.. دەمەوێت بە راستی پێت بڵێم.. تاقگەی خاڵم.. دایكت.. بە ناوهێنانی تاقگە.. تێك دەچێت.. سوورهەڵدەگەڕێت.. هەردوو شانت بە تۆندی رادەوەشێنێ و دەقیژێنێت بە سەر تا:
- كێ پێی وتی كە تاقگە.. كێ ئەم نهێنییەی پێ وتیت؟..
- دایە .. نهێنی چی و پێوتنی چی؟.. تۆ باسی چی ئەكەیت؟..
- لە بری وەڵام.. دایكت نامەیەك دەنێتە مشتت، نامەكە دەكەیتەوە (كوڕی خۆم.. كارزان.. نازانم لەكوێوە دەست پێبكەم؟.. بیست ساڵە من لەكەڵ ئەم نهێنییەدا، دەژیم و دەمرم.. تۆ تەمەنت دوو ساڵ و (رازان) ی خوشكت حەوت مانگ بوو.. كە باوكت جوانەمەرگ بوو. پاشان من ئێوەم بردوو چوومە لای خاڵت.. دوای زیاتر لە دوو ساڵ، هاوڕێیەكی نزیكی خاڵت، داوای كردم.. خاڵیشت رازیبوو.. ئەویش لە ژنی پێشووی.. تەنها كچێكی هەبوو.. لەسەر داوای من و خاڵت. ئەو كچەش لە تۆ مارەكرا.. من، تۆم هێنایە لای خۆم و (رازان) یشم هەر لای خاڵت بەجێهێشت.. ئێستاش كاتی ئەوە هاتووە، چەند راستییەك هەن تۆ بیانزانیت..

(رازان: خاڵت پێناسی بۆ دەرهێناو كردی بە كچی خۆی.. ناوەكەشی گۆڕی بە تاقگە. ئەو كچەش كە لە تۆ مارەكرا.. "بنارە"..)

نامەكەت بۆ تەواوناكرێت.. سەرت قورس دەبێت.. نامەكە لە دەستت دەكەوێتە خوارەوە.. ژوورەكە لەپێش چاوت گێژ دەخوات.. بەسەر دایكتا دەقیژێنیت..

- شتی وا چۆن دەبێت.. چۆن؟..

(بنار) بە پڕتاو خۆی دەكات بە ژوورداـ

- دایە.. ئەوە چییە.. كاكە كارە بۆ وادەكات؟!..

كەس وەڵام ناداتەوە. تۆ دەكەویتە سەر چۆك.. بە قۆڵپی گریانەوە، سەردەنێیتە سەر ئەرزكە.. هاوار دەكەیت:

- شتی وا نابێت.. نا..

(بنار) هیچ تێناگات.. بە سەرسوڕمانەوە لە هەردوكتان دەڕوانێت چاوێك بە ژوورەكەدا، دەگێڕێت.. پاشان ئەویش نامەكە هەڵدەگرێت..!

* وێنەگە: مرسم

● ئەم چیرۆكە لە چوارەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژدا خوێندراوەتەوە.

پانزە تیرۆژە چیرۆك

دانا فایەق

جاڵجاڵۆکە

- بۆ پێشوازیکردن لە میوانەکانی.. بەردەوام لە هەوڵی دروستکردنی تەلاری قەشەنگتر و سازکردنی بەتامترین – خوان – دایە.. بەڵام هەرکە برسێتی شاڵاوی مەرگی بۆ دێنێ.. بێ ڕاوەستان دەست بە خواردنی دڵی نزیکترین میوانی دەکاو.. ئامادەشە جوانترین کۆشك لە بناغەوە هەڵوەشێنێ..!

یادگاری

- دوای ئەوەی خۆشەویستێیە درۆییەکەی نێوانیان کۆتایی هات.. بڕیاریاندا گشت وێنەو نامە و دیارێکان بۆ یەکدی بگەڕێننەوە.. بەڵام چەندیانکرد نەیانتوانی یەکتری لەیاد بکەن.. چونکە ماچەکان بە هیچ جۆرێك ڕازی نەبوون بە گەڕانەوە..!

دیاری

- زۆربەی ئەوانەی خوێنیان دەمژن.. نە وەکو مێشوولە باڵیان هەیە پێی دەربازبن.. نە هێندەی ئەوانیش بچوکن نەیان بینن.. کەچی نەك هەوڵی لەنێوبردنیان نادەن.. بەڵکو زۆرجار بەدەستی خۆیان دوا دڵۆپ خوێنی دڵیانی پێشکەش دەکەن..!!

بڕیار

- بە درێژایی تەمەنی یەکەمجاری بوو زات بکات بە ئاشکرا و بەبێ ترس.. خراپ لە چاك بژاریکاو.. پاکیش لە پیس جیاکاتەوە.. لەناکاو لە قیژەو هاواری دەنگی خۆی ڕاپەڕی و بەئاگاهات.. زۆر بەپەلەو بێ دواکەوتن بڕیاریدا واز لە خەوتنیش بهێنێ..!!

ئینجانە

- دەستی بەناو دڵیا گێڕا.. هەرچی گوڵێکی تێدابوو دەریهێنا.. بە نووکی پێی سەری یەك بەیەکیانی پانکردەوە.. تەنها یەك دانەی هێشتەوە.. چونکە زانی بێگوڵیش ناتوانێ بژی..!

نیگا

- بەرلەوەی نیگای بە ڕوخساری ئەو ئاشنا بێت.. هەستی بە پێویستی چاوەکانی نەدەکرد.. کەچی ئێستا پێی وایە دووچاو کەمە..!

ئارەزوو

- بۆئەوەی لە ئامێزی – دایك – هاوێری نەکەن و .. لە مژینی – مەمك – داینەبڕن.. هەرگیز نەیدەویست لە قەفەزی مندااڵی ئازادی کەن.!

رەنگدانەوە

- بە پاشماوەی ئێسقانەکان بێشکەیەکیان بۆ دروست کرد.. خەنجەرێکیان لە جێی سەرینەکەی دناو.. لە زنجیریش دەسرازەیان بۆ دروستکرد.. لەجیاتی شیر فێری مژینی خوێنیانکرد.. بۆیە تا تەمەنی بەرەوهەڵچوون دەچوو زیاتر دڵی بە فراوانبوونی گۆڕستانەکان دەکرایەوە..!

دەماماك

- ئەو دەستە پڕ بەزەیی و پێغەمبەریانەیەی کە ئەمڕۆ تەرمەکەیان هەڵگرتووە و بەڵێنیشیان داوە کە لە ژێریدا دەرنەچن ئەگەر لەبەر ماندوویێتی یان قورسی تەرمەکە هەڵیشوەرێن.. هەمان ئەو دەستە ئەهریمەنیانەیەی دوێنێن کە رۆحی ئەویان هەڵلووشی..!!

دۆزەخ

- هیچ باکی نییە لە دیمەنە تۆقێنەر و پڕ ئازارەکانی دۆزەخ.. چونکە خۆی لەناو ئەو دیمەنانەدا لەدایك بووە..!

قەبر

- نازانم.. لە تەنگی و تاریکیەکەی تۆقیون.. یان لە ترسی دێوودرنجەکانی هەڵدێن.. بەڵام ئەوەندە دەزانم.. بۆ قریودانی خۆیان و خۆشکردنی دڵیان.. ناویان لێناوە – ئارامگا – !!

تەنیایی

- لە هەر پەناو گۆشەیەکەوە بزەیەکی دەستکەوتایە.. بێ راوەستان نیوەی پێشکەش بە ئەوان دەکرد.. بەڵام کاتێك قەدەر هەڵی دەستکەوت و هەموو گۆشە و پەناکانی لێکرد بە (شیوەنستان).. کەسیان ئامادە نەبوون تەنها یەك دڵۆپ فرمێسکی لێوەرگرن..!

قوربانی

- یەکا جار دڵم بوو فێری کردم بۆ هەموو قوربانیەکان خوێن پێشکەش بکەم.. چونکە بۆخۆی لە بەرامبەر ئەو دزیانەی بە چاوەکانمی دەکا و.. ئەو درۆیانەی بە زمانمی دەکاو.. ئەو سوالأنەی بە دەستەکانمی دەکاو.. ئەو فەرمانانەی بە ئەندامەکانی تری جەستەمیان دەسپێرێ.. خوێنیان پێ دەدات!

لەدایك بوونەوە

- ویستی ئەمجارە بەدەستی خۆی رۆحێکی نوێ بۆ جەستەی هەڵبژێرێ.. بۆیە کرنوشی بۆ پەپوولە برد تا کەمێك ناسکی بە دڵی ببەخشێ و.. پەنای بۆ گوڵ هێنا بۆئەوەی زمانی خۆی فێربکا و.. دەستی کۆتریشی ماچ کرد هەتا دەستەکانی ئاشنای خۆشەویستی بکات.. بەڵام کاتێك پەپوولە و گوڵ و کۆتر بەجێیان هێشت.. هێشتا نیوەی دڵی بەرد و.. نیوەی زمانی هەر درك و.. دەستێکیشی هەر چەقۆ بوو..!

پرسە

- بەردەوام بۆ پرسەی.. یان چلە و سالیادی هاوێزبوونی ئازیزێکی لەپێدا بوو.. هەموو جارێکیش لە ریزی پێشەوەی شینگێڕاندا هەڵدەکورما.. بەڵام بیری نەبوو تەنها چرکەیەك لە پرسەی خۆیدا بەشداری بکا و.. یەك تنۆك فرمێسکیش بکات بە قوربانی..!!

سلێمانی ١٩٩٩

ئەو گەشتەی لە یادی ناکەم

زۆراب

ساڵانی دەربەدەریم لە هەندەران بیرەوەری تاڵی زۆری پێدام.. هەندێك ساتەوەختی خۆش و بەپێزیشی دامێ کە لەلام زیندوون.

بەرەبەیانی رۆژێکی بەهاری ساڵی (١٩٩٠) زەنگی تەلەفۆنەکەم لێیدا. ئەو دەمانە ژیان رۆتینێك بوو کە وەك تێزاب ئێسکەکانی کلۆردەکردم.غوربەت لەولاوە بوەستێ، ئەوینی نیشتمان و زێدی باو و باپیران لە هەمووی سوتێنەر تر.

رووداوەکانی رۆژانە چاوەڕێکراو و یەك رەنگ بوون. ئەوەی چاوەڕێم نەدەکرد ئەو هەواڵە بوو کەبیستم. دەنگی ئەوسەری هێڵی تەلەفۆنەکە پێم ئاشنابوو، لەوەپێشیش زوو زوو ئەو دەنگە لەتەلەفۆنەکەدا بەرگوێم دەکەوت.

رێبوار سەعید بوو، پێی راگەیاندم کە لەگەڵ هونەرمەندی بەتواناو پێشمەرگە کاك (رەمزی قوتبەدین) دا گەیشتوونەتە پاریس.

منیش بێلێکدانەوە و چاوەڕێکردن، هەرچەند خەواڵوش بووم، وتم: بە زووترین کات دەگەمە لات.

ساڵانێکی دوورودرێژبوو چاوەڕێی دیدارێکی لەوجۆرە بووم. بەیەك شادبوونەوەیەکی لەوجۆرە پاش چەند ساڵێك دەیتوانی بزە بخاتە سەر لێوم. بۆ یەکەم جار دوای سالانی غوربەت پێکەنیم.

کەمێکی تر پێکەوە قسەمان کرد. مالئاوایمان لەیەك کرد . کە تەلەفۆنەکەم دانا بیرم کردەوە چۆن بە زووترین کات بگەمە پاریس.

دوو گرفت لە رێگەمدا بوون: یەکێکیان ئەوەبوو ئەو دەمە لە پاریس و شارەکانی تری فەرەنسا تەقینەوەی زۆر ئەنجام دەدرا. ڤیزە وەرگرتن لەسەر هەموو کەسێك ناچاری بوو.. منیش دەبوو داوای بکەم. دووەمیان کەمی پارە و کەم دەرامەتیم بوو. ئەوکاتە لە زانکۆی ئوپسالا دەمخوێند و هەموو رۆژانی شەممە و یەکشەموان بۆئەوەی کەمێ پارە پەیدا بکەم لەپاڵ خوێندندا بەیانیان زوو رۆژنامەم دابەشدەکرد. پارە بەشی نەدەکرد.

گرفتی یەکەمیانم لە دووەمیان پێ گرانتر بوو. داوای خۆم بۆ ڤیزە رەوانەی سەفارەتی فەرەنسا کرد لە ستۆکهۆڵم.. مانگی ئەپریل بوو. بۆ مانگی ئۆگوستوس (١٩٩٠) ڤیزەم پێدرا. باش بوو تا ئەو کاتە هاوینە ئیش کەمێك گیرفانی قورس کردم.

تەلەفۆنم بۆ رێبوار کرد و پێم راگەیاند کە لە کاتی دیاریکراودا لە فڕۆکەخانەی دیگۆڵەوە دەچمە ناو خاکی فەرەنساوە.

کاتژمێر دوانزەی شەو گەیشتمە جێ..لەبەردەمی ئوتێلەکەدا چاوەڕێی رێبوار و رەمزیم کرد. هاتن، پاش ساڵوو لەباوەشگرتنی یەکتر چووین بیرەیەکمان خواردەوە. دواتر بەجێیان هێشتم. شەوەکەی هیچ نەخەوتم. بەیانی کاتژمێر هەشت رێبوار هات. چوینە دەرەوە و لە باخچەیەکدا دانیشتین. تێر قسەمان کرد. هەفتەیەکی کورتم بەدەستەوەبوو بۆیە داوام لێکرد هەر لەگەڵ منداا بێت، ئەویش ئەو چەند رۆژە بۆ زمان خوێندن نەچوو.



رۆژانە بەیانیان زوو دەکەوتینە گەڕان.. شەوان درەنگ دەگەڕاینەوە بۆ ماڵەوە.

لەو رۆژانەدا سەردانی چەند شوێنێکی گرنگمار کرد.. لەوانە:

- مۆزەخانەی لۆقەر
- مۆزەخانەی جۆرج پۆمپیدۆ.
- کڵێسەی مۆنماخت و مەیدانی مۆنماخت.

رێبوار کە لە کوردستان بوو زوو زوو پەویەندی پێوە دەکردم. بەڵام لە ساڵی (١٩٨٦)ەوە هەواڵیم نەدەزانی.. تا جارێکیان بە رێکەوت لە یەکێك لە بڵاوکراوەکانی (ی.ن.ك) دا مۆتیڤی پیشمەرگەیەکم بینی سەری مەشخەڵ بوو بە بەرهەمی رێبوارم زانی، واتە بووە بە پێشمەرگە. ئەم پۆستەرەسەرنجڕاکێش بوو:

جارێك ژمارەیەك رۆژنامەنووسی فەرەنسی سەردانی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانیان کردبوو. هەوڵیان دابوو رێبرار ببینن و قسەی لەگەڵ بکەن.

پاشان کە دەگەڕێنەوە بۆ فەرەنسا لە رۆژنامەی (لومۆند) دا ریپۆرتاژێك لەسەر رێبواری هونەرمەند بڵاودەکەنەوە.

دوای ماوەیەك رێبوار لە رێگەی ئێرانەوە زوو زوو پۆستی گەورە گەورەی بۆ دەناردم. ئەو پۆستانە بەرهەمە هونەرییەکانی کە لە بەرگەڵو و پێشمەرگایەتی ئەنجامی دابوون تیابوو.

کارەکان زۆربەیان پاستێل بوون، لەسەر مقەبای پێڵاوی (کفش میلی) نیگارکرابوون. بەوەدا دەردەکەوت کا بشتی تابلۆکان چاپی (کفش ملیی)یان پێوەبووە. بەڵگەو نیشانەی کەم کەرەستەیی و کۆڵنەدانی هونەرمەندانی کورد بوو.

تا ئەو کاتەی گەیشتە پاریس یەك جانتای گەورەیان پڕکرد. لەگەڵ خۆم دا بۆم بردەوە بۆ پاریس.

لە پاریس (ئازاد)ی خاوەنی کتێبخانەی راپەڕینی شەقامی پیرەمێردم ناسی. ئازاد کوڕێکی ناسك و خۆش مەجلیس بوو. لە ماڵەکەی ئەو دەخەوتین. دەرگاکەی قفڵی نەبوو. هەر شەوەی چەند کەسێك لەوێ دەخەوتن. بەیانیان بۆ خۆشی دەیووت: وردەکان بکەرە ئەو شوشەیەوە. شووشەیەکی گەورەی دانابوو پڕبوو لە وردە.

هەر لە ماڵەکەی ئەودا مامۆستا (حەمە سەعید) ی سیرامیکم ناسی. بە رەسمی لە بەغدادەوە هاتبوو تا لە پێشبڕکێی سیرامیکی مینیاتۆریدا بەشداری بکات. چەند جارێك پێکەوە گەڕاین. گۆزەکانی بە بارستایی کبریتی دەنکە شقارتەیەك دەبوون.

لە پاریس ژمارەیەك هونەرمەندی لاوی کوردم بینی. بە کاری پۆرتڕێتکردنی بازرگانییەوە خەریك بوون. هەندێکیان لە مەیدانی مۆنماخت جێگەیان هەبوو



بە پارە پۆرتڕێتی گەشتیارەکانیان دەکێشا. ئەو گەشتیارانە وایان دەزانی پیکاسۆی ئایندە لەوێ دانیشتووە و بە پۆرتڕۆیتەکە دەیانباتە مێژووەوە. لە راستیدا ئەو هونەرمەندانە گاڵتەیان بە یەکێکی وەکو رێبوار دەکرد کە ئەتێلەی هەبوو و بەکاری هونەریەوە خەریك بوو. رێبوار ئەوکاتە دەرچووی ئەکادیمیەکی هونەریی نەبوو، ئیشی ئەکادیمی



نەدەزانی.. نەیدەتوانی پۆرتڕیت وێنە بکات. (ڕەمزی) و (عوسمان قادر) ی هونەرمەندی لە بەرامبەرخۆیدا بە لێهاتوتر دەزانی.

ڕێبوار زۆر ئیشکەربوو.. شەو و ڕۆژی وابووە (١٤) کاژێر کاری کردووە، ئەمەش لە هونەردا. واتە ئەزموونی زۆری بەدەست هێناوە. ئەو برادەرانە پێیان دەووت شێت بووە. بەڵام ڕێبوار دەیزانی چی دەوێت. دەیویست ببێت بە هونەرمەندێك جێدەستی دیاربێت.

* * *

سەردانی لۆقەر:

دەروازەی چوونەژوورەوەی لۆقەر سەرنجی ڕاکێشام. هەڕەمی کریستاڵی لەسەر مۆدێلی هەڕەمەکانی میسر لەسەر دەروازەکە دانرابوو. سەرۆك (میتران) هەڕەمەکانی دانابوو.. زۆر کاری نایابی بەئەنجام گەیاندبوو، لەوانە یەکێك لە گەورەترین کتێبخانەکانی فەرەنسا و جیهان. ئەمانە و زۆر شتی تر ناوی لە مێژوودا نەمر دەکەن. دۆستایەتی ئەو بۆ ئێمەی کوردیش بە نەخشی زێڕین لە هزر و مێژووی خۆمۆندا تۆماردەکەین.

لە گەڕانماندا بەناو لۆقەردا شتی سەیری زۆرمان بینی. (مۆمیاکەی فیرعەون) یەکێك بوو لەوانە. هەردووکمان لەم بەروبەرەوە دانیشتین.. بۆ خۆشی وتمان: گەر ئازای قسە بکە! چەند سەیرە مرۆڤ هەندێك جار لەبارەی تراژیدیترین و قەدەغەترین شتەوە قسەی خۆش دەکات. لە ڕووی ڕێزەوە بۆ مرۆڤی مردوو نە ئەبوو ئەو قسەیە بکەین. بەهەرحاڵ هیچ وەڵامی نەبوو ئەو فیرعەونەی ڕۆژێك لە ڕۆژان حوکمی شارستانیەتە کۆنەکەی دۆڵی نیل و میسری کۆنی دەکرد.. ئێستە بێدەستەڵات، لەبەردەماندا کەوتووە. مۆمیاکە قوماشێکی تێئاڵێنراوە لە شاڵی خۆمان دەچێت. لاشەی باریك و باڵای مامناوەندی بوو.

پەیکەری ڤینۆس

لەبەردەمیدا وێستمان وێنەیەك بگرین. وێنەگرتن قەدەغەبوو، تیشکی فلاش کاری خراپ دەکاتە سەر کەرەسەی پەیکەرەکە. بە ژنێکی گەشتیارمان وت وێنەی گرتین. کامێرەکەمان لێوەرگرت و بەپەلە ڕۆیشتین. هەر لەو کاتەدا پاسەوان گەیشتە سەر ژنە.



لە دڕێژەی گەشتەکاندا بەناو ئەو کانزا هونەرییەدا لەبەردەم تابلۆی (ئازادی سەرۆکایەتی گەل دەکات) ی دیلاکروادا وێنەمان گرت. مۆنالیزا بە قەرەبالغی دەوری گیرابوو.. نەك وێنەگرتن نەمان توانی بگەینە بەردەمیشی.

لەژێر زەمینی دەروازەی لۆقەردا (چونکە کە دەچیتە ژوورەوە دەچیتە خوارەوە) لە کتێبفرۆشیەك سەیری کتێبمان کرد. ڕێبوار سەیری کۆڕاسە هونەرییەکانی دەکرد و وتی: چەند خۆش دەبوو ڕۆژێك لە ڕۆژان کۆڕاسی خۆمم بۆ بکرایە.

ڕێبوار ئەمڕۆ هونەرمەندێکە لە ئاستی نێو نەتەوەیدا ناسراوە. ڕەخنەگرە بەتواناکان لەسەری دەنووسن.



کتێبی (وشە و ڕەنگ) هەکەی لە بەرنامەی زانکۆدا دەخوێنرێت.

پرۆژەکانی تری، (باڵندە باران، پێنج هەزار شەهید و بۆ دوو هەزار سالّ دوو هەزار وشە و وێنە)، بەڵگەی ئەوەن کە لە کۆڕاسی تێپەڕاندووە. ئەوەش بە هەوانتە بەدەست نەهاتووە، نیشانەی ماندووبوون و کۆڵنەدانیەتی.

* * *

سەردانی جۆرج پۆمپیدۆ:

ئەم کۆشکە هونەرییە مەزنە سەرتاپا لە بۆری دروست کراوە.

لە دوو دەروازەوە چوونەژوورەوەکە ئەنجام دەدرێت. هەردوو دەروازەکە بەرامبەر یەکن. ژمارەیەك پێپلیکە دەچێتە خوارەوە، بەرامبەر، واتە لەنێوان ڕۆشنایی دوو دەروازەکاندا، دەروازەی چوونە ژوورەوەکەی ئێمە پۆڕتڕێتێکی جۆرج پۆمپیدۆی ئەندازیار هەبوو کە لە بنمیچەکەوە شۆڕکراوەتەوە. پۆڕتڕێتەکە وەکو لە گلۆپی شیریی دروست کرابێت دەهاتە بەرچاو. کە چوینە ژێری ئەویش لە بۆری دەهێنا. تیشکی دەروازەکەی تربوو ئەو تیشکدانەوە نایابەی دەخولّقاند. ئەمەش خۆی لەخۆیدا شاکارە. واتە پۆڕتڕێتەکە پەیکەربوو لە بۆری..، فەزا و هەڵبژاردنی فەزای پەیکەرەکە حسابی وردی بۆ کرابوو. ئەوەش بلیمەتیی دەوێت. دانانی پەیکەر فەزای نایابی دەوێت.



ڕەمزی قوتبەدین

دروست کرابوو.. بۆرییەکان بە ئەندازەی جۆراوجۆر بڕدرابوون، بەجۆرێك کە وێنەی پۆمپیدۆیان پێك

لەوێ لە یەکێك لە ژوورەکاندا تابلۆیەکی پیکاسۆ هەڵواسرابوو. ڕێبوار ڕوومەتی لێنزیك کردەوە و وتی: باوەڕناکەم ئێستە گەرمایی جێدەستی پیکاسۆ بەر ڕوومەت دەکەوێت!

منیش بەهۆی گەڕانی زۆرەوە پەنجەکانی پێم تلۆقیان کردبوو، خواخوام بوو بڕۆین.

ئەویش وەك من ماندوو بوو، بەڵام مەراقی بۆ هونەر ئەو چێژەی دەدایە، چێژە هونەرییەکەش ماندوویەتیی لەبیر بردبوەوە.

* * *

گەشتی بەردەواممان بەناو پاریسدا کە لە چوار ئەڕۆندیزما پێك دێت.. هەندێ شتی نایابی تری لە خەیاڵمدا تۆمار کرد.

لەگەڵ ڕزگاری مۆسیقاژەندا لەبەردەم دیواریکدا وێنەمان گرت. ئەم دیوارە هەمووی وێنەی سەرکردە و ناوداراکانی سەدەی بیستەمە و لێی نووسراوە: (سەدەی بیستەم ئەمانن)

زۆر بە تیۆروتەسەلی لە وێنەکانم ڕوانی. ئەو بەشداریەی ئێمەی کورد لە سەدەی بیستەمدا هەمان بوو بە هیچ جۆرێك ئاماژەی بۆ نەکرابوو. منیش زۆر غەمباری کردم.

کورد بە لە چەوساوەیی و شۆڕشگێڕی وڵات پارچەکراوی و سەرکردەی خەباتگێڕەوە.. کە بە



کوشتار و لەناوبردنی لەلایەن دوژمنانیەوە.. بە کیمیاباران. کراوی و ئەنفال کراوییەوە بەشداری ئەم سەدەیەی کرد، بە هیچ جۆرێك باس نەکرابوو. ئەمە وای لێکردم قینێك لە ناخمدا چەکەرە بکات. وای لێکردم دڵی خۆم بەوە بدەمەوە گەر رۆژێك لە رۆژان رزگارمان بوو ئێمەش هەوڵ بدەین سەدەی بیستەمی خۆمان، بەشداری بڕوێنەی خۆمان لە تۆمارکردنی ئەو سەدەیەدا لەسەر دیوارێکی خۆمان تۆماربکەین.

ئەو دیوارەی خۆمان بە سەرکردە خەباتگێڕەکانی خۆمان، بە گۆرانی بێژ و شاعیر و چیرۆك نووس و پیاوچاکانی خۆمان، بە سەربازە نەناسراوەکانی خۆمان لە پیرەمێرد و ژن و منداڵی بێتاوان کوژراومان پڕبکەینەوە.

بە فەرەنساو بەریتانیا کە دابەشیان کردین بڵێین ئێمە ئیتر بەوە رازی نین باسمان نەکرێت.. سەربەرژەوەندیەکان و ئازارەکان و تێکۆشانەکان و ساتەوەختە خۆشەکانمان تۆمار نەکرێت.

ئەنستیتۆ سندوقێکی پێدرابوو.. ئەو سندوقە لەلایەن بیست یان (٢٥) کەسایەتی فەرەنسییەوە پارەی پێدەدرا تاکو لاوانی کورد بتوانن بخوێنن. لەو کەسایەتیانە (سیمۆن دبوفوار) یەکێکیان بوو. داوای زۆر کەسی تری وەکو ڕێبوار رەت کرابوەوە.. لەوانە (بەختیار ئەحمەد) لە سوید دەژیا. خۆشبەختانە ڕێبوار لە بەریتانیا ئەو هەلەی بۆ ڕەخسا و نائومێد نەبوو.

نیویۆرك لە پاریس:

لە نیویۆرکی پاریس سەردانی ئەو بینا گەورەیەمان کرد کە لە (لودڤانس) بەرزکراوەتەوە. ئەم بینایە کاتێك تەواوکراوە توشی گیروگرفتی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەشەبا بووە، بۆیە ئەندازیارەکەی ناچاربووە چارۆکەیەکی لە پۆڵا بۆ دروست بکات و پێوەی هەڵواسێت، بۆئەوەی لە ڕەشەبا بپارێزێت و هاوسەنگیی ڕاگرێت.

بورجی (ئەیفل)

پاش نیوەڕۆیەك، لە خۆرئاوادا بەسەرکەوتین. لاوێکی کوردی ڕۆژنامەفرۆشمان گەیاندە سەرەوەی بورجەکە. ئەو لاوە حەوت ساڵ بوو لە پاریس بوو بەڵام ڕێی نەکەوتبووە ئەو ئاستە بەرزەی ئاسمانی پاریس.

* * *

یەکێك لە مەراقە گەورەکانی ڕێبوار خوێندن بوو. وتم ئەی بۆ لە ڕێگەی ئەنستیتۆی کوردی پاریسەوە هەوڵی دکتۆرسیەك نادەیت؟وتی: داوام لە بەختیار ئەمین و دکتۆر فەرهاد کەنداڵ کردوە وەریان نەگرتووم.

(پێشمەرگە بۆ سەری بسووتێ،
با ئاگرەکە مەشخەڵێك بێت بە دەستیەوە)
ئەم وتەیەی سەرەوە ڕەخنەیەك نیە نوسەری ئەم بابەتە لە پۆستەرەکەی گرتبێت، بەڵکو وتەیەکی مێژوویی بە

کەمال غەمبار:
ئێستا بە تیرۆانینێکی نوێوە دەنووسم

مامۆستا کەمال غەمبار یەکێکە لە رەخنەگرە ناسراوەکانی حەفتاکان، بە عەرەبی و کوردی خزمەتێکی زۆری نەدەبی کوردی کردووە، شەوێک لە ئوتێل میر کەوتینە گفتوگۆ، دەربارەی شیعر و رەخنە و رۆژنامەنوسی و یادگارییەکانی. بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە:



لە راستەوە بۆ چەپ = کەمال غەمبار - لەتیف شێخ حامد ١٩٦٠ بەغدا

() مامۆستا کەمال غەمبار کەی و چۆن هاتۆتە بواری رەخنەوە؟ ئایا سەرەتاشتان هەر بە رەخنەبوو؟

– قسەیەك هەیە دەڵێ هەموو رەخنەگرێ شاعیرێکی فاشیل بووە بەڵام من هەرگیز لەگەڵ ئەو بۆچوونە نیم، راستە من لە سەرەتادا بە شیعر دەستم پێکرد لەگۆتاییدا خۆم لە بواری رەخنەدا بینیەوە. ئەوەی کە هانی دام زیاتر لەم بوارەدا کاربکەم ئەوەبوو کە لە کولێژی پەروەردە سالانی ١٩٦٠–١٩٦١ پرۆفیسۆرێك بە ناوی د. سلم النعیمی

سەردەمی شیعری جاهیلییەوە هەتاکو سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست و لەدواییدا نازك الملائکە، چەند محازەرەیەکی دەربارەی شیعری نوێ و ئەدەبی نوێ پێگوتین واتە ئەوە وروژاندنم بوو بەرەو رەخنەی ئەدەبی. زۆرجاریش هەندێ لە برادەرانی کۆلێژی ئەدەبیاتی کوردی کە مامۆستا سەجادی رەخنەی پێدەگوتن نموونەی شیعریان بۆ من دەهێناو بۆم شیدەکردنەوە، لە دواییدا دوای دەرچوونم وەك مامۆستایەك دەرسی رەخنەی ئەدەبم لە قوتابخانەی ئامادەیی و پەیمانگا و کۆلێژی ئادابی / زانکۆی سەلاحەدین گوتۆتەوە.

() سەرەتا بە کوردی یان بە عەرەبی دەستت پێکرد؟

– لە راستیدا من هەر لە قۆناغی سەرەتاییدا لە رێگەی گۆڤاری گەلاوێژەوە فێری خوێندنەوە و نووسین بووم لەبیرمە لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووم دەفتەرێکی سەد پەرەییم بۆ خوێندنکارێکی دەوڵەمەند نووسییەوە بەرامبەر ژمارەیەك گۆڤاری گەلاوێژ ئیتر چەند هەوڵێکی سەرەتاییم لە بواری شیعردا دەست پێکرد بەڵام کە گەیشتمە قۆناغی دواناوەندی لەبیرمە لە پۆلی چوارەمدا یەکەمین شیعرم بە عەرەبی نووسی کە ئەمە دەقەکەیەتی:

حبيبتي انى اليك لمحتاج
ان سوق جمالك لها رواج
انت التي تنيرين مشاعرى
ولتبديد ظلمات قلبي سراج
وانا كالفراش اطوف حولك
و انا امامك كالمصباح وهاج
لقد قيل ان الحب جريمة
و ما عقابها الا الزواج

ئەمە سەرەتای دەستپێکردنم پوو بە شیعری عەرەبی. یەکەمین شیعری کوردیم ساڵی ١٩٥٦ بڵاوکردۆتەوە لە گۆڤاری اذاعة بغداد کە ئەمە چەند کۆپلەیەکێتی:

گوڵ و گوڵزار، شنەی شەماڵ
زەردەخەنەی جوانی منداڵ
ئاسمانی ساو و دووچاوی کاڵ
هەموو جوانن وەکو بەهار.
شادی دڵن دڵی غەمبار
بەڵام سۆزی دایکی نازدار
زیاتر دڵ ئەکا بەختیار

() ئەی یەکەم بابەتی رەخنەییت کەی و لە چیدا بڵاوبۆتەوە و لەسەرچی‌بوو؟ ناونیشانەکەی چی‌یە؟

– یەکەم نووسینی رەخنەیی ئەدەبیم بە زمانی عەرەبی بوو لە گۆڤاری الثقافة / صلاح خالص ساڵی ١٩٧٣ لەسەر عەبدوڵڵا پەشێو.

() ئەی وابزانین شتێکت لە (الاديب العراقي) دا بڵاوکردۆتەوە؟

– ئەوە نووسینی خۆم نەبوو بەڵکو وەرگێڕانی چیرۆکی (خازێ)یە ١٩٦٧ دا چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووسییان لەگەڵ سازدام و لە گۆڤاری (فكاهة) بڵاوبۆتەوە.

() یەکەم مامۆستا کە کاریگەری لەسەرت هەبووبێت لە بواری ئەدەبدا؟

– یەکەم مامۆستا کە هانی‌دام بۆ خوێندنەوەی شیعر و ئەزبەرکردنی مامۆستا عبدالمجيد نورالدين بوو کە شعیرەکانی فایەق بێکەسی وەك نابەزین، داری ئاوادی، کوردە بەسیەتی و.. تاد پی‌ئەزبەرکردین من یەکەمین قوتابی بووم لە قۆناغی سەرەتایی‌دا کە هەموو رۆژ لە ریز دەردەچووم بە دەنگێکی گەرم و گوڕ شیعرم دەخوێندەوە.

یەکەمین پەخشانیش کە لەبەرم کردبێ ساڵی ٩٥٠ بوو کە لە گەلاوێژدا بڵاوکرابووەوە هێشتا زۆر لە برگەکانم لەبیرماوە. ئەویش بەناوی (ئەوانەی نامرن – ئەبرهام لاجکولن. ع. و. نوری).

برگەکانم لەبیرماوە. ئەویش بەناوی (ئەوانەی نامرن – ئەبرهام لاجکولّن. ع. و. نوری).

() یەکەمین کتێبی کوردی و یەکەمین کتێبی عەرەبی کە سەرنجیان راکێشاویت؟

– یەکەمین کتێبی کوردی سالّی ١٩٥٠ خوێندومەتەوە بەناوی (هاوڕێی منداڵی – شاکیر فەتاح) هەروەها یەکەمین کتێبی عەرەبی کتێبێکی جبران خلیل جبران بوون) (المواکب).

() مامۆستا چۆن سەیری رەخنەی سالّانی حەفتا دەکەیت؟

– زۆربەی رەخنەکان خالّی نەبوون لە کارتێکردنی ئایدیۆلۆجیا زیاتر بایەخیان بە ناوەڕۆك دەدا لەوەی بایەخ بە لایەنی هونەری بدەن. مەگەر جارویار لەملاولا هەندێ رەخنەگر توانیبێتیان لە مەسەلەی تەکنیکی شیعر و چیرۆك نزیك ببنەوە.

() ئایا رەخنەگرانی سالّانی حەفتا توانیویانە بەردەوام بن لەو بوارەدا؟

– ئەوانەی کە رەخنەیان دەنووسی ژمارەیەکی کەم بوون هەندێکیان گۆڕەپانەکەیان چۆڵ کردووە، هەندێکیشیان بەردەوامن بەلّام دوورن لە ئەدەب و رەخنەی نوێ. لەبەرئەوە نەیانتوانیووە خۆیان پێ بگەیەنن و شتی نوێ پێشکەش بگەن.

() دەتوانن ئاماژە بۆ هەندێ نووسین و ناوی رەخنەگر بکەن.

– بەڵی هەندێ لەوانەی لەو سالّانەدا ئامادەبوونیان هەبووە وەکو فوئاد مەجید میسریو فوئاد قەرەداغیو کمال میراودەلی. بۆنموونە هەندێ لەنوسینەکانی فوئاد قەرەداغی لەسەر چیرۆکی حسین عارف لەنوسینە رەخنەییە باشەکان بوو کە دەکرێ ئاماژەی پێ بدرێت.


قررت الهيئة الادارية لاتحاد الأدباء العراقيين
قبول السيد كمال [redacted] عضواً في الاتحاد بتاريخ ٥ / ٢ / ١٩٦٩
الرئيس
السكرتير
پێناسی یەکێتی نووسەرانی عێراق

() ئەی ئەو نووسینانەی نێوان روانگەییەکانو نووسەرانی دەرەوەی روانگە چۆن هەڵدەسەنگێنێ.

– حەزدەکەم بەر لەوەی بێمە سەر روانگە بڵێم ساڵی ١٩٦٧ بوو کە هاوڕێی جوانەمەرگم لەتیف شێخ حامد کۆمەڵە شیعرێکی دەست خەتی داپێم بۆ ئەوەی کەناوی شاعیرەکە بهێنێتو پێی وتم حەز دەکەم بزانم باری سەرنجت بەرامبەر ئەم کۆمەڵە شیعرە چیە. کە خوێندمەوە هەستم کرد شاعیرێکی نوێ دوای گۆران لەدایك بووە. بەلای نوێ خوازی دوای گۆران. دوایی دەرکەوت ئەو شاعیرە لەتیف هەڵمەتە. لەدایکبوونی روانگەش دوای دەرچوونی بەیانەکەی فاضل العزاویو سامی مەهدیو خالد علی مصطفیو فوزی کریم)ە. هەرچەندە گروپی روانگە نکوڵی لەوە دەکەن بەلّام ئەوانە هەر هەموویان لەو کاتەدا لەژێر یەك خێوەنّدا بوون. جاری واهەبوو قسەو بۆچوونی دانیشتنی سەرمێز دەبوو بەشیعر. چەند کەسێك هەمان بیروبۆچوونی یەکتریان بڵاو دەکردەوە. بەلّام ناشکرێ کە نکوڵی لەوە بکەین جۆرە بزافێکیان خولقاند لەڕووی داڕشتنی ئەدەبیەوە.

لەبەر ئەوەی ئەوانەی خاوەنی فیکرو هزری

پێشکەوتن خواز بوون رووبەڕووی ئەو گروپە بونەوە چونکە ئەوانیش وەکو تەوژمی مستقبلیەکانی روس رووبەڕووی پۆشکین و شاعیران و نووسەرانی داهێنەر بوونەوە کە خۆیان نوێنەری سەردەمن. نالی و شاعیرانی تری کلاسیکیان رەت دەکردەوە بەدواکەوتوویان لەقەڵەم دەدان. دوایی هەر خۆیشیان لەهەڵوێستەکانیان پاشگەز بوونەوە و جارێکی تر گەڕانەوە سەر دان نان بەداهێنانی شاعیرە کلاسیکیەکانداو نەنانەت شاعیرێکی وەکو فەرهاد شاکەلی لەکاتی خۆیدا دەمەقاڵێکی بەنووسین لەگەڵ منداا هەبوو کە من شاعیرانی دەستەی روانگەم لەو ئاستەدا سەیر نەدەکرد بەپێی چوارچێوەی مێژوویی کە لە گۆڕانیان تێپەڕکردبێت کەچی کاتێ ئەو کۆمەڵە شیعرێکی بەناوی (پرۆژەی کودەتایەکی نهێنی) بڵاوکردەوە لەبەرگەکەی پشتەوەی نووسیبووی گوایە لەگۆرانی تێپەڕ کردووە کەچی هەر خۆیشی کە چووە سویدو فێری سویدی بوو شیعرەکانی گۆرانی کرد بەسویدی. عەبدوڵڵا پەشێویش نوسیبوی من واز لەشیعر دەهێنم ئەگەر بەخۆم رانەپەڕموم کە لەگۆرانم تێپەڕکردبێ.

() مامۆستا وەکو دەزانین کاک ئەنوەر لەدەرەوەی روانگە بوو. خۆیشی گرتوبەتی ئەو لەدەرەوەی روانگە بووە کەواتە ئەمە چۆنە؟

– هەندێك لەو نووسەرانە وەك بڵێی شەپۆلی نوێخوازی رایماڵین کەچی لەو ئاستەدا نەبوون کە بتوانن لەڕەوتەکەدا بەردەوام بن. هی وایش هەیە لەگۆڕانی روانگەدا کە بەرهەمی باڵودەکردەوە بەڕوانگەیی ناودەبرا. فەرهادیش هەرچەندە شاعیرێکی داهێنەر بوو بەڵام بەوە ناسرا کە روانگەییە.


() لێرەدا سەرنجێك هەیە/ لەراستیدا فەرهاد شاکەلی لەچاوپێکەوتنێکدا لە (ئەنتۆلۆژیا) دەڵێت من دەفتەری شیعرەکانم لای خوالێخۆشبوو مامۆستا جەلالی میرزا کەریم بوو. ئەو بەبێ پرسی من دوو شیعری لەژمارەکانی گۆڤاری روانگەدا بڵاوکردبووەوە.

– مادەم لێرەدا کە ناوی جەلالی میرزا کەریم هات ئەو کاتە شاعیرەکانی گروپی روانگە وەك مامۆستایەك سەیری ئەویان دەکرد. بەر لەوەی کە شیعر بڵاوبکەنەوە پیشانی ئەویان دەدا. لەهەمووانیش زیاتر توانی ئیقاعی شیعری کوردی بگۆڕێت هەرچەندە بەداخەوە ئەو شاعیرە گەورەیە پشت گوێ خراوەو من نەبێت چەند جارێك لەسەرم نووسیوە رەخنەی کوردی لای لێ نەکردۆتەوە.

() ئەوەی لەسەر پەشێو نووسیت چ جۆرێ بوو؟

– ئەوەی لەسەر پەشێو نووسیم لایەنی سیاسی هەبوو کە گاڵتەی بەڕەوتی تێکۆشان دەکرد هەر ئەویش رەنگدانەوەی شیعرەکانی نزار قەبانی بوو. لایەنی دووەم کەمنی وروژاند ئەو بەگژداچوونە تووندە بوو کە گوایە ئەو لەسنووری گۆرانی تێپەڕاندووە کەچی کۆمەڵێك شیعری لەملاو لەولا وەرگرتووە بۆ نموونە لەنزارو نازم حیکمەتو شاعیری وێنان (لاوس لاورس) وەرگرتبوو کە بەزەقی لەشیعرەکانیدا دیار بوون منیش دەقی بەرچاوی ئەو شاعیرانەم هێنانەوەو لەگەڵ شیعرەکانی پەشێودا بەراوردم کردن، چونکە بەڕاستی عەبدوڵڵا پەشێو هەرچەندە شاعیرێکی ناسك بوو بەڵام لەپڕ ئەو بازدانەیم کە (لەشەونامەی شاعیرێکی تینوو)دا هاتە بەرچاو لام دیاردەیەکی سروشتی نەبوو چونکە لەپڕ بوو بەشاعیرێکی کوردی ئاستی نزار قەبانی.

() ئایا رەخنەی کوردی لەکەیەوەو کێ دەستی پێکردووە؟ ئەکادیمیەکان رایان وایە لەسالانی بیستەوە دەستی پێکردووە لەو وتارەی بەناوی سیاپۆشەوە نووسراوە؟ هەندێکی تر رەفیق حیلمی و دوای ئەویش عەلادین سەجادی بەرابەر دادەنێن.. ئێوە لەم روانگەوە چی دەڵێن؟



هاوینی ١٩٦٢ بەغدا لە راستەوە بۆ چەپ: کەمال غەمبار- ئیسماعیل خۆشناو- محیالدین زەنگەنە

وشەی رەخنەو نقد هەر لەسەردەمی مەلای جزیریو ئەحمەدی خانییەوە لەشیعرەکانیاندا هاتووە، بەلام پاش لێکۆڵینەوەیەکی قوڵ بۆم دەرکەوت حاجی قادری کۆیی یەکەمین کەسە کە لەرەخنە گەیشتبێ لەسەردەمی خۆی یا کە رەخنە لەبنچینەوە لە (نقد) واتە (دراو) وەرگیراوە. حاجی شیعرەکانی خۆی وادەخاتە بەرچاو کە هەموو کەس ناتوانێ پەی پێ ببات، لەبەر ئەوە شیعرەکانی ئاو ناوە (نقد) رەخنەگریش بە (صراف) هەروەها چەمکی رەخنەی ئەدەبیش هەر لەزەمانی یۆنانیەکانەوە ئاوە دەگەیەنێ کە جیاکردنەوەی دراوی زیوو زێڕی قەڵبو رەسەنە. ئەوجا تۆ دەتوانیت حوکمی بەسەردا بدەیت. هەندێك دەڵێن رەخنە بەشێوەیەکی زانستی، هەرچەندە سەرەتایش بووە لەنووسینەکانی سیاپۆشەوە دەست پێدەکات، دوایی ئامارژە بۆ فایەق بێکەس دەکرێت کە ئەو شیعرانەی بۆ گەلاوێژ دەهاتن دەخرانە بەردەستی ئەو و هەڵیدەسەنگاندنو دوای پەسەندکردن بڵاوی دەکردنەوە، هەندێ نموونەی رەت دەکردەوەو بەوەش تووشی سەرئێشە دەهاتو زۆر بەتوندوتیژی وەڵامی دەدانەوە. ناکرێت ئامارژەش بۆ ئەنجومەنی ئەدەبیاتی ئەمین فەیزی (١٩١٩) نەکەین کە زۆر زیرەکانە باس لەشیعر دەکات کە بەهرەو سەناعەتە بەتایبەتی کە ئامارژە بۆ شێخ رەزای تالەبانی دەکات کەچی رەخنەگرێکی میسری وەك دکتۆر شەوقی ضیف دوای شەستەکان ئەو بۆچوونەی بەرامبەر شاعیرێکی وەکو امروألقیس هەیە.

ئیتر نوسینەکانی رەفیق حیلمی لەبەرگی یەکەمو دووەمی شیعرو ئەدەبیاتی کوردیدا هەنگاوێکی تر بەرەو رەخنەی ئەدەبی کوردی بەتایبەتی لەبەرگی دووەمدا هەست دەکەین بەباکگراوندێکی دەوڵەمەندو بەجۆرە پرۆگرامێك شیعر هەڵدەسەنگێنێ. ئەگەر لەم بوارەدا زیاتر کاری بکردایە پەنجەی زیاتر لەسەر نەخشەی رەخنەی کوردی دیارترو بەهادارتر دەبوو.

○ ئەی وانابینی کە رەخنە لە حەفتاکاندا دوور بووە لە مەنهەجو زیاتر ئینتباعات بووە؟

– راستە زۆربەی رەخنەکانی ئەو سەردەمە ئینتباعی بوو بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە لەرۆژنامەکاندا کاریان دەکرد. نووسینەکانیان پەلەکردنی پێوە دیارەو مەنهەجیان نیە، هەروەها بڵاوکردنەوەی رەخنەی ئەدەبی زیاتر بۆ گۆڤار دەشێت نەک رۆژنامە لەبەر ئەوانەی لەو بوارەدا کاریان دەکرد بەدەگمەن لێکۆڵینەوەیەکی بەپێزو قوڵیان بڵاوکردۆتەوە.

() چ رەخنەگرێك یان چ تەوژمێکی رەخنەیی ئەوروپی یان عەرەبی لە سەرەتادا سوودی پێگەیاندوون؟


– لە سەرەتاوە زیاتر نووسینەکانی دکتۆر علی جواد الطاهر بوو پاشان یەکەمین کتێب کە کاری کردە سەرم، ئاسۆی رەخنەی فراوانتر کردم کتێبەکەی دکتۆر شوقی ضیف بوو بەناوی (الشعر و مذاهبە) لەدواییدا بەرهەمەکانی فاضل ثامر، لە دەرەوە، بەرهەمەکانی نووسەرانی میسر د. محمد مندور و عزالدین اسماعیلو کمال ئەبو دیب... تاد. لە ئەوروپیەکانی ڕیش ئەی. ئای. ریچاردز.

() رات دەربارەی رەخنەی ئەکادیمی چیە ئایا لایەنە سلبیەکانی ئەو لەوەدان کە زیاتر پەل بۆ دەرەوەی دەق دەهاوێ؟

– ئەو شێوازەی رەخنەی ئەکادیمی کە بەناو ئەکادیمییە جۆرە کۆتو پێوەندێکە ئەو ئازادییەی کە رەخنەگر وەك مافێك بەخۆی دەدات تاڕادەیەك سنووری بۆ دەکێشرێ، تەنانەت لەنامەی ماستەرو دکتۆراشدا ئەو مەرجانەی کە بەسەر نووسەری نامەکەدا دەسەپێنرێن زۆر شت لەکرۆکی بابەتەکە دەشێوێنن کە دەکرێت خاوەن نامەکە پەیوەندیدار نەبێت بەو مەرجانەوە، لەبەر ئەوە دەبینین زۆربەی تێزەکان پڕکراوەن (حشو) زیاتر نزیکن لەراپۆرت نەك باسی زانستیو هەندێ لەوانە رەنگە نەتوانن بابەتێکی ئینشائی داڕێژن لە هەمان کاتدا بڕوانامەی ماستەریان دکتۆرایان پێ ڕەوا دەبینرێ ئیشەکانیان تەنانەت کۆکردنەوەی زانیارییە لەم سەرچاوەو ئەو سەرچاوە بێ ئەوەی خاوەنی بیروڕاو بۆچوونی خۆیان بن. ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریشەوە پابەندبوونی نووسەری تێزەکە بەڕێنوماییەکانی مامۆستای سەرپەرشتکار ئەگەر بەهەڵەشدا چووبێت لە پەلو پۆی دەخات لەبەر ئەوە من وەکو رەخنەگرێك کە زۆر جار ئامادەی وتو وێژەکانی زانکۆی بەغداو زانکۆی سەلاحەدین بووم کەسانێك کە دوورن لەبواری ئەدەبو رۆشنبیری بەداخەوە لەپێگەی بڕوانەمەکانیانەوە دەخرێنە ناو زانکۆ لەو ئاستەدانین بتوانن شتێ بەشتێ بکەن. زیاتر برەو بەو مەڵبەندە بدەن کە سەرچاوەی بالای رۆشنبیریو زانستە.

() گۆران شاعیرێکی داهێنەرە کاریگەری بەسەر نەوەکانەوە هەبووە. حەفتاکان چییان لەگۆران وەرگرتووەو لەکوێدا بەجێیان هێشتووە؟

– ئاشکرایە کە گۆران یەکەمین شاعیرە کە کاری کردۆتە سەر شیعری نوێی کوردی. کەم شاعیرانی شەستەکانو دوای شەستەکان بەرچاو دەکەون کە لەسەرچاوەکەی گۆران ئاویان نەخواردبێتەوە. هەندێکیان هەر لەسەر ئەو رێچکەیە مانەوە، هەندێکی تریشیان هەنگاویان بەرەو پێشەوە نا. لێرەدا حەز دەکەم ئاماژە بەچمکی تێپەڕاندن بکەم. هەڵبەت ئاشکرایە کە شاعیرانی دوای گۆران سنووری گۆڕانیان بڕی بەڵام بەپێی چوارچێوەی میژوویی ناکرێ بڵێین کە تەجاوزیان کردووەو جێ پەنجەیان لەسەر شیعری کوردی بەقەد قەبارەی گۆران دیارە. ئەمەش واناگەیەنێت کە تەجاوز نیە چونکە ئێمە ئەگەر ئەو رایەمان هەبێت مانای ئەوەیە حوکم لەسەر رەوتی بەرەوپێشەوەچوون دەدەین کە وەستاوە. دەمێنێتەوە سەر مەسەلەی دابڕینی مەعریفی کە هەندێ کەس وادەزانن بوونی ئێستا یان وەکو دومەڵانێکە لەخۆیەو هەڵتۆقیووە بێ ئەوەی حساب بۆ رابردوو رۆڵی نەوەکانی پێش خۆیان بکەن.



لەنێوانیاندا لە پوی وزەی شیعریەوە. دەتوانین ئەوانە دابنێین بەتەواوکەری قۆناغی سەردەمی گۆران بەڵام هەروەک گوتم هەموویان لەیەک ئاستدا نین هەندێکیان خاوەنی خودی ئەزموونی خۆیان نینو هەندێك لەوانە بەقەد ئەوەی کارتێکردنی شاعیرانی غەیرە کوردیان چ لەپووی فیکرەوە چ لەپووی داڕشتنەوە پێوە دیارە.

() شاعیرانی سەردەمی گۆرانو دەوروبەری چ ڕۆڵێکیان لەپێشەنگیدا بووە؟

– گۆران وەکو خۆی وتویەتی کەوتبوونە ژێر کارتێکردنی(شعرای فەجری ئاتی)واتە شاعیرانی عوسمانی وەکو تۆفیق فیکرەتو ئەوانی تر. ئەم نوێکردنەوە بەکارتێکردنی دەرەوە بووە کە گۆرانو شێخ نوری شێخ صالحو ڕەشید نەجیبو ئەوڕەحمان بەگی نفوس ڕێچکەکەیان شکاند. لەپێشەوەیاندا گۆران کە بوو بەڕابەری ئەو ڕێبازە، هەرچەندە

لەو ڕوانگەیەوە من لەو بڕوایەدام شیعری ئەمڕۆ مۆرکی سەردەمی خۆیی‌و ئایندەی میللەتەکەمان بەخۆوە دەگرێت بەتایبەتی شیعری ئەو شاعیرانەی کە ڕابردوو بەئێستاوە دەبەستنەوەو ئێستاش بەدوارۆژەوە دەبەستنەوە کە بەڕاستی شاعیری ڕەسەنن‌و زەمینەیەکی لەباریان بۆ خۆیان ڕەخساندووە کە دەتوانم بڵێم ناهەژێن‌و لەجێگای خۆیان وەک کێو توندو پتەو خۆیان ڕاگرتووە.

() کێن کە دەتوانن بڵێن تەجاوزی گۆڕانیان کردووە؟

– بەکاریگەری گۆڕانکاری ژیان‌و بەرەوپێشەوەچوونی ڕەوتی مێژوو، خەم‌و پەژارەو خەم‌و خولیای شاعیری ئەمڕۆ ناکرێن لەقاڵبە مەیوەکەی پێشوودا بمێنێتەوە بۆیە لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوە خێراکانی ژیاندا ڕێگا دەکەن. شتی تازەش دێننە بەرهەم بۆیە چەند شاعیرێك هەن کە دەکرێ وەک نموونە ئاماژەیان بۆ بکەین لەوانەش لەتیف هەڵمەت، شێرکۆ بێکەس، قوبادی جەلی زادە، کەریم دەشتی، ڕەفیق سابیر، ئەنوەر جاف، ئەحمەدی مەلا، نەوزاد ڕەفعەت... تاد.

() مامۆستا شاعیرانی حەفتاو هەشتا بەبەردەوامی حاڵەتی زنجیرەیی دەبینی لەفەزای نوێگەریدا یاخود ئەمان جیاوازن لەگۆران؟ واتە ئایا دەتوانین لەم بوارەدا چەند نەوەیەک جیا بکەینەوە؟

– ئەتوانین ئەم چەند نەوەیە وەک زنجیرێکی زێڕین لەشیعری کوردیدا بەچاوی بایەخ سەیر بکەین کە بەڕاستی شاعیری لێهاتوو ڕەسەنن، هەر نەوەیەک بەپێی تواناو کارامەیی‌و وزەی شیعری لەم بوارەدا خشتێکی لەسەر دیواری تەلاری شیعری کوردی داناوە. هەرچەندە هەر نەوەیەش ناکرێ لەپووی قەبارەی کارتێکردنی لەسەر سەردەمی خۆی بەیەک چاو سەیر بکرێت. جۆرە جیاوازییەک هەیە

لەسەرەتادا کارتێکردنی بەسەر شاعیرانی تـرەوە ئەوەندە بەزەقی دیار نەبوو وەکـو هـەر دیاردەیـەکی نوێ بەلام لە ئەنجامدا بەرە بـەرە رێچکەکـە فراوانـتر بـوو، شاعیرانی تـری بەخۆوە گـرت وەکـو بـەختیار زێوەر، دلزار، کامەران، هەردی، دیلان، ع.ح.ب. لەناو ئەوانـەدا گـۆران بەماوەستاو رابـەر دەناسـراو زیـاتر کاریگـەری هـەبوو لەسـەر نوێکردنـەوەو نوێخـوازی. ئـەوانی تریش هـەندێکیان هەرچـەندە لـە قـەبارەی خۆیان زیاتر نرخیان دانێ بۆ نموونـە کامـەران نـەبوو بـەو شاعیرەی کـە ویسـترا راگـەیاندن بیکـات بـەو شاعیرە گەورەو ئەڵتەرناتیڤی گۆران.

() لـەچ دەقێکـی رەخنەییـەوە چوارچێـوە رەخنەییەکانی حەفتاکانتان بەجێ هێشتووە؟

– دەتـوانم بڵێـم ئـەو نووسـینانەی دوای راپـەڕین بـاڵوم کردونەتـەوە هـەموویان سـنوور بـەزاندنی نووسینەکانی سـاڵانی حـەفتامن. چونکـە مـن ئێسـتا بـەتێڕوانینێکی نوێـوە دەنووسـمو سـوود لەهـەموو ڕێبازەکانی رەخنەسـازی وەردەگـرم، بەقـەد ئـەوەی کە خزمەتی نووسینەکانم دەکەن، نـەک پابـەند بم بـە ڕێبازێك یان فەلسەفەیەکی تایبەتی. بەڵامەوە هـەر ئـەم جۆرە ڕێبـازە خزمـەت بەئـەدەبو ڕۆشـنبیری کوردیمان دەکات، چونکە ڕێبازێك نەما وەکو پێشـوو بەشـێوەیەکی رەهـا مامەڵـەی لەگـەڵ بکـەین، مادەمەکی ژیان لەگۆڕاندایە هزرو بۆچوونیشـی دەبێ لەگەڵ رەوتی ژیان هەنگاو بنێت.

() بنیادگـەری چـی بەڕەخنـەی کـوردی بەخشیووە؟ ئایا ئەم مەنهەجانە (بونیادگەریو پـاش بونیادگەریو دیاردەگەری) هاتوونەتە ناو ئێمەوە یان زۆرمان ماوە لـێیان تێ بگەین؟

– بونیادگەری ڕێبازێکی تازە نیە کە هاتبێتە ناو رەخنەی ئەدەبییەوە. رەگێکی مێژووییی دێرینی هەیە، هەر لەسەردەمی یۆنانیەکانەوە تاکو ئێستا. ئەمـەی کـە ئـەمڕۆ هـەندێ کـەس بـەناوی بنیادگەرییـەوە دەقـەکان شـی دەکەنـەوە زۆریـان لەبنـەماکانی بنیادگـەری نەگەیشتوون بۆ نموونـە ڕۆلانـد پـارت بنیادگـەری ڕەت کـردەوە، پـەنای بـردە بـەر لـەزەتی دەق. بنیاتگەری تەنیا ئەوە نیـە کـە رەخنـەگر پـەنا ئەباتە بەر ئەو دەقەی کە لەهەندێ شوێندا (هاودژ – تناقضات) بەخۆوە دەگـرێ بـەڵکو ئـەرکی رەخنـەگر ئەوەیە کە کاری ئەرکیۆلۆژیانەی (هـەڵکۆڵین) پیـادە بکـات لەپشـت دەقەکـەوە دەقێکـی تـر بخوێنێتـەوە بەمـەرجێ خـاوەن دەقەکـە لـەخودی دەقەکـە نەترازێنێو دەقەکە نەکات بەملکی خۆی. دەشـکرێت هەر شتێك کە لایەنی ئەفراندنی تیادا بێت، رەخنـەگر شـانی بداتـە بـەرو بیخاتـە بـەر رونـاکی بـاری وردو سەرنجی قوڵەوە، هەروەها هیچ مەرج نیە تۆ یان هەر رەخنەگرێکی تر ئەگەر بەشێوازێکی بنیادگەریانـە لـە دەقەکـە نەکۆڵیتـەوە رەت بکرێتـەوە، گرنـگ لـێرەدا جۆری داهێنانی دەقەکەیە کە لە رەخنە ئەدەبیەکەدا رەنـگ بداتـەوە، دەتـوانم لـێرەدا رەخنەیـەکی لێکدانەوە (تفسیری) لەدێرە شیعرێکی (ابو نـواس)دا وەك نموونەیەکی داهێنەرانە بهێنمەوە کە (ابو نواس) دەڵێت:

الا فاسقنی خمراً وقل لی هی الخمر
ولا تنسینی سراً ان امکن الجهر

ئەمە لەکاتێکدا تەنیا ابـو نـواس بۆ ئـەوە چـووە ئەگـەر بکرێ مەیەکـەی بەئاشکرات بداتـێ پێویسـت ناکات کە بەنهێنی بێت لـەکاتێکدا یـەکێکی تـر دێت وەك رەخنـەگرێك دەڵێـت مەبەسـتی ابـو نـواس بەشـداریکردنی هـەر پێنـج هەسـتەکانە کـە چێـژ لەنوسینی مەیەکە وەربگرێت.

لێرە ناکرێت ئێمە بەتەواوەتی ڕێبازی بنیادگـەری چ بەشـێوەیەکی رەهـا قبوڵکـەین بێـت یـان رەتـی بکەینەوە، بەڵکو دەبێ زیرەکانەو وریایانـە مامەڵـەی لەگـەڵدا بکـەین بەقـەد ئـەوەی خزمـەتی رەوتـی ئـەدەبیو رەخنـەی ئـەدەبیمان دەکـات سـوودی لێوەربگرین. بەداخەوەش ئێمە زۆر جار هـەندێ شت لای خۆمـان دەوروژێنـین پێمـان شـتێکی زۆر تازەیـە لەکاتێکدا دەمێکە لە ئەورووپا پوکاوەتەوە.



له راستەوە: کەمال غەمبار- ڕەفیق سابیر- حسێن عارف- حەمەی مەلا کەریم

له دانیشتنێکی ئەدەبیدا - ١٩٧٦

() نوێگەری کوردی له هەشتاکاندا دەوڵەمەند تر بووە لەحەفتاکان؟ ئایا چۆن لەوە دەڕوانن؟

- شتێکی ئاشکرایە کە ئێش و ژانی میللەتی کورد بەگشتی و شاعیرانی بەتایبەتی لە حەفتاکاندا زیاتر بوو جگە لە فراوانبوونی مەودای خۆڕۆشنبیرکردن، دەتوانم بڵێم ئەمە فاکتەری سەرەکی دەوڵەمەندبوونی شیعری سالانی هەشتاکان بوو. ڕۆشنبیربوونیش بەهۆی زۆربوونی کتێب و چاپەمەنی و ئاسانی گواستنەوەی هۆیەکانی ڕاگەیاندن کە درێژبوونەوەی دوای ڕێکەوتن نامەی ئازاری ١٩٧٠ بوو. ئەم فاکتەرانە کارێکی گەورەیان کردە سەر شیعری نوێ و شاعیرانی هەشتاکان کە زیاتر بەناخی گیروگرفتەکانی میللەتەکەماندا شۆڕبینەوە و کاری داهێنەرانە بخولقێنین. دەتوانین بڵێین ئەزمونی شاعیرانی هەشتاکان درێژبوونەوەی ئەزمونی حەفتاکانە وەکو تەواوکەری یەکتر.

() مادەم باس هاتە سەر باسی شاعیرانی هەشتاکان، پێمان باشە بگەڕێینەوە بۆ سالانی شەستەکان، بۆ نموونە لەلای عەرەب شەستەکان بە (دەیەی)یەکی پڕ پیت و گەرم و گوڕی داهێنان دادەنرێت بۆ نموونە ئەگەر سەیری شاعیرانی سالانی شەستی عێراقی وەکو فازیل عەزاوی و هاوڵەکانی بکەین.

هەروەها لە شەستەکاندا لە میسرو سوریاو تەنانەت لە ئەدەبی ئەوروپاشدا زۆر گۆڕانکاری گرنگ و گەورە ڕویان داوە کەچی لەبواری ڕۆشنبیری کوردیدا سالانی شەستەکانی نەك بەرەوپێشەوەچوون نەبوو بەڵکو کشانەوەیەکی لەبەرچاو دەبینرێت بۆچی ئەمە وایە؟

- دەتوانم ئەو سەردەمە بە سەردەمی تاریك لەقەڵەم بدەم. گۆرانی لێ بترازێ شاعیرێك یان چیرۆکنوسێکی وا لەم بوارەدا نادۆزیتەوە کە ڕوخساری داهێنانی پێوە دیار بێت، بەڵای منیشەوە ئەم دیاردەیە بۆ نزمی ئاستی ڕۆشنیری کوردی دەگەڕێتەوە، بەپێچەوانەی شاعیران و نوسەرانی عەرەبەوە کە بۆ خوێندنەوە لەدایکبووبوون و خوێندنەوەیان کردبوو بە پیشە و قسەیەکی ئەتەمیش هەیە (خوێندنەوە کلیلی کەسایەتیە) نموونەشمان لەم ڕووەوە هێجگار زۆرە. شاعیرێکی وەك ئیللیەت ئەگەر هەزمی سامانی کەلتوری مرۆڤایەتی نەکردبایە نەیدەتوانی شاکارێکی وەکو وێرانەخاك بەرهەم بهێنێت. یاخود فازیل عەزاوی نەیدەتوانی ڕۆمانی (القلعة الخامسة) و (مخلوقات فاصل العزاوی الجمیلة) بەرهەم بهێنێت. ئەمەو جگە

لە بارودۆخە سیاسیەکە کە هەواو کەشێکی ناسەقامگیری بەخۆوە گرتبوو.

() سستی رەخنەی دروستی کوردی بۆچی دەگەڕێتەوە؟

– دوو فاکتەری بنچینەیی لەم بوارەدا دەور دەبینن: یەکەمیان: سەرقاڵبوونی رەخنەگر بە کاری رۆژانەوە هەڵپەکردنی بەدوای ژیاندا کە ئەوەندە ناپەرژێتە سەر خۆخەریک کردن و خۆ تەرخان کردن بۆ کاری رەخنەیی. دووەمیان: نەبوونی رادەیەکی بەرز لە رۆشنبیری کە زەمینەی لەبار بۆ رەخنەگر دەڕەخسێنێت. ئێستا هەندێک لەو رەخنەگرە لاوانەی کە دەستیان داوەتە قەڵەم ئەوەندە باک گراوندێکی رۆشنبیری و زمان ناسیان لە هەگبەدا نیە بە حوکمی ئەوەی زۆربەی هەرە زۆریان چ زمانی عەرەبی یان هەر زمانێکی تری زیندوو بەچاکی نازانن تا بەراستی و دروستی شان بدەنە بەر ڕاپەڕاندنی ئەرکی رەخنە، بۆیە دەبینین زۆر کەس لەوانەی قەرەی خۆیان لە قەرەی رەخنەدەدەن نووسینەکانیان کرچ و کاڵە و نیشانە ناپێکێت.

() چۆن هەوڵبدرێت بۆ دامەزراندنی (کۆمەڵەی رەخنەگرانی کورد)؟ بەڵاتانەوە واباشە وەک یەکەیکی سەربەخۆبێت یان یەکەیەکی سەربە یەکێتی نووسەران ؟!

– بەڵای منەوە لام پەسەندترە کە کۆمەڵێکی سەربەخۆ بێت چونکە هیچ مەرج نیە لە چوارچێوەی یەکێتی نووسەران یان هەر رێکخراوەیەکی تر، رەخنەلەدایک بێت هێندەی ئەوەی کە پشت بە خودی رۆشنبیری و کارامەیی رەخنەگر دەبەستێت بۆیە دەکرێ ئەو کەسانەی کە بەراستی رەخنەگرن و جێپەنجەیان لەسەر نەخشەی رەخنەی ئەدەبیدا دیارە (کۆمەڵێک) لەو بابەتە دروست بکەن و بە حوکمی نێزیک بوونەوەیان لێکتر و وتوێژی بەردەوام دەتوانن تا رادەیەک ئەو کەلەبەرانەی کە لەناو رەخنەی ئەدەبیدا بەدیدەکرێت چارەسەر بکەن و تەکانێک بە رەخنەی ئەدەبی کوردی بدەن. دەشکرێ گۆڤارێک هەر بەناوی رەخنەوە یان رەخنە گرەوە دەربکرێت.

() بەڕێزتان وەکو رەخنەگرێک کە لەگەڵ چەند نەوەیەکدا بەردەوامیتان هەبوو. ئایا چۆن لە دیاردەیەکی وەکو ئەوەی هەندێ لە هەشتاکانی هەوڵێر دەڕوانن؟ لەوانەش شاعیرانی وەکو ئەنوەر مەسیفی، محەمەد باوەکر، سەباح رەنجدەر، دڵشاد عەبدوڵڵا، جەلال بەزنجی، عەباس عبدالله یوسف؟

–دەکرێ ئەم دیاردەیە لە چەند لایەنێکەوە هەڵبسەنگێنین. کە لە کاتی خۆی پێیان دەگوترا شاعیری (تەلیعی) هەندێ لەوانە کەوتبوونە ژێر کارتێکردنی خزعل ماجدی و پەیوەندییەکی قوڵیان لەگەڵیدا هەبوو، ئەمە لەلایەک لەلایەکی ترەوە خەم و پەژارە و ئێش و ئازاری تایبەتی خۆیان هەبوو کە بە شێوازی خۆیان دەریان دەبڕی جگەلەوەی هەندێ لەوانە هەوڵی ئەوەیان دەدا کە جۆرە زمانێک دروست بکەن کەبەلای منەوە وەک بنچینەیەکی زانستی زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە نەک کارێکی تاکە کەسی. لەبەرئەوە جۆرە ئیشکاڵێتێکیان لە زماندا دروست کرد ئەویش بەکارهێنانی هەندێ وشەی ناوچەیی بەکارهێنانی لە بواری زمانی ئەدەبی یەکگرتوودا رەت دەکرێتەوە. بۆ نموونە بەکارهێنانی (خۆر) بە مانای (خۆڵ) و (رۆژ) کە ئەنوەر مەسیفی خۆر بارینی بەکارهێناوە و مەبەستی خۆڵ بارینە، لەکاتێکدا خۆر بەمانای رۆژ دێت. جگە لە وشەی تر کە ئەمانە لە راستیدا دەبنە شێواندنی زمان نەک دەوڵەمەند کردنی. هەروەها دارشتنی رستە و بنەماکانی رێزمان بەو شێوەی کە دەیانویست دەبوایە گۆڕانکاری لە زماندا نەکەن چەندێک لەوانە پاش ماوەیەک بە خۆیاندا چوونەوە لەنێویاندا ئەنوەر مەسیفی و عەباس عەبدوڵڵا و جەلال و دڵشاد. ئەمە لەکاتێکدا هەر لەو سەردەمەشدا شتی تازەیان پێبوو دەکرێ هەڵوێستەیەک لەسەر بەرهەمەکانیان بکرێ و



کۆلیژی پەروەردە سالّی ١٩٦٠ لە راستەوە بۆ چەپ راوەستاوی سێیەم لەتیف شێخ حامد لە چەپەوە بۆ راست کەسی سێیەم کەمال غەمبار ناوەڕاست دکتۆر سلیم النعیمی

هەشە لەوانە زیاتر هەنگاو بەرەو پێشەوە دەهاوێ و ئەزموونە شیعریەکەی زیاتر قوولّ تر دەکاتەوە کە ئەوانە ئێستا دەتوانم پێیان بلّێم شاعیری نوێگەریخوازەکان کە بەڕاستی لە بواری شێوازی تشخیص و هەلّگێڕانەوە و تەنانەت بەکارهێنانی واقیعی سیحری گرەوی خۆیان بردۆتەوە.

دەکرێ بە تێڕوانینێکی ئەمڕۆ نەك تێڕوانینی سەردەمی هەشتاکان لێکۆلّینەوەی بەرهەمەکانیان بکرێ و لەو شیعرانە جیا بکرێنەوە کە لاوازن لەکاتێکدا کە شیعرییان تیایە بە زمانی سفت و سۆلّ و رۆحیەتێکی تازە داڕێژراون چونکە ئەو شاعیرانە بۆ نموونە وەك هاشم سەراج، سەباح رەنجدەر، دلّشاد عەبدوللّا، عەباسی عەبدو لّا یوسف، محمد باوەکر، جەلال بەرزنجی، ئەنوەر مەسیفی، شێوازی تایبەتی خۆیان هەیە و دەخرێنە خانەی شاعیرە نوێگەریخوازەکان.

() جەنابتان لە کەیەوە ئاشنایەتیتان لەگەلّ نووسەرانی عەرەبدا پەیداکردووە؟ و کامانەن ئەو نووسەرانەی کە پەیوەندی بەهێزتان لەگەلّیان هەبووە؟

— پەیوەندیم لەگەلّ نووسەرانی عەرەبا زیاتر بۆ ساڵی ١٩٥٩ دەگەڕێتەوە کەچووم بۆ کۆلێژی پەروەردە بەشی عەرەبی کە ژمارەیەك لە شاعیران و چیرۆکنووسانی عەرەب لە کۆلّیژەکە لەگەلّمدا بوون لەوانەش فازیل عەزاوی، عبداللطیف، د. صلاح نیازی، لە دواییدا جەواهیریم لە دەرەوەی زانکۆ ناسی هەروەها فازل ثامر و یاسین نصیر و فوزی کەریم و هاشم شەفیق و عامر بەدر حەسون و روشدی عامل و حەمید سەعید و یاسین تەها حافظ و محمد خضیر و جلیل قیسي..

() چۆن دەڕوانیتە چیرۆکی کوردی بەتایبەتی لاوەکان؟

– من زیاتر هەر لە کۆنەوە بە چیرۆکەکانی (ئیبراهیم ئەحمەد، شاکر فەتاح، حسین عارف، محمد مەولووم مەم، رەئوف بێگەرد، محمد فەریق حەسەن، کاکە مەم بۆتانی، مستەفا سالح و لەتیف حامد و عەبدوللا سەراج و رەوف حەسەن کە زۆرم لەسەر نووسیون.. تاد) ئاشنابووم لەدواییدا چیرۆکەکانی محمد موکری، ئەحلام مەستور و محمد رەشید فەتاح و شێرزاد و جەلیل کاکە وەیس و ئەحمەد محمد ئیسماعیل.. بەپێی توانەش بە کوردی و عەرەبی شتم لەسەر نووسیون و هەندێکیشیم لێ وەرگێڕاون بۆ عەرەبی، بەڵام یەکەمین چیرۆک کە کاری تێکردم چیرۆکی (چای شیرین) بوو کە لە گۆڤاری شەفەق دا باڵوکرابووەوە و پاداشتی یەکەمی وەرگرتبوو. ئێستایش زۆرجار ماڵەوە پێم دەڵێ لەو تەمەنە چای شیرین بۆ تۆ زۆر خراپە بەڵام ئەو تێناگات کە چای شیرین چ دال و مەدلوایێکی هەیە، دواتر چیرۆکی (شەبەق) بوو کە لەگەڵ چەند چیرۆکێکی ترا کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردی باڵاوی‌کردەوە ئەم چیرۆکە لای من زۆر بەهێزتربوو لە چای شیرین کە کۆتاییەکەیم بە ساتێکی تەقاندنەوە لەقەڵەم دا کە شتێکی گرنگی لا ورووژاندم. چیرۆکیش ئەگەر حاڵەتی ورووژاندنی تێدا نەبێت و شتێکت لەلا دروست نەکات ئەوە هەرگێڕانەوەیە و زیاتر نیە. بەداخەوە لە چیرۆکی لاوەکانماندا بە دەگمەن ئەو حاڵەتە هەستی پێدەکرێت، زۆربەیان دوورن لە بەکارهێنانی تەکنیکی نوێی چیرۆک. مەگەر تاک و تەرا هەبێت لەناویاندا دوارۆژێکی باش چاوەڕوانیان بێت وەکو (جەبار جەمال غەریب) کەزمانێکی زۆر سفت و سۆڵ و رۆمانسیانەی هەیە هەروەها (عەتا محەمەد و فاروق هۆمەر و ئاکۆ کەریم .. کە ئەمانەش سەرەتایەکی باشیان هەیە و ئەگەر زیاتر خۆیان بە خوێندنەوە و خۆ رۆشنبیرکردنەوە خەریک بکەن ئەوا دەشێ ببنە خاوەنی دەنگ و رەنگی تایبەتی خۆیان.

() ئەگەر خەڵاتێکی رەخنەیی هەبێت پێشنیار دەکەیت بە ناوی کێوە بێت؟

– ئەمین فەیزی

() رات بەرامبەر ئەم رەخنەگرانە چیە؟

١) فاضل ثامر:

– دەتوانم بڵێم یەکەمین کەسە کە سوودم لە بەرهەمەکانی وەرگرتووە لە نووسینەکانمدا ئاماژەم پێکردووە.

٢) یاسین النصیر:

– یاسین یەکێکە لەو نوسەرانەی لە ئێستاتیکای شوێن تێدەگات و مافی خۆی‌داوەتێ جگە لە باری سەرنجی وردی دەربارەی شانۆ.

٣) جابر عصفور:

– یەکێکە لە رۆشنبیرە گەروەکانی عەرەب و رێبازی بونیادگەری زۆر چاك تێدەگات. کتێبی البنیویة ئەو وەریگێڕاوە زۆر سودم لێوەرگرتووە.

٤) یمنی السعید:

– بەرهەمەکانی زیاتر چاویان کردومەوە تا لە بواری رەخنەدا شارەزایی زیاتر پەیدا بکەم.

٥) عبدالملك مرتاض:

– بەرهەمەکانیم خوێندۆتەوە، بەڵام زۆریش ماندوت دەکەن و سودێکی وام لێوەرنەگرتووە.

٦) حاتم الصگر:

– یەکێکە لە برادەرەکانم، لە بواری رەخنەدا رۆڵێکی باشی هەیە.

٧) عبدالله ابراهیم:

– شتێکی ئەوتۆیم نەخوێندۆتەوە.

٨) محمد الجزائری:

– لە سەرەتادا شتێك بوو نووسینەکانیم بەلاوە زۆر باش بوو بەڵام بەداخەوە کە چووە پاڵ دەسەڵاتی رێم ئەو هێز و پێزەیان نەما بەپێچەوانەی کتێبە زلەکەیەوە (و یکون التجاوز).

٩) عزالدین مصطفی رسول:

– لە سەرەتادا کە کتێبەکەی خۆی (الواقعیة في الادب الکرڈي) کە لە ١٩٦٤ دا پێ بەخشیم بەلامەوە فەتحێکی نوێ بوو لە رەخنەو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردیدا. دوا بەدواشی کە زۆر کاری‌تێکردم کتێبەکەی تری بوو لەسەر (خانی شاعیراً و مفکراً و فیلسوفاً) کە رۆژی گفتوگۆکردن لەسەر کتێبەکە بە رۆژی کوردستان لەقەڵەم درا.

١٠) كەمال میراودڵی:

– بە چمكێكی پێشكەوتن خوازانەی بابەتیانە و وردبینانە بەرهەمەكانی هەڵدەسەنگاندن بەتایبەتی ئەوانەی لەسەر گۆرانی نووسیبوون، بەڵام ئێستا ئەو دەنگ و سەدایەی نەماوە.

١١) فوئاد قەرەداخی:

– یەكێك بوو لەو رەخنەگرانەی كە بە رۆشنبیریەكی فراوانەوە هاتە ناو كۆڕی رەخنەوە و ماوەیەكی زۆریشە لەو بوارەدا بێدەنگە.

١٢) فوئاد مەجید میسری:

– یەكێكە لەو رۆشنبیرانەی كە داكردنێكی رۆشنبیری فراوانی هەیە، زیرەكانە دەچێتە ناو هەر بایەتێك كە لێی بدوێ بەڵام جاروبار زۆر تووندوتیژە.

١٣) عبدالله تاهیر بەرزنجی:

– پێشتر زیاتر بە عەرەبی دەینووسی، نووسینەكانی بە زمانی عەرەبی بەلای منەوە جۆرە دەنگ و سەدایەكی هەبوو، ئێستا نووسینە كوردییەكانی بە حوكمی ئەوەی كە پەنا دەباتە بەر سەرچاوەیەكی زۆر بەپێزتر بالاترن لە نووسینەكانی پێشوی تری و داهاتویەكی گەشی لێچاوەڕوان دەكەم..

١٤) مەریوان وریا قانع:

– یەكێكە لەو گەنجە خوێن گەرمانەی كە بە دڵسۆزییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەدەب و رۆشنبیری دەكات و شتی نوێی پێیە و لە دەربڕینەكانیدا مرۆڤێكی بێفیز و هەوایە، ئەمەش نیشانەی سەركەوتنی رۆشنبیرە منیش گەشبینم كە لە دوارۆژدا بانتایەك لە بواری رۆشنبیریا بۆ خۆی بكاتەوە.

١٥) عەتا قەرەداخی:

– یەكێكە لەو نووسەرانەی بە روانینێكی نوێ و عەقڵێكی كراوە مامەڵە لەگەڵ بابەتەكان دەكات، جگە لە سەرچاوەیكوردی و عەرەبی پەنا دەباتە بەر سەرچاوەی ئینگلیزی، تا ئێستاش كۆمەڵێ لێكۆڵینەوەی بەپێزی پێشكەشی بە رۆشنبیری كورد كردووە. نووسەرێكی بە بەرهەم و بە سەلیقەشە لە هەڵبژاردنی بابەتەكانیدا، دڵنیام كە جێگایەكی دیاری لە رۆشنبیری كوردیدا بۆ خۆی دەكاتەوە.

١٦) نازاد عبدالواحد:

– یەكێكە لەو رەخنەگرانەی كە لە بواری رەخنەدا توانیویەتی خۆی پێ بگەیەنێت و بەرهەمی بەپێزیش پێشكەش بكات و جێگای خۆیی كردۆتەوە لە بواری رۆشنبیری كوردیدا.

() كاتی ئەوە هاتووە كورد باسی خەڵاتی نۆبڵ بۆ خۆی بكات؟

– بۆ نا؟ ئێمەش وەك هەر میللەتێكی دنیا خاوەنی ئەدەبێكی لەبن نەهاتووین هەرچەندە كە داگیركەر ویستوویەتی زمانەكەمان بشێوێنێ و پێناسەی نەتەوەییمان بگۆڕێ. بەڵام نەیتوانیوە گیانی كوردایەتیمان لە رەگ و ریشەوە هەڵكێشێ. وەك سەلیم بەرەكات دەڵێ من كە بە زمانی عەرەبی دەنووسم دەمەوێت رۆحی كورد بە عەرەب بناسێنم، ئەمڕۆش ئەو یەكێكە لە نووسەرە داهێنەرەكانی ناوچەكە و شایەنی ئەو خەڵاتەیە، هەروەها یەشاركەمالی بە نەژاد و رۆح كورد و بە زمانی تورکی نووس.

() ئایا بواری وەرگێڕان هەقی خۆی دراوەتێ بەتایبەتی جەنابتان لەم بوارەدا خزمەتێكی دیارتان هەیە؟

– پێش هەموو شتێك ئەوەی كە ئەركی وەرگێڕان ئەگرێتە ئەستۆی خۆی دەبێ لە هەردوو زماندا شارەزابێت و لە پەناو پێچی هەردوو زمان بگات و بەپەلە دەست نەكات بە وەرگێڕان بەتایبەتی وەرگێڕانی شیعر كە محمود درویش بە تاوانی لەقەڵەم دەدات وەك ئەوەی دەشوبهێنێ كە هەرچەندە وەرگێڕان جوان بێت وەك ماچ كردنی ئەو كچە شۆخەیە كە لە پشت شووشەی پەنجەرەوە بێت بۆیە بەداخەوە زۆربەی ئەو وەرگێڕانەی كە دەكرێن

دوورن لە ئەمانەت چونکە پەلەکردنی پێوە دیارە، چونکە وەرگێڕ لەگەڵ دەقەکە ناژی، وەرگێڕانیش ئەرکێکی یەکجار قوورسە و یەک هەموو کەسێك ڕاناپەڕێ خۆ ئەگەر بۆ نمونە بە هەندێ دەقی عەرەبیا کە کراون بە کوردی یا بە پێچەوانەوە بچینەوە بەراوردیان بکەین، دەبێ گوڵەبان پێوە بنێین.

() دەکرێ ناوی ئەو شاعیرانەمان پێ بڵێیت کە تۆ شیعریانت کردووە بە عەرەبی یا بە پێچەوانەوە؟

– بە ڕادەی یەکەم شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت ئینجا قوبادی جەلیزادە، سەلاح محمد، عوسمان شەیدا، سەباح رەنجدەر، هتد.. ناظم حیکمەت، ئەراگۆن، نێرودا، لۆرکا، کە لە عەرەبیەوە کردومن بە کوردی.

() لە سەرەتادا وتت شیعرم نوسیوە ئایا ئێستا دەنووسی؟

– ساڵی ١٩٦١ لە گرتوخانەی سەرا لە بەغداد سێ کۆپلەی شیرین بەهارەم کرد بە عەرەبی کە خەریك بووم هەموویان بکەم بەڵام بارودۆخەکە ڕێگای نەدا هەمووی تەواو بکەم بۆنمونە ئەم چەند کۆپلەیەم وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی بە شیعر:

لا تعش للموت بل مت للحياة
كيف تسمو دون لقيا النكبات
لن تهاب القيد يدوي ابداً
فالقيد للمعصم لا روح الأباة
يا حبيبي انا ادري اثر الجرح الدفين
انت مثلي برعم المريع دوماً تبتغين
لي انا بحر الأماني و لك الغاية جيرى
انا ان لم اتذمر كيف انت تياسين

يا حبيبي ضحك الروض لزهو السعداء
لكن القيد يذل الناس في ارض الشتاء
انما العيد وافراح الصبايا للربيع
كلها للشعب اذ ينجم حراً بالهناء


دوا شیعریشم کە بە زمانی عەرەبی لە ساڵی ١٩٦٤ دا دامناوە ئیتر دوای ئەوە بە عەربی شیعرم نەووتوە ئەمەش دەقەکەیەتی.

مع نيسم الذكرى
ينفني الصمت الغريب
و حدي مع الدرب الكئيب
كم انادي
والهفتاه !
هل من مجيب؟
فاذا الصوت يردد:
ماتت الذكرى وايام السكينة.

◉ **مامۆستا کەمال غەمبار خۆی، ناوی عبدالله تاهیر بەرزنجی و عەتا قەرەداخی لەم چاوپێکەوتنەدا هێنابە ناو گفتوگۆکەوە، تا ڕای خۆی بەرامبەر ئەم دوو ڕەخنەگرە دەربڕێت، ئەوانەی کە چاوپێکەوتنەکەیان ئامادەگردووە خۆیان هیچ پرسیارێکیان دەربارەی ئەم دوو ڕەخنەگرە لە مامۆستا کەمال نەکردووە.**

چراکانی پەیوەندی تاریکن

لەگەڵ مەحمود دەوڵەت ئابادیدا



و/ محەمەد کەریم

مەحمودی دەوڵەت ئابادی یەکێکە لە رۆمان نووسە مەزن و هاوچەرخەکانی ئێران کە ئێستا لە دەرەوەی ئێرانیش ناوبانگی دەرکردوە و بەرەو ئەوە دەچێت کە ببێتە رۆمان نووسێکی جیهانی، لە ساڵی ١٩٤٠ لە دەوڵەت ئاباد بۆ دنیای ئەدەب چاوی بە ژیان هەڵ هێناوە، جگە لە خوێندنی سەرەتایی یەک، دوو ساڵی ناوەندی بە پچڕپچڕی لە خوێندنگای شەو خوێندووە، تەنها زمانی فارسی دەزانێ و لە رێگەی خوێندنەوەی تەرجومەوە بە ئەدەبیاتی جیهان ئاشنابووە.

سەرەتای ژیانی لەلادێ بە کاری کشتوکاڵەوە بەسەربردووە و هێندە ژیانی قورس بووە لە تەمەنی (١٨) ساڵیدا بیری لەخۆکوشتن کردۆتەوە، پاشان کە چۆتە تاران ژیانی گۆڕانی بەسەردا هاتووە و لە تەمەنی (٢٠) ساڵیدا دەستی بە نوسین کردوە و وەکو ئەکتەریش لە شانۆدا کاری کردووە، دەوڵەت ئابادی ئێستا لە تاران دەژی و پێی ناوەتە تەمەنی (٥٩) ساڵیەوە بە ژمارە زیاتر لە (٣٠) کتێبی هەیە، بەناوبانگترین رۆمانی بریتییە لە "کلیدەر" کە (١٠) بەرگە و بە (١٨) ساڵ نووسیویەتی. تازەترین رۆمانیشی بریتییە لە (روزگار سپری شدە مردم بالخورده) کە ٣ بەرگە، ٢ بەرگی بلاوبۆتەوە و بڕیارە بەرگی سێیەمی ئەمساڵ بلاوبێتەوە.

() بەڕێز دەوڵەت ئابادی جەنابت تازە لە سەفەر گەڕاویتەوە، لەکوێ بوویت و دەنگ و باس چیبوو؟

– من چووبوومە ئەڵمانیاو نەمسا. لەڕاستیدا بانگهێشتنامەی سەرەکی لەلایەن یانەی هونەرمەندان (کۆشکی ویپدز دورف) (Schloss Wiepersdorp) و (ناشری) (زوریخی) کتێبەکانمەوە بوو بۆ بەشداریکردن لە پێشانگای کتێبی فرانکفۆرت دا.

بەڵام لەبەرئەوەی کتێبەکانی من کە تەرجومەکراون بۆ ئەڵمانی لە نەمساو سویسراش بلاوەبنەوە پێدەچێ لەلایەن کۆڕی کتێب خوێندنەوەوە بە دوو زمانیش بانگهێشت کرابم و هەربۆیە سەرەڕای ئەوەی کە لە زیاتر لە (١٠) شاری ئەڵمانیا کۆڕ و کتێب خوێندنەوەم هەبوو بە دوزمان بانگهێشتیش کرام بۆ هەردوو شاری (ڤیەننا) و (سالزبورگ) ی نەمسا. کۆڕی کتێب خوێندنەوەکان لە هەموو

شارەکان دا لەلایەن (ناشرەکەمەوە) رێکخرابوون و کۆڕەکەی ڤیەننەناش لەلایەن ئێرانیەکانی دانیشتووی ئەوێوە رێکخرابوو. هەڵبەتە سەرەتا بڕیار بوو داوەتەکە لەلایەن خانەی رۆشنبیری ڤیەننەناوەبێ بەبۆنەی کردنەوەیەوە لە پاش چاکردنەوەی؛ بەڵام لەو ماوەیەدا کە لەوێ بووم هێشتا تەواونەببوو.

() وتت بانگهێشتنامەی سەرەکی لەلایەن خانەی هونەرمەندانی (ویپرز دورف) هوە. بوو، ئایا ئەو دەزگایە دەزگایەکی حکومیەیە؟

– نەخێر. لە راستیدا خانەی هونەرمەندانی (ویپرزدورف) کۆشکێکە لە (٦٠) کیلۆمەتری باشووری بەرلین و لە نزیک شارێکەوەیە بەناوی (یوتربوک). ئەم کۆشکە هی ژنە نووسەرێکی ئەڵمانی بوو بەناوی (بتینا) کە نزیکەی سەدەیەک بەر لە ئێستا تیایدا دەژیاو لەپاش مردنی سەرەڕای بڕێک پارە بۆ خەرجی پێویستی نووسەران وهونەرمەندان کۆشکەکەشی پێشکەش کردون.

هەمو ساڵێ لەر کۆشکە و لە تەلارێکی تەنیشتی کە تازە دروست کراوە، نزیکەی (٢٠) تا (٢٥) نووسەر، شاعیر، مۆسیقار، وێنەکێش و رەخنەگر و هونەردۆست لە چوار دەوری دنیاوە دێن و لەوێ کۆدەبنەوە.

ئەم شوێنە جێگایەکە زۆر خۆش و ئارامە و لەکۆنەوە بەشێوەی پانسیونێك یان ئوتێلێك بەڕێوەدەبرێ، لەڕاستیدا شوێنی حەوانەوە و سێ ژەمە خواردن بۆ هونەرمەندان ئامادەکراوە، و لە هەموو ئەمانەش گرنگتر ئارامی تەواو دابین کراوە، واتە هەل و مەرجی تەواو دابین کراوە بۆئەوەی هونەرمەند بتوانێ لەوشوێنەدا کاری داهێنەرانەی خۆی ئەنجام بدات. ئەمەش بۆرسەیەکە کە لە سەداسەد بۆ کارکردنەو هیچ لایەنێکی ئابووری نییە وەکو بۆرسەی ئاسایی، لەبەرئەوە دەڵێم لەسەداسەد بۆ کارکردنە، لەبەرئەوەی بۆ نموونە لایەنی فێرکردنیشی نییە.

() مەبەستتان لە "لایەنی فێرکردن" چیە؟

– بۆ نموونە ئەوەی کە نووسەرێك بڕوات و لەوێ بچێتە خولێکی زانکۆوە، بەمەبەستی فێربوونی زمان یان ئەدەبیات یان قسەکردن لەو بارەیەوە، هەربۆیە جێگایەکی بێ وێنەیە بۆ ئیش کردن.

() بەم پێیە ئێوە چۆن کەڵکتان لەم شوێنە وەرگرت؟

– بەداخەوە لە رووی ئەنجامدانی کاری ئەدەبیەوە هیچ! هەڵبەتە نەك هەر هیچ؛ بەڵام زۆر کەم کەڵکم لێوەرگرت چونکە سەفەرەکەی من بەگشتی لە دوو مانگ و نیو کەمتری خایاند.

لە راستیدا ساڵی رابردوو (مەبەستی ١٩٩٧) ە لەلایەن پێشانگای کتێبی فرانکفۆرتەوە داوام لێکرا کە پێنج شەش مانگ لەوێ بمێنمەوە من ئەوساش گوتم زۆرترین ماوە کە بتوانم لەوێ بمێنمەوە سێمانگە کە هەمان ماوە سێ مانگیشی نەخایاند و لەماوەی ئەو دوو مانگ و چەند رۆژەش دا ١٥ تا ١٦ کۆڕی کتێب خوێندنەوەم هەبوو بە دوو زمان، لەبەرئەم کۆڕانە یەردەوام لە هات و چۆدابووم لە نێوان شارەکان دا.

لەئەنجامی ئەوەدا ماوەیەکی کەم لە کۆشکەکەدا مامەوە. هەڵبەتە یەکێ لە کۆڕەکانیش لە کۆشکەکە بەڕێوەچوو. جارێك لە چاوپێکەوتنێك دا لەوێ گوتم کۆشکی ویپرزدورف لەو شوێنانەیە کە هەر نووسەرێك لە ژیانیدا هەتا ئەگەر بۆ جارێکیش بێ بۆ کارکردن بیری لێکردۆتەوە. بەڵام هەروەکو گوتم من نەمتوانی زیاتر لە سی یان چوار ماوەی چوار رۆژی لەوێ بمێنمەوە و لەو ماوەیەش دا چەند بیرەوەریەکی زۆر باش و بەکەڵکم وەکو یادگار لاماوەتەوە، لەوێ بەشێوەیەکی هەفتانە بەرنامەی مۆسیقی، پێشانگای وێنەکێشان و کۆڕی شیعر و چیرۆك خوێندنەوە، بەڕێوە دەچوو. کە یەکێ لەو بەرنامانەی زۆر بەڵامەوە سەرنج راکێشی بوو هی شیعر خوێندنەوە بوو لەگەڵ خواردنی پەتاتەدا! لە راستیدا لە تەلارێك دا شاعیرێك شیعرێکی دەخوێندەوە کە لە هەمان

شوێندا ژمارەیەك خانمی چێشت لێنەر سەرقالی پەتاتە لێنان بوون و کاتێ پەتاتەکە ئامادەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا کە شاعیرەکە هێشتا خەریکی خوێندنەوەی شیعرەکەی بوو نزیکەی (٦٠٪ تا ٧٠٪) ی ئامادەبوان بۆ هێنانی پەتاتە بەرەولای خانمە چێشت لێنەرەکان کەوتنەڕێ. من لەگەل ئەوەشدا کە زمانی ئەڵمانیم نەدەزانی و هاوڕێکەشم ئەوەی بوون کردبۆوە کە شیعرەکە زۆر مۆدرنە و وەرگێڕانی دژوارە بەڵام کاتێ ئەوەم گوتەوە کە هەستم پی کردبوو لەگەڵ رەواج پێدانی شیعرەکەدا دووبارە دەبۆوە، هاوڕێکەم زۆر سەری سوڕما کە چۆن هەستم بەوەکردووە. لە راستیدا شیعرەکە باسی لە کاڵ بوونەوە و فەرامۆش کردنی بەهاکان دەکرد و شاعیر لەگەڵ بەڕێکردنی سفرەی پەتاتەخواردن لە کۆڕە شیعرییەکەی خۆیدا و بە نیشاندانی کەسانێك کە پەتاتە خواردنیان لە گوێگرتن لە شعر پێ باشترە قافیەیەکی بابەتی بۆ شیعرەکەی خۆی واتە "کاڵبوونەوەی بەها مرۆییەکان" داڕشتبوو.

() ئەو نووسەرانەی تر کە بۆئەوێ داوەت کرابوون لە چ ولاتێکەوە هاتبوون و لەگەڵ کێدا ئاشنایەتیت پەیداکرد؟

– ئەو نووسەرانە لە ئێران نەناسرابوون و لەلایەکی ترەوە لەبەرئەوەی من زمانی ئەڵمانیم نەدەزانی نەمتوانی پەیوەندییەکی زیاد لەگەڵ هەموو ئەوانەدا دروست بکەم کە لەوێ بوون بەڵام یەکێ لەو کەسانەی کە پێیان ئاشنابووم (ئیستورم کلنتون) ی وێنەکێشی ئەمریکایی دانیشتووی بەرلین بوو کە چەند کارێکی زۆر نایابی ئەنجام دەدا و تابلۆیەکیشی پێشکەش کردم. هەروەها لەگەڵ لاوێکی تەمەن (٢٧) ساڵەدا ئاشنایەتیم پەیداکرد کە ناوی (زین) بوو ئەمیش لە ئەمریکاوە هاتبوو، ئەم لاوە وێنەکێش و پەیکەرساز بوو کە بە کتێبەکانی کتێبخانەکەی پەیکەر و قەبارەی جیاجیای دروست دەکرد و یەکێ لە ئیشەکانی دروست کردنی ئەندامەکانی مرۆڤ بوو بە کتێبەکانی. جگە لەوەش نووسەرێکی تورک بەناوی (لوی) و شاعیر و رەخنەگرێکی ئەڵمانی بەناوی (گیرهارت) و چیرۆك نووسێکی دیکەی ئەڵمانی بەناوی (توماس) ئاشنایەتیم پەیداکرد، بەڵام لەبەرئەوەی زمانی وێنەکێشان پێویستی بە قسەکردن نییە پەیوەندی دروست کردن لەگەڵ وێنەکێشەکان دا لەبارتربوو.

() پێت وایە لەبەرچی دەعوەتیان کردی بۆ کۆشکی (ویپرزدورف)، لەبەرئەوەی نووسەری یان لەبەرئەوەی بە (ئۆپۆزسیون) بوونت بەناوبانگی؟

– بێگومان وەکو نووسەرێك منیان دەعوەت کرد. من ئەگەر ئۆپۆزسیۆنیش بم، لەناو ئێران دا دەژیم و کاتێ دەچمە دەرەوە هیچ قسەیەکی تایبەتی ناکەم و قسەیەکیشم نییە کە بیکەم چونکە باوەڕم بەوە هەیە ئێمە ئەگەر قسە و لێدوانی سیاسیمان هەبێ دەبێ لە شوێنێك دەربڕین کە بەر لە هەموو کەسێ جەماوەری خۆمان ببیستن. لەبەرئەوە منیان وەکو نووسەرێك داوەت کردو دەکەن و ئەمەش یەکەمجارنەبووە، بەڵکو یەکەمجاربوو کە داوەتێکی لەو جۆرەم قبوڵ کرد. لە ئەڵمانیا و ولاتە ئەڵمانی زمانەکانی دیکە نووسەرێکی ئاشنام و خوێنەرم هەیە و کتێبەکانم بە گەواهی (ناشرەکەم) پێشوازی لێکراوە و دیسان بە گەواهی (ناشرەکەم) ئەم پێشوازییە لە بەرامبەر کتێبی نووسەرانی ولاتانی هاووێنەدا مایەی رەزامەندی بووە، لەبەرئەوە وەکو نووسەر دەعوەت دەکرێم نەك بە هیچ ناونیشان یان نازناوێکی دیکەوە.

حەزدەکەم بزانی کە چوار پێنج ساڵ بەر لە ئێستا لە بەرلین من هەمان پرسیارم ئاڕاستەی پەیامنێرێکی ئەڵمانی کرد. ئەوکاتە داوەت کرابووم بۆ (ئەرلانگن) و لەوێ لەنێوان بەندە و جێبەجێکەران و وەرگێڕانی ئەدەبیاتی جیهانیدا لە (لانگە) چەند کێشەیەك سەری هەڵدابوو، من لەو پەیامنێرەم پرسی: "تۆ پێت وایە لەبەرچی منیان بۆ ئێرە داوەت

کردووە؟ بەهەرحاڵ بوونی ئێمە لێرە پێویستی بە خەرجیيە. هات و چۆ و ئوتێل و.." و پەیامنێرەکە گوتی: "بەهەرحاڵ تۆ دەناسن و بێگومان دەیانەوێ بزانن چی دەکەیت و چ ئسلوبێکت هەیە بۆ کارکردن و بۆ ئاشنابوون بە شێوازی کارکردنت دەعوەتیان کردووی" بەهەرحاڵ... دەمەوێ ئەوە بڵێم کە من وەکو نووسەر نەبێ ناچمە هیچ جێگەیەک و هیچ داوەتێکیش قبوڵ ناکەم.

() کتێبەکانت بۆ چ زمانێک تەرجومەکراون و لەکوێ بڵاوبوونەتەوە؟

– بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ ئەڵمانی تەرجومە کراون. لەوانەش چیرۆکی ((سفر – کۆچ))، رۆمانی (جای خالی سلوچ – شوێنی چۆڵی سلوچ) و بەرگی یەکەم و دووەمی رۆمانی (کلیدەر). بەر لەوەش کورتە چیرۆکەکانم و چیرۆکی "گاوارەبان" ، کۆمەڵە چیرۆکی (هجرت سلیمان و مرد – کۆچی سلێمان و پیاوەکە) ، چیرۆکی (ئاسکی بەختی من گوزەل) تەرجومەکراون بۆ سویدی و بڵاوکراونەتەوە.

(شوێنی چۆڵی سلوچ) تەرجومە کراوە بۆ سویدیش بڕیارە ئەمساڵ ١٩٩٩ بڵاوبێتەوە، ئەم هەواڵەم لە (ناشری) سویدی بیست لە پێشانگای کتێبی فرانکفۆرت. هەروەها گوتیشی کە بە نیازی ئەوەیە ئەم کتێبە لەیەک کاتدا لەهەرسێ وڵاتی، سوید، نەرویج، دانیمارک بڵاوبێتەوە. وادیارە بۆ فەرەنسیش ئێستا خەریکی وەرگێڕانی (شوێنی چۆڵی سلوچ) ن، دوو وەرگێڕیش رایان گەیاندووە کە دەیانەوێ بۆ ئینگلیزی تەرجوومەی بکەن.

() بەڵام وادیارە نووسەرانی دی سەبارەت بە وەرگێڕانی بەرهەمەکانیان بۆ زمانی ئینگلیزی زیاتر بەختیان هەبوو. چۆن هێشتا کتێبەکانی تۆ تەرجومە نەکراون بۆ ئینگلیزی؟

– لەڕاستیدا ئەم مەسەلەیە وەکو پرسیارێک لە هێشکی خۆشم دا هەیە. نزیکەی هەشت نۆ ساڵ بەر لە ئێستا، کە لە لەندەن بووم بیستم کە دەزگای بڵاوکردنەوەی (پەنگوین) هەواڵی من دەپرسێ، بەڵام پاش ئەوە هیچ دەنگیان نەبوو.

() نازانی هۆکەی چیيە؟

– بێگومان چەند هۆیەکی هەیە کە من نایزانم. دیارە لە ساڵی (٩٢) دا کە بۆ بەشداری لە کۆنفرانسی "سیرا" چووبوومە ئەمریکا لەلایەن زانکۆی میشیگانەوە پێشنازێک بۆ خوێندن خرایە بەردەستم کەماوەکەی نۆ مانگ بوو دەیانگوت لەو ماوەیەدا لەگەڵ خوێندنەکەدا دەتوانم یارمەتیان بدەم لە وەرگێڕانی کتێبەکانم دا. رەنگە لەبەرئەوەی من ئەو پێشنیازەم قبوڵ نەکرد و گەڕامەوە وەرگێڕانی "کلیدەر" فەرامۆش کرابێ؟ چوزانم چاکتر وایە بێینەوە سەر ئەو وەرگێڕانانەی کە ئەنجام دراون.

() ئاماژەت بۆئەوە کرد لەو کۆڕانە دا کە بە دوو زمان بوون (کلیدەرت) خوێندەوە، ئەم کۆڕانە چۆن بون و ئەوانە کێبون کە "کلیدەر" یان بە ئەڵمانی دەخوێندەوە؟

– لە کۆڕی کتێب خوێندنەوەی کۆشکی ویپرزدروف دا ژنێکی هونەرمەندیان داوەت کردبوو کە لەگەڵ مێردکەیدا بەشێکی کلیدەریان وەکو واقیع دەخوێندەوە. وەرگێڕیش "کەیوانی دادجو" و بوو کە لە بەرلینەوە هاتبوو.

ژنە هونەرمەندەکە و مێردەکەی بۆ یەک سەعات لە جێبەجێکردنی خوێندنەوەی کلیدەر (٤٨) سەعات بەر لە مەوعیدەکە هاتبوون بۆئەوەی تەواو خۆیانی بۆ ئامادە بکەن. لە کۆڕەکانی دیکە و لە سەفەرەکانی بەرلەوەدا (بەهەمەنی نیرومەند) م لەگەڵ بوو کە دەقە ئەڵمانیەکەی دەخوێندەوە و قسەکانی منیشی تەرجوومە دەکرد، دوا کۆڕی کتێب خوێندنەوەم بەر لە (قیەننا) لە شاری (ئۆسنابروک) بوو. ئۆسنابروک مەڵبەندی ئاشتی و شەڕە دیارەکانی نێوان کاسولیک و پرۆتستانتەکانە و کتێب

خوێندنەوەکەی منیش کەوتە بەرنامەی ئەو بۆنەیەوە. واتە دۆڕی دەست پێکردنی هەفتەی ئاشتی کە لەوێ بەڕێوەدەچوو، لە (بۆڵتن) سەبارەت بەو بەرنامانە ئەوەم بەدی کرد کە بڕیارە رۆژی دوای خوێندنەوەکەی من پادشاکانی دنیا بۆ ئەم مەراسیمە بگەنە ئۆسنابروک و دوای ئەوانیش دەستەیەک لە سیاسەتمەدارانی جیهانی سێیەم و نووسەرانی جیهانی سێیەم بەدوای یەکدا ئامادەبن. یەکێ لەو کەسانەی کە ئەهلی سیاسەت و ئەدەب بوو قەشەیەکی پێشکەوتنخوازبوو گە لە نیکاراگواوە هاتبوو، لە سەرەتای شۆڕش دا هاتبووە ئێران و ئێوەی رۆژنامەنووسان ناوەکەی باشتر دەزانن.

() لەو کۆڕانەدا کە بە زمانی فارسی کتێبەکانت دەخوێندەوە چی دەگوزەرا؟

– ئەم کۆڕانە لە هەفتەی کۆتایی سەفەرەکەمدا بەڕێوەچوون. یەکێ لەم کۆڕانە لەدوسلدورف بوو یەکێکیان لە فرانکفۆرتو هەروەکو گوتم کۆڕێکیشیان لەڤیەننا بوو بەگشتی باش بوون. ئێرانیانی دورەوڵات دەهاتنو چەند سەعاتێ گوێیان بۆ زمانی فارسی شل دەکردو ئەگەر تۆ حەوسەڵەت هەبوایە ئەوان ئامادە بوون هەتا بەیانی دابنیشنو قسەو باس بکەن. مایەی سەرنجە کە هێشتا بەزمانو فەرهەنگی خۆیانەوە پەیوەستنو خۆشیان دەوێ. بۆ نموونە خانمێک لەم کۆڕانەدا ئامادە بوو کە دەیگوت (١٥) جار کلیدەری خوێندۆتەوە. یان پیاوێک لە فرانکفۆرت پێی وتم کە هەموو ساڵێ جارێک کلیدەر دەخوێنێتەوە. بەهەرحاڵ ئێمە لەدەرەوەی وڵات رووبەڕووی خوێنەری وا دەبینەوەو لەگەڵ ئەوەشدا خوێنەری وادێتە بەردەممان کەوا دیارە لەڕێگەی خوێندنەوەی هەندێ گۆڤاری سەرپێی ناوخۆوە کاری سەرەکی خۆیان خستۆتە کەنارەوەو دەیانەوێ وەکو ڕەخنەگرێکی ئەدەبی کۆمەڵێ پرسیاری کلێشەییت لێ بکەن.

() بەڕای ئێوە ئەو ئێرانیانەی لەدەرەوەی وڵاتن بەئەدەبی هاوچەرخی خۆشمان ئاشنان؟

– بەڵێ. کۆمەڵێ کەس لەدەرەوەی وڵات هەن کە زۆر ئارەزوومەندی بۆ ئەدەبی هاوچەرخی ئێران نیشان دەدەن. بۆ نموونە کتێبی (هفت مرد هفت داستان – حەوت پیاو حەوت چیرۆک) هاوزەمان لەگەڵ باڵوبوونەوەی دا لەتاران لەوێش مشتو مڕی لەسەر بوو. ئەمەم بەنموونە هێنایەوە. ئەوان بەڕێکو پێکی بەشوێن ئەدەبی هاوچەرخدا دەچن. بۆ نموونە لەهەمان کاتدا کەمن لە ویپرزدورف کۆڕی کتێب خوێندنەوەم هەبوو، نووسەرانی ئێرانی دەرەوەی وڵاتیش لەفرانکفۆرت سێمیناری دوو ڕۆژەی لێکۆڵینەوەی چیرۆکو لە (کلن) سیمیناری دوو ڕۆژەی لێکۆڵینەوەی شیعریان لەدەرەوەی وڵات بەڕێوە دەبرد. بەم پێیە ئەوەندە بەلایانەوە گرنگە کە ئەو سیمینارانەی بۆ دەبەستن.

– بەڵام پێدەچێ ئەو بەرهەمانەی کە لە دەرەوەی وڵات دەنووسرێن بەهایەکی ئەدەبی ئەوتۆیان نەبێ، چونکە جگە لە هەوڵی ئەو سیمینارانەی کە لەزمانی نووسەرانی نیشتمانی وەکو ئێوەوە دەبیسترێن، ڕەنگدانەوەیەکی دیکەی ئەو چالاکیانە بەدی ناکەین. بەڕاست ئەوانە کارێکیان لێ دەوەشێتەوە؟

+ ئێمە بەوردی نازانین چی دەکەن، ئێمە تەنها دەبیستین فروغ گوتەنی چراکانی پەیوەندی تاریکن!

– پێم وانیە بشێ کەمتەرخەمیەکە بەڕاستگۆیی لێک بدەینەوە چونکە بەسەرنجدان لەهۆیەکانی پەیوەندی گشتی وەکو ئینتەرنێتو سەتەلایت، یان بەشی فارسی رادیۆ جیاجیاکانو چیو چی ئەگەر ڕووداوێکی تایبەتی ڕووی بدایە بێ گومان لەناوخۆی وڵاتیش دا ڕەنگی دەدایەوە؟

+ بەهەرحاڵ ئەو کارەی دەیکەن کارێکی ئەدەبیە. بەڵام ئەوەی کە چ ئەنجامێکی لێ بکەوێتەوە ئەوە پێویستی بە وەختە. بەو شێوەیەی کە دەبیسترێ ئیشێکی زۆر ئەنجام دەدەن. کە ئەو

ئیشانەش دەبێ شەنو کەو بکرێن. بێ گومان چەند ئیشێکی باش هەیە بەڵام مەرج نییە هەموو ئەو شتانەی دەنووسرێن پڕ بەهابن. وەکو هەموو جێگایەکی دیکە. ئەگەر ئەوانە بایەخ بەدەرك کردنی شوێنی خوێیان، ڕۆژگاری خوێیانو چەندو چۆنی خوێیان بدەن بێ گومان چەند کارێکی سەرکەوتوو دەخەنە بەرچاو. من لەدەرەوەش ئامادەم بۆ ئەم مەسەلەیە کرد، کە یەکێ لەگرنگترین ئەو کارانەی کە کەسانی دەرەوە دەتوانن ئەنجامی بدەن ئەوەیە کە لەجیاتی تاقی کردنەوەو نوسینی چیرۆکی خراپ، دابنیشنو بەسەرهاتی خوێیان بنووسنەوە.

() ئەگەر بتەوێ هۆی سەرنەکەوتنی ئەوانە لەچیرۆك نووسین هەڵ بسەنگێنی چ بۆچونێکت هەیە؟

– من دەرفەتی خوێندنەوەی هۆڵی ئەو بەرهەمانەم نەبوو، هەروا بەسەرپێی چاوم پێدا خشاندن، بەڵام بەهەرحاڵ یەکێ لەهۆیەکانی ئەو سەرنەکەوتنە دەگەڕێنمەوە بۆ خودی (زمان) چونکە بەهەرحاڵ زمانێك لەناو دڵی زمانەکانی دیکەدا خۆی لەخۆیدا کاڵ دەبێتەوە. وەتە ئەو کەسانە یان دەبێ پەیوەندی کۆمەلایەتیو گوزەرانی خوێیان لەگەڵ کۆمەلگای خۆرئاوایی بڕیوو دابنیشن بەردەوام لەماڵەوە (ناسرو خەسرەو) یان "هخدا" بخوێنێنەوە کە لەو حاڵەتەدا ناتوانن بژین، یان لەگەڵ دو زماندا بژین کە دیارە وادەژین. لەبەر ئەوە لەهەموو حاڵەتەکاندا زمانی فارسی یان بەلای کەمەوە ئەو زمانە فارسییەی کە هەیانە دەوڵەمەند نابێ ئەگەر ئێستا نەمانەوێ کە بڵێین زمانەکە لەناو دەچێت – چونکە زمان لەزێدو نیشتمانی خۆیدا دەتوانێ گەشەی ئاسایی خۆی بکات. یەکێ لەو مەسەلە گرنگانەی کە من لەچاو پێداخشاندنی بەرهەمەکانی ئەواندا هەستم پێ کرد ئەوە بوو. بەڵام ئەو مەسەلەیەی تر کە نووسەر یان بەرهەمێکی دیار کە تۆ چاوەڕوانی لەدایك بووبێ. ئەوە بۆچوونێکی تایبەتیە. چونکە هیچ ئاشکرا نییە کە نووسەر یان بەرهەمێکی لەوجۆرە لەحاڵەتی پەیدابووندا نییە. ڕەنگە پێویستمان بەوەختێکی زیاتر هەبێ. بەهەرحاڵ هێشتا ڕەنگدانەوەی هیچ بەرهەمێکی تایبەتی نەبووە. هەڵبەتە لێرەو لەوێ کورتە چیرۆکی باش دەنووسرێت بەڵام ئەوەی کە تۆ چاوەڕوانی دەکەی ئەو کۆچکردنە داستان بخولقێنێ، نەخێر بێ گومان شتی وانەنووسرابوو یان من بەرچاوم نەکەوت.

سەرچاوە: [redacted] (گزارش ڕۆژ) ژمارە (٣٩) ١٩٩٨/١٢/٨

ئاشنا کەمال:

نەو کەسەی ژمارەیەکی گەلاوێژی نوێی دەست کەوتبێ عەوداڵی ژمارەی داهاتوی بووە.

لە سەرەتای دەرچوونی گۆڤاری گەلاوێژی نوێوە ئاشنا کەمال وەک پەیامنێرێک بۆتە یەکێک لە ئەندامانی خێزانی گەلاوێژی نوێ و لە هەرندەرانەوە بە بەردەوامی، پاوپێکەوتن و هەوالّی بەپێزمان بۆ دەنێرێ. لە سەردانێکیدا بۆ کوردستان بە هەلمان زانی لە نزیکەوە بکەوینە گفتوگۆ:

() وەکو پەیامنێرێکی گۆڤاری گەلاوێژیِنوێ لە ئەوروپا، رۆشنبیرانی ئەوێ گۆڤارەکەیان پێچۆنە؟

– زۆر ئاسان نیە وەک تاکە کەسێ من بتوانم ئاماژەیەکی تەواوەتی دروست و هەڵسەنگاندنێکی پڕ بەپێستی ئەم پرسیارە بکەم بەرامبەر رۆشنبیرانی هەندەران کە گۆڤاری گەلاوێژی نوێیان پێچۆنە؟

بەڵام، دەکرێ ئەوەندە بڵێم ئەو کەسانەی کە گۆڤارەکەیان بەدەست دەگات کەم تا زۆر بە دڵیانە و بەڵگەشم بۆ قسەکەم ئەوەیە، ئەو کەسەی ژمارەیەکی بەردەست کەوتبێ بەردەوام موتابەعەی کردووە و عەوداڵی ژمارەی داهاتووی بووە.. لەم سااڵنەی دوایدا بەتایبەتی دوای راپەڕین خۆش بەختانە چەندان گۆڤار و رۆژنامە و کتێب بەچاپ گەیەندراون یەکێك لەو گۆڤارانەی کە لە کوردستان دەردەچێت لەلای خوێنەری کوردی هەندەران ئاشنایە دلخۆشانە گۆڤاری گەلاوێژینوێیە. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەینێت کە گۆڤارەکەی بێکەم و کوڕێیە.!

ئاسانترین و عەمەلیترین شت ئەوەیە کە لاپەڕەکانی گۆڤارەکە بەشێوەیەکی مۆدێرن لەناو ئینتەرنێتدا هەبێ.

() جیاوازی چالاکیِیە رۆشنبیرییەکانی ئێرەی کوردستان و ئەوێی ئەوروپا چۆنە؟

– بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەکرێت مرۆڤ تێزی دکتۆرایەکی لەسەر بکات بەڵام بەکورتی جیاوازییان ئاسمان و ریسمانە. شتەکان زۆرن کە باسیان لێبکرێت من دەتوانم تەنها پەنجە بۆ چەند نمونەیەك رابکێشم، گەر بێت و باس لە چالاکیِیەکانی شارەکەی خۆم بکەم لە سوید لە شاری مالمۆی بۆ نمونە شاعیرێکی گەورەی وەکو دکتۆر رەفیق سابیر کە میوانی دوو کۆمەڵەی کولتوری کوردی بوو لە شاری لوند بۆ باسکردن لە کتێبە بەپێزەکەی (ئیمپراتۆریای لم) بەشدارانی ئەو کۆڕە لە (٢٥) کەس تێنەدەپەڕین هەروەها کاتێك شاعیران بە رۆژ ئاکرەیی و پشکۆ نەجمەدین و حەمەسەعید حەسەن و خەبات عارف کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەیان بۆ سازکرا، ئامادەبووان تەنها (٢٥) کەس بوون، بەڕاستی ئەمە هیچ لە بەهای شاعیرەکان کەم ناکاتەوە بەڵام مرۆڤ نائومێد دەکات، ئەو هەموو

کاتە لەخۆی بکوژێت و رێگایەکی دووری هەشت سەعاتی بەرێت بۆ باسکردنی بابەتێکی زۆر چاك و سوودبەخش و سەرنج راکێش. ئامادەبوانی ئەوەندە کەم بن، دەکرێ بە راشکاوی بڵێم هۆیەکی سەرەکیش هەیە کە ململانێی ئەندامان و لایەنگرانی ئەو دوو پارچە زۆهێزەی باشوری کوردستانە کە ناتوانن و نایانەوێت مواجەی یەکتری بکەن ئەوەش دەبێتە هۆی زەرەری خزمەت نەکردنی کولتووری کوردی. با بێینە سەر باسی نمونەیەکی تر، کاتێك تیپی مۆسیقای کامکارەکان هاتنە شاری مالمۆی لە سوید بینەرێکی زۆر کەم هاتبوون کە زۆرینەیان فارس بوون نەکورد، بەڵام هەمان تیپی مۆسیقای کامکارەکان لە مانگی ۳ ی ۱۹۹۹ دا کە چونە شاری سلیمانی باشوری کوردستان بۆ چەند رۆژێ ئاهەنگ سازکرا لە هۆڵی رۆشنبیری بۆ ماوەی چوار رۆژ کورد وتەنی قاعەکە جمەی دەهەزار لە دوو هاوڕێم پرسی (کاك یوسف و کاك هاوڕێ) هۆڵەکە چەند کەس دەگرێت؟ لە وەڵامدا گووتیان حەوت سەد کەس دەگرێ. کەچی یەك کورسی بەتاڵ نەبوو لە دەروەی هۆڵەکەش چەندان کەس بێبەریبوون لەو ئاوازە خۆشانە و هەر لە یەکەم رۆژەوە بیتاقە هەمووی فرۆشرابوو لەگەڵ ئەوەشدا بلیتی چونەژوورەوە بیست دینار بوو کە بۆ هەموو ئاهەنگێکی تر تەنها پێنج دینارە..


ئاشنا و پرۆفیسۆر جەمال نەبەز

وا بڕیاردرا کە رۆژێك لە هەوای ئازادا ئاهەنگ بگێڕن لەبەرئەوەی زۆریەی خەڵکان گلەیی هەبوو لەوەی کە بلیتی بەرنەکەوتوە ئەوەی دەمەوێ بە راشکاوی بیڵێم ئەوەیە زۆر کەسانێ لە هەندەران گەشتونەتە ئەو قەناعەتەی کە کاری تەنهای بکەن زیاتر سوود بە میللەتەکەیان دەگەیەنن نەك کاری کۆمەڵی، ئیتر نوسینی کتێبێ بێت یان وەرگێڕان یان هەچ کارێکی هونەری تر بێت.. هەتا لە بواری شانۆدا هاوڕێیان ئەو بابەتانە هەڵدەبژێرن کە بە ئەکتەرێك یان دوو ئەکتەر دەکرێت. مەبەستم لەمە ئەوەیە لە ئەوروپا جەماوەری کوردی کەمن، ئەویش تۆێژەبەرەیەك هۆی لە پشتەوەیە لە هەندەران هەمو ئامرازێکی پێویست هەیە بۆ چالاکیەکی رۆشنبیری و کولتوری بەڵام رۆحی کوردی نییە.. ئەو تەزوە خۆشەی لە هۆڵێکی گەرمی پڕ لە دوکەڵێ جگەرەدا بە گیانتا دێت، لە هۆڵێکی پاکی بێگەردی خۆشترین هۆڵی هەندەراندا بەگیاندا نایە، بۆ کەسانێکی کەش، پێچەوانەکەی راستیەیە. چالاکی رۆشنبیری و کولتوری لە هەندەران وەك ئەوە وایە ئاسنی سارد بکوتی.

() ئاشنا وەکو خۆی تا ئێستا چالاکی رۆشنبیری چی ئەنجام داوە لە ئەوروپا؟

– کاتێك کە دێتە سەر ئەوەی مرۆڤ باس لە خودی خۆی بکات ئیتر شتەکان زۆر ناشیرین دەبن، بەڵام هەندێجار مرۆڤ ناچاردەبێت پێبە دڵی خۆیدا بنێت و هەندێ راستی بدرکێنێ. بە خۆشحاڵیەوە



ئاشنا و دکتۆر رەفیق سابیر تایبەت بۆ ئەم چاوپێکەوتنە

دەڵێم بۆماوەی دوو ساڵ لە کەنالێ تەلەفزیۆنی کوردی سەربە کۆمەڵەی پەیوەستگای دیموکراتیی‌یە کوردەکان کە ماوەی پەخشەکەی یەك سەعات بوو لە مانگێکدا، ئەو کارەمان ئەنجام داوە و من وەك بێژەر و پاشان وەك وێنەگر و هەندێجاریش مۆنتاژم دەکرد بە کۆمەکی هاوڕێکانم پرۆگرامەکان بریتیبوون لە چاوپێکەوتنی ئەدیبان و هونەرمەندانی کوردی هەندەران و لە سەردانیشمان بۆ کوردستانیش هونەرمەندان و ئەدیبانی ئەوێشمان بیبەش نەکردووە بۆ شاشەی تەلەفزیۆنەکەمان. بەرنامەی منداڵان و گۆرانی هەمەڕەنگ و هەواڵەکانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات بەپێی پێویست.

هەروەها بۆ ماوەی نزیك لە دوو ساڵ لە رادیۆیەکی کوردیدا بەناوی رادیۆی ئاوات کە هەفتەی سەعاتێك پەخش دەکرا وەك بێژەر بەشداریم تیاکردووە و چەندەها چاوپێکەوتن و بابەتی ئەدەبیم تیا پێشکەش کردووە لەگەڵ دەستەیەك سەربازی وتی تردا بۆ خزمەتی کلتوری کوردی.

لە ژمارەی یەکی گۆڤاری گەلاوێژی نوێوە لە ڕێگای مامۆستای هێژا و چیرۆك نووسی بێهاوتا بۆ سەردەمی خۆی (حسێن عارف) کرامە پەیامنێری گۆڤارەکە لە هەندەران و هەموو ژمارەکانیم بەپێی تۆنا گەیاندۆتە دەستی خوێنەری کورد لە ئەمریکا و کەنەدا و فەرەنسا و لەندەن و هۆڵەندا و ئەڵمانیا و بەلجیکیا و نەمسا و دانمارك و فینلەندا و زۆربەی شارەکانی سوید. هەروەها لە ژمارەی یەکی گۆڤاری گەلاوێژی نوێوە تا ژمارەی یانزە لە هەر ژمارەیەك چەند بابەتێکم هەڵبژاردووە و خستومەتە ناو لاپەڕەکانی ئینتەرنێتەوە، کە ئەمە ناونیشانەکەیەتی:

htt:\\home.hip.net /hawer /

کە بریتین لە شیعر و چیرۆك و چاوپێکەوتن و وتاری سەرنوسەری پێشووی گۆڤارەکە مامۆستای هێژا کاك حسین عارف بە دەنگی خۆی بە کوردی کە باس لە گۆڤارەکە دەکات وەك پەیامێك.

لە مانگی ٩ ی ١٩٩٨ یەکەمین فێستیڤاڵی شانۆی کوردی کە لە شاری بەرلین لە وڵاتی ئەڵمانیا کرا، دەبوایە هەشت شانۆگەری و هەشت سیمینار پێشکەش بکرایە تیپی کوردانی سۆڤیەت و تیپێکی کوردی لە تورکیاوە لەبەرهۆی فیزە وەرگرتن نەیان توانی نمایشی بکەن لەو فێستیڤاڵەدا کە سێ ڕۆژی خایاند نزیکەی ١٧ سەعات وێنەم گرت و لەڕێی ئاشتی کەمالەوە کاسێتێکی چوار سەعاتیم ناردۆتەوە بۆ تەلەفزیۆنی ئازادی لە سلیمانی و بەسوپاسەوە چەند نمایشێکیان لێبڵاوکردەوە.

تا ئێستا دوو چاوپێکەوتنم ساز کردووە بۆ گەلاوێژی نوێ یەکێکیان لەگەڵ پرۆفیسۆر جەمال نەبەز لە ژمارەی حەوت دا بڵاوکرایەوە ئەوی‌کەیان کە لەگەڵ دکتۆر رەفیق سابیرا بوو کە لە ژمارەی یانزەدا بڵاوکرایەوە. تا ئێستا پێنج فیلمی بیانیم کردۆتە کوردی کە زۆربەیان ساڵی ١٩٩٢ وەرم گێڕاونەتە سەر کوردی کە ئەمانەن:

١- زۆربا.. لە نوسینی نیکوس کازانزاکی و رۆڵی سەرەکی ئەنتۆنی کوین.
٢- پیرەمێردو زەریا.. نوسینی هەمنگوای و رۆڵی سەرەکی ئەنتۆنی کوین.
٣- پەپولە... رۆڵی سەرەکی ستیف ماکوین.
٤- دیوار... پینگ ڤلۆیت.
٥- دورگەی گوڵەکان... کە یەکێکە لەو فیلمانەی کە خەڵاتی باشترین فیلمی کورتی فێستیڤاڵی بەرلینی سالی ١٩٩٢ ی وەرگرتووە و بە خۆشحاڵیەوە دەڵێم لە مانگی سێی ١٩٩٩ دا لە شاخی ئەزمەر لە شاری سلیمانی لە باشووری کوردستان بە یارمەتیەکی بێسنووری کارگێڕان و کارمەندانی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان تێکسستی کوردیان خستە سەر ئەو فیلمانە.. هەر لە شۆفێری ئۆتۆمبێل و چێشت لێنەری چێشت خانەکەیانەوە سوپاس و پێزانینم هەیە بۆیان تا دەگاتە هاوڕێی هێمن و دێرینەم شوان کابان (ئارام و یوسف و هیواو کریم و دانا و عوسمان وکاروان و هاوڕێ) شم خۆش دەوێن. ناکرێ ناوی هەموان بڵێم ئەگینا سوپاسی هەموو پێچ و چاڵایی و بەرز و نزمیەکانی رێگاوبانی ئەزمەرپشم دەکرد هەر خۆش بن ئەو هاوڕێیانەی ؟؟؟ لە سەبر و تەحەمول هەر لە مانگی (٣) دا لە سلەیمانی کتێبێکی پرۆفیسۆر جەمال نەبەز بەناوی (رۆژانی ئاوارەییم لە سوێسرە) بە کۆمپیوتەر نوسیومەوە و وێنەی بەرگەکەیم کێشاوە لە رێگەی بنکەی ئەدەبی و روناکبیریی گەلاوێژەوە بە ماوەیەکی زۆر کورت بەچاپ گەیەندراوە بە کۆششێکی زۆر گەورەی کارگێڕانی چاپخانەی داناز (٥٠٠) دانەی لێ چاپ کراوە و کەوتە بازارەوە.

() لێرە کوێت تەواو کردووە و ئەو ماوەیەی کە لە ئەوروپا بووی چیت خوێندووە؟

- ئەوخەو و خەیاڵە جوانانەی کە خەڵکان لە ولات هەیانە گوایە لە ئەوروپا تەحقیقی دەکەن، بەداخەوە وادەرناچێ. پاش زمان فێربوون، بۆ دابین کردنی ژیانم بەبێ دەست پانکردنەوەم، دوو ساڵ قوتابخانەیەکی رەستۆرانم خوێندووە. ئێستاش هەرکاتێ کە تەرمۆزەکەی خۆم یان هی کەسێکم، هاوڕێیەکم دەشکی پەنا دەبەمەوە بەر هەمان کار (کاتی خۆی منداڵان کە چلورەیان دەفرۆشت جگە تەرمۆزی تەبەدۆر، تەرمۆزی شوشەش هەبوو.. جاری




وا دەبوو کە بە تۆپی یاریکردنی منداڵان یان هەچ هۆیەك بوایە کە تەرمۆزی منداڵێك دەشکا.. خەڵك و خوای گەورەك پارەیان بۆ کۆدەکردەوە و تەرمۆزەکەیان بۆ دەبژارد) ئینجا ئەو وشەیە بۆتە وێردی سەر زمانی من و هاوڕێیەکم کە دەڵێ پێویستم بە پارەیە! دەڵێم کێ تەرمۆزەکەی شکاوە.

ئەوەی کە کردومە و بتوانم خزمەتی کولتوری کوردی پێبکەم، چەند مانگێك قوتابخانەیەکی فۆتۆم خوێندوە، پاشان شەش مانگ کۆرسێکی فیدیۆم خوێندوە کە بۆ فێرکردنی بەکارهێنانی کامێرا و وێنەگرتن و مۆنتاژ و یاساکانی ڤیدیۆ بوو.

ئەوە ماوەی ساڵێکە قوتابخانەیەکی میدیا دەخوێنم کە لە مانگی ٣ دا بۆ ماوەی مانگێ تەدبیقم هەبوو لە شاری سلیمانی ساڵی ١٩٩٩.

() را و پێشنیارت بۆ گۆڤارەکە چیە؟

- دەست خۆشکەریەکی بێپایان بۆ هەموو دڵسۆزانی گۆڤارەکە، ئەوەی دەمەوێ بیڵێم وەك





ئاشنا لەکاتی وێنەگرتندا لە فێستیڤاڵی شانۆی کوردی لە شاری بەرلین لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٨

پەیامنێرێك و دڵسۆزێکی گۆڤارەکە بە دڵێکی فراوانەوە بە پەلە دەری‌دەبڕم.

چەند داوایەکی برایانە لە دەستەی نوسەرانی گۆڤار دەکەم کە ئەمانەن:

* گیروگرفتێکی سەرەکی و گەورە لەنێوان وڵات و هەندەراندا ئەویش چارەسەرکردنی پۆستە، لەلایەکی ترەوە خۆزگە گۆڤارێکی ئەدەبی روناکبیریی وەك گەلاوێژی نوێ هەندێجار خۆی لە بابەتی سیاسەتی ؟؟ نەئەدا.

* چەند خۆشە دەبوو بەبی سانسۆر شتەکان بڵاوبکرانایەتەوە. کاتی خۆی نوسراوەیەکی زۆر زۆر بەپێزی برای بەهەڵوێست (حەمە سەعید حەسەن) م بۆ رەوانە کردن بەناوی (کتێبێکی بەخوێن نووسراو) کە دەربارەی کتێبەکەی عەبدولخالق مەعروف بوو کە بە ناوی (ئادەمیزاد لە کۆمەڵگای کوردەواری) دا بڵاوتان نەکردەوە ! دەڵێم دەکرا بڵاوبکرایەتەوە چونکە گۆڤار و رۆژنامەی کوردی ئەوەندە زۆرە کاتی ئەوە هاتووە مرۆڤەکان بابەتەکانی حەزیان لێیەتی و ئیمانیان پێیەتی هەڵیبژێرن.

* وەل بڵاوتان کردەوە لە ژمارە یانزەدا چاوپێکەوتنێکی من بوو لەگەڵ دکتۆر رەفیق سابیر، بەڵام بە داخێکی زۆرەوە چەند پرسیارێکی تیا بوو دەربارەی چاوپێکەوتنەکەی کەژاڵ ئەحمەد دەربارەی رەفیق سابیر کەچی بڵاوتان نەکردەوە.

* تو سەری خۆتان برادەران ئاگاردی هەڵەی چاپ بن برازایەکم هەیە ناوی فرمێسکە (بەس تا ئێستا نەمدیوە بگری و فرمێسك بڕێژێ) دەڵێ مامە ئاشنا ئێمەی منداڵانی کورد لە ئەوروپا گوناهو سەقەتین! دەڵێم بۆ فرمێسك گیان. دەڵێ: چونکە دەزانین بە کوردی قسە بکەین بەڵام کاتێ بمانەوێ بە کوردی بنوسین رەسمی نووسینەکە لە چەپەوە دەکەین بۆ راست.

() پرۆژەی خۆت بۆ داهاتووی گۆڤارەکە چیە؟

– بتوانم بەشێوەیەکی بەرفراوانتر ژمارەکانی بگەیەنمە کەسانێکی زۆرتر و بەشێوەیەکی زۆر جوان و مۆدێرن شێوەی لاپەڕەکانی لەناو ئینتەرنێت دا بگۆڕم بە دەنگ و رەسم و مۆسیقاوە و بەجۆرێك کردنەوەی ئاسان بێت بۆ خوێنەرانی.

() ژیاننامەی خۆت.

– لە کوردستان قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندیم تەواوکردووە و پاشان چومەتە ئامادەیی بازرگانی بەشی محاسبە و دوابەدوای ئەوە دوو ساڵ لە زانستگەی الأدارة والاقتصاد بەشی (اعداد مدرسین) لەبەر بارودۆخی سیاسی نەمتوانی بەردەوام بم لە خوێندن.

لە بەرواری ١٩٦٠/٢/٢٢ لەدایك بووم و نازانم کەی خۆش بەختانە شەرەفی مردنم پێدەبەخشرێت.

دیدارێك لەگەڵ خاتوو (زەینەبی یوسفی) دا

گۆران ئەژی گۆران

خاتوو زەینەبی یوسفی یا (خانم یوسفی) چیرۆك نووس و رۆشنبیری نێو نووسەرانی کوردستانی ئێران بەم شێوەیە باسی خۆی دەکات:-

(باوکم فەرمانبەری بەڕێوەبەرایەتی توتن بوو (کارمند دخانیات) لەبەر ئەوەی لەگەڵ لێپرسراوەکانی خۆیا هاودەم و رەفتار نەبوو، گەلێ بیانوویان بۆ ئەدۆزیەوە و هەر رۆژەی هەڵیان ئەدا بۆ شارێك، هەروەك جارێکیان کە بۆ (بیجار) گواستراوەتەوە، لە (٢٠/ دی ماە/ ١٣٤١) واتە لەساڵی (١٩٦١)دا لەوێ لەدایك بووم، سێهەم منداڵی ئەو خێزانە بووم خوێندنی سەرەتایم لە (سنە) تەواو کردووە ناوەندیشم لە (بیجار) تەواو کرد، کە جارێکی تر چوینەوە بۆ بیجار.

لەساڵانی منداڵیما لەنووسین دا شتنا گەلێ شارەزا بووم و بەگشتی لەپێشبڕکێی دارشتن و وتار خوێندندا هەمیشە پلەی یەکەم بەدەست هێنا ئەوەی جێی سەرنجە لە وتار خوێندن و خوێندنەوەی هەندێ بابەتی خۆم کەڵکم وەرئەگرت. بەڵام لەو سنورە تەسکەدا، کەسێ نەبوو دەستی من و ئەوانەی وەك من بگرن و ڕێمان نیشان بدەن.. لەناو خێزانەکەی خۆمانا ڕێی خوێندنەوەم گرتە بەر و بەردەوام خەریك بووم لەساڵانی خوێندنی ئامادەیشدا (دبیرستان) لەسنە بووم، خەریکی خوێندنەوەی شیعر نوسین بووم، لەدنیایەکی قەشەنگا دەژیام. ڕۆژێك هەستم بەوە کرد کە ئەتوانم چیرۆك بنوسم دەستم دایە چیرۆك دەقی شانۆییم ئەنوسی و خۆشم لەسەر شانۆ خەریکی نواندن بووم و جار جارەش سیناریۆم دەنوسی، بەکورتی پەیوەندی من لەگەڵ ئەدەب و هونەردا بەم شێوەیە بوو..

وەکو سەرەتا بەڵام لەساڵی (١٣٦٢) (١٩٨٢) بەشێوەیەکی باش دەستم بەچیرۆك نوسین کرد، ساڵی (١٣٦٦) (١٩٨٦) شوم کردو ئێستا دایکی دوو کوڕم گەلێ جار گەشتم بۆ وڵاتان کردووە، ئەوەش ڕۆڵی خۆیان دیوە بۆ بەرهەمەکانم و لەڕووی مەعنەویەوە بۆ بایەخ نەبوو.

نوسینەکانم کەوتنە ئامێزی زمانی فارسیەوە، لەو ماوەیەدا زیاتر لە (٥٠) چیرۆکی کورتی ڕیالیستی و سوریالیم نوسیوە، هەروەها ڕۆمانێك و شەش فیلم نامە (سیناریۆ) ئەوا بۆ ساڵێك زیاترە کە بەزمانی کوردی خەریکی چیرۆك نوسینم، هەروەها خەریکی وەرگێڕانی چیرۆکەکانی خۆم بۆ زمانی کوردی).

خانم یوسفی: بەم شێوەیە باسی خۆی کرد، ئەوەش کە بیویستە ئێمە ئاماژەی بۆ بکەین، ئەوەیە کە لە گۆڤاری گەلاوێژێنوێدا چیرۆکێکی وەرگێڕاوی بڵاوکراوەتەوە. هەروەها لەڕۆژنامەی هەنەرێمدا چیرۆکێکی کوردی بڵاوکراوەتەوە.

(لە چ زەمینەیەك دا دەستت بەنوسین کرد؟

— وەکو ڕۆژ کەس بۆ دەربڕینی هەستی خۆم دەستم دایە قەڵەم، دەتوانم بەجەسارەتەوە بڵێم لەساڵانی لاویما ڕۆژانەی کەسێ هانم بدات، لاسایی کەسێ بکەمەوە شیعرم وتە، بەڵام نەك بەو مانایەی کە ئێستا دەڵێم ئەشیعرە ئاکسەم بەپێی تەمەن و سەرگەرمی لاوم و هەك بڵێی هەندێ شیعرم نوسی ئەو سەردەمە کە نەوجەوانان بەشیعرو چیرۆك کاتیان بەسەر ئەبرد، کەسێ ئاوڕی لێ نەئەدانەوە، بەڕاستی من بەناچاری دەفتەری نوسینەکانم پیشان ئەدا بەنیازی ڕێنمایی کردن، لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز لەدەربڕینی هەست و نەستی دڵی خۆم ڕێگریم

نەدەکرد، تابیست ساڵیم هەستم ئەکرد شاعیرم‌و شیعر دەڵێم لەوانەیە شیعرەکانم هەندێ شیعری واقیعیان تێدا بوو بێ بەڵام یەکەم چیرۆکم کە شایستەی بڵاوکردنەوە بوو بەناوی (خەونە پەشێوەکانی با) دوایی ئەویش (چیا) کە ساڵی ١٩٨٦ نوسیبووم بەگەرمی پێشوازی لێ کرا.

لەبەر ئەوەی لەخێزانێکا گەورە بووم کە دۆستی کتێب خوێندنەوە بوون پەیوەندیەکی چڕو پڕم لەگەڵ خوێندنەوە هەبوو، دیارە (بەشێوەیەکی راست‌و سیتماتیك) ئەوەش هۆیەکی راستەوخۆ بوو، بۆ ئەوەی زیاتر ئاشنای چیرۆك بم. دوای (چیا) چیرۆکی دیم نوسی، بەجۆرێ کە تەواوی ئارەزووی هونەریم گۆڕیەوە بەنوسینی چیرۆك.

() تۆ لەپێشدا بەفارسی نوسیوتە چی هانی دایت بۆ ئەوەی بەکوردی بنوسیت؟

– منی کورد زمان، کاتێ کەپێم نایە پۆلی یەکی (دبستان) سەرەتایی ئەتوانم بڵێم زمانی فارسیم نەدەزانی، بگرە بەشێوەیەکی مام ناوەندی‌و نیوە ناچڵیش نەم دەتوانی قسەی پێ بکەم. بەڵام لەناچاریا فێر بووم، هەروەها ئەوەشم زانی کە بەهۆی زمانی فارسی‌یەوە هەست بکەم‌و بیرو یاداشتەکانم بەفارسی بنوسم، بەڵێ منی کورد زانیم کەتاڕادەیەك، رادەی پەیوەندیم بەزمانی فارسی‌یەوە تا رادەی پەیوەندیم بەبیرو ئەدەبیاتی دیکەشەوە تەنانەت زمانی رەگەزی خۆشم وەك کورد، هەر لەڕێی زمانی فارسی‌یەوە بوو، بەو شێوەیە لەڕووی پێویستەوە بۆ زمان، بەو زمانە دەستم پێ کردو، نەدەهات بەبیرما، بەلامەوە جێی باوەڕ نەبوو کە رۆژێ بەکوردی بنوسم‌و بیر بکەمەوە لەدانیشتنە ئەدەبیەکانداو لەناو نوسەرانی کوردا، کە بەکوردی ئەیان نوسی‌و ئەیان خوێندنەوە، بەپەرۆشەوە گوێم ئەگرت، ئاهو حەسرەتم هەڵ ئەکێشا لەماوەی چەند ساڵێکا وردە وردە ئاشنایم لەگەڵ ئەدەبیاتی کوردیا پەیا ئەکرد، تەنانەت لەو لاوە دە پانزە ساڵانە کە بەئاسانی شیعری کوردیان ئەخوێندەوە، گەلێ واژەی جوان سەرنجی راکێشام، ساڵی پێشوو کە گەشتێکم بۆ دەرەوە کرد، لەماوەی هەشت مانگ دا تەنیایی دوورە وڵاتی زۆر هەستم بەنامۆیی‌و غوربەت ئەکرد، هەستم ئەکرد کە چەند پێویستم بەوەیە تێکەڵاوی ئەدەبیاتی نەژادی خۆم ببم، دوای گەڕانەوەم زیاتر لەساڵێك هەموو کاتم تەرخان کرد بۆ خوێندنەوەو نوسینی کوردی سەرەڕای ئەوەی کە لەوەوبەر تەقەلام دابوو، ئەمەش مایەی خۆشحاڵیمە.

() تاچ رادەیەك ئاگاداری ئەدەبی کوردیت‌و بەسەریا زاڵیت؟

– من تائێستا لەسەرەتادام، بەڵام سەرەتایەکی هوشیارانە نەك وەك یەکێك بەزۆرەملێ ناچار بێ زمانێك فێربێ بنوسێ‌و بخوێنێتەوە. لەنێوان ناچاری‌و ئارەزووا جیاوازیەکی زۆر هەیە بەتایبەتی لەزەمینەی چیرۆکا وەك پیشەیەکی هونەری کارم کردووە، تەکنیك هەر ئەو تەکنیکەیە بەڵام دیدو زمان جیاوازە.

سەرەتا زۆر ئارەزووی شیعرەکانی هێمن‌و قانعم ئەکرد، زۆرم لاخۆش بوون هەروەها شاعیرە نوێخوازو هاوچەرخەکان سەرنجیان راکێشام.

(مەم‌و زین)ی ئەحمەدی خانی، گۆران، نوسینەکانی عەزیز نەسین‌و یەشار کەمال بەکوردی، سودیان بۆ من زۆر بوو، هەروەها گۆڤارەکانی ناوخۆ ئەوەندەش کەپێمان گەیشتبێ، چیرۆکەکانی سودمەند بوون بۆ من.

() ئێوە چیرۆك لەئەدەبیاتی ئەمڕۆدا چۆن دەبینن خۆتان بەچ شێوازێ ئەنوسن؟

– زەمان تێ ئەپەڕێ‌و دەیان ساڵ‌و هەروەها سەدەکان بەدوای یەکدا دێن‌و تێ دەپەڕن، هاوەمی ئەم چەندو چونەش، هەموو شتێك لەحاڵەتی گۆڕیندایە، لەحاڵەتی تەکامولیدایە، دیارە هونەرو بەتایبەت چیرۆك نوسینیش لەم گۆڕانکاریەدا جیا نابێتەوە. هەروەك وێنەو شێوەکارو خۆش نوس گۆڕاوەو، بەرەو رووی ئەو تەکاملە ئەچێت، چیرۆکیش چاری نیە دەبێ لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریەدا سەبك‌و شێوازی خۆی بگۆڕێ، لەبەر ئەوەی لەئێرانا نوسەران لەو دەستە هونەرمەندانەی کەوەك پێویست سەرنجیان نەدراوەتێ‌و بەرچاو نەکەوتوون ئەویش بەهۆی گەلێ هۆکاری جیاوازەوە، وەك بڵاوکردنەوە، گیروگرفت زۆرە، بەڵام بەشێوازی ئەوەی کە دروست بووی واقعە، ئابەم وەسفە ئەدەبیاتی چیرۆك نوسینی ئێران بەرچاو و دیارە.

ئێستا چیرۆك گێڕانەوە، رواوێکی ریالیستی نیە، چیرۆکی ئەمڕۆ کەڵك لەفەزای فەنتازی وەئەگرێ‌و

جۆرەکانی هێمای رەمزی پێوە دیارە کە لەڕووی داڕشتنەوە لەپێشترو جەزاب تڕە.

چیرۆك نوسەکانی سەردەم پەیوەندیان بەم (سەبکە) مودێرنیزمەوە زۆرەو لەنوسینی چیرۆکی نوێدا سەرکەوتوترن لەرابردوو.

لەڕابردوودا تاپێش چلەکان (مەبەست سالانی ١٣٤٠) واتا (١٩٦٠) شەستەکانی زاینی ژمارەیەکی کەم لەنوسەران لەبەرچاو و شایستە بوون لەئێرانا، بەڵام دوایی ئەوە بەواتا لەسەرەتای پەنجاکانەوە، شێوەی چیرۆك نوسین شێوەیەکی دی بەخۆیەوە بینی، ئەوەتا ئێستا ئەبینین ژمارەی نوسەرانی هەر پارێزگایەك بەئەندازەی هەموو نوسەرەکانی سەردەمی چلەکانن لەئێرانا ئەمەش شایستەی بایەخ پێدانە و بەلای منەوە کاروانی پێشکەوتنی ئەدەبیاتی ئێران هیچی لە ئەدەبیاتی چیرۆکی جیهانی کەمتر نیە منیش وەك هەموو نوێخوازەکان، وابەستەی کاری چیرۆکی نوێم، ئەوەش نەك بەتوڕەڵدانی داستانی ریالیستی، گەلێ کاری نوسینی ریالیستیم هەیەو کاریشی تیا دەکەم، بەبڕوای من چیرۆك واتە ژیانی خۆمان، ئەوەی بەدەورو بەرمانەوەیە ئەوی تیایا ئەژین، ئەوەی لەناو کۆمەڵگەدا، رووئەدات چیرۆك نوسینەوەی ئەمانەیە، بەڵام ئایا چیرۆکنوس تێڕوانینی چیە؟ ئایا بۆ چارەسەری گرێیەك خودی چیرۆك نوس لەخەیاڵی خۆیا شتی ناومکن نادۆزینەوە؟ خۆی وەك سوپرمانێك نابینێ؟

گەلی پرسیار هەیە لەخۆمانی بکەین، بەڵام وەڵامدانەوەیان، دەکەوێتە سەر ڕۆشنایی دیدەو تێڕوانینمان (ڕۆیا) چونکە وەك هەندێ روداو کە لە ژیانا هەیە چیرۆکنوس دەتوانێ روداوی تریش بخولقێنێ، خوێندنەوەی کەسایەتیەکانی ژیان لای چیرۆك نوس لەچەند رویەکەوە نەك هەروەك مرۆڤێکی سادە ئەو چەند لایەنەش بەناسینی تەواوی ئەوانە تاوەکو لەناو چیرۆکەکانتا لەگەڵیانا سات و سەودا بکەن چیرۆك نوس بەخەیاڵی زۆر شت مەزندە ئەکات، هەروەها کەسایەتیەکانیش خەیاڵی خۆیان هەیە کاتێ چیرۆکی (چیام) باڵوبوەوە یەکێ لەشانۆنامە نوسەکان کە خۆشی ئەکتەری شانۆ بوو بەهۆی هەندێ لەدۆستەکانی لەکرماشانو دەوروبەری گەشتو گوزاری بەناو باخو باخات و خەڵکی ئەو ناوەدا کردبوو، هەروەها (چیا)ی خوێندبووەوە بۆیە هەمیشە سوێندی ئەدام ئایا ئەم چیرۆکە واقیعە.

نوسەر دەبێ ئەوەندە بەتوانا بێت کە هەرچی ناومکن بێت لەجیهانی چیرۆکەکەیدا بیکاتە مومکن، هەروەها بەپێچەوانەوە، ئەمەش توانای (خەیاڵ)ی ئەوێت شێوەیەکی سوریالی لەزەمینەیەکی واقیعدا بەو شێوەیە دەرگایەکی فراوان دەخاتە سەرپشت. ئەتوانین بڵێین (فانتازیا) بەو شێوەیەیە، کە نابێ لەواقیعدا خەیاڵ نەبێت و کەسیش نیە لەخەیاڵیا نەیەوێ خەونەکانی پیادە نەکاتو لەواقیعدا هەر ئەمەش توانای چیرۆکی نوێ بەرجەستە ئەکات کە بتوانێ واقع ببینێو بینوسێ، جامن لەم زەمینەیەدا زیاتر ئاشنای دنیای چیرۆکم.

() کاریگەری چیرۆك لەسەر ژیانت چیە؟

– هەروەك وتم چیرۆك ئەو ژیانەیە تیا ئەژین، تەنانەت منداڵەکانم ئالودەی چیرۆك بوون، ئەوەتا کوڕە گەورەکەم کە تەمەنی هەشت ساڵە نایەوێ یەکێك بێتە ماڵمانو بچێتە دەرەوە ئەگەر چیرۆکێ یاسەرگوزشتەیەکی پێ نەگێڕێتەوە. منیش کە ئەمە ئەبینم لێوان لێو سەرڕێژ ئەکەم هەست ئەکەم واتازە دەست ئەدەینە چیرۆکی ژیان.

() لەئایندەدا چی ئەنوسن؟ بەکوردی یافارسی؟

– چی ئەنوسم ئەوە ژیانەو پڕە لەچیرۆك بەڵام ژیانی ئایندە لەکام چیرۆکدا دروست ئەبێت. بۆ زمانیش دیارە زمانی فارسی کە چاوی خوێندەواریم پێ هەڵهێناوە بەو زمانە دڵو دەرونی خۆم ئاشکرا کردووە ئەوە پەیوەندییەکی ریشەداری دروست کردووە. بەڵام کوردی کە زمانی زگماکی خۆمەو گۆی مەمکی دایکمە هەست دەکەم ئەو تۆزو خۆڵەی کە سالاهایە لەسەر هەستو بیری ئێمە نیشتووە خەریکە وردە وردە لادەچێت شنەی بایەك هاتووەو گەوهەری ناو دەروونان دەردەخات وابەئاستەم تروسکایی ئەو گەوهەرە دەبینم بەڵام گەردو خۆڵەکەی تەواو لانەچووە لەرۆژانێکی نزیکدا کە ئەو گەوهەرەم لەتۆزو خۆڵ پاك کردەوە ئەوەش دوور نیەو نزیکە، چونکە یەك بوونەوەم لەگەڵ ئەو گەوهەرەدا عشقەو عیشقەو سەرئەنجام دروست کردنی دنیای تازەیە دنیای سوتانو مەشخەڵانە و هەرگیز بێ روونەاکی نابێت دواجاریش وائەزانم وەڵامەکانم دڵنیاتان دەکات. لەکۆتاییدا سوپاس.

هەڤ پەیڤینێك لەگەڵ هونەرمەند هێرش عومەر رەزا

ئا: نەورۆز شێخ حسین سەعاتچی/دانیمارك

ماوەیەك بەر لە ئێستە گۆمەڵەی دۆستانی مۆسیقای کوردی لە دانیمارك بەرنامەیەکی بەناوی (گۆرانی و مۆسیقا و هونەری شێوەکاری منالانی کورد) لە شاری (ئەلبێرتسلوند) ی نزیك کۆپنهاگن سازکرد. سالۆنی ئاهەنگەکە بە چەندها تابلۆی هونەری جوانی منالانی کورد لەناوەوەی کوردستان و منالانی کوردی نیشتەجێی دانیمارك رازێندرابۆوە و جوانییەکی پاك و بێوێنەی بەخشیبوو بە هۆلەکە. بێجگە لەمەش تیپێکی کۆرسی منالان لە شاری (لوند) ی خواروی سویدەوە بانگهێشت کرابوون بۆ بەشداربوونی ئەو بەرنامەیە کە تیپەکە پێکهاتبوو لە (١٨) منالی تەمەن (٥-١٢) سال، بە سەرپەرشتی مامۆستا (هێرش عومەر رەزا) کە هەر خۆی دامەزرێنەر و راهێنەری ئەم تیپەیە. دوای ئەوەی کە بەرنامەکانی خۆیان بەشێوەیەکی زۆر جوان و سەرکەوتوانە پێشکەش کرد بە هەلمان زانی ئەم دەمەتەقێیە سەرپێیە لەگەڵ کاك هێرش دا ساز بکەین.

() کەی مۆسیقا لای کاك هێرش لەدایك بوو؟

– یەکەم وێنەی مۆسیقا کە لام دروست بوو دەگەڕێتەوە بۆ ساتەوەختی منالێم کە لە قوتابخانەی سەرەتایی بووم چاوم نەك گوێم کرایەوە بە بینینی چەند ئامێرێك کە مامۆستام (محەمەد حسەین) دەیهێنا بۆ قوتابخانە بۆ وانەی سروود، ئەم وێنەیە سەرسامی کردم و چەندین پرسیاری لا دروست کردم کە رەنگە هەتا ئێستا نەم توانیبێت وەلامیان بدەمەوە.

دوابەدوای ئەم ماوەیە بۆ وەلام دانەوەی پرسیارەکانی ناخم چاو و گوێچکەم کرایەوە بە دیتنی چەند مۆسیقاژەنێك و بیستنی ئاوازی چەند هونەرمەندێك لە کاتی ژەنینی ئامێرەکانیاندا وەك (کەمانەکەی) مامۆستام (ئەنوەر قەرەداغی) و کەمانەکەی (بەرزان یاسین) و کەمانەکەی (شەهید کارزان) و ئۆکردیۆنەکەی (کاکە ئازاد) م. پاش ئەمە یەکەم کەس کە دەرگای ئارەزووەکەمی ئاوەلاکرد دایکی ئازیزم بوو ئەویش بە کڕینی ئامێرێکی کەمان (ڤیۆلین) بۆم کە لەو رۆژەوە وردە وردە وام لێهات ئاشنابم بە ژێ و چینە دەنگییەکانی ئامێرەکەم و هەموو دەنگە هەستیارەکانی سرووشت.

() هاوپێی یەکەمت کەمان، ئەی هاوپێی دووهەمت چ ئامێرێکە؟

– ئامێری عوودەکە کردوومەتە ژووری لەدایك بوونی ئاوازەکانم، ئێستاش زۆر هەوڵ ئەدەم هاوڕێیەتی و ئاشنایەتی لەگەڵ ئامێرێکی مۆدیرنا پەیدا بکەم وەکو کیبۆرد یان سایزەر بەڵام زۆر زەحمەتە بەلامەوە چونکە رۆحی تیانییە و ئەبێت کێشمە کێش لەگەڵ ئەو ئامێرەدا بکەم و هەوڵێکی بێپایانی لەگەڵ بدەم تاکو فێری یاریکردنی بکەم بە رۆح.

() مامۆستا و راهێنەرەکانت کێ بوون؟

– لە سەرەتای ساڵی (١٩٧٩) لە خولێکی هاوینەی چالاکی قوتابخانەکاندا بۆ یەکەم جار کەوانم هێنا بە ژێکانی کەمانەکەمدا کە راهێنەر و فێرکەری ئازیزم مامۆستا (فەرەنسیس داود) بوو. دوابەدوای ئەم خولە لەگەڵ قوتابیە باشەکانی خولەکەدا تیپێکی مۆسیقا دروست کرا لە چالاکی قوتابخانەکان بە سەرپەرشتی مامۆستایان (خالید سەرکار و فەرەنسیس داود).

بەدوایدا بووم بە ئەندام لە تیپی مۆسیقای پیرەمێرد کە دامەزرێنەری ئەم تیپە مامۆستام (سەلاح رەووف) بوو، بەڵام کاتێ من بووم بە ئەندام مامۆستا (ئەنوەر قەرەداغی) سەرپەرشتی ئەم تیپەی ئەکرد ئەویش بەهۆی دوورکەوتنەوەی مامۆستا سەلاح بۆ هەندەران. لەو ساتەوە بەرەوام بەخۆم هێنا کە گۆڕ و تینێکی هونەریم تێدایە و پێویستە پەرەی پێبدەم، یاخود ئەڵێم ئیتر هەستم بە بەرپرسیاری کرد بەرامبەر بە کەمانەکەم. بە دڵنیاییەوە سوپاس و پێزانینی زۆرم هەیە بۆ هەموو ئەو مامۆستایانەی کە ناوم هێنان.

() شەرەفی ئەندامێتیتان لە چەند تیپ و ڕێکخراوی هونەریدا بەخۆوە دیوە؟

– یەکەم جار بووم بە ئەندام لە تیپی مۆسیقای پیرەمێرد کە تاکو ئەمڕۆش هەر شانازی پێوە دەکەم، پاشانیش بووم بە ئەندامی ئەو کەڵە تیپەی کە خاوەنی گوڵزارێکی گەورەی گۆرانی و مۆسیقای کوردییە و قوتابخانەیەکیش بوو بۆ خودی هێرش کە ئەویش (تیپی مۆسیقای سلێمانی) بوو. ئینجا بۆ وەگەڕهێنانەوەی بەشی مۆسیقای کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد – مەڵبەندی گشتی سلێمانی، کۆمەڵێك لاو کۆبوونەوە و بە ئەرکێکی گرنگمان زانی کە هەناسە وەبەر بەشی مۆسیقا بهێنینەوە بەوپێیە بووم بە ئەندامی بەشی مۆسیقای کۆمەڵ و هەروەها ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان تا هاتنە دەرەوەم بۆ هەندەران لە ساڵی ١٩٩٦.

دەربارەی ڕێکخراوی هونەری تەنها ئەندامی (یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان) بووم لە ساڵی ١٩٨٢ وەك کارمەندیش لە بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری سلێمانی لە بەشی مۆسیقا فەرمانبەربووم.

() چەند ئاوازت داناوە و چ هونەرمەندێ وتووێتی؟

– یەکەم ئاوازم گۆرانی (قریشتەکەم) بوو کە هەڵبەستی (عەزیزی ئاڵی) بوو، بە دەنگی عەدنان کەریم تۆمارکرا و پاشانیش (رازاو) دووبارەی کردەوە. هەندێ ئاوازم داناوە بۆ شانۆگەری (دارستانی بەختیاری) کە شانۆگەرییەکی منداڵانی ئاهەنگ ئامێز بوو لە دەرهێنانی هونەرمەند (ئاراس محمد)، بەدوایدا لەگەڵ تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی لە شانۆگەری (کۆڕە دارینە) کە هەر لە دەرهێنانی هونەرمەند (ئاراس محمد)



بەڵام بەهۆی بار و زروفی ئەوکاتەوە نەیتوانی کارەکە تەواو بکات بەڵام هونەرمەندی خوالێخۆشبوو مامۆستا (عوسمان چێوار) کارەکەی تەواوکرد و من و غەمگین فەرەج ئاوازەکانمان بۆ نووسی.

دوای ئەوە گۆرانی (بڵێسە) لە هەڵبەستی (نەجم هۆگر) و وتنی (رازاو)، گۆرانی (کۆشك) کە هەڵبەستی (بەرزان هەستیار)ە و لە وتنی (رازاو)، گۆرانی (باڵا) هەڵبەستی مامۆستا (شێرکۆ بێکەس)، گۆرانی (جەنگاوەرێك بۆ راپەڕین) هەڵبەستی (جەلالی میرزا کەریم) و گۆرانی (تەمی شەڕ) هەڵبەستی



(ئاراس عەبدالکریم) و وتنیان (دیاری قەرەداغی)، وە زۆر کاریگەرتر.

دواکاری هونەرییم دوو ئاوازن لە هەندەران لەدایک بوون کە هەڵبەستی شاعیران (ئاراس عبدالکریم) و (نەجم هۆگر)ن تاکو ئێستا بڵاونەکراونەتەوە. هەروەها چەند ئاوازێکم بۆ هونەرمەندان (نازێ و نەورۆز) نووسیوە، هەندێکیان ئامادەکردن و هەندێکیشان ئاواز دانانن.

() چ جیاوازیەک هەیە لە بیروبۆچوونی ئێستاتان لە هەندەران لەگەڵ ئەوسای کوردستان؟

– جیاوازییەکی یەکجار زۆر هەیە بەڵکو بۆشاییەکی بەرفراوانیشە، لە هەندەران دەگۆڕێ و لە بازنەیەکی سەیردا دەخولێتەوە ئەویش بازنەی کاتە کە شتێکی زۆر بەنرخ و دەگمەنە. یان رۆچوونی رۆح کەئەمەش خۆی بۆخۆی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر خودی هونەرمەند هەیە، رەنگە من لێرە زۆر بنەما و ئامێزی شەکنیکی نوێم لەبەردەستا بێت بەڵام بەچی ئەچێت کە تەواوکەرەکانی تری نزیک نەبن لێم پەتایبەت هونەرمەندانی پسپۆڕ و کارامە، ئەمە جیاوازییەکەیە کە بەڕێزتان پرسیاری لێدەکەن.

() وەک دەزانین ئەمشەو بینیمان و گوێمان لە ئاواز و گۆرانییە خۆشەکانی (تیپی کۆڕاڵی منالان) بوو کە ئێوە دامەزرێنەر و راهێنەری ئەم تیپەن، ئەتوانن باسێکی شێوەی دروست بوون و چۆنیەتی کارکردنت لەگەڵ ئەم تیپەدا بکەیت؟

– لوند (Lund) شارۆچکەیەکی بچووکە و کەوتۆتە خواروی سویدەوە، من ئێستا لەوێئەژیم. سەرەتای هاتنم کەوتمە ناو بۆشاییەکی کوژەرەوە، هەر لەبەرئەوە بیرم کردەوە کە پێویستە بەردەوام بم لەگەڵ حەزە هونەرییەکانم بەتایبەتی کاتێ کە منالانی کوردم ئەبینی لەناو خۆیاندا بەسویدی وتووێژیان ئەکرد و خەریکن لەناو بۆتەی کۆمەڵگای سویددا دەتوێنەوە و هەستی کورداییەتی و خۆبەکورد زانینیان رۆژ لەدوای رۆژ بەرەو نەمان ئەڕوات، داخێکی زۆر بوو بۆ من وەک کوردێک کە ئەو دیاردە تاڵانە بە چاوی خۆم ببینم و لە هەمان کاتیشدا منالی میللەتانی تری ئاوارەم دەبینی وەک (پاکستانی، ئێتنامی، عەرەب، تورک..هتد) کە بە زمانی خۆیان یاری و گفت و گۆ و هەموو پیویستییەکانی خۆیان دابین ئەکرد. هەڵبەتە بەتەنها منالەکان خۆیان نین و هەست بە لێپرسیارێتی کردنی دایک و باوکەکانیانە

بەرامبەر بە شەخسیەتی نەتەوەیی و پاشەڕۆژی منالەکانیان کە بەئاخەوە ئەو هەستی نەتەوەیی و هەست بە لێپرسیارێتی کردنە لەلای زۆربەی دایك و باوکە کوردەکانی ناو هەندەران نیە و یان گەر هەشبێت زۆر کەمە. ئالێرەدا بە مێشکمدا هات کە پێویستە من رۆڵی خۆم ببینم و کەوتمە خەیاڵ و بیرکردنەوە بۆ چۆنیەتی کەوتنەکارم و بەپێویستم زانی کە ئەم منالانە ئەبێت گوێیان بە گۆرانی کوردی ئاشنا بکرێت و تاڕادەیەکیش فێری وتنی گۆرانی کوردی بکرێن و ئەگەر بشتوانرێت تیپێکی منالانەیان لێدروست بکرێت.

لەم بارەیەوە پەیوەندیم بە کاك (سەرکەوت جەلال دەباغ) کرد کە لێپرسراوی پەیوەستگا دیموکراتیی‌یەکانە لە شاری لوند کارەکەی زۆر لا پەسند بوو و دەستمان کرد بە کۆکردنەوەی منالەکان، ئەوی راستی بێت دوای باس کردنی پرۆژەکەم لای دایك و باوکەکان ئەوانیش زۆریان پێباش بوو و هەتاکو ئێستاش زۆریان یارمەتی داووم بۆ ئەنجام دان و سەرکەوتنم لەم کارەدا چونکە یەکەمجار بوو مۆسیقی‌یەکی کورد بێتە ئەم ناوچەیە و پرۆژەی دروست کردنی تیپێکی وای بەخەیاڵدا هاتبێت.

سەرەتا زۆر کێشەم روبەڕووبۆوە، چونکە هەندێ لە منالەکان زمانی کوردیان پاراو و پاك نەبوو هەروەها زۆر نامۆ بوون بە ئاواز و مۆسیقای کوردی، بەڵام هەرچۆنێك بوو توانیم کارەکەیان لا خۆشەویست بکەم و ئەو ئەنجامەی ئەمڕۆی هەبێت.

() تاکو ئێستا ئەم تیپە لە چەند ئاهەنگ و بەرنامەدا بەشداری کردووە؟

– ئەو کارانەی کە ئەنجام دراون لەگەڵ ئەم تیپەدا ئەمانەن:

١) بەشداری ئاهەنگی رێکخراوەکانی خاچی سووری سویدی و رێکخراوی منالّ پارێزو و رێکخراوی (IM) مان کرد.
٢) شەوێکی کلتووری هەیە بۆ پیشاندانی کلتووری میللەتان کە سالانە لە شاری لوند سازدەکرێت، ئێمەش وەك کورد و گروپی منالان بەشداریمان کرد و ئیشەکان جێی سەرنجی زۆربەی ئامادەبوان بوو.
٣) کۆمەڵەی کلتووری کوردی و پەیوەستگا دیموکراتیی‌یەکان لە شاری لوند هەڵسان بە سازکردنی شەوێکی کلتوری کوردی کە گروپی منالان رۆڵێکی چالاکیان هەبوو لەو شەوەدا.
٤) لەگەڵ گروپی تری منالانی سویدیدا لە (زانکۆی جەماوەر) (Folkuniversitet) بەشداری ئاهەنگێ بووین کە بۆ خوێندکارانی زانکۆکە سازکرابوو.
٥) ئێستاش کۆمەڵەی دۆستانی مۆسیقای کوردی لە دانیمارك میوانداری گروپەکەمانیان کردووە و لێرە بە هاوکاری کچە کوردی خنجیلە (یەسنا) خان کە تەمەنی (٥) ساڵە و کچی هونەرمەندان نازێ و نەورۆزە بە دەنگە بەسۆزەکەی بە دوو گۆرانی بەشداری کردین و ئەو بەرهەمانەی ئەم شەومان پێشکەش کرد کە خۆتان گوێتان لێبوو.

() دوا کاری هونەریتان چیە؟

– ئێستا خەریکی پرۆژەیەکی دروست کردنی گروپی مۆسیقایی لەگەڵ هونەرمەندان (نازێ و نەورۆز) بەیارمەتی و بەشداری سێ مۆسیقاژەنی دانیمارکی و یەك سویدی بەڵام بۆ گۆرانی و ئاوازی کوردی کە ناوی گروپەکەش بە بڕیاری هەموان هەر بە ناوی هونەرمەند (نازێ) وەیە (Naze Kurdish Music group) و لە سەرەتای کارەکانداین و هیوام زۆد پێبەتی کە بتوانین کاری هونەری مۆدرێن و باش پێشکەش بکەین.

() دوا وتەتان چیە؟

– سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ سەرجەم کارمەندانی گەلاوێژی نوێ و بەڕێزتان هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم. ئەوەشم لەیاد نەچێت سوپاسی مامۆستایان فەرنسیس داود و خالید سەرکار ئەکەم کە چەند ئاوازێکی باشیان بۆ گروپەکەمان بەدیاری ناردووە.

رۆژ ئەژمێری کوردی

د. صدیق بۆرەکەیی

گەلی کورد لە مەڵبەندەکانی کۆێستانیدا پتر خەریکی کشت و کاڵ و وەرزێری و ئاژەڵداریيە، باشتر توانیویەتی بیروبڕواو و رێو رەوشتەکانی کۆنی خۆی بپارێزێ و هەر بەم هۆیەوە هەموویان کارزان و بێباك و نەبەزبار هاتوون و هەرگیز خۆیان نادەنە دەستی رووداوەکانی ژیانەوە و لەگەڵ تەنگ و چەڵەمەکانی ژیانیانا بەربەرەکانێ ئەکەن و لە باوبۆران و بەفر و تەرزە و سەهۆڵبەندان ترسێکیان نیيە و لەگەڵ سروشت دا هۆگربوون و زێد و نیشتمانەکەیان خۆش ئەوێ و لەسەری خۆیان ئەدەنە کوشت.

گەلی کورد لەپاش تێپەڕینی هەزاران ساڵ لەگەڵ ئەو هەموو ئاڵ وگۆڕەی کە لە مەڵبەندەکەیان دا هاتووەتەدی هێشتا رێ و رەوشتەکانی خۆیانیان پاراستووە و لەسەری ئەڕۆن. رۆژئەژمێری کوردی کە لەم نامیلکەدا باسمان لێوەکردووە، هەر لە مێژەوە لەناو کوردەکان دا باوبووە و کوردەکان هەر لە کۆنەوە ساڵ و مانگ و رۆژەکانی حەوتەیان ناسیوە و هۆزەکانی کورد بۆ ناوی مانگەکان لە سروشت و جوانیيەکانی کوردستان کەڵکیان وەرگرتووە و ناوی مانگەکانی کوردی لە راستەقینەدا پەیوەندی بە رێ و رەوشتەکانی کشت و کاڵ و ژیانی گیانداران و مەڕومااڵت و گیاکان و رووەکەکان و دارو درەختەکانی کوردستانەوە هەیە.

ئەم رۆژئەژمێرە کە بەپێی لێکۆڵینەوەی لێکۆڵینەوەکانی نووسەر لە مەڵبەندەکانی جۆربەجۆری کوردستان لەناو هۆزەکانی کوردا پێك هاتووە، داگری ناوەکانی جۆربەجۆری رۆژەکان و مانگەکان و وەرزەکان و ساڵ و رووداوەکانی سروشتی کوردستانە کە ئەوا پێشکەشی ئەکەمە خوێندەوارانی بەڕێز و هێژای کورد و هیوادارم کەڵك و سوودی لێوەرگرن.

* * *

ناوی مانگەکانی کوردی

کوردەکان هەر لە مێژەوە ناوی رۆژەکان و مانگەکان و وەرزەکان و ساڵیان هەبووە و ئەم ناوانە کە هەر لە دەوری کۆنەوە لەناو کوردەواری دا باوبووە، لە هەر مەڵبەند و دێ و شارو شارۆلکەیێك دا بە چەشنێ بەکارئەبرێ و پتر وەرزێران و جوتیاران ئەم ناوانە بەکارئەبەن کە تەواوی ئەو ناوانە پەیوەندیان بە گیانداران و جانەوەران و رووەکەکان و درەختەکان و بەرهەمی کشت و کاڵ و رێ و رەوشتی وەرزێری و ئاژەڵداریيەوەیە، وە ناوی مانگەکان کە لە زاراوەکانی جۆربەجۆری کوردی دا بەکارئەبرێن لەگەڵ یەکا جیاوازیان هەیە و هۆی ئەوەش پتر سروشت و مەبەستەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی کوردەواریيە. بۆ وێنە: نەورۆز مانگ یانێ مانگی نەورۆز، مانگێك کە رۆژەکانی نەورۆزی تێدا جەژن ئەگیرێ کە ئەمەش لە دەروبەری سنە بە هەوەڵین مانگی ساڵ واتە: بە مانگی خاکەلێوە ئەوترێ و ئەوەش نیشانەی جەژنی نەورۆز و سەرەتای ساڵی نوێیە چونکە لە رابوردوودا جەژنی نەورۆز لەناو کوردەکان دا یەك مانگ بوو، واتە: مانگێك جەژنیان ئەگرت. وە یا مانگی گوڵان واتە: ئەو مانگە کە گوڵەکانی تێدا ئەپشکوێ و گوڵ بە رۆری ئەڕوێ و ناوی مانگەکانی تریش هەر بەم جۆرەیە:

ناوی مانگەکانیکوردی کە لەناو هۆزەکانی جۆربەجۆری کوردستان دا باوە بەم جۆرەیە:

١) نەورۆز مانگ، خاکەلێوە، ئاخەلێوە، دارپشکێوە، هەرمێ پشکێو.
٢) گولان، شەستەباران، هێلانەمە، بانەمەڕ، بازەبەران، مانگ ناوگولەك.
٣) بەختەباران، جۆزەردان، باران بڕان.
٤) پووش پەڕ، مردارەمانگ، تیرمە، پەڕپەڕ.
٥) جۆخیتان، میوەگەنان، گەلاوێژ.
٦) تەباخ، خەرمانان.
٧) باران پەلە، رەزبەر، میران، مێش پەڕ.
٨) گەلاڕێزان، خەزەلوەر، چریاپیشین.
٩) کەوبەردار، سیخوار، چریاپاشین، خوێن جمان.
١٠) بەفرەمبار، بەفرانبار، سەرماوەرز، بەفران.
١١) ڕێبەندان، سەهۆلبەندان.
١٢) ڕەشەمە، ڕەشەمێ، پۆلان.

* * *

داوەتی ناوی مانگەکانی کوردی

نووسەران و زانایانی کورد لەم دواییەدا ناوی دوانزە مانگی ساڵیان بۆ مانگەکان هەڵبژاردووە و لە چاپەمەنیەکان و ڕۆژنامەڕێرەکان دا چاپ و باڵویان کردووەتەوە و ئێستا زۆربەی خەڵك هەر ئەو ناوانە بەکارئەبەن کە ئەوا لێرەدا بۆتانی شی ئەکەینەوە و لەسەری ئەکۆڵینەوە:

١—خاکەلێوە: ناوی یەکەمین مانگی بەهارە کە ئاڵ و گۆڕی خاك و سروشتی جوانی کوردستان ئەگەیێنێ و لە دوو بەشی (خاکە) و (لێوە) پێك هاتووە بەواتای ئاڵ و گۆڕی خاك و سروشتە. بەشی دووەمی وشەکە کە(لێوە) یە لە (لێویان)ەوە هاتووە بەواتای گۆڕیان و سەرەوژێربوونەوەیە. ناوی ئەم مانگە لە مەڵبەندەکانی جۆربەجۆری کوردستان دا نەورۆز مانگ واتە: مانگی نەورۆز، دارپشکێو واتە: پشکووتنی دارو درەخت و هەرمێ پشکێو واتە: پشکووتنی داری هەرمێیە. ئەم مانگە بەهۆی جەژنی نەورۆز و هاتنی بەهارەوە بەرە جەژنانیشی پێئەڵێن.

٢—بانەمەڕ: ناوی دووەمین مانگی بەهارە کە لە دوو بەشی (بانە) بە واتای لەوەڕگە و مەڕ واتای مێ و پەز پێك هاتووە واتە: لەوەڕگەی مەڕ، مالات و نوێنگەی دەرچوونی ران و مەڕ و مالاتە بۆ دەشت و کێو و چیا. لە مەڵبەندەکانی تری کوردستان دا ئەم مانگە (گولان) واتە: مانگی گوڵەکان و (شەستەباران) واتە: بارانی تۆندو بە لێزمە و لەسەریەك و (هێلانەمە) واتە: هێلانەی مژوتەم و (بازەبەران) واتە: بازدانی بەران کە بریتییە لە بارینی بارانی زۆر و مژ و تەم بوونی هەواو هەڵپەزین و بازدانی بەرانەکانە لە دەشت و کێو و چیا.

٣—جۆزەردان: ناوی سێیەمین مانگی بەهارە کە لە دوو بەشی (جۆ) و (زەردان) پێك هاتووە بە واتای زەردبوونی لاسکی جۆیە لەم مانگەدا و کە دیارە کاتێ هەوا لە کوردستان دا گەرمتر ئەبێو لاسکەکانی جۆ زۆتر زەردئەبێ و ئەم مانگە لە شوێنەکانی تری کوردستان دا (بەختەباران) واتە: بارانی خواپێداو و بارانی بەختەوەری و (باران بڕان) واتە: کاتی بڕانی باران کە نوێنگەی زەردبوونی لاسکی جۆ و گەنم و بڕان و نەهاتن و نەبارینی بارانە لەم دەمەدا.

٤—پووش پەڕ: ناوی یەکەمین مانگی هاوینە و لە دووبەشی (پووش) و (پەڕ) پێك هاتووە کە بە واتای پەڕپەڕبوونی پووش و پەلاشە لەم مانگەدا و نوێنگەی پەڕپەڕبوونی گولان و داوەرینی گەلای درەختەکان و هەندێ لە ڕووەکەکانە و ڕەنگە ئەم وشە لە وشەی (ئەپەئووشە) ی ئاوێستاییەوە وەرگیرابێ کە بە واتای دێوی وشکیە کە لەم مانگەدا هێرش ئەباتە سەر کێڵگە و مەزراکان و کوردەکان لە دەوری کۆنا بڕوایان پێبووە. ئەم مانگە لە مەڵبەندەکانی تری کوردستان دا (پەڕپەڕ) بە واتای پەڕپەڕبوونی گەلا و گوڵ و گیاکان و لاسکی وشکەوبووی جۆ و گەنمە و (مردارمانگ) واتە: مانگی مردار و (تیرمە) واتە: مانگی پارێزەری باران کە لە ئاوێستاییدا تیشتریە و لەپەهلەوییدا تیشتری پێدەڵێن کە بەپێی پەرتووکی ئاوێستا ناوی فریشتەی پارێزەری بارانە و بەهۆی ئەم فریشتەوەیە کە باران ئەبارێتە سەر زەوی و کێڵگەکان و مەزراکان تێراوئەبن و ڕووەکەکان ئەڕۆن و شیناوەردی دێتە دی. هەروەها بە واتای گەرمی هەواشە.

٥—گەلاوێژ: ناوی دووەمین مانگی هاوینە و گەلاوێژ ئەستێرەیەکی زۆر گەش و پرشنگدارە و لەنێوانی خۆرهەڵات و باکووڕا هەڵدێت و کە ئەم ئەستێرەیە هەڵات گەرما ڕووەکاتە کزی و هەوابەرەوفێنکی ئەڕواو کە هەوا کەم کەم فێنك بوو ئەڵێن گەلاوێژ کەوتووە. بەپێی بۆچوون و ئاگەداری وەرزێرەکان، ئەم ئەستێرە لە شەوی شانزەهەمی

ئەم مانگەدا کە مانگی میوەگەنانیشی پێئەڵێن لە کەلوو یا برج ئەکەنرێ و ئیتر کەس نایبینێ، بەڵام هەندێ لە گیانلەبەران وەکو: ئەسپ و ماین هەستی پێئەکەن و ئەوانەی وا پسپۆڕی ئاژەڵن بەمە ئەزانن و پاشان بەراز هەستی پێئەکا کە خۆی لە گەلاوێژ ئەدزێتەوە بۆئەوەی چاوی پێنەکەوێ خۆی ئەکاتە ئەشکەوتەکان و قوولّی کێوەکانا و ئەگەر گەلاوێژ هەر بەرزبووەوە و بەرچاوی کەوت ئیتر بەرازەکان ئارەزووی یەکتر ئەکەن و جووت ئەبن. لەم دەمەدا لە هەندێ لە شوێنەکانی کوردستان دا بەرهەمی گەنم و جۆ بۆ کوتان لە خەرمانا کۆدەکەنەوە و هەندێ لە میوەکانیش ئەگا و هەرودها گەلاوێژ بە واتای گێشەی گەنمە واتە: ئەو گەنمانەی کە دروێنەکراوە و باقە کراوەتەوە و لە شوێنێك دا بەهۆی ژنانەوە کۆئەبێتەوە بۆئەوەی بکوترێ. ناوی ئەم مانگە لە مەڵبەندەکانی تری کوردستان دا (جۆخینان) بەواتای کاتی کوتانی خەرمان و (میوەگەنان) بە واتای: گەیشتنی میوەکانە.

٦-خەرمانان: ناوی سێیەمین مانگی هاوینە بە واتای کاتی خەرمان و کۆکردنەوەی بەرهەمی کشت و کاڵ و گەنم و جۆبە و نوێنگەی بەهرەوەربوون لە کاری کشت و کاڵ و وەرزێریە و ئەم مانگە لە هەندێ لە مەڵبەندەکانی تری کوردستان دا (تەباخ) بە واتای خاك و تێ و یاڕی زەوییە کە لە دوو بەشی (تەب) بە واتای: تاوتێ و (ئاخ) بە واتای خاك پێك هاتووە و بریتییە لە دواین تاوتێی وەرزی هاوین و رەنگە تەباخ هەرئەو نەخۆشییەش بێ کە لەم مانگەدا تووشی هەندێ مەڕومالاّت ئەبێ و بەهۆی ئەو نەخۆشییەوە سمیان بریندار ئەبێ.

٧-رەزبەر: ناوی یەکەمین مانگی پاییزە کە لە دوو بەشی (رەز) بە واتای مێو و (بەر) بە واتای پەروپارو میوەیە کە بە واتای بەرووبارو میوەی رەز و مێوەکە مەبەست لەوە تێ و هەنگوورە کە لەم مانگەدا بە زۆری پەیدائەبێ.ئەم مانگە لە هەندێ لە مەڵبەندەکانی کوردستان دا (مێش پەڕ)ە بە واتای گاتی گەینی تێیە و (میران) یا (میتران) بە واتای تیشك و ڕۆشنایی و دۆسی و بەڵێن و پەیمانەکە لە ئاوێستاییدا میترەیە کە بە یەکێ لە گەورەترین فریشتەکانی ئەهوورامەزدا دێتە ژمار، وە (باران پەڵە) بە واتای بارانی شێف و چێنین واتە: بارانێك کە زەوی تێراوکا.

٨-خەزەڵوەر: ناوی دووەمین مانگی پاییزە کە لە دوو بەشی (خەزەڵ) واتە: بەرگ و گەڵا و (وەر) لە (وەرین) هاتووە بەواتای گەڵاڕێزان و گەڵاوەرینە کە نوێنگەی وەرینی بەرگ و گەڵای درەختەکانە کە لەم مانگەدا دێتەدی،وە لە زاراوەکانی تری کوردی دا بەم مانگە: (گەڵاڕێزان) هەر بەو واتایە و (چرپاپیشین) دەڵێن واتە: لەوەڕینی یەکەمین کە مەبەست لە لەوەڕینی مەڕو مالاّت و چوارپایانە لە دەشت و کێودا.

٩-سیخوار: ناوی سێیەمین مانگی پاییزە کە بەواتای تەرزەی وردە و ئەمەش سەرەتای هاتنی سەرمایە کە تەرزەی ورد بەهۆی بای پاییزییەوە ئەنیشێتە سەر دەشت و کەژ و کێو و لە زاراوەکانی تری کوردیدا بەم مانگە (چرپاپاشین) واتە: دواین لەوەڕین ئەڵێن، وە (کەوبەردار) بە واتای ڕۆیشتن و فڕینی کەو بۆ سەر دارو درەخت و گەرمیانە و ئەمەش زاراوەی شکارچیەکان و نەچیرەوانەکانی کوردستانە.

١٠-بەفرانبار: ناوی یەکەمین مانگی زستانە کە بە واتای بارینی بەفرە و بریتییە لە سەرما و سۆڵەی زستان و بارینی بەفر و تەرزەیە و لەناو هۆزەکانی تری کوردیدا بەم مانگە (بەفرەبار) هەر بەو واتایە و (سەرماوەز) یا (سەرماوەرز) واتە وەرزی سەرما و سۆڵەی زستان و سەهۆڵ بەستنی بەفرەکانی ڕووی زەوییە.

١١-ڕێبەندان: ناوی دووەمین مانگی زستانە کە بە واتای بەستانی ڕێگەکانە و لە شوێنەکانی تری کوردستان دا بەم مانگە (سەهۆڵبەندان) واتە: سەهۆڵ بەستنی سەهۆڵەکان ئەڵێکە بریتییە لە سەرما و سۆڵەی زستان و سەهۆڵ بەستنی بەفر و بەستانی ڕێگەکانە.

١٢-رەشەمە: ناوی سێیەمینی مانگی زستانە کە بە واتای باکردن و جووت گرتن و یەك کەوتنی نێر و مێی پشیلەکانە کەلەم مانگەدا پشیلەکانی مێ ئارەزووی نێرە ئەکەن و جووت ئەبن، وە لەناو هۆزەکانی تری کوردا بەم مانگە (ڕەشەمێ) هەر بەو واتایەیە و (پۆڵا) بە واتای پۆل و کۆگای کۆلیت و خانووچکەکانی دێیەکانە.

* * *

ساڵ و وەرزەکان و ناوی دوانزەکەلوەکان

کوردەکان هەر لە مێژەوە ساڵ و وەرزەکانیان ناسیوە و هەر وەرزێکیان دابەش کردووەتە سێ مانگ و بۆ هەرکام لە مانگەکان ناوێکیان داناوە کە لە هەر مەڵبەندێك و دێ و شوێنێکی کوردستان دا بە

چەشنێك ئەو ناوانە بەکارئەبەن و ناوی وەرزەکان لە زاراوەکانی کوردیدا بەم چەشنەیە.

١- بەهار، وەهار، بوهار، بهار.
٢- هاوین، هاڤین، هامن، تاوسان، تاوستان.
٣- پاییز، پەییز، پەهیز، خەزان.
٤- زستان، زمستان، ژڤستان، زوسان، زمسۆ.

کوردەکان ناوی دوانزە برج یا ناوی دوانزە کەلووشیان هەیە و لە سەرئەو بڕوایەن کە گەڕانی ساڵ بەپێی ئەو دوانزە کەلووە دێتە دی کە ناوی ئەم دوانزە کەلووەش بەم جۆرەیە:

١-کەلووی بەرخ. ٢- کەلووی گا. ٣- کەلووی جووتە ئابیدە. ٤- کەلووی قرژانگ. ٥- کەلووی شێر. ٦- کەلووی گوڵەگەنم. ٧- کەلووی تەرازوو. ٨- کەلووی دوماری‌کۆڵە. ٩- کەلووی کەوانە. ١٠- کەلووی ئەرمین. ١١- کەلووی دۆلی چەرخ. -١٢ کەلووی نەهەنگ.

کوردەکان هەر لە مێژەوە ساڵیان ناسیوە و ئەم ساڵانەیان هەرکام بە ناوی گیاندارێکەوە ناوناوە کە بریتین لە: ساڵی مشك، ساڵی گا، ساڵی پڵنگ، ساڵی کەرویشك، ساڵی نەهەنگ، ساڵی مار، ساڵی ئەسپ، ساڵی مەڕ، ساڵی مەیموون، ساڵی مریشك، ساڵی سەگ، ساڵی بەراز. وەکوو لەم دوو هۆنراوە فولکلۆریەدا هاتووە کە ئەڵێ:

ملە و گا و پاڵنگ، هۆرێشە و نەهەنگ
چەنی مار و ئەسپ گرد ئامان وە جەنگ
مەیە و مەیموونیچ شینشان کەردن
مریشك و سەگ و خووگ ئامان بەردن

واتە: مشك و گا و پڵنگ و کەرێشك و نەهەنگ لەگەڵ مار و ئەسپ دا هەموو هاتن بۆ شەڕی ساڵ، مەڕ و مەیموونیش شین و شیوەنی ئەوانیان کرد و هاتن مریشك و سەگو بەرازیان لەگەڵ خۆیاندابرد.

* * *

ناوی رۆژەکانی کوردی

کوردەکان هەر لەمێژەوە بۆ هەر رۆژێك لە رۆژەکانی حەوتە ناوێکیان هەڵ بژاردووە و بەکاریان بردووە کە لە زاراوەکانی کوردیدا ئەو ناوانە بەم چەشنەیە:

١) شەم، شەمە، شەنبە، شەمۆ.
٢) یەکشەم، یەکشەمە، یەك شەنبە، یەك شەمۆ.
٣) دووشەم، دووشەمە، دووشەنبە، دوو شەمۆ.
٤) سێ شەم، سێ شەمە، سێ شەنبە، سێ شەمۆ.
٥) چوارشەم، چوارشەمە، چوارشەنبە، چوارشەمۆ.
٦) پێنج شەم، پێنج شەمە، پێنج شەنبە، پێنج شەمۆ.
٧) هەینی، ئینی.

* * *

پەنجەی تار

لە رابردوودا هەریەك لە دوانزە مانگەکانی ساڵ سی رۆژ بوو، ساڵ ئەبووە سێسەد و شەست رۆژ و هەر ساڵێکی هەتاوی پێنج رۆژی کەم ئەهات، وە بۆ قەرەوی کردنی ئەم پێنج رۆژە، پێنج رۆژیان ئەخستە سەر یەکێ لە مانگەکان تا دروست ببێتە سێسەد و شەست و پێنج رۆژ و بەو پێنج رۆژە پەنجەی تاریان ئەوت کە لە ڕۆژی کوردەکان دا ئەم پێنج رۆژە لە هەندێ شوێنا ئەخرێتە سەرمانگی پووش پەڕ و لە هەندێ شوێنیشا ئەخرێتە سەر مانگی سیخوار و لەبڕێ شوێنیشا ئەخرێتە سەر مانگی گوڵان و لە هەندێ مەڵبەندیش دا ئەخرێتە سەر مانگی خاکەلێوە و ئێستاش لە هەندێ لە دێکانی کوردستان دا لە مانگی گەلاوێژدا پەنجەی تار ئەگرن و ئەڵێن ئەمڕۆ پەنجەی تارە و لە و پێنج رۆژەدا ناچنە جێگایێك و خەریکی پشوودان ئەبن و لەسەر ئەو بیروبڕوایەن کە لە رۆژەکانی پەنجەی تاردا نابێ کەسێك بە رۆژدا بخەوێ چونکە ئەگەر لەو رۆژانەدا بخەوێ تەمبەڵ و تەوەزەل و خەوالوو ئەبێ و ئیتر دەستی ناچێتە کارا، هەروەها ئەڵێن ئەگەر لە رۆژەکانی پەنجەی تارا باران ببارێ، ئەو ساڵە ساڵێکی پڕپیت و پێڕ ئەبێ، بەڵام کوللە زۆر ئەبێ و ئەگەر لەو پێنج رۆژەدا بەفر و باران نەبارێ قاتی و قڕی و وشکە ساڵی ئەبێ و زۆربەی مەڕو ماڵاتەکان نەخۆش ئەکەون و لەناوئەچن.

پەنجەی تار لەناو گۆرانەکان دا پێنج رۆژ بمێنێتە ئاخر و ئۆخری ساڵ دەست پێئەکا و لەم پێنج رۆژەدا هەر بنەماڵەیێك هەویر دروست ئەکەن و بۆ خێر و بێر ئەیدەنە وێڵی مەڕو ماڵاتەکەیان و دەرگای ماڵەکەیان داو رۆژی پێنجەم کە دوایین رۆژی ساڵ و شەوی نەورۆزە ئەو رۆژە بەناوی جەژنی مردوان ناسراوە و لەو رۆژەدا هەموو حەڵوا و کولیچە دروست

ئەکەن و لەگەڵ خۆیانا ئەیبەنە گۆڕستان و ئەیبەخشنە هەژاران و بەم چەشنە گیانی مردووەکانیان شادمان و کەیفخۆش ئەکەن.

مەولەوی نەمر (١٣٠٠–١٣٣١ ی کۆچی) لە یەکێ لە پارچە هەڵبەستەکانیا دیاردی ئەکاتە پەنجەی تار و ئەڵێ:

وەی من دیارەن پەنجەی تارمەن
سەروەخت هامن نەووەهارمن
صبحم نە تۆی شەو مەخەنۆ وە کەردەم
وەکەردەکەی بەد عومر و یەردەم
پۆس کۆس گۆش نم کێشان کەم کەم
ئەم سەرەو سەرەن دووربینەکەی چەم
خەم بیم یانێ های پێم مەدۆ خەبەر:
نە دەرگای هەستی تەشریف بەر ئەو بەر
جە حەد بەر شیەن هەر یەند نزاریم
نەمدەن تاقەت رای پەردەداریم

واتە: وادیارە ئەم چەند رۆژەی تەمەنم کە ماوە وەک پەنجەی تار وایە و لەسەر هیچ ژمارەیێک دا نیە، کەچی هێشتا من نەم هاوینی ژیانمە بەدەمی بەهار ئەزانم و لام وا نیە مەرگم نزیک بووتەوە. بەرەبەیانم لەناو تاریکایی شەوا بە کردەوەی خراپی تەمەنی بەسەرچووم پێئەکەنێ، وە پێستی تەپڵی گوێم شێی هەڵهێناوە و هەرچی بیکوتن دەنگی لێوەنایێت، چاویشم وەک دووربینی ئەم سەرو ئەوسەر گیراو شتی نزیک دوورئەخاتەوە. وە پشتم کۆماوەتەوە و ئەمەش ئەوە ئەگەیێنێ دانەوم و لە درگای بچکۆلەی بوونەوە دەرچم بۆ جیهانی نەبوونی. ئەوەش ئەبێ بڵێم کە ماوەی ژیانم هەموو لە خزمەت پاشای ئارەزوودا بردەسەر، ئێستا ئەوەندە پیرولاوازبووم کە توانای پێش خزمەتیم نەماوە لە دیوەخانی پاشای ئارەزووپەرستیدا.

* * *

دابەش کردنی زستان

لە رۆژئەژمێری کوردی کۆن دا کە ئێستا بەشێوەی فۆلکۆر ماوەتەوە و خەڵک ئەیگێڕنەوە، جگە لەوەی ساڵ داگری چوار وەرزی بەهار و هاوین و پاییز و زستانە کەچی لەناو هەندێ لە هۆزەکانی تردا ساڵ دابەش ئەبێتە دوو وەرزی هاوینی گەورە و زستانی گەورە. هاوینی گەورە لە سەرەتای مانگی خاکەلێوەوە دەست پێئەکا و لە مانگی رەزبەردا کۆتایی پێدێ. وە زستانی گەورەش لە مانگی خەزەڵوەرەوە دەست پێئەکا تا پەنجەی تار و لە هەندێ لە مەڵبەندەکانی تری کوردستانیش دا هاوین حەوت مانگ و زستان پێنج مانگە.

لەناو هەندێ لە هۆزەکانی کوردا بەتایبەت لە مەڵبەندە کوێستانییەکان دا زستان لە سەرەتای مانگی بەفرانبارەوە دەست پێئەکا و لە پەنجەی تارا کۆتایی پێدێ.

وەرزی زستان لەناو کوردەکان دا بە چلەگەورە و چلە بوچک و ئەهمەن و بەهمەن و برجی پیرەژن و برجی لەگلەگ دابەش ئەکرێ. چلە گەورە لە سەرەتای بەفرانبارەوە دەست پێئەکا و ئەوەش چل رۆژە و چلە بوچکیش بیست رۆژە و پاشان نۆرەی سەرمای خاتوو زەمهەریر و ئەهمەن و بەهمەن و برجی پیرەژن و برجی لەگ لەگە. ئەهمەن و بەهمەن کوڕەکانی پیرەژنن کە بەهۆی بای شەماڵەوە لەناوئەچن و پیرەژن چەند رۆژێك شیوەنیان بۆ ئەکا و ئیتر ئەو رۆژانە هەروا هەوا ئەبێتەوە باوبۆران کە لەناو خەڵك دا ئەم چەند رۆژە بە شیوەنی پیرەژن ناوئەبەن و ئەوسا ئەڵێ:

کوا ئەهمەنم؟ کوا بەهمەنم؟
من هەقی خۆم هەر ئەسەنم
چڵێ گەون داگرسێنم
زار و زەوی ئەسووتێنم

هەندێکیش لایان وایەکە زستان سێ برج و کەلووی‌هەیە و هەر برجێکی نۆ رۆژە و بەم برجانە هەمەیلان ئەڵێن و لەم برجانەدا هەوا زۆر سارد و تووشە، بەتایبەت لە برجی هەوەڵی زستان دا بەفر هەموو جێگایێك دائەگرێ و هەوا سارد ئەبێ ولە برجەکانی تریش دا بەفر ئەبارێ و رێگا وبانەکان ئەبەستێ و لەپاش تێپەڕینی ئەم برجانە پەنجەی تار دێت و بای شەماڵ هەڵئەکا و مزگێنی بەهار ئەداتە خەڵك و ئیتر خەڵك ئەکەونە حەسانەوە و خۆشی.

* * *

شەوی گوڕە راوچی

چلە پچوك کە بیست رۆژە، لەناو کوردەکان دا هەر بە چلە ناسراوە و لە هەندێ مەڵبەندەکانی کوردستان دا لەم رۆژانەدا هەوا زۆر سارد و بەفر ئەبارێ و سەرما و سۆڵە زۆر بۆ بنیادەم دێنێ. شەوی

پێنجەمی چلە لەناو کردەواریدا بە شەوی کۆڕە راوچی ناسراوە کە لەم شەوەدا لە هەر بنەماڵەیێك دابا‌سی کۆڕە راوچی ئەکەن.

کۆڕە راوچی کۆڕێکی راوچی بوو، کاری هەر راوکردن و نەچیرەوانی بوو. لەو شەوەدا سەرلە ئێوارە ئەچێ بۆ کێو و کە ئەو دەرئەچێ هەوا ئەگۆڕێ و ئەبێتە مژ و تەم و دەبێ بە کڕێوە و باو بۆران و چاو چاو نابینێ و ئەبێ بە شەوێك ئێستر لە زستانا لەو شەوە ساردتر و تووش تر نابێ.

کۆڕەکە پیرەژنێکی دایکی کوێرەی ئەبێ، خەڵکی ئاوایی‌یەکە ئەچن پێی ئەڵێن

خوا بکا کۆڕەکەت زووبێتەوە و رەق نەبیاتەوە، ئەویش مەڵئەستێ و لە هۆدەکەی دێتەدەرەوە سەیرێکی هەواکە و بۆنێکی کڕێوەکە ئەکا و تۆزێ مات ئەبێ و ئەوسا ئەڵێ: راستە کە ئەمشەو زۆر تووشە، بەڵام ئەگەر کۆڕ کۆڕی من بێ تا بەیانی دانانیشێ و هەر هات و چۆ ئەکا.

خەڵکەکە بە قسەکەی پێئەکەنن و ئەڵێن پیرەژنەکە خەڵەفاوە، ئەوە تەف هەڵدەی بە ئاسمانەوە ئەیبەستێ کەچی ئەڵێ کۆڕ کۆڕی من بێ دانانیشێ و هات و چۆ ئەکا. بۆ چ مەگەر کڕێوە دەرفەتی نەدا کە لەو شاخەدا پێ لەبەرپێ هەڵێنێ.

ئەو شەوە بە هەر جۆرێ بوو ڕۆژبووەوە و بەیانی خەڵکی ئاوایی‌یەکە هەموو شاڵ و پێتاویان بەستەوە بۆئەوە بچن تەرمی کۆڕەکە بێننەوە، کوت و پڕ سەیریان کرد واکۆڕە لەولاوە لە لاقەبرغەی شاخەکەوە کەڵەکێوبێکی کردووە بەسەر دارەکەیەوە و داویە بە نەڕەی شانیەوە و بەرەو ئاوایی بووەتەوە و خەڵکەکە هەموی چوونە بەرەوپیری‌یەوە و لێیان پرسی کە چۆن سەرما رەقی نەکردووە و ئەمیش وتی: سەر لە ئێوارە کە لە ماڵ دەرچووم و دوورکەوتمەوە هەوا گۆڕا و بوو بە تۆف و کڕێوە و نە دار بە دەورما ما و نە ئەشکەوت و نەکێو و نە شاخ ما لەبەر بەفر و بۆران. لەپڕ دەنگی دایکم هاتە گوێما کە ئەیوت ڕۆڵە دامەنیشە و هەرهات و چۆ بکە، منیش ئیتر دەستم کردە هات وچۆکردن لەناو بەفر و کڕێوەکەدا و تا بەیانی، بەیانی ئەم کەڵەکێوی‌یە سەرما پەکی خستبوو گرتم و سەرم بڕی و ئەوا هاتمەوە.

* * *

نووسینی مێژووی ڕۆژ لەناو کورەواریدا

لەناو کوردەکان دا وا باو بوو کە هەر میر و پاشا و پاتشایێك بهاتایێتە سەر کار ئەو ڕۆژەیان ئەکردە مێژوو بۆ خۆیان و ئەیانوت فلان کەس لە سالّی دووەم یا سێیەمی میریەتی فلان میردا لەدایك بووە یا مردووە، وە یا روداو و کارەساتێکی مێژوویی‌یان لەبەرچاو ئەگرت و ئەوەیان ئەکردە مێژوو، بۆ وێنە ئەیانوت فلان کەس لە فلان سالّی قاتی و قڕی‌یەکەدا، وە یا لە فلان شەڕ و هەرادا لەدایك بووە. بەڵام مەلاکان و میرزاکان و نووسەران و هۆنەرانی کورد لە زۆربەی نامەکان و نامیلکەکان و پەرتوکەکان و هۆنراوەکانیان دا مێژووی کۆچی مانگی‌یان بەکاربردووە کە ئێستا مێژووی هەتاوی باوبووە.

* * *

جەژنەگانی گوردەواری

لە ڕابردوودا لەناو کوردەواری‌دا گەلێ جەژن ئەگیرا کە بەداخەوە زۆربەی ئەو جەژنانە بەهۆی تێپەڕینی زەمانەوە لەناوچووە وەکو ئەوەی خەڵك ئەو جەژنانەیان لەبیربردووتەوە. ئەو جەژنانەی کە لە ڕابردوودا لەناو خەڵك دا باو بوو بریتی‌بوون لە جەژنی میر میرێن، جەژنی سوورانەی سەمەنی، جەژنی سوورانەی قوڕشێلان، جەژنی سوورانەی ڕەزبەران، جەژنی هەنگوین، جەژنی کوردی، جەژنی کورد و هەرمەنی، جەژنی پەلەوەران، جەژنی ڕووەکەکان، جەژنی خەرمانان، جەژنی بەرانەکان، جەژنی نەوڕۆز، جەژنی سەدە، جەژنی مێرەگان و گەلێ جەژنی تر کە هەموو سالێك ئەیانگرت.

هەروەها کوردەکان لەبەرئەوەی موسڵمانن گەلێ جەژنی تری ئاینیان هەیە وەکو: جەژنی ڕەمەزان، جەژنی قوربان، جەژنی مەولوود کە ئەم جەژنانە لەبەرئەوەی جەژنی ئایینین هەمو سالێك ئەگێڕێن.

* * *

سەرچاوەکان:

١) سەرنجێك لە دەروازەی فۆلکلوری کوردەوە — بەغدا ١٩٥٣.

٢) ڕشتەی مرواری — عەلائەددینی سەجادی — بەغدا ١٩٥٨.

٣) بەرەو فۆلکلور — خالد جووتیار — بەغدا ١٩٨٤.

٤) پەندی پێشینان — شێخ محمدی خاڵ — بەغدا ١٩٥٧.

٥) جامع پی رسالیان و حکایتان به زمان کرمانجی — ژابا — پەترۆسبۆرگ ١٨٦٠.

٦) چمکێکی فۆلکلۆری کوردی دەربارەی بیروباوەڕی پێشینان — ئومێد عەلی ١٩٨٠.


٧) داب و نەریتی کوردەکان — مەلا مەحموودی بایەزیدی — بەغدا ١٩٨٣.

٨) فوهلۆرا کرمانجی — حاجی جندی ئیرەوان — ١٩٥٧.

٩) دیوانی مەولەوی کۆکردنەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس — بەغدا ١٩٥٢.

١٠) یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بە ڕۆژنامەڤانی کوردی و مانگەکانی کوردی.

شیعرو شاعیر و وێنە



ڕەفیق سابیر ساڵی ٢٠٠٠

شەوانی ئاخاوتن

رەفیق سابیر

شەو خەواڵو بەرەو کۆتایی خۆی دەچوو
ئێمەش هێشتا لەگەرمەی ئاخافتندا بووین،
سەرەتایەک بەسەرەتایەکی دی دەسپاردین
خەونێک بەخەونێکی دی.
ئێمە شەوانە لە گەرمەی پەیڤیندا خۆمان لەبیر دەکرد
بێ ئاگا لەسەفەری شەو، کە وەک کەشتی بەناو دەریای ئەندێشەدا هەڵی دەگرتین
بێ ئاگا لەشتە بێدارو خەوتووەکان دەدواین
پێمان وابوو ژیان شێوەی بیرو پەیڤەکانمان بگرێت،
پێمان وابوو هەر بەو شەوە لەفەزای پەیڤینەوە راستی
لەدەلاقەی شەویشەوە ئازادی
وەک تریفە رووت خۆ دەرخەن.

شەو درەنگانێ، کە دەرگای چایخانەو مەیخانەو بارەکان بەڕوومانداا دادەخران
ئێمە بەدەم پەیڤینەوە بەناو شەقامە چۆڵەکاندا دەگەڕاین،
پۆلیس و سەگی خەواڵووی سەر جادەکان بەگومانەوە بۆیان دەڕوانین.
هەستمان دەکرد شەو و رووناکیی دارتێلەکان تارۆخی رووباری (دیجلە) لەتەکماندا ڕێ دەکەن.
ئیتر لەوێ، سەرلەنوێ بەهەمان حەماسی یەکەمین شەوەوە دەدواین
ئاخافتن هەم بەخۆ ئاشناو
هەم بەخۆناموێ دەکردین،
باسەکان بەرەو کۆڵانی داخراوی میتافیزیک و
کەناری تەمگرتووی هەقیقەت دەیان بردین.

ئێمە دەدواین و دەڕواین
وەک بمانەوێت بە پەیڤین زەمانی خۆمان ڕابێنین،
یان بەسیحری یەپڤ و بیرە پێک ناکۆکەکان
داهاتوو بێنینە ژوان.
ئاخافتن هەیبەتێکی دیکەی دەدا بەشەو کە خەو بینەرانە گوێی بۆ پەیڤینمان گرتبوو؛
شەو پڕ دەبوو لە درەوشانەوەو شیعرو دوکەڵە جگەرە،
پڕ دەبوو لەو ئەندێشانەی کە نیگاری جیهانیان لەبەرچاومان دەکێشایەوەو
ئێمەیان بەدالانی گومان و باوەڕدا دەهێناو دەبرد.
ئێمە خۆمان بووین، خۆیشمان نەبووین
شەوانە بەبەرچاوی تریفەو شتەکانەوە ئێمە دەهاتینە گۆڕان.

بەڵام چۆن پەیڤین دەیتوانی شەو بگۆڕێت بەئەفراندن؟
چۆن بیرەکان دەیانتوانی هێنده هیوا بدەن بەئێمەو
مانا بەژیان؟

*

شەوێکی مانگی ئۆکتۆبەر تۆ لەجاران هێمنترو کەمدوتر بوویت،
هێندەی نەمامێکی تەنیا شوێنەواری پاییز بەڕووتەوە دیار بوو.



خۆتئاسا لەبەر خۆتەوە دەدوایت،
بەدەم جگەرەکێشانەوە چاوت لەڕووبارەکە بڕی بوو، وەک رووی پەیڤینت لەئاو بڕێت
یان چاوەڕێی کەسێک بیت کە لەقوواڵییەوە بەڕێی ژێرئاودا بگەڕێنەوە.
لەپڕ پرسیت:
ئاخۆ ئێمەین لەفەرزای بیرو پەیڤدا بەدوای جوانیو راستیو ئازادیدا دەگەڕێین
یان ئێمە تەنیا ئاوێنەیەکین؟
ئەو شەوە تۆ بەم پرسیارە رەوتی باسەکانو سیمای شەوەکەت گۆڕی،
ئەو شەوە تۆ لەهەر کاتێکی دی قەشەنگتر بوویت.

تۆ لەبەرخۆتەوە دەدوایتو دەدوایت،
بەچیلکەیەک بازنەیەکی داخراوت بەدەوری وێنەی ئەستێرەیەکدا دەنەخشاند کە لە تەنکایی
ڕووبارەکەدا دەدرەوشایەوە
بازنەکە بەدەم گەورەبوونەوە دەکرایەوەو بزر دەبوو.
ئیدی بۆ مەبەستت لەو تاریکیو بەردەکانت تەڕ دەکرد،

بەزمانێکی نامۆ لەبەرخۆتەوە دەدوایت وەک بوون‌و ئەبەدییەت بدوێنیت.
لەناکاو وەک وەڵامی کەسێک بدەیتەوە بەدەنگێکی پڕ لەیەقین، کە لە تۆ نەدەهات، گوتت:
(بەڵام ئێمە نەبووین ژیانمان هەڵبژارد
ژیان خۆی ئێمەی هەڵبژارد).

تۆ هەر بەجەستە لای ئێمە بوویت‌و
لەبەرخۆتەوە دەدوایت
شەو وەک ئێمە گوێی بۆ پەیڤینت گرتبوو،
رستەکان شپرزەو پەیڤەکان لەنێوانتەوە دەبیندران
نیگا بەپرسەکانیشت بێ ئارام دوورییان دەپشکنی،
دەتگووت لەچاوی ژیاندا سیمای مردن دەبینیت
یان چاوەڕێیت ئەبەدییەت بەو شەوە خۆی بێتە ژوان
تابەچاوی خۆت هەموو شتێک ببینیت.




کەچی لەناکاو روخسارت رەنگی گوڵاوێکی سێبەرنشینی گرت
جەستەشت حاڵەتی نەمامی بەر باران.
تۆ چیت بینی کاتێک لەڕووی ئێمەو شەودا دەنگت هەڵبڕی:
(رەنگە ژیان هەر هێندەی خاڵێکی کوتراوی سەر جەستەی ئاو هەقیقەت بێت
ئێمەش وەک ئەستێرەی ناو ئاو تەنیا سێبەرو وێنە بین)
پەیڤەکانت شەوەکەی شڵەژاندو وەک زایەڵە دووریی بێدار کردەوە.

تۆ خۆتئاسا لەبەرخۆتەوە دەدوایت‌و دەدوایت
دەستت لەشتەکان دەدا وەک بتەوێت لەبوونی خۆت‌و
لەراستیی شتەکان دڵنیا بیت.
لەڕووبارەکە رادەمایت،
نە ء لەوێنەی ئەستێرەو سێبەری خۆت رادەمایت کە لەناو ئاوەکەدا تیک ئاڵابوون
کەچی لەناکاو دەستت بەڕووبارەکەدا کرد، وەک بتەوێت مەشخەڵێک بکوژێنبتەوە،
یان بخوازیت ئەستێرەکە بگریت کە وەک چۆرێک روناکی رژاو تێکەڵ بەڕووبارەکە بوو.
تۆ سەیرێکی ئاسمانت کرد، ئەم جارەیان ئەستێرەکە لەسەرەوە بۆی دەڕوانیت.
چاوت بڕییە قوڵایی تاریکی، کە وەک گۆمێکی شلوێ ڕوون دەبۆوە،
دەتگووت لە ڕووتبوونەوەی شەودا خۆت دەبینیت
دەتگووت هەقیقەت دەبینیت،
یان چاوەڕێیت
شەو نەڵنییەکی سامناک بدرکێنیت!
*

شەو وەک کەشتی بەناو دەریای ئەندێشەدا هێلی دەگرتین
بەرەبەیان بێ ئاگا لەبوونی خۆمان‌و سەفەری شەو،
بێ باک لەچاوی گوماناوی پۆلیسەکان کە شەکەتانە ڕێیان دەکرد،
بەدەم پەیڤینەوە بەرەو ماڵ دەبووینەوە.
ئێمە لەبەیڤیدا ئەفراندنمان دەبینی کە لەگەڵ سپێدەی بەیانیدا چاوەڕێی دەکردین
خۆمان دەبینی کە وەک منداڵێکی حەپەساو
بەدڵنی گومان‌و باوەڕدا دێین‌و دەچین.

ئەو بەرەبەیانە تۆ لەهەموومان ماتتر بوویت
بەدەم ڕێوە منداڵانە لەپاییز رادەمایت کە ڕەنگی خۆی
بەدارو بەیان‌و
تەنانەت ڕەنگی خۆی بەڕوانینەکانت دابوو،
لەبەر خۆتەوە شتێکت گوت‌و
بەوردی، بەڵام ئەمبارانە، سەیرت کردین
وەک یەکەمین جار، یان دواهەمین جار بێت بمانبینیت
یان پێشبینی پێشهاتێکی پێشبین نەکراوت کردبێت
ڕوانینەکانت هەیبەت‌و خەمی دوامانئاوابوونیان پێوە دیار بوو.
لەپڕ گوتت:
ابەڵام دەشێت ژیان خۆی کۆیلایەتی بێت
هەڵەکەش هەڵەی ئێمە بێت، نەک زەمان!
تۆ لەبەر خۆتەوە دەدوایت وەک پاییز بدوێنیت،
نا، هاوڕێم تۆ وڕێنەت دەکرد
وەک بتەوێت لەڕێگای وڕێنەوە بەهەقیقەت بگەیت
یان بەوڕێنە زەمانی خۆت ڕابێنیت.



بەڵام هاورێم، لەو ساتەدا ئەگەر نۆرەی من بووایە بدوێم
دەمگووت:
دەشێت زەمان تەنیا وێنەیەکی خۆمان بێت
یان ئێمە ئاوێنەیەک بین کە شێوەو ڕەنگی شتەکانی گرتبێت
کەچی ئێمە ئەوەین کە هەین
ئەوەین کە دەبکەین و نایکەین.

دەمگووت:
ئێمە وێنە بین، یان جەوهەر
بوونمان ڕێکەوت بێت، یان قەدەر
ئەوەتا مەحکومی ژیانین
مەحکومی شوێن و زەمانین.
بەڵام چۆن لەدڵهاتوو دڵنیابین
کاتێک بیرە نوێیەکان سامناک و
ئازادی وەهم بێت؟
کاتێک هەقیقەت گەمە بێت؟
کەواتا هاورێم بەیادی تۆوە دەڵێم:
چۆن بتوانین شوێنێک پەیدا کەین کە پابەندی زەمان و
مردنمان نەکات؟
لەکوێ کەسێک بدۆزینەوە کە قوواڵییەکانی پشکنیبێت،
وەک (لازاروس) بەچاوی خۆی
هەموو شتێکی بینیبێت؟

ئۆگستی ١٩٩٩

بەڵگەیەکی ڕەش لەمێژووی کوردستاندا

عومەر فاروقی
سەقز

ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی بەرانبەری ١٩٤٧ی زائینی یەکێ لەو ڕۆژە نەگریس و تاڵو پڕ لەکوێرەوەریانەیە کە هەرگیز فەرامۆش ناکرێت.

گەلی چەوساوەی کورد، لەپاش پرش و بڵاوبوونەوەی نیزامی ئیمپراتۆری و خەلافەتی عوسمانی و شۆڕشی ناکامی شێخ مەحمودی نەمرو دەیان فێڵو تەڵەکەی داگیرکەرانی سەر زەوینەکانی عوسمانی و وەعدەو قەرارای سیڤەرو عوصبەالامم و... لەسەر بەڵێنی زل هێزێکی بێ ڕەقیبی سوسیالیستی وەکو یەکیەتی سۆڤیەت بوو بەخاوەنی کۆمارێکی ساوای دیموکراتی لە مهاباددا.

بەداخەوە نیزامی گەندەڵی شاهەنشاهی ئێران کە تۆکەری چڵکاوخۆری ئەمیرکاو بریتانیا بوو، بەهاوکاری قەڵەم بەدەستانی خۆفرۆش توانی بۆ ماوەیەک، جمهوری مهاباد بە کۆمارێکی شڵەژاوو بێ یاسا بناسێنێت و پێشەوایانی ئەو نەهزەتەی بەجیرەخۆرو موزدور ئەدایە قەڵەم بەلام پاش ڕوخانی حکومەتی شا، دەرکەوت و بۆ هەمووان سەلما کە ئەو کۆمارەی مهاباد وەکو کۆماری گێلان بەڕێبەرایەتی میرزا کوچک خان، حەرەکەتێکی میللی و ئازادیخوازنە بووەو لەقەبی پڕ لەشانازی (شەهید) بەپێشەواو هاوڕێ قارەمانەکانی دراوە.

لەو کاتەدا کە حکومەتی ناوەندی ئێران دەسەلاتی نەبوو و هەر گۆشە لەخاکی ئێران ببوە جەولانگای ئاغاو دەرەبەگ و خەوانێن و خوێن خۆران، پێشەوا قازی محەمەد بەهاوکاری تاقمێ لەخەڵکی بازاڕو بەرزگەڕان و فەرهەنگیان و خاوەن مولکەکان و ڕۆشنبیران، توانی لەژێر ئاڵای حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بەدروشمی دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان، لەو بەشە بێ خاوەنەی وڵاتدا، حکومەت و نەزم و یاسا دابمەزرێنێت و بەم چەشنە لەماڵێ زیاتر و دزی و قەتڵ و تاڵان و چڵکاوخۆری و شۆڕەخۆری بەرگری بکات.

ئێستا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕ.. ئەگەر کۆماری مهاباد لەو هەڵو مەرجەدا پێک نەهاتبایەت. ئەی چارەنووسی ئەو خەڵکانە و ئەو بەشە بێ خاوەنەی وڵات دەبوو بەچی؟

خودا بۆ خۆی دەزانێ و پێشەوا و ژنانی ڕامیاری زان و مێژوونووسان و ڕوناکبیران دەزانن و ئیمانیان هەیە.. حکومەتی مهاباد لەساڵی ١٩٤٦دا نیعمەتێکی خودائی بوو کە توانی لەوڵاتێکی بێ خاوەن و پڕ لە ئاژاوەدا نەزم و قانون سەقامگیر بکات.. هەر بۆیە پێشەوا قازی محەمەد ئاڵاهەڵگری کاروانی شەهیدانی کردستانەو ئەم سەرداوە مەزنە بەهەڵسەنگاندنی هەڵو مەرجی ئەو کاتەو بەئاش بەتاڵی یەکیەتی سۆڤیەت کە هاوکات لەگەڵ سەفەری قوام السلطنة سەرۆک وەزیرانی ئێران بۆ مۆسکۆ ئیعلان کرا بەفیداکردنی گیانی خۆی و هاوڕێکانی، لەکوشتنی خەڵکی مهابادو باقی شارەکان بەرگری کرد.

سەرنجێکی مولاقاتی پێشەوا قازی محەمەدو ژەنرالی ئەرتەشەکەی واتە مەلا مستەفا موی گیانی

هەمو نیشتمان پەروەرێك ئەكات بەسیخو هەڵی دەستێنێ.

بارزانی دەڵێت.. پێشەوا.. فەرموو لەگەڵ من کەوە تاکو هاوڕێ لەگەڵ پێشمەرگەکان بڕۆین و وجودی تۆ وەك یەکەم سەرۆك کۆماری کوردستان بۆ ئێمە پێویستەو هەروەکو رەمزێکی موقەدەس دەمێنێ.

پێشەوا بەچاوی پ لەگریان دەفەرموێت.. نا. من وەکوو پیشەوەری فیرار ناکەمو نابمە تۆکەری روس و بێگانەو خەڵکی بەکوشت نادەم.. فەرموو ئالای کوردستان دەسپێرم بەتۆ کە وەکوو رەمزی خەباتی کوردان و یادگاری ئەم کۆمارە بپارێزیت.

بارزانی دەڕوات و پێشەوا قازی محەمەد دەچێتە پێشوازی ئەرتەشی شاو هومایونی دێتە مهابادو پاش چەند رۆژ بەچەشنێکی ماقوڵانەو موحتەرەمانە بەدەستوری ئەمریکا پێشەوا

بازداشت دەکەن و ئەمجار پێشنیاریان پێ کرد کە هاوکاری ئەمریکا بکاتو هەرچۆن وتیان بەڵێنیان بداتێ و خۆی و کەسانی رزگار بکات بەڵام پێشەوا فەرمووی مردن لەتۆکەری ئەمریکا بەچاکتر دەزانمو سەرئەنجام بێ دادگایی ئەرتەشی شا ئەو و یارانی مەحکوم بەئیعدام کرد.

ئەوانەی لەوێ بوون ئەڵێن.. کاتێ قازی هاتو چاوی کەوت بەسێدارە.. فەرمووی.. لەشەرعی ئیسلامدا.. دار مەکروهە. تکام ئەوەیە گوللەبارانم کەن و لەدارم مەدەن.

ولامیان دایەوە کە حوکمی دادگاە لەسەر قەنارە دەرچووە.. ئەویش دوو رکات نوێژی کردو ملی لەتەناف ناو لەحاڵێکا هاواری دەکرد بژی کوردو کوردستان گیانی‌دا.

لێرەدا ئیعلانی ژمارە ۱۹۱۲۵

رکن دوم بروارێ ۲۶/۱/۱۰ کاتژمێر هەشتی بەیانی پێشکەش دەکەم. وەکوو دەزانن لەو کاتەدا کامپیوترو چاپی فەوریو سەریع نەبووەو ئەم ئیعلانە دیارە بەلانی کەمەوە یەك حەوتە زوتر چاپ کراوەو لەوەدا کاتو دەقیقەی ئیعدام نوسراوەو ئەمەیش دەیسەلمێنێت کە ئەم شەهیدکرانە بەدەستووری ئەمریکا بووەو لەسەری سەعاتدا ئەنجام دراوەو خشتەی ئیعلانەکە بەزمانی کوردی وەهایە:

ئیعلامیه
ستادی هێزی کوردستان رضائیة (ورمێ)
روکنی دوهەم مورخه ء ۲۶/۱/۱۰ هەتاوی
ژماره ۱۹۱۲۵ ساعەت ۸ی بەیانی

۲۲۲

رضائیه
مورخه ۱۰-۱-۲۶
ساعت ۸

ستاد نیروی کردستان
رکن دوم
شماره ۱۹۱۲۵

اعلامیه

از اواخر سال ۲۰ محمد قاضی ــ ابوالقاسم صدر قاضی ــ محمدحسین سیف قاضی در مهاباد دست بیك سلسله تحریکات و اقداماتی بر علیه امنیت وانتظام منطقه زده تدریجاً اعمال جنایت آمیز خود را بسط وتوسعه داده که منجربه وقایع اسف انگیز زیادی منجمله حمله بشهربانی مهاباد قتل پنج نفر پاسبان غارت شهربانی واز بین بردن اسناد ومدارك جنایات خود قتل محمودیان تاجر مهابادی و قاضی زاده رئیس آمار که همه قربانی مطامع و جاه طلبی آنها گردید همچنین غارت دهات و سایر وقایع دردآن خطه گردید

محمد قاضی بهمدستی برادرخود صدر قاضی (که ظاهراً نماینده مهاباد ولی در معنی عامل و طراح اصلی نقشه های بلید تجزیه قسمتی از ایران بود) و سیف قاضی برای اجرای مقاصد شوم و تکین خود کلیه رؤسای ادارات دولتی را ازمهاباد بیرون کرده از ۲۴ آذر ۲۴ پرچم سه رنگ شیروخورشید ایران را ازفراز عمارات دولتی پائین کشیده وبرچمی بعنوان پرچم کردستان برافراشته روز دوم بهمن ماه ۲۴ محمد قاضی خود را رئیس جمهور کردستان آزاد معرفی و عدهٔ از اشخاص خائن و بد سابقه را که از همکاران او بودند به منظور عملی کردن مقاصد شخصی بعنوان وزیران دولت خود مختار کردستان تعیین وبرای مقابله بانیروهای دولتی دستجات قوای مسلحی از مهابادی وبارزانی تشکیل متاسفانه بی اسلحه وهمات در بین اهالی و عشایر تقسیم گردیده و آنها را بسمت ستز و سردشت اعزام حوادث خونینی را فراهم نمودند با آنکه نیروی کردستان چند بار آنها را به اطاعت دعوت نموده نتیجه حاصل نشد همچنین در تهران اولیای معظم دولت سعی کردند آنان را از این انکار نا پسند باز دارند مؤثر واقع نگردید همان خط مشی را ادامه دادند.

در اواسط آذر ۲۵ موقع عزیمت نیروی کردستان به آذربایجان این اشخاص در مجالس ومساجد اهالی و عشائر را به مقاومت در برابر نیروها تحریك و تحریص کرده دستور کتبی برای حمله به ستونهای نظامی صادر کردند لیکن خوشبختانه عشائر به افکار پلید آنها پی برده ترتیب اثر ندادند و ستونهای نظامی با سرعت به پیشروی خود ادامه و کلیه نقشه های خائنانه آنها بی اثر ماند با نتیجه این عناصر خائن دستگیر و گرفتار سرپنجهٔ عدالت گردیده پرونده این اشخاص بدادگاه نظامی زمان جنگ مراجعه هر سه نفر محکوم به اعدام شدند دادگاه تجدیدنظر نیز رأی را ابرام و بتصویب بندگان اعلیحضرت همایون شاهنشاهی رسیده ساعت ۶ روز دهم فروردین در مهاباد به موقع اجرا گذارده شد.

فرمانده لشکر ۴ و نیروی کردستان سرلشگر همایونی

لەکۆتایی ساڵی ١٣٢٠ – قازی محەمەد – ابو القاسم صدر قاضي – محمد حسين سيف قاضي لەمهاباد دەستیان دایە هەندێ تەحریکاتو دژی ئەمنیەتی حکومەتو ناوچە هەڵسانو بەداخەوە هێرشیان کردە سەر شارەوانی مهابادو پەنج کەس لە پاسەوانانی ئەو ئیدارەیان کوشتو بەڵگەو مەدارکیان تێدا بردو ئاغای مەحمودیان تاجری مهابادیان کوشتو قاضي زادە سەرۆکی ئیدارەی سجیل ئەحوالیان کوشتو گوندو ناوچەیان تالان کرد!!

محمد قازی بەهاوکاری براکەی واتە صدر قازی کە بەڕواڵەت نوێنەری مهاباد لە مەجلیسی شورای نەتەوایەتی ئێران بوو بەڵام لەئەسڵدا پیلانی دابەشکردنی ولاتی داڕشتبوو و سیف قازی بۆ ئیجرای سیاسەتی خۆیان هەموو سەرۆکی ئیداراتی حکومەتیان وەدەرناو لە ٢٤ی ئازەری ساڵی ١٣٢٤ پەرچەمی سێ رەنگی شێرو خورشیدی ئێرانیان هێنایە خوارو ئالای حکومەتی کوردستانیان چەقاند.

ڕۆژی دوەمی ڕێبەندانی ١٣٢٤ قازی محەمەد خۆی بەناوی سەرۆکی حکومەتی کوردستانی ئازاد ناساندو تاقمێ کەسایەتی خائینو پێشینی خراپیش لەهاوکارانی خۆی هێناو بەناوی وەزیرانی حکومەت ناساندنیو ئەمجار بۆ شەڕ لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا هێزی نیزامی هاوبەشی لەبارزانیەکانو خەڵکی مهابادو دەورو بەر پێك هێناو چەکو تەقەمەنی فراوانی بەسەر خەڵکدا دابەش کردو لەسەقزو سەردەشت کارەساتی نالەباری خولقاندو هەر لەم کاتەدا ئێمە چەند جار ئامۆژگاریمان کردن کە دەست لەم کارانە هەڵگرن بەڵام سوودی نەبوو و لەکۆبوونەوەی مەجالیسو مزگەوتو لەناو عەشیرەتەکاندا دەستوریان دا کە خەڵکی دژ بەهێزەکانی نیزامی ڕاپەڕن!!

بەڵام بەخۆشیەوە عەشایەری وەتەن پەرست بەقسەیان نەکردنو هێزەکانی نیزامی ئێمە توانیان بەپڕتاو حەرەکەت بکەنو هەموو پلانو نەقشەی ئەوانیان هەڵوەشاندەوە.. لەئاکاما.. ئەم عەناسوورە خائینە دەستگیر بوونو لەچنگاڵو داوی عەدالەت بەدیل گیرانو پەروەندەی ئەوان نێررایە دادگای نیزامی زەمانی جەنگو هەر شەش کەسیان بەئیعدام مەحکوم کرانو لەدادگای تەمیزیش حوکمەکانیان ئیبرام کرانو لەئاکاما حوکمی ئیعدام بەمۆرو ئێمزای ئەعلا حەزرەتی شاهەنشای ئێران گەیشتو کات ژمێر شەشی سەر لەبەیانی ڕۆژی دەهەمی خاکەلێوەی ئەمساڵ لەمهاباددا حوکمەکەیان ئیجرا کرد.

فەرماندەی لەشکری چوارو هێزی کوردستان سەر لشکر هومایونی

بەڵێ.. ئەمەیە پڕوپاگەندەی حکومەتە داگیرکەرەکانو بەم چەشنە ئیعلانو درۆو دەلەسانە، خوێنی ڕۆڵەکانی گەل دەڕژێنو یاساو ماف پاشێل دەکەن. لەحاڵێکا خەڵکو مێژوو شاهیدن ئەوانە بوختانو هچیان وانەبوونو پێشەوا قازی محەمەدو هاوڕێکانی نیشتمان پەروەرو ئازادیخواز بوونو بەخواستی خۆیان بۆ بەرگری کردن لە کوشتنی خەڵکی ئێرانو کوردستان.. تەسلیم بوون.. ڕۆحیان شادو یادیان بەخێر..

(ئاوارەی) ئیدوارد سەعید

فەرهاد سەعید

چەند رۆژێك پێش ئەوەی یاداشتەكانی ئیدوارد سەعید لە كتێبی (ئاوارە، یا لە دەرەوەی شوێندا) بڵاوبكرێنەوە لە گۆڤاری (كومنتر) ا هێرشێكی توندی كرایە سەر.

كتێبەكەی ئیدوارد سەعید رەواجی هەبوو وا لەقەڵەمدرا (پڕە لە كڵپە و سۆز، هەست بە ئاوارەبوون لە نێوەندە رۆشنبیرییەكەی و خێزانەكەیدا دەكەیت).

ئەو هێرشەی كە كرایە سەری لەوەدا چڕبۆتەوە كە گوایە ئیدوارد سەعید نە لە قودس ژیاوە و نە چۆتە قوتابخانەی (قدیس جۆرج)، هیچ كاتێكیش ئاوارە نەبووە، بەڵكو ژیانێكی زۆر خۆشی لە قاهیرە بردۆتە سەر باوكی لەوێ هاوڵاتییەكی ئەمریكی بووە و پرۆژەیەكی بازرگانیی دەبردبەڕێوە.

نووسەری یەهودی جستس راید فاینەر لە ٢١ ی ئابی ١٩٩٩دا لە دیلی تەلەگرافدا ئەمەی وروژاند. رۆژنامەكەیش لە بۆچوونەكانی فاینەرەوە ئەوەی بڵاوكردەوە كە ئیدوارد سەعید بە درۆ چیرۆكی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە و فاینەریش لە یەهودییەكی پرسیوە كە، ناوی دیفید عەزرایە، ئایە ئیدوارد سەعید دەناسێ كە لە یاداشتەكانیا باسی كردوی، عەزرایش بە فاینەری راگەیاندووە نەخێر لە قوتابخانەی سان جۆرج هاوڕێیەكی بەم ناوە نەبووە.

بۆیە فاینەر سێ ساڵ تاقیبی ئیدوارد سەعید و ژیانی كردوە و لە سەدكەسی پرسیوە و پشتی بە چەندین نووسەر بەستوە.



سەعیدیش لە ٢٦ ئابدا وەڵامی ئەو پروپاگەندانەی دایەوە و پێشەكی دایگەیاند كە فاینەر دەیەوێ لەپاڵ ئەم كارەیدا، لەسەر شانی كەسێكی بەناوبانگ، ناو دەركات.

فاینەر لە چاوپێكەوتنێكدا دەڵێ: ئیدوارد سەعید خۆی ئاڵاندوە بە ئاڵای فەڵەستینەوە تا گومان و لێپرسینەوە لە خۆی دوورخاتەوە. ئیدوارد سەعیدیش لە وەڵامدا دەڵێ: من نەموتوە من ئاوارەم، وتومە چەند بەختەوەربوم كە جێگای سەرەكی باوكم لە قاهیرە بوو، بەڵام زۆر لە خێزانەكەمان ئاوارەكران.

كریستۆفەر هیتشنز كە هاوڕێی ئیدوارد سەعیدە و بەیەكەوە كتێبێكیان لەسەر كێشەی فەلەستین چاپكردوە دەڵێت، زۆر لەو كارانەی كە پەیوەندییان بە مولكی خێزانەكەی ئیدواردەوە هەیە بە وردی لە كتێبی (ئاوارە) دا هاتوون. یەك لەوانە ئەوەیە كە باوكی ئیدوارد حەزی نەكردوە هیچ شتێك لە مولك و شتومەكی خێزانەكەی بەناوێوە تۆمار بكرێت. هەروەها دەڵێ: دەبوایە فاینەر چاوەڕوانی یاداشتەكانی ئیدواردی بكردایە و راستییەكانی بەراوردبكردایە. پێش ئەمە فاینەر وتارەكەی پیشانی رۆژنامەیەكی تر داوە پێیان راگەیاندبوو كە چاوەڕوانی بڵاوكردنەوەی یاداشتەكانی ئیدوارد بە، بەڵام فاینەر وتارەكەی لە گۆڤاری (كومنتری)دا گیرسایەوە. هەمان گۆڤار ساڵی ١٩٨٨ پش وتارێكی تری لەژێر ناونیشانی (پرۆفیسۆری راونان و تیرۆر) دژی ئیدوارد بڵاوكردەوە.

بۆ دەرکەوتنی راستییەکان گۆڤاری (کاونتر بنتش) ی ئەمریکی پەیوەندی بە (هیچ بویاجیانەوە) کرد کە ئەرمەنییە و تەمەنی شەست و چوار ساڵە و لە نیوجیرسی دەژی و هاوڕێی ئیدوارد سەعید بووە لە قوتابخانەدا، وتی: فاینەر لە قودسەوە پەیوەندی پێوەکردم و پێی راگەباندم کە دەیەوێت وتارێك لەسەر قوتابخانەی سان جۆرج بنوسێ ئایا قوتابییەکانی ئەو کاتەی نایەنەوە یاد، وەختێك کە ناوی ئیدوارد سەعید هات وتم بەڵێ لە قوتابخانەی سان جۆرج لەگەڵمان بوو، بەڵام قوتابخانەکە پاش دوو ساڵ لە کارەساتەکانی ساڵی ١٩٤٨ داخرا بۆیە ئیدوارد سەعید لە کولێجی فکتۆریا لە قاهیرە خوێندنی تەواوکرد. ئەو گۆڤارە ئاشکرای کرد کە بویاجیانی ئەرمەنی سەری لە بچڕانی زۆر لە گفتوگۆکانی خۆی و فاینەر سوڕماوە، واتا فاینەر بە ئەنقەست پەڕاننونی.

هەر بەمەبەستی دەرکەوتنی راستیەکان گۆڤاری (کاونتر پنتش) پەیوەندی بە میشیل مەرمورەوە کرد کە وەختی خۆی مامۆستای ئێدوارد سەعید بووە لە قوتابخانەی سان جۆرج و ئێستا مامۆستای خانەنشینی زانکۆی تورنتویە و لە وەڵامدا رایگەیاند کە ئێدوارد قوتابییەکی کلۆڵی بووە و رونیکردەوە کە خێزانی سەعید لە خێزانە کۆنەکانی فەلەستینن.

لە گەرمەی ئەو پڕوپاگەندانەدا (ئەندریە شارۆن) کە جولەکەیەکی میسرییە نامەیەکی توندوتیژی بۆ نیویۆرك تامیز نارد و رایگەیاند کە:

١- ئیدوارد سەعید عەرەبێکی فەلەستینیە وەك چۆن من جولەکەیەکی میسریم.

٢- ئەو خێزانە گەورەیە کە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستا بڵاوبۆتەوە دەبێت بە پێوەر.

ئێدواردیش بەشی جیاجیای ژیانی، لە شوێنی جیاجیا و لەگەڵ کەسانی ترا بردبێتەسەر کارێك نییە ببێتە مایەی سەرسوڕمان. بەڵکو ئەمە دیاردەیەکی رۆشنبیریی زەقی ناو توێژە ئابوری و نێوەندە کۆمەڵایەتیە جیاجاکانی ناوەڕاستە.

٣- کێشەی سەردێی گفتوگۆکان ئەوەیە کە فەلەستینیەکان لە ولاتی خۆیان دەرکران وەك چۆن یەهود لە ولاتە عەرەبیەکان دەرکران، ئەمە راستییەکە کە دەبێت باوەڕی پێبهێنین.

٤- کریستۆفر هیتشنز بۆ پوچەڵکردنی بۆچوونەکانی فاینەر دەڵێت:

یوسفی ئامۆزای ئیدوارد سەعید دەڵێت، ئەو ماڵەی کە دەکەوێتە شەقامی بیرنر لە قودسی رۆژئاوا مولکی خێزانەکەی سەعیدە ئەگەرچی بەناوی ئەگەرچی بەناوی ئامۆژنی ئێداوردەوە تۆمارکراوە.

ئێدوارد سەعید ئەم هەموو راستییانە لە یاداشتەکانیا باسدەکات. دێتە سەر منداڵیی و نەشونماکردنی خۆی، رووداوێکی سەیر لەگەڵ مامۆستاکەیدا دەگێڕێتەوە، چۆنچۆنی داوای لە ئیدوارد کردووە راپۆرتێك لەسەر بابەتێك بنووسێت پاش ئەوە ئەو مامۆستایە چۆن هەست بە بەهرە و هێزی فیکریی ئەم دەکات.

ئەمە یەکێکە لەو دەیەها چیرۆکانەی کە ئیدوارد لە یاداشتەکانیا دەیانگێڕێتەوە، هەر لە لەدایکبوونییەوە لە قودس ساڵی ١٩٣٥ و منداڵیی لە میسر و فەلەستین و لوبنان تا ساڵی ١٩٦٢ کە دکتۆرای لە زانکۆی هارفارد هێنا. دەربارەی دایك و باوکی دەڵێ: باوکم ئەو پیاوە بەتوانا فەلەستینییە بوو کە لە هەرزەکارییا میسری بەجێهێشت، تا لە جەنگی جیهانی یەکەمدا لە هێزی ئەمریکیدا خزمەت بکات، هێلدای دایکیشم کە بیست و پێنج ساڵ لە باوکم منداڵتر بوو، لوبنانییە و ساڵی ١٩١٤ لە دایك بووە. بەشێك لە یاداشتەکانی وێنەی ئەو دایك و باوکە دەگرن کە چۆن بەوپەڕی خۆشەویستییەوە ئیداوردیان بەخێو کرد.

لەدایکییەوە هونەر فێردەبێت لە نۆ ساڵیدا بەیەکەوە بەدەنگی بەرز هاملێتیان دەخوێندەوە. ئیدوارد لە ماڵ و قوتابخانە و ئەمریکا هەستی بە نامۆبون دەکرد.

بیرگەی سەعید زۆر بەهێزە بەشێوەیەك یارمەتی داوە ناو و جێگا و کەسەکان زیندوو بکاتەوە. هەموو ئەشکەنجە و غەمەکانی ئیدوارد لە یاداشتەکانیا هەر پەیوەندییان بەخۆیەوە هەیە، رووداوەکانی فەلەستین و ساڵی ١٩٤٨ و ئاوارەیی فەلەستینیەکان و ئەو خزم و کەسانەی کە هەموو شتێکیان لەدەستدا رەنگێکی وایان لە یاداشتەکانی ئیدوارد سەعیدا نەداوەتەوە.

بەڵێ جولەکە عەرەبیان لە ولات دەرکرد، عەرەبیش یەهودیان دەرکرد.

سەرچاوەکان:

١) الدستور الثقافي.
٢) الراي.
٣) الغير.
٤) گۆڤاری بخارا.

تەرم..
لەنێوان مەرگ و دووبارە خوێندنەوەی دەقدا

ئاوات محمد

-١-

چیرۆك، وەك كایەیەكی ئەفراندن خاوەنی دوو ئاستە، ئاستی ئەزموونگەری، ئەم ئاستە بەرەو رایردوو، رووداوەكان بەرەو رژێمێكی زەمەنی بەرێت، هەروەها ئاستی تێڕوانین، ئەمیش ئەو ئاستەیە لەدەقی گێڕانەوە خۆی رزگار دەكات، بەمەش دەق واقعی راستەوخۆی ژیان بۆ ئەندێشەی خوێنەر ناگوازێتەوە، بەڵكو بۆ پێداویستیەكانی گێڕانەوەی هەمەچەشنە دەیبات، بەمەش دەتوانین بڵێین ئەندێشە تەنها ژیان تەواوی دەكات، ژیانیش لەنێو چیرۆكی گێڕاوەدا لێی تێدەگەین.

ئەم پێشەكیە تەنها لەبەر ئەوەی تێڕوانینێكی سەیر لە چیرۆكێكی تەواو واقعی نەدەین، بەڵام ناكرێت لەسەر ئاستە جیاجیاكانی خوێندنەوە هەڵوێستە نەكەین، چونكە خوێندنەوە جیاجیاكان هەریەكەی دەڵالەتن بۆ ئاستێك یان ئاراستەیەكی فكری، چیرۆك لەناو قۆناغەكانی گێڕانەوە "السرد"دا گۆڕانكاری هەمەچەشنی بەسەردا هاتووە، چیرۆك وەك هەموو شەقڵەكانی تری خامەی فەلسەفەو رەهەندی فكری خۆیەتی، بەم شێوەیە دەبێت شیكاری تایبەتی بۆ بكەین، هەندێك دەڵێن پاڵەوانی چیرۆك لەكاغەز دروستكراون، هەندێكی تر دەڵێن مرۆڤی ئەندێشەیین و دەكرێت لەگەڵ واقعدا بەراوردیان بكەین، چیرۆك گرنگیەكی تەواو بەگێڕانەوەی ژیانی مرۆڤ دەدات. بەڵام لەنێو گێژاوی خەونەكانیدا، بەدوای چركەساتی لێكچوونداا دەگەڕێت، ئەگەرچی زۆر جار ئەو ژیانە لەژیانی كەسی دی ناچێت، بەڵام لەژیانی مرۆڤەكان بەدەر نییە، چیرۆك خولقێنەری نازەمەنو ناشوێنە، چركەساتی فەنتازی نێو ئەندێشەكانی مرۆڤە، هەندێك جار چیرۆكنووس ناچارە سەفەرێكی ئەفسانەیی بە مەخلوقێكی فەنتازی بۆ وڵاتی خەون بكات، بەمەش نووسەر لەبوونی بایۆلۆژی مرۆڤەكان دوورەكەوێتەوە، زەمەنەكانی بەكاتژمێر ناپێورێت، لەژیانی ئێمە ئەچێتو ناچێت.

دەق ئەگەر هاتوو نەبوو بەو پانتاییەی كە تووشی سەرسوڕمانمان ئەكات، ئەوا ئەو دەقە ناتوانێت كارلێك لەگەڵ ئامانجی خوێندنەوەدا بكات، هەندێك جار بەنیازی لەخشتەبردن لەدەق نزیك دەكەوینەوە، واتە دەخوازین جوڵەكانی دەق دەستەمۆ بكەین، چۆنیەتی پێكهاتەكانی لەسەر ئاستی بونیادی بەدەق بوونو دەڵالەتەكانی، دەست نیشان دەكەین، بەمەش بەرەو حاڵەتی نیسبیەتی بەدەق بوون، رەهابوونی بەدەق نەبوون نزیك دەكەوینەوە، دەتوانین بڵێین دەق لەپێكهاتەدا، لەگشتەوە بەرەو تایبەت دەچێت، لەشێوازەوە بەرەو ئاستەكانی تری ئەفراندن، هەر دەقێك لەسەر ئەم ئاستە مەعریفیە كار بكات، جێگای ئاستە جیاجیاكانی تێگەیشتنو

گوزارشتو شیکردنەوە راڤەکردن لەناو خۆیدا ئەکاتەوە.
جوغزەکانی تێگەیشتن هۆکارێکن بۆ دیاری کردنی هەودای بیرکردنەوەمان، دەتوانین ئەو جوغزە بەو پێناسەیەی چۆمسکی بۆ میتافیزکاری دەکات لێکچوێنین: چۆمسکی دەڵێت: سەماکردنێکە بەجوڵەیەکی جوان، بەڵام لەکوێوە دەستمان پێ کردووە هەر لەوێدا تەواو دەبین" بەم شێوەیە جوغز یەک مەودا بۆ گوزارشتو تێگەیشتن دەهێڵێتەوە، لێرەوە مەیلی سەرچاوەگەری دەبێت بەدوا مەیلو ئاشکراترین قسەکانمان، ئەرکی رەخنەگر لێرەداهەڵماڵینی شاراوەکانە بەڕووی پێکهاتە دابەش بووەکانی ئاستەکانی زماندا، بۆ رزگاربوون لەم تاک رەهەندییەی دەق، پێویستە نامەگوتراوەکانی دەق دیاری بکەین، ئاسۆکانی چاوەڕوانی بەوێنەکانی کارێکی ئەدەبی ئەخولقێت، هەندێك جار پاشەڕۆژی رووداوەکان فرێدەدرێنە زەمەنی رابردووەوە، بەم شێوەیە هەوڵی درکاندنی پرسیارەکان دەدەین. بۆ دەست کەوتنی وەڵامەکانی وەرگر، ناچارین پەنا بۆ دەلالەتەکانی دەق بەرینەوە، پاشان هەوڵی چۆنیەتی کەشف کردنی ئاستەکانی تەماشاکردنی دەقو تێگەیشتن لەدەق بدەین.
خوێندنەوەی دەق بریتییە لەبەئەمێستایی کردنی راڤەکردنەکانمان، واتە راڤەکردنی دۆزینەوەی رەهەندەکانی دەق، ئەمێستاییە، هەروەها ئەگەر رووداوە مێژوویییەکان نەبن بەگوتاری ئەمێستایی، ئەمە مانای گێڕانەوەی مێژووە نەك چیرۆك، هەندێك جار نووسەر ناتوانێت تێڕامانێکی فرە رەهەندی ببەخشێت بەدەقەکەی، زەمەنی خوێندنەوەو زەمەنی دەق دەکات بەیەك زەمەن، ئەمیش بەو مانایە دێت، نووسەر هیچ چرکەساتێکی زیادەی بۆ وەن کردن نەهێشتووەتەوە، واتە ئەم حاڵەتە رێك فۆتۆکۆپی کردنی واقعەو هیچی تر، دەکرێت واقعو دەق بەیەك پێوانە بپێوین، شیکارو دەق نابن بەدوو مانای جیاواز، چونکە ئەو بونیادە خۆ بەخۆ وەڵامی درکاوەکانی داوەتەوە هەر خۆی نێرەرەو هەر خۆشی وەرگر، بەم شێوەیە خوێنەری بەسەلیقە دەتوانێت، رەگەزەکان لەیەکتر جیابکاتەوە.



عباس عبدالرزاق — کورتە چیرۆك
١٩٩٨

کۆمەڵە چیرۆکی "تەرم" لەنووسینی، بۆ چیرۆکنووس (عباس عبدالرزاق)ە، سەرەتا دەخوازم کەمێك بەهێمنی لەدەرگا داخراوەکانی ئەم پەڕتووکە بدەم، بۆ ئەم کارە هەندێك جار ناچارم پەنا بۆ دەروونشیکاری فرۆید بەرم، هەندێك جار بۆ بوونیادی پێکهاتەی دەق، هەندێك چیرۆك پێویستە وەك حاڵەتێکی واقعی مامەڵەی لەگەڵ بکەین. بەڵام بەپێی زەمەنەکانی گێڕانەوەی ناو خودی چیرۆکەکە، هەندێك ناونیشانی چیرۆکەکان دژیەك لەنێوان خواستی نووسەرو ئاماژەکانی دەقدا دروست دەکەن. پاشان وەڵامێکی نیوە ناچاریمان بۆ پرسیارەکانی ناونیشان پێدەبەخشن، سەرەتا ناونیشانی کۆمەڵە چیرۆکەکە دەمانخاتە بەردەم چەندین پرسیار: تەرم بۆ؟ تەرمی کێ؟، کام تەرم؟ لێرەدا دەکرێت بپرسین: ئەو چیرۆکانە خوێندنەوەیەکی تەئویلی لەخۆدەگرن؟ ئەگەرچی پێش وەخت ئەوەمان بەیان کردووە، چرکەساتی هەناسەدانی دەقو زیندوویەتی دەقو وابەستەی شیکردنەوەو راڤەکردنە، هەموو خوێندنەوەیەك دەبێت دەرەنجامێکی تایبەتی هەبێت، هەر دەقێك پاش خوێندنەوە، ئەگەر راڤەی بۆ نەکرا، مانای وایە یائەو دەقە نەخوێنراوەتەوە یان خوێنراوەتەوەو هیچ خوێندنەوەیەکی تر هەڵناگرێت.

بۆ شیکارکردنی چیرۆکەکانی تەرم، وەك دەقێکی سەردی، پاشان گواستنەوەی دەلالەتەکان بۆ ئاستی ڕاڤەکردن، ناچارین دەقەکان بۆ پێکهاتە سەرەتایی و خامەکانیان لێك هەڵبوەشێنین، پاشان سەرلەنوێ پێکەوە گرێی بدەینەوە، چونکە لەنێو چیرۆکەکانی تەرمدا، زۆر پانتایی فراوان بۆ زەمەن هەیە، ئەم بارە بۆ ڕەخنەگری ورد، خاوەنی گرنگیەکی زۆر تایبەتە، هەندێك لەچیرۆکەکان خاوەنی دوو زەمەنن، زەمەنێك لەدەرەوەی دەق، ئەمیش زەمەنی خوێنەرە، یان ئەو زەمەنەیە کارەساتو ڕوداوەکەی تێدا ڕوونادات، بەڵام گرنگە خوێنەری لێ ئاگادار بکرێتەوە، چیرۆکەکان (ئەنگوستیلە، تەرم) ئەم دووزەمەنەیان بەئاشکرا تێدا دیار دەکەوێت، زەمەنی یەکەمیان: مەودایەك بۆ بیرکردنەوە جێ دێڵێت، زەمەنی دووەم: دەبێت بە مەودایەکی جیاواز بۆ تێگەیشتنو ڕەخنەگرتن، سەرەتا پێویستە حاڵەتەکانی چیرۆکەکە ڕاڤە بکەینو پاشان پێویستە پرسیار لەوە بکەین: تاچەند ئەم دەقە مانایەك بەڕستەکان دەبەخشێت، چونکە جیاوازی لەسەر ئاستی زەمەن، مانای کەشف نەبوونو مانەوەی هەندێك پرسیارە، مەگەر دەق خۆی پەی پێ بەرێت.

کۆمەڵە چیرۆکی تەرم - ەوڵدانێکە بۆ خۆ ڕزگارکردن لەو حاڵەتەی سەرد لەئاستێکی ئاسایدا بهێڵێتەوە، پاشان هەوڵدانی نووسەرە بۆ درکاندنی خەمەکانی نێو ناخی خۆی، پاشان دیاری کردنی ئاستی نووسینی نووسەریشە، زۆرجار لەتەرمدا مەئلوفیەتی گێڕانەوە بەڕەو ڕووی تێك شکاندن بووەتەوە، تەرم یەك شتی ترمان لاناشکرا دەکات، نووسەر لەهەوڵی ئەمەدایە ئەزموونەکانی بگەیەنێت بەجۆرە شێوازێك، تاکە قەوارەیەك بۆ چیرۆکنووسین دروست بکات، دەخوازێت لەکاریگەری زەمەنی ئاوارەیی و نامۆبوون دوور بکەوێتەوە، شۆڕش و جوانی و خۆشەویستی هەمان مانای جاران ئەبەخشن، ئەوەشمان لەیاد نەچێت، عباس عبدالرزاق لەناو هیچ چیرۆکێکیدا، هیچ جۆرە شۆڕشێکی بەڕپا نەکردوە. بەڵکو وێنای کۆمەڵێك نسکۆو تێکشانی کردووە، دەیەوێت شارستانیەتێکمان بۆ وێنا بکات. پڕ پڕە لە سەرکوتو خەفەکراوەکان، هەرچەند ئەم خوێندنەوە گشتییەی من تەنها چەند سەرخەتێکی گشتی بەکارەکە دەدەن، لێرەوڕا لەناو دەقەکاندا بەدوای ماناکاندا دەگەڕێن، لەشیکردنەوەی دەقەکانەوە دەتوانین بەئاسانی لەجیهانبینی عباس عبدالرزاق بگەین.

تێگەیشتن لەدەق و میتا دەق، پێویستی بەئاشکراکردنی جیهانبینی نووسەر هەیە، هەندێك جار مانا دیارەکان ئاماژە بەهەندێك شتی شاراوە دەدەن، ئەنگوستیلە یەکەم چیرۆکی پەرتوکی تەرمە، ئەم چیرۆکە خاوەنی دوو ئاستی گێڕانەوەیە، گێڕانەوەیەك بەڕەو مەنزلگای " حیکایەت" دەمانباتەوە، لێرەدا، نووسەر بەئارەزووی خۆی، بەبێ ئەوەی هیچ گوێ بەئازارو دژواری و چرکە کورتەکانی پاڵەوانی چیرۆك بدات، هاتووە گەمەی بەڕستەکان کردووە، ئەم حاڵەتە زۆر جار وەرگر جارس و بێ حەوسەڵە دەکات، هاوکات لەگەڵ ئەم گێڕانەوەیەدا، چیرۆك خۆبەخۆ دەبێت بەخاوەنی تێڕوانینی جیاوازی خۆی، ئەمیان لەدەرەوەی خواستەکانی نووسەرە، ئەم گێڕانەوەیە پەیوەندی بەخودی پاڵەوانی چیرۆکەکە خۆیەوە هەیە، لەهەندێك ساتدا، یادەوەریەکانی خودی نووسەر، بەشێوەیەکی ڕۆمانسی کار دەکاتە سەر لایەنی گێڕانەوە، لایەنی واقعیەتی دەرەکی بەسەر لایەنی واقعی ناو چیرۆکەکەدا زاڵ دەبێت، ئەم زاڵ بوونە، لەناو وەسفی شوێنو کەسایەتیە نادیارەکانی چیرۆکەکەدا دەردەکەون، هەروەها لەچیرۆکی ئەنگوستیلەدا، هەندێك کارەکتەر دێنە سەر شانۆی ڕووداو، لابردنیان هیچ زیانێك بەچیرۆك ناگەیەنێت، ئەمیش زۆر جار دەبێت بەهۆی دیاری کردنی ئەزموونەکانی چیرۆکنووس، ئەگەرچی چیرۆکی ئەنگوستیلە خاوەنی ڕاستیەکەو پەیامێکی تایبەتی پێیە، هاوکات خاوەنی دەلالەتێکی تری، بەدوای سەرکەوتنو تێك شکاندا دەگەڕێت، بەڵام دواجار کامیانی چنگ دەکەوێت؟

ئەم چیرۆکە خاوەنی دوو زەمەنە، زەمەنی کوشتنی هێمن، کە لە چەند خولەکێك زیاتر تێپەڕ ناکات، ئەم

زەمەنە کورتە دژوارە ماناکانی پشت دەق دیاری دەکەن، هەموو وەهمەکانو سمبۆلّەکانی شۆڕش دەخەنە بەردەم پرسیارێکی گەورە: زەمەنی دووەم: بریتیيە لەزەمەنی گێڕانەوەی یادەوەریەکان، ئەمیان تەمەنێکی درێژو پڕ ئەزموونە، تەمەنێك لەجوانیو ناسکی، بەلّام زۆر جار نووسەر کەوتووەتە دوای خولیاکانی خۆیو چێژی ئەو چرکە ساتانەی کەم کردووەتەوە.. چونکە هەموو ئەو راستیەمان لاڕوونە، لەزەمەنە شلۆقەکاندا، مرۆڤ جوانترینو گرنگترینو کورترین یادەوەری لەهزیدا وێنا دەبێت، ئەم یادەوەریانە دوورن لەدرێژدادڕی یان رووتن لەوەسفی شوێنو کەسو زەمەن، واتە ئەو چەند چرکەیە ئەبستکراتیەتی خۆیان ون ناکەنو روونترین چرکە ساتەکانن، زۆر بەپەلە هەوڵدەدەن ماناو ئەندێشەو وێنە گەورەکانی ژیان بدرکێنن، مرۆڤ لەسەرەمەرگدا بیر لە سەرماو گەرما ناکاتەوە، بەلّام ئەو مەرجەی سەرماو گەرما پرسیارێکی بوونگەری لانەبزوێنن، لێرەوە لەوە دەگەین، نووسەر ئامادەگی خۆی لەپشت مرۆڤێکەوە شاردووەتەوە ، ئەوەندەی نەماوە لەسفری ژیان نزیك بکەویتەوە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئەنگوستیلە، خۆبەخۆ مانایەکە بۆ کەشف کردنی پەیوەندیە درۆزنەکان، بۆ خنکاندنی مانا جوانەکان، نامۆبوونێکی سەیرە لەناو گەمەی وشەبازیو شۆڕشدا، چوار کەس، تەنها یەکێکیان سیماو حاڵەتە دەروونیەکانی ئاشکران، ئەم ئاشکرایە بەرەو ڕووی مەرگ دەبێتەوە، ئەوانی تر تارمایی چەند مرۆڤێکی نادیارن، باکگراوندیان نییە، واتە، ئەوان مانا ڕووتەکانی وەهمی شۆڕشو گەمەی خەبات دیاری دەکەن، نادیار پیرۆزیەکانی لەناو خۆیدا حەشارداوە، دەکرێت هەموو دیاردەکان بکات بەقوربانی، هەر لەسەرەتای چیرۆکەکەوە، مرۆڤێك دەخوازێت یەك چرکە قسە بکات، بەلّام نادیارەکان مەودایەکی بۆ قسەکردن بۆ ناهێڵنەوە، پاڵەوان لەناخیدا هاوار دەکات.

"مەمخنکێنن.. دەمەوێ شتێکتان پێ بڵێم، مەمخنکێنن" دەبوایە هاوڕێکانی لەم هاوارە بگەیشتنایە، بەلّام ئەوان وەك نادیارێك، دەزانن ئەم باس لەحاڵەتێك دەکات هیچ پەیوەندی بەپیرۆز بوونی ئەوانو قوربانی بوونی ئەوەوە نییە، پێویستە ئەو قەدەری عەیامێکە ئەمان بۆیان دروست کردووە، بیبینێت، ئەنگوستیلە پەیوەندی خۆشەویستیيە لەپێش ساتە وەهمو گوناهەکانی شۆڕش، ئەم دابڕانو تێکەڵ کردنە دوو زەمەنمان لادروست دەکات، دەبێت بپرسین کامیان جوانترن! پیرۆزی شۆڕش یان گوناهی خۆشەویستی؟ مرۆڤ بوونەوەرێکی ئازادە، لەدەرەوەی هەموو دامەزراوەکان هەوڵی مومارەسەی ژیان دەدات، بەلّام شۆڕش بونێکی جیاوازە، پڕە لەمەرگەسات‌و هەموو ساتە جوانەکانی خۆشەویستی دەسڕێتەوە، ئەم چیرۆکە بەرجەستەکردنی دەلالەتێکە بۆ نیشاندانی داڕمانی هەموو خەونەکان، هەڵوەرینی ساتە ئازادەکانە، بۆ نموونە کاتی کوشتن، پایزە، جوانترین مرۆڤی نێو گەمەی شۆڕش بەکۆمەڵێك خەون‌و خولیای جوان جوانەوە دەکوژرێت، لێرەدا تێکەڵاو بوونێك لەنێوان سڕینەوەی یادگاریەکان‌و گسکدانی گەڵا وەریوەکاندا هەیە. هەردووکیان بەرەو سەرابێك دەچن، پڕە لەناشیرینی، پڕە لەتاوان، چیرۆکی مەرگی هێمن تراژیدیای هەموو خۆشەویستیەکانی تر‌ە، دەم بەستن‌و تاساندنی هەموو وشەکانی خۆشەویستیە.

لەو چرکەیەی ئەنگوستیلە بەخوێنەوە لەپەنجەی دەردێت، ئەوسا دوو خوێن تێکەڵاو دەبن، هەر خوێنەی ئامازەیە بۆ جیهانێکی تایبەتی، یەکەمیان کە خوێنی شەڕەکانی عەبەسە، لەوێدا هیچ مانایەك بۆ ژیان نامێنێتەوە، مانای مەرگی مرۆڤە، خوێنی دووەم، خوێنی بڕینی ئەنگوستیلەکەیە، ئەمیان ئامازەیە بۆ سەربڕینی خۆشەویستی، بوون بەقوربانیە لەپێناو گەمەکانی جەنگدا، ئێمە ناچارین خۆشەویستی بۆ جەللادەکان جێبهێڵین، لەیەك شوێندا دوو خوێن تێکەڵاو دەبێت، کە لەبەردی سەربڕینی قوربانیەوە نزیکە، قوربانیەك تاکو سمبۆڵی درۆکانمان بدات لەسەرسنگی بەرژەوەند ویستەکان، ئەم تێکەڵاوبوونی دوو خوێنە. دەلالەتێکی تر دەبەخشێت، ئەم لەنێو وەهمێکدا شتەکانی لێ ون بووە، هێمن ئەو شتەی ناو ناوە شۆڕش.

لەدوا ساتدا لەوە دەگەین، چی شتە ناشرینەکانە بالادەستی خۆیان بەدەست هێناوە، لەو چەند دێڕەی کۆتاییدا، هەموو شتەکان کۆتاییان دێت، مەرگی مەرزیە (ئەو ناوەی لای عباس عبدالرزاق وەك وێنەی دووبارە بوونەوەی سمبولی خۆشەویستییە)و هێمن لەنێو جوغزی بچوکی ئەنگوستیلەیەکدا دەردەکەوێت، نووسەر بەشێوەیەکی رۆمانسیانە گوزارشتی لێوە کردووە، واتە ئێمە لەبەردەم راستەکاندا، پرسیارەکانمان لاوون دەبێت، راستە لەدوائەنجامی چیرۆکەکەدا تووشی سەرسوڕمان بان کوتو پڕی نابین، بەڵام یەك شتمان بۆ روون دەبێتەوە. لەزەمەنی جەنگو دوکەڵدا، خۆشەویستیو سمبولە جوانەکان بێ مانان، هێندە بێ مانان لەبەردەم مەرگدا دەبن بەهیچ.

-٣-

دەرگاکان، ون کردنی سیمایەکە، یەکەمجارە دەیناسێت، ون کردنی رێگا سادەکانی جارانە، لەنێو ژاوەژاوەکانی ژیانێکی پڕ ئاشوبدا، ون کردنی رێگا سادەکانی جارانە، لەنێو ژاوەژاوەکانی ژیانێکی پڕ ئاشوبدا، ون کردنی رۆحی ئایدیالیستانەی مرۆڤێکە، ئەمڕۆ بەو شێوەیە مومارەسەی ژیان دەکات، کە هەیە، نەك ئەو ژیانەی ئەو بیری لێدەکاتەوە، ئەم خۆ ون کردنە ناچارت دەکات بەدوای ونبوویەکی تردا بگەڕێیت تاکو قەرەبووی ئەمی تریانی پێبکەیتەوە، بەدوای شتێکدا بگەڕێت کە دەمێکە لەدەستی داوە، واتە ئەم ئەو مرۆڤەیە، بەدوای شتێکدا دەگەڕێت کە نیەتی! ئەم گەڕانەوە بەفلاشبالك دەیباتەوە بۆ ساتە ساویلکەییەکان.

ژیان بەپێی تێگەیشتنی سەردەم، لەناو بواری مەعریفەکانی ئەم تافە، پێویستە فرە رەهەندو فرە روویێت، ئەم فرەییە پێویستی بەفرە سەر هەیە، تالە فرە مانایی حاڵەتە نوێکان بگاتو هەموو مانا ناشرینەکانی لارۆشن بێتەوە، بەڵام ئەم مرۆڤە ئایدیالیستیە، بەدوای بێ گوناهترینو مەعسومترین سەریدا وێڵە، ئەم سەر تاوانبارترین سەری پاڵەوانی چیرۆکەکەیە، چونکە ئەو بەپێچەوانەوە لەشتەکانی ژیان گەیشتووە.

کام سەر لەو سەرانەی کە نایناسێت. دەتوانێت بچێتە ژوانی ئەوین؟!.. ئەو سەرەی ئەویندارە یان بکوژی ئەوینە، یان..

ئەم چیرۆکە لە هەوڵی خولقاندنی زمانێکدایە، کە پێکهاتەکانی لەناو خودی خۆیدا بدۆزێتەوە، نووسەر دەخوازێت زمانێکی جیا لەزمانی واقع بەکاربهێنێت، نووسەر بۆ ئەم مەبەستە پەنای بردووەتە بەر فەنتازیایەك لەشێوەی خەون، خەونێك دەق ببینێت نەك نووسەر، نووسەر بەتەنها خولقێنەری هەندێك وێنەی سوریالیە، ئەو سوریالیەتە بوو بەپێکهاتەیەك بۆ فەنتازیای دۆزینەوەی خەونی شوێن بینینو دورکەوتنەوە لەفۆتۆکردنی واقع، راستە، زۆربەی زۆری رستەکانی لەواقعەوە نزیکن، بەڵام سەد دەرسەد لەواقع ناچن، دەتوانین بڵێین فەنتازیای ئەم چیرۆکە کەمتر بەپەی بنەماکانی دەروون شیکاری فرۆیدی بۆ خەو بینین شیتەڵ بکرێت، ئامازەکانی خەو ببینین بن بە دەروازەیەك بۆ تێگەیشتن لەواقع، لەم چیرۆکەدا نەست کەمترین پانتایی راقەو شیکردنەوە داگیر دەکات، چونکە وێنەکان لەهەستی نووسەرەوە بۆ هەستی خوێنەر دەگوازێتەوە، وەك وتمان نووسەر هەندێك وێنەی سوریالی خولقاندووە، مانای وا نییە ئەم چیرۆکە لەتەکنیکدا سوودی لە سووریالیزم وەرگرتبێت چونکە نەست کەمترین ئامادەگی لەپرۆسەی بەدەقکردندا هەیە، بەڵکو هەستی نووسەر بەردەوام لەچرکەساتەکانی ژیانی خودی نووسەر دەپرسێتەوە، خۆی دەخاتە بەردەم دادگای ژیانو ناتوانێت لەهەڵەکانی خۆی خۆش ببێت، ئەم جۆرە لە گوزارشت کردن لە تافێکی نووسینی نووسەردا، رێگەی بۆ ئەفراندنەکانی داهاتووی خۆش کردووە، واتە تاکو نووسەر لەدوای ئەم چیرۆکەوە قوڵتر ئاماژە و دەلالەتەکان بەکاربهێنێت.

لە سەرەتاوە، دەقەکە دەمانخاتە بەردەم یەك هەقیقەت، ئەم کارەکتەرە بەدوای کام ئەوینیدا وێڵە؟.. مەرزییەك لەناوەوەی ژیانیەتی. ئەوینێك لە دەرەوە ژوانی لەگەڵدا بەستووە.. ئەم هەموو سەرە دواجار پێمان دەڵێن ئێمە چەندە داماوین، ژیان لای ئێمە یەك ماناو یان رەهەند و یەك تێڕوانینی هەیە، پێویست ناکات سەری زیادە لە خۆمان بەرین.

-٤-

هەندێك لە چیرۆکەکان، تەنها یادەوەری نووسەر خۆی تەحەکومی پێوە دەکات زۆرجار دڵەڕاوکێ و مەرزەکانی نووسەر دەبینینەوە، چیرۆکی جاڵجاڵۆکە

راشکاوانە پێن لە یادەوەری نووسەر، چونکە هیچ رووداوێکی ناشارستانی تێدا نییە.. زۆرجار هەست بە دڵەڕاوکێ و هەڵچوون و داچوونی باری دەروونی نووسەر دەکەین، مەوداکانی گێڕانەوە لە چەند ڕستەیەکی نەستی و زیندەخەوندا گەڵاڵە دەبن، بەڵام ئاڕاستەی رووداوێک، ئەو رووداوەی بەرەو گومانێك بمانبات، دیار نییە، زۆر جار چیرۆکەکە نەیتوانیووە لەو هەڵچوونە خۆی قوتاربکات، هەندێك جار نووسەر لەبواری ئەو چیرۆکەوە، ویستوویەتی ئاهێك بدات بە دەروونی و یادەوەریەکانی شێوەکانی منداڵیەتی خۆی بنووسێتەوە، لەهەمان حاڵەت لە چیرۆکی "ملەو سێبەردا" دووبارە دەبێتەوە، ئەگەرچی ئەم چیرۆکە لەئاوازێك دەچێت، بۆ سەرکێشی و خۆشەویستی و لەدەست دانی ئازایەتی، یان مومارەسەکردنی بێعودەیی ژیان لە دەرەوەی ئەندێشە، وەك ئاشکرایە، مرۆڤ، تەنها لە ئەندێشەدا، دەتوانێت بگات بە سوانی شتەکان هەر لەوێشدا دەتوانێت خۆشەویستی بکات، واقع پڕە لە مرۆڤی سڕاوە و بێمانا، ئەمانە تەنها و تەنها لە جانەوەرێکی هیچ دەچن، دواجار بەپێی هەموو ئامازەکانمان، ئەم چیرۆکە بەشێکە لە ساتەپڕ ترس و دڵەڕاوکێکانی نووسەر، چونکە هەست دەکات نووسەر لە یەکێك لە تافەکانی ژیانی، لە خودی خۆشەویستی زارەتەرك بوە، نەیوێراوە عەشق بکات، ناچار لە سێبەر یان لە تارماییدا بەدوای کەسێکدا گەڕاوە، تاکو مومارەسەی خۆشەویستی لەگەڵدا بکات، زۆربەی چیرۆکەکان ناوی شوێنی سەیری تێدایە، سەرەتا بێئاگایانە دەڵێین ئەمانە پێگەیەکی فەنتازین و لە دەرەوەی واقع بوونیان هەیە، بەڵام لە دواجاردا حاڵی دەبین، ئەو شوێنانە، پێگەی یادەوەریە تاڵەکانی نووسەرن، ئازار و ئەشکەنجەی ڕاونان و دوور خستنەوەی خۆی تێیاندا بەرجەستە کردووە.. رستە زۆرجار ئامازە ڕاستەوخۆکانی خۆی دیار ناخات، بەڵام لەئەنجامی خوێندنەوەی وردی رستەکاندا، هەقیقەتی شتەکانت بۆدەردەکەوێت، هەندێك لەو چیرۆکانەی پێن لە یادەوەری. دەتوانین بەم شێوەیە ئامازە سمبوڵیەکانی ئاشکرا بکەین، تاکو لە هەندێك لە مەبەستەکانی نووسەر بگەین.

—٥—

، تەرم "هەم چیرۆکێکی ئەو کۆمەڵەیە و هەم ناونیشانی کتێبەکەشە، هەروا بە ئاسانی نووسەر ئەم ناوەی بۆ کۆمەڵە چیرۆکەکانی هەڵنەبژاردووە، ڕەنگە مەبەستی تەرمی چیرۆکەکان بێت، پاش خوێندنەوە، واتە لە چرکەساتی تەواوبوونی خوێندنەوەدا تەرمی چیرۆکەکانی نووسەر ی‌لادەبرێت و ژیان دەکرێت بە بەبەری‌گێڕانەوەی چیرۆکێکی تردا، چیرۆکی تەرم ئاستی پەرەسەندنی چیرۆکە لای نوسەر، مەوداو بیرکردنەوە و شێوازی نووسینی عباس عبدالرزاق لەوێدا خۆی شاردووەتەوە، لێرەدا تەرم ئامازە بە دەسەڵاتی نووسەر دەدات کە لە چنینی مەوداکانی جوانووسیدا سەرکەوتووبووە.

چیرۆکی "تەرم" خاوەنی کۆمەڵێك تایبەتمەندی جیایە، خاوەنی فەنتازیایەکی تایبەتە، لەم چیرۆکەدا زەمەن لە وەهمێکی قورس دەچێت، کۆتایی نایەت، لەنێو گێژاوی مەرگ و نامەرگدا، زەمەنێك سەرقاڵی کردوین، ئەویش زەمەنی جەنگەکانە، ئەو جەنگانەی لەناو دەق و لە دەرەوەی دەقدا ڕوودەدەن.

"ژیان لێرەوە دەست پێدەکات"، ئەمە یەکەم دێڕ و جوغزی ڕوداوەکانی ناو چیرۆکەکەیە، چونکە مەرگ لەنێو زەمەنی جەنگەکاندا، دەبێت بە سەرەتای ژیانێکی ئاسوودەی نەمر، چیدی تەقەی چەکەکان نابیسترێن، بەڵام لە چیرۆکی تەرمدا، مەرگ سەرەتایە بۆ جەنگێکی تر،ئەو جەنگەی جەنگاوەرە کوژراوەکان دووبارەی دەکەنەوە، وەك وتمان چیرۆکی تەرم خاوەنی فەنتازیایەکی تایبەتیە، چونکە پێکهاتە و بوونیادی کەسایەتیەکان لە وەهم دەچن، تەنانەت ناوی کارەکتەرەکان ئاماژەن بۆ مەرگ و ڕووت بوونەوە، واتە مەرگ مرۆڤ ئاسوودە ناکات، مردووەکانیش مەعسوم نین.. جەنگاوەرەکان ناچارن بەرگری لە مەرگی خۆیان و ژیانی سەرکردەکەیان بکەن، لەم چیرۆکەدا جەنگ تاکو ئەودیو سنوری مەرگ بەدوامانەوەیە، نووسەر نەهاتووە بە زنجیرەیەکی پێکەوەگرێدراو چیرۆکی ژیانێکی ئاسایمان بۆ بگێڕێتەوە، بەڵکو سروتێکی نامەئلوف بۆ نمایشی جەستە گەمژەکان پێك دەهێنێت، بەڵام ئەم نامەئلوفیەتە دواجار زۆر ئاسایی دێتە پێش چاومان، نووسەر بڕوامان پێدێنێت کە دەشێت شتی وا ڕوبدات.

لەم چیرۆکەدا هەمووشتەکان بۆنی خوێنیان گرتووە، مرۆڤەکانی ئەم دەڤەرە لە جەنگدا لەدایك دەبن، بە جل و بەرگ و پۆستاڵی سەربازیەوە لەدایك دەبن، سەربازەکانیش پێویستیان بە دەمامك هەیە، تاکو

شێوەی دژێوی خۆیان بشارنەوە، لەم چیرۆکەدا ئاماژەیەکی سەیری تێدایە، ئەویش ئەوەیە مرۆڤ تەنها بۆ خۆشەویستی پێویستی بە دەمامک نییە. دەمامکەکان بۆ ئەو مرۆڤانە زۆر پێویستن کە بەردەوام بەدوای دوژمنێکی وەهمیدا وێڵن، زۆرجار لە بیدوژمنیدا خۆیان دەبن بە دوژمنی خۆیان، ئەوان لەناو گەمەیەکی نەمردا دەژین، چەندە گەمەکە هیچتربێت ئەوان زیاتر مانای هیچی وپووچی خۆیان بەیان دەکەن.

زمانی گێڕانەوە "السرد" لەم چیرۆکەدا زمانێکە لە خەیاڵ و ئازارەوە نزیکە، گێڕانەوەی واقع نییە، بەڵکو مەوداکانی ئەندیشە دەکاتە بنەما و ستراتیژ و تێڕوانینی خۆی، زۆرجار گێڕانەوە دەچێتە مەودای ئەودیوو رستەوە، ئەم میتاڕستانە دەماندوێنن، واتە لەم چیرۆکەدا. زەمەنی رووداوەکان، هاوتای زەمەنی گێڕانەوە نین، بەڵکو لە دەرەوەی گێڕانەوە و ژیان شتێکی تر هەیە، پێی دەوترێت گەمەی ئەندێشە، لێرەدا زەمەنێك لای خوێنەر جێدەمێنێت، ئەم زەمەنە بەردەوام مانا هیچەکانی جەنگ بۆ نەستی خوێندنەوەی چیرۆکی تەرم دەبیتەوە، لەولاتەوە جەنگێك قەماوە و هەموشمان بەشدارین!. لە کۆڵان، تەلەفزیون، لە ماڵەکەی ئەودیوتان.

هەموو ئەم جەنگانە ناچارت دەکەن، لەسەربانی ماڵەکەتانەوە تەماشای سەرقەبران بکەیت، تاکو بزانیت، سەرباز و رەیس عورەفاکە سەرقاڵی کام جەنگی دۆڕاوەن کام مردو و جەنگە کە دەباتەوە!.. تەرم نمایشێکە، هەموو بەشداران و جەنگاوەرەکانی، مرۆڤی بوودەڵەو ترسنۆکن و خولیای جەنگ لە کەللەی داون، جەنگێ: بەردەوام رووەدات و نازانین بۆ رووەدات، ئەمان هەستی پێناکەن، چونکە نەستیان پڕبوو لە هەواڵی جەنگ و مەرگ و بریندارببوون و کوشتن، ئەگەرچی نەستیان لە وەهمێکی تردا دەژی. لەم چیرۆکەدا جوانترین درۆکانی تێدا جێگاکراوەتەوە، درۆی مەرگی رەیس عورەفاکە، دەمامکی ئامادەبووان، فرمێسکی لەسەر رووی دەمامکە خەمبارەکان، شەڕی نیوان دوو دوژمن کە هەردووکیان یەك کەسن، بەڵام لە دوو جەستەی جیاوازدا، بەردەوام یەکتری دەکوژن، لەم چیرۆکەدا یەك هەقیقەت لەبەردەماندا وەستاوە، بەڵام کەس گرنگی پێنادات، چونکە جەنگاوەرەکان پێویستیان بەوهەقیقەتە نییە، خۆشەویستی نێوان یارگەکە چڵ و بلورخانم، خۆشەویستیەکە بە ئاشکرا و بەبەرچاوانەوە دەکرێت بەڵام سەرنجی کەس ڕاناکێشێت، چونکە لەو شوێنەی غەریزە بااڵدەستە، خۆشەویستی چ سندانێکە، غەریزە خۆبەخۆ هوروژێنەری نائەقڵانیەتی نەستە، لە شێوە پیرۆزەکەیدا دەگاتە ترۆپکی توندوتیژی، غەریزەکانی مەرگ، سێکس، خواردن، خوێن خواردنەوە، هەموویان مانایەك بۆ کێشمەکێشی مانەوەی ژیان، سەرکەوتنیش بۆ بەهێزە، لەوێدا خۆشەویستی هیچ بوونێکی نییە،

مرۆڤ، لە چیرۆکی تەرمدا، مەحکومی قەدەرێکە، مەحاڵە لەدەستی ڕزگاری بێت، پاڵەوان چەند جارێك خۆی دەکوژێت (لێرەدا مەبەست لە وێنەی دووەمە)، هێندە نایات گەمژەیەکی تر جێگای دەگرێتەوە، ئەویشیان هەر خۆیەتی "کوشتم!.. ڕزگارم بوو، چی! هانم نادانەوە دوژمنەکانم بکوژم، ئەم ڕەیس عورەفایە کت و مت لە خۆم دەچێت، ڕەیس عورەفایەکی تر هانم دەدات"

ئەمە قەدەری مرۆڤێکە کە لە مەرگیشدا مل کەچی فرمانی سەرکردەکەیەتی، تەرم ئازابێت بۆ دەکوژێت و بۆ دەکوژرێت!، چونکە هەرگیز بە مێشکیدا نەهاتووە پرسیاربکات، تەرم زۆرجار خۆی لێدەبێتە دەعبایەکی پیس و گرنگی وا تەنها بچوکی خۆی دەسەلمێنێت، کەڕەنای مەرگ سەراپای مرۆڤەکان دەگرێتەوە، تەرم دەبێت بە سمبوڵی هەموو مرۆڤەکان، لە هەر هەمووماں دەچێت، لە ولاتی مەرگ و سەربازگەکاندا، تەنها و تەنها تەرم بەرهەم دێت، تەرمی کێ؟... گرنگ نییە! گرنگ ئەوەیە ئێمە لە لیستی ژمارە گەورەکاندا، خاوەنی زۆرترین ژمارەی کوژراو و قوربانین.

جەنگ لە کۆمەڵە چیرۆکی تەرمدا پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە، جەنگ بووە بە سیمای بیرکردنەوەمان، لە یەکەم چیرۆکدا، خۆشەویستی ئەبێتە قوربانی شەڕێکی دۆڕاو، ئەنگوستیلە لەنێو لیتاوی جەنگێکدا نووقم دەبێت کە هیچ جوانیەك بەخۆشەویستی و ژیان نابەخشێت، سەری جەنگاوەر، کە خوێن و درۆ گەورەترین دروشمیەتی، هەموو سەرەکان لەسەری یەك جەللاد دەچن، لای ئەو جەللادەش، سەری ئەوین زیندانی کراوە،

چیرۆکی تەرم، وەك لە بەشی پێشوودا بەدرێژی لێی‌دواین، سەراپای نوقمی جەنگێکە، بەڵام لەناو ئەو جەنگانەدا نیگایەك بۆ خۆشەویستی لە گەمەی سەرکێشانەی خۆی ناکەوێت، ئەگەرچی لەناو تۆپەکاندا نوقمی دوکەڵ و خوێن بووە، چاوەڕوانە، چاوەڕوانی ئەو ساتانەیە جەنگاوەرە بەدفەڕەکان لە جەنگ بینەوە، ئەوسا ئەویش سەمای خۆی دەکات.
نەخشەی شاردنەوەی چاوی مردووەکان، نەخشەیەکە بۆ جەنگێکی کۆتایی نەهاتوو، دۆزینەوەی دەرفەتێکی تر بۆ پشوودانی تۆپەکان، لەم چیرۆکەدا نووسەر بەرەوڕووی حاڵەتێکی نائاساییمان دەکاتەوە، زیاتر لەوەدەچێت خودی نووسەر بەرامبەر بە ژیان گومڕابووبێت، چونکە هەندێك لە ڕستەکانی خۆی بۆ ناخوێندرێتەوە، لێك چواندنی دوو رستەی مانا جیاواز، کە هەریەکەیان لە تافێك و شوێنێکی جیاوازدا بۆ یەك مەبەست وترابن..
دەلالەتە بۆ ون بوونی سیمای بیرکردنەوەیەکی دروست لە ولاتی جەنگ و مەرگدا
"منداڵەکان بە گاڵتە بەرد دەگرنە بۆقەکان، کەچی بۆقەکان بەڕاستی دەمرن"
"خاوەن تۆپەکان بە گاڵتەوە یاری تۆپ باران دەکەن، لێرەش خەڵکی بەڕاستی دەمرن و چاویان نانووقێت.
ئەگەر سەرنج لە هەردوو رستەکە بدەین، دووممانای جیاواز، دوو فەلسەفەی جیاواز بەدیدەکەین، ئەگەرچی کۆتایی هەردووکیان هەر مردنە، بەڵام ئەگەر بەوردی سەرنج لە رستەی دووەم بدەیت، دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی، کە نووسەر پێی وایە، سەرکردەکان بۆ گاڵتە گەمەی مەرگ دەکەن، نەك جەنگی مەرگ، ئەمەش دەلالەتە بۆئەوەی جەنگ چ رەهەندێکی مێژوویی قوڵی هەیە، ئەوەندە دووبارەبووەتەوە، بووبە گەمە، سەرکردەکان بۆ کات بردنە سەر ئەو هەموو گیان و سامانە خەرج دەکەن، لەپێناو تەماشایەکی خۆیاندا، یان لە پێناوی ئەوەی یەك لاپەڕەی مێژووی جەنگەکان داگیربکەن، ئەو هەموو کوشتارگایە وەك گۆڕەپانێکی یاری قوربانی‌دان و پاکژبوونەوە، تەماشادەکەن، کەم نووسەر هەیە بگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە جەنگ و یاری ئەوەندە جیاوازیان لەنێواندا نەبێت، هەموومان ئەوەندەمان جەنگ بینیووە، زۆر کەم مانای پشوودانمان زانیووە، هەروەها ئەو دوو رستەیە جیاوازیەکی گەورە لەنێواندا هەیە، منداڵەکان بە بەرائەتەوە بەرد دەگرنە بۆقەکان، بەڵام گەورەکان بە رق و کینەوە تاوان دەکەن، ئەمان بە نەخشە مەبەستیان کوشتنی مرۆڤەکانە، لەوانەیە کارکردنی نووسەر ئەم رستەیە، تەنها لەسەر دەستەواژەی کۆتایی بێت "چاویان نانوقێت"، دواجار، ئەم چاو نەنوقانە، ئاماژەیە بۆ مەترسیەکی تر، ئەویش ئەوەیە مردوەکان بێزاربوون، ئەوەندە مردن و زیندووبوونەوە، تاقەتیان نەماوە هەموو جارێك چاویان بنوقێنن، چونکە دەزانن ئەگەر چاو بنوقێنن یان نەینوقێنن هەردەبێت دووبارە بکوژرێنەوە، ئەمان ناتوانن بەرگری لە ژیان بکەن، چونکە خوێنی جەنگ و کوشتار لە دەمارەکانیاندا دەگەڕێ، رەنگە بەرائەتی منداڵەکان لە کوشتنی بۆقەکاندا گواستنەوەی هەمان نەست بێت، وەك حاڵەتێکی بۆماوەیی سیفەتی شەڕانگێزی لە باوکە جەنگاوەرەکانەوە بۆ منداڵەکان جێبمێنێت، سەرەتا بە بەرائەتەوە بۆقەکان دەکوژن، پاشان هەمان بەرائەتی یاریکردن، دەکەن بە پێشبڕکێی یاریکردن. یاریکردن بە ئاگر و جەستە.
لەوکاتەی جەنگ دەگاتە ترۆپکی دڕندەیی و خوێن ڕێژی، لەوکاتەی چرکەیەك بۆ وەستانی وەحشیگەری نامێنێەوە، جەنگاوەرەکان بەو کوشتارگا بچوکانە ڕازی نابن، زیاتریان دەوێت، ئەوکات بۆ چێژوەرگرتنی نوێ، پەنا بۆ کۆکوژی دەبەن، ئەمەیان گەمەیەکی دوژمنکارانەی پڕگوناهە، نەك سروتی قوربانی‌دانی پیرۆز، ئەم تووندوتیژیە، تووندوتیژیەکی دامەزراوە، بنەمایەکی مێژوویی قوڵی هەیە، وابەستەی ئەفسانەیە، بەڵام لەم باسەماندا ئەم شیکردنەوەیەی تونوتیژی جێگەی نابێتەوە، لەبەرئەوە بەباشی دەزانم باسی لێوەنەکەم، وەك وتمان لە هەردوو رستەکەدا مردن یەك مانای هەیە، بەڵام بەرد و بۆمب هاویشتن یەك شت نین، رەنگە منداڵەکە بتوانێت واز لەو خووە خراپە بێنێت، بەڵام گەورەکان کە دەزانن مەودای خراپەکاریان فراوان بووە، ئەوسا باشتر مەودای خوێن ڕێژی فراوان دەکەن.
کۆمەڵە چیرۆکی تەرم، مانایەکی بچوکە بۆ ولاتێك، بەدرێژایی هەموو مێژوو لەنێو جەنگدا ژیاوە، جەنگ بووە بە هەموو شتێکی، سیمای ژیانی ئەم مرۆڤانە بە جەنگ نەخشێنراوی، دەمارەکانی

جەستەین،نەخشەی کۆڕەپان و پانتاییە جوگرافیەکانی جەنگە، کە سەیری هەر بەشێکی جەستەیان دەکەن، دەزانن لە دژی کێ دەجەنگن، ترسناك ترین جەنگ ئەو جەنگەیە کە جەنگاوەر تەماشای سەری خۆی دەکات، بەڵام عباس عبدالرزاق بۆ روونەدانی ئەم جەنگە لە دەرگاکاندا هەموو سەرەکانی ون کرد، چونکە لەگەڵ دۆزینەوەی سەرەکاندا جەنگەکانی جەستەو غەریزە کۆتاییان پێدێت، بۆ بەردەرام بوونی جەنگ، بۆئەوەی جەنگاوەرەکان بوونی خۆیان بدۆزنەوە، ناچارن لەگەڵ خۆشیان بەشەڕ بێن؛ گوللە دەنێن بە خۆیانەوە و خۆیان دەکوژن و دووبارە زیندوودەبەوە..؛

-٧-

زمان لە کۆمەڵە چیرۆکی تەرمدا، زیاتر گێڕانەوەیە "السردی"، واتە کەمتر لە ڕیانەوە نزیکە، بەڵکو بۆ مەملەکەتی خەیاڵ دەمانبات، گێڕانەوەی نووسەر لە ڕۆربەی چیرۆکەکاندا هاوتای واقع نییە، بەڵام لە واقع دەچێت، هەست دەکەیت شتی وا ڕوویداوە یان دەشێت ڕووبدات، ئەم لایەنە سەرکەوتنێکی بەرچاوی بە چیرۆکەکانی نووسەر بەخشیوە، گێڕانەوە لە هەندێك چیرۆکدا، وێنەی دووەمی واقعە، کە دەکرێت هەندێ": جار ئەو ڕووداوە ڕوونەدات، وەك مەرگی پاڵەوان لە چیرۆکی ئەنگوستیلەدا، بەڵام بۆ دیارخستنی ناشرین ترین سیفەتی شۆڕشگێڕانەی مرۆڤەکان و خۆپەرستی شۆڕشگێڕەکان، پێویستە "هێمن" و هێمنیەتی ڕیان بمرێت، هەندێك گێڕانەوە هەن دەرەکی نین، بەڵکو لە ناوەوەی پاڵەوانداون وەك چرپەیەك دەگاتە گوێی ئێمە، هەرچەندە ئەم پاڵەوانانە خاوەن مەنەلۆژێکی تەواو گێڕانەوەین، دەخوازن میتافیزیکەتی ڕوودأو، لەناو بازنەی ڕووداوەکانی دەرەوە ڕزگار بکەن، بەڵام دواجار خۆیەر ئەو هەقەیان لێدەستێنێت و لەو حاڵەتی ڕەهابوون ڕزگارین دەکات.

باسمان لە زمانی گێڕانەوە کرد، ئەمێستا لە ڕووی ڕێزمانیەوە تەماشای ئەم کۆمەڵە چیرۆکە دەکەین، زمانی کوردی بۆخۆی خاوەنی گرفتێکی گەورەیە، ڕێزمانێکی ستانداری نییە، بەپێی تێگەیشتنمان کار لە سەر زمان دەکەین، و ئەمیش بەو مانایە نا، هەر نووسەرەوە بە زمانێکی تایبەتی بدوێت، بەڵام تاکو ئێستا ئەو گرفتە چارەسەرنەکراوە، زۆرجار بەهۆی ئەم کەم و کورتیەی زمانەوە، مانای ڕستەکانمان لێ ون دەبێت، عباس عبدالرزاق، سەرەڕای هەموو ئەو گرفتانە، بۆخۆی گرفتی تری لەگەڵ زماندا هەیە، هێشتاکە بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت، ڕستە چۆن دروست بکات. زۆرجار لەپێناوی مانایەکی تایبەتی خۆیدا، ڕستە دەکاتە قوربانی مانا، لە زۆر شوێ،دا پێش ناو کەوتووە، کە ئەمیان بۆ زمانی عەرەبی دروستە، چونکە بنەمای زمانی کوردی بەپێچەوانەی زمانی عەرەبیەوەیە، لەبەرئەمە ئەو تێکەڵاوکردنە ڕستەیەکی لەقمان دەست دەکەوێت، هەروەها لە دەمەکانی کاردا تێکەڵاوییەکی سەیر بەدی دکرێت، دیارە ئەمیش هۆکارەکەی ئەوەیە زمانی کوردی وەك زمانێکی ستاندار نە ڕووی ڕێزمانیەوە هێشتا لە قۆناغی ئاخافتندایە، نەك نووسین، هەروەها دەزگاکانی چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە هیچیان پسپۆڕی زمانی کوردیان تێدانییە تاکو لە هەندێك شوێندا چاکسازی لە ڕستەدا بکەن، لەبەرئەوەیە ئەم گرفتانە دروست دەبن، لە هەندێك چیرۆکدا زمانی گێڕانەوە ڕابردووی سادەیە لەناکاو دەبێتە ڕابردووی دوور و هەندێك ئاستەنگی تر لەوبابەتە، هەندێك جاریش چاووگ جێگەی "کار" دەگرێتەوە وەك دەمێکی کار هامەڵەی لەگەڵ کراوە، زۆرجار فۆنەتیککردنی ڕستەکان هەندێك لەو لەقیانەمان بۆ ئاشکرادەکەن، زۆرجار مانامان لا ون دەبێت، لە چیرۆکی تەرمدا ئەم ڕستەیە بە نمونە دێنینەوە کە نووسەر دەڵێت (زمانبووم لەکاتێکدا بیرم دەکەوێتەوە)، هەروەها چەندەها ڕستەی تری لەم بابەتە.

(گۆتفریدبن) و جیهانە شیعرییەکەی

د. مستەفا ماهر

ئا. وەرگێڕانی: سامان مەحمود

(سەردەمی شاعیر)

ئەم گەشتەی کە دەمانەوێت بۆ ناو جیهانە شیعرییەکەی (گوتفریدبن)ی بکەین، وەکو سەرەتایەك دەبێ و ئەوە لەیاد ناکەین کە ئەو ماوەیەکی زۆر ژیاوە و بەرهەمی شیعری دامێناوە کە لە سالانی پێش جەنگی جیهانی یەکەمەوە دەست پێدەکات و هەتا سالی ١٩٥٦ بە کۆچی دوایی (بن) کۆتایی‌دێت و لەنێوانیان دا بە چەند قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیوە. هەروا دەبێ باسی کورتەیەك دەربارەی ئەو دۆخە هزرییەی کاری کردۆتە سەر هەست و بیرکردنەوەی (بن) بکەین کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ کاریان کردۆتە سەر داهێنان و شیعری (بن).

سەرەتاکانی شیعری (بن) لە سایەی دۆخێکی هزری جۆراوجۆر و جیاواز و دژە بەیەکدا بەرهەم هێنران و لە هەموویان کاریگەرتر ڕێبازی ڕەشبینی بوو، کە لە دەوری چەند توخمێکی فەلسەفەی شوبنهاوەر (١٧٨٨–١٧٦٠) و فەلسەفەی نیتچە (١٨٤٤–١٩٠٠) و فەلسەفەی شبەنگلەر (١٨٨٠–١٩٣٦) دا کۆببووەوە.

(شۆبنهاوەر) لە کتێبی (جیهان وەکو ویست و وێناکردنێك) و (ئازادی ویست) دا وادەبینێ جیهان دەربڕینێکە لە هێزێکی نابیناو ناماقوولْ و ژیان لەم جیهانەدا مانای ئازارچەشتن دەگەیەنێ، بەڵام سەرچاوەی ویستی ژیان لە ئارەزوکردن و لە ناقایل بوونەوە هەڵدەقوڵێ و ئەوەی خاوەنی ئەم ویستەبێ دەتوانێ ئازار ببەزێنێ و بۆ باری نەبوون (نیرڤانا) بگۆڕێ کە بە وازهێنان لە ئارەزوکردن و بە ئومێد نەمان دەبێ و بەمە ئازار چەشتنەکە لە کۆمەڵەوە دەبێ.

(نیچە) بە کتێبی (زەردەشت ئاوا دوا) و (ویستی هێز).. هتد ڕێچەکەیەکی تری گرتەبەر، ئەویش ڕەخنەگرتن بوو لە ڕۆشنیری و ئاکار، ئەمانی بە پرواندنی ئاکار و تۆیکاریکردنەوە و کوشتنی کۆششە مەزنەکان تاوانبار کرد، بە بۆچوونی ئەو مرۆڤی سەردەم شتێکە دەبێ لەپێناوی ئایندە و مرۆڤی ئایندە ببەزێنرێ و بەجێبهێڵرێت مرۆڤی ئایندە لای ئەو مرۆڤێکی بالایە و بۆئەوەی ببێتە سالاری سەرزەمین دەبێ بخولقێنرێ.

(شبنجلر) بەهۆی کتێبی (ئاوابوونی ڕۆژئاوا) یان (ئاوابوونی ئەوروپا) کاریگەریەکی گەورەی هەبوو، گەیشتە ئاستێك هەندێکیان بە تاکە کتێبیان دادەنا کە نە پێشتر لە وێنەی بووە و نە لە پاشاندا دەبێ.

(شبەنگلەر) کردەی فەلسەفاندنی میژووی ئەنجام دا کە بە دابەشکردنی گیانداران بۆ دوو جۆر (پەلامارەر) و (نێچیر) دەستی پێکرد، مرۆڤی بە گیاندارێك دانا کە تەواوی سیماکانی گیاندارە پەلامارەرەکەی تێدا بەرجەستە دەبن و ژیانی ئەم مرۆڤە لە گەوهەردا خۆی لە هێز و هەژموون و دەسەڵات گرتنە دەستا دەبینێتەوە (نیتچە: ویستی هێز) بەم بیرۆکە بنچینەیە داو بە ڕەوتێکی بایۆلۆجییانە کەوتە لێکدانەوەی ڕۆشنبیریە جیاوازەکان و بوارەکانیانەوە و پێی لەسەر


گوتفریدبن

سەربەخۆیی خودی رۆشنبیریەکان داگرت. بە بۆچوونی ئەم هەموو رۆشنبیریەک بە بچووکی دەست پێدەکات و لەپاشان گەورە دەبێ و پیردەبێ و لە کۆتاییدا دەمرێ و ئاوا دەبێ و ئێستا وا نۆرەی سەربەخۆیی رۆشنبیری ئەوروپایە و بە رۆشنبیری (قاوەستی) ناوزەد دەکات کە روو لە ناکۆتاییەکانە و سەرەتاکەی بۆ دەوری سالّی ١٠٠٠ز دەگەڕێتەوە. ئەم رۆشنبیریە گەیشتۆتە قۆناغی پیربوون کاری مەزنی پێئەنجام نادرێ و هەر ئەوەندەی پێدەکرێ بۆ نواندنی هەندێ چالاکی ئابووری و تەکنیکی گەورە تێبکۆشێت. خاوەنی ئەم رۆشنبیریە گیاندارە پەلامارەرەکەیە، کە مرۆڤێکە لە دڵی خۆیدا چارەنووس و ناچارییەکەی خۆی دەزانێ و وەکو پاڵەوانەکان رووبەڕووی دەبێتەوە.

بەکورتی ئەمە ڕێبازی ڕەشبینیە کە فەلسەفە لە پێکهێنانی دۆخی هزری سەردەمدا بەشداری پێی کردبوو. دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین کە لەم ڕێبازەدا ڕێچکەیەکی گەشبین بە شێوازێکی تایبەتی بەخۆی بوو کە ڕێچکەکە بڕوابوون بە سەردەمێکی نوێ و زمانێکی نوێ و مرۆڤێکی نوێ لە ئایندەدا بوو.

ڕۆڵی زانست لە پێکهێنانی دۆخی هزری سەردەمدا لە دولایەنەوە بوو یەکەمیان شیکاری دەروونی کە (زیگوند فرۆید و قوتابیەکانی) کۆششێکی ڕۆریان تێداکردبوو، بێگومان شیکاری دەروونی گەیشتە کۆمەڵێ سەرەنجامی گرنگ و بنیاتنەر بەڵام لە دیدی ڕەشبینیەکاندا هەندێکیان مەترسیدار بوون. لەوانە لەق کردنی وێناکردنی مرۆڤ بۆ (خودی خۆی) بوو: مرۆڤ لە سەردەمە ئارام و گونجاوەکاندا کاتێ دەیووت (من) ئەم (من)ە لای ئەو وەکو یەکەیەکی یەکبووی تەواو وێنادەکرا. بەڵام ئێستا شیکاری دەروونی بە بەڵگەوە پێی سەلماندووە کە مرۆڤ لە چەندین توخم پێک هاتووە و دەشێ ئەم توخمانە یەک بگرن و تەواوکەری یەک بن، هەروا دەشێ لە یەک دووربکەونەوە و دژی یەک بن و ئیتر ئاماژەکردنی مرۆڤ بۆ خودی خۆی بە (من) ئاماژەکردنێکی ورد نیە، چونکە ئەم (من) ە بەشێکە لە گشتێک کە هەموو دەورونی قسەکەرەکەیە.

دووەم لایەنی زانست کە لە پێکهێنانی دۆخی هزری سەردەمدا بەشداریکرد سروشت زانیە کە گەشەیەکی خێرای کردبوو هەنگاوی گەورەی نابوو، بەڵام بەم گەشەکردنەیدا ناتەواوی و شکستی مرۆڤی سەلماند، چونکە چەندە زانست گەشە بکات مەودای نەزانراوەکان هێندە بەرینتر دەبێ و ناکۆتاییەکان پتر تر دەبن.

(لەدایک بوونی قوتابخانەی دەربەرین)

قوتابخانەی دەربەرین بەرهەمی ڕەشبینیی فەلسەفی و گەشەکردنی زانست و شکستی مرۆڤ و

گومان لە وێناکردنی خود و پێکهاتەکەی و ترس و نائارامیەکانی پێش جەنگی جیهانی یەکەم بوو.

(بن) کەسێتیەکی دیاری ئەم قوتابخانەیە بوو. لە راستیدا ئەم قوتابخانەیە لە سەرەتادا وەک قوتابخانەیەکی شێوەکار سەریهەڵدا و لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا و لە کارە هونەرییەکانی (ڤان کوخ) و (گۆگان) و (مۆنگ) دا سیماکانی دەربڕین بەدیدەکران، کە بریتیبوون لە وازهێنان لە وێنەکردنی بابەتییانەی جیهان و وێنەکردنی ناخی مرۆڤ بە هەڵچوون و داچوون و شارەزاییەکانیەوە بوو، هەڵوەشانەوەی کارە شێوەکاریەکان و سادەیی، هێڵ و شکاندنی ڕەگ و پێکهاتەی هێڵ و تیشک و سێبەر لەم کارانەدا باوبوو.

ساڵی ١٩٠٥ کۆمەڵەی (پرد) ی شێوەکار لە ئەڵمانیا دامەزرا و هونەرمەندەکانی (قوتابخانەی شێوەکاری دەربڕین) ی تێدا کۆبوونەوە، لەوانە (ئەرنێست کیرشنەر) و (ئەریش هیگل) و (کارل شمیس) و (مارکە) و (کۆکۆشا) و بکمەن) و (ماکس پشتاین).. هتد بە هەمان شێوە پاش ماوەیەک (قوتابخانەی وێژەیی دەربڕین) دامەزرا، ئامانجی ئەم قوتابخانەیە دەربڕینێکی تەواوبوو لە هزر و لەو ڕاستی و شارەزاییانەی (ڕۆح) بەرەو ڕوویان دەبێتەوە. بەرهەمە وێژەییەکانی ئەم قوتابخانەیە شتێکی سەیر و نامۆ بوون و سیما تایبەتیەکانیان سڕینەوە و شکاندن و کەرتکردن و بە ئاوازکردن و هەڵوەشانەوەی وشە و پێکهاتە زمانەوانی و شێوازیەکان بوو ئەم قوتابخانەیە چەند بڵاوکراوەیەکی تایبەت بەخۆیی دەرکرد، لەوانە (کار – دی ئەکسیون) و (گەردەکوول– درشتۆرم) و (گەڵاسپیەکان – دی ڤایسن بتلەر) و (ئامانج – داس تسیل) بوو.

بەرهەمە سەرەتاییەکانی (گوتفرید بن) لەسەر لاپەڕەکانی ئەم بڵاوکراوانە بەتاییەتی (گەڵاسپیەکان) دا بڵاوکرانەوە و بەمە (بن) سەرەتای (دەربڕین) و (وێژەی نوێ)ی دەست پێکرد چونکە بە چەمکی نوێ لەبارەی (واقیع) و (خود) وە دەستی پێکردبوو، بەرهەمێکی داهێنا پراکتریزەی ئەم چەمکانە بوو، چەمکی (واقیع) لای (بن) ئەنجامێکی سروشتی گەشەکردنی ڕێبازی ڕەشبینی لە فەلسەفەدابوو، (بن) واقیع ڕەت دەکاتەوە، مێژوو ڕەت دەکاتەوە، گۆڕان ڕەت دەکاتەوە و لەسەر لێواری (بوون) دەوەستێ. (بن) واقیع ڕەت دەکاتەوە و دەزانێ ئەم واقیعە لەسەر دەستی فەیلەسوفەکاندا پرۆێنراوە:

لە هۆنراوەی "(من) ی ونبوو" دا دەڵێ:

جیهان لە هزر، لە شوێن و کاتەکاندا
لە هەموو ئەوانەی مرۆڤایەتی چنیویەتی و
باڵوێکردۆتەوە و پرۆێنراوە
تەنها فەرمانێکی ناکۆتاییەکانە
ئەفسانەکە درۆی کرد
لەکوێوە، بۆ کوێ – نە شەو، نە سپێدە
نە چاکبوون، نە پاڕانەوە
دەتەوێ وشەیەکی (دەلالەت) بەخش دەربهێنی
بەڵام لای کێیە؟

ئەم واقیعە لەسەر دەستی (شۆبنهاوەر) و (نیتچە) و (شبەنگلەر) و هەروا سروشت زانەکان – کە پاش ئەرکێکی زۆر گەیشتنە (ناکۆتاییەکان) – پرۆێنرا (بن) لە سەرەتاوە و لە (مێشکەکان) دا بەتایبەتی باسی ئەم چەمکەی کردبوو. پاڵەوانی ئەم چیرۆکە (مێشەکان) پزیشکێکە (ڕۆنتە) ی ناوەو لەبارەیوە دەڵێ:

(تۆێکاری لاشەی زۆری کردبوو، دوو هەزار لاشەی بێهزر بە بەردەستیدا ڕەت بوون. ئەم پزیشکە لاوە لە شەمەندەفەرێکدا دادەنیشێ و تەماشای پەنجەرەکە دەکات و بە بەرچاویەوە دیمەنەکان گوزەر دەکەن، لە دڵی خۆیدا دەڵێ: "دەفتەرێک و قەڵەمێک دەکرم، دەمەوێ تۆمار بکەم و هەتا پێم دەکرێ زیاتر تۆمار دەکەم هەتاکو هەموو شتێک ئاوا ڕوو لە فەوتان نەکات، سااڵنێکی دوورودرێژ ژیاوم و هەموو شتێک خنکا".

ئەم کەسێتیە لە ناوەندی هەموو کارەکانی (بن) دا ئامادەیە. کەسێتیەکی (بن)ە وەن و (واقیع) ونە لە هەمان کاتدا. (بن) بۆ بەرجەستەکردنی ئەم ونبوونە لە (مێشک)ەوە دەست پێدەکات، ڕەت کردنەوەی (واقیع) بە ڕوونی لە باسێکی (بن) دا لەبارەی کەسێتی (ڕۆنتە)وە هاتوە کە دەڵێ: "نە جەنگ و لە ئاشتیدا، لە بەرەکان و لەسەر هێڵەکاندا، وەکو ئەفسەرێک و پزیشکێک، لەنێ قاچاخچی و جەنابە



پۆخڵییە، دەڵە سەگەکان، کەڵەکێوییەکان
پاڵنەری زایەندە، لە ڕوون و
کوتاییە شینەکە – لە ڕەنگی ئێسکە ڕزیوەکانە
زیندان لێمان ناگەڕێ
خواوەندە مەزنەکان
خەوشی گەشەکردنی ئەفسانەکان پەک دەخەن
ژیانی پووچن:
سی ملیۆن پەتای ڕشانەوە و
ئەوەی ماوە
پەتاکانی تر دەیلێسینەوە
پەستانێکی بەرزە، بۆ ژێر ئاو پرژێنەکە !
بۆ تەرسی ئەسپەکان و گیاکان
لە ماڵدا دەنێژرێم
ئا ئەمەیە ڕووخسارێ جیهان !

بەڕێزەکاندا، لەبەرزیندانی بەندکراوەکان و زیندانی شێتەکاندا، بەدیار قەرەوێڵەکان و بەدیار دارمەیتەکانەوە، لە سەرکەوتن و تێکشاندنێ هەمیشە هەر لە باری مەستبوندا بووم، واقیع بوونی نیە".

لە پاشان (ڕۆنتە) بۆی دەردەکەوێ کە هەموو کۆششەکانی بۆ تۆمارکردنی (واقیع)، بۆ تۆمارکردنی ئەوەی فەوتان هەڵی لووشی و ئەوەی بە خنکاندا ونبوو نەگەیشتە هیچ و هەمیشە بۆ خود گەڕاوتەوە. ڕاستە ئەو هەوڵی وێنەگرتنی (واقیع) ی داوە، بەڵام وێنەکە لەرزۆک، هەڵوەشاو، شکاو دێتە بەرهەم، چونکە (ڕۆنتە) –بەکورتی– ناتوانێ بەرگەی (واقیع) بگرێ.

ئەم (واقیع)ە پەیوندی نێوان مرۆڤ و دەوروبەرەکەیەتی، پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خودی خۆیەتی و (گوتفریدبن)، گەشتی گەڕانی خۆی بەدوایدا لە مێشکەوە دەست پێدەکات.

(ڕۆنتە) کە وتەبێژی (بن) ە بۆ خودی خۆی دەگەڕێ، یان بەدوای ئەو (من) دا کە لە کات و لە شوێن و لە ژینگەی دەوروبەری خۆیدایە. کۆتاییەکە لە شێوەی لەرزینێك یان پۆپەیەکدا دەدۆزێتەوە: "ئەو تۆپکڵەی منی گرتبووە خۆ وردوخاش بوو". ئەم تۆپکڵە بێ هیچ گومانێك لە زمانی (بن) دا مانای (میشك) دەبەخشێ و وەکو کۆئەندامێکی هەست و یاد و گرێدان نەك وەکو ئەندامێکی بایۆلۆجی.

(واقیع) وەکو پەیوەندیەك لەنێوان مرۆڤ و دەوروبەریدا بوونی نیە، (واقیع) وەکو پەیوەندییەك لەنێوان مرۆڤ و خودی خۆیدا هەڵوەشاو و لەیەك ترازاوە. ساڵی ١٩١٦ دا (بن) لە نووسینێکیدا وتوویەتی: "ژیان لە بازنەی بێدەنگی و ونبوونداهەژا، من لەسەر لێوارەکەدا ژیام، لەوێ بوون دەڕمێ و (من)ەکە دەست پێدەکات". (من)ەکەش هەر ئەو (من)ەیە کە لەبارەیەوە پێشتر وتبووی هەڵوەشاوە و مەیلی فەوتانی پێوەدیارە و (بن) لە کەس و دەوروبەری خۆیدا لەسەر ئەم ستوونانە خۆی دەگرێ.

بۆ نموونە لە هۆنراوەیەکدا کە ناونیشانەکەی (مۆن) ە دەڵێ:

"چەمکی (من) ی لیریکی"

نازیەکان – رایخی سێیەم – لە ساڵی ١٩٣٣ هەتا ساڵی ١٩٤٥ لە ئەڵمانیا دەسەڵاتیان گرتەدەست. لە سەرەتای دەسەڵات گرتنەدەستەکەیاندا بانگەشەی تازەکردنەوەی ژیانی گەلی ئەڵمانیان لەسەر بنچینە جرمانیەکە کردو لافی تێۆری زۆریان لێداو بە ئارەزووی خۆیان بەڵێنیان دەبەخشی. (گوتفریدبن) وای زانی سەر راست و نیازپاکن و ئیتر ئەو کێشە هزرییەی خۆیی پێ سەرقاڵ کردبوو کە کیشەی پووچی ژیانە، تازە بێمانا دەبێ و بە گەرمییەوە پشتگیریی نازیەکانی کرد. بەڵام ئەوەندەی پێنەچوو بە هەڵەی خۆیی زانی و لە نازیەکان پەست بوو، بە درێژایی ماوەی دەسەڵاتەکەیان کە بە رووخانی رایخی سێهەم و کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم کۆتایی هات. (بن) بێدەنگ بوو، هیچی بڵاونەکردەوەو لەسەر ئەو هەڵوێستەی لە سەرەتادا هەیبوو لەلایەن رۆشنبیران و داهێنەرانەوە رەخنەیەکی زۆری لێگیراو لەلایەن ناحەزانیەوە پرۆپاگەندەی بێوێژدانانەی ئاراستەکرا و لەلایەن نازیەکانیشەوە رووبەڕووی بەدگومانی و تەنگ و چەڵەمەی زۆربوو، بەڵام پاش جەنگ چالاکتر درێژەی بە داهێنانی خۆیی دا.

توخمی سەرەکی (من) ی نوێ شڵەژانە، "ئائەوەتانێ ئەو (من) ییەی کە ئەو ناوەڕۆکە هەڵدەگرێ کە بە گشت شارەزاییەکە ناسراوە و پێشتر لەپێناوی ناوەڕۆکی شیاوی شارەزایی پێکهاتووە. سەرەتاو کۆتایی، دەنگدانەوە و دووکەڵی خودی تێدایە، هەستی بەهێزی تێدایە کە بۆ ناو ناخ دەڕواو بە زێدەڕۆییەوە دەگاتە کەڕوو.. هەستێکی رووتە، بێ بڕواو بێ زانست و بێڕێباز و بێ ئەفسانەیە، هەر هەستە، هەستێکە هەتا هەتایە پووچ، هەستێکە هەتا هەتایە پڕ لە ئازارە." کەواتە (من) لە (من)ەکەدا تەوژمێکی گەورە دەهێڵێتەوە و ناوی (هەست) ی لێنارە. تەوژمێکە مەیلی (مەست بوون – النشوة) یان سەرخۆشییە هەتا سڕبوون، هەتا جۆرێك لە باری لێڵبوون و ئەگەر بە ئەقڵی ئاسایی بپێوریێ دەشێ بۆ ناو ئەم تەوژمە قوواڵ ببینەوە و بەپێی ئەو بارەی (د.رۆنتە) ی تێدابوو: بەجۆرێ لە چڕبوونەوەیەکی ناوەکی دەستم پێکرد، جۆرێ لە وروژاندنی ناوچە تەم و مژاویەکانی ناوەوەمدا و ئەوەی لە منداڵ مۆرکی کەسێتی پێوەبوو خنکا و چینێکی کۆن بۆ سەرەوە بە مەستی و ترسەوە و بە کەم و کوڕیەکی زۆرەوە سەرکەوت".

لە دیدی (بن) دا گواستنەوە لە (من) هەکەوە بۆ (نا من) ی لە ژیانەوە بۆ لە جوولەکەوتنی ژیان، (هۆنراوە) یان جیهانی دەربڕین لە هونەرمەندا دەخوڵقێنێ و لەبری ئەوەی بڵێین هونەرمەند با وەکو (بن) بڵێین "(من)ی لیریکی".

ئەم (من)ە لیریکیە بە تەواوی یەکسانە بە (بن) ی شاعیر و بۆ دەربڕین لەو بڕە بیرۆکانەی وردوخاشی دەکردن بە کاری دەهێنا کە هاوسەردەمەکانی تێدا هاوبەشی بوون. (من) ی لیریکی لە دوو توخم پێك دێت، توخمی دەربڕینی لیریکی و توخمی هزری شیکاری، بەڵام هزر لای (بن) لە ئەقڵەوە هەڵناقوڵێ بەڵکو لە هەستەوەیە و وادیارە (من) ی لیریکی بەندە بە ململانێیەکی هەمیشەیی لەگەڵ نەبوون یان ئەو هەڵوێستانەی لە (نەبوون)ەوە پەیدا دەبن. لەوانە ئەوەی بە (من) ی نوێ ناوزەد دەکرێ. (من) وتی: "ئیتر هەرگیز بیرۆکەیەك هەتا کۆتاییەکەی تەواو ناکەم، وێنەی ئەوروپایەکە چەند کاریگەرە کە بە بەردەوامی و هەتا ئاوابوونی رۆژئاوا لە رووبەڕووبوونی ئاژاوەی گەردونیدا بە تاقە چەکێك، چەککی تێگەیشتن بەردەوام دەبێ و دەخنکێ.."

– "هیچ شتێك نابێ، هیچ شتێك گەشەناکات، ئەو وتەیەی گەردونی تێدا دەردەکەوێ، وڕێنەکە خۆیەتی".

(من) میکانیزمی (من) ی لیریکی بەوە روون دەکاتەوە کە جۆرێکە لەوەی لە دەروونناسیدا (بەخۆداشکانەوە) ی پێدەوترێ و دەڵێ بەخۆداشکانەوە گەڕانەوەیەکە بۆ قۆناغەکانی پێشوو

(من) ی لیریکی بە هەمان شێوە کاتی تووشی هەڵوەشان و لەیەک ترازان دەبێ بە ڕێچکەی بەخۆداشکانەوە بۆ (یەکەم ئاگر) یان (ئاوە بەپیتەکانی سەرەتا) دا دەگەڕێتەوە، بۆ ئەم گەڕانەوەیە لە وشە زیاتر هۆیەکی تری پێنییە. (بن) هەتا لە تۆبەرەی کارەکانید؛ بەهای وشە بە بەرزی دیاری‌دەکات. گەر بۆ هەر شوێنێک بڕوانم دەبینم: ژیان پێویستی بە وشەیەکە پەیوەندی پێوە بکات".

بەڵام (من) ی لیریکی جۆرێ لە پەیوەندی تایبەت بە کۆمەڵەوە گرێدەدات. (بن) ئەم پەیوەندییەی کە بە (ڤینۆتێب) ناودەنا روون کردبووەوە. (گینوتێب) مرۆڤێکی تاکەکەسی سەردەمێکە لە سەردەمەکان، سیما جیاوازەکانی سەردەمی خۆی هەتا ئاستی دەقاودەق بوون تێدا دەزدەکەوێ. ئەم مرۆڤەی کە ڤیۆتێب) ی پێدەوترێ، ئەم (ڤینۆتێب)ە، ئەم (من) ی لیریکیە، نموونەی گۆڕانی دەربڕینە، نموونەی وێنەی نوێی وشەیە، لەم گۆڕانی دەربڕینە، ئەقڵ لەدەست دراوە، لێکدانەوەی لۆجیکی لە دەست دراوە و ئەوەی بە پەیوەست بوونی شتەکانی پێدەوترێ لەدەست دراوە، هەموو شتێک لەدەست دراوە و هیچی لەپاش نەماوە. "وشەی نوێ پەیوەندی بە ئەقڵەوە نیە و پەیوەندی بە هۆیەکەوە نیە و پەیوەندی بە پەیوەندییەکانی تریشەوە نیە! وشەیەکە دەربڕی ئەو گۆڕانەی ناوەوە، کە بەناو هەستی فەرامۆش کراودا یان لە چینە کۆنەکاندا یان لە مەستبوون دا دەڕوا، ئەمەیە شیعری رەها یان پەخشانی رەها کە (گۆتفریدبن) بەگوێرەی پێوانەکانی خۆی ئەنجامی داوە.

لەبەرئەوانەی سەرەوە کارەکانی (بن) بە تۆبەرەکانیشیەوە پشت بە وشەی نامۆ، بیانی و نابیانی، باو و سواو و وتە هەڵوەشاو و لەیەک ترازاوەکان دەبەستن. ئەم هەموو وشانەی (بن) پێکەوە بەشێوەیەکی دەگمەن و ئەفسوناوی گرێدراون شێوەی ڕاستەقینەو دەربڕینی سەربەخۆیی‌لیریکی و پەخشان، شیعری رەها و پەخشانی رەهایان دروست کردوە، ئێمە چ بە کاری تێڕامان یان رەخنەگرتنەوە خەریک بین ناتوانین لە (بن) بگەین ئەگەر پێوانەکانی خۆی پەیڕەو نەکەین. بەڵام ئەگەر پێوانە ئاساییەکانی خۆمان بەبێ تۆندی پەیڕەو بکەین، لە کارەکانی (بن) دا هاوئاهەنگیەک لە ئاوازەکان دا و (لیریکی)یەکی ڕاستەقینە و شێوەیەکی جوان و تەڕدەبینین، هەروا بەکارهێنانی هەندێ لە سەرچاوەی ژیانی خۆی – بۆ نمونە وتەو زاراوەکانی پزیشکی – دەبینین و چۆن ئەو شتانە وەکو هەندێ توخمی ڕابوردوو بوون و لە پاشان لەیەک ترازان و هەڵوەشانەوە و وایان لێهات ڕونیەکی دەروونی هونەری و لە بارێکی مەستبوون یان کەمەندکێشیدا کۆیان دەکاتەوە.

(چەمکی هۆنراوەی رەها)

بۆ تەواوکردنی ئەم وێنەیی (گوتفریدبن) کە هەوڵی کێشانیمان داوە دەبێ بە دوا کارەکانی یان وردتر دوا دواییەکانیاندا بچینەوە. لەراستیدا ڕەخنەگران لەم کۆکردنەوەیەی نێوان سەرەتاو دوادواییەکانی کارەکانی (بن) دا لەیەک لێکۆڵینەوەدا خۆیان لادەدەن، چونکە جیاوازییەکەی نێوانیان – هیچ تەبێ لە دیدی خوێنەری بەپەلەوە – زۆر گەورە دیارە، (بن) ی دێرینی سەرەتا نوێخوازبوو، (بن) ی تازەی دوا دواییەکان بۆ پەیڕەوکردن دەگەڕێتەوە، بەڵام لەم گەڕانەوەیەدا زۆر لە سیما تایبەتیەکانی خۆی دەپارێزێ و سوود لە شارەزایەکانی وەردەگرێ و هەرگیز وەکو پیرێک نایەتە بەرچاوت، بەڵکو وەکو پیاوێکی ژیر بە گوێرەی لۆجیکی باو، بۆ نمونە لەم هۆنراوە دەگمەنەی رابمێنە:

(مالّ ئاوایی)

تۆ پرم دەکەیت وەکو خوێن چۆن برینی تازە
پڕدەکات و
بۆ خوارەوە بەدوای شوێنەوارە تاریکەکەیدا
زۆدەچێ و
تۆ رادەکشێی وەکو شەو لەو کاتژمێرەدا

که حەسیری تێدا رەنگاورەنگ دەبێ و دەبێتە
پاوانێکی تاریکی و
وەکو گوڵەکان لە هەموو بأخچەکاندا قورس
دەگەشێتەوە
تۆ ئەی تەنیایی رۆڵەی تەمەن و دۆڕان
تۆ ئەی گوزەران لە کاتی رمانی خەونەکان و
چەشتنی ئەوەی چەشتووتە و زانینی ئەوەی
زانیوتە
شێتی چەند بارەبوونی واقیع زوو لات سەیر بوو
رەت کەرەوەی جیهان بوی کە زوو خۆی
بەدەستەوە دەدات
لە بایبوونی وردەکاریەکان ماندوبووی
کە تاقە یەکێکیان هاوڕێتی (من) ی قوولەکەی
نەکرد
دەبوایە لە هەمان قوڵایی وەرگری
کە هیچ شتێك نایبزوێنێ
کە هەرگیز وشەیەك یان ئاماژەیەك نادرکێنێ
دەبوایە بێدەنگی خۆت و لایەنگیری درەنگ
وەختت
بۆ شەو و خەمی لێوەرگری
دەشێ هێشتا هەندێجار بیربکەیتەوە: ئەفسانە
تایبەتەکە:
ئەی تۆ ئەو نەبووی؟ ئای بۆ خۆتت
لەیادکردووە؟
ئەوە ئەوەی تۆ بوو؟ ئەی ئەوەی تۆ خاوەنی
بووی
پرسیار و وشە و رووناکیە ئاسمانیەکەی تۆ
نەبوو؟
وشەم، رووناکیە ئاسمانیەکەم زوو هی من بوون
وشەم، رووناکیە ئاسمانیەکەم وردوخاشبوون،
دیار نەمان و
ئەو کەسەی ئەوەی بەسەرهاتووە دەبێ خۆی
لەیاد بکات و
بۆ دەستدانە کاتژمێرە دێرینەکان نەگەڕێتەوە.
دواڕۆژ – کڵپەی درەنگ، شوێنانی بەرین و
ئاوێك بۆ ئامانجێکی داڕوخاو دەتبات و
رووناکیەکی بەرز دەڕژێ و دەوری پیرە
درەختەکان دەدات و
لە تاریکیدا وێنەیەکی پێچەوانە بۆ خۆی
هەڵدەبەستێ
نە هیچ بەرێك، نە تاجێکی گوڵەگەنم
هەروا لە بارەی بەروبوومی نەپرسی –،
ئەو گەمەی خۆی دەکات و هەست بە رووناکی
خۆی دەکات و
بە بیرنەکردنەوە - هەموو شتێك وترا"،

دەبینی چۆن خۆیی گەیاندە لوتکەیەکی لیریکی
دەگمەن؟ هەستی پێدەکەیت چۆن بۆ قولایی ناخی
خۆی شۆڕبووەوە و لەژێر گێژەنی شەپۆلەکاندا مرواری
دەرهێناوە؟ مرواریەك ئەگەر بە رێبازە تایبەتیەکەی
خۆی لە هۆنراوەی‌رەهاو (من) ی لیریکی نەبوایە
دەستی پێی نەدەگەیشت، دەری‌هێنا تاکو بەهێز و
داناییەوە لە قالبێکی (کلاسیکی)یانەدا دایڕێژێ،
(بۆدلێر) و (فیرلین) و ·رامبو) ت پێکەوە دەهێنێتەوە
یاد.

بەڵام ئەمە (گوتفریدبن) خۆیەتی· (گۆتفریدبن) ی
پزیشکە کە بۆ دڵی مرۆڤ لە مێشکی پڕاو و لە
خوێنی چۆڕاودا چووە ژوورێ و بە رێچکەی خوێنە
چۆڕاوەکەدا ڕۆی تا بۆ رێچکەیەکی ئاو گۆڕا،
خوێنێکی رەش هەڵگەڕاو لە تاریکیدا بوو بە ئاو،
سوڕێکی تاریك لە شەودا بۆ گوڵی قورس،.. بەم
شێوەیە بۆ ناو دڵی مرۆڤ شۆڕبووەو... بەم
شێوەیەش خۆیی لە دڵێ سروشتدا دۆزییەوە.. خۆیی
لەناو ناخی خۆیدا دۆزییەوە. ئەم رێگەیەی کە (بن)
دۆزیەوە، بە رێگەی خۆیی داناو کۆتاییەکەی بەوە
گەیشت کە جیهانەکەی گۆڕا، گەیشتە ئەفسانەکەی
خودی خۆی.

ئەوەی لێرەدا تازەیە و بە – کلاسیکێتی خوێمان
– ناو ناوە گەڕانەوەیەتی بۆ رستەی کۆن بە پێکهاتە
یەکگرتوو و گرێدراو و لۆجیکیەکەیدا.

لە خوێندنەوەی شیعری (بن) دا هەر دەبێ دەستبەرداری لۆجیکی خۆت بیی و لەگەڵ (وشە)کانی شاعیردا بڕۆی و وێنەیەک و دووان و سیانیان لێدروست بکەیت.

لە شیعری (مالّ ئاوایی) دا ئەم ڕستەیە لەکۆڵ دەکاتەوە و لەگەڵ تۆدا لە ئاستێکدا دەبێ و دەست و قاچی خۆی دەبەستێ و داخ بۆ خۆی هەڵدەکێشێ.

لەڕەی دەنگی (بن) لێرەدا، لەڕەی دەنگی (نیچە)ی دیوانی (کازیوە)ت بیردەخاتەوە و بەشێوازێك گۆرانی دەچڕێ تێدا پەیڕەوکردن لە (قالّب) دا نوێکدرنەوە لە کێشی وشە و سەرلەنوێ نرخاندنی پێکەوە کۆدەکاتەوە. ئەو بۆ تاك بوون، تەنیایی، گۆشەگیری... هتد گۆرانی دەچڕێ و (چیرۆکی ئەو هەستە ناسکە) دەگێڕێتەوە کە دەستنیشان کردنی جۆرێکە لە بوون، بوون لەوێ.

خەونەکان لە وێنەکێشانی یەکبوونی بوون دا خۆیان بە (کاملّ وبون) دەچوێنن وەکو نموونەیەکی بەرز خاوەنی (من) ی لیریکی بۆ بەرجەستەکردن لە وتە ڕەهاکانیدا یان شیعرە ڕەهاکەیدا تێدەکۆشێ. کاتێ خەونەکان دەڕمێن و دەفەوتێن ئای لەو دۆڕانەی کە مەزن دەبێ!

(بن) گفتوگۆیەك لەنێوان (من) و (تۆ) دا دەگێڕێتەوە و پێویست بە ئاماژەکردن ناکات کە ئەم گفتوگۆیە خۆدواندنی تاکەکەسێکە نەك لەنێوان دوو کەسدا و دەشێ (بن) بۆ هۆنراوەکەی ناونیشانی (مالّ ئاوایی) دابنێ، چونکە ئەمە کاری خۆیەتی بەڵام لە هەمان کاتدا کورتەی فەلسەفەکەیەتی کورتەی ڕێبازەکەی ئەوە لە دواین قۆناغی گەشەکرنیدا و لە برگەی پێشوودا (کاکلّە) کەیمان دەرهێناو بۆ بنچینەیەکیمان گێڕایەوە: (کازیوەی نیچە) و دەبێ بۆ بنچینەیەکی تری نوێتری بگێڕینەوە کە فەلسەفەی (کیرکوجار)ە. کاتێ (بن) بە تەنگی ئەوەوە دەبێ (تاکبوون)ەکەی بکاتە ڕۆڵەی (تەمەن) و (دۆڕان) ئەوە ڕاستەوخۆ دەمانخاتە نێوەندی فەلسەفەی کیرکوجارد)دەوە و ئەوەی بە (گۆشەگیری) ناودەنێ و مەرجەکانی بە: تاکبوون و تەمەن و دۆڕان، دەستنیشان دەکات، ئەو (بوون)ەی (بن) وێنەی دەکێشێبوونێکە بە تاك بۆ ناوبەوە پاڵی پێوەنراوە، جیهانێکە پەیوەندیەکی بە مەرجداری تێدانیە (واقیع) یان ڕاستیەکی ئامادەبووی تێدا نیە، ئێستا پرسیارەکە لەبارەی پەیوەندی مرۆڤ بەم جیهانەوەیە، بەم (واقیع)ە یان بەم ڕاستیە؟ وەلامی (بن) ئامادەیە: (نەبوون)ە. بەڵام (بن) نەرمترەبێ و باسی قوڵایی یان (من) ی قووڵ دەکات و ئێمە بۆئەوە ناچین کە (قوڵ) ی دەداتە پاڵ (من) یکە بەرزی دەکاتەوە، بەڵکو دایدەبەزێنێ یان دایدەڕزێنێ و تاکو بە دزییەوە مگاتە (نەبوون).

(ئەم هاوکێشە بە ئازارە!)

ئایا مرۆڤ بۆ دەریازبوون لەم تووشبوونە هیوایەك بەدیدەکات؟ ئەوەتانێ بە کار و نهێنیەکەی بە زێدەڕۆییەوە زانراوە و لای (بن) لە بێدەنگی زیاتر ئومێدێکی تر نیە بۆ دەرچوون لەم قوولاییەی باسی کردووە و ئێمە پەردەمان لەسەر لادراوە مانای بێدەنگی لە پووچی (واقیع) دڵنیابوونە و ئەو بە کۆ باسی کردبوو ئێمە بە (فرە واقیع) مان وەرگێڕا. دەشێ بەم بێدەنگیە ڕووبەڕووی تاك بوون بکرێ هاوکێشەیەکی بە ئازارە! لەلایەك بێدەنگی و لەلایەکی تر تاك.

لەم قۆناغەی گەشەکردنی (بن) دا کە دوادواین قۆناغی شاعیرە ئەوەی ڕەت کردەوە کە زوو بە پەیڕەوکردنی (نیچە) مژدەهێنەری بوو، کە گوایە شاعیر یان (من) ی لیریکی خوڵقێنەری نوێکەیە و وشەی ئەو ڕووناکی ئاسمانی و ڕاستیەکەیە "وشەم، ڕووناکیە ئاسمانیەکەم، وردوخاش بوون و دیارنەمان.." ... یان دەشێ ئەو لە دەرکەوتەیەکی تووندو وتیژدا بانێەی وردو خاشبوونەکەی بەرینتر کردبێ سنووری ئەوەی (نیچە) بە (بیابانی جیهان) باسی کردبوو گەیاندە هونەرو هۆنراوە ڕەهاکە. ئاگاداری هۆنراوەیەکی تری (بن) نیم لەم قۆناغەدا کە بە وتەیەکی بڕاوە وەک ئەم بڕیارە یەکلاکەرەوەیە بکێشێ. ئەگەر لە ڕووی کاتەوە ئەم هۆنراوەیە دوایین هۆنراوەی (بن) بێ یان نا بەڵام لە ڕووی گەشەکردنی ڕێبازەوە هۆنراوەی (دوایین ڕۆژە).

چەند دەقێکی گۆتفرید بن

(مادۆنا)

ئێستا بۆ دواوە مەمگێڕەوە
من ئاوا لە تۆدا
نوقمم و، بە تۆوەوە
ئەی بەختەوەری مەستم!
جیهان مردووە، ئاسمان گۆرانی دەچڕێ
بەسەر تەوژمی ئەستێرەکاندا راکشاوە
درەوشاوە و گەییوە، هەرچیەك دەزرنگێ
لە دڵمدا رەتمی خۆیی هەیە.

رەوە دزەکان لە خوێنمدا گۆرانی دەچڕن
لە ناخەوە ئازاد و جوانن
مەلۆ لۆ یا!
*

(گوڵاڵەسورە)

ئەی گوڵاڵە سورە ترساوەکان
زەوی ساردە، زەوی هیچ نیە
ئەوەتانێ تاجەکەت لەبەرخۆیەوە
وشەی بڕوابوون، وشەی ڕۆشنایی دەڵێتەوە.

بۆ ئەو زەوییەی بێفەڕە
بۆ ئەو زەوییەی کە هەر دەتوانێ فەرمانڕەوایی بکات

گوڵە سستەکانت
بەبێدەنگ چێنران.

ئەی گوڵاڵە ترساوەکان
ئێوە ئەو بڕوایەتان پێیە. ئەو ڕۆشناییەتان پێیە
کە هاوین ئەوسا وەکو تاجێکی گوڵی گەورە
بۆتانی هۆنییەوە.
*

(گوێبگرە)

گوێبگرە، دوایین ئێوارە ئاوادەبێ
کاتێ دەتوانی بۆ خۆت بچیتە دەرێ
(بۆنتۆ) یکێشی و
سێ (هۆمبریو) ی نیشانەی (قۆرسبۆرگە)
بەدەم خوێندنەوەی
(دیر شبیگل) چۆن (ئینتۆ) دەبینێ، فڕ بکەیت و
بەتەنیا دادەنیشی.

بەدیار میێزێکی بچکۆلەوە، لە گۆشەیەکی چەپەکدا
لە تەنیشت ئاگردانەکە، چونکە تۆ گەرمیت پێخۆشە و
مرۆڤ و بەزەییان
میێردو سەگە چارمگرانەکە لە دەوری تۆ

تۆ لە ئەمەندە زیاتر نیت، نە مااڵت هەیە و نە گردۆڵکەیەک
هەتاکو خەون بە زەویەکی بەر خۆرەتاوەوە ببینی.
لەدایك بوونەوە و هەتا ئەم ئێوارەیە
هەمیشە دیواری تەنگت لە دەورە.
لە ئەمە زیاتر نەبووی، بەاڵم (زیوس) و
هەموو هێزەکان، فەرا، ئەقڵە مەزنەکان
هەموو خۆرەکان، بۆ تۆ دروست بوون و
بە تۆوەوە مەبیون
لە ئەمە زیاتر نەبووی، دوایین ئێوارە
چۆن دەستی پێکرد ئاوا کۆتایی هات، ئێوارەت باش.
*

بە رێکەوت کەسانێکم دی
بە رێکەوت کەسانێکم دی، کاتێ
مرۆ ناوی خۆیانیان لێدەپرسێ
بە شەرمەوە – وەکو مافی
ناویان نەبێ–
وەاڵم دەدەنەوە: (خاتو کرستیان) و دوای ئەوە
"ناوی یەکەم چییە؟" دەیانەوێ دەرککردنەکە ئاسان بکەن
ناوێکی گران نیە وەکو بۆبیۆل یان
بابندەر دەر – ناوی یەکەم چیە – تکایە

باری یادگەی خۆتان گران مەکە

بە ڕێکەوت کەسانێکم دی، لەگەڵ
کەس و کار و هەر چوار خوشکەکەیانا لە تاقە ژوورێکدا دەژین و
شەو لە تەنیشت (چێشت لێنەرەکە)وە فێر دەبن و
پەنجەیان دەئاخنە گوێیان.
کچۆلەکان گەورەبوون و لە جوانیا وەکو خانمە خانە دانەکانیان لێهاتووە
لە ناخیاندا وەکو (ناواسیکیا*) ناسک و چالاک بوون
تەوێڵێکی بێگەردی وەک تەوێڵی فریشتەکانیان هەیە.

زۆر لە خۆمم پرسیوە و وەڵامم چنگ نەکەوتووە
ناسکی لە کوێوە دێ و چاکە لەکوێوە دێ؟
هەتا ئەمڕۆ نازانم و ئێستا دەبێ بڕۆم.

*ناوسیکیا: کچی (کینۆس) ی پادشایە، بە گوێرەی داستانی (ئۆدیسا) لە قەراغ دەریادا تووشی (ئۆلیس) بوو و هێنـای بۆ ماڵی باوکی.

گۆتفرێد بن

- ساڵی ١٨٨٦ لەدێی مانسفلد لە دایك بووە.
- وەك پزیشك كاری كردووە.
- ساڵی ١٩١٢ یەكەم دیوانی بەناوی (نەشتەرگە) چاپ كراو وەك دەنگێكی تازە دانرا.
- ساڵی ١٩١٣ تینا براندی ئەكتەر دەناسێ و دەیهێنێ.
- ساڵی ١٩١٤ وەك پزیشكێكی دەریایی دەچێت بۆ نیویورك.
- لەشەڕی جیهانی یەكەمدا وەك پزیشك دەیخەنە ژیانی سەربازییەوە.
- ساڵی ١٩٢٢ مردنی ژنی یەكەمی.
- ساڵی ١٩٣٢ دەبێت بەئەندامی ئەكادیمی هونەریی بردسیا
- لەوەختی هێتلەردا وتاری پشتگیری لە هیتلر خوێندەوە
- كلاوس مان بەتوندی هێرش دەكاتە سەر هەڵوێستی بن.
- ساڵی ١٩٣٤پاشگەز دەبێتەوەو، بەئاشكرا حیزبی نەتەوەیی شۆسیالیست رەت دەكاتەوە.
- لەبۆنەی پەنجا ساڵەی تەمەنیا هەڵبژاردەی شیعرەكانی چاپدەكەن وە نازییەكان دژی دەنوسن،و شیعر نوسینی لێ قەدەغە دەكەن.
- ساڵی ١٩٣٨ هەرتا فەدەماید دەهێنی.فەدەمایری ژنی لەترسی روسەكان ساڵی ١٩٤٥ خۆی دەكوژێ.
- پاش هەرەسی هیتلەر، بلاو كردنەوەی بابەتەكانی قەدەغە دەكەن.
- ساڵی ١٩٤٨ دەكەوێتە بەخشینی بەرهەمی بەپێز تر .
- بۆ جاری سێهەم ژن دەهێنێ .
- ساڵی ١٩٥٦ ماڵئاوایی لەدنیا دەكات.
- شیعری ئەڵمانی دوای شەری جیهانی دووەمیـەوە دەكەوێتە ژێر كاریگەری شیعری گۆتفرێدو بڕێختەوە.
- ماوەیـەك لایـەنگری نازیـەكان بـوو، بـەڵام رەخنـەگران دەڵێن گۆتفرێـد بـن پوچگـەڕێڵی ســەیر بـووە كتێبیشی هەیە بەناوی مەودای پوچگەرایی ساڵی ١٩٣٢ چاپیكردووە.

لە تەختی جەمشیدەوە
تا ژان پۆل سارتەر

ئیحسانی نەراقی
و: سەردار محەمەد

(دووەمین دیدارم لەگەڵ شادا)

سێ شەممە، ١٢ نۆڤەمبەری ١٩٧٨، کاتژمێر ١٠ ی سەرلەبەیانی.

ئەز، جارێکی دی چوومەوە دیداری شا، دیداری ئەمجارەیان لە نوسینگەیەکی گەورەدا بوو لە کۆشکی (نیاوەران)، کە لە بڵندابییەوە بەسەر تاران دا دەیڕوانی و هەموو شاری لەژێر پێدا بوو.

لێرەدا پێویست بە بیرهێنانەوەیە کە هەفتەیەک بەر لەم دیدارەم حکومەتێکی سەربازی لە بری کابینەی شەریفی ئیمامی[1] هاتبووە سەر کار، ئەم گۆڕانکارییە لە ئاکامی ئەو زنجیرە خۆپیشانەدا بوو کە گرتێبەردانی سینەما و بانکەکانی لێکەوتەوە و بەدوای ئەوەشدا، شا پەیامێکی پێشکەش بە میللەت کرد کە (من دەنگی شۆڕشی ئێوەم گوێلێبوو)، کاتی رووداوانی ئەم گۆڕانکاریانە من لە پاریس بووم، ژان بیار ئەلکاباش لە کەنالی دووەمی تەلەفزیۆنی فەرەنسا گفتوگۆیەکی لەگەڵدا سازکردم، من بە ئاشکرا سەبارەت بە مانا و چەمکی ئەم شۆڕشە دوام و دەربارەی هەڵەکانی شاو چینی دەسەلاتداری ئێران کە ولاتیان خستبووە ئەم گێژەن و قەیرانەوە قسەم کرد.

لۆمۆندیش لە تریبۆنێکی ئازادا، داوای شیکاری ئەو رووداوانەی لێکردم، لەو گوتارەدا ئاماژەم بۆ ئەوە کرد کە تەنها رێگای دەربازبوونی ئێران لەم قەیرانەی ئەمڕۆی، گەڕانەوەیە بۆ کارکردن بە دەستوری ساڵی (١٩٠٦).

پێش ئەوەی بچمە نوسینگەی کاری شاوە، سەرۆکی تەشریفات پێی وتم کە شا کەوتۆتە ژێر کاریگەری دید و سەرنجی گفتوگۆی تەلەفزیۆنی و گوتارەکەم لە لۆمۆندا.

(لە وەڵامدا پێیمووت؛ چ لەوە باشتر، ئێستا دەتوانم ئازادانە تر بیروڕاکانم دەربڕم، چونکە لە قوڵایی بیروباوەڕی من بەئاگایە.)

کاتێک چوومە ژوورەوە خاوەن شکۆوە، بە گەرمی پێشوازی لێکردم و لەبەرامبەر خۆیدا دانیشاندم، پاشان بە دەنگێکی هێمن و لەسەرخۆوە پرسی:

(بۆ کوێ چووبوویت؟ هەواڵی تازە چی هەیە؟)

– من؛ دەپێشدا بۆ (داکار) چووم، تا لە کۆبوونەوەیەکدا، کە لەلایەن (لئوپولد سدار سنگور) ەوە، دەربارەی زمانی هاوبەشی شارستانیەکان رێکیختسبوو؛ بەشداری بکەم، پاشان بە مەبەستی ئامادەبوون لە ئەنجومەنی گشتی یونسکۆدا چوومە پاریس.

– لەگەڵ خودی سنگوردا کۆبوویتەوە؟

– بەڵێ، من لە پاش نیوەڕۆی رۆژێکی شەممەدا، بەمەبەستی دیدەنی ئەو، سەردانی ڤیلاکەیم کرد لە نزیکی داکاردا.

– پێم وایە دەربارەی ئەوەی حاڵی حازر لە ئێراندا رووئەدات، گفتوگۆت لەگەڵ ئەودا کردووە، پێم خۆشە بزانم ئەو چۆن بیردەکاتەوە؟

– بە سەرنجدان لە بەرفراوان بوونەوەی ئەو پەیوەندییەی کە بەم دواییە لەنێوان ئێران و سنگالدا


ئیحسانی نەراقی

هاتۆتەکایەوە، پێئەچێ سنگور سەبارەت بە هێز و توانای ئەم رژێمە لە بەرامبەر ئەو نەیارانەیدا کە رۆژ بە رۆژ بەهێزتردەبن، نیگەران بێت[٢]، لە هەمان کاتدا ئەو پەرێشانی خۆی لەبارەی ئایندەی ئێران و خاوەن شکۆوە ناشارێتەوە. ئەو رەخنەی لە هەڵوێستی فەرەنسا و بەتایبەتی لە خودی سەرۆک کۆمار، ژیسکادیستان، گرتووە کە لەبەرچی پێشوازی لە ئایەتوڵڵا خومێنی کردووە و دەرفەتی کەشێکی راگەیاندنی بۆ فەراهەم کردووە کە بە دڵنیایی دەبێتە هۆی بێهێزبوونی رژێمی ئێستای ئێران. هەرچۆنێك بێت، ئەو گەلێك کەوتبووە ژێر کاریگەری ئەم رووداوانەوە، لە راستیدا سەری لەوە دەرنەدەکرد کە چۆن مومکینە لەم چەرخەدا، بزاوتێکی سیاسی بەو رادەیە بەرفراوان، لە نایینەوە ئیلهام وەربگرێ.

شا، بێئەوەی کە بیەوێ حاڵەتێکی رەشبینانە بەرامبەر بە من نیشان بدات، وێڕای ئەوەش بە دەنگێکی بەماناوە، وەك بڵێی ئەوانە ناگرێتە خۆی و چ پەیوەندیان بەوەوە نییە. وتی: (بێگومان، تۆ هەموو شتێکت بۆ روون کردۆتەوە).

منیش بە هەمان شێوە، وەڵامم دایەوە کە سەرۆك کۆمار سنگور چ شتێکی ئەوتۆی سەبارەت بە توانای شۆڕشگێڕی و بەهێزی ئیسلامی شیعە نەدەزانی. لە هەمان کاتدا بە شام وت لەم کۆبوونەوەیەدا (پرێنس هۆگ) م دیت کە سەر بە خێزانی (بۆربۆن – پارم)ە[٣] و پێکڤە گفتوگۆمان کرد.

– تۆ دەربارەی پرێنسی سوور ئەدوێی. من بە چاکی دەیناسم. چەند جارێك لێرەدا چاومان بە یەکدی کەوتووە، وێڕای بیروڕای شۆڕشگێڕانەشی، زێدە شارەزا و بەئاگایە. ئەو دەربارەی ئەم هەلومەرجە چۆن فکر دەکاتەوە؟

– زۆر رەشبین هاتە پێشچاوم. ئەو و هاوسەرەکەی وا هەست دەکەن کە ئیدی ئەم رژێمە رێگای دەربازبوونی نییە و شۆڕش سەردەکەوێ.

– مەبەستان ئەوەیە کە لە دیدی ئەوانەوە هیچ رێگاچارەیەك بۆ ئەو قەیرانەی کە ئێستا تێیکەوتوین لە ئارادا نییە.

– بەڵێ ئەوان رێگاچارەیەك نابینن و لەو باوەڕەدان کە قەیران لە مێژە وەڕێکەوتووە، بەڵام پێشبینی ئەوەیان نەدەکرد کە سیمایەکی ئایینی لەخۆبگرێ. ئەوان پێیان وایە هەموو ئەوانە لە کاتی ئاهەنگ و جەژنەکانی تەختی جەمشیدەوە کە بەبۆنەی دوو هەزار و پێنج سەد ساڵەی شاهنشاییەوە رێکخرابوو، دەستیپێکردووە.

– من تێناگەم، تەنانەت ئەو کەسانەش کە سەر بە خێزانی پاشایەتین، جەژن و ئاهەنگەکانی تەختی جەمشید دەخەنە بەر شاڵاوی رەخنەوە! ئەو ئاهەنگانەی کە بیرخەرەوەی یەکێك لە گەورەترین رژێمە پاشایەتیەکانی جیهان بووە. ئێمە لە سایەی ئەو ئاهەنگانەدا توانیمان زۆربەی سەرۆك دەوڵەتەکان. بەشێوەیەکی بێوێنە پێکەوە کۆبکەینەوە، تەنانەت گەلێك کەسایەتی وڵاتانی کۆمۆنیستیش ئامادەبوون.[٤]

– دروست، لە رەخنەکانی خاتوو (بۆربۆن – پارم) دا، هەستکردن بەو مەترسیانەم سەبارەت بە خێزانەکانی پاشایەتی ئەوروپا دیت، کە بەرلەوە هیچ کاتێك بەرگوێم نەکەوتبوو، بەکورتی ئەو قسانەت بۆ دەگێڕمەوە: شۆڕشی فەرەنسا، نزیکەی دوو سەد ساڵە کە بە مل پەڕاندنی لویسی شانزەهەم، و شۆڕشی روسیاش هەم بەدوای کوشتنی نیکۆلای

دووهەمدا بە تووندی سیستەمی پاشایەتییان لە ئەوروپادا خستۆتە مەترسییەوە.

لەناوچوونی ئەم سیستەمی (حوکم کردنە) لە زۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵات و باشووری ئەوروپادا (ئیتالیا و بەم دواییەش یۆنان) زەبر و زیانێکی سەختی بە خێزانەکانی پاشایەتی ئەوروپا گەیاندووە، بەجۆرێك کە ئیدی بە هێوری، ئەندامانی خێزانی پاشایەتی، لە حاڵی دەست کێشانەوە لە ژیانی پڕ لە بریقەوباقی رابردوویاندان و ئەمڕۆ هەوڵئەدەن تا بەدوور لە دیدەی خەڵکی و بە نهێنی ژیان بگوزەرێنن. لە دیدی بنەماڵە ئەوروپاییەکانەوە، بەرپاکردنی هات و هاواری وەك ئاهەنگەکانی تەختی جەمشید، رق و کینەی کۆنینە لە دژی پاشایەتی زیندووەکاتەوە. هەر لەبەرئەوەبوو کە سەرەڕای جەخت کردنی تووندی خاوەن شکۆ بەهۆی باڵوێزەکانییەوە و بەپێچەوانەی چاوەڕوانی جەنابتەوە، نە شازنی بەریتانیا لەم ئاهەنگەدا بەشداری کردو نە شازنی هۆڵەنداش ئامادەبوو. سەبارەت بە ئامادەبوونی پێنج وڵاتی کۆمۆنیستیش، وڵاتە دیموکراتیەکانی ئەمڕۆی جیهان هیچ بایەخێکی سیاسی پێنادەن و تەنها وەك نزیك کەوتنەوەی ئەم وڵاتانە لە ئامانجە دیبلۆماتیك و ئابورییەکانیان لە ئێراندا شیکاری دەکەن، کە ئەوەش بەشێوەیەکی فریودەرانە ئەنجام درابێت.

– لەگەڵ ئەوەشدا! مەوڵی ئێمە جەخت کردن بوو لەسەر سیمای ئازادیخوازی کۆرش[5]، ئێمە رێزمان لە جارنامەی مافی مرۆڤەکانی ئەو نا، کە لە راستیدا، یەکەمین جارنامەی مافی مرۆڤە تا ئێستا لە میژووی کۆندا ناسراوبێت.

– بە دڵنیایی خاوەن شکۆ، بەڵام لە چوارچێوەی ئەم ئاهەنگانەدا دوو هەڵە و لە رێلادان لە ئارادابوون، کە سیماجوانەکانی دزێودەکردن، ئەم دوو هەڵەیە یەکێکیان ئابووری و ئەوی دیکەیان رووکەشی ئەم ئاهەنگانەبوو. سەرەتا لە بارەی رووکەشی ئەم ئاهەنگانەوە ئەدوێم: لە میژووی ئێمەدا ئەم کردار و لایەنەی کۆرشی گەورە، کە وەك ئازادیبەخش و رزگارکەری مەزنی میللەتەکان دەناسرێ، گرنگتر نییە لە کرداری ئەو پاشایانەی کە جوامێرانە بەرامبەر بەو کەسانەی جورئەتیان کردبوو هێرش بکەنە سەر ئەم وڵات و خاکە بەرگریان کردو منارەیان بۆ دروستکردوون، کۆرش لەو پاشایانەش ناسراوتر نییە کە کۆڕەکانی خۆیان کوێر و کەم ئەندام دەکرد بۆئەوەی خواستاری تاج و تەختی پاشایەتی نەبن، سەبارەت بە هەڵەی دووەم واتە لەبارەی ئابورییەوە پێویستە بڵێین چۆن دەکرێ سەرفکردنی ئەو پارە زۆرە لەپاڵ هەژاری و کوێرەوەری دانیشتوانی هەناسە ساردی وڵاتدا، بۆ خەڵکی لێکبدرێتەوە و تەفسیر بکرێت. پێویستەئەوەش بڵێین کە لە دیدی زۆربەی میژوونووسانی ئێرانیەوە، پاشایەتی بۆ بەر لە هەخامنشینیەکان، واتە بۆ سەردەمی (ماد) دەکان دەگەڕێتەوە، سەرەڕای ئەوەشە، هەرگیز ئێرانیەکان، بەیەك دەنگ ستایشی پاشایەتیان نەکردووە و پیاندا هەڵنەگوتوە. ئەگەر چەند پاشایەکیش لە دیدی خەڵکییەوە بەڕێز و بەقەدر بووبن، لەبەرئەوەبووە کە یا لە بەڕێوەبردنی مەملەکەتدا هوشیار بووون، یاخود لە بەرامبەر پەلامارەرانی دەرەوەدا میژخاسی و جوامێری خۆیان سەلماندووە. بەڵام بەپێچەوانەوە، زۆربەی خەڵکی بەرامبەر بە زۆربەی هەرە زۆری شاکان کە بە ستەمکاری و دڵڕەقی و بێڕەحمی ناسراون، هەست بە رك ونەفرەت دەکەن.

بە دەربڕینێکی دی، کۆی پیاوانی گەورە و بەقەدری ئەم مەملەکەتە لە دیدی خەڵکییەوە، بنەماڵە، یەك لە دوا یەکەکانی پاشایەتی پێکناهێنن. ئەگەر بە وردی لەم مەسەلەیە وردبینەوە، دەبینین ژمارەی ئەو سەرۆك وەزیر و پیاوە نیشتمان پەروەرانەی کە خەڵکی لایەنگریان بووون و لە ئەنجامی پیلان و دەسیسەکانی دەربارەدا کوژراون یا لە دەسەڵات لابراون، گەلێك زیاترە لە کۆی ئەو پاشایانەی کە رێزیان لێدەگیرێ[6].

هەموو ئەوانە نیشاندەری ئەوەن کە، ئاهەنگەکانی دوو هەزار و پێنج سەد ساڵەی پاشایەتی، بە هیچ جۆرێك لەگەڵ خواستی میللیدا هەماهەنگ نەبووە، خەڵکی ئێران ئەوەیان وەك شێتی مەزنخوازی و ئارەزووی پیاوێك لێکدایەوە کە هیچ کاتێك بەشێوەیەکی واقعی لە میژووی وڵاتەکەیدا بیرتیژ و دووربین نەبووە.

لە ساڵی (١٩٦١) دا، ئیسرائیلیەکان، بڕیاریان دا تا بەمەبەستی بیرەوەری ئازادی و رزگاری میللەتی

یەهوود لە کۆتی دیلێتی و یەخسیربوونیان لە بابلدا، کۆنگرەیەگ بە بەشداری مێژوونووسان بەرگوزار بکەن. وەك دەزانین کە (نبوخذنصری دووەم)، پاشای بابل، لەپاش ئەوەی ئۆرشەلیمی داگیرکرد، ئیسرائیلیەکانی بە دیلی لەگەڵ خۆیدا بۆ بابل برد. دیلێتی ئەوان لە (میزۆپۆتامیادا)، ماوەی چل ساڵ درێژەی کێشا، واتە تا ئەوکاتەی کە کۆرشی گەورە، شای پارس، بابلی لە ساڵی ٥٣٩ ی پێش زایینداخستە ژێر رکێفی خۆیەوە. لەم مێژووەدا بوو کە ئەو میللەتی یەهودی بۆ ئۆرشەلیم گەڕانەوە و فەرمانی سەرلەنوێ بنیادنانەوەی پەرستگاکەیانی دەرکرد. مێژوونووسان و رۆژهەلاتناسانی ئێرانیش بۆ ئەم کۆنگرەیەی ئیسرائیل بانگهێشت کرابوون. راوێژکاری فەرهەنگی دەربار کە لە مەیلی مەزنخوازی شا بەئاگابوو. داوا دەکات چاوی بە شا بکەوێ. لەم دیدار و چاوپێکەوتنەدا مێژوونووسێکی ناسراو، کە مەخابن سەرەڕای ئەوپەڕی زانیاری و هوشیاری خۆی، کەسێتیەکی لاواز و خۆبەرەپێشانەی هەیە، لەگەڵ ئەودا ئامادە دەبێ و ئەم بیرۆکەیە ئەدا بە گوێی شادا:

لەبری ئەوەی کە لێگەڕێین ئیسرائیلیەکان ئەم بیرەوەرییە تەنها بکەن بە یادی ئازادی یەهودیەکان، بۆ خۆمان نەیکەین بە بۆنەیەك بۆ جەغت کردن لەسەر بەها پیرۆز و بەرزەکانی کۆرشی گەورەی شای هەخامنش، بۆ بە سەڵتەنەت گەشتنی ئەو وەك بەشێك لە مێژوی پڕشکۆی سەردەمی دێرینی خۆمان دەرنەخەین، تا بەمجۆرە بیسەلمێنین کە پاشایەتی لە ئێراندا چاوگ و سەرچاوەیەکی رەسەن و مێژوویی هەیە؟

ئەم پێشنیارە بەلای شاوە گەلێك سەرنج راکێش دەبێ، بەتایبەتی کە رەوایی دەبەخشێ بە ملمالانێی رابردووی لە دژی مسەدق[٧] و دەیتوانی بێ هیچ دوودڵیەك دەسەلات و حکومەتەکەی بە شەرعی دەربخات. بۆ وەلامدانەوە بەو ناڕەزایەتیانەش کە لە بواری دیموکراسی و مافی مرۆڤدا دەهاتە پێش، دەیتوانی ئاماژە بە پشتیوانی و پاراستنی کەمایەتیەکان لەلایەن کۆرشی گەورەوە و بە یەکەمین جارنامەی ما ی مرۆڤی ئەو بکات. سەرەڕای ئەوەش، بۆ درێژەدان بە سیاسەتی رەزا شای باوکی

احسان نراقی

علوم اجتماعی

وسیر تکوینی آن

چاپ سوم

جامعه، جوانان، دانشگاه

دیروز، امروز، فردا

احسان نراقی



لە بواری ناسیونالیزمی دژ بە عەرەب و دژە ئیسلامیدا هەرچی زیاتر چاوەنوس و کەلتوری میللەتی ئێران لە کۆی جیهانی ئیسلام جیا بکاتەوە.

فکری بەرگوزارکردنی ئەم ئاهەنگانە لە ساڵی (١٩٥٧) وە لە زەینی ئەودا دەجما. مەگەر خوابزانێ لە ساڵی (١٩٧١) دا بە چ هەیبەت و شکۆیەکی بێوێنەوە لە مێژووی هاوچەرخدا بەرگوزار کرا، چ پارەیەکی سەرسوڕهێنەری تیادا خەرج کرا و چ رێکەوتننامەیەکی سەیر و سەمەرە لەگەڵ بیناسازان، دیکۆرسازان، مۆبیل سازان.، زەرەنگەران و ئەوانی دیدا، کە زۆربەیان فەرەنسی بوون، مۆرکرابوو!

هەر ئەو زیادەڕۆییە لە پرۆپاگەندەکردن و دەست باڵاییە لە خەرجکردندا بوو کە بووە هۆی فەراهەم کردنی ناڕەزایی خەڵکی ئێران و ئەو دەرفەتەی بە ئایەتوڵڵا خومێنی دا تا لە ماڵە پەرپوتەکەیەوە لە شاری نەجەفی عێراقدا، واتە ئەو شوێنەی کە ژیانی دوورخراوەیی خۆی تیادا بەسەردەبرد، لەبەرامبەر دەسەڵاتی شادا سەربەرز بکاتەوە و ئەو وەک مەزنخواز و خۆپەرستێکی هیچ لەبارانەبوو تاریف بکات.

لە ساڵی (١٩٦٤)وە، ئایەتوڵڵ خومێنی تاڕادەیەک بەشێوەیەکی نهێنی لە دوورخراوەیدا ژیانی بەسەر دەبرد، بەرگوزارکردنی ئاهەنگ و جەژنەکانی تەختی جەمشید، ئەو هەلە بوو کە ئەو چاوەڕوانی دەکرد و بەشێوەیەکی کاریگەر وەک پێنگاڤێک لە دژی پاشایەتی بەکاریهێنا، بەتاییەتی لەو ڕووەوە کە شا بە توندی گەرکی بوو لەم ئاهەنگانەدا گەورەیی خۆی دەربخات. رەنگە پێویست بەوە نەکات کە بڵێم، رەخنەگرتن لەو ئاهەنگانە، چ کاردانەوەیەکی قوڵی لە وڵاتدا هەبوو، ئەم ڕێورەسمانە بە رادەیەک قین و توڕەیی فەراهەم کرد، کە تەنانەت چینی سیاسی وڵاتیشی گرتەوە.

لەبەرئەو هۆیانە بوو، دوو هاوسەری پاشایەتی بۆربۆن- پارم، ئەم جەژن و ئاهەنگانەیان بە نادروست و زیادەڕۆیی زانی و وەک زەنگی مەترسی بۆ پاشایەتی لە ئێراندا لێکیان دایەوە.

کاتێک لەگەڵ شادا دەربارەی بەسەرهاتی نابەجێی ئاهەنگەکانی تەختی جەمشید ئەدوام، نەمتوانی ئەم راستگۆییە بدرکێنم و پێی بڵێم کە خودی من لەوکاتەدا چ کارەبووم. من ئەوکات لە یۆنسکۆدا کارم دەکرد و ئەغڵەب لەگەڵ (تیمسار پاکرەوان) کە باڵوێزی ئێران بوو لە فەرەنسادا، چاومان بە یەکدی دەکەوت. شەوێکیان کە هەردووکمان لە کاتی شێوکردندا بوین و سەبارەت بە چالاکیەکانی ئاهەنگی تەختی جەمشید ئەدوابن، گەلێک شەکەت و ماندوو هاتە پێشچاوم، بەتاییەتی لەو فشارەی، کە تاران دەیکردە سەری تا سەرۆک کۆمار پۆمپیدۆ ناچار بە هاتن بۆ ئاهەنگی تەختی جەمشید بکات، گەلێک ناڕەحەت و بێزاربوو. ئەو بەوپەڕێ نائومێدی و نیگەرانیەوە پێی وتم:

(بۆ ساڵێک دەچێ کە تەواوی پەیوەندییەکانی ئێمە لەگەڵ فەرەنسادا کەوتۆتە ژێر کاریگەری و ڕۆشنایی ئەم ڕووداوەوە، بە بڕوای من ئەمە کارێکی ئابڕووبەرانە و ریسواییە).

کاتێک گەڕامەوە بۆ ماڵێ، نەمتوانی ئەم قسەیەی نێوان هەردووکمان بۆ هاوسەرەکەم نەگێڕمەوە و پێی نەڵێم کە تا چ ڕادەیەک هەژاندومی، هەرچەندە بەپێی ئسولڵ، هیچ کاتێک من لە چالاکی دژ بە ڕژێمدا، کە لە دەرەوەی وڵاتدا ئەنجام ئەدرا، بەشداریم نەدەکرد، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ، ئەمجارەیان هەستم کرد، ناتوانم بە بێدەنگی دابنیشم.

بۆ سبەی هەمان ڕۆژ، پەیوەندیم بە (پیارژۆکس) - وەزیری ئایندە- وە کرد کە بە تازەگی وەک نوێنەری ئەنجومەنی میللی هەڵبژێررابوو، ئەوم بۆ ژەمی نیوەڕۆژە بۆ چێشتخانەی یونسکۆ داوەت کرد. من ئەوم لەوکاتەوەی کە خوێندکاری ئەکادیمیای زانستی بەڕێوەبردن و هەمان سەرەتای دەسپێکی خزمەتکردنی لە وەزارەتی دەرەوەدا بوو، دەناسی، هەر لە سەرەتاوە وەک پیاوێک دەهاتە پێشچاوم کە هەمیشە دروست فکردەکاتەوە و ئێجگار باش بۆ هەسەلەکان دەچێت. هەموو ئەو شتانەی کە سەبارەت بە چاوشارکێکانی تەختی جەمشید دەمزانی و ئەو هەنگاوانەی کە تاران لە پشت پەردەوە ڕێکیدەخست تا پمپیدۆ بۆ ئێران بە کێش بکات، بۆم باس کرد، ئەو بڕەیەکی هاتێ و وتی:

(چۆن دەتەوێ، ئێمە خۆمان لە هاندانی گەشتی سەرۆک کۆمارێکەوە بگلێنین کە بە پێچەوانەی بیروڕای ئێمەوە هەڵبژێراوە؟)

لە وەڵامدا پێم وت، من لە روانگەی هەڵبژاردنەوە لەگەڵ تۆدا نادوێم، بەڵکو تۆ وەک هاوواڵتیەکی فەرەنسی ئەدوێنم کە هەست بە لێپرسراوێتی دەکات. بڕوانە لە بیست یا سی ساڵی ئایندەدا مێژوونووسان دەنووسن کە پێکڕای فەرەنسا لە دامەزراندنی ئەو چادرانەدا بەشداربوون تا هەموو سەرۆکەکانی جیهانی تیادا کۆببێتەوە. ئەوان لە شوێنی خەوتنیاندا لەژێر ئەو سەرچەفانەدا دەملەوانەوە کە لەلایەن (ژانس) ەوە چنرابوون و (مرسیە) ش ئەوانەی رازاندبۆوە، لەکاتێکدا کە چینیەکانی ئەو ئاهەنگە لە (لیمۆژ)ەوە هێنرابوون و کریستاڵەکانی کاری (باکارا) بوو. تەواوی بودجەی ئەم ئاهەنگە بە پارەی میللەتی ئێران بەڕێوەبران، کە لە رێورەسمی شێتیەکی چەند کاتژمێریدا تەخشان و پەخشان کرا، بەتامترین خۆراک ئەوخۆراکانە بوو کە لە رستۆرانی (ماگزیم پاریس)ەوە دەهاتن و (١٦٠) کەس لەسەر ئاشبەز و گارسۆنی فەرەنسی ئامادەیان دەکرد کە (٣٥٠٠٠) قاپە شەرابی (شاتولافیت) ی تیادا نۆش کرا. وێڕای هەموو ئەوانەش سەرۆک کۆماری فەرەنسا بەخۆی ئامادەی ئاهەنگەکە بوو تا سەرپەرشتیکردنی لەئەستۆبگرێت!

لە هەمان کاتدا دۆستی ئازیز، بیر لەوە مەکەرەوە کە مسیۆ میتران بتوانێت بە ئاشکرا لە پەرلەماندا، رەخنە لە دەوڵەت بگرێت، لەبەرئەوەی هەموان دەزانن، ئەکەر پمپیدۆ لە ئاهەنگی تەختی جەمشیدا ئامادەبێت، زیاتر لەبەرئەوەیە کە ئیمتیازی رێکەوتننامەی میترۆی تاران بە دەستبێنێ و دڵنیابێت لە مەسەلەی کڕینی ئەو پێنج فڕۆکە کۆنکۆردەی کە شا لە بارەیەوە بڕیاریداوە. ئەوەت لەبیرنەچێ، سەرەڕای تەواوی سۆشیالیست بوونیشتان، دیسان کرێکارانی کارگەی فڕۆکەسازی باشور لە شاری (تولوز) دا هەن کە سەر بە کۆنفدراسیۆنی گشتی کرێکارانن، کاتێک مەسەلەی کەموبونەوەی ژمارە و ئاستی بەرهەمهێنانی کۆنکۆرد هاتە پێش، دەستیان بە مانگرتن کرد.

– پێشنیاری چی دەکەیت؟

– مسیۆ میتران. لە تەواوی ئەوە سات و سەودایەی کە مومکینە لە تەختی جەمشیدا ببێتە مایەی بردنەوە و دۆڕان، بەئاگابێنەوە، کە ئەویش بە نۆبەی خۆی و لە رێگای ئەو ئیمکاناتەی کە بە دڵنیایی لەبەردەستیدایە، پەیامێك بۆ سەرۆك کۆماری فەرەنسا بنێرێ و داوای لێبکات کە ئامادەی سەفەرکردن بێ بۆ ئێران و ناوبانگی فەرەنسا بەرز رابگرێ.

پیارژۆکس بە دەربڕینی چەند وشەیەکی ئاسایی بەجێیهێشتم:


(با بزانم، چ کارێکم لە دەستدێ).

ژۆکس دوای سێ رۆژ تەلەفۆنی بۆ کردم و داوای کرد یاداشتێکی (٤ تا ٥) لاپەڕەیی بۆ بنوسم و سەرنج و تێبینیەکانمی بۆ رەوانە بکەم. من ئەم کارەم کرد و لەوە بەدوا ئیدی هیچ کاتێك سەبارەت بەم بابەتە پێکڤە قسەمان نەکردەوە. بەڵام هەرچۆنێك بێ، پمپیدۆ سەرەڕای ئەوەش کە دەیزانی زیان بە هەیبەت و شکۆی شا دەگات، لە ئاهەنگی تەخت جەمشیدا ئامادە نەبوو[٨].

ئاهەنگەکانی ساڵی ١٩٧١ تازە کۆتایی پێهاتبوو کە پێشەکی خۆسازدان بۆ رێزنان لە پەنجاهەمین ساڵیادی پاشایەتی پەهلەوی لە ساڵی (١٩٧٥) دا دەستیپێکرد، هەڵبەتە ئەوە دروستە کە هەندێ لە لێپرسراوانی دەوڵەت هەوڵیاندا ئەم بۆنەیە زیاتر وەک یادەوەری دەربخەن تاوەك ئاهەنگێکی گەورە بۆ بەدەستهێنانی ئیعتبار. هەرچۆنێك بێت، ئەم دوو رووداوە کە بەشێوەیەکی هەمەلایەنە و بەرفراوان لەلایەن میدیکانەوە سوودی لێوەرگیرا، کاریگەرییەکی سلبی لەسەر خەڵك دانا، چونکە وێنەی نەریتی شایەکی دروست کردار و بەهۆشی کەدەبوو دەربڕی هەست و بیروڕای گشتی و پارێزەری بەرژەوەندیەکانی میللەت بێت، ئەوەش بەشێوەیەکی هەمەلایەنە و نە هەمان کاتدا رانەگەیاندراوو شارأوە بێت، تێکشکاند.

تا ئەو دەمە، شا لە دیدی میللەتەوە، وەك مرۆڤێکی بەهێز و تا رادەیەك ئەفسانەیی سەیر دەکرا، بەڵام ئەم جەژن و ئاهەنگانە کە لەلایەن تەلەفزیۆنەکانی جیهانەوە، بەشێوەیەکی بەردەوام پیشان ئەدرا، ئەم تێڕوانینەی بە یەکجاری تێکشکاند و لەناوبرد. ئیدی لەوکاتەوە تەلەفزیۆن، بەها ئەفسانەیی و نەدیتراوەکانی کەسێتی شای ئاشکراکرد، بێئەوەی سادەیی شا بکاتە جێنشینی





دید و تێڕوانینێکی دیموکراتیك و مۆدێرن، چونکە تەلەفزیۆن لەو ڕێورەسمانەدا، شای لە حاڵەتێکی لە رادەبەدەر، خۆ پەسەند و خۆ بە گەورە بینداً نیشان ئەدا، ڕەفتاری ئەو بە جۆرێك بوو، کە نەك وەك شایەکی سونەتی کاری دەکرد و نە وەك پاشایەکی هاوچەرخ، لە راستیدا محەمەد ڕەزا شا مرۆڤێکی شەرمن و کەمڕوو بوو هەر ئەوەش ببووە هۆی دورکەوتنەوەی لە خەڵکی و ساردو سڕ نیشاندانی ئەو. میللەت لەم مەسەلەیە بەئاگانەبوون و ئەویان بە مرۆڤێکی لەخۆبایی و بێپەرۆش دەزانی، لەکاتێکدا کە ئەو لە ژیانی تایبەتیدا هەم سادە و ساکار و بە پەرۆش بوو، هەم بە تەنگ پەیوەندی کەرم و گوڕەوە بوو.

هەنگاوێکی دی کە بە توندی زیانی بەو گەیاند، گۆڕینی ساڵنامەبوو. دوو ساڵ پەر لە هەڵگیرساندنی شۆڕش، واتە لە ساڵی (١٩٧٦) دا، جارێکی دی شا روحانیەکانی وروژاندەوە، لەبەرئەوەی ساڵنامەی ڕەسمی وڵاتی، کە ریشەیەکی ئیسلامی هەبوو، گۆڕی، بەم مانایەی کە ئیدی تەوەرەی مێژووی نەکرد بە ڕۆژی هیجرەتی پێغەمبەر، بەڵکو لەبری ئەوە ڕۆژی دامەزرانی ئیمپراتۆریەتی هەخامنشی، کە بۆ دوو هەزار و پێنج سەد ساڵ لەمەوبەر دەگەڕایەوە، وەك دەسپێکی مێژوو دیاریکرد.

شا هەمیشە ئارەزووی گەڕانەوەی بۆ سەردەمی بەر لە ئیسلامی دەکرد، ئەو دەیویست تا بە خۆبەستنەوە و پەیوەندکردنی خۆی بە (کۆرش) ەوە، هەم لە جیهانی عەرەب جیابکرێتەوە و هەم موسوڵمان بوونی میللەتی ئێرانیش بە هەند نەگیرێ.

(شا لێی پرسیم: لە فەرەنسادا چی ڕوویداوە، چاپەمەنی و ڕۆژنامەکانی فەرەنسا بە هەمو گرۆتینیانەوە بوون بە هاوڕێی خومێنی، وەك بڵێی گاندییەکی نوێیان دۆزیوەتەوە! لەبەرچی هێندە ستایشی کەسێك دەکەن، کە زۆر کەم پێی ئاشنان؟ پێویستە دان بەوەدا بنێم کە من لەم فەرەنسیانە تێناگەم. کاتێك کە لە پرۆسەی سیاسی وڵاتانی دیکە ئەدوێن، بەشێوەیەکی ڕووکەش لێیدەکۆڵنەوە. ئەوان کەسانێکی بێ سەرنج و گورت بینن، دەتوانی بۆم ڕوون بکەینەوە کە بۆچی بەم جۆرەن؟)

بەدەم پێکەنینەوە گوتم:

(خاوەن شکۆ، ڕەنگە ئەوان گەرەکیان بێ حسابە کۆنەکانیان لەگەڵ تۆدا یەکلایی بکەنەوە. کاتێك کە لە ساڵی (١٩٧٤) دا نرخی نەوت چواربەرابەر بەرزبۆوە، جەنابت هیچ بایەختان بە ئەوروپایەکان نەدا. تۆ پێت گوتن کە لە دۆخی کەوتندان و ئازادی تاکەکەسی کۆمەڵگای ئەوانت خستە ژێر پرسیارەوە. لەوکاتەدا، پێویستیان بە نەوتی تۆ بوو، بەڵام لەوەبەدواوە نەوتیان خەزن کرد و ئێستاش هەم تۆڵەی خۆیان دەکەنەوە.

شا بە سەرسامیەوە وتی: بەڵام ڕۆژنامەیەکی وەك لۆمۆند، هەمیشە ڕەخنەی لێگرتوین، چەندین جار من، گوتارم دەربارەی، بارودۆخی سیاسی ئێران، ستەمکاری ساواك و هەلومەرجی زیندانیە سیاسیەکان تیادا خوێندۆتەوە، بە ڕادەیەك کە چەندین جار داوام کردووە کە لێکۆڵینەوە ئەنجام بدرێ، لەپاش ئاگاداربوونەوە لە ڕاستیەکان تێبینیم دەکرد کە زۆر جار، ئەم ڕۆژنامانە ڕووداوەکانیان بەشێوەیەکی نادروست و زیادەڕۆیی و پێچەوانەی ڕاستی لێکداوەتەوە، جارێکیان لەم بارەوە لەگەڵ باڵوێزی فەرەنسادا قسەم کرد و نیشانم دا کە چۆن لۆمۆند چەند سفرێکی بۆ ژمارەی زیندانیە سیاسیەکان زیاد کردووە. باڵوێز منی لەوە

دڵنیاکردەوە کە داوای چەند ڕوونکردنەوەیەک لە لۆمۆند دەکات و من لە ئەسڵی مەسەلەکە ئاگادار دەکاتەوە، بەڵام هیچ کاتێک شتێکم لێنەبیست. هەڵبەتە، دەمتوانی سەرلەنوێ داوای بەدواداچوون و ڕوونکردنەوەی ئەو مەسەلەیەی لێبکەم.

بەڵام دواتر، بە دەنگێکی نیگەرانەوە وەک بڵێی نائومێد بووبێ، درێژەی بە قسەکانی‌دا:

ئەو بەدواداچوونە بەهای ئەو زەحمەت و خۆپێوەخەریک کردنەی نابێت، گرنگ نییە، کاتێک کە خەڵکی بە خۆیان نیازی چاکەکردنیان نەبێت، ناتوانرێت هیچ کارێک بکرێت. سەرەڕای ئەوە، خۆ بەتەنها لۆمۆند بەمجۆرە نییە. ڕۆشنفکرانی فەرەنسی بە گشتی ڕوومان پێنادەن. بڕوانە ژان پۆل سارتەر، ئەویش بە دوای بزواندنی گروهە گێرەشێوێنەکانەوەیە لە پاریسدا، بەشێوەیەکی ناهوشیارانە چەند لێدوانێکی دەربارەی بارودۆخی سیاسی ئێران بەیان کردووە.

— قوربان، پێویستە باسی، سارتەرت بۆ بکەم، لە ساڵی ١٩٧٥ دا، من وەک ئێستا، لە یۆنسکۆدا کارم دەکرد و ئەوکات (ڕنەماهو) دەستی لە سەرپەرشتیکردنی ئەم ڕێکخراوە کێشابۆوە، بەڵام، ئەغڵەب لەم کاتەدا یەکدیمان دەبینی. شەوێکیان منی بۆ شێوکردن بۆ ماڵەوە داوەت کرد، سارتەر و سیمۆن دو بۆڤاریش لەوێ بوون، ئەم جووتە کۆنە دۆستی ئەو بوون، لەبەرئەوەی بەر لە جەنگی دووەمی جیهانی، هاوکات پێکڤە چووبوونە ئەکادمیاوە، کاتێک کە ڕنەماهو، منی وەک دۆستێکی ئێرانی پێناساندن، سارتەر پێی گوتم: (بەڕاستی، من پەیامێکم بۆ شاکەتان هەیە. دیارە ئەو بەلایەوە سەیر بووە کە فەیلەسوفێکی ناسراو لەمیانەی گفتوگۆیەکی ڕۆژنامەنوسیدا، ئاماژەی بۆ مەسەلەی زیندان و ئەشکەنجە کردووە لە ئێراندا، لەبەرئەوە حەز دەکەم پێی بڵێی، خۆ خەریک کردن و لاکردنەوە بەلای مەسەلەی ئەو مرۆڤانەدا کە زیندانین و ئەشکەنجە ئەدرێن، دروست ئەو ئەرک و کارەیە کە پێویستە فەیلەسوفێک بیانکات.)

شا کە لە حەشمەتا دەسوتا بە ناڕەزاییەوە پێی گوتم:

(چما سارتەر سەبارەت بە ئۆردوگای دیل و زیندانیەکانی یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتانی کۆمۆنیستی وەک کەمبۆدیا دەنگی لێوەهاتووە و بایەخی پێداون.

— قوربان، سارتەر هیچ کاتێک بەرامبەر بە مەسەلەی سەرکوت و خەفەکردن لە ڕژێمە کۆمۆنیستەکاندا بێدەنگ نەبووە، تەنانەت ئەو یەکەمین کەس بوو کە لە دژی چارەڕەشی و کوێرەوەری خەڵکی هەناسە ساردی کەمبۆدیا و ڤیێتنام دەنگی بەرزکردەوە.

— پێویست بەوە ناکات مرۆڤ فەیلەسوفێکی گەورەبێت تا (خەمیرەسورەکان) بە دڕندە بزانێت، شتێک کە گەرەکە بیڵێم، ئەوەیە بۆچی سارتەر و پێکڕای ڕۆشنبیرانی فەرەنسی کە هەمیشە ڕابەرانی فکریی هەڤڕکی چەپ گەرایی ئێمە دادەنرێن، بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لەبارەی ڕژێمی یەکێتی سۆڤیەتەوە بێدەنگیان لێکرد، پێم وایە خرۆشچۆف گەلێک جوامێرانەتر، سەرەڕای توندڕەویشی، یەکەمین کەس بوو دەربارەی تاوانەکانی ستالین قسەی کرد و لەپاش ئەویش هەم سولژینستین تراژیدیای ملیۆنەها مرۆڤی وەسف کرد. بەڵام ئەو بەڕێزانەی لە پاریسدا دانیشتوون و بەبێ ئابڕوییەوە قسەی زل دەکەن و دەرسی تەواوی دنیا دائەدەن، بۆ ماوەی سی تا چل ساڵە بێدەنگیان لێکردووە. دەزانی بۆ؟ لەبەرئەوەی کە سارتەر و هاوڕێکانی تەنها لە پشت چاویلکەی ئایدیۆلۆژی خۆیانەوە لە ڕژێمەکان دەڕوانن. ئەوان هیچ کاتێک بەدوای ناسینی ئەو ڕاستیانەوە نین لەو وڵاتانەدا کە دەربارەی ئەدۆێن ئەو ڕژێمانە ئەو سیستەمەن کە ئەوان لایەنگری لێدەکەن و ئەو ڕژێمانەش کە بایەخی پێنادەن. وەک ئەم ڕژێمەی ئێمە هیچ کاتێک خواستی ئەوان نەبووە. ئەوان بەشێوەیەکی تایبەتی ڕەخنە لە ئێمە دەگرن و هەرگیز گەرەکیان نەبووە لەلایەنی باشتربوونی هەلومەرج و ئاستی ژیانی ئێمە بڕوانن، ئێستاش بەناو بە تەنگ میللەتی ئێمەوەن.

— ڕەنگە بەپێچەوانەوە، ئەم بەتەنگەوەهاتنە لەبەرئەوەبێ کە ئەوان بەهایەکی بەرز بۆ میللەتی ئێران دادەنێن و بە دیتنی خەفەکردن و ستەمەکانی ساواک لەم ساڵانەی دوایدا، ئەوەش لەپاڵ چەندین گۆڕانکاری گەورەدا.

— لەبەرچی، بۆ نمونە سەربارەت بە هەلومەرجی مافی مرۆڤ لە عەرەبستانی سعودی و زەبروزەنگی کاربەدەستانی ئەمنی عێراق، کە ئێمە دنیایەک شت لەبارەیانەوە دەزانین، دەنگیان لێوەنایەو هیچ ناڵێن؟

— لەبەر هۆیەکی ساکار و ئاسایی قوربان، چونکە ئەم وڵاتانە، بەوجۆرەی کە جەنابت لەبارەی ئێرانەوە ڕاتگەیاندووە، دەنگۆی ئەوە ناکەن کە بەرەو شارستانیەتێکی گەورە مل بنێن، لە هەمان کاتدا ئەوە فەرامۆش نەکەیت کە وڵاتی ئێمە ڕابرودوویەکی پرشنگداری هەیە و خاوەنی ئەو گەنجینە فەرهەنگیانەیە کە دەتوانین نمونە نایابەکانی لە سەردەمی هاوچەرخیشدا ببینین، واتە شۆڕشی مەشروتیەت لە ساڵی ١٩٠٦ دا و بەدوای ئەوەشدا یەکەمین هەنگاوی میللیکردنی نەوت لە ساڵی (١٩٥١) دا، کە ڕەنگدانەوەی جیهانیان بەدواوەبوو، لەبەر هەموو ئەوانەیە کە ئێمە هەلومەرجێکی تاڕادەیەک دەگمەنمان هەیە، بۆ نەڵێین ئەوان لەبەرئەوە بایەخمان پێئەدەن کە سەرنجمان

راکێشاون و سەرسامان کردوون؛ مسەدق بە بیجامەکەی بەرپەوە، و خومێنی بە نیگای پڕ لە هەیبەتێوە کە لە ژێر درەختێکی سێودا لە تۆقڵ دوشاتۆ دانیشتووە، ئەم مەسەلەیەش هەم لەبەرچاوبگرێت کە فەرەنسیەکان، لەپاش شۆڕشێکی لائیك و دژە ئایینی کە ئەنجامیان داو دەیانویست ئەو شۆڕشە بە جیهانی بکەن، رووبەڕووی میللەتێك بوونەتەوە کە دەیەوێ شۆڕشی ئایینی بە سەمەر بگەیەنێت.

— دروست لەبەرئەوە تێناگەم، ئەم شۆڕشە ئاینییە چ پەیوەندییەکی بە بیروڕای دیموکراتیك و لائیکەوە نییە کە فەرەنسیەکان خوازیاری باڵوکردنەوەی بوون لە سەرتاسەری دنیادا، وێڕای ئەوەش، لەگەڵ ئایدیۆلۆژی مارکسیستی و ماتریالیستی رۆشنبیرانی چەپی، وەك سارتەریشدا، ناسازێ.

— بایەخدانی ئەوان بەم هەلومەرجە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە غافڵگیری کردوون. ئەوان ئەوپەڕی سەرسوڕمان و ستایش کردنی خۆیان سەبارەت بە پیاوێکی وك ئایەتوللا خومێنی دەردەبڕن، کە بەبێئەوەی خاوەنی هیچ ڕێکخراوێك یا حیزبێکی سیاسی بێت، لە دەرەوەی وڵاتەوە، توانیویەتی میللەتێك بەو رادەیە سەرسام بکات، کە لە دژی رژێمێك، بە ئەندازەی بەهێزیی رژێمەکەی جەنابت، راپەڕن، لە دیدی ئەوانەوە، ئەمە رووداوێکی نوێ و بێهاوتایە.

— زۆر چاکە، ئەوەی کە دەیڵێی پەیوەندی بە رۆشنبیران و ناوەندەکانی چەپەوەیە، بەڵام لەبارەی دەوڵەت و سەندیکای کارو بازرگانیەوە چ دەڵێێ؟

من دەزانم، پیاوێکی وەك فرانسوا میتران پشتیوانی لە نەیارانم دەکات. ئاشکرایە کە ئەو روو بە ئێمە نادات[9]. بەڵام خۆ کۆمپانیا گەورەکانی فەرەنسا، گەلێك زیاتر لە وڵاتانی پیشەسازی دیکە، سوودیان لە بە پیشەسازیکردنی ئێمە وەرگرتووە. ئێمە، هێندە ڕێکەوتننامەمان لەگەڵ ئەواندا مۆرکرد کە لە کۆتاییدا پێیان وتین، هەموو ئەوانەمان بەتەواوی بۆ بەڕێوەنابرێ. ئەگەر بارودۆخی ئەم وڵاتە گۆڕانکاری بەسەردا بێت، ئیدی ئەوان سوودێکیان پێنابڕێ.

— بەڵە هەر شتێك پێویستە، سەندیکای کارو بازرگانی و ئەنجومەنی دەوڵەتی، کەم تا زۆر، بە ناچار پەیڕەوی لە بیروڕای گشتی بکەن لەو وڵاتانەدا. لە هەمان کاتدا، وەك بڵێی ئێستا بەم ئەنجامە گەیشتبێتن کە ئیدی ئەم رژێمە روو لە تیاچوونە، ئاشکرایە ئامادەن رووی خۆش نیشانی رژێمی داهاتوو بدەن.

— بەپێی ئەو هەواڵانەی کە بیستوومە، ئایا ئەوە راستە ژیسکاردیستان بیر لە سەرکەوتنی خومێنی دەکاتەوە؟ هەرچەند، لەکاتی گەشتنی خومێنیدا بۆ پاریس، ئەوان دڵنیایان کردینەوە، کە مۆڵەتی چالاکی سیاسی، لە فەرەنسادا پێنادەن.

— بەڵام بە مانیان وتووە کە خودی جەنابت لەگەڵ فەرەنسیەکاندا لەسەر ئەوە ڕێکەوتویت ئایەتوللا خومێنی لە فەرەنسادا بمێنێتەوە.

— هەڵبەتە ئەوە خواستی ئێمە بوو، بەڵام ئەوان بەڵێنیان پێدابووین کە لە فەرەنسادا، هیچ جموجوڵێك بە مەبەستی ڕوخاندنی ڕژێمی ئێران، ئەنجام نادات.

— چ کەسێك ئەم بەڵێنەی بەئێوەدابوو؟

— باڵوێزی ئێمە تەلەگرافێکی بۆ ڕەوانەکردین، کە بە گوێرەی ڕەوە، کۆشکی ئەلیزیە، پەیامێکی لە سەرۆك کۆماری فەرەنساوە، کە ئەوکات سەردانی بەرازیلی دەکرد، لە ڕێگای (ژان فرانسوا پولس) ەوە سکرتێری گشتی نوسینگەی سەرۆك کۆماری، وەرگرتووە. لەم پەیامەدا هاتبوو کە خومێنی وەك گەشتیارێك لە فەرەنسادا دەمێنێتەوە و هیچ چالاکییەکی سیاسی لەم وڵاتەدا ئەنجام نادات[10]. بۆ سبەی هەمان ڕۆژ (بەهرامی) ئەلیزیەی ئاگادارکردەوە کە پەیامی ژیسکار کەپشتوتە مەقسەدی خۆی و ئێران سەبارەت بەم جۆرە، مامەڵەکردنەی کاربەدەستانی فەرەنسی بەرامبەر بە خومێنی، ڕازیە، وێڕای ئەوەش باڵوێزی ئێمە گوتبووی کاربەدەستانی ئێرانی، لەم بارەوە، شتێکی دیکەیان نییە بیڵێن[11]. پاشان شا وتی:

(بەڵام، ئێستا دەبینن ئایەتوللا سوود لە هەموو میدیا ڕەسمیەکانی ئەو وڵاتە وەردەگرێ، تا بە مەبەستی ڕوخانی ڕژێم و تەنافەت تێرۆر و مرۆڤکوژی، پەیام بۆ ئێران بنێرێ و وەك ئەرکانی فەرماندەیی شۆڕش سوود لە ماڵەکەی خۆی وەربگرێ، بێئەوەی کە کەسێکیش ڕێی لێبگرێت).

— پێویستە پەی بە سنووری دەسەڵاتی کاربەدەستانی فەرەنسی ببەین، ئەوە ڕاستە کە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بەشێوەیەکی ئسوڵی مولکی دەوڵەتن، بەڵام پەیامنێران بە خۆیان دەیبەن بەڕێوە، لەبەرئەوە بایەخ بەو مەسەلانە ئەدەن کە بیروڕای گشتی جەز بە زانینیان دەکات. من دڵنیام کە خودی ژیسکار هەم لە هەلومەرجێکی ناڕێکدایە. ئەو لە نێوان پەیوەندی دڵسۆزانەی لەگەڵ ئێوەدا و فشاری بیروڕای گشتی و ئەو بەکێش کردنەی کە خومێنی لەسەر ئەوانە بەکاری دەهێنێ، دەرگیر بووە و تەحەمولکردنی ئەم بارودۆخە لە بنەڕەتدا بۆ ئەویش ئاسان نییە).

— شا بە حاڵەتێکی داماو و هەندەك شەرمنانەوە، بە ناڕەزاییەوە وتی: ئاخ بە دەست ئەم سیاسەتمەدارانەی ڕۆژئاوا! مرۆڤ هیچ کاتێك لێیان تێناگات کە لە ڕاستیدا چۆن بیردەکەنەوە).

پێویستە بڵێین، شا لەم کاتەدا تەواو هەستی بە پەرێشانی و تەنانەت سەرلێشێوانی خۆشی دەکرد، چونکە لەپاش ئەوەی عێراقیەکانی ناچارکرد خومەینی لە عێراق دەربکەن و دواتر هەم فشاری بۆ بەریتانیا و باقی وڵاتانی دۆست هێنا (لەوانە کوێت کە دراوسێی ئێرانە و داوای لێکرابوو ئەگەر پێویست بکات ئەو لە سنوورەکانی خۆی دووربخاتەوە)، سەرەنجام ئەوەی کە فڕۆکەی ئایەتوڵڵا خومەینی لە پاریسدا نیشتەوە، هەستی بە رەزامەندی و شادی کردبوو، لە هەمان کاتدا، جێگۆڕکێی خومەینی، ببووە مایەی سەرهەڵدان.


ناڕەزایی لەناو خەڵکی ئێراندا، شا دەترسا، ئەگەر داوا لە فەرەنسا بکات ئەو ناچار بە کردنەدەرەوە لەو وڵاتە بکات، چەند کاردانەوە و ناڕەزایی توندتری لێبکەوێتەوە. دیارە ژیسکار، لە ڕێگای باڵوێزەکەیەوە شای ئاگادارکردبۆوە کە ئامادەیە خومەینی لە وڵات بکاتە دەر، بەڵام بەمەرجێك کاربەدەستانی ئێرانی بە راشکاوی خوازیاری کارێکی بەوجۆرەبن، واتە کارێك کە شا نەیدەویست ئەنجامی بدات.

شا، کە قاچی لەسەر قاچ نابوو، لەناکاو لە یەکی جیاکردەوە و وتی:

(چاکە لەوەگەڕێین، چ شتێکی دیکەت بیستووە؟)

– لەگەڵ یەکێك لە دۆستە کۆنەکانم کە لە بەغدا گەڕابۆوە کۆبوومەوە و ئەو شتێکی گەلێك سەرنجڕاکێشی بۆ باسکردم.

ئەم دۆستە کە لە خەباتکارانی سۆسیالیستی مەغریبییە، (مەهدی عەلائی) ناوە، لە مێژە لە پاریسدا ژیان بەسەردەبات و لەگەڵ (بن بەرەکە) و ئەنتەرناسیونالیستی سۆسیالیستەکاندا کاردەکات. بە سەرنجدان لەوەی کە ئەم ڕێکخراوە بە نیازبوو تا کۆنگرەی حیزبە سۆسیالیستەکان بۆ مانگی ئۆکتۆبەری سالی ١٩٧٨، لە شاری ڤان کۆڤەر، ڕێکبخات، لەبەرئەوە (مەهدی عەلائی) بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نزیك لەوانە عێراق ناردبوو تا سەبارەت بە بارودۆخی سیاسی ئەو وڵاتانە، زانیاری پێویست بەدەستبێنێ. بۆ ئەم مەبەستە، ئەو لەگەڵ رابەرانی عێراقدا، لەوانە سەرۆك کۆمار ئەحمەد حەسەن بەکر و میشێل عەفلەق، تیۆردارێژی حیزبی بەعس، کۆدەبێتەوە، ئەوان پێی دەڵێن، گەلێك بەوە خۆشحاڵن کە ئایەتوڵڵا خومەینی وڵاتەکەیانی بەجێهێشتووە، لەبەرئەوەی چیتر موسڵمانانی عێراق (بەتایبەتی شیعەکان، کە زۆرینە لە عێراقدا پێکدێنن) لەژێر کاریگەری ئەودا نابن، کە زۆڕ بە زۆڕ بۆ حیزبی بەعس ترسناکتر دەبوو، بەڵام، بە قسەی ئەو دۆستەی من، ئەوەی لەم گۆڕانکاریەدا بەپێچەوانەوە خۆی دەردەخست ئەمەبوو کە رابەرانی عێراق توانییان وا لە بیروڕای گشتی وڵاتەکەیان بگەیەنن کە



فکری دوورخستنەوەی ئایەتوڵڵا خومەینی، لەلایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە داڕێژراوە و کاری بۆکراوە، واتە لە کاتی کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی هەردوو وڵات، لە پەراوێزی کۆبوونەوەکانی کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٧٨ دا[١٢]. ئەگەر بە باشی سەرنجبدەین، سەدام حسێن کە جێگری سەرۆك کۆماربوو، لەگەڵ دۆستەکانیدا توانی بەرپرسیاری ئەم دەرکردنە بەتەنها بخاتە ئەستۆی ئێرانیەکانەوە و خۆی لە کاریگەری تێکدەرانەی ئایەتوڵڵا خومەینی ڕزگاربکات. لە هەمان کاتدا عەلائی گووتی کە (عێراقیەکان دەتوانن لە ڕێگای ئەم کارەوە چەند ئیمتیازێك لە ئێرانیەکان بەدەستبێنن).

شا وەك هەستی بە ریسوایی پێکردن کردبێ، وتی:

(ئێمە، بۆ ماوەیەکی زۆر دەچێ لەوە بەئاگاین کە ڕژێمی بەعس توانای تەحەمولکردنی خومەینی لە عێراقدا بۆ ناکرێ. لە ڕاستیدا، تا ساڵی ١٩٧٥ واتە تا کاتی ڕێکەوتننامەی جەزائیر، بەعس بەنیازبوو عێراق بکات بە مەڵبەندی حیزبە نەیارەکانی ئێران، لەبەرئەوەی گەرەکی بوو لەم ڕێگایەوە فشارمان بۆ بێنێت تا ئێمە دەست لە پشتیوانی کوردەکانی عێراق بەردەین[١٣]. لەپاش ئەوەی مستەفا بارزانی و هەڤاڵەکانی بڕیاریان دا کە ئیدی لە دژی ڕژێمی عێراق نەجەنگێن و ئێمەش هەم مۆڵەتمان پێدان کە پەنابێنە بەر ئێران، ئەوکات ئیدی سەدام حسێن چ بەهانەیەکی بەدەستەوە نەمابوو تا نەیارانی ئێرانی و بەتایبەتی خومەینی لای خۆی جێبکاتەوە، بەتایبەتی کە خومەینی – ئەو شۆڕشگێڕە موسوڵمانەبوو –

بەشێوەیەکی جدی دەوڵەتی لائیکی ئەوی دەخستە مەترسییەوە.

– قوربان، وێڕای ئەوەش پێویستە سوپاسی خومەینی بکەیت، کە ئێستا ئەگەر نەڵێین بەهۆی نیشتمان پەروەرییەوە، بە لانیکەمەوە بەهۆی سەربڵندی هەمیشەییەوە، هیچ کات مۆڵەتی ئەوەی نەداوە کە تەنانەت لە ئاڵۆزترین ساتەوەختی پەیوەندییەکانی ئێمە لەگەڵ عێراقدا، کاری تێبکەن. من لە ڕێگای نزیکەکانیەوە ئاگادارکراومەتەوە کە چەندین جار خواستەکانی ئەوانی ڕەتکردۆتەوە. هەر لەبەرئەوەبوو، هەر ئەوەندەی ئەم بارودۆخ و هەلە بۆ سەدام حسێن ڕەخسا، ئەوی لە عێراق دەرپەڕاند.

شا بۆ پشتگیری ئەو قسەیە وتی:

(بەڵێ، من تەواو لەگەڵ ئەوەدام، ڕەنگە سەدامی ڕەچاوکردبێت، بەڵام هیچ کاتێك سازشی لەگەڵ ئەودا نەکرد).

لێرەدا پێویستە ئەوە وەبیربێنمەوە کە هەم ڕابەرانی ئێران و هەم ڕابەرانی عێراق لە نفوزی ئایەتوڵڵا خومەینی لە وڵاتی خۆیاندا تۆقیبوون، بەجۆرێك کە لە سێپتەمبەری ١٩٧٨ دا، هاوکات بڕیاریان دا تا بە هەر نرخێك بووبێت ئەو لە نەجەف دووربخەنەوە. لەهەمان کاتدا، هەردوو دەوڵەت بەهۆی ڕەچاوکردنی کاردانەوەی بیروڕای گشتیەوە، خۆیان لە زەبر گەیاندن بە خودی ئایەتوڵڵا خومەینی لائەدا، تا مەبەستە سەرەکیەکەیان ئاشکرا نەبێت، کاربەدەستانی ئێرانی زانیاریییەکی تەواویان دەربارەی جۆری کەناڵەکانی نفوزی ئایەتوڵڵا لە وڵاتدا نەبوو، پێیان وابوو کە زۆربەی جموجۆڵەکان لە نەجەفەوە نەخشەی بۆ دەکێشرێ و بەڕێوەدەبرێ. پێویستە لێرەدا ئاماژەش بەوە بکەین کە لە دیدی مسوڵمانانی شیعەوە، شاری نەجەف، لەپاش مەکە بە پیرۆزترین شوێن دادەنرێ، چونکە عەلی، یەکەمین ئیمامی ئەوان و ئامۆزا و زاوای پێغەمبەر لەم شارەدا بە خاك سپێردراوە. سەرەڕای ئەوەش، بەدرێژایی ئەم چەند سەدەیەی دوایی، ئاخوند و ئایەتوڵڵا گەورەکانی ئێران یا دەرسخوێندنی حەوزەی خۆیان لەم شارەدا دەستپێکردبوو یا لەوێدا دەرسیان وتبۆوە. هەر لەم شارەوەی کە دەکەوێتە میرۆپۆتامیاوە ئەوان گەلەکجار فتواو لەعنەتی خۆیان لە دژی دەسەلاتی ئیمپریالیستی و پاشا نەفرەتلێکراوەکان، ڕاگەیاندبوو[١٤].

بەوجۆرەی کە مەهدی عەلائی بۆی باسکردم، ئەم یاری چاوشارکێیەی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە، بەهۆی تواناو کارامەیی زیاتری سەدام حسێنەوە، بە زیانی شا تەواوبوو[١٥].

ئایەتوڵڵا خومەینی لە پاریسدا بەجۆرێك سەرنجی میدیاکانی بەلای خۆیدا ڕاکێش کرد کە نە تەنها بووە مایەی سەرسوڕمانی کاربەدەستانی ئێرانی و فەرەنسی، بەڵکو لایەنگرانی دەوروبەری خۆشی سەرسام کرد. لەڕاستیدا، ئەوکاتەی کە ئەو بەغدای بەجێهێشت، بە هیچ جۆرێك لە فکری ڕووکردنە پاریسدا نەبوو. کاتێك کە ئەویان لەسەر سنووری عێراق – کوێت دەرپەڕاند، زیاتر لە بیری پەنابردنە بە سوریا یا جەزائیر دابوو. تەنها وڵاتێکی ئەوروپایی کە دەیتوانی پەسەندی بکات، ئەڵمانیای فیدراڵ، یا دروستر ببێژین بەندەری هامبۆرگ بوو، چونکە تەنها مزگەوتی شیعەکان لە ئەوروپادا، لەوێندەردابوو. لەم کاتەدا، پاش ئەوەی کە کوێیتیەکان جێی ئەویان لە وڵاتی خۆیاندا نەکردەوە، ئیدی پاریسی هەڵبژارد، کە بە مەڵبەندی لایەنگرەکانی دادەنرا. دیارە لە سەرەتادا بەشێوەیەکی کاتی ئەوێندەرێی هەڵبژارد، بەڵام دواتر بەهۆی ئەو سەرکەوتنەوە کە لە سەرنجڕاکێشانی میدیاکانی ئەو وڵاتەدا بەدەستی هێنابوو، بەشێوەیەکی هەمیشەیی ئەو وڵاتەی پەسەند کرد.

لەوکاتەدا، هەلومەرجێکی بێهاوتا هاتبووە پێش، بە دوور لە دەسەلاتی ئێران و سانسۆرکردنەکانی، میدیاکانی دەرەوە، بەتایبەتی رادیۆکان، پەیامی ئایەتوڵڵا خومەینیان بۆ خەڵکی ئێران پەخش دەکرد و دەگواستەوە. بەمجۆرە یارییەکی چاوشارکێی دیکە (چ کەسێك بوو، من نەبووم) لەنێوان شا و ژیسکاردا، دەستیپێکرد، ئەوەش دروست لەپاش ئەوەی کە ئایەتوڵڵا خومەینی شوێنێکی بەرفراوانی لە چاپەمەنی فەرەنسادا بۆ خۆی کردەوە. شا بە هیچ نرخێك نەیدەویست، بە داواکردنی دەرپەڕاندنی ئایەتوڵڵا خومەینی لە فەرەنسا، یا بە سنووردارکردنەوەی ئازادی ئەو لە میدیاکاندا لەلایەن کاربەدەستانی فەرەنسیەوە، بەهانەیەکی دیکە بۆ نەیارانی (سیاسی– ئایینی) خۆی فەراهەم بکات، تا هەرچی زیاتر بارودۆخەکە بەرەو گرژی و ئاڵۆزی بەرن.

بەتایبەتی کە ئەو ئومێدی بەوەبوو تا شاندێکی دەوڵەت بۆ پاریس بنێرێت و لەگەڵ ئایەتوڵڵا خومەینیدا لەسەر ڕێکەوتنێك پێکبێن. بۆ ئەم مەبەستە، لەسەرەتادا لەگەڵ شاحسێنی ئەردەندا وتوێژی کردو پاشان سەرۆك وەزیری پێشوو، عەلی ئەمینی، ڕاسپارد کە سەردانی فەرەنسا بکات. بەڵام خومەینی هەموو جۆرە گفتوگۆیەکی ڕەتکردەوە. هەڵبەتە شا، ئومێدی بە ئەمریکیەکان بوو کە ڕەنگە ئەوان بتوانن لەگەڵ ئایەتوڵڵا خومەینی دا بدوێن و هێوری بکەنەوە.

شا بەهۆی ئەو پەیوەندییە تایبەتی و دڵسۆزانەیەی لەگەڵ ژیسکاردا هەیبوو، چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرد کە خومەینی بخاتە ژێر چاودێرییەوە، تا ئەو نەتوانێت نەخشی ڕوخێنەری ڕژێمی تاران بگێڕێت. دیارە پێویستە بڵێین کە بەهۆی ئەو پەیوەندییەی ژیسکار لەگەڵ ئێراندا بەرقەراری

کردبوو، بە نیازی ئەوەی کە هاتنی ئایەتوللا خومەینی بۆ فەرەنسا وەك، رووداوێکی سیاسی بەدەستکەوت و برانەوەیەکی گەورە دانانرێ، لە سەرەتادا ویستی کە ئەو لە هەر جۆرە چالاکییەکی سیاسی بەدوور رابگرێ و بەپێی توانا کۆنترۆڵی بکات.

وێڕای ئەو هەلومەرجەش، لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا، ئەو بارودۆخە رووی لە گۆڕانکاری‌نا، چونکە ئەو راپۆرتانەی کە لەلایەن بالۆێزی فەرەنساوە رەوانە دەکران و بەدەست ژیسکار دەگەشتن ئاماژەیان بۆ ئەوە دەکرد کە ئەم رژێمە لە حاڵی تیاچوون و رووخاندایە، لەبەرئەوە وردە وردە کۆنترۆڵی خۆی لەسەر پەیوەندییەکانی راگەیاندن بەخومەینییەوە کەم کردەوە، تا گەشتە ئەو ئەنجامەی، کە لە بنەڕەتدا لە بەرژەوەندی فەرەنسادا نییە ئیدی کۆسپێك بخاتە سەر ڕێی جموجوڵەکانی ئایەتوللا خومەینییەوە لە نۆفل دوشاتۆدا. لەم شارەدا گروهێك لە ڕۆشنبیرانی فەرەنسی زانی ئێرانی، پەیوەندییەکانی ئەویان لەگەڵ پەیامنێراندا ڕێکدەخست و لەئاکامدا ژیسکار و راوێژکارەکانی بیریان لەوە کردەوە کە رژێمی ئایندەی ئێران، لە ئەمریکا بەدوورەبێ و زیاتر لە فەرەنسا نزیك دەکەوێتەوە.

شا کە هەمیشە بەرامبەر بە ئەنگلۆساکسۆنەکان بەدگومان بوو، بەرامبەر بە ژیسکاریش هەم هەستی بەو بەدگومانیە کرد و هەرچی زیاتر باوەڕی بەوە هێنا کە بووە بە قوربانی پیلانی زلهێزەکانی جیهان.

پەراوێزەکان:

١- کابینەی شەریفی ئیمامی لە ئابی ١٩٧٨ دا .. لەلایەن شاوە دانرا، تا بەڵکو بتوانێت، لە بەرامبەر پەرەگرتنی ناڕەزایی خەڵکیدا، کە ڕۆژ بە ڕۆژ بڵێسەدارتردەبوو، دەست بەکاربێت و وەك خواستی شا بۆلیبرالیکردنی رژێم لێکبدرێتەوە.

٢- ڕێکەوتنامەیەکی هونەری و زانستی و فەرهەنگی لە ساڵی (١٩٧٤)دا لەنێوان دوو وڵاتدا ئیمزا کرابوو. سەرەڕای ئەوەش ئێران لە دابەشکردنی نەوتی پاڵاوتەکراودا یارمەتی ئەو وڵاتەی ئەدا و لە هەمان کاتیشدا خۆی بۆئەوە ئامادەدەکرد کە پالایشگایەك لەوێدا دابمەزرێنێ.

٣- شارل هۆگ، سەر بە خێزانی بۆربۆن – پارم، رابەری بزوتنەوەی کارلیستەکان و خواستاری تاج و تەختی ئیسپانیا بوو. لەکاتی دەسەڵاتی فرانکۆدا، لە فەرەنسادا وەك دووخراوەیەك ژیانی بەسەر دەبرد و رابەری بزوتنەوەیەکی سیاسی بوو، کە وردە وردە مەیلی سۆشیالیستی بەخۆوەگرت. لەپاش مەرگی فرانکۆ و هاتنەسەرکاری خوان کارلۆس، هۆگ، لەبەرئەوەی کارلۆس نەخشێکی دیموکراسی لەو وڵاتەدا گێڕا، دەستی لە داواکردنی تاج و تەخت هەڵگرت و توانی بگەڕێتەوە بۆ ئیسپانیا. هاوسەرەکەی کیژی (ژولیانا) ی شازنی هۆڵەندابوو، هەردووکیان گەلێك بایەخیان بە ئێران ئەدا، ئێمە بە درێژایی شەوێك کە پێکڤە بەسەرمان برد لە (داکار)دا، دەربارەی رووداوەکانی ئێران قسەمان کرد.

٤- ئاماژەکردنی شا بە ئامادەبوونی پادگۆرنی لە یەکێتی سۆڤیەت، تیتۆ لە یوگسلافیا، چاوشیسکۆ لە ڕۆمانیا و هەندێکی دی لە سەرانی وڵاتانی کۆمۆنیستی.

٥- کۆرشی گەورە (٥٢٨ پێش زایین مردووە) ، (کوڕی (کمبوجیەی یەکەم) و (ماندانا)یە، کۆرش وڵاتی پاشایەتی لیدیا، ئاسیای ناوەڕاست، نیمچە دورگەی عەرەب و لە کۆتاییدا دەوڵەتی کلدانی داگیرکرد و بەدەست گرتن بەسەر بابلدا، یەهوودیە دیل کراوەکانی ئازادکرد. لەکاتی مەرگی کۆرشدا، ئیمپراتۆریەتی ئێران بەرفراوانترین ئیمپراتۆریەتی ڕۆژگاری کۆن بوو.

٦- وەك (قائم مقام) و (ئەمیرکبیر)، کە لە سەدەی نۆزدەدا سەرۆك وەزیربوون و بەهۆی ریفۆرم خوازی و دروستکاریانەوە گەلێك ناوبانگیان دەرکرد و بوونە قوربانی پیلان و دەسیسەکانی دەربارەی قاجار و بە فەرمانی شا کوژران. ئەم دوو پیاوە لە دیدی خەڵکییەوە، زیاتر لەو حەوت شازادەیەی قاجار کە لە نێوان (١٧٨٨ تا ١٩٢٥) حوکمڕانیان کرد خۆشەویستر و شایستەتر بوون.

٧- محەمەد مسەدق (١٨٨١-١٩٦٧)، لەنێوان ساڵانی (١٩٥١ تا ١٩٥٣) سەرۆك وەزیربوو. لە دژی بەرژەوەندی ئینگلیزەکان، هەستا بە میللیکردنی نەوتی ئێران، لە ئاکامی کودەتایەکی ئینگلیزی – ئەمریکاییدا لەسەر کار لارا. لەپاش ئەوە شا بەبێ هیچ ڕەقیبێکی سیاسی، درێژەی بە پاشایەتی خۆی‌دا، بەڵام هەمیشە لەو ئەزموونەی کە لە پاش رووداوی مسەدق بەدەستی هێنابوو، ئازاری دەکێشا.

٨- ڕەنگە لەجێی خۆیدا بێت، کە لێرەدا بڵێم، چەند هەفتە بەرلە دەستپێکردنی ئاهەنگەکان، فەرەنسا، سەرۆکی تەشریفاتی وەزارەتی دەرەوەی خۆی، ژاك سنار، دەنێرێ، بۆ تاران تا لە مەسەلەکانی پەیوەند بە گەشتی چاوەڕوانکراوی سەرۆك کۆمار پمپیدۆ بکۆڵێتەوە و لەو تەشریفات و ڕێوڕەسمەی کە بۆ ئەو لەبەرچاو گیراوە زانیاری پێویست بەدەستبێنێ. کاتێك کە لەبارەی شوێنی دانیشتنی سەرۆکەکان لەسەر مێز دەپرسێ، سەرنج ئەدات، ئەو شوێنەی کە بۆ سەرۆك کۆماری فەرەنسا دانراوە، نزیك بە کۆتایی مێزەکەیە. سنار، سەری لەم وەزعە سوڕدەمێنێ، کە دەربارەی هۆی ئەوە دەپرسێ، ئێرانیەکان پێی دەڵێن ڕێك سوود لە هەمان ئەو ڕەوشە وەرگیراوە کە لە ساڵی (١٨١٥) دا لە کۆنگرەی ڤیێنادا بەڕێوەبرابوو. بەڵام دیدگای سەرۆکی تەشریفات ئەوەبوو کە پێویستە ڕێکخستنی شوێنی سەرانی سەرۆکایەتی دەوڵەتان، لەسەر بنەمای درێژی ئەو ماوەیە دیاریبکرێ کە لە پۆستی سەرۆکایەتی وڵاتدا بوون، و سەرۆك کۆمار پمپیدۆ تەنها دەبێت لەپاش ئەو کەسانەوە شوێنی بۆ دیاری بکرێت کە بەرلەو لێپرسراوێتی وڵاتیان لە ئەستۆدابووە. سنار دەیویست سوود لە نازناوی سەرۆکی کۆمەڵگای فەرەنسا – ئەفریقا، کە بە سەرۆك کۆماری فەرەنسا بەخشرابوو، ئەوی وەك سەرۆکی گروهێك لە سەرۆك

کۆمارەکان دەناساند، وەربگیرێ؛ کاربەدەستانی ئێرانی ئەم خواستەی ئەو رەتدەکەنەوە و پێیدەڵێن تەنها رەك سەرۆك کۆماری فەرەنسا ئەویان داوەت کردووە. ئەوەی کە ئایا ئەمە راسپاردەی وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا بووە کە پەیدۆ رەچاوی کردووە و داوای کردووە لە رۆشتن بۆ ئێران پوزش بهێنێتەوە؟ (ئاشکرانیە) رەنگە.

هەرچۆنێك بێت، لەپاش ئەو گفتوگۆیانە، مسیۆ شاپان دلماس بووە نوێنەری فەرەنسا و هێندەش نارازی نەبوو لەم کارە، ئەو توانیبووی لەسەر مێزی سەرانی وڵاتان دابنیشێ و لەگەڵ هاوسەرە نوێکەیدا لەو چادرانەدا بحەوێتەوە کە بۆ سەرۆکی وڵاتان لەبەرچاوگیرابوو، نەك بۆ سەرۆك وزیرەکان.

٩- من لە مێژبوو دەمزانی کە فرانسوا میتران هیچ بایەخێك بە شا نادات، لە سەرەتای ساڵەکانی دەیەی (١٩٧٠) وە هەستم بەوە کردبوو، واتە لەوکاتەوەی کە لە پاریسدا دەژیام، ئەوکات من لە ماڵی پارێزەری ناوداری پاریس (فرانسوا سارد) دا، ئیدگار پیزانی و ژاك دیلۆرم ناسی و ئاشنایەتیم لەگەڵیاندا پەیداکرد، ئەم دوو کەسایەتیە گەلێك کاریان لە من کرد، بەجۆرێك کە پاش چەند مانگێك لە گەڕانەوەم بۆ ئێران، وەك لێپرسراوی ئەنستیتۆی لێکۆڵینەوە و بەرنامەڕێژی پەروەردەیی و زانستی، پێشنیاری ئەوەم کرد تا بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك وەك راوێژکار بێنە تاران. بە سەرنجدان لەو ناسین و ئاشنایەتیەی کە لەگەڵ ئەم دوو پیاوەدا و باوەڕبوون بە راستگۆیان هەمبوو، ئومێدەواربووم، بتوانن، ئەو راستیانە بە شا بڵێن. ئەو راستیانەی کە مەخابن، شا، هیچ کاتێك دەروبەرەکەی پێیان نەگوت و لێیان دەشاردەوە، تەنانەت بێگانەکانیش دیسان لەپێناو بەرژەوەندی چڵێسانەیاندا، خۆیان لە گوتنی ئەو راستیانە لادابوو. ئەم دوانە بەڵێنی درکاندنی ئەوەیان پێدابووم، کاتێك کە مسیۆ پیزانی ئامادەی جێبە جێکردنی ئەو ئەرکە دەبێ، لەم بارەوە پرس بە فرانسوا میتران دەکات. میتران پێی گوتبوو کە ئەم گەشتە بۆ ئێران بە چاك نازانێ، چونکە پێی وابوو، دواندنی شا کۆششێکی بێهودەیە.

١٠- ژاك ڤال، یایەدەری سکرتێری نوسینگەی سەرۆك کۆماری، پەیوەندی بە باڵوێزی ئێران، (بەهرامی)ەوە، دەکات تا پێی بڵێ، سەرۆك کۆماری فەرەنسا چەندین جار ویستویەتی لە بەرازیلەوە پەیوەندی بە شا وە بکات، بەڵام نەیتوانیوە. ئەو پەیامەی کە ئەو گەرەکی بووە بیگەیەنێ بە شا، ئەوەیە کە: (لە رێگای میدیاکنی راگەیاندنەوە هەواڵم پێگەشت، ئایەتوڵڵا خومێنی بە پەساپۆرتێکی ئێرانی گەشتوتە پاریس (لەوکاتەدا لەنێوان فەرەنسا و ئێران دا، ڤیزە بەکارنەدەهێنرا) لەبەرئەوە، بەبێئەوەی کە پێویستی بە ڤیزە بێت دەتوانێ بۆ ماوەی سێ مانگ لەم وڵاتەدا بمێنێتەوە، بەڵام جموجۆڵی سیاسی لێقەدەغەدەکرێ، من لە تۆم گەرەکە تاران لەم مەسەلەیە دڵنیابکەیتەوە.

١١- باڵوێزی ئەوکاتی ئێران لە کابول، داودی، باسی ئەوەی بۆ کردم کە هاوکات، باڵوێزی فەرەنسا لە ئەفغانستان لە میانەی سەردانیدا بۆ باڵوێزخانە، پەیامێکی هاوشێوەی پێبوو، کاتێك لێی دەپرسێ بۆ ئەم پەیامە لێرەدا بە من دەسپێرێ لە وەڵامدا پێی دەڵێ، لەبەرئەوەی پاریس دەیەوێ لە چەندین کەناڵ و رێگای جیاوە هەوڵبدات تا لەوە دڵنیا بێت کە ئەم پەیامە بەدەستی تا گەیشتووە.

١٢- لە کۆتایی هاوینی ساڵی (١٩٧٨) دا، وەفدێکی ئێرانی بەشێوەیەکی نهێنی و لە کاتی پەرەگرتنی گرژی و ناڵۆزیەکان لە ئێراندا، دەچنە عێراق، تا داوا لە کاردەستانی ئەم وڵاتە بکەن کە ئایەتوڵڵا خومێنی لە عێراق دەریکەن.

١٣- ئاماژەدان بە رێکەوتنامەی ئێران - عێراقە کە لە جەزائیردا بەستراو مەسەلەی سنووری شط العرب (اوروند رود) ی چارەسەرکرد. لە ساڵی ١٩٨٠) دا، دەوڵەتی بەغدا بەکلایەنە رایگەیاند کە ئەم رێکەوتنامەیەی رەتکردۆتەوە، بەڵام لەپاش پەلاماردانی کوێت لە مانگی ئوتی ساڵی ١٩٩٠ دا، سەرلەنوێ گەڕایەوە بۆ هەمان هەڵوێستی پێشووتری خۆی، رایگەیاند کە ڕێز لە رێکەوتنامەی جەزائیر دەگرێ.

١٤- لە کاتی هەڵگیرسانی شۆڕشی مەشروتیەتدا، لە ساڵی ١٩٠٦، لە ئێران، ئایەتوڵڵاکانی ئێرانی نیشتەجێی نەجەف، کە ئەوکات لەژێر سایەی حوکمی عوسمانیدا بوو، رابەری بزوتنەوەکەیان کرد و پاشان بوونە مایەی رابوونی میللەت لە دژی ئیستبدادگەری بنەماڵەی قاجاریەکان، تا لە کۆتاییدا بەهۆی ئەو سەرکەوتنانەوە کە بەدەستیان هێنا، محەمەد عەلی شا یان ناچار بە دەست لەکارکێشانەوە و بەجێهێشتنی وڵات کرد.

١٥- ڕۆژی یازدەهەمی ئۆکتۆبەری ساڵی (١٩٧٨)، واتە چەند رۆژێك بەدوای گەشتنی ئایەتوڵڵا خومێنیدا بۆ پاریس، ال یاسین باڵوێزی ئەوکاتەی عێراق لە ئێران، داوای چاوپێکەوتنێکی بەپەلە لەگەڵ، وەزیری دەرەوەدا دەکات لە تاراندا، ظلی یاریدەدەری سیاسی وەزیر پێشوازی لێدەکات، باڵوێزی عێراق لەو چاوپێکەوتنەدا ناڕەزایی وڵاتەکەی بەرامبەر بە کاربەدەستانی ئێرانی دەردەبڕێ کە بۆچی مۆڵەت بەوە ئەدەن تا ڕۆژنامەکانی ئێران بیروڕای گشتی بوروژێنن و دەوڵەتی عێراق بە بەرپرسی دەرکردنی ئایەتوڵڵا خومێنی لەو وڵاتە نیشانبدەن، لەکاتێکدا کە عێراقیەکان گوتوویانە دەربەڕاندنی ئایەتوڵڵا لە عێراق، جێبەجێکردنی یەکێك لە خواستەکانی ئێران بووە. یاردەدەری وەزیر هەوڵئەدات تا باڵوێزی عێراق هێور بکاتەوە و پێی دەڵێ لە کەشو هەوای پڕ لە گرژی و ئاڵۆزی ئێستادا، دەوڵەت هێندە دەسەلاتی بەسەر چاپەمەنیدا ناکشێ و هەرچۆنێك بێت دەکردنی ئایەتوڵڵا خومێنی، لە بەرژەوەندی هەردوو وڵاتدایە. بەڵام باڵوێزی عێراق، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە لە پشت پەردەی ئەم پروپاگەندانەی ڕۆژنامەکانەوە، جۆرە مەبەستێکی سیاسی شاراوەیە، بۆئەوەی بەغداد بە بەرپرسی ئەم کارە نیشان بدەن، کە ئەوە کارێکی نەشیاوە، لەبەرئەوەی ئەم پروپاگەندانە دەتوانێت کارگەرییەکی ترسناکی لەسەر میللەتی عێراق هەبێت، کە زۆربەیان شیعەن.

سەرچاوە:

ئەم بابەتە چەند لاپەڕیەکە لە کتێبی: (ازکاخ شاه تا زندان اوین، احسان نراقی، ترجمەء سعید اذری، مؤسسه خدمات فرهنگی رسا، تهران ١٣٧٢.

کتێبی گەلاوێژێنوێ

ئەدۆنیس لە سۆفیزم و سوریالیزمدا

لە پێشەکی ئەم کتێبەیدا ئەدۆنیس لەسەر ئەم ناونیشانە ئەدوێ کە بەلای زۆرەوە سەرسوڕهێنەرە. سەرەتا سۆفیەکان و پاشانیش سوریالییەکان، چونکە هەر یەکەیان بریتین لە دوو جیهانی جیاواز، سۆفیزم ئایینداریە، ڕووەکاتە ڕزگاریی ئایینی، بەڵام سوریالیزم بزوتنەوەیەکی ئیلحادییە، هیچ ئامانجێکی لە ئاسمان ناوی. خواپەرستێك و بێئیمانێك چۆن کۆدەبنەوە؟ سەرەتا ئەدۆنیس دوو ڕستە دەرئەبڕێت و پاشان بە دوای وەڵامدانەوەو سەلماندنی ناوەڕۆکی ئەو دوو ڕستەیەدا دەگەڕێ: ئیلحاد وەك پێویستی سۆفیزم ڕەتناکاتەوە، هەروەها سۆفیزمیش لە ناوەڕۆکدا ملکەچی ئایینی باو نییە، یا بەشێوەیەکی باو باوەڕی بە ئایین نییە. لێرەوە ئەدۆنیس تێزەکانی خۆی لەمەڕ پەیوەندی ئەم دوو جیهانە دوورلەیەکە دەخاتە ڕوو، واتە بەدوای کەشفکردنی پەیوەندی لێکچونی نێوان دوو دژا دەگەڕێت. وەك زۆر لەکارە تیۆرییەکانی تری لەناوچە پرمەترسی و نەزانراوەکان ئەدات. لە بۆچوونی خۆیەوە بۆ مانای نوێی سوریالیزم و سۆفیزم دەگەڕێت. هیچ شتێکی پیرۆز یامانا باوەکەی لە تاقیکردنەوەی سوریالیزما نییە، هەر وەك ئەندریە بریتۆن دەڵێ، ئەو شتە پیرۆزەی کە باوەڕم پێیە لە دەرەوەی ئایندایە. بۆ نەهێشتنی جیاوازییەکان ئەدۆنیس دەیوێت لە شەریعەتەوە سەیری سۆفیزم نەکرێت.

سۆفیزم گەرانە بە دوای شتی شاراوەدا، عەقل و شەریعەت وەڵامی زۆر لە پرسیارەکان نادەنەوە، هەروەها زانستیش، سوریالیزم خۆی لەو شتانە دەدات کە نەوتراون، سۆفیزمیش گەڕانە بەداوی نەبینراوو نەوتراو و نەزانراودا.سوریالیزم پەیوەندیی پتەوی بە نادیار و جیهانی شاراوەوە هەیە بەڵام بە مانای غەیبانیەتی ئایینی بڵاو نا. ئەدۆنیس خۆی لە هێڵە سورەکان ئەدات و بەدوای ئەم نەبوونی مەودا ئاینییە باوەدا دەچێت. بەتایبەتی لەسەر ئاستی مەعریفی لەم ڕووەوە گلەیی ئەوە دەکات کە تائێستا خوێندنەوەو تەئویلی ڕەختەگرانە بۆ سۆفیزم لەلای عەرەب نەکراوە. پێش خوێنەریش دەکەوێت لەوەدا کە مەبەستی لە لێکۆلینوەکەی ئەوە نییە بیسەلمێنێ کە سۆفیزم وسوریالیزم یەکن، یا سۆفیزم لە بەرئەوەی کۆنترە ئیتر کاریگەریی بەسەر سوریالیزمەوە هەیە. بەڵکو مەبەستێتی ئەوە بخاتە ڕوو کە بوون لایەنێکی شاراوەو نەبینراوەی هەیە زانینی بە عەقل و مەنتیق نایەتە دی ڕێگای تایبەتی و شەخسی نامانباتە سەری. لێرەدا تاقیکردنەوە گەورەکان لەیەك دەچن وجیاوازی نێوانیان دەخرێتە لاوە. (ابن تیمیة) گومڕایی سۆفییەکان لەوەدا دەبینێتەوە کە هەوای خۆیان پێش پەیڕەوکردنی فرمانەکانی خوا دەخەن. سۆزو زەوق و ئارەزوی سۆفییەکان دەبنە جێگای دوژمنانی سۆفییەکان، بۆیە بەجۆرێك لە دەرچوونی دائەنێن چونکە لە ڕێگای دەقەوە ناچنە سەر خودا، و بە دەرچوو لە دەقی ئایینی دەژمێردرێن. سوریالیزمیش جۆرێکە لە دەرچوون لە پەیڕەوی باو. سۆفی و سوریالییەکان نووسین وژیان یەکدەخەن، نابێت هەر تەنها شیعر بنوسین بەڵکو دەبێت پێی بژین. بریتون دەیویست بە دوای ڕەهادا بگەڕێتو ئارەزوی کارکردنیشی لە واقیعدا هەبێت ئەمەیش خۆی جۆرێکە لە دژ. ئەوان بە دوای دەرەوەی عەقڵدا دەگەڕان. خەون و واقیع بەڕوو دوورن لە یەکەوە بەڵام لە واقیعێکی ڕەها یەکدەگرن ئەمە لەلای سوریالییەکان کە تەواو لە یەکبوون و تێکڵاوبوونی دیارو شاراوەی سۆفییەکان دەچێت. گرفتی عەقل لەوەدایە کە وەڵامی هەموو لایەنە گشتییەکانی شتی پێیە بەڵام سۆفی و سوریالییەکان وا دەبێنن بوون نهێنییە و دەبێت تێکڵاوی بیت ئەدۆنیس چوار خەسڵەتی هێناوەتەوە دەستنیشان کردون ولێم جیمس بۆ سۆفی پێی وایە کە دەکرێت بین بە خەسڵەتی حاڵەتی سوریالیزم:

١—وەسفنەکراو، واتا سۆفی حاڵەتی وای بەسەرا دێت کە بەوشەو قسە دەرنابڕێن، یانی بۆ ئەوە نیین بگوازرێنەوەو بگەیەنەرێن، بەڵکو بۆ ئەوەن، پێیان

بژین، بەتایبەتی زۆر تر پەیوەندییان بە لاشعورەوە. چەند بەهەڵەدا دەچین، کە لە دەرەوە حوکم بەسەر ئەم حاڵەتانەدا دەدەین. یا وەختێ بەشێوەیەکی عەقڵی ئەو شتە هەڵئەسەنگێنین کە عەقڵ کاری پێوە نییە؛

٢- خەسڵەتی دووەم مەعریفییە، ئەگەر چی ئەم حاڵەتە پەیوەندی بە شعورو هەڵچوونەوە هەیە بەڵام هەر حاڵەتی مەعریفین. ئەو حاڵەتانەن کە تیایاندا دەچێتە قۆناغێی ڕاستەقینەوە کە پێشتر عەقڵ پەی پێنەبردون.

٣- مەوقوتی، ئەم خەسڵەتە ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو حاڵەتانە زۆڕ ناخایەنن، زۆر جار بیرگە ناتوانێت پاش کۆتایی هاتنیان وەسفیان بکات.

٤- خەسڵەتی چوارەم هەڵچونگەربیە، ئەویش بریتیە لە حاڵاتێك کە هەر پەیدابون خاوەنەکەی وا هەستدەکات کە ئیرادەی خۆی لەدەستداوە وەك بەندییەك وایە هێزێکی بالای بەسەرەوەیە ناتوانێت بەسەریا زاڵبێت.

سوریالییەکان لە ڕێگای خەیاڵ و خەون و وڕینەوە لە سنوری عەقڵ و مەنتیق دەربازدەبن تا بگەنە پاش سنورەکانی واقیع، یا غەیب کە سۆفیەکان مەبەستیانە.

ئەدۆنیس لە بەشێکی تری کتێبەکەیدا باسی خەیاڵ لەلای سۆفی و سوریالییەکان دەکات بۆ نمونە لەلای کەسێکی وەك ئیبن عەرەبی جیهانی مەعنا هەیە واتا عەقڵ و جیهانی حس هەیە لەنێوان ئەمانەدا بەهۆی گرێدانیانەوە جیهانێکی تر پێکدێت کە پێی دەوترێت جیهانی خەیاڵ. هەڵە لە عەقڵەوە دەرئەپەڕێت نەك لە خەیاڵ چونکە خەیاڵ حوکم نادات. سوریالییەکانیش جەختێکی زۆر لەسەر ئیشراق و خەیاڵ دەکەن.

لەلایەکی ترەوە ئەدۆنیس هەوڵیداوە لە ڕێگای پرۆسەی نووسینەوە لێکچوون لەنێوان سۆفیزم و سوریالیزمدا بدۆزێتەوە. بۆ نمونە لە ڕێگای بەراوردەوە لێکچوون لەنێوان شەتەحاتی سۆفی و نووسینی ئۆتۆماتیکی سوریالییەکاندا دەستنیشاندەکات. شەتەح دەربڕینێکی خێرایە ڕەنگە ڕواڵەتی شتێك بێت و ناوەکەیشی شتێکی تر بێهۆشی ڕۆڵی زۆری تیا دەبینێت. لای سوریالییەکان خەون و نووسینی ئۆتۆماتیکی، و خەوڵێکستن ڕێگان بۆ گەیشتن بە دۆزینەوەی جوانکاری لەمانەیشدا هەر بێهۆشی دەبێت بە ناوچەی دۆزینەوەیان. نووسین لای سۆفییەکان بیر دەرنابڕێت بەڵکو ڕۆیا و جیهانبینی پێشکەشدەکات.

لە یەکێك لە پاشکۆکانی کتێبەکەدا ئەدۆنیس لە ڕامبۆ و ژیان و نووسینەکانی قوڵدەبێتەوە بۆئەوەی بگاتە ئەو ئەنجامەی کە تاقیکردنەوەی ڕامبۆ سەربە بیری ڕۆژئاوا نییە و زەمینەیەکی ڕۆژهەڵاتی هەیە بەو دەلیلانە نا کە ڕامبۆ چارەکێك لە تەمەنی خۆی لەناو عەرەبا بردۆتە سەر و باوکی لە جەزائیر بووە و زمانی عەرەبی بەباشی زانیوە. ڕامبۆ لە جێگایەکدا دەڵێت دەمەوێ لە ڕێگای شیعرەوە بگەمە نادیار (مجهول) ئەمەیش تەواو لە بۆچوونی سۆفییەك دەچێت. بەبۆچوونی ئەدۆنیس شیعری ڕامبۆ کارتێکردنی ڕرشنبیریی یۆنانی و یەهودیی پێوە دیار نییە تاقیکردنەوەیەکی دەگمەنە لە شیعری فەرەنسیا ڕامبۆ دەڵێ (دەگەڕێمەوە بۆ ڕۆژهەڵات، بەرەو حیکمەتی سەرەتاو هەتاهەتایی.

ئەدۆنیس لێرەدا ڕۆژاوا بە خاوەنی عەقڵانیەت دەزانێت ڕۆشنبیریی عیرفانی دەداتە پاڵ ڕۆژهەڵات و جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە دەقی ڕامبۆ جودایە لە بنەمای عەقڵانیەت، کەواتە جودایە لە ڕۆشنبیریی ڕۆژئاوا، عارف دژی ڕواڵەت دەوەستێت، ڕامبۆیش دژی دوگەرایی عەقڵانیی دیکارت وەستا، ئەو دوگەراییەی کە لەسەر (بنەمای /خود/ مەوزوع) بەرزبووەوە پشتی تەواوی بە مەنتیق بەست و دڵ و حەدسی خستە لاوە.

هەروەها ئەدۆنیس دەڵێت ئەگەرچی دەقی ڕامبۆیی لە زمانی فەرەنسیا چەسپیوە بەڵام لە فەزای ئەقلیدیسی - دیکارتی - بێزار بووە و ئارەزوی دەربازبوونی لێکردووە.

ناسینی شیعری عارفانە واتا دەرککردنی نەبینراو و جیهانی شاراوە لە ڕێگای دڵنیاگاییەوە لەو حاڵەتە سەرەتاییەدا کە هیچ جیاوازییەك لەنێوان من و بوون و من و ئێمەدا نامێنێ.

لەکۆتاییدا ڕەنگە هەموومان بەتەواوی پێمانقبوڵنەکرێت کە ئەبونەواس بۆدلێری عەرەب بێ و ئەبو تەمام مالارمیە یا سۆفییەکان ڕامبۆی عەرەب و سوریالی عەرەبن، یاخود نووسینەکانی (النفري) شیعری پەخشانن، یا سەرکێشییەکان گەورەیە خۆمان لە لێکچواندنی سوریالیزم بدەین کە ئیلحادین لەگەڵ فیکری عیرفاندا، بەڵام نکوڵی لەوە ناکرێت ئەم کتێبەی ئەدۆنیس زانیاریی نوێی تیایە.



لە یادی (ئەمینی میرزا کەریم)دا
سەرەتایەك لە دەروازەی شانۆی کوردی

جیهان عومەر

سەرەتای ئەدەبی شانۆگەری کوردی و شانۆی کوردی لە کوردستان و بەتایبەتی لە شاری سلێمانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی (١٩٢٠) لەئەنجامی ئەو بۆشاییەیە کۆمەڵایەتییەی کە دروست بو بوو ئەویش بۆ مەبەستی کاتبردنەسەرو، خۆشی وەرگرتن لە سەیرانگاکاندا بەتایبەتی سەیرانگای سەرچنار و دەوروپشتەکەی شاری سلێمانی و بۆ ئەمە چیرۆکێکی خۆمالّی ئامادە دەکرا وەك پێك هێنانی دەوڵەتێکی وەهمی و دانانی میرێك و خەڵکی بەردەستی و دەرکردنی فەرمانی جۆراوجۆر و خواردن و خواردنەوەی کوردی ئامادە دەکرا. یان ئەم کاری شانۆگەرییە لەسەر سەکۆی مالێك یان مزگەوتێك ئەنجام دەدرا. ئەمە تاوەکو ساڵی (١٩٢٢) وەك مامۆستا (حەمەکەریم هەورامی) دەڵێت کە یەکەم چیرۆکی شانۆگەری (قەرالّیچە) لە سلێمانی پێشکەش کرا. و لە ساڵەکانی (١٩٢٦–١٩٢٨) بۆ چەند جارێك و بەشێوەیەکی سەرەتای قوتابخانەکانی ئەو سەردەمە چیرۆکی خۆمالّی یان وەرگێڕاویان لە چوارچێوەی قوتابخانەکاندا پێشکەش دەکرد و لە ساڵی (١٩٣٢) دا شانۆگەری (سەربازی ئازا) لەلایەن (کۆمەڵی قوتابیانی مەکتەبی زانستیی) پێشکەش کرا بەهۆی زەوی لەرزەی شارۆچکەی پێنجوین، هەروەها لە شاری سلێمانی چیرۆکی شانۆیی (لە پێی نیشتمان) و (گوڵی خوێناوی) لە ساڵی (١٩٤٦) دا پێشکەش کرا و هەر بەدوای ئەوەشدا لە سەرەتای ساڵەکانی پەنجاکاندا و بە هاندانی کۆمەڵێك لە ئەدەب دۆستان و هونەرمەندان و ئاشنابوونیان بە ئەدەبی بێگانە چەند چیرۆکێکی شانۆگەریان خستە سەر شێوەی خۆمالّی لەوانە هونەرمەند و ئەدیب (رەفیق چالاك و نوری وەشتی و رەئووف یەحیا) ئامە هەنگاوێکی چاك بوو بە گەیاندنی شانۆی کوردی بە شانۆی عەرەبی لە کوردستاندا و چاولێکردن لە دەقەکانی ئەدیب و هونەرمەندی عێراقی مامۆستا (یوسف العانی) کە بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە ئەدەبیە هونەرمەند و خوالێخۆشبوو (ئەمینی میرزا کەریم) بەو کارە هەستاوە. لێرەدا زیاتر مەبەستمان ناساندن و پێناسەی ئەم بلیمەتەی شانۆی کوردی مامۆستا ئەمین میرزا کەریمە بە خوێندەواری کوردی بناسین.

ناوی تەواوی "ئەمین میرازا کەریم شەریف" و لە کارە رەسمییەکانی دەوڵەتدا بە "محمد ئەمین میرزا کەریم شەریف" ناسراوە و ە لە ساڵی (١٩٣٣) لە گەڕەکی "دەرگەزێن" لە شاری سلێمانی لە بنەماڵەیەکی بۆرجوازی ناوداری ئەو شارە هاتۆتە دونیاوە. دایکی ناوی "فاطمەخان کچی فتاح عەلی" یە و ئەویش هەر لە بنەماڵەیەکی ناوداری شاری سلێمانی بووە. جوانەمەرگ یەك کوڕ و چوار کچی لەپاش بەجێماوە و لە ژیاندا دوو ژنی هێناوە و لە ژنی یەکەمی هیچ منداڵێکی نەبووە کە ماوەی خێزانیان بۆ چەند مانگێك بووە.

قوتابخانەی سەرەتایی لە قوتابخانەی خالیدیە تەواوکردووە. پاش ئەوە چۆتە قوتابخانەی ئامادەیی سلێمانی و تاوەکو پۆلی پێنجەمی خوێندوە و بە



ناچاری وازی له خوێندن هێناوه ئەویش له ئەنجامی فشارخستنە سەری و گرتنی و ئازاردانی بەهۆی باری سیاسییەوە لە ساڵەکانی پەنجاکاندا کە بۆ چەند جارێك گیراوە لەسەر ئەوەی لەوکاتەدا هەڵگری بیروباوەڕی شیوعیانە بووە و لەئەنجامدا رەوانەی بەندیخانەی نوگرەسەلمان و بەندیخانەکانی کەی عێراق کراوە، و پاش بەربوونی و گەڕانەوەی بۆ کوردستان بە ناچاری لە ساڵی ١٩٥٧) دا بۆ یەکەم جار لە کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار دادەمەزرێ و دوای ئەوە بۆ چەند جارێك لەسەر بیروباوەڕی کورداییەتی دەگیرێت کە ئەوکاتە ریزەکانی شیوعیەکان بەجێدەهێڵێت و دەچێتە حیزبە ناسیونالیستەکانەوە و بۆ جارێکی دی رەوانەی بەندیخانەکانی خوار عێراق دەکرێتەوە ئەمەش لە ئەنجامی هاوبەشیکردنی لە کاری سیاسی شۆڕشی کورددا.

دوای بەربوونی دەگەڕێتەوە سەر کارەکەی و لە ساڵی (١٩٦٦) راژەکەی خۆی گواستەوە بۆ کارگەی جگەرەی سلێمانی، و لە ساڵی (١٩٧٤) کە شۆڕشی ئەیلول هەڵگیرسایەوە ئەویش وەك هەموو ئەدیب و هونەرمەندێکی کەی کورد دەچێتە پاڵ ئەو شۆڕشە و تاوەکو نوشستی شۆڕش لە ساڵی (١٩٧٥) کە دەگەڕێتەوە بۆ شاری سلێمانی ترسی کاربەدەستانی ئەوکاتە لەگەڵ کۆمەڵێك لە نووسەرانی کە راژەکەیان دەگوێزرێتەوە بۆ ناوچەکانی خواروی عێراق بەمەبەستی دوورکەوتنەوەیان لە دروست بوونەوەی شۆڕشی کورد و ئەم دەنێرنە کارگەی چیمەنتۆی سەدی هندیە و تاوەکو ساڵی (١٩٧٩) خۆی دەگوێزرێتەوە بۆ کارگەی شەکری سلێمانی و جارێکی دی لە ساڵی (١٩٨٠) بەهۆی باروزووفی سیاسییەوە دەگوێزرێتەوە بۆ سەدی هندیە و ماوەیەکی کە لەوێ بەسەردەبات و هەوڵێکی کە دەدات بۆئەوەی بگەڕێتەوە بۆ کوردستان و ئەمجارە دەچێتە کارگەی جگەرەی سلێمانی و لەوێ لە کاردەخرێت و خانەنشین دەکرێت.

ئەو ئەدیبە جێگاپەنجەی خۆی دیارە لە کاری چیرۆك و نووسین و شانۆگەریدا و بەهەمان کات دەستێکی باشی هەبووە لە هەڵسوڕاندنی کاروباری هونەریدا بەتایبەتی لە کاری دەرهێنانی شانۆگەریدا.

"ئەمینی میرزاکەریم" مرۆڤێکی بێدەنگی، هێمن و خامۆش و لەسەرخۆ بوو هەمیشە خۆی لەبیرکردنەوەدا دەخواردەوە لە ئازارەکانی نەتەوەکەیدا ئەو کارەشی لە شانۆگەریەکاندا دەردەخست و دڵسۆز و دڵ پاك و بێگەردبوو بۆ هاوڕێکانی و نەتەوەکەی و بیری لە ئازارەکانی دەکردەوە، هەمیشە حەزی بە قسەی خۆشبوو، زەردەخەنە لە لێوەکانی نەدەکەوتنە خوارێ، و پێکەنین خولیای ژیانی رۆژانەی بوو، تەنانەت کە لە وڵاتیش دوورەدەکەوتەوە خۆشەویستەکانی و خاك و نەتەوەی لەیاد نەدەکرد، ئەوەتا کە لە ساڵی (١٩٧٦) کە لە خواروی عێراق دەبێت لە شاری سەدی هندیە لە یەکێك لە چیرۆکەکانیدا لەژێر ناونیشانی (کە دەزولە خوێناویەکان دەچڕانەوە) بەم شێوەیە یادی دوور وڵاتی و هاوڕێیەکانی دەکاتەوە دەڵێت: (کە لە شارەکەم دوورببووم وەنەبێ کەم و زۆر لە هەواڵو وردەباسی چەند هاوڕێیەکی گیانی بە گیانی بێئاگا بووبم بەڵام نەم دەزانی کە لە ناخیاندا چی قەوماوە چی گۆڕاوە چی ماوەو، وەنەبێت هەمیشە شارەکەم لەبەرچاو نەبێت).

ئێمە پێمان چاکە کە ئەمڕۆ هەندێك مەسەلەی ئەدەبی و رۆشنبیری کە لە کاتی خۆیدا تۆماری سەر لاپەڕەی رۆژنامە و گۆڤارەکان نەکراوە بیان لە دڵ و دەروونی جوانەمەرگ دا پەنگی خواردۆتەوە و هەندێك جار لە ئەنجامی وتوێژ و قسەکردندا دەریدەبڕی دەربارەی چیرۆکەکانی و شانۆگەریەکانی کە پێویستە ئەمڕۆ ئەو مەسەلەیە



رەون بکرێتەوە و ئاشکرا بکرێت لەلای نووسەران و رەخنەگران و لێکۆڵەرەوان لە ئەدەبی چیرۆکنووسینی ئەمینی میرزا کەریم، چونکی جیاوازییەکی فراوان هەیە لە بۆچوونی زۆر لە رەخنەگران و لێکۆڵەرەوەکان لەگەڵ بیروباوەڕ و بۆچوونەکانی نووسەردا) بەتایبەتی لە ناوەڕۆك و شێوە و روخساری چیرۆکەکانیدا، وەك ئەوەی کە من لە جوانەمەرگم بیستبوو دەربارەی ئەو مەسەلانە دەیوت: (ئەوان لە مەبەستی من تێناگەن، من دەمەوێت خزمەتی نەتەوەکەم و مرۆڤی ئەم سەردەمە بکەم، من مەسەلەی سێکس وەك سێکس بەکارناهێنم لە ناوەڕۆك و مەبەستدا بەڵکو وەك رەمز بۆ مەبەستەکانم بەکاری دەهێنم.

بۆ نمونە لە کتێبەکەی کاك صباح غالبی – ئافرەت لە چیرۆکی کوردیدابۆچوونێکی تایبەتی هەیە لەسەر نووسەر و نووسینەکانی و چیرۆکەکانی ئەوەتا لە لاپەڕە (٣٠٥) ی ئەو کتێبەدا دەڵێت:

(بە گشتی لە چیرۆکەکانیدا چەند ڕێبازێکی نووسینی کورتەچیرۆك و داڕشتنی بەکارهێناوە، خۆی لە درێژدادڕی و ڕستە و دەستەواژەی بێپێویست پاراستوە هەر لە سەرەتاوە گرێی وا دروست دەکا کە خوێنەر بە پەرۆشەوە بەدوایەکەیدا بڕوا، گێڕانەوە بەسەریاندا زاڵە و جارجارە مەنەلۆج و دایلۆجیشی بەکارهێناوە، لەگەڵ ئەمانەشدا لە یەك دوویەکیاندا شێوەی ئامۆژگاری بە چیرۆکەکانەوە دەبینرێ و بەگشتی لە زمانی نووسیندا لاوازە و گەلێك هەڵەی زمانەوانییان تێدا دەبینرێ).

شانۆگەریەکانی:

دەربارەی شانۆگەریەکانی کە لە وەرگێڕان یان لە نووسینی بوون و لەسەر شانۆکان پێشکەش کراون ئەمانەن:

شانۆگەری (زێڕین) لە ساڵی ١٩٦٠ دا لە سلێمانی، و شانۆگەری (شاکر من دایکتم) لە نووسینی مامۆستا یوسف العانی لە ساڵی (١٩٥٩) دا لەسەر شانۆی ئامادەیی کوڕان لە سلێمانی لەلایەن قوتابیانەوە پێشکەش کراوە، شانۆگەری (ئەمرەکەی بەگم) لە نووسینی مامۆستا یوسف العانی لە ساڵی (١٩٦٠) لەسەر شانۆی ئامادەیی کوڕان لە سلێمانی لەلایەن قوتابیانەوە پیشکەش کرا، (ئوتوموبێل چی) لە ١٩٧٠/٩/١٠ لەسەر شانۆی ئامادەیی کوڕان لە سلێمانی پیش کەش کرا، (چاوی کوردستان) لەسەر شانۆی یانەی فەرمانبەران لە ١٩٧٣/٦/١٧ دا لە سلێمانی پێش کەش کرا کە لە دەرهێنانی مامۆستای هونەرمەند (غازی بامەرنی) بوو و لە ١٩٧٤/٢/٢٨ بۆ جارێکی دی لە دەرهێنانی مامۆستای هونەرمەندی خوالێخۆشبوو (عوسمان چێوار) بوو و دوای ئەوە لەسەر شانۆی نەتەوەیی لە بەغداد لەلایەن تیپی تەمسیلی کارگەی جگەرەی سلێمانییەوە پێشکەش کرا و خەڵاتی دووهەمی فێستیڤاڵی هونەری یەکەمی کوردی وەرگرت ئەمانە بەشێك بوون لە شارای ئەدەبی شانۆگەری چیرۆکنووسی خوالێخۆشبوو.

دەتوانم بڵێم ئەو ئەدیبە یەکەم هەڵگری مەشخەڵی ئەدەبی شانۆگەری خۆماڵی بووە لە ئەدەبی شانۆگەری کوردیدا و یەکەم کەس بوو کە هەوڵیدا شانۆگەریە عەرەبییەکانی مامۆستا یوسف العانی

گۆڕی بۆ سەر زمانی کوردی بەمەبەستی ئەوەی کە شانۆی کوردی ڕێچکەی ئەو بابەتە بگرێتە بەرو بابەتە خۆمالّییەکان بخاتە سەر شانۆی کوردی ئەم سەردەمە. ئەوەتا لە یەکێك لە ژمارەکانی سالّی (١٩٨٣) ی ڕۆژنامەی هاوکاریدا دەڵێت: (لە تەمەنێکی منداڵییەوە خولیای هونەر بووە کە سالّی (١٩٤٦) شانۆگەری (لە ڕێی نیشتمان، و گوڵی خۆێناوی)یەکەی مامۆستا گۆران پێشکەش کرا دەستەوەندەی ئارەزووەکەم لەلا گەورەبووکە شانۆگەری مەنوچەریشم دی بەتەواوی خەیالّی شانۆگەری لە کەلەی دام ئەوەبوو سالّی (١٩٥٧) یەکەم بەرهەمی شانۆگەریم – چۆن بووم بە هونەرمەند– چاوی هەڵهێناو لە سالّی (١٩٥٨) دا ڕووم کردە ئامادەکردنی (مەم و زین) و پێش کەش کرا، هەردوو شانۆگەری، یەکەم – بڕیار و ئەنجام – و – داسەکەی شاسوار، م بە عەرەبی بالّوکراونەتەوە، یوسف العانی داوای لێکردم چەند بەرهەمێکم بە عەرەبی پێشکەش بکەن. منیش دوانم بۆ نارد، بەڵام وا بۆ چەند سالّێك دەچێت مەسەلەکە وەکو خۆی ماوەتەوە پێشکەش نەکراوە، تاوەکو ئێستا بەردەوام لە بەرهەمە شانۆگەرییەکاندا هەوڵمداوە تەکنیکی ئەوتۆ بەکاربهێنم کە گەشە بە ناوەڕۆك بدا هەربۆیە ڕووم لە ڕێبازێك زیاتر کردووە بۆ نووسین و خۆم لە قەرەی ڕێبازەکانی (واقع و تەسجیلی) و کۆمیدیا و هونەری داوە گەر بتوانم ئاسۆی بیرم فراوانتر دەکەم و ڕوودەکەمە ئەو ڕێبازانەی کە شانۆی ئەم سەردەمە لێوەی دەردەکەوم).

هەروەك ئاماژەمان پێکرد کە نووسەر (صباح غالب.) لە کتێبەکەیدا لە چەند جێگایەکدا باسەکانی خۆی بە لێکۆڵینەوە لەسەر ڕخوالێخۆشبوو چڕوپڕترکردووە. هەروەها مامۆستا (حسین عارف) ی چیرۆکنووس لە کتێبی (چیرۆکی هونەری کوردی) لە ساڵەکانی (١٩٢٥–١٩٦٠) لە لاپەڕەی (١٠٣ ، ١٣٣ ، ١٤٤) دا چەند باسێکی لەسەر چیرۆکەکانی ئەنجامداوە. مامۆستا (عومەر معروف بەرزنجی) لە کتێبی (لێکۆڵینەوە و بیلیوگرافیای چیرۆکی کوردی) چەند باسێکی لەسەر سەرهەڵدانی چیرۆکی خوالێخۆشبوو بەئەنجام گەیاندووە لەگەڵ ئەو بابەتانەی کە لە ناوەڕۆکی چیرۆکەکانیدا بۆی چووە.

ئەوەی تاوەکو ئێستا بەچاپی گەیاندووە لە بەرهەمی کورتەچیرۆك و شانۆگەریدا "ئەمرەکەی بەگم" چیرۆکێکی شانۆگەرییە لە نووسینی مامۆستا (یوسف العانی) یە و لە وەرگێڕانی خوالێخۆشبووە، و شاعیری نەمر (کامەران موکری) پێشەکی بۆ نووسیوە لە ساڵی (١٩٥٨) دا و لە چاپخانەی کامەران لە سلێمانی چاپ کراوە. دوای ئەوە چیرۆکی شانۆی (زێڕین) کە باس لە ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی دەکات لە ساڵی (١٩٦٠) لە چاپخانەی کامەران بە چاپ گەیەندراو. و لە کورتە چیرۆکەکانیدا کە (٧) حەوت کورتەچیرۆکە لە کتێبێکدا خۆی بینیوەتەوە بەناوی (لێوی ئاگرین) لە ساڵی (١٩٦٧) لە چاپخانەی کامەران چاپکراوە. و دوابەرهەمیشی کە چاپکراوە (سەرچاوەی ژانێکی خامۆش) کە پێك هاتووە لە سێ شانۆگەری لە دەزگای ڕۆشنبیری و باڵاوکردنەوەی کوردی لە بەغداد لە ساڵی (١٩٨٠)دا چاپکراوە، ئەمە و بێجگە لەوەی کە لە زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەدا کۆمەڵێك کورتە چیرۆکی باڵوکردۆتەوە کە دوا چیرۆکیان پێش مردنەکەی لەلای ئێمە بوو لە گۆڤاری کاروانداا لە بەغداد باڵوماڵ کردەوە.

ئەمە بێجگەلەوەی کە چیرۆکنووس تاوەکو ئێستا چەند پاداشتێکی ئەدەبی و هونەری لە شانۆی کوردیدا پێبەخشراوە.

بە بڕوای ئێمە خوالێخۆشبوو، وەك چیرۆکنووسێك و شانۆگەرێك زیاتر پێویستی بە لێدوان و لێکۆڵینەوە هەیە لەسەر بابەتەکانی بکرێت.

جوانەمەرگ لە ١٩٨٤/٣/٢٢ لە ڕۆژی پێنج شەممە کاتژمێر (٤) ی پاش نیوەڕۆ، ماڵئاوایی لە جیهان کرد.

تێبینی:
سوود لەم کتێبانە وەرگیراوە:
١– ئافرەت لە چیرۆکی کوردیدا – صباح غالب.
٢– چیرۆکی هونەری کوردی – حسین عارف.
٣– لێکۆڵینەوە و بیلیۆگرافیای چیرۆکی کوردی – عومەر مەعروف بەرزنجی.
٤– شانۆ و شانۆی کوردەواری – حسن تەنیا.

بۆ یادی (١٠٢) ساڵەی رۆژنامەگەری کوردی

گۆڤاری نووسەری کورد ژمارە (٦،٥) بە تیراژی یەک دانە بەشداری لەو یادەدا دەکات



نەوزاد عەلی ئەحمەد

پێشەکی:

زۆر بە ئاواتەوە بووم گۆڤاری نووسەری کورد-ی یەکێتی نووسەرانی کورد ژمارە دوای ژمارەو بەرێکوپێکی کتێبخانەی کوردی بگەشێنێتەوە، چونکە ئەوەندەی خوێنەر حیسابی داهێنان و هەڵوێست بۆ ئەو گۆڤارە دەکات رەنگە بۆ بڵاوکراوەیەکی تری نەکات، ئەم گۆڤارە خاوەنی میژوویەکی پڕ لە سەروەریو تێکۆشانەو هەردوو خولی یەکەم و دووەمی گۆڤارەکە شایەتمانێکی بە هەقی بۆ دەدەن کە بە سەنگەرێکی پتەوو ڕاوەستاوی ئەدەبی بەرگری کوردی حیسبایان بۆ دەکردو حیسابی بۆ دەکەن... بەڵێ لەگەڵ ڕاپەڕینیشدا، هەرزوو هێشتا گەلێك ناوچە مابوو کە ئازاد بکرێن یەکێتی نووسەران کەوتەوە گوڕو تین و شەقامی ڕاپەڕیوی کوردی گەرمتر کردو کۆبوونەوەکانی خۆی گرێ دایەوە لە پێناوی ڕێکخستنەوەی ئەو ماڵە گەورەیەی کە دەمێك بووەر لە پێناوی هەڵوێستی قەڵەمەکاندا خۆی پەرت کردبوو، ئیتر ئەو ماوەیە ئیشی باشکرا تا توانرا "خولی ڕاپەڕین"ی گۆڤاری نووسەری کورد دەست بە دەرچوونەوەی بکرێتەوەو سەرەڕای کێشەی دارایی و کێشەکانی شەڕی ناوخۆ، گۆڤارەکە چوار ژمارەی لە دوو بەرگدا چاپ و بڵاوکردۆتەوە، بەڵام بەداخەوە شەڕی ناوخۆ ئەوەندە خوێناوی بوو نووسەرانیشی بەرکەنار کردو سەنگەرەکانی چەك ئەوەندە تووڕە بوون وەڵامی هیچ شتێکیان نەدەدایەوە. بەڵام بە پلەی یەکەم بە هەوڵ و هیمەتی بەڕێزان پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسول ، محەمەد موکری، جەلال بەرزنجی، و چەند برادەرێکی تر هەوڵدرا لەنێو گەرمەی شەڕەکان و کورتە پشوەکانی ئاگربەسدا دەنگی گۆڤارەکە بەرزبکەنەوەو کارێکی بەپەلە کرا تا بابەتەکانی چوار ژمارە لە دوو بەرگدا کۆمپیوتەر کراو بابەتەکانی ژمارە (٦،٥) لەیەك بەرگدا خرایە ژێر چاپ و دەست بە چاپکردن و ڕاکێشان و کۆکردنەوە کراو ئەوەندە پەلەکرا بڕیاربوو ڕۆژی ١٩٩٦/٩/١ ئەو

ژمارەیە بکەوێتە کتێبخانەکانەوە..؟ دوای ئەمەش ژمارەکانی تر

ئەی ژمارەکە چی بەسەرهات؟

لەبەر ئەوەی من ئەرکی کاروباری چاپخانەم پێ سپێردرابوو، بۆیە وردو درشتی ژمارەکە ئاگادارم، پاش ئەوەی وەکو وتم گۆڤارەکە گەیشتە قۆناغی چاپخانە، چەند رۆژێك بە گەرمی لە چاپخانەی رۆشنبیری هەولێر کاری تیا کراو رۆژی پێنج شەممە کە دەکاتە ١٩٩٦/٨/٢٩ هەموو مەلزەکان چاپکران و دیاربوو نەمانتوانی قەناعەت بە ئیدارەی چاپخانەکە بەتایبەتیو کرێکارەکان بەگشتی بهێنین تا رۆژی هەینی ١٩٩٦/٨/٣٠ بێنەوە بەرگەکە چاپ بکەین و سەد دانەیەکی بەرگ کراو بۆ ئێوارە بخەینە بازاڕ، کارەکانمان کەوتە رۆژی شەممە ١٩٩٦/٨/٣١ و هەوومان ئەو مێژووە دەزانین چیبەو واقیعی بارە سیاسیەکە بە چ کارەساتێك بردرا، بەڵام ئەوەی کە هەرگیز بە خەیاڵم دا نەدەهات ئەو ژمارەیە بکرێتە لوولەی گوڵە بەرۆژە فرۆشەکان، چونکە بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەدیب و رۆشنبیر ئەوەندە هەن تا ئەو ژمارەیە بپارێزن و دوای ماوەیەك بیخەنە بەردەست خوێنەران، چونکە بەراستی ژمارەیەکە ئەگەر لە هیچ رووەوە حیسابی بۆ نەکرێت لە رووی ناوە بەشدار بووەکاندا تەعبیر لە یەکێتی نووسەرانی کورد دەکات و بەبێ رەچاوکردنی ئینتیماو لایەنگرو دۆستی حزبەکان بەبەتی بڵاوکردۆتەوە.. لە هەمووی باشتر بۆ بەرگ دوو رۆژ پێشتر کارتۆن و حبر و پلێت-مان بردبووە چاپخانەو بەرگەکە وێنەش گیرابوو.. بە داخەوە زۆر هەوڵ درا ئەو ژمارەیە بخرێتە بازاڕەوە هەر نەکرا تا خۆم ئەو شەش رۆژە دوای سێو یەکی ئابی ١٩٩٦ کە لە هەولێر مابوومەوە چەند تەماسێکم گرت تا هەر هیچ نەبێت مەلزەمەکان نەفەوتێن بەڵکو نەك هەر ئەوە نەکرا ا مەوادەکانیش بن گۆم کران..؟

ژمارە (٦،٥)ی گۆڤاری نووسەری کورد:

ئێستاش دوای نزیکەی سێ ساڵ و نیو تێپەڕبوون لەسەر زیندەبەچاڵکردنی ئەو ژمارەیەدا مەجبوور بووم لە یادی (١٠٢) ساڵەی رۆژنامەگەری کوردیدا ئەو ژمارەیەتان بۆ عەرز بکەم و ناوەرۆکی بابەتەکانتان بۆ بخەمە بەرچاوو ببێتە بەشێك لە چالاکی یەکێتی نووسەرانی کورد بە تایبەتی و مێژووی رۆژنامەگەری کوردی بەگشتی.

لاپەڕە یەك:

لەم لاپەڕەیەدا ئەم ناونیشانانە بەمجۆرە ریزکراون:

نووسەری کورد-گۆڤاری یەکێتیی نووسەرانی کورد-ژمارە (٦،٥) خوولی ڕاپەڕینی ئەیلولی ١٩٩٦-سەرنووسەر: پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوول، سکرتێری نووسین: محەمەد موکری/ ناونیشان: هەولێر- ڕێگای کەرکوك، نزیك کۆلیژی کارگێڕیو ئابووری- زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر

کاروباری چاپخانە: نەوزاد عەلی ئەحمەد/ مونەرکاری: نازم ڕەشید/ هێڵکاریەکانی ناوەوەو بەرگ: ناميق عەلی قادر.

لاپەڕە دوو:

بریتیە لە ناوەرۆکی ژمارەکەو ناونیشانی هەموو بابەتەکانی لەخۆ گرتووە.

لاپەڕە سێو چوار:

(سەرووتار) ژمارەکە بە وردی لە یەکێتی نووسەرانی کوردو چۆنیەتی گەشانەوەی ئەم ژمارەیە دەدوێت و نووسینەکە بە ئیمزای (دەستەی نووسەران) بڵاوکراوەتەوە.

لاپەڕەکانی پێنج تا شانزە:

لێکۆڵینەیەکی زانستیو ئەکادیمیانەی بەڕێز پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوول-ە بەناوی (شتێك بۆ ئەدەبی سەردەم) لە سەرنجێکدا سەبارەت بەم نووسینە هاتووە:

(ئەم نووسینە موحازەرەیك بوو ساڵی ١٩٩٣ لەسەر داوای گروپی کوردۆلۆژی لە شارو زانستگای هامبۆرگ خوێندرایەوەو کرا بە ئەڵمانیو ئینگلیزیو بەو دوو زمانە بڵاوکرایەوە) بە وردبینانە بەڕێزی چەند تەرحێکی تازەی خستۆتە سەر رمێژووی ئەدەبی کوردییەوە.

لاپەڕەکانی حەژدە تا بیست و سێ:

بریتیە لە لێکۆڵینەوەیەکی مامۆستا کەریم شارەزا، بە ناونیشانی (وێنەی شیعریی کوردی لە هەردوو باری چەسپاو و جوڵاوی‌دا) بە دوورو درێژی

لە پەیوەندی وێنەو شیعر دواوەو ئینجا دێتە سەر بارەکانی وێنەی شیعریی.

لاپەڕەکانی بیست و چوار تا سی‌و شەش:

بەڕێز مەحمود زامدار بەناونیشانی (١٨ کانوونی لە ژیانی مستەر بلووم)ی وەک بەشێک لە چوار بەشەکەی رۆمانی (یۆلسیس)ی لە زمانی عەرەبیەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردیو لێدوانێکی کورتیشی لەسەر جۆیس و ئەم رۆمانە خستە تەک وەرگێڕانەکەی.

لاپەڕەکانی سی‌و حەوت تا سی‌و نۆ:

کاک کەریم دەشتی بابەتێکی لە زمانی فارسیەوە ئامادەکردووە بەناونیشانی (کۆمیدیای خوداوەندی- شاکاری ئەفسوناوی دانتی) لە یەکەم بەشی ئەم نووسینەدا هاتووە: (کۆمیدیای خوداوەندی شاکارێکی هێجگار مەزنی (دانتی ئەلیزیری) یە کە لەشەش سەدەی رابردوودا بە یەکی لە گەورەترین شاکاری ئەدەبی جیهانی ناسراوە-ئەم کتێبە بریتیە لە سێ بەش: دۆزەخ-فیردەوس-پاکژگە- مطهر-دانتی).

لاپەڕەکانی چل تا چل و یەک:

(بەدژی ئۆدیب دەروازەیەک بۆ ژیانێکی بێ فاشیزم) مێشێل فۆکۆ نووسیویەتیو محمد البکری وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبیو کاک (هەندرێن)یش لە گۆڤاری کتابات معاصرە ژمارە (١٥)ی ساڵی ١٩٩١ وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

لاپەڕەکانی چل و دوو تا حەفتاو حەفت:

ئەم لاپەڕانە تەرخانکراوە بۆ شیعرو ئەم شیعرو شاعیرانە شیعریان تیا باڵاوکراوەتەوە:

-سەفەرو باڵندەی رۆح- سەعدوڵڵا پەرۆش.

-سێ شیعری فەرەیدون مشیری- وەرگێڕانی: ئەبوبەکر خۆشناو

-شتە ئاساییەکان، شتە نائاساییەکان- جەلال بەرزنجی

-هیچ- ئەمیرە محەمەد

-شاعیری سویدی هاوچەرخ- وەرگێڕانی: د. کەمال مستەفا مەعروف

-شەوێ لە شەوانی سمبرخ -٣- صلاح شوان

-گاو گەردوون- نەوزاد رەفعەت

-پەپوولە تەنیاکەی گوڵ عومەر- محمد رەنجاو

-کورت- کەژاڵ ئەحمەد

-جوانیو دارستانی شمشێر- نەوزاد عەلی ئەحمەد

=بەدحاڵی بوون- دڵسۆز حەمە

-چەند دێڕێک لە سەفەرەکانی ئۆرشەلیم- زانا خەلیل

-پرد-سەباحەت تاهیر

-گەرمیان و ئەنفال- فخرالدین گەرمیانی

-یەشمەکانی چۆمسکی- هاشم سراج

-مردن- ئیسماعیل بەرزنجی

-زەردەشت خواوەندی تیشک و پەیام- مەهاباد قەرەداغی

-نەبادا نەتبینمەوە- کوردۆ کاروان

-بێ ناونیشان- ئەحمەد مەلا

-وێنەی وێنەیەکی بێ رتووش- محسن ئاوارە

-ئاوێنەی رەنگەکان-مستەفا زەنگەنە

-نەوە-رۆستەم باجەلان

لاپەڕەکانی حەفتاو هەشت تا سەدو چوار:

لەم چەند لاپەڕەیەدا چیرۆکی چەند چیرۆک نووسێک باڵاوکراوەتەوە کە بەمجۆرەیە:

-شێخی چۆڵی- مستەفا سالح کەریم

پەپوولەی رەش- عباس عبدالله یوسف

-وێران کردن- صدرالدین خۆشناو

-جامبۆ-محمد نوری تۆفیق

-مەراق-عبدالرحمن فەرهادی

-شانۆ سفر- فیصل دێهاتی

-گەمەو گریان- رەووف بێگەرد

-دڵێکی بەرهەتاوی سوور- جەلال مەحمود عەلی

-ئەنگوستیلە- عباس عبدالرزاق

-بەهیوای باران- عەتا نەهایی

-پۆشکە- سابیر رەشید

-رووباری گەرم- چیرۆکی (ئێرسکن کالدوێل) و: شێرزاد حەسەن

لاپەڕەکانی سەدو نۆ تا سەدو دوانزە:

-شانۆنامەی (وەرزنەبوون) لە نووسینی کاک غەفور صالح

عبدالله باڵاوکراوەتەوە.

لاپەڕەکانی سەدو سیانزە سەدو چوارده:

–نووسینێکە بەناونیشانی (رۆمانی ١٩٨٤ی جۆرج ئۆرویل) کە بەڕێز محمد شاکەلی لە زمانی فارسیەوە ئامادەی کردووە.

لاپەڕەکانی سەدو پانزەدو سەدو نۆزده

لێکۆڵینەوەیەکە بەناونیشانی (ڕۆژهەڵاتناسەکان و نیگارکێشان) کە کاك: فەرهاد پیربااڵ نووسیویەتیو بابەتەکەی بە بااڵوکردنەوەی چەند وێنەیەك دەوڵەمەند کردووە.

لاپەڕەکانی سەدو بیست تا سەدو بیست و چوار:

نووسینێکی ریپۆرتاژ ئاسایە بە قەڵەمی کاك شێرزاد هەینی نووسراوە، بەناونیشانی (قەڵای ڕاپەڕین) باس لە یەکەم فکرەو یەکەم بانگەوازی قەڵاکە دەکات تا ئەوێ ڕۆژێ کە قەڵاکە باڵای کردو بەرەو ئاسمان بەرزبۆوە.

لاپەڕەکانی سەدو بیست و پێنج تا سەدو بیست و نۆ:

–نووسینێکی تەنزئامێزی کاك خالید جوتیار–ە، بەناوی (تراژیدیای کەرایەتی– سەربردەو ماجەرای محمود زامدار) ئەم نووسینە خوێندنەوەو دەوڵەمەندکردنی کتێبێکی کاك مەحمود زامدار–ە بەناونیشانی (تراژیدیای کەرایەتی).

لاپەڕەکانی سەدو سی تا سەدو سیو دوو:

–بابەتێکی مێژوویی بەناونیشانی (شێخ عوبەیدوڵاڵای شەمزینی، خۆزییەك مەزن هەبوو– پشکائێکێ) لە نووسینی کاك ئیسماعیل گەیالنی.

لاپەڕەی سەدو سیو سێ:

–ڕازێکی کاك ڕەئوفی ئەحمەد ئالانی–یە بەناونیشانی (تەعال.. وریا)

لاپەڕەکانی سەدو سیو چوار تا سەدو چل:

بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی مامۆستا حەمە کەریم هەورامی بەناونیشانی (میتۆلۆژیا لە شیعرەکانی مەولەویدا) و لە چەند الیەنێکی ژیانی مەولەویو شیعرەکانی دواوە.

لاپەڕەکانی سەدو چل و یەك تا سەدو شەست و پێنج:

تایبەتە بە ڕۆمان و سێ ڕۆمانی لەخۆوە گرتووە، کە لە هەر یەکێکیاندا بەشێك لە ڕۆمانەکان باڵوکراوەتەوە.

–مردن لە نێو پێاڵودا– سەالح عومەر (بەشێکە لە ڕۆمانی تاریکستانی لم).

–برسێتی پیرۆزە–عبدالله سەراج– (بەشێکە لە ڕۆمانی ڕەونامە)

–ئەژدیها–بەشی (٥) محمد موکری (دوابەشە لە ڕۆمانی ئەژدیها)

بەرگی گۆڤارەکە:

بەرگی گۆڤاری نووسەری کورد خوولی ڕاپەڕین – ژمارە (٦،٥) ی ئەیلولی ١٩٩٦ بەمجۆرەیە:

–بەرگی پێشەوەی بەکارێکی هونەرییانەی هونەرمەند نامیق غەلی قادر رازاوەتەوە.


–بەرگی یەکەم ڕووی ناوەوە: چەند شیعرێکە لە دیوانی "مێژگی زام.. مێژگی هەتاو)ەوەی کاك شێرکۆ بێکەس، کە هەر بە دەست و خەتی خۆی باڵوکراوەتەوە.

–بەرگی دواوە ڕووی دەرەوەی، بە وێنەیەکی فۆتۆگرافی قەڵای هەولێر رازاوەتەوەو ناوی گۆڤارەکەش هەر لە بەرگەدا بە ئینگلیزیو عەرەبی نووسراوە.

–بەرگی دوواوە ڕووی ناوەوە: کارێکی تازەی ڕۆژنامەگەرییانەیە کە بریتییە لە کۆالژکردنی ئەو شیعرانەی لەم ژمارەیەدا، باڵوکراونەتەوەو شیعرێکی تازەیان لەبەر نووسراوەتەوە بەناوی (زەمەنی کۆالژە ڕووتەکان) ئەز بەم کاری کۆالژە هەڵساوم لەژێر ڕێنمایی کاك محمد موکری دەقی ئەو شیعرە کۆالژکراوە بەمجۆرەیە:

زەمەنی کۆژە ڕووتەکان

بەرلەوەی،
شەو بەسەر نیوەڕۆی عومری تۆو
ئێوارەی پایزی تەمەنی من دابێ
هەزار کفر..
دارستانێك خۆشی ویستم، رازی نەبووم
نەوەك شەوێك لەگەڵ باران دا نووستبێ
تراژیدیای خوێن و تۆڵە فەرامۆش کا


Nuseri Kurd

The Kurdish writer

Bulletin of Union of The Kurdish writer

• Edistor- in - chief • Izzadin Mustafa Rasoul, Ph..D.sc

دەبا ببارێ بەشی ئەفسووناوی
کێو نەما نەتناسێو سەری لێ نەدەی
(با) دەمامکەکان دێنێو
گۆڕستانی سنۆبەرو ئەسپی ئاسمان دەژەنێ
وەک حەسرەتێ
بۆ دەفژەنانی ئەڵقەی سۆز،
من لەوساوە بەهەشتێکم ئەسوتێم و
موریدانی رووگەی هەق و خێر خەمبارن
مەرگ بەچنگە رەشەکانی
تەوقەمان لەگەڵ دەکاو
زەمەن، بازنەیەکی پێوە دراوە
لە خەونی شاعیران مەزنترە
دنیایەکی سەیرە..
هەر دەڵێی نوکتەیەکی ئەزەلیە
شەودامانی خۆی بەرەڵڵا دەکات
ئێمەی هوردە ئەستێرەی برسی
حەسرەتی زریان هەڵدەکێشین
لە مابەینی ئێرەو ئەوێ شوێنێك نیە
دارستانی هەزرو گۆڕستانی ساتەکانی تیا
حەشاردەم
ئەمشەو تەنیا من و رووبارێکی مردوو
بەدیاریەکەوە دانیشتووین، لاشەی یەکتر
ئەپارێزین

ئابی–١٩٩٦

ئەنجام و خۆزگە

کەواتە ئەگەر گۆڤارێك بەو ئاستە ئەوەندە بابەتی بڵاو کردبێتەوەو مۆرکی هیچ لایەنێکی حزبی پێوە نەبیت و تەعبیر لە کۆدەنگی ئەدیبانی کورد بکات– پێویستی نەدەکرد بەو دەردە ببردرێت و لەبەرچاوی ئەدیباندا چەکە قورسەکان بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ حەرفەکاندا بکات، لە کۆتایی ئەم نووسینەدا تاکە خۆزگەیەکم ئەوەیە کە ئەگەر نیاز وایە دەست بەدەرکردنەوەی گۆڤاری (نوسەری کورد) بکرێتەوە با ئەم ژمارەش چاپ بکرێتەوە.؟

بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ کۆنگرەی سێیەمینی خۆی بەست

بە ئامادەبونی هەڤاڵ (مام جەلال) سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بەڕێز مستەفا چاوڕەش لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەڕێزان شێخ محمد شاکەلی وەزیری رۆشنبیری و کاك ئەبوبەکر خۆشناو ئەندامی سەرکردایەتی (ی.ن.ك)، بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ لە رۆژانی ٢-٣/٣/٢٠٠٠ کۆنگرەی سالانەی خۆی سازدا سەرەتای کۆنگرە سەعات سێی ئێوارەی ٢/٣/٢٠٠٠ بەڕێز (مەلا بەختیار) لە وتەیەکی کورتدا رۆڵی کۆنگرەی بۆ ئامادەبوان روون کردەوە و لە دوایشدا هەڤاڵ (مام جەلال) سەرۆکی هەرێمی کوردستان وتەیەکی بەنرخی پێشکەش بە ئەندامان و میوانە بەڕێزەکان کرد کە تیایدا رۆڵی رۆشنبیرانی بەرز نرخاند، داوای لە سەرجەم ئەدیبان و روناکبیران کرد کە بە مێشکێکی فراوانەوە مامەڵە لەگەڵ روداوەکانی کوردستان بکەن، وەهەروەها هیوای ئەوەی خواست کە سەرجەم نوسەران و توێژە روناکبیرەکانی کوردستان ریزەکانیان زیاتر تۆکمە بکەن و پردی نێوانیان سەقامگیربێت بەتایبەتی لەگەڵ رۆشنبیرانی بادیناندا، دواتر هەڤاڵ (مام جەلال) هاتە سەر بەرز نرخاندنی ئەو دروشمە دێرینەی کە لەمێژە یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەڵگری و پابەندی بووە ئەویش دروشمی (نان و ئازادی بۆ نوسەران و هونەرمەندان) لە کۆتایی وتارە ناوازەکەیدا هیوای بۆ سەرکەوتنی سێیەمین کۆنگرەی بنکە خواست.



دوابەدوای وتەکەی هەڤاڵ (مام جەلال) بەڕێز سابیر صدیق وتەی بنکەی ئەدەبی و روناکبیری گەلاوێژی خوێندەوە، دواتر بەڕێز کاك سەلاح محمدی شاعیر راپۆرتی روناکبیریی پێشکەش بە ئامادەبوان کرد کە تیایدا هەموو ئەوچالاکیانەی بنکەی خستەڕوو کە لە کۆنگرەی دووەمەوە تا ئەم کۆنگرەیە پێی هەستاون ئەویش بە چاپ گەیاندنی چەندەها کتێب و نامیلکە و سازدانی چەندەها کۆڕو سیمینار هەروەها دەرکردنی چەند ژمارەیەکی گۆڤاری گەلاوێژی نوێ و سازدانی چوارەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژی گرتبوەخۆ.

دواجار خاتوو ئەرخوان راپۆرتی دارایی پێشکەش کرد، شایەنی باسە بەڕێوەبەری سازدانی ئەم وتانە هەر بۆ ئەو مەبەستە سەرلەبەیانی رۆژی ٢٠٠٠/٣/٣ گفتوگۆ درێژەی پێدرا شایانی باشە تا سەعات ٢٠و١ سەرجەم ئەندامانی بنکە رەخنە و پێشنیاری خۆیان تیا پێشکەش کرد. تا دواجار لەسەر پەیڕەوێکی شایستە و یاسایی رێك کەوتن. جێی خۆیەتی کە رۆڵی هەریەك لە بەڕێزان (کاك حسین عارف، کاك جەمال غەمبار) لە رووی یاساییەوە بۆ پیاچوونەوەی ئەم پەیڕەوپرۆگرامە لەیاد نەکرێت.

سەعات سێی نیوەڕۆش هەڵبژاردنی دەستەی نوێ لە کەشێکی ئازادانەدا دەستیپێکرد. بە ئامادەبوونی دادوەری بەڕێز (رزگار محەمەد ئەمین) و نوێنەری یاسایی پارێزگای سلێمانی (بەکر



هونەرمەند دڵشاد مستەفا بوو. دواتر هەریەك لە ئەندامانی دەستەی پێشوو کە بریتیبوون لەم بەڕێزانە (سابیر صدیق، صلاح محمد، ئەرخەوان، کاوە حاجی عەزیز). تەواوبوونی کاری پێشووی خۆیان بە سەرجەم ئەندامانی بنکە راگەیاند. هەروەها وا پێشنیارکرا کە لیژنەی سەرپەرشتیاری کۆنگرە پێك بهێنرێت بۆ ئەم مەبەستە بەڕێزان (د. محمد عبدالفتاح، محمد نوری توفیق، مدرك ژالی، کەژاڵ عەلی، سەردار راوچی) شەرەفی سەرپەرشتیاری سێیەمین کۆنگرەیان پێبەخشرا. دواجار دەرگای گفتوگۆ لەسەر پەیڕە و پرۆگرامی ناوخۆی بنکە والابوو کە تا سەعات شەشی ئێوارەی خایاند

عەبدولکەریم سەعید) دەرگای خۆپاڵاوتن خرایە سەرپشت و شایەنی باسە (١١) ئەندامی بنکە خۆیان بۆ دەستەی بەڕێوەبردن هەڵبژارد.

لە سەعات (٥) ی سەرلەئێوارە دەست کرا بە فەرزکردنی دەنگەکان دواتر دادوەر ئەنجامی هەریەك لەو بەڕێزانەی کە خۆیان پاڵاوتبوو ئاشکراکرد ئەم شەش بەڕێزە بۆ دەستەی نوێ هەڵبژێردران:

١- کاوە حاجی عەزیز	١٠٣ دەنگ
٢- محمد دلێر ئەمین	٨٤ دەنگ
٣- رەئوف عوسمان مەعروف	٧٩ دەنگ
٤- زۆراب عەبدوڵڵا ئیسماعیل	٧٩ دەنگ
٥- خاتوو ئەرخەوان	٧٨ دەنگ



٦- سابیر صدیق ٦٧ دەنگ

وە هەریەك لەم دوو بەڕێزە وەك ئەندامی یەدەك دەرچوون:

١) ئاکۆ کەریم مەعروف ٦٦ دەنگ
٢) محمد عمر عوسمان ٥٩ دەنگ

لە رۆژی ٢٠٠٠/٣/٥ دەستەی تازە کۆبوونەوەی خۆیان سازدا، کاری هەریەك لە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەر دەست نیشان کرا ئەویش بەم شێوەیەی لای خوارەوە بوو:

١- رەئوف عوسمان سەرۆکی بنکە.
٢- کاوە حاجی عەزیز جێگری سەرۆك.
٣- زۆراب عەبدوڵڵا سکرتێری ئەدەبی و رۆناکبیریی.
٤- محمد دلێر ئەمین ئەندامی کارا و سکرتێری کاروباری فێستیڤاڵ.
٥- خاتوو ئەرخەوان سکرتێری دارایی.
٦- سابیر صدیق سکرتێری ئیداری.

شیاوی باس و وەبیرهێنانەوەیە کە لەم کۆنگرەیەدا کۆمەڵێك راسپاردە و پێشنیاز پەسەند کرا لەوانە:

١) یادداشتێك بدرێتە وەزارەتی پەروەردە تا بە زووییی هەوڵ بدرێ مەنهەجی خوێندن بەشێوەیەکی شیا و بگۆڕدرێت و سەرتاپا کتێبەکانی خوێندن لە دەمارگیری و شۆڤێنی پاکتاو بکرێت.
٢) هەوڵدان بۆ دابین کردنی کورسی خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگاکان بۆئەو ئەندامانەی کە لە خوێندن دابڕاون یاخود دەیانەوێ لە خوێندنی بااڵدا بخوێنن.
٣) هەوڵدان بۆ دابین کردنی (پارچە زەوی) بۆ ئەندامانی بنکە بەتایبەتی ئەوانەی کە تا ئێستا سوودیان لەو بوارە وەرنەگرتووە.
٤) هەوڵ بدرێ ساڵانە دوو ژمارە یان ژمارەیەك بە زمانی عەرەبی لە گۆڤاری گەلاوێژی نوێ چاپ بکرێ بەمەرجی بریتی بێ لە وەرگێڕانی باشترین بەرهەمی ئەو ساڵانە کە لە ژمارە کوردیەکانی گۆڤارەکەدا باڵوکراونەتەوە. شاراوە نییە گۆڤاری گەلاوێژی نوێ دوو مانگ پێش کۆنگرە دەستیکردووە بە کارکردن بۆ ئەم مەبەستە و لە تەلەفزیۆندا وەك ئاگاداری باڵویکردۆتەوە.

کەنارەکانی گەلاوێژینوێ

کەوانە

- لە دەربەندی پەپوولە تامی قەزوانی کوردستانم کرد
- نوسەرانی شاخ و سەرەتاکان
- ئەدەبی منداڵان لە سەدەی بیستەمدا
- چەتری پاس و بیرەوەری
- فەرهەنگی کۆمەڵزانی
- وێنەیەک بە پێنوس
- حەننامینا، ئەو سەرتاشەی بوو بە ئەستێرەیەکی پرشنگداری رۆمانی عەرەبی

لێرە

- شیعر و رەنگ
- پێشانگەیەکی هاوبەشی هونەرمەندان (سەروەت ئەنوەر سەوز) و (سامان گەریم)
- یادی رۆژی جیهانی شانۆ

لەوێ

- دوو کۆمەڵە شیعری رەفیق سابیر بەسوێدی‌و فارسی
- لە سوید فەرهاد شاکەلی باشترین خەڵاتی پێشانگەی پەخشان وەردەگرێت
- ئەحمەد شاملۆ و خەڵاتێکی سویدی.
- حەوت ملیۆن دانە لە (پێغەمبەر) ی جوبران خەلیل جوبران فرۆشراوە.
- خەڵاتی نەجیب مەحفوز درا بە ئیدوارد خەرات.

کتێبنما

(کەرت بوونی رۆح، لە عەممانەوە بۆ ئامێدی، سێ شانۆنامەی چیخۆف، المدینة، فریشتەی بەفر و باران، قەڵا، دوو شانۆنامە، لەسەر شەقامی ساتەکان، باخچە رەژوەکانی حەقیقەت، ژوورەکەی دەلیا، میری چکۆلە، منارْ و شیعر، ئۆزدەمیر و کورد، گوناهەکانی بەفرو سێبەر)

هەوانە

لە دەربەندی پەپوولە
تامی قەزوانی کوردستانم کرد

لە کۆتایی مانگی (٣) تا سەرەتای مانگی چواری ئەمسالّ لە شاری سنەی کوردستان پێشانگەیەك بەناوی (دەربەندی پەپوولە) کرایەوە. لەم پێشانگەیەدا (٣٥) تابلۆ نمایش کرا، لەوانە (٥)یان لەسەر شێوازی کوبیزم ئەنجام درابوون و ئەوانی تریش بەپێی شێوازی تر.

هەڵبژاردنی (دەربەندی پەپوولە) راستەوخۆ شاعیری کورد کاك (شێرکۆبێکەس) ی خستەوە بیرم، هەروەك چۆن دەربەندی پەپوولەکەی شاعیری ناوبراو دەربەندی پەپوولەی دوورگەی (رۆدۆس) ی یۆنانی لەوەپێشتر خستبووەوە بیرم.

دەربەندی پەپوولەی لەمەڕ یۆنان ناوکەفی شاخێکە لە دوورگەی رۆدۆسە. لەوێ ژمارەیەکی زۆر پەپوولە، لەنێوان (١٢–٢٠) ملیۆن، دەڵێ، بە رۆژ دەخەون و بەشەو دەکەونە گەڕان.

ساڵی ١٩٩١ سەردانی ئەو دوورگەیەم کرد.. لەوێ چوومە دەربەندی پەپوولە. کەش و هەواو سروشتەکەی کوردستانی دەهێنایە پێش چاو. دەستم کرد بە جوینی گەڵای سنەوبەر، تامی قەزوانی خۆمانی دەدا.

دەست خۆشی لە برا هونەرمەندەکانی شاری سنە بێت



زۆراب

پێشانگەی: دەربەندی پەپوولە
نیگارکێش: ئەکبەری مەنسوری
تەکنیك: گواش و ئەکریلیك
(٣/٢٨ – ٤/٥)/٢٠٠٠

نوسەرانی شاخ و سەرەتاکان

عەبدوللاّ کەریم مەحمود

لە هەڵ و مەرجێکی دژوارانەی شاخ دا، دەستەیەك نووسەری خاوەن هەڵوێست و پێشمەرگە لە چیاکان دا.. توانیان بە هەموو بیرۆبۆچونێکی جیاوازەوە یەکێتی نوسەرانی شاخ پێك بێنن وشە بکەن بە چەکی بەرگری.

بۆئەوەی خوێنەر ئاگای لە سەرەتاکان بێت چاومان بە چەند ئەدیب و نوسەرێك کەوت.

لە ١٩٨٠/١٢/٢٣ یەکەم بەیان نامەی یەکێتی نووسەرانی کوردستان لە توژەڵە بلاّوکرایەوە

بۆ ئەم مەبەستە بەڕێز ئەبوبەکر خۆشناوی شاعیر و نوسەر و پێشمەرگە وتی:

ئێمە وەك نووسەرانی کورد لە شاخ – واتە ئەندامانی یەکێتی نووسەرانی کورد – ئەوانەی پێشمەرگە بوون سەر بە حیزبی جیاواز بوون، بیرمان لەوەکردەوە، کە ئەو یەکێتیە بژێنینەوە و گۆڤارێك دەربکەین و بەرهەمی ئەدەبی بەرەنگاری بە چاپ بگەیەنین، بۆ ئەو مەبەستە چەن کۆبونەوەیەکمان کرد، راوێژمان بە لایەنە سیاسیەکانیش کرد، هەموویان پشتگیرییان دەکردین.

بەرهەمی کۆبوونەوەکان پێك هێنانی دوو لیژنە بوو:

یەکەم: لیژنەی ئامادەکار کە بریتیبوون لە (عەباس موحەمەد حسین، هەڵاّ کۆیستانی، ئەحمەد دلّزار، رەفیق سابیر).

دووەم: دەستەی نووسەرانی گۆڤاری نووسەران: بریتیبوون لە: (ئەبوبەکر خۆشناو، رەفیق سابیر، هەڵاّ کۆیستانی، ناسر حەفید).

یەکەمین بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتی نوسەرانی کوردستان – نەك کورد – لە ١٢/٢٣/ ١٩٨٠ لە توژەڵە بلاّوکرایەوە و لە رادیۆی (دەنگی شۆڕشی عێراق – پاشان دەنگی گەلی کوردستان) ەوە راگەیەنرا.

لەبەرچی ناونرا یەکێتی نووسەرانی کوردستان؟ ئێمە رامان وایە، ئێستاش رام وایە، کە یەکێتیەکە هی کوردستانە وەك ولاّت، نەك وەك رژێم، کە پێی خۆش بوو، (کورد) بی تا تەنیا سیفەتی شەخسی بداتە پاڵ و لایەنی ولاّتی لێوەرگرێتەوە، گۆڤارەکەمان ناونا (بێروو) تا لە گۆڤاری (نووسەری کورد)، کە پێشتر دەردەچوو، جودابێ، ژمارە ٠١) لە ئاداری (١٩٨١) چاپ کراو لە چاپخانەی شەهید


مەوانە

ئیبراهیم عەزۆ چاپ کراوە، پاشان لە ئابی (١٩٨١) – کاتێ هەندێ نووسەری تر هاتنە دەرەوە– بڕیار درا ناوی گۆڤارەکە ببێتە – نووسەرانی کوردستان–، من لە (١٩٨٣) دا بوومە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر و بارەگاکەمان ماوەیەك لە گوندی (بەردانگە) ی دۆڵی شاورێ بوو، پاشان گواستمانەوە سوردراش.

ئەو نووسەرانەی (ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد) بوون، لەکاتی دامەزراندنی (یەکێتی نووسەرانی کوردستان) دا پێشمەرگەبوون، ئەمانەبوون: (ئەحمەد دڵزار، عەباس مەحمەد حسین، رەفیق سابیر، هەڤاڵ کۆیستانی، ئەرسەلان بایز، ئەبوبەکر خۆشناو، مەحمەد رەنجاو، ئەحمەد رەجەب، هاشم کۆچانی، شەهید جەمیل رەنجبەر، ناسر حەفید).

نووسەرانی کورد بێ یا نووسەرانی کوردستان

بۆئەوەی زیاتر لە بارودۆخی سەرهەڵدانی یەکێتی نووسەرانی شاخ بگەین بەڕێز (حسین بەفرین) ی شاعیر و نووسەر وتی:



بارودۆخی پێشمەرگایەتی ئەوکاتە پارتیزانی‌بوو،، بۆیە زەحمەت بوو مرۆڤ بیویستایە کاری دەستەجەمعی دروست بکات، چونکە پێشمەرگە رۆژێك لێرەو رۆژێك لەوێبوون، یەکتر ببینن و یەکتر بەسەرکردنەوە رۆژ زەحمەت بوو، ئا لەو رۆژگارەدابوو کەڵکەڵەی کۆکردنەوەی ئەو چەند نوسەرەی لە ناوچەکانی کوردستاندا بە پەرش و بڵاوی دەژیان کەوتە سەرمەوە، بۆ ئەو مەبەستە قسەم لەگەڵ شەهید (جەمیل رەنجبەر) دا کرد بە ماوەیەك بەر لە شەهیدبوونی ئەولای خۆیەوە بە هەموو کارێکی ئێمە رازیبوو، گەر هاتوو شتێکی دەستە جەمعی وەها هاتەدی، لە دواییدا وتی: (چونکە وەزعەکە ناهێڵێ ئێمە هەموو لە یەك شوێندا کۆببینەوە و زەحمەتە بتوانین هەمیشە یەکتر ببینین بۆ نمونە من ئێستا دەچمەوە بۆ ناوچەی هەولێر، رەنگە لەوەختێکی زۆر دووردا بتوانین چاومان بە یەك بکەوێتەوە یا نا).

ئەو لەو گەڕانەوەیدا شەهید بوو، دوای ئەو قسەم لەگەڵ (هەڤاڵ کۆیستانی) دا کرد ئەگەرچی لە سەرەتادا (هەڤاڵ) گەشبین نەبوو، بەوەی بتوانین شتێکی ئەوتۆ بکەین، بەڵام دوای قسەوباسێکی زۆر گەیشتە ئەو بڕوایە، هەوڵدان شتێکی خراپ نییە و لەوانەیە سەربگرێت و ئەنجامی هەبێو ئێمە لە سەرەتاوە وامان دانا کە دانانی بەردی بناغە لەلایەن چەند کەسێکەوە ببێت، شیاوی ئەوەش بن پەنجەی بەهرە و توانایان بۆ درێژبکرێت.

بۆ ئەو مەبەستە هەردووکمان بە میوانی چوین بۆ لای (هاوڕی کاوە) واتە (رەفیق سابیر) ی شاعیر کە پێشمەرگەی حزبی شیوعی بوو، دوای قسەو باس و یەك دوجار سەردان و هاتوچۆکردن بۆ لای یەکتری، ئەویش هاتە ریزەوە و بووینە سێ کەس، پاشان هەڤاڵ پەیوەندی بە کاك (ئەبوبەکر خۆشناو) و کاك (ئەرسەلان بایز) و کاك (حاجی مەمۆ) واتە (عەباس محەمەد حسین) هەوە کرد و چوە لای (عومەر شێخ موسی و د. کەمال خۆشناو) کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك) بوون، ئەوانیش ئامادەیی (ی.ن.ك) یان بەوە راگەیان (کە ئەگەر شتێکی وا بکەن (ی.ن.ك) ئامادەیە نانێکیان لەگەڵ دا بکات بە دوو بەشەوە، ئەمانە هەمووی جێبەجێکران و ئەوسا هەوڵی ئەوە درا کۆبوونەوەیەك سازبکرێت، بە رێکەوت هەردوو کەسی ناوبراو (عومەر شێخ موسی و د. کەمال خۆشناو بە میوانی هاتنە مقەڕی ئێمە) من و هەڤاڵ کۆیستانیش ئەو هەلەمان قۆستەوە، ئەو ئەرکی کۆکردنەوەی برادەرانی تری گرتە ئەستۆ چونکە نزیك بون، منیش ئەرکی چوونە لای حیزبی شیوعی و هێنانی هاوڕێ کاوەم گرتە ئەستۆ، بە حوکمی ئەوەی من تێکەڵاویم بە برادەرانی حیزبی شیوعییەوە هەبوو، جێی سیقە بووم، ئەوەبوو، کاك تەحسین و ئەوان لێم دڵنیابوون و کاك رەفیقیان پێسپاردم، چونکە وەزعی ناو حزبەکان تەواو نەبوو،

ڕەوانە

ئەوسا من و هاوڕێ کاوە بۆ ئێوارە گەیشتینە مقەڕێ ئێمە لە (تووژەڵە) و شەو هەموو پێکەوە کۆبوونەوە یەکی چەند سەعاتیمان سازدا و ئەم خاڵانەمان باس کرد:

– ئەو یەکێتی نووسەرانەی کە هەوڵی بۆ دەدرا نوسەرانی کورد بێت یا کوردستان، بێگومان قسەمان زۆر لەسەر کرد، ناچار خستمانە دەنگدانەوە، من و ڕەفیق سابیر (نوسەرانی کورد) مان بە ڕاست دەزانی بەڵام هەڵ کوێستانی و حاجی مەمۆ و ئەبوبەکر خۆشناو و کاک ئەرسەلان) حەزیان لە کوردستانیەت هەبوو، ئەوان بە چوار دەنگ حەزەکەیان سەپاند.

– ئەم چەند کەسە لیژنەی تەحزیری بن تا ڕۆژێک لە ڕۆژان یەکێتی نوسەران پێک دێت.

– بەیانێک دەربکرێت و ڕەوانەی دەرەوەی وڵات و ناو شارەکان بکرێ و بە ئێستگەش بڵاوبکرێتەوە.

– ئەو لیژنەیە گۆڤارێک دەربکات بۆئەوەی وردە وردە لەناو پێشمەرگە و ئەملاولادا خۆی بسەلمێنێ و نوسەران لەخۆی کۆبکاتەوە.

دوای ئەوەی قسە لەسەر بەیانەکە کرا کە چۆن بێت؟ و چی بنووسرێ؟ و کێ بینوسێت؟. حاجی مەمۆ بەپێی ئەوەی ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵەبوو هەڵیدایە و وتی: (با کاک ڕەفیق سابیر بەیانەکە بنووسێت و تیایدا باسی ڕۆڵی وشەی کوردی و نوسەری کورد بکات کە چۆن دێی بە تاریکی دا و چۆن خۆگربووە). ئەم قسە ئەمراویەی (حاجی مەمۆ) سەرلەنوێبووە دەنگە دەنگ و قسەوباس بەتایبەتی ئەوان لەلایەک و من بەتەنیا لەلایەک، چونکە مەسەلەکە من و کۆنگرەی پێنجەمی نوسەران و جیاوازی لەنێوان دوو جۆر ئەدەبا بوو، لە شار و لە شاخ. ئەگەر بە قسەکەی حاجی بێت ئەوا جیاوازی لەنێوان شار و شاخ دا نییە ئیتر سەرپەشەی بۆچییە. پێویستە زۆر عاقڵانە قسەی لەسەر بکرێت، من پێم لەسەر ئەوە دادەگرت کە پێویستە ئەو بەیانە دەستنیشانی کۆنگرەی پێنجەم و شەشەمی نوسەرانی شار بکات، بێگومان ئەوان چونکە هەر هەموویان ئەندامی ئەو کۆنگرانەبوون بەڵە هاتنەدەرەوەیان، زۆر بە گەرمی بەرگرییان لەخۆیان دەکرد، ئەگەرچی هەڵ و ڕەفیق و هەندێ براەری تریان لە ناخەوە بڕوایان وابوو کە پێویستە جیاوازی بکرێ، ئیتر لەوێدا من و ئەوان بووینە دوو ڕا و بۆچوونی جیاواز، من بڕیارم دا بەشداری هیچ جۆرە کارێکی ئەدەبی لەگەڵ ئەواندا نەکەم. ڕووم کردە بێدەنگی و دوورەپەرێزی.

هەموو ڕەنجێ گەنج بەرهەم ناهێنێ

دوای ئەو کۆبوونەوەیە لەناو پێشمەرگەدا مەسەلەکە بووە هەڕا و قسەلەسەرکردن تەنانەت هەڵ بە پێکەنینەوە ئەیوت کاک حسین ئێمە بە ئومەمی دووەم ئەزانێ و شیعاری (ئیفلاسی ئومەمی دووەم) ی بەرزکردووەتەوە، جا هەر وابوو ئەوان هەر لە سەرەتاوە دوچاری ئیفلاس بوون بەڵام هەر درێژەشیان بەو ئیفلاسیە دەدا، چونکە چ هەڵ و چ ڕەفیق چاک لەوە حاڵیبوون ئەو ئەدەبە شۆڕشگێڕیەی بیریان لێدەکردەوە و لەسەرەتاوە لەسەری ڕێک کەوتین ئەوە نەبوو کە ئەوان کاریان تیا دەکرد، دیارە بۆئەوەی کارەکەیان سەربگرێ بۆ کۆبوونەوەی دووەم پەیوەندیان بە زۆر خەڵکی تردەوە کرد، ئەگەرچی بە حەزی خۆشیان نەبوو بەتایبەتی هەڵ کوێستانی، بۆ نمونە ناصر حەفید و حەمە ڕەنجاو لەلای حسک و شەهاب عوسمان لای (ی.ن.ک) و کەسانی تریش لای حزبی شیوعی وەک دڵزار، دوای ئەوە لە دانیشتنی دووەم دا، بەیانێکیان دەرکردو بڵاویان کردەوە، دوایی گۆڤارێکیان دەرکرد کە ناوی (پیرۆ) بوو، ناوەکەی (هەڵ) داینا، چونکە ئەو حەزی لە وشەی سەیر و سەمەرەبوو، ئیتر من لە هیچ دانیشتنێکی ئەوان و هیچ بیروڕایەکی ئەواندا بەشداریم نەکرد، ئەوەبوو هەر لە یەکەم ژمارەی (پیرۆ) دا دژایەتی کەوتە ناویان بەتایبەتی لەنێوان هەڵ و حەمە ڕەنجاودا ئاگرەکە خۆشکرا لەسەر ئەوەی هەڵ وتارێکی حەمە ڕەنجاوی بڵاوکردبووەوە، تەنیا ناوی (حەمە) ی لەسەر نوسرابوو، هەڕاو ناخۆشی پەیدابوو، تا وای لێهات (حەمە) لای (ی.ن.ک) شکاتی کردو، دواجار (مەلا بەختیار) یان هات بۆ ناوبژیکردن. بە ئەمری (مەلا بەختیار) سەرلەنوێ گۆڤارەکە هەڵوەشێندرایەوە و (حەمە) یان تیا کرد بە (حەمە ڕەنجاو)، پاش ئەوە بە هەڵ بە منی وت (حەز دەکەم بە ئارەزوی خۆت لەسەر کۆنگرەی پێنجەمی نوسەران بنوسی و.. چیت ئەوێ بیڵێ و بەناوی خۆتەوە بڵاوی دەکەینەوە). منیش وتم: (تا من لەم شاخ و کێوەبم، وشە چییە لەگەڵ ئێوە بڵاوی‌ناکەمەوە.. جاری دووەم خواخۆم بگرێ گەر بڕوام پێکردن)، ئیتر بەوجۆرە من دوور لە هەموو مەسەلەیەکی ئیعلامی ئەو حزبانە لە دنیای

مەوانە



ژمارە (٤) ی نوسەری کوردستانمان
لە پشتاشان چاپ کرد

بۆئەوەی لە سەرەتای سەرهەڵدانی چۆنیەتی دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کوردستان ئاشنابین بەڕێز (محەمەد رەنجاو) ی شاعیر و نووسەر و پێشمەرگە وتی:

نیسانی (١٩٧٩) بوو، تازە ئێستگەی دەنگی شۆڕشی عێراق دانرابوو لە پشتی توژەڵە، ئەوسا تەنیا من و رەفیق سابیر وەك ئەدیب و نوسەر لەوناوچەیەدا بووین و دەست بەکاربووین) مامۆستا جەعفەر (فازل کەریم) لێپرسراوی راگەیاندن بوو) لەو دەمانەدا کۆمەڵێك روناکبیری کوردی ئێران سەر بە کۆمەڵەی ئێران هاتوچۆی راگەیاندنیان دەکرد و لەوێ یەکترمان دەبینی، بۆئەوەی بە هەردو لامانەوە گروپێك بەناوی نوسەرانەوە دروست بکرێ و نوسەرانی باشور و رۆژهەڵات بەشداری تێدا بکەن، بەڵام ئەو هەوڵە بەهۆی بێسەروبەرەیی ژیانی منەوە نەگەیشتە ئەنجام، من لەگەڵ هەمویان دا تێکم دا، لە دوایی‌دا نوسەرانێکی زۆر بەهۆی شەڕی ئێران – عێراقەوە هاتنە دەرێ و من و ناسر حەفید لە بێدەنگی‌دا لەگەڵ سالە دوورودرێژەکان دا دەڕۆیشتم بەدەگمەن شیعرێك یا نووسینێکم نوزەی بە خەڵکی دەگەیشت.

پاش ماوەیەك بەهۆی زروفی تایبەتییەوە دەوری ئەو نوسەرانە قەرەبالغ بوو سەرەتا (حەمەی حەمە باقی) و سەلام محەمەد و پاشان حەمە موکری و حەمە کەریم و فەرید زامدار و سەعدوڵا پەڕۆش و زۆری تر هاتنە دەر و دیوەخان گەرم بوو بەڵام بە عافواتی هەشتاودوو زۆریان گەڕانەوە شار یا چوونە هەندەران.

لە کۆتایی هەشتاوسێ‌دا "حەمەسەعید حەسەن" هاتە دەروە، بۆ یەکەم جار بە نووسینی (نوسەرانی کورد چی بەسەرهات؟ ئەو راستی‌یەی ئاشکراکرد کە من و هەڤاڵ و برادەران هەر لە سەرەتای دامەزراندنەوە لەسەری ناکۆك بووین. ئەوەبوو ئاگری شەڕێکی تر لە نێوان حەمەسەعید و نوسەرانی شاردا هەڵگیرسا و، ئەمە چەند دێڕێکی درشت بوو لە باسکردنی نوسەر و نوسەرانی شاخ و ئەو ئەرکە نیشتمانییەی لە گیرفانی‌دابوو. تەنیا مەبەستم ئەوەیە هەموو رەنجێك مەرج نیە گەنج بەرهەم بێنێ، ئەمە کەمێك لەو چیرۆکەی کە خەڵکی ناپەوێ حەقیقەتەکەی باس بکات.

راگەیاندنی سوسیالیست کارمان دەکرد و لە دەرگای راگەیاندنی یەکیەتیەوە بانگێشتیان کردین کە هەڵێك لە ئارادایە بۆ دروست کردنی یەکێتی نوسەران، کە چوومین (کاك ئەرسەلان بایز و کاك ئەبوبەکر خۆشناو و برایان فازل جاف، رەفیق سابیر) دڵنزار و کۆمەڵێك برادەری تر لەوێبوون، هەر ئەو رۆژە بەیانتامەیەکیان دارشت و یەکیەتی نوسەرانی کوردستانیان راگەیاند، هەر ئەو رۆژە کاك فازل جاف بەیانتامەکەی کردە عەرەبی و بڵاوکرایەوە.

یەکێتی نوسەرانی شاخ، بە رای من هەر لە سەرەتاوە وەك یەکیەتیەکی فشۆڵ دروست کرا و دەکەوتە بەرچاوان، فیراری و باری شەڕی عێراق – ئێران ئەو نوسەرە تازانەی ناچارکردبوو کە بێنە شاخ و ئەوێ وەك پەنایەك بۆ خۆیان هەڵبژێرن، لە (١٩٨٣) دا لە ناوزەنگ هەڵبژاردن کرا بۆ دەستەیەکی بەڕێوەبردنی نوسێ، من و مەوجود سامان لە پشتاشانەوە چوین و کاك موکری و جەوهەرکرمانج و محەمەدی حەمە باقی و کۆمەڵێ نوسەری تر لەبەشداری هەڵبژاردنیان کرد و لەبەرئەوەی کاك محەمەدی حەمە باقی، خۆی بە شت دەزانی، وای زانی لە هەڵبژاردنیشدا دەنگی باش دێنێ بەڵام لەو هەڵبژاردنەدا زۆر بە خراپی تێك شکاو بەدەگمەن نەهێنا، لەو هەڵبژاردنەدا من بووم ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر و ئەندامی دەستەی نوسەرانی گۆڤاری

ڕەوانە

نوسەری کوردستان، بەڵام من وەك تەناعەتێکی تەواو بڕوام بەو شتەش نەبوو، بۆ کات کوشتن و سەفەرەکان خۆم هەڵبژارد، ئەوە بوو خۆمان بۆ دەرکردنی ژمارەیەکی نوێی نوسەری کوردستان تەرخان کرد، مادەکانم برد بۆ پشتاشان و لەوێ ژمارە چوارمان بە چاپ گەیاند.

لە شاخ زۆر نوسەر بە راستی لەپێناوی کێشەی نوسین کە بە تونـدی بـە کێشـەی گەلەکەیانـەوە بەستبویانەوە، هاتبوونە چیا و هەر ئەوانیش بونە قوربـانی وەزعەکـە، شـەهیدی وشـەی کوردیـان پێڕەوابینرا بەتایبەتی شەهید (جەمیل رەنجبـەر) و بورهـان مسـتەفا معـروف (قـەرهاد) و (بـەرزان عوسمان).

لەگەڵ شەهید جەمیل رەنجبەردا

باسی هەولێر و یەکێتی نووسەرانمان دەگەڵ

لـەبارەی چۆنیـەتی شـەهیدبوونی جـەمیل رەنجبەری شاعیر و نووسـەر و پێشمەرگەی شـەهید بەڕێز ئەبوبەکر خۆشناو وتی:

لە گەرمەی کۆبونەوە و خۆئامـادەکردن دا بووین بـۆ راگـەیاندنی دامـەزراندنی یـەکێتی نوسـەرانی کوردستان، هێزێکی گەورەی پێشمەرگە لـە هـەرێمی (٨) ی دەشتی هـەولێر و هـەرێمی (٢) ی کـەرکوك و هـەرێمی (٥) ی قـەرەداغ پێـك هـاتبوو، لـە ١٩٨٠/١١/١٦ لە (نیوزەنگ)ەوە بـەرەو ناوچـەکانی هـەولێر بەڕێکـەوتن، دوای دوو رۆژ بـە بـەردەوام رۆیشـتن بـەنێو گونـدە راگوێزراوەکـان دا، شـەوێکی درەنگ وەخت بە لەشی تەپو سکی برسی گەیشـتینە گوندی (ماخۆبزنان) لە نزیك (سەنگەسەر) شەو لەوی نوسـتین و بـەیانی سـەعات (٩) بـەرەو گونـدی (دووگۆمان)، رێکەوتین.

لەگەڵ گەیشـتنمان بۆ نـاو دێ، دوو هەلیکۆپتـەر لەسەر شـاخی کێوەڕەش دەنگیان هـات و ڕێگامان گۆڕی و بەرەو گوندەکانی (زەنگلان) و (مـەمکان) و (جـەلکان) رۆیشـتین نیـوەڕۆ بەسـەر گوندەکـانی ئـەوناوەدا تـەوزیع بووین، بڕیـاربوو سـەعات (٣) هەندێکمان بەرەو گونـدی پـیران رەش بڕۆین، پێش سـەعات (٣) ئێمـە لەسـەر گۆڕستانەکەی گونـدی (جـەلکان) لەگـەڵ شـەهید جـەمیل دانیشـتبوین، لـە چـاوەڕوانی سـەعاتی دیاریکراودا باسـی هـەولێر و نووسەرانی کوردو چۆنیەتی دامەزراندنی نووسەرانمان دەکرد.

شەهید (جەمیل رەنجبەر)
بە تفەنگەکەی
رووبەڕووی گۆپتەرەکان بوەوە

سەعات ١٠و٣ بەرەو (پێرانەرەش) کەوتنـەڕێ،بـە ڕێگاوەبوون جارێکی تر دەنگی کۆپتەرەکان هاتەوە، تادەهات دەنگەکە نزیـك دەبـوەوە، ئـەوانیش دەیـان روانیـە چیاکـان، هیچیـان نـەدەبینی، لـەناکاودا ئەوەندەیان زانیونی دوو کۆپتەری (شەڕکەر) بنارە و بنار نزیك دەبونـەوە تـا گەیشتبوونە سـەر سـەریان، دەوروبەریان ڕووت بـوو، جگـە لـە وشـکەکەڵەك هیـچ پەنایەکیان نەبو،و هەر ئەوەندەیان پـێکرابوو لە پەنا وشکەکەڵەکان دا خۆیـان پـەنا دابـوو، ئەوانـەی هێشتا لـە گونـدەوە دەرنەکـەوتبوون بـەرەو شـاخی پشتی (جـەلکان) ڕۆیشـتن، کۆپتـەرەکان کەوتنـە سـووڕانەوە بەسـەریان دا و دەسـڕێژیان لـێکردن، نزیکـەی (٤٠) دەقیقـە بـە دۆشکا تەقـەیان بەسـەردا کردن، کەس ئاگاداری لە کەس نەمابوو کاك ئەبوبەکر خۆشناو و کاك سابیر رەسول (کە لە سالّی ١٩٩٦ لـە سوید مالّ ئاوایی یەکجاری کرد)بەیەکەوەبوون جارێك پێکران و برینـەکانیان سـووك بـوو، پێـش ئـەوەی کۆپتـەرەکان بگەڕێنـەوە جارێکی تـر بەرکەوتنـەوە، ئەم جارەیان خراپ بریندارببوون، کاك سابیر رەسـول خراپتر ئەنگاوترا.

کۆپتـەرەکان ئـەو ناوەیـان بەجێهێشـت، پێشـمەرگەکان دەگـەڕان و لـە بریندارەکانیـان دەپرسی، دوو سێ پێشمەرگە کاك ئەبوبەکر خۆشناو و سـابیر رەسـولیان هـەڵگرت بـەرەو نـاو گونـد، بریندارەکانی تیریشیان گەیاند، (کاك عومەری سـەید عەلی و مامۆستا نـازم و مـام مـەحمود و کـاك جـەبار یاوەر لە بریندارەکان بوون، لەناکاو دا وتیان جـەمیل رەنجبەر شەهید بوو، کسپە لە جەرگی هەموویانـەوە هـات، لـە ١٩٨٠/١١/١٨، (٨) هەشت شـەهید و (١٢) بریندارمان هەبوو، شەهید جەمیل رەنجبەر بە تفەنگ تەقـەی لـە کۆپتـەرەکان کردبـوو، مخـابن گوللـەی دۆشکە دڵە مەزنەکەی لە لێدان خست بوو.

هـەر لـەبارەی نوسـەرانی چیـاوە یـەکێك لـەو قەڵەمانـەی کـە تـەواوی وزە و توانـای خـۆی لـە کاروبـاری راگـەیاندن و بـواری ئـەدەب دا سـەرف کردووە، وەك پێشمەرگەیەك بە عەشـقێکی گـەورەوە هـەموو سـۆز و وزەو توانـای خـۆی تـەرخان کردبـوو بەڕێز عـەبدوڵڵا قـەرەداغی بـووە و لەوبارەیـەوە دواو وتی:

ڕەوانە

بۆئەوە ڕوم کردە شاخ وام دەزانی کە هەموو پێشمەرگەیەک (مەسئوول و نامەسئوول) وا بیردەکاتەوە، هەریەکە لە بۆتەی خۆیدا بورکانێکی عیشقی بەردەوامە بۆ گەل و کێشەکەی، ئەم وەزعە چەند مانگێک (لەراستیدا نزیکەی یەک ساڵ) ی خایاند و لەوماوەیەدا تەنانەت بۆ هەڵە و کەرچ و کاڵی بیرتەسکیی زەقەکانی هەموو هاوڕێیانم، لە دڵی خۆم دا پاساوم دەهێنایەوە، کە هیچ پاساوێکیشم نەدەدۆزیەوە، هەر لە سەر بۆچوونەکەی خۆم دەمامەوە، بڕیارم دەدا کە ئەو کەسانە خاوەنی ڕاستەقینەی ئەم ئەزموونەن کە بە عیشقەوە ڕوویان تێکردووە و پاشەڕۆژیش هی ئەوانە، خەڵکانی وا هەبوون بەداخەوە درەنگ بۆم دەرکەوت کە لە هیچ شوێنێکیدا جێیان نابێتەوە، پاش ئەوە تەنیا خۆم بەسەردەزووی (کوردە نامووسی)یەوە گرێداو ڕووم کردە ژیانی تایبەتی خۆم.

لە بەهاری ١٩٨٤) دا نامەیەک لە لقێکی کوردستانی کۆمەڵەی نووسەر و ڕۆژنامەنووس و هونەرمەندانی دیموکراتی عێراقەوە گەیشتە نووسەرانی هەردوو پارێزگای سلێمانی و کەرکوک و داوایان لێکردین کە لە سنووری خۆیان دا کارێکی ئەوتۆ بکرێ کە بتوانن وزەکانی پێشمەرگەی نووسەری ئەو دوو پارێزگایە (هی بەرەی جود) لە لقێکی کۆمەڵەدا کۆبکرێتەوە، ئەو سەردەمە من لە بنکەیەکی دۆڵی (کەپەجاڵ) ی سەرووی باخەکان و سەرچاوەکەی (زەڵم) بووم، چەند نووسەرێکی کوردی وەکو کاک فەهمی کاکەیی، کاک ئەحمەد ڕەجەب، کاک مەرسووم (وێڵ)، کاک سەلاح و چەند نووسەرێکی عەرەبی وەکو حەیدەر (سەباح) و ئەبوعەلی و مولازم کەرەم لەو ناوچەیەدا بون، کەسانی دیکەش ڕەنگە هەبووبن، کە بەداخەوە ناویانم لەبیرنەماوە، لقێکی کۆمەڵەکەمان لە سنووری ئەو دوو پارێزگایە دامەزراند و ئەرکی سەرپەرشتی ئەو لقە لەلایەن ئەندامانییەوە بە من سپێردرا، پاش ئەوەی لە قۆناغی یەکەم دا توانیمان چوار نامیلکە چاپ بکەین، دوانیان کۆمەڵە شیعری (خوێن هەڵات) ی کاک فەهمی کاکەیی و کۆمەڵە شیعرێکی کاک مەرسووم بوون، لەگەڵ چیرۆکی (کاکەگیان کەی دەگەڕێتەوە) ی نووسەری کوردی کرماشان (عەلی ئەشرەف دەروێشیان) کاک ئەحمەد ڕەجەب یا شەهاب خانەقینی وەریگێڕابوو، لەگەڵ نامیلکەیەکی دیکە بەچاپ گەیەندران، پێشتر منیش کۆمەڵە شیعری (کەشتیی سێیەم گەشت) ی خۆم بەچاپ گەیاندبوو، بەڵام لە زنجیرەی بڵاوکراوەکانی کۆمەڵە نەبوو.

پاش نزیکەی مانگ و نیوێک توانرا بابەتی پێویست بۆ گۆڤارێک کۆبکەینەوە، بە کۆششی چەندین پێشمەرگەری نەو ناوچەیە یەکەمین ژمارەی (هەڵمەت) مان دەرکرد، بەشایەتی لقی کوردستانی کۆمەڵەکە و خوێنەرانی گۆڤارەکە، ئاستێکی باشی هەبوو، پاش چەند مانگێکی دیکەش توانیمان دووەمین ژمارەی (هەڵمەت) دەربکەین، بەڵام بەداخەوە کەس ئامادە نەبوو بۆئەوەی ژمارەی دیکەی گۆڤارەکە دەربکەین.


هەر لەو سەردەمانەدا هێندە کاتم هەبوو کە جگە لە بایەخ دان بە گۆڤارەکە و کاروباری کۆمەڵەکەش، بەشێوەیەکی مەنهەجی خەریکی لێکۆڵینەوەی شیعرەکانی (مەحوی) بووم و خۆشم خەریکی زمان و ئەدەبیاتی کۆنی فارسی کردبوو، لەمەش بەولاوە کۆششێکی زۆرم تەرخان کرد بۆ بەراوردکرنی مەحوی بە چوار شاعیری گەورەی فارسی (فەریدە دینی عەتتار)، (مەولانای ڕۆمی)، (سەعدی شیرازی) و (حافظی شیرازی) و تا سەرەتای ساڵی (١٩٩١) دوو سجلی گەورە نزیکەی (٥٠٠) لاپەڕە نموونە و بەڵگەو ڕێوشوێنی لێکدانەوەی زاراوەکانی زانستە دینییەکانم کۆکردبوەوە، کە بەداخەوە. پاش ڕاپەڕین لە شاری ڕانیە ون بوون.

لە ساڵی (١٩٨٧) بەولاوە کە چوومە لای حزبی سۆسیالیستی کوردستان، لە سەرەتادا لە ئێزگەوەکو بەرپرسی بەشی عەرەبی کارم کردو لەمان کاتیشدا وتارم بۆ بەشە کوردییەکەی دەنووسی، لە یەکەمین قۆناغیش دا لە هەردوو ڕۆژنامەی (ڕێگای ئازادی) و (طریق الحریة) و گۆڤاری (سۆسسیالیست) هاوکاری مامۆستا (سەعد عەبدوڵڵا و کاک (عادل مورادم) دەکرد، پاشان لە ساڵی (١٩٨٩) دا بوومە لێپرسراوی دەزگای ڕاگەیاندنی سۆسیالیست، ڕۆژبەی هەرەزۆری ئەرکەکانی دەرکردنی هەردوو ڕۆژنامەو تاقە گۆڤارەکە کەوتە ئەستۆی من، مامۆستا (محمد شاکەلی) و مامۆستا (سەعد عەبدوڵڵێ) جار بە جارێ بە نوسین هاوکاریان دەکردم، کاک (مەمۆ محەمەد عەلی) لە کاروباری هونەری چاپ و ڕێکخستنی ڕۆژنامەو گۆڤارەکە و دەرزیلێدان دا یارمەتیان دەدام، پاش دامەزراندنی بەرەی کوردستانی بانگەشەیەک بۆ یەکگرتنی نووسەرانی سەربە هەمو لایەنەکان کرا، بۆ ئەو مەبەستەش لە گوندی (نوێ) ی ناوچەی تەرگەوەڕ و مەرگەوەری ئێران – نزیکی ڕاژانە – کۆبونەوەیەک کرا (نازانم کەیبوو) لەگەڵ مامۆستا (سەعد عەبدوڵڵا بە نوێنەری نووسەرانی سۆشسالیست ئامادەبووم، لەو کۆبونەوەیەدا

ڕەوانە

چەندین نووسەری وەکو بەڕێزان (ئەرسەلان بایز، ئازاد جندیانی، ئەبوبەکر خۆشناو، مەلا محەمەد، طەمائی، حسین بەفرین، ڕێکار ئەحمەد، سەرۆقادر ئامادەبوون.

لە (مەرگە) بڕیار لەسەر دەچوونی گۆڤاری گزنگ درا



یەکێکی تر لەو خاوەن قەڵەمانەی کە لە بەندیخانەی ئەبوغریبێ حوکم درابوو، پاشان لە پایزی (١٩٨٢) بەر لێبوردنێکی گشتی کەوت و ئازاد کرا و هەواری گواستەوە و سلێمانی و لەوێوە ڕووی کردوەتە شاخ بەڕێز ئەحمەد عارف ی شاعیر و پێشمەرگە بوو وتی: ئەو دەمانە شەڕی عێراق – ئێران گەرم بوو، هەموو کەس بەر شاڵاوی گرتن و ڕاوەدونان بۆوە، بۆیە منیش بۆ پشویەك و شوێن بزربوونی خۆم لەبەر دید و سەرنجی سیخوڕانی لە کەرکوکەوە گەیشتمە سلێمانی و لەوێوە خۆم گەیاندە شاخی زەردەی پشتی بێتووش بە هەناسکە هەناسك بڕی و بە ڕیزە گوندێکی کوردستانی ڕۆژهەڵات دا ئاودیووی نێوزەنگ بووم.

نیوزەنگ و زەڵێ و تۆژەڵە و قاسمەڕەش و نۆکان، ئەو گوندو شوێن و دۆڵ و نشیوو شاخانە بوون کە پێشتر نەمدیبوون، بەڵام زۆر ئاشنایان بووم، پێڵاوی غەریبیم لە نێوزەنگ داکەند)، لکام بە سروشتی ناوچەکەوە، دابەزیم بۆ زەڵێ لەوێندەر لە دەرگای نووسەرانم دا، تەنیا هەردوو برای نووسەر کاك حەمە کەریم عارف و کاك محمد موکری لەوێندەر بوون، بێ هیچ گوێنەدانە ڕێکخستن و لەبارکردنی شوێنەکە نوێنەکان هەر لە ڕاخراوی و پیاڵەو کەرەستەی خواردن و خواردنەوە لەجێ خۆیدا دەمایەوە، بەڵام ڕەنگدانەوەیەکی دیار بۆئەوەی هەر لە شوێنی ژنی تێدا نەبێ ناتوانێ بەتەواوی ببێ بە ماڵ، پێشوازێەکی گەرم کرام، بووم بە ئەندامێکی هەمیشەیی لەو یەکێتی نووسەرانەی چیا لانەی بوو ئەو دەمانە کارەکان کەم بوون، دەستمان کرد بە چاپ کردنی نووسەری کوردستان کە ئەوکاتانە تاقە بڵاوکراوەیەك بوو، زمان حاڵی نووسەران بوو، بەرهەمەکانی لە ئامێز دەگرت، لەگەڵ ئەوەش دا لێرەولەوێ نامیلکە و کتێبیان بە زنجیرەی نووسەران چاپ دەکران ئەو نووسەرە بەڕێزانەی کە لەوێ بوون شەهید جەمیل ڕەنجبەر و بورهان قانع، حەمەکەریم عارف، محمد موکری، سامی شۆڕش، جەوهەر کرمانج، نەوزاد ڕەفعەت، محمد ڕەنجاو، فەرید زامدار، بەندە و سعدوڵڵا پەڕۆش، ئەبوبەکر خۆشناو، هەڵاڵ کوێستانی، فەرید ئەسەسەرد، شەهید بەرزان عوسمان، محەمەدی حەمە باقی، نجیبە ئەحمەد کە لە ستوورەکانی نیوزەنگ و زەڵێبوون.

جگە لە هەندێ نووسەری تر لێرەولەوێ هەروەها هاشم کۆچانی، فەهمی کاکەیی، مارف عومەر گوڵ، عەبدوڵڵا قەرەداخی جگە لە ئازاد جندیانی و فیصل دێهاتی و ئازاد ئەحمەد لە ئەسوەد، دواتر جابر صدیق و سلام سعید مولود و عەبدوڵڵا کەریم مەحمود هاتنە دەروە، لە)١٩٨٣) بەدواوە لە نێوزەنگ ترازاین و لە کۆبونەوەیەکدا لە (مەرگە) بە ئامادەبوونی کاك شێرکۆ بێکەس بڕیارمان دا کە گزنگ وەك ئۆرگانی لقی کەرکوك، یەکێتی نووسەرانی کوردستان. بخەینە گەڕ و لە ژمارە دووەوە دەست پێبکەین، چونکە ژمارەیەکی لە حەفتاکان دا لە شاری کەرکوك چاپ کرا، پاشان بارەگامان گواستەوە سەرگەڵو، دواتریش چوینە یاخسەمەر و ئەحمەد قەرەنی و سەعید دێرەشیش هاتنە لامان و

مەوانە

کەوتینە جم و جۆڵ و بەرهەمەکانمان کەوتە بازاڕەکانەوە، بە نهێنی دەگەیشتە شارەکان، چ بە ڕێگەی بەڕێزان طه و یوسف، لە گفتوگۆی یەکێتی نیشتمانی بەغدا لە (١٩٨٤) بارەگامان لە سورداش بوو بەڕێزان خەلیل دهۆکی و تیلی ئەمین لەگەڵمان دا بووین، کاك حەمەسەعید حەسەنیش گەیشتە ئەوێندەر کەرەستەی چاپ و باڵوکردنەوە لەلای نووسەران زۆر کەم و دەگمەن بوو، کەهاتینە سەرگەڵو تەنیا یەك تایپمان هەبوو.

نووسەرە خاوەن هەڵوێستەکانی

شارەکان هاوکاری نوسەرانی شاخیان کردووە

ئەو سەردەمە ئەحمەد عارف کاری لەسەر دەکرد، بەهۆی چاپخانەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە کارەکان بەئەنجام دەگەیشت، بڕیانی حزبی شیوعی تەنیا یەك ژمارەی نووسەری کوردستانیان چاپ کرد، دوایئەوە لە سەرگەڵو نیشتەجێبوون، چەند جارێك سەردانی حزبی دیموکراتی کوردستانیان کردوو. یارمەتییان داون، پاشان ڕۆنیۆیەکیان پێداون، بەمەش کارەکانیان ئاسان تر بوون. بەرهەمەکان ڕەوتی خۆیان وەرگرت، بە ڕێك و پێکی دەکەوتنە دەستی خەڵکی و ژمارەکانیشی زیاتر بوون.

ئەو بەرهەمانەی کە لە تەمەنی یەکێتی نووسەران لە شاخ چاپ و باڵوکراونەوە بریتین لە:

* گۆڤارەکان:

- نووسەری کوردستان ١٦ ژمارە.
- گزنگ ١٥ ژمارە.
- گزنگی بچوکەکان ٣ ژمارە.
- شانۆ ١ ژمارە و پاشکۆی گزنگ.
- نووسەری نوێ ١ ژمارە وەك لقی هەولێر.

* کتێب:

- نێچیر.
- بەیداخ.
- خۆرباران.
- چەپکی خەمی نەسك.
- (تۆڵە) محمد موکری.
- (هەڕەس) دوو بەرگ محمد موکری.
- (کۆچی سوور) حەمەکەریم عارف.
- (دایە شێو قەدەغەیە) بەرزان عوسمان.
- (ڕووباری خوێن) جەمیل ڕەنجبەر.
- (بوکەشوشە) ئەحمەد عارف.
- (باهۆز) سابیر سدیق.
- (مالئاوا ولاتەکەم) فەرهاد پیربالّ
- (ڕووبەرو و لە سێبەری چیادا) بێستون.
- (بەرەو چیا) ڕەئوف بێگەرد.
- (هەڵۆکانی قەندیل) سەلام محمد.
- داستانی هەڵۆی سوور) شێرکۆبێکەس.
- (ئاوێنە بچوکەکان) شێرکۆبێکەس.

* وەرگێڕان:

- (نینا).
- (هاومالّەکان).
- (بێناسنامەکان).
- (بەرهەمەکانی سەمەدی بهرنگی).
- (حەماسەی مقاومەت) ئەمانە کاك حەمە کەریم عارف وەریگێڕاون.
- (دڵی داگیرساوی دانکۆ) ئەحمەد عارف.
- (گەڕانەوە بۆ حەیفا) ئەحمەد عارف.

جگە لەمانە کۆمەڵێ نوسەر، چوار ژمارە پرۆژەی کەلتوریان خستەگەڕ، هەندێ نووسەری سیاسی ئەوانەی سەرقاڵی کاری حزبایەتی بوون، نوسینی دیکەشیان هەبوو لە مەیدانی ئەدەب دا وەك بەڕێزان (فازل کەریم) شەهید ئازاد هەورامی، فەرەیدون عەبدولقادر، ئەو سەردمانە (ی.ن.ك) یارمەتی و کۆمەکی مانگانەی بۆ ئەندامانی یەکێتی نووسەران و نەسریەی بۆ بارەگا دابین دەکرد، جگەلەوەی دەزگای چاپخانەکانی خستە سەر پشت لەبەردەم نوسەران دا، پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران مانگانە (٥٠٠) دیناری بۆ خەرجی بارەگای نووسەران دیاریکردبوو، جگە لە کۆمەکی چاپ بە کاغەز و بە چاپ کردنی شتی پێویستی چاپەمەنی.

هەوانە

ئەدەبی منالان
لە سەدەی بیستەمدا

کاوە حاجی عزیز

سەرەتای ئەدەبی منالان، بەوپێیەی کە تا ئێستا ساغ بۆتەوە، هەر لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ دەتوانین (نەوبەهارا بچووکان) ی ئەحمەدی خانی (١٦٥٠ – ١٧٠٧ ز) کە لە سیانزە پارچەدا رێکخراوە و سەرجەمی هەموو پارچەکان (٢٠١) بەیتە شیعرە، لە دەوروبەری سالّی ١٦٨٢ ی زاینیدا دانراوە بکەینە سەرەتایەك و بەدوای ئەودا ئەحمەدی دێت کە (شێخ مارفی نودێ) یی (١٧٥٣ –١٨٣٧ز) داناوە ناوبراو بریتییە لە (٣٥٦) بەیتە شیعر و لە دەوروبەری سالّی ١٧٩٠ زاینیدا داناوە، هەرچەندە ئەم دوو شاکارە بە کۆنترین فەرهەنگی کوردی . عەرەبی دائەنرێت، بەلاّم نیەتی بویچڕەکانیان ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە بۆ منالاّنیان داناوە، ئەوەتا ئەحمەدی خانی کتێبەکەی بەم مەبەستەوە بۆ منداڵانی کورد (بچووکێت کرمانج) انی داناوە و پێشکەش بە ئەوانی کردووە، بێگومان ئەحمەدیش هەر بەو مەبەستە دانراوە کە نەوبەهاری بۆ دانراوە، جگەلەوەی هەردوو فەرهەنگەکە لەو قۆماغانەدا خوێنراوەکە منداڵانی پیادا گوزەر دەکەن. بۆیە هیچ گومانێکمان لەلا نامێنێت کە ئەم دوو فەرهەنگە بە بناغەی ئەدەبی منالاّن دابنێین دوابەدوای ئەوانە، لە سالاّنی بیستەکانەوە تا کۆتایی پەنجاکان ئەدەبی منالاّن (چیرۆك – شیعر) چەندەها قۆناغی بڕیوە لە سەرەتادا شیعر بەشێوەی سرود دەستی پێکرد ئینجا بە شیعری ئاسایی، کەم تا زۆر چەند شاعیرێك خزمەتیان کردووە، لەوانە زێوەر (١٨٧٥–١٩٤٨ز) و پیرەمێرد (١٨٦٥–١٩٥٠ز) و بەختیار زێوەر (١٩٠٨–١٩٥٢ز) و گۆران (١٩٠٤–١٩٦٢ز) و بێکەس (١٩٠٩–١٩٤٨ز) و قانع (١٨٩٨–١٩٦٥ز) و دڵدار (١٩١٨–١٩٤٨ز) و هەردی و هاوار.. ئەوەی کە گرنگە لێرەدا ناوی بەهێنین نوسەری خوالێخۆشبوو مامۆستا عبدالواحید نووریەیە (١٩٠٤–١٩٤٤) کە رۆلێکی باشی گێڕاوە چ وەك نوسینی شیعر و سرود یا وەرگێڕان یاخود دانانی کتێبی قوتابخانە سەرەتاییەکان بە زمانی کوردی وە لە سالّی ١٩٤٠ دا کتێبێکی لەسەر منداڵان نوسیوە بەناوی (پیرۆزی منالّ) کە زیاتر باس لە جوانی و گەورەیی جیهانی منداڵان دەکات، ئا لەوکاتەدا نوسەران هاندەدات کە منداڵانیان لەبیرنەچێت و بۆ منداڵ بنووسن دەربارەی بەهای ئەو کتێبە و نوسینەکانی خوالێخۆشبووی عەبدولواحید نوری بەڕێز دوکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ دەڵێ: (قەڵەمەکەی بە چەند مەیداندا بۆ بەروەردە و پێگەیاندنی منداڵ بەکاردێنێ، دەتوانین زۆر لە بەرهەمەکانی بە سەرەتای دامەزراندنی ئەدەبی منداڵ دابنێین لە کوردیدا) بڕوانە (بەرهەمی کۆکراوەی عبدالواحید نوری لا ١١).

لە سالّی ١٩٥٨ دا خوالێخۆشبووان فەرەیدون عەلی ئەمین و عومەر عەبدولرەحیم چەند پارچە هەڵبەستێکیان لە دووتوێی کتێبێکی ٣٢ لاپەڕەیدا بڵاوکردەوە لەژێر ناوی (پاڵەوانی دواڕۆژ). لە بواری چیرۆکیشدا دەتوانین چیرۆکی (کەڵەکۆك) بکەین بە یەکەم چیرۆکی منداڵان کە (عیسی عەلی) ناوێك نووسیوێتی و لە سالّی ١٣٤٥ ك بەرامبەر ١٩٢٥ ز لە چاپخانەی زاری کرمانجی چاپ کراوە. هەروەها لەو نوسەرانەی کە لەو سالاّنەدا خزمەتیان بەو بواره کردبێ و چیرۆکیان نوسیبێ گەلێکن) دەرەوشاوەترینیان خوالێخۆشبووان حسین حوزنی موکریانی و شاکر فەتاح و عەلائەدین سەجادی و نەجمەدین مەلایە هەروەها ئەو رۆژنامە و گۆڤارانەی کە ئەو وەختە واتە (بیستەکان تا کۆتایی پەنجاکان) دەرچوون کەم تا زۆر لە بڵاوکردنەوەی ئەدەبی منالاّندا بە گشتی رۆلێکی بەرچاویان گێڕاوە بەتایبەتی گۆڤاری (گەلاوێژ) و (دەنگی گێتی تازە) شیاوی باسە تەنها گۆڤارێکیش بۆ منالاّن دەرچووبێت گۆڤاری _گڕوگاڵی منداڵانی کورد) ە کە لە سالّی ١٩٤٦ بەسەرپەرشتی خوالێخۆشبوو قادری مودەڕیسی لە کۆماری کوردستان (مەهاباد) تەنها سێ ژمارەی لێبڵاوکراوەتەوە.

لێرەدا پێویستە رۆلّی بەرچاوی رۆژنامەی ژین (١٩٣٩–١٩٦٣) لەبیر نەکەین بەتایبەتی هەوڵ و تەقەلای مامۆستای خوالێخۆشبوو نەجمەدین مەلا (١٨٩٨–١٩٦٢ز) وەك خۆی دەڵێ: (لە هەموان ئاشکرایە، ئەوا بۆ چەند سالّ دەچێ من بە دڵ و گیان خزمەتی رۆژنامەی (ژین) م کردووە (شیعر و شاعیرەکانمان) و (چیرۆکی منداڵان) و (مەتەڵ) بێجگە لەویش گەلێ شتی تریش کە سوودی بووە بۆ گەل بێ ئیمزا نوسراون ئەمانە بەهێزی مێشك و چاو و قەڵەمی من رێك خراون) بڕوانە (منداڵ و ئەدەب لا

مەوانە

٤٦ لە نووسینی بەڕێز نەوزاد عەلی ئەحمەد سلێمانی ١٩٩٨). لە سەرەتای شەستەکانەوە تا حەفتاکان ئەدەبی منداڵان هەنگاوێکی بەرەو پێشەوەنا جگە لە رۆژنامە و گۆڤارەکان کەم تا زۆر گۆشەیەکی تایبەتیان بۆ منداڵان تەرخان کردبوو، چەند نوسەر و شاعیرێك کتێبیان داناوە لەوانە کە بریتین لە شیعر (چرۆ، شێری ساختە – ی کاکەی فەللاح) و – (جریوە – ی ع.ع شەونم) کە بەراستی ئەتوانین بڵێین بەرهەمەکانیان پڕبەپێستی هەست و بیرکردنەوەی منداڵانن بۆ هەر چوار قۆناغەکە.

هەروەها لە مەیدانی چیرۆکیشدا چەند کتێبێك بە چاپ گەیەنراوە، وەك (مام رێوی – نوسینی عومەر عەلی ئەمین)، (راستی و ئازایەتی لە نوسینی رەمزی قەزاز)، (هەمیشەبەهار نوسینی عەلائەدین سەجادی) کە ئەمەی دواییان هەندێکیان دەچێتە قاڵبی ئەدەبی منداڵانەوە.

سەرەتای حەفتاکان دەتوانین بە سەرەتایەکی گەشەدارتر و لەبارتر بۆ ئەدەبی منداڵان دابنێین هەر لەو ماوەیەدا گۆڤاری (ئەستێرە) قۆناغی جیاوازی بە سێ ستافی جیاوازەوە بڕیوە و تەنها سێ ژمارەی لێدەرچووە، هەروەها چەند نوسەرێك شیعر و چیرۆکیان بۆ منداڵان نوسیوە هەرە دیارتریان بریتیبوون لەم بەڕێزانە (فەرەیدون عەلی ئەمین، کاکەی فەللاح، لەتیف هەڵمەت، عەزیزی مەلای رەش، جەزا عەلی ئەمین، عوسمان هەورامی، عومەر عەبدولرەحیم، جەمال نوری..هتد) وە رووی گەشی ئەم ماوەیە بۆ ئەدەبی منداڵان بریتیبە لەوەی کە گۆڤار و رۆژنامەکانی ئەوکاتە زۆر بەباشی گرنگیان بەم ئەدەبە دەدا. لە هەشتاکانیشدا ئەدەبی منداڵان هەروەك سااڵنی حەفتاکان هەنگاوی ناوە، دەکرێ ناوی هەندێ نوسەر کە لەم بوارەدا خزمەتیان کردووە ئیزافە بکرێ لەوانە (رۆستەم باجەلان، دایکی سۆلاف، ئیبراهیم شوان، محمد کەساس، ئەحمەد رێبوار..هتد). شایەنی باسە چەند شاعیرێك جێگە پەنجەیان بەم قۆناغە هێناوە دیارە و بە بەردەوامی بەرهەمی منداڵانیان پێشکەش کردووە لەوانە و هەرە دیاریان (خوالێخۆشبوو کاکەی فەللاح، لەتیف هەڵمەت)ە. ئەوەی لێرەدا پێویستە بووترێ تا پێش ڕاپەڕین زۆربەی رۆژنامە و گۆڤارەکان بەشێوەیەکی سادە و ساکار و بێبایەخ لایان لە ئەدەبی منداڵان کردۆتەوە، کە ئەمەش بێگومان لەلایەن رژێمەوە بەرنامەی تایەبتی بۆ داڕێژرابوو بۆ نمونە رۆژنامەی هاوکاری یا گۆڤاری رەنگین لە هەر ژمارەیەکیاندا شیعرێك یاخود چیرۆکێکی باڵودەکردەوە. وە گۆڤارێك یاخود رۆژنامەیەکی تایبەت لەم بوارەدا نەبووە. جێی وەبیرهێنانەوەیە کە گۆڤاری نوسەری کورد – خولی دووەم ژمارە (٣) تایبەت بووە بە ئەدەبی منداڵان جگەلەوەی چەند لێکۆڵینەوەیەکی بەپێزی لەمەڕ ئەم ئەدەبە تیایە کە کەڵکی تایبەتی خۆی هەیە.

ناکرێ لێرەدا ئەو باڵوکراوانە باس نەکەین کە لە شاخدا بۆ منداڵان چاپ کراون، ئەتوانین بڵێین هەر لە هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێوە تا ڕاپەڕین ئەم گۆڤارانە باڵوکراونەتەوە سروشت (٣) ژمارەی لێدەرچووە ئەستێرە تەنها یەك ژمارەی لێدەرچووە گزنگی بچووك سێ ژمارەی لێدەرچووە. لە دوای ڕاپەڕینەوە ئەدەبی منداڵان بە هەمان شێوەو فۆرمی جاران هاتە ئاراوە بەاڵم ئەوەی کە بۆتە مایەی دڵخۆشکردن سەرهەڵدانی چەند گۆڤارێکە، وە تاکو هەنوکەش هەندێکیان بەردەوامن لەوانە (پەرەسێلکە، پەپوولە، هەنگ، جریوە، ئاوات و هێڤی، گدیلە، سفورە، جگەرگۆشەکان).

لێرەدا پێویستە ڕۆڵی رۆژنامەی کوردستانی نوێ لەبیرنەکەین کە لە ژمارە سەرەتاییەکانیدا بایەخی بە ئەدەبی منداڵان داوە و لەدوا لاپەڕەیدا گۆشەیەکی بۆ منداڵان تەرخان کردبوو بەناوی (گوڵزاری منداڵان) دواتر بووە لاپەڕەیەکی سەربەخۆ و هەفتەی جارێك بەناوی (پەریستان) هەوە باڵوەدەکرایەوە، پاشان هەر ئەم دوو لاپەڕەیە بەشێوەیەکی ڕەنگاوڕەنگ و وەك گۆڤار باڵوەدەکرایەوە. دەکرێ بڵێین یەکەم گۆڤارە بەشێوەی ڕەنگاوڕەنگ لەدوای ڕاپەڕیندا باڵوکرابێتەوە، ئەوەی جێگەی داخە کتێب و نامیلکەی منداڵان زۆر بە کەمی دەبینرێت جگە لە چەند دانەیەکی یەکجار کەم نەبێ ئیدی بەرهەمی تر بەدی ناکەین.

لێرەدا دەبێ ئەوەمان لەبیرنەچێ کە کۆمەڵەی کەلەپوور و فۆلکلۆری کورد لە سلێمانی ژمارەیەکی تایبەتیان بە منداڵان باڵوکردۆتەوە کە هەوڵدانێکی باشە تا منداڵانی کورد بە فولکلۆر و کەلەپوری خۆیان ئاشنابن.

هەوانە

چەترێ پاس و بیرەوەری
محەمەد عومەر عوسمان

(لە غوربەتی) محەمەد عومەر عوسمان دا، هەر زوو محەمەد عومەری وەك دەنگێکی نوێ و جیهانێکی جیاواز ئاشناکردین، دەنگێك کەو جەختی لەسەر ناخ و جیهانی ناوەوە دەکرد.

دەستنووس و دەقی کۆنی شاعیرانمان چۆنیەتی دەرپەڕین و سەرەتاکانیانمان بۆ دەرئەخەن، ئەم دەقەی کاکە حەمە لە دەفتەرێکی کۆندا دۆزراوەتەوە، هەناسەی سەرەتاکانی شاعیری پێوەدیارە.

چەترێ پاس و بیرەوەری

باران هێنایە ژێر چەترەکەوە.

شانمانی نووسان بەیەکترەوە

تا ئەهات باران خۆرتر دایئەکرد

خەڵکی راو ئەنا بۆ ژێر چەترەکە و

زیاتر شانمانی لەیەک تووندئەکرد

باران دووگیانی نامۆ و تەزیوی ئاگر

تێبەردا

باران ئاوازی خورپەی لێئەدا

بەڵام ئاخ لەدەست نالەی جودایی

لە کۆچکردنی بیماڵئاوایی

هێشتا زستان بوو

سروشت سەرگەرمی نمەی باران بوو

چەند رۆژێ ئیتر لەدوای بینینی

لەچاوما ون بوو شێوەی شیرینی

سلێمانی ١٩٧٦

فەرهەنگی کۆمەڵزانی

ئا: رشید احمد فتاح

کاریزما – رۆتینی کاریزما (الکرزمە)

روتینیة الکرزمة

Charisma, Rout inization of Charisma

وشەی کاریزما لە زمانی یونانیدا بە مانای (بەزەیی خوایی) دێت. یەکەم کەسێك کە ئەم وشەیەی بەکارهێنا (ئەرنست ترۆلتش) بوو، پاشان (ماکس ڤێبەر) بەکاریهێنا کە مەبەستی لە توانای کەسێك بوو لە فەرماندەییدا یا توانای لەڕادەبەدەر و زیرەکییەکی بێوێنەیە لای ئەو فەرماندەیە کە ئەوەندە باوەڕی بە خۆیەتی متمانە ناکاتە سەر دەزگایەکی بیرۆکراتی ڕێك و پێك تا یارمەتی بدات لە فەرمانڕەوایی کردندا، هێز و توانا و کاریگەری ئەم جۆرە فەرماندەیە متمانە ناکاتە سەر سیستەمی کاری ڕەوا ئەوەندەی متمانە دەکاتە سەر توانای فەرماندە بۆ ڕاکێشان و ڕازیکردنی خەڵکی بۆ کۆبوونەوە لە دەوری و گوێڕایەڵیکردن بۆ بیروبۆچوونەکانی بۆ نمونە: فەرماندەی ئایینی یا باوەڕە جیاوازەکان.

ئەو کەسەیە کە هەموو سیفاتی کاریزما لە هەڵس و کەوتیا ڕەنگ دەداتەوە ئەمە لەکاتێکا کە پلەوپایەی فەرماندەیی لەلای متمانە ناکاتە سەر سامان و هێز و توانای یا لە ڕێگەی زۆرەکاری، یا دەزگایەکی یاسایی هەندێ لە فەرماندە سیاسییەکان کە سیفاتی کاریزمایان تێدایە وەك غاندی و لینین و هیتلەر. لێرەدا دەبێ بڵێین کە جیاوازییەکی گەورە هەیە لەنێوان فەرمانڕەوای زاڵم و ستەمکار لەگەڵ فەرماندەی کاریزمادا چونکە فەرماندەیی ئەو متمانە دەکاتە سەر بەکارهێنانی هێز و ترس و تۆقاندن، کە دکتاتۆریی بەشێوەیەك لە شێوەکان چەسپاندوویەتی و هەر هەموو دەوروبەرەکەی لە ترساو لە ترسی پلەوپایەکەیان لە قسەی دەرناچن. بەڵام ئەو خەڵکانەی گوێڕایەڵی فەرماندەی کاریزماکان دەبن

مەوانە

وێنەیەك بە پێنووس
محەمەد کوردۆ



نامحەمەد کاکەڕەش

بەهۆی سیفاتی چاك و جوان و دیارەوەیە کە ئەو خەڵکە – پێی مەستن وە بەهۆی کەسێتی دیار و سەرنج راکێشی کاریزماوەیە.

(ماکس ڤیبەر) دەڵێ: فەرماندەی کاریزماتی، ئەگەر ژمارەی پشتیوانەکان و لایەنگرەکانی کەم بوون ئەوا لەسەر کەوتنەکانیدا بەردەوام دەبێ ئەمەش زۆرجار لە سەرەتای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ئایینی و ریفۆرم و شۆڕشگێڕی رووەدات کە فەرماندەی کاریزمی پێشڕەوی دەکات.

پاش سەرکەوتن و جێگیربوون و سەرەوتنی ئەم بزوتنەوانە ژمارەی لایەنگرانیان و پشتیوانەکانیان زیاد دەکات و ئەوکاتە پێویستی بە دەزگایەکی کارگێڕی و پارەی زۆر و هێزێکی سەربازی دەبێ کە بەکاری دەهێنێ بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکانی یاسا. لەم کاتەدا فەرماندە وردە وردە سیفاتی کاریزمای نامێنێ و بەرەو فەرمانڕەوایەکی یاسایی ڕەوا دەڕوات. پرۆسەی گۆڕانی فەرماندەی کاریزمانی بۆ فەرماندەیەکی یاسایی ناو دەنرێ بە ڕۆتینی کاریزما کە زۆر جار متمانە دەکاتە سەر کاری فرت و فێڵ و ئەم لاو ئەولا، لەبەرئەوە وردە وردە دوور دەکەوێتەوە لەو سیفاتانە و بارود زروفەکە بەشێوەیەکی بنەڕەتی یارمەتی داوە بۆ بەدەستهێنانی پلەوپایەی فەرماندەیەتی.

هەندێ فەرماندە هەن کە هەندێك لە سیفاتی کاریزمایان تێدایە، لەگەڵ ئەوەشا بارو زروفیان لەبار نیە کە یارمەتیان بدات و ناویان بنێین فەرماندەی کاریزماتی. بۆ نموونە جەنەڕاڵ دیگۆل هەندێ سیفاتی کاریزمایی تێدابوو بەڵای ئەو کەسانەوە کە سەرنجی ڕاکێشاون لەگەڵ ئەوەشا متمانەی لەسەر هێزی پۆلیس بو لەسەر دەزگایەکی بیرۆکراتی کە پاڵپشتی کارەکەی دەکرد. هیتلەر فەرماندەیەکی کاریزماتیبە بەڵای ئەو گەلانەوە کە بە سەربانا سەرکەتووە، ئەمە بێجگە لەو فاکتەرانەی کە دەبێتە پاڵپشتی فەرمانڕەواییەکەی وەك هێزی چەکدار و دەزگایەکی کارگێڕی کاریگەر و گەنجینەیەکی پڕ لە پارە و سامان. بووە هۆی لاوازکردنی سیفاتەکانی کاریزماتی کە هێناویەتە سەر خۆکم.

مەوانە

ئێوارانێك لە پارکی ئازادی تاراندا پیاسەم دەکرد بینیم کوردۆ گەلا هەڵوەریووەکان کۆدەکاتەوە و دەگری وتم کوردۆ ئەوەچیدەکەیت؟ وتی هاوڕێ لە پایزدا درەختەکان بۆیە شێت دەبن دەبینن گەلاکانی رۆحیان بە بێزاری هەڵدەوەرێنە سەر خاك و مرۆڤەکانیش بێویژدانانە پێیان پیادەنێن. ئەمەوێ تەرمی گەلاکان لەبەرچاوی درەختەکان هەڵگرم تا کەمێك هێمن ببنەوە، ئەمەیان تێکەڵ بوون بوو لەگەڵ خەمەکانی سروشتدا.

کوردۆ لە سەرەتای هەشتاکاندا نووکی پەنجەی خەوەکانی بە پشکۆی شیعردا چزا و ئەو سووتانەی هێندە لا منالآنەبوو تا دواتر توانی بە هێمنی لەو سووتانەدا راکشێ و پەلکەکانی رەشەبا بهۆنێتەوە و دڵی سووتانیش پرپکات لە چرپە و خورپەی فێنك و ناسك. کوردۆ بە کەمێك جیاوازییەوە لەگەڵ (بریتۆن) دا، دەڵێ:

ناسکی یان نەبێت، یان ئەگەر هەبوو پێویستە راچڵەکێن بێت.

کوردۆ لە دوورەوە لە سێبەری دار پرتەقاڵێك دەچێت، بەڵام بە پێچەوانەی شتەکانەوە تا لێت نزیك بێتەوە، ناسکی تۆخ تر دەبێتەوە.

عەیامێکە پێکەوە پیاسەدەکەین و خەونی چۆلەکەکان دەنووسینەوە و سەردانی بەفر دەکەین کاتێك کە (تا) ی لێدێت. من بە بەردێك و ئەویش بە سەبەتەیەك چرپە و خورپەی ناسکەوە ئەژێینە ماڵی بەفرەوە. زۆر سەیرە لەم گەرمیانە گەرم و هەلابە هەلایەی ئێمەدا گیایەکی وەك کوردۆ سەوزبێت و بڵێت: هەموو شتەکان پێویستیان بە ناسکی و خەیاڵ و چرپە و خورپە هەیە و بڵێت: با لووتی تفەنگەکان بکەین بە شمشاڵ، تا باران ریشی پاڵتۆکەی من و قژی چاکەتەکەی تۆ بشۆرێت. کوردۆ کۆتری خۆشدەوێت و رقی لە تەپوتۆزە و جگەرەناکێشێ سااڵنێك جگەرەی دەکێشا لە جۆگەیەگ دەچوو دووکەڵی لێبەرزبێتەوە. بڕوای بە قەدەر نیە و وەسێت بۆ زەردەخەنەکات تا شپرزەنەبێت و باڵ ئەداتە کۆڵنەدان و جوانی تێکەڵ گڕوگاڵ دەکات و هەتیوو گڕو جیاوازی لە یەك کاتدا ئەبینێ و بیر لە تاوان ناکاتەوە و بە هەموو ئەو مرۆڤانەش دەڵێت (کە بیر لە خۆکوشتن دەکەنەوە) خۆتان مەکوژن، خوایەك هەیە دەتانکوژێت. برادەری لەگەڵ یەك دووشتدا هەیە و گیای شێتیش بە لێواری شێتانەی سەوز بووە و بڕوای بە شێتیش هەیە لە نووسیندا، لەم چەن رۆژەدا شیعرێکی شێتانەی بۆ خوێندمەوە کە ئەزموونێك بوو بۆخۆی، کۆمەڵێك شسعری تێکەڵ کردبوو، تا ئەوشیعرە درێژەی پێکهێنابوو، کوردۆ دەڵێت: باران سەری درختە بێمااڵکان دەشکێنێ و خەم سەری مرۆڤە خەمبارەکان و پایزییش سەری دارەکان ئەڕووتێنێتەوە.

دەڵێت: دەکرێت هەموو شتەکان بکەین بە شیعر گەر (با) جوانی و عیشق و خەیاڵ لە روحی خۆماندا نەمردبێت. نوێترین مۆدیلی سەیارە و تەیارەو تراکتۆر و مجەمیدە و سەلاجە بەقەد دێرە شیعرێکی ناسك و پڕسۆز سەرنجی راناکێشن.

کوردۆ لە هەموو وێنەکانیدا ناچێتەوە سەرخۆی، لە وێنەکانیدا دەڵێت چاوی بڕیوەتە خاڵێکی سیحراوی تا وێنەکەی بگرێت، ئەو خاڵەی لێ ون نەبێت. تۆ بڵێیت ئەو خاڵە شیعر نەبێت. پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت: (هەمیشە جامی بەتاڵ، لە جامی پڕ زیاتر زڕەی لێوەدێت) بەڵام کوردۆ رێك بەپێچەوانەی ئەمەوە کپیەکی جوان هەموو ژیانی داپۆشیوە و بەبێ زەلزەلە و هەلهەلە دەنووسێت و بڕوای بە وەستان نیە و بەردەوام لە دڵەڕاوکێدایە، لە کلاسیکەوە بۆ شیعری نوێ و لەوێوە بۆ چیرۆکی کورت و بۆوەرگێڕان و لە وەرگێڕانەوە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و هەمیشە دەنگیشی هەیە.

برادەرێك وتی: کوردۆ مرۆڤێکە وەك پەپوولەیەکی یاخی ئەیەوێت لە دڵی هەموو گوڵێکدا خەیاڵ و جوانی و عیشق بدۆزێتەوە.

لە کاتی گفتوگۆ و شەرەگۆ و مشت و مڕدا، تووڕە نابێت بەڵام هەندێك جار وەك سێوێکی گەیو سوورەدەبێتەوە.

کوردۆ ئەو فێستیڤاڵ و کۆڕو گۆڤار و رۆژنامانەی پێچاکە، کە دەنگی (مێ) ینە دەخەنەڕوو گەر ئەو دەنگانە لە ئاستی داهێنانیش دا نەبن هەر پێی باشە گۆڕەپانەکە چۆڵ نەکەن. دەڵێت: هەر شیعر و بەرهەمێکی ژن یان کچ کە بە راستگۆیانە دەدوێت، وا دەزانم بۆ من نووسراوە. هەروەها دەڵێت: ناکرێ بە شیعرێکی ناشیرینی ژنێکی جوان بڵێیت جوان نییە.

هەوانە

لە هەر شوێنێك قسە لەسەر كوردۆ بكرێت، خورپەی ناخ و چرپەی دڵ بۆن و جوانی خۆیان دەگەیەنن، كوردۆ دەڵێت: هەرچەندە ئەو دوو نامیلكەیە كۆمەڵێك روانین و وەستان و رامان و موعاناتی منن، بەڵام پێم خۆش نییە پێناسەی من تەنها بەو دوو نامیلكەیە بكرێت. چونكە رۆژگار رێگای بە كوردۆ نەداوە تا ئێستا خۆشەویست ترین شیعری خۆی بڵاوبكاتەوە، بابزانین كوردۆ شیعری كاملّ تر و جوانی تری هەیە و لە دەرگای دیكەی شیعری داوە. رۆژجار دەڵێم كوردۆ ئەم سادەییە تاكەی؟ دەڵێت: من خۆم دەنووسمەوە، دەڵێم: ئەی زەرورەتی ئەم قافیانە چیە؟ دەڵێت: قافیە كام شیعرمی كوشتووە؟ دەڵێم: نووسینی شیعری كلاسیكی بۆ؟ دەڵێت: تۆش بتتوانیایە دەتنووسی.

كوردۆ یەك گورچیلەی هەیە، بەڵام دڵنیام خوای جوانی و خەیاڵ لە بری ئەو گورچیلەیەی تری كە خۆی دەڵێت (بەڵەوەی لەدایك بم ونم كرد) گۆزەیك خورپە و چرپەی ناسك و پڕ خەیاڵی رژاندۆتە دڵیەوە، ئەگینا ئەو هەموو سادەیی و هێمنیەی لە كوێ بوو؟! دوای شیعر هیچ شتێك لای كوردۆ ئەوەندەی خۆشەویستی پیرۆز نییە.

حەنامینە

ئەو سەرتاشەی بوو بە ئەستێرەیەكی پرشنگداری رۆمانی عەرەبی!!

پەیڤینی: وائل فودە

و: رابەر مەحەمەد



(حەنامینە.. راستگۆترین رۆمانووسە لەگەڵ خودی خۆیاو لەگەڵ كەسانی تردا.. زیاتر لە فەیلەسوف ئەچێ نەك لە نوسەر، هەرچەندە دەرەنگ لەسەر بالّی وشە دەستی بەگەشت كرد، بەڵام پێش زۆر كەسانی تر كەوت، لەوانەیە – وەك خۆی بۆی ئەچێ – لەگەڵ رووگەی (با)دا ئەڕوا هەتا بەسەر ژیانا سەركەوێ دوای ئەوەی بوو بەخاوەنی جیهانی خواروی بێ شكۆیی تاج لە نوسیندا.. زیاتر لەبیست رۆمانو چیرۆكی كورتو دراسەی نوسیوە.. هەندێ لەبەرهەمەكانی كە پڕاو پڕن لەژیانو لە ریالیستی كراون بەزنجیرەی تەلەفزیۆنی، رووداوەكانی مێژووی لەڕوانگەیەكی كۆمەڵایەتیو مرۆڤایەتیەوە تۆمار كردووە وەك ئەوەی كە لە رۆمانی (كۆتایی پیاوێكی ئازا) كەدەرهێنەر (نجدت ئیسماعیل) پێشكەشی كردووە لەقاڵبێكی درامیی هونەریی بەرزدا).

حەنامینە:

ژنێك نیە كە ئایانی گۆڵەكانی داهێنانم بێت

لەم پەیڤینەماندا لەگەڵی پێویست بوو كە لەسەرەتادا لێی بپرسین:

() لەڕێگای دورو درێژی ژیانو نوسیندا ئایا ڕەزامەندیت لەوەی كە بەدەستت هێناوە؟

– نازانم یان نا؟ بەڵام لەناخمدا دڵواریەكی زۆر هەیە، جاری وا هەیە هەست دەكەم كە پادشای بێ تاجی جیهانی خواروەوەم لەنوسیندا. بێ لەمن هیچ شتێك لەگەڵ (با)دا ناڕوا، من ئەو كەسەم كە (با) ئەگرمو هەر منیشم كە لەبەردەمی خۆمەوە ئەیبەم بەرەو پێشەوە..

بەڵام دان بەوەدا ئەنێم كە ڕازی نیم لەوەی كە هەتا ئێستا بەسەرم بردووە، لەبەر ئەوەی وەك ویستومە قسەڵ نەبووە، هێندەی تەواوی ئەو ئازارەش نەبووە كە ئەمەوێو هێندەی ئەو گەڕانەشی كە هیوا خوازیم، هەرچەندە من ئازارم زۆر چەشتووەو زۆریش گەڕاوم، ئێستا من نەخۆشمو هەست بەڕەزامەندی ناكەم بەرامبەر بەكتێبەكانمو رقیشم لە بەرهەمەكانمە، من ئێستا بەرامبەر بەهەڵوێستم لەژیانو كتێبەكانما بابەتی نیم..

() ژن لە ژیانتا چی دەگەیەنێ؟

مەوانە

– ئەو ژنەی لە ژیانا خولیام بوو بوونی نیە لەرۆمانەکانما، هەرگیز لەرۆمانەکانیشما بوونی نابێ.. هەموو ژنێك جۆرێك گەمەبازی تیایە، ئەویش بەهۆی ئەو بارودۆخە ناهەموارەی کە چەشتوویەتی‌و ناچاری کردووە کە بەرەو ئەم گەمەبازییە بچێت. بەڵام من ئارەزوو ئەکەم کە بەڕێگایەکی راستا بڕۆم، ئەگەر دەستە خوشکی خۆر بێتە ناو مانگی داهێنانەوە ئەمە باشە، لەم ئاوێتەبوونەوە ئەو شتە لەدایك ئەبێت کە ئاسان نیە وەسفی بکرێت لەبەر ئەوەی ناوی داهێنانە، هەموو شەو و رۆژێك لەنوستن‌و لەبیداریدا لەدەورو پشتی خۆم ژنان ئەبینم نزا ئەکەن‌و ئەپارێنەوە، دەستەو دامان دەبن کە هەندێ لەگوڵەکانم بدەم لەقژیان بەڵام من گوڵەکانم لەقژیان نادەم، لەبەر ئەوەی ژنێك نیە شایانی گوڵەکانی داهێنانم بێت. هیچ ژنێکیش لەم سەردەمەدا نازناوی (بەلقیسی مەزن)ی پێ رەوا نابینرێت.

تووڕەم لەژیانم، لەبەر ئەوەی کە فێر نەبووم بتوانم خۆم توندو تۆڵ بکەم

() ئایا تۆ کەسێکی مەزاجیت؟

– بەڵێ من زۆر مەزاجیم، نەفریشتەو نەئەهریمەنیشم بەڵام دان بەوەدا دەنێم کە ئەزانم چۆن ئەهریمەن لەژێر نینۆکەکانما دانێم‌و فریشتەش بنێمە سەر سەری پەنجەکانم.

() ئایا هەموو نوسینەکانت تاقیکردنەوە راستیەکان بوون یان خەیاڵی؟

– تۆماس مان وتی: بۆ تێزە تێزی ناو زڕاندن دەدەن؟ گوایە ئەم پاڵەوانە فلانە یان فیسارە کەسە؟ کێشەکە بەم شێوەیە نیە، رووداو لەرۆمان یان لەچیرۆکدا نوتفەیەکە کە خەیاڵو داهێنان ژیانی پێ ئەبەخشێ، بەپێی ئەم واتایە من چیرۆکی ژیانی خۆم نانوسم، بەڵام چیرۆکی کەسانی تر یان کەسایەتی رۆمانەکان کە دایان ئەهێنم‌و لەگەڵ رێڕەوو گەشەسەندندا بەسەربەستی ئەژین، زۆر جاریش رێڕەوەکە خۆی کۆتاییەکەی ئەسەپێنێ.

() ئایا تۆ ناتوانی بەرهەمەکانی سەرەتاو بەرهەمەکانی دواییتان؟

– هیچ نزیکیەك لەنێوانی بەرهەمەکانی سەرەتاو دواییما نیە نە لەنزیك‌و نە لەدوورەوە، ئەوەی دەربارەی ئەنوسم ناوم ناون دۆزینەوەی شوێنە نادیارەکان، وەك دەریا، دارستان، بەفر،و شیکردنەوەی دەرونیی ژن، نۆقلێتێکم نوسیوە بەناوانیشانی (ژنە جل رەشەکە) و چەندین رۆمانی تر کە ناوەکانیانم ئێستا لەبیر نیە، لەبەر ئەوەی زاکیرەم بێژنگێکی راستەقینەیە‌و ئەو ناوانەی ئەیانبیستم‌و ئەو روخسارانەی ئەیانبینم لێیەوە بەردەبنەوە.

() کام بەرهەمت لەهەمووبان زیاتر نزیکن لێتەوە؟

– (چارۆکە‌و بۆران) کە پێیان وت داستانی دەریا (الیاطر) کە تائێستا پانزە جار لەچاپدراوەتەوە‌و تەرجومە کراوە بۆ چەندین زمان، هەموو کەسێ (الیاطر)ی خۆشئەوێ‌و پەیوەستن پێیەوە‌و بۆ هەر ولاتێ ئەچم ئەڵێن کوانێ بەشی دووهەمی، من تائێستا بەشی دووهەمیم نەنوسیوە لەبەر ئەوەی ئەو تەندروستیەی پێش (٣٠) ساڵ لەمەوبەرم نەماوە.

() چیرۆکی ئەو ناکۆکیە چیە کە لەم دواییەدا لەنێوانی تۆو نوسەری میسری (وحید حامد)دا رووی دا؟

– رۆژنامەنوسێك نوسیبووی کە (وحید حامد) لەرۆمانەکەم (ژنە جل رەشەکە)ی بردووە ئەمەش هەڵە بوو.. رونکردنەوەیەکم دەربارەی ئەم هەڵەیە بڵاوکردەوە، لەبەر ئەوەی بۆم دەرکەوت کە (وحید حامد) لەرۆمانەکەمی نەبردووەو هیچی لێوەرنەگرتووە، رونکردنەوەیەکم بۆ ناردو ئەویش باوەڕی پێهێناو کارەکەش لەسنووری ئەم رادەیەدا تەواو بوو.. ئێمە یەکتریمان خۆشئەوێ‌و نوسینی یەکتریمان بەدڵە، لەبەر ئەوەی کە ئەو سیناریۆنوسێکی گەورەیەو هەروەها منیش رۆماننوسێکی گەورەم.

مەوانە

() دوای (کۆتایی پیاوێکی ئازا)و ئەو بەرهەمە تەلەفزیۆنیانەی کە لەلایەن جەماوەرو رەخنەگرانەوە سەرکەوتنێکی مەزنی بەدەستهێنا، کامەیە دوا بەرهەمی تەلەفزیۆنیت؟

– بەم زوانە لەگەڵ بینەراندا بەیەك ئەگەینەوە لە رۆمانی (پاشماوەی وێنەکان) کە دەربارەی (نجدت انور) دەربارەهێنێ بۆ تەلەفزیۆنو، لەبەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی (دبی)ە.

() رۆڵی خۆشەویستی لەژیانتا چیە؟

– خۆشەویستی دەورو پشتی خۆی دائەپۆشێ، ئەمەش ئەبێتە کەرەسەیەکی پێویست بۆ ژیان، ئەدیب پێویستە کە دەست لەژیان بدا، ئەو کاتە بۆی دەرئەکەوێ کە دەستی لە خۆشەویستی داوە، ئەگەر خۆشەویستی لەنێرانی ژنو پیاودا نەبوو، خۆشەویستیەك هەیە لەگەڵ سروشتدا،و خۆشەویستی دایك بۆ منالەکەی.. لەناو ژیانو داهێناندا خۆشەویستیەکی ریشە داکوتراو هەیە، بەڵام لەقۆناغی دوای خێزاندارێدا خۆشەویستی ئەگۆڕێ بۆ بوارێکی ترو ئەچێتە خانەی دڵئارامیەوە لەبەر ئەوەی هەر یەك لەژنو مێردەکە دڵئارامن لەبوونی ئەوی ترو دڵئارامیش دوو شت ئەکوژێ ئەویش خۆشەویستیو داهێنانە، ئەمەش ئەوەشیدەکاتەوە کە بۆچی دوای خۆشەویستیو پێکەوەنانی خێزان ناکۆکی دروست دەبێت، رۆمانسیەکانی ئەوروپا پێیان داگرتووە لەسەر ئەوەی کە کاتێ مێرد نکوڵی لەخۆشەویستی خۆی دەکات بەرامبەر بەژنەکەی، پێویستە نەچێتە لای و لەگەڵی نەنوێ چونکە ئەوە ناڕەوشتیە وە راستکۆیی تیانیە.

() زانراوە کە ژیانێکی سەختت بەسەر بردووە، ئایا چۆن بووە؟

– من وەك مۆمێك وابووم کە هەمیشە خەریك بووە بکوژێتەوە لەبەر ئەوەی هەموو چرکەیەکو لەگەڵ هەر شنەبایەکدا دەلەریەوە، ئەوەش لەسەرەتای ژیانما بوو، ئەم مەترسیەش لەسەر سەرم مایەوە هەتا تەمەنم گەیشتە چل سالان ئینجا بەهۆی هێزی ئیرادەو فیکرەوە بەسەر ئەم قەیرانەما زاڵ بووم‌و گیروگرفتە دەرونیو تەندروستیەکانم بڕی، بەڕاستی ژیان گران بوو لەنێوانی هەژاریو برسێتیو بێ بەشیو گواستنەوە کاری لەنێوانی ئەوەی لەتواناداید بکرێو مەحاڵدا،و ئیشکردن لەپیشە کەم بایەخەکاندا وەك سەرتاشینو... هتد.

لەگۆڤاری (الصدی) ژمارە (٢٧)ی یەکشەممە ٣ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٩ لاپەڕە ١٢٦–١٢٧.

لێرە

شیعر و رەنگ

رۆژی ۲۰۰۰/۲/۱۲ و بە چاودێری وەزیری رۆشنبیری کۆمەڵەی شێوەکارانی سەربەست دووەمین پێشانگەی خۆی بە ناوی (شیعر و هونەر) کردەوە لەسەر شیعرەکانی مامۆستای شاعیر (شێرکۆ بێکەس) ئەنجام درابوو، تابلۆکانی نێو پێشانگاکە بە مادەکانی (زەیتی، هێڵکاری، پۆستەر) نەخشێنرابوون و پێشانگەکە جارێکی تر ئەوەی سەلماندەوە کە پەیوەندییەکی رۆحی هەیە لەنێوان شیعر و رەنگدا و ئەم دیاردەیەش دیاردەیەکی جیهانییەو رۆژ لە دوای رۆژ بەرەو پێشتر دەچێت و بەشدارانی پێشانگەکە پێک هاتبوون لە (چنار عەبدول قادر) عەبدول ستار تۆفیق، بەهادین مەحمود) و چەند هونەرمەندێکی تر.

پێشانگەیەکی هاوبەش

لە درێژەی چالاکییەکانی گەلەری زامووادا رۆژی ۲۰۰۰/۲/۲۰ دا یەکەم چالاکی خۆی بە پێشانگەیەکی هاوبەشی هەردوو بەشی هەردوو هونەرمەندی خۆشەویست (سەروەت ئەنوەر سەوز) و (سامان کەریم) دەستی پێکرد و هۆڵی مۆزەخانەش بووە ئەو پانتاییەی کە دوا بەرهەمەکانی ئەم دوو هونەرمەندەی لەئامێز گرت و بە ٣٦ تابلۆی هونەرمەندان رەنگ بلەنێو پێشانگەکەدا خۆی دەنواند بەمەبەستی دەرخستنی نهێنییەکان و پێشانگەکە بۆ چەند رۆژێک درێژەی هەبوو.

یادی رۆژی جیهانی شانۆ لە شاری سلێمانی کرایەوە

رۆی جیهانی شانۆ کە رێکەوتی ٣/٢٧ ی هەموو ساڵێکە و لە گشت لایەکی دنیاوە رێز لەو رۆژە دەنرێت، هەر لەو دیدەوە هونەرمەندانی کوردیش بۆ رێزلێنان لەم رۆژەدا چەندین چالاکیان لەنێو شاری سلێمانیدا گێڕاوە بەم شێوەیە:

- رۆژی دوو شەممە ٢٠٠٠/٣/٢٧ پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی بەشی شانۆ بە هاوکاری بەشی مۆسیقا و لەنێو هۆڵی سلێمانی یادەکە بەڕێوەچوو کە سەرەتا بە کردنەوەی پێشانگەی (پۆستەر و پرۆگرامی شانۆییە نمایشکراوەکان و ماکێتی جلوبەرگ و دەمامکی کەسێتییە شانۆییەکان) دەستی پێکرد و پاشان وتاری رۆژی شانۆی جیهانی لەلایەن مامۆستا (مۆفەق عارف لهۆنی)یەوە خوێندرایەوە و پاشان خەڵاتی رێزلێنان بەخشرایە کۆمەڵێك لە مامۆستایان و خوێندکاران کە رۆڵیان هەبووە لە بەرەوپێشەوەچوونی شانۆ لە شاری سلێمانیدا، هەروەها لە رۆژانی ٢٨-٣/٢٩ لەلایەن خوێ،دکارانی پەیمانگاوە چەندین کۆڕێ تایبەت بە شانۆ سازکرا.
- هەروەها رۆژی ٢٠٠٠/٣/٢٧ پەردە لەسەر پەیکەری هەرسێ هونەرمەندی شەهید (ماجد حەمە جوان، عیزەت ئەحمەد، حسین قەرەداغی) لادرا.
- هەر هەمان رۆژ بەڕێوبەرێتی رۆشنبیری سلێمانی بەشی سینەما و شغانۆ و لە هۆڵی رۆشنبیری شانۆیی (نەفرەت) ی نمایشکرد لە ئامادەکردنی (هاوڕێ قادر و میران عەلی) و دەرهێنانی (هاوڕێ قادر) و لە نواندنی (هەرێم ماهر و میران عەلی) بوو.
- رۆژی چوارشەممە ٢٠٠٠/٣/٢٩ لە هۆڵی رۆشنبیری شانۆیی (جەنگێك لەپێناو مانگدا) ی نمایش کرد، لە ئامادەکردنی (کاروان عوسمان چێوار) و نواندنی (کاروان عوسمان، نەورۆز تەها، ئاوات باقی) بوو.

ئا. بەختیار سەعید

ڕەوێ

دوو کۆمەڵە شیعری ڕەفیق سابیر بەسویدی و فارسی

Istidens epok, Rafik Saber
ڕەفیق سابیر، وەرزی سەهۆڵبەدان
گوڵبژێرو وەرگێڕانی بۆ سوێدی گۆران
مەریوانی
پەخشخانەی لیندێلۆو، سوید ١٩٩٩

لەمانگی سپتەمبەری ئەمساڵدا گوڵبژێرێکی شیعرەکانی شاعیر ڕەفیق سابیر بەسوێدی و لەکتێبێکی قەشەنگی سەدو بیست لاپەڕەییدا، لەلایەن پەخشخانەی سوێدی (لیندێلۆو)ەوە باڵوکرایەوە. نووسەرو وەرگێڕ گۆران مەریوانی شیعرەکانی هەڵبژاردوون و کردوونی بەسوێدی، پەراوێزی بۆ هەندێ لەشیعرەکان و دوا وتەی بۆ کتێبەکە نووسیوە. هەروا نووسەری گەورەی سوێدی توربیۆرن سێفڤێ پێشەکی بۆ شیعرەکان نووسیوە. لەگەڵ کتێبەکە سیانزە نیگاری هونەرمەند ڕێبوار سەعید باڵوکراونەتەوە. هەروا هونەرمەندی سوێدی ئێرلینگ ئۆهرنێل تابلۆیەکی ڕەنگاو ڕەنگی بۆ بەرگی کتێبەکە نەخشاندووەو، وێنەی کتێبەکە سەرکۆ ئەمین گرتوویەتی. گۆران مەریوانی لەناو شەش کۆمەڵە هۆنراوەی شاعیردا، کە لەساڵانی ١٩٧٤ تا ١٩٩٧دا نزرسراون، سیی هۆنراوەی شاعیری گوڵبژێر کردوون، لەوانە هۆنراوەی وەرزی سەهۆڵبەندان، کە نزیکەی چل لاپەڕەیەکی کتێبەکەی گرتووەو کتێبەکەش ناوی هەمان هۆنراوەی بەخۆگرتووە. ئەم گوڵبژێرە پڕ دیققەتو نەخشەڕێژکراوەی گۆران دەتوانێت وێنەیەکی تاڕادەیەک ڕوون سەبارەت بەڕەوشی شیعری ڕەفیق سابیر لەماوەی چارەکە سەدەیەکدا بەخوێنەری سوێدی پێشان بدات.

گۆران مەریوانی لەدوا وتەی کتێبەکەیدا باسی شاعیرانی کورد لەحەفتاکان دەکات و دەنووسێ کە ئەوکاتە لەناو هەموو شاعیرانی حەفتاکاندا ئەم حەزی لەشیعری دوو شاعیر کردووە، کە یەکێکیان ڕەفیق سابیر بووە. دوای ئەوە باس لەڕەوشی گۆڕانو پێشکەوتنی شیعرەکانی ڕەفیق دەکات لە هەشتاکان و نەوەتەکاندا. بەڵام سەبارەت بەچۆنیەتی هەڵبژادن و وەرگێڕانی شیعرەکان دەنووسێ کە ئەو شیعرانەی هەڵبژاردوون و کردوونی بەسوێدی کە خۆی پێیوایە لەچێژی خوێنەری سوێدییەوە نزیکن.




رفیق صابر، برهنه در کشتگاه خاکستر

(ڕەفیق سابیر، ڕووت لەکێڵگەی خۆڵەمێشدا)
وەرگێڕانی بۆ فارسی فەرەیدوون ئەرشەدی
پەخشخانەی (انتشارات پاسارگاد) تاران ١٩٩٩
ڕووت لەکێڵگەی خۆڵەمێشدا ناونیشانی کۆمەڵە شیعرێکی دیکەی تەرجومەکراوی ڕەفیق سابیرە کە لە سەرەتای ئەمساڵدا لە تاران بەفارسی باڵوکراوەتەوە. هۆنراوەکان لەلایەن شاعیرو نووسەر فەرەیدوونی ئەرشەدی، کە یەکێکە لە دەنگە نوێیەکانی شیعری کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کراون بەفارسی و، شاعیری ناسراوی ئێرانی سەید عەلی سالحی پێشەکی بۆ نووسیوە.
کتێبەکە ٧٩ لاپەڕەیەو هەژدە هۆنراوەی شاعیری بەخۆ گرتووە، لەوانە بەشێك لەهۆنراوەی لاوکی هەڵەبجە. زۆربەی شیعرەکان لەناوەڕاستی حەفتاکان تاکۆتایی هەشتاکان نووسراون.

ڕەوێ

لەسوید فەرهاد شاکەلی باشترین خەلاتی پیشانگەی پەخشان وەردەگری



شاعیری دووره وولاتی کورد کاك فەرهاد شاکەلی کەیەکێکە لەئەندامانی گروپی کفری نوێخوازو جێ پەنجەی دیاری لەو گۆرانکاریانەدا هەیە کەلەسەرەتای حەفتاکاندا لەشیعری کوردی دا پەیدا بوو... لەڕۆژی ٢٠٠٠/٣/١١ووڵاتی سوید لەلایەن پێشانگای پەخشخانەکانی کتێبی بێگانەوە لەسوید خەلاتی باشترین داهێنانی ئەدەبی وەرگرت... شایانی گوتنە ئەم خەلاتە سالّی جارێك دەدرێ بەنوسەرێکی بێگانە کەباشترین بابەتی ئەدەبی خۆی پێشکەش کردبێ جا چ راستەوخۆ ئەو بەرهەمەی بەزمانی سویدی نووسیبێ یاخود لەزمانێکی دییەوە کرابێ بەسویدی... ئەمسالّ ئەو خەلاتە بەشاعیری ناسراوی کورد فەرهاد شاکەلی بەهۆی ئەو دیوانەیەوە کەسالّی ١٩٨٩بەزانی سویدی بالّو کردەوە بەناونیشانی(مرواریەك لەگۆمی لێلّی خەوندا) پیرۆزبایی لە فەرهاد شاکەلی شاعیر دەکەین و هیواداربن نوسەرانی هەندەرانمان هەردەم خەلاتی گەورەو گەورەتریش وەرگرن و بیسەلمێنن کەئەدەبی کوردیش ئەدەبێکی بەرزە و شایانی لالێ کردنەوەو ئاوڕ لێ دانەوەیە

(ئەحمەد شاملو) و خەلاتێکی سویدی

شاعیری ناسراوی فارس ئەحمەد شاملو، تا ئێستا چەندین خەلاتی پێشکەشکراوە، شیعرەکانی سەدایەکی گەورەی لە ئێران و جیهاندا هەیە و شیعرەکان بە چەندەها زمان وەرگێڕاون. چەند سالّێکیشە لە لیستی پالّێوراوانی خەلاتی نۆبلّدایە.

خەلاتی Stig Dageman تازەترین و بەناوبانگترین خەلاتی سویدییە کە پیشکەش بە شاملو کرا. شایانی باسە سالّی رابردوو ئەم خەلاتە درا بە ڕۆمانتوسی گەورەی عەرەب نەجیب مەحفوز.

٧ ملیۆن دانە لە (پێغەمبەر) ی جوبران خەلیل جوبران فرۆشراوە




(پێغەمبەر) ی جوبران خەلیل یەکێکە لە شاکارە گەورەکانی سەدەی بیستەم، بۆ دەیەها زمان وەرگێڕاوە. لە ئەمریکا (١٠٧) جار چاپکراوەتەوە. ئەم کتێبە لە ئەمریکا بۆ پڕ فرۆشی دوای ئینجیل دێت. چەندین دەیە بەسەر دەرچونیا تێپەڕبووە کەچی ڕۆژ بە ڕۆژ ڕەواجی زیاتر پەیدادەکات و بە تیراژی زۆر چاپدەکرێتەوە. خوێنەرانی وڵاتە عەرەبییەکان هەر زوو ئاشنای پێغەمبەری جوبران بوون.

ماوەیەك لە میسر و کوەیت قەدەغەخرایە سەر چاپکردنەوەی. تا سالّی ١٩٨٤ (١٠٧) جار ئەم کتێبە چاپکراوەتەوە حەوت ملیۆن دانەی لێ فرۆشراوە.

خەلاتی نەجیب مەحفوز درا بە ئیدوارد خەرات

لە داگیرساندنی مۆمی هەشتاو هەشت سالّەی ڕۆمانووسی میسری نەجیب مەحفوزدا سەرۆکی زانکۆی ئەمیرکی لە قاهیرە خەلاتی (نەجیب مەحفوز) ی بەخشی بە ڕۆمانووسی میسری ئیدوارد خەرات بەبۆنەی داهێنانی گەشی لە ڕۆمانی(رامەوالتنین) رامە و ئەژدیها)دا.

ڕەوێ



ئەندامانی لیژنەی دادوەری خەڵاتەکە لە ڕاپۆرتێکدا ڕایانگەیاند کە ئەم ڕۆمانەی ئێدوارد خەرات وەرچەرخانێکی تایبەتە لە ڕۆمانی عەرەبیا. لە بڕگەیەکی تری ڕاپۆرتەکەدا دەڵێن ئەم ڕۆمانەی ئێدوارد واقیعی میسری و ڕوداوەکانی سااڵنی شەست و حەفتا و چل و پەنجاکانی وڵاتە بەشێوەیەکی ستاتیکی.

بەشی چاپ و باڵوکردنەوە لە زانکۆی ئەمریکی لە قاهیرە دەیکات بە زمانی عەرەبی و بە زمانی ئینگلیزی لە میسر و دەرەوەی میسر چاپدەکرێت.

لەڕۆمانەکەدا (رامە) هێمای نوێبونەوەیە و میخائیلیش هێمای بەردەوامبوون و پێوەری ئەخلاقییە.

ئیدوارد خەرات ساڵی ١٩٢٦ لە ئەسکەندەریە لە دایك بووە ساڵی ١٩٤٦ بەکالۆریۆسی لە یاسادا هێناوە. پێش وەرگرتنی ئەم خەڵاتە چەندین خەڵاتی تری هێناوە لەوانە: خەڵاتی دەوڵەت ساڵی ١٩٧٢، خەڵاتی دۆرستایەتی عەرەبی و فەرەنسی ساڵی ١٩٩١، خەڵاتی (العوەس) ساڵی ١٩٩٦، خەڵاتی کافافیس ساڵی ١٩٩٨، یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی خەرات ساڵی ١٩٥٩ بەناوی چەند دیوارێکی بەرز)ەوە چاپکراوە. ئەم ڕۆمانەیشی کە خەڵاتی نەجیب مەحفوزی پێ وەرگرت ساڵی ١٩٧٩ چاپکراوە – پێش ئیدوارد خەرات خەڵاتی نەجیب مەحفوز دراوە بە (لطيفة الزيات، ئیبراهیم عبدالمجید، مرید برغوثي، احلام مستغانمی)

بەشی چاپ و باڵوکردنەوە لە زانکۆی ئەمریکی لە قاهیرە دەیکات بە زمانی عەرەبی و بە زمانی ئینگلیزی لە میسر و دەرەوەی میسر چاپدەکرێت.

لەڕۆمانەکەدا (رامە) هێمای نوێبونەوەیە و میخائیلیش هێمای بەردەوامبوون و پێوەری ئەخلاقییە.

ئیدوارد خەرات ساڵی ١٩٢٦ لە ئەسکەندەریە لە دایك بووە ساڵی ١٩٤٦ بەکالۆریۆسی لە یاسادا هێناوە. پێش وەرگرتنی ئەم خەڵاتە چەندین خەڵاتی تری هێناوە لەوانە: خەڵاتی دەوڵەت ساڵی ١٩٧٢، خەڵاتی دۆرستایەتی عەرەبی و فەرەنسی ساڵی ١٩٩١، خەڵاتی (العوەس) ساڵی ١٩٩٦، خەڵاتی کافافیس ساڵی ١٩٩٨، یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی خەرات ساڵی ١٩٥٩ بەناوی چەند دیوارێکی بەرز)ەوە

کتێبنما

کەرت بوونی رۆح



یوسف خلیل حمه أمین

چامەیەکە لە نوسینی شاعیر (یوسف خلیل حمه ئەمین)ە ئەم چامەیە ژمارەی لاپەڕەکانی (٤١) لاپەڕەیە و لە دوتوێی بەرگێکی ناسکدا بەچاپگەیشتووە لە چاپەمەنی بینایی، چاپی یەکەمە و (١٥٠٠) دانەی لێچاپکراوە و دانەیەک گەیشتە گۆڤارەکەمان. هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین.


لە (عەممان) دوە بۆ (ئامێدی)



بەسەرهاتی گەشتێکی جوگرافیایی و سیاسی و کۆمەڵایەتییە بۆ کوردستانی باشور کە نووسەر لە (عەممان) ەوە دەستیپێکردوە تا گەیشتۆتە ئامێدی و پاشان گەڕاوەتەوە، ئەم کتێبە لە قاهیرە لەچاپدراوە و (تالیب بەرزنجی) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی (عەلی سەیدۆ گەورانی) مێژوونووس و وەرگێڕی بە نەژاد کورد نوسەری ئەم کتێبەیە و دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم (٦٠٠) دانەی لێچاپکردووە و ژمارەی سپاردنی (٤٤٥) ی ساڵی (٢٠٠٠) ی پێدراوە.

٣ شانۆنامەی چیخۆف

- مەلی دەریا
- باخی گێلاس
- لالۆڤانیا



ئەم کتێبە سێ شانۆنامەی لەخۆگرتووە کە هونەرمەندی خوالێخۆشبوو (عوسمان چێوار) لە عەرەبییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی (٥٥) ەمین کتێبی چاپکراوی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمە و (٣٥٠) دانەی لێچاپکراوە و ژمارەی سپاردنی (٤٤٢) ی ساڵی (٢٠٠٠) ی پێدراوە.

المدينة



کۆمەڵە چیرۆکێکی چیرۆکنوس مامۆستا (رەئوف بێگەرد)ە، ئەم نوسەرە بەڕێزانە گۆڕوپانەتە سەر زمانی عەرەبی (دڵسۆز حەمە، جەلال زەنگابادی، رەئوف عوسمان، محەمەد بەدری، ئازاد بەرزنجی، غەفور سالح عەبدوڵڵا، محەمەد صابر مەحمود، عەبدولستار خالد سلیمان و مامۆستایان (ئەحمەد هاشم و میدیا رەئوف) کاری بەسەرداچونەوە و بەراوردکاری زمانیان گرتۆتە ئەستۆ.

ئەم کۆمەڵە چیرۆکە (١٢) چیرۆکی لەخۆگرتوە و لە بەرگێکی قەشەنگدا بەچاپگەیشتووە، مامۆستا رەئوف بێگەرد قەڵەمێکی دیارە لە بواری چیرۆکنوسیدا و (٦) کۆمەڵە چیرۆکی خۆی بە چاپگەیاندووە و (٥) کۆمەڵ چیرۆک و شانۆنامە و نوسینی لە زمانی عەرەبی و فارسیەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و بەچاپی گەیاندون.

کتێبنما

فریشتەی بەفرو باران



کۆمەڵە شیعرێکە بۆ منداڵان لە بەرگێکی جوان و لاپەڕەی ڕەنگاوڕەنگدا بەچاپگەیشتووە، ئەم شیعرانە لە نووسینی شاعیر (بەرزان ئەحمەد)ە ژمارەی لاپەڕەکانی (٦١) لاپەڕەیە و (٤٠٠) دانەی لێچاپکراوە، ژمارەی سپاردنی (٢) ی ساڵی (٢٠٠٠) ی وەزارەتی ڕۆشنبیری دراوەتێ، دانەیە دیاری گەلاوێژێنوێ، هیوای بەردەوامی بۆ دەخوازین.

قەڵا

دوو شانۆنامە

(بەرەو خۆڕ) و (گۆڕی مەنگ)

ئەم کتێبە بریتیە لە دوو شانۆنامەی کۆمیدی کە نووسەر کاك (ئەنوەر ڕەشید) شانۆگەڕی یەکەمیانی (بەرەوخۆڕ) ئامادە کردووە و دوەمیان (گۆڕی مەنگ) کە لە نوسینی خۆیەتی ساڵی ١٩٩٩ بە چاپگەیشتووە لە سوید ژمارەی لاپەڕەکانی (١٦٨) لاپەڕەیە.

لەسەر شەقامی ساتەکان



کۆمەڵە شیعرێکی شاعیر (عەبدولقدر فەرامەرزی)ە شاعیرێکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە ئەم بەرهەمە لەنێو بەرگێکی قەشەنگدایە و بە چاپێکی خاوێن و جوان بە تیراژی (١٢٠٠) دانە بەچاپگەیشتووە لە بۆکان ساڵی ١٩٩٩.

باخچە ڕەژووەکانی حەقیقەت

کۆمەڵە شیعرێکی شاعیر (شازین هێرش)ە کە لە قەوارەیەکی مام ناوەندیدا لەچاپدراوە و (٣٨) شیعری لەخۆ گرتووە چیرۆکنوس (سیامەند هادی) پیشەکی بۆ نوسیوە، وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان (٣٠٠)

کتێبنما

دانەی لێچاپکردوە، ژمارەی لاپەڕەکانی (١٢٤) لاپەڕەیە و ژمارەی سپاردنی (٤٢١) ی سالّی ١٩٩٩ ی دراوەتێ.

ژووڕەکەی دەلیا



کۆمەڵە چیرۆکی - ژووڕەکەی دەلیا - لە نوسینی چیرۆکنوس (ناکۆ کەریم مەعروف)ە کە بریتیە لە (١١) چیرۆك (یەکەمیان تاوان، وەچەکانی بەرد، برینەوەرە شووشەییەکان، گوڵە ئاوییەکان، کیژۆڵەکە دەڵێ و ئێمە ئەفسانەیەکی گوناهین گوناه، ماندوو نەبن منالّەکان، قفڵەکان دەبن بە ئاو، ژووڕەکەی دەلیا، سەرابی تەرمەکان، بەربەری، مەلەکوت) ئەم کتێبە بە هاوکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری لەچاپدراوە، (٧٦) لاپەڕەیە و ژمارەی سپاردنی (١٤٣) ی وەزارەتی ڕۆشنبیری دراوەتێ.

میری چکۆڵە




کتێبی (میری چکۆلە) لە نوسینی (ئانتوان سین ئیگز و پەری) ەیە و (ناصری حسامی) وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، داهێنانێکی بە بەها و سودمەندە، دانەیەکی تر لە چاپەمەنیەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ژمارە (٥٤) زنجیرەی کتێبی منالّان (١)، چوار سەد دانەی لێچاپکراوە، ئەم کتێبە لە ڕووی ئەم دەقەوە کراوە بە کوردی (شاهزادە کوچولو) ترجمەی احمد شاملو.

منالّ و شیعر



کۆمەڵە شیعرێکی جوان و ناسکن بۆ منالّە ئازیزەکان، لە نوسینی شاعیر (محەمەد کەساس)ە بە تایپێکی جوان و لە بەرگێکی قەشەنگدا بە تیراژی (٤٠٠) دانە بە چاپگەیشتووە، پێش ئەم کۆمەڵە شیعرە شاعیر دوو بەرهەمی تری بۆ منالّان بە چاپگەیاندوە (کەوی کوێستان ١٩٨٤، خۆر ١٩٩٥) ژمارەی سپاردنی (٥٢٩) ی سالّی ١٩٩٩ ی دراوەتێ و لەچاپ و بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریە.

ئۆزدەمیر و کورد



بەرهەمێکی تری نوسەر (ئەحمەد باوەڕ)ە بریتیە لە کورتەیەك لە مێژووی ملمالنێی بەریتانیا و تورك لە کوردستانی باشور، پێکیش هاتووە لە سێ باس.

١- ئۆزدەمیر و کورد.

٢- چەند تێبینیەك دەربارەی باسەکەی ئەحمەد باوەڕ لەژێر ناوی ئۆزدەمیر و کورددا کە لە نوسینی (دکتور صلاح الدین حەفید)ە.

٣- من و دکتۆر حەفید و ئۆزدەمیر و کورد (کە وەڵامێکە بۆ بابەتەکەی دکتۆر صلاح الدین حەفید). دانەیەکی تری لە چاپکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ


کتێبنما

و بڵاوکردنەوە زنجیرەی (٤) و ماوەیەکی کەم جێگەی خۆی لەناو ژمارەی سپاردنی (٥٢١) ی کتێبخانەی کوردیدا کردەوە، ساڵی ١٩٩٩ ی دراوەتێ.

ئەویش گۆڤاری (مەدەنیەت)ە.

ئەم جارە (مەدەنیەت) جووت ژمارەیە. لە دووتوێی بەرگێکی (٣٩٥) لاپەڕەییدایە.

گوناهەکانی بەفر و سێبەر



کۆمەڵە شیعرێکی شاعیر (محەمەد کاکەڕەش)ە لە قەوارەیەکی مام ناوەندیدا بە چاپگەیشتووە، دوو کۆمەڵە شیعری تری بەچاپگەیاندووە (پێناسەی جەستەیەکی رزیوە ١٩٩٥، ڕۆمانی ماچ ١٩٩٧).

ئەم کۆمەڵە شیعرە لەچاپکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە زنجیرە (٣٢) ە ژمارەی سپاردنی (٣١١) ی ساڵی ١٩٩٩ ی دراوەتێ.

مەدەنیەت (5-6)

گۆڤاری گەلاوێژینوێ ئەم جارە جیا لە ڕابردوو چاوێك دەگێڕێت بە گۆڤارێکدا کە بە گوڕم هاتە پێشەوە و بە



چەپکێك روانین بۆ ئەدەبی سەلیم بەرەکات

بەچاکمان زانی پاشکۆی گەلاوێژینوێ هەر تەنها تایبەت نەبێت بە چاوپێکەوتن، بۆیە بیرمان لەوە کردەوە لەمەودوا لاپەڕەکانی بۆ شتی تریش بەکاربهێنین.

پاشکۆی ئەم ژمارەیە، دۆسیەیەکی تایبەتە بە شاعیر و ڕۆماننوسی بەتوانا، سەلیم بەرەکات.

سەلیم بەرەکاتی کورد نەگەرچی بە زمانی عەرەبی دەنوسێت، بەڵام ئەدەبەکەی، شیعر و ڕۆمانەکانی، ئەوەندەی بۆنی شاخ و بڕینی قەڵیان لێدێت، ئەوەندە بۆنی بیابانیان لێناێت، زمانی شیعر، بەتایبەتی زمانی ئەفسوناوی سەلیم وەسیلە نییە، نامانجێکە بۆ خۆی، بەڵام دەشێ بڵێین ژمانە عەرەبییەکەی بووە بە وەسیلەیەك بۆ ناساندنی ڕۆحی کورد بە عەرەب. سەلیم با زمانەکەیشی بە عەرەبی بێت بەڵام کەم، نێجگار کەم نووسینی کوردی دەبینیت خۆی لە کێشەیەکی وەك مەهاباد دابێت و مەهابادی هونەری وەك ئەم بۆ داهێنابێتین، مەهابادێك لە میژوو واقیع لای دابێت و بووبێت بە هونەر، ئەم دۆسیەیە هەوڵێکی کەمە. سەلیم بەرەکات شایانی سەدها دۆسیە و لێکۆڵینەوەی قوڵە. مایەی شانازییە، ئەگەر پەنجەرەیەکی بچوکمان بەسەر نەدەبی بەرەکاتدا کردبێتەوە..

گەلاوێژینوێ

خوێندنەوەی رۆمانێکی نوێی سەلیم بەرەکات
دوو ئەزەل لەبەرستەمکەوتنی کورد

ك.م.ق

– رۆمانی (پەردوی ئەزەلی دووەم) بە هەڵپەوە ناخوێنرێتەوە.

(ص.ح) ی هاوڕێم کە ئەم رۆمانەی پێدابووم بیخوێنمەوە، وام پێوت.

بە هەڵپەوە ناخوێنرێتەوە، چونکە هەرچەند بڕەدێڕو لاپەڕەیەکی لێبخوێنیتەوە ئارەزوو دەکەی سەرلەنوێ پێیدابچیتەوە، وەك هەنگوین، هەردەبێ لەسەرخۆ بە ژەم تامی بچێژی، دەنا روحت ئاوەژۆ دەبێ و پلە پلەکانی خۆشی و پاراوی و توێژەکانی رەنگ و تام و بۆن و نهێنیەکانی چڕی و رونی و رەنگاوڕەنگیەکانی نێوانیانت لێون دەبێ.

رۆمانی (پەردوی ئەزەلی دووەم – انقاض الأزل الثاني – دار النهار للنشر – بيروت ١٩٩٩) تەوەرە سەرەکیەکەی دێریتیە لە سەربردەیەکی مێژویی کە ئەویش روخانی ئەو (کۆماری مهاباد) ەیە، لە ژیانی سالێك پتری بۆنەنوسرابوو، ئەوەبو ستالین لە پاراستنی یەکەم کۆماری ئازەربایجان پاشەکشەی کرد و قازی محەمەدی سەرەك کۆماری یەکەم کۆماری کوردیش هەستی کرد کە خاکەکەی ئەمیش لەژێر پاراستنیدا نەماوە، بۆیە قۆپچەکانی جبەکەی بەری بالا لاوازەکەی خۆیی داخست و چاوەڕوانی هاتنی ئەسپەکانی سوپای ئێرانی کرد و کە هاتن پەتێکی باریکیان لە منیەوە ئالاندو بەرزیان کردەوە، بەڵام زەمەنی گێڕانەوەی رۆمانەکە ئەم روداوە تەنها وەك دەنگاوەرێك بەکاردەهێنێ کە رەزمی دەنگی رۆمانەکەی پێدیاری‌دەکات. لەوێوە روداوەکە بەجێدەهێڵێ بۆئەوەی پێی بچێتە گەڵاڵەکردن و پێکهێنانی ئەو سەربردەی رۆمانەکەوە کە رەوتی روداوەکان بە هەڵچوون و داچونیەکانیەوە دیاری‌دەکات.

چونەناو فەزای رۆمان لە (پەردوی ئەزەلی دووەم) دا لە رێگەی دوو دەروازەوە دەبێ (دەروازەی مێژوو، ئەمجا دەروازەی گێڕانەوە و نوسین) بە هەردوو ئەم دوو دەروازەیەش یەك دەرگا بۆ دوو فەزای بەیەکەوە تێکەڵکراوی هاوڕێیێکدەهێنن کە هیچکام لە فەزاکان لە هیچشتێکدا پێوێستیان بەیەکتر نیە، بەمانایەك هێندەی ئەوەی کە هەردووکیان بۆ توانەوە لە جەستەی فەزای سێیەمدا، هەتا ئاستی لەدەستدانی ماهیەتیان دەتوێنەوە، هێندە پشت بەیەکتر نابەستن و نابن بە دراوسێ.

رەنگە کارامەیی سەلیم بەرەکات لە ژیاندنەوەی جەستەی مێژوی کورد و پاراوکردنەوەی و داڕشتنەوەی بە ئەمانەتێکی رەهاوە، بگەڕێتەوە بۆ نەبوونی (سیفەتی رەسمی) ی ئەم مێژوە، لەبەرئەوەی مێژوی گەلێکی چەوساوەیە و سەلیم توانیویەتی بەشێکی زۆری لایەنی مرۆیی و ژیان و رۆشنبیری مێژوەکە پیشان بدات.

بەسەر پێنج ئێستری تەتەرییەوە، پێنج پیاو هەن (ئەمانە خەڵکی ئەو ماڵانەن کە بە بنەماڵە دراوسێی ماڵی قازی محەمەدن) لەپاش (رۆشتنێکی چەندین کاتژمێری) یەوە، لەسەر هەورازی (کایەی خودان) ی رۆژهەڵاتی دیجلەوە سەیری خۆرنشینێکی باراناوی دەکەن، کۆمەڵێك ماڵ دەبینن، بەڵام سەرباری ماندوویان و سەرباری سەرمای تاسەر ئێسکیان (بەو ئاگاییانەوە یان کە لە مەهابادی بە ناڵەی بەرزەبری ستەمکەوتوەوە پێی هەڵاتبون) نزیکی ماڵەکان نەکەوتن، ئەم پێنجە، بەزەیی قەدەریو، رزگاربون.

رۆمانی (پەردوی ئەزەلی دووەم) بەم رەگەزانە دەکرێتەوە و دەستپێدەکات، کە کۆمەڵە رەگەزێکن هەوالی رابوردوو بەڵێنی ئایندەمان پێدەدەن، رەگەزی وردبونەوەن لە وەسفی ئەو ساتە جیاوازانەی کە جەرگەی روداوەکانی رۆمانەکە پێکدەهێنن، واتە ئەو ساتانەی کە دوو قەسابخانە لێك جیادەکەنەوە، یەکیان رویداوە و کۆتایی هاتوە و یەکیان روەدات، وەك ئەوەی کە سەلیم بەرەکات لەبری نالە و هاوار، دەنگی هێمن و، لەبری روداوی لەپڕ، زەمەنی هێمنی خۆشڕەو و، لەبری وێنەگەریی کت و مت غەزەلێکی لەسەرخۆ بەکاردەهێنێت و

بەمانە رەزمی رەسەنی گوزەرانی ئەو گروپە کوردە دادەپڕێ کە سەربردەکەیان لەسەردەگێڕێتەوە.

زەمەنی رۆمانەکە، بەشێوەیەکی دیاریکراو، ماوەی ئەو پشوەیە کە هەر پێنج کەسێتیەکە لە دیوەخانی کەریم پەریخانی دانیشتووی گوندی (سیدرۆك) ی کەناری رۆژاوای روباری دیجلە، لێی بەهرەمەند دەبن. ئەم دانوستاندنە (ئەگەر دانوستاندن لێرەدا، واتە لەم شوێنەدا راست بێ) لەنێوان پێش روداوەکان و پاشی روداوەکاندایە، واتە لەنێوان دوو تراژیدیادایە کە رۆمانەکە دروست دەکەن و کۆتایشی پێدەهێنن و هەمو قورسی و مانایەك بە ساتەکانی دەبەخشن.

(ئەوە دەنگی گۆرانییە) هەر پێنج پیاوەکە وادەڵێن و رۆمانەکەش لەوگردەوە دەمانگوێزێتەوە بۆ ئەو کەنارەی دیجلە و ماڵەکانی (سیدرۆك) کە کەریم پەریخان وەستاوە و گوێ لەو گۆرانیە دەگرێ کە لە کەناری رۆژئاواوە دێت و سااڵێکە ئەو کەنارە بەهۆزی شوانکارەی رۆستەم بابەك ئاوەدانە.

پیشەی هەموو هۆزەکەی پەریخان دروستکردنی فەرش و بەڕە و جەواڵە، ئەمانە (ڕێگەی نەخش و ڕەنگ یان گرتەبەر و لە خێڵی گەورەی (میرسینیەکان) ی هەرێمی عەینزاڵە جیابونەتەوە کە سەرقاڵی چاندنی گەنم و توتنی تورکین.

لێرەدا زەمەنی رۆمانەکە دەوەستێ بۆئەوەی بۆدواوە بگەڕێتەوە و هەروەك ئەوەی پێنج زەلامەکەی لە دەروازەی مێژوەوە گەیاندە کایی خودان، ئاواش مێژوی پەیوەندیی نێوان دانیشتوانی هەردوو کەناری دیجلە و ئەو دوژمنایەتیەی نێوانیانمان پیشان دەدات کە لەلایەك کەریم پەریخان و لەلاکەی دیکەوە رۆستەم بابەك لەیەکتر جیادەکاتەوە.

بە چەند رۆژێك پاش گەشتنی گروپەکەی رۆستەم بابەك، رۆستەم لە کەناری رۆژهەلاتەوە رودەکاتە کەناری رۆژئاواو بە قسە خۆی فودەدا و دەناسێنێ، کەریم پەریخانیش وەلامی پێدەداتەوە: جەناب ئێوە سەگتان زۆرە. رۆستەم بابەك هاواردەکات: ئومێدمە بێزارتان نەکات. کەریم پەریخان وەلامی دەداتەوە، دەڵێ: خۆمان بێزارناکات، بەڵکو قازەکانمان بێزاردەکات، هێلکەکانیان پێش هەڵهێنان پیس دەبن، رۆستەمیش دەڵێ: کەتیرەی گوێزی رۆحی دەرخواردی قازەکانتان بدەن.


(دەبێ کەتیرەی گوێزی رۆحی چی بێت؟) ئەمە ئەو پرسیارەیە کە خەو لە کەریم پەریخان دەتارێنێ چونکە وەلامێکی بۆئەو پرسیارە پێنادۆزرێتەوە، بۆیە دەچێتە سەر ئەو بڕوایەی کە ئەو قسەیەی رۆستەم بابەك جۆرێك لە تانوتدان و رکەبەرایەتی پەردەپۆشکراوی تێدایە و دەبێ وەلامی پێبدرێتەوە.

کە کەریم پەریخان گۆرانیەکە دەبیستێ بەدانەکرۆژە کەنارەکە بەجێدەهێڵێ، کە لەلای میوانەکانی دیوەخانەکەی دادەنیشێتەوە، بە خەمێکەوە دەڵێ: (ئەگەر خێڵێك شەوێکی وەك ئەمشەو، لەم پێدەشتەدا هەڵبژێرن و گۆرانیی تێدا بڵێن، ئەوە تەشەر لە خێڵێکی تر دەگرن، ئەی ئەوەنیە گوێ بەسەرمای دەشتەکەش نادەن؟)

ئەمەش ئەو سەربردەیەیە کە رۆمانەکە بەدوایدا دەڕواو پێی دروست دەبێ و لەگەڵ ئەویشدا کەسێتیەکان دروست دەبن، وەك ئەوەی رۆمانەکە فەرشێکی قەبە بێت و کەسێتیەکان (خەڵکی سیدرۆك) ناوچەرگەکەی بچنن و گێڕەرەوەش بە هاوەڵی خەڵکەکەی تری نامۆ بە سیدرۆك (پێنج پیاوەکە و دەستەیەکی تری فارس کە شوێن پێی

سَلِيم بَرَكَاتْ

أنقاضُ الأزل الثاني



رواية

دار التنوير

خەڵکەکەی هەڵدەگرن) هەریەکە و بە جیا لایەکی رایەخەکە دەچنن و کە چنین و وێنەکە تەواو دەبێ، ئیتر بەهانە بۆ گێڕانەوە و قسەکردن نامێنێ.

بەم شێوەیە خەڵکی سیدرۆك کۆمەڵێك ناو و رواڵەت و مۆرکیان دەبێ و لێرەدا ئاشنایی لەگەڵ خێزانی کەریم پەریخان و جەمیل فارکۆی کوێرە گۆرانیبێژ پەیدا دەکەین، کە بە چاوەکوێرەکانیشیەوە شت دەبینێ و هەرکە دەمی کردەوە قسە بە حەمیدی وەستای قۆری ناس و تام و چێژناس دەڵێ: ئاشنایی لەگەڵ سەرعۆی بێ برۆ و دوژمنی سەرسەختی جەمیل و، مانۆ سارۆخانی مامۆستای یەکەمی پیتەکانی قورئان و شەیدای شیعری کوردی و رێزمانی عەرەبی پەیدا دەکەین کە کوڕان و کچۆلانیش فێردەکات. بە جگەرۆ عەمشە و هەموو ئەو خەڵکە بێگانانانە ئاشنا دەبین کە چارەنوسیان تێکەڵ بە چارەنوسی خەڵکی ئەم گوندە ئارامەی کەناری دیجلە دەبێ کە خەڵکێکن بە تەون و چنین و پەروەردەکردنی قاز و مراوی دەژین.

لەم کەشە ئارامە و لە قولایی گوزەرانی خەڵکی سیدرۆکدا کە بە ساکاری رۆژگاریان لەو کەنار و روبارەدا دەگوزەرێ، سەلیم بەرەکات دێ تەونی ژیانی کوردان دەچنێ، رەنگ و روەك و ئاژەڵی تێدا زیندوەکاتەوە، پێمان دەڵێ راستیی شتەکان لە پەراوێزیاندا وەستاون و بەرقەرارن، لە شوێنە شارراوەکاندا شتەکان ئاشکرا دیارن، هەرچی بێدەنگی هەیە قسەی لەخۆیدا هەڵگرتوە، بەم شێوەیە بە نەخشەکێشانی هەموو وردەکاریەکان و بەبێ تێکچونی باری هاوسەنگیی روداوەکان بونیادی سەرەکی دەقەکە دروست دەکات و تێکەڵەیی راست و دروست و رەسەن و بێگرێمان پێشکەش دەکات.

بەرەکات وەك ئەوەی کە لە هەڵبژاردنی ناوەڕۆك و پێوەر و کێشی بابەتەکاندا لێهاتوە، لە کۆکردنەوە و نمایشکردنیشیاندا بە سەلیقەیە، وەك رۆمانە بەڵگەنامەییەکانی تری نەکردوە کە نوقمی ناو زانیاری و بیرۆکەکانی بکات شتەکانی لێکەڵەکەبێ، بەڵکو وردەکارانە لێرەو لەوێ وەك جوتیارێکی شارەزا تۆوەکان دەچێنێ و پاشان تۆوەکان دەڕوێن و پەل و لق و تەرزەکان تێکەڵ دەبن جەستەی رۆمانەکە دروست دەکەن.

هەمو کەسێتیەکانی خەڵکی سیدرۆك و هەر پێنج میوانە نامۆکەی دیوەخانی کەریم پەریخانیش ئامادەدەبن، شەریف رەندۆ و زینۆ میڤانیشیان لە نێواندایە، شەریف رازگری نامەگۆڕینەوەی نێوان قازی محەمەد و خێڵە کوردەکان بوە، زینۆش خۆشخوانی سروت و سوردەکانی گێڕانوەی پایەکانی کورد بوە لەسوننەتی ژیان و بوندا.

بەیانیان بە چای سور و ئێوارانیش بە چای رەش رۆژی دووجار کۆڕی دیوەخانی کەریم پەریخانی گەرم دەبێ، ئەو مەسەلەیەی کە لە هەموو شتێك پتر سەرقاڵیان دەکات ئەوەیە کە چۆن وەڵام بە خێڵی رۆستەم بابەك بدەنەوە، چونکە لەنێوان ئەوان و کەریم پەریخاندا (چەند دێڕێك ناتۆرەی شیعری هەیە، پێویستە هاوسەنگیەك بۆ هەردوو کەنارەکەی دیجلە بگەڕێنرێتەوە، بۆئەوەی قامیشەڵانەکان ئارام ببنەوە، چونکە کەریم پەریخان – بە خەیاڵی خۆی – ناتۆرەکانی رۆستەم ئارامیی ئەوانیشی تاراندوە). جەمیل فارکۆی کوێرەی گۆرانیبێژ زاکیرەی گۆرانی و دەنگی نەماوە، بۆیە مەشق بە عەلی کوڕی دەکات بۆئەوەی بتوانێ لە گۆرانی وتندا جێگەی بگرێتەوە، ئەوەتا ئەمڕۆ لە بەرامبەر دانیشتوان و میوانانی کۆڕەکەدا دانیشتوە دەنگی خۆی تاقیدەکاتەوە،



بزانێ ئایا دەتوانێ گۆرانیبێژەکەی خێڵی بابەك ببەزێنێ.

زینۆ میقان (گۆرانی زان) کەریم تێدەگەیەنێ کە شتێکی باشە هەندێ شیعر کۆبکەنەوە لەگەڵ دەنگە خۆشەکەی عەلیدا بگونجێ (چۆنە ئەگەر کەسێك رەوانە بکەی شتێك لە شیعرەکانی کوردەکانی هەرێمی رەشتی باشوری قەزوین کۆبکاتەوە، بەبێ زۆر بڵێی، ئەوان خەڵکی کەیفخۆشین، هەربۆ بانگ کردن ئەوەندەیان زاراوە لا هەیە، کۆتایی نایەت، ئەی خۆتان بۆ فەرش و رایەخ فرۆشتن ناچنە ئەو شوێنانە؟)

کەریم دەنێرێ بەدوای مانۆ سارۆخان دا ئەو مامۆستایەی بە کەمی رودەکاتە دیوەخان لەبەرئەوەی بەردەوام خەریکە شەش کچەکەی فێری شیعری کوردی دەکات، ئەو بۆ ئەرکە رادەسپێرێ، ئەویش قایل دەبێ، بەڵام کەسێکی دەوێ رێنوێنیی بکات، جگەرۆ عەشە لەگەڵی دەچێ.

لە بەشی دووەمی رۆمانی (پەردوی ئەزەلی دووەم) دا ئاشنایی بە گروپی سێیەم پەیدادەکەین کە نۆزدە پیاوی فارسن، زاهیدان نوری یان لەگەڵدایە کە کوردی دەزانێ و تەرجەمەی نێوان فارسی و کوردی دەکات، شاپوری نەزیمییان لەگەڵدایە، زادەی بەزیادی سەرکردایەتیان دەکات کە (لە سەردەستی باوکی سوێندی خواردوە کە دەبێ پەڵە خوێنی شەریف رەندۆ بەسەر هەرچی بەردەوە هەیە بەجێبهێڵێ و هەردوو پاژنە پێی شەریف لە تورەکەیەکدا بباتەوە بۆ باوکی، بۆئەوەی پاژنە براوەکانی باوکی هێور ببنەوە.

لە پاش پەرت بونی سوپای ئێرانەوە جەلال بەزر یادیی باوکی زادە لە مهاباد ماوەتەوە، پاش راگەیاندنی کۆماری مهاباد شەریف رەندۆ لقێکی پۆستەی مەدەنی و مۆری دەوڵەتی دەداتە دەست، جەلالیش دێ ئەو مۆرە بۆ مۆرکردن و ناردنی ئەو نامانە بەکاردەهێنێ (کە لە لقە ئیداریەکانی سوپای ئێرانەوە بۆ حامیە پەرتبوەکانی و لەیەك دابڕاوەکان دەچن) فێڵەکەی ئاشکرادەبێ، شەریفیش لە سزادا هەردو پاژنەپێی جەلالی باوکی زادە دەبڕێتەوە بۆئەوەی سوارپوونی ئەسپی لێقەدەغە بکات و ئیتر وەك کەمتیار بڕوات بەڕێوە.

لە پاش رووخانی کەیانە کوردیەکە و لە سێدارەدانی قازی محەمەدەوە زادە دەگەڕێتەوە بۆ مەهاباد لەنێوان ئەو تەرمانەدا کە بە دارستونەکانەوە هەڵواسراوبون بەدوای شەریف رەندۆ و زینۆ میقاندا دەگەڕێ، کە نایاندۆزێتەوە بڕیاردەدات دوایان بکەوێ، بیاندۆزێتەوە و بیانکوژێت.

ئەم گروپە فارسە کە نایانەوێ خۆیان ئاشکرابکەن دەگەن بە دوو نێردراوەکەی کەریم پەریخان کە بەرەو رەشت دەچن لەوێ شیعری گۆرانیەکان کۆبکەنەوە. لێرەدا ئەم دیمەنە بەجێدەهێڵین و دەچینە سەر رێگەی کۆچە تازەکەی مانۆ و جگەرۆکە بڕیاردەدەن لە بری رەشت بچنە بەتلیس لەبەرئەوەی نزیکترە.

بەڵام لەبەرئەوەی لەو نزیکانە جگەرۆی رێنوێن خزمێکی نزیکی هەیە و خزمەکەی کەوڵخانەیەکی بۆ قەچەمیلەی هەیە و لە گوندی سوار دەژی، هەردووکیان رو لە مالّی ئەو دەکەن، پشویەکی لەلا دەدەن و راوێژیشی پێدەکەن. ئەمجا ملی ڕێگای خۆیان دەگرنەوە، بەڵام خزمەکەی جگەرۆ ئاوا ئامۆژگارییان دەکات (لەنێوان ئێوە و تەبلیسدا کۆسپی زۆر هەن، لەلای نەدیمی کوڕی سەفوەت میرسین ی ئاغا پەڕاوی شیعریی زۆر هەن، ئەو گورانیبێژانیشی خۆش دەوێ، سبەینێ دەتان بەم بۆ مالّی ئەو).

هەرواش دەبێ، مانۆ لەلای نەدیم پەڕاوێکی سور دەبینێ، بە مرەکەبی زێڕ لەسەرکەتان هەشتاو شەش گۆرانی تێدا نوسراوە. بەڵام هیچی شیعرەکان بەدڵی مانۆ نابن بۆیە پیرەمێردێکی هاوەڵی نەدیم کەناوی (قاوون) ە شیعرێك دەخوێنێتەوە و مانۆش زۆر بەدڵی دەبێ و دەینوسێتەوە، لەمەوە هەردوو میوانەکە بڕیار دەدەن دوو رۆژی تریش بمێننەوە بۆئەوەی شیعری پتر لە قاوون ببیستن، نەدیمیش دەربارەی ئەو شیعرە قاوون دەدوێنێ، قاوون دەڵێ ئەو شیعری کچەکەی نینۆ سارینی خوشکمە، ئەو سوێندی داوم هەندێکی شیعرەکانی بۆ میوانەکان بخوێنمەوە و ناویشی نەڵێم.

ئەم نینۆ سارینە، کچۆلەیەکە شوێ کردوە بە کوڕێ پوری خۆی (خوشکەزای دایکی) مێردەکەی لە سالێکدا شەش مانگ ساورا بەجێدەهێڵێ و دەچێ بۆ راوێ ئاسك.

نینۆ سارین دەچێتە دڵی نەدیمی کوڕە ئاغاوە و هەرچەند قاوونی خاڵی نینۆ شێرەکانی بۆ میوانەکان بخوێنێتەوە، نەدیم پتر شەیدای دەبێ، ئەگەرچی خاڵەقاوون وا شێرەکان پێشکەشی میوانەکان دەکات کە هی خۆی بن.

راوچیەکانی ساورا دەگەڕێنەوە و مێردەکەی نینۆیان لەگەڵدا نیە، بەمە نینۆ ترس دایدەگرێ و مەیلی شێرگوتنی نامێنێ؛ مانۆش دەڵێ ئەو ئەوەندە شێرەی کە کۆم کردونەتەوە بنەسەن. بڕیاردەدات بگەڕێتەوە سیدرۆك.

لە بەشی سێیەم و کۆتاییدا گروپە فارسەکەی زادەی بە زریادی دەگەنە هەورازەکەی. کایەی خودان، واتە ئەو شوێنەی کە بەسەر ماڵەکانی سیدەرۆکدا دەڕوانێ، هەر ئەو شوێنەی کە لە سەرەتای رۆمانەکەدا پێنج هەڵاتوەکەی کۆماری مەهاباد بە سواری ئەسپە تەتەریەکانیا نەوەپێی دەگەن.

زمانزانی گروپەکە دەچێت دەربارەی ئەوە بپرسێ کە ئایا خەڵکی نامۆ رویان لەوێکردوە، دەگات بە دوو کچەکەی کەریم پەریخان لە بیرێك ئاو پردەکەن. لەوان دەپرسێ و ئەوانیش تێدەگەێنن کە خەڵکی نامۆ لە دیوەخانەکەی باوکیان هەن.

زمانزانەکە هەواڵەکە دەباتەوە بۆ زادە. ئەمجا سەدای دەنگی زینۆ میقانی گۆرانیبێژ دێ، گروپە فارسەکە دڵنیادەبن کە نێچیرەکەیان، هەر پێنج پیاوەکە بە شەریف رەندۆشەوە لە دیوەخانەکەی کەریم پەریخانن.(*)

رۆمانەکە بە کوشتنی زۆربەی کەسێتیەکان کۆتایی دێ. چونکە پیاوانی زادە پەلاماری دیوەخانەکەی کەریم پەریخان دەدەن و هەرچی پیاو و ژنی تێدایە بە میوانەکانیشەوە دەیانکوژن، ئەمجا پاشەکشە دەکەنو دەگەڕێنەوە، لەسەر رێگەی گەڕانەوەشیاندا دەگەن بە ماتۆ و جگەرۆ کە پەیامە شیعریەکەیان بۆ کەریم پێیە.

لە کۆتایی رۆمانەکەدا (ئەزەلی دووەم) دەست پێدەکات کە روحی کوژراوەکانی سیدەرۆك یەکبەدوای یەکدا بێدارەبنەوە، بەیەکەوە دەڕۆن، دەگەن بە پایینی هەورازەکە، لەوێ رووحی ئەمان تێکەڵ بە رووحی نەو جەنگاوەرە گریکییانە دەبێ کە بە گەمارۆدراوی لەسەر دەستی (کوردەخۆیی) یەکان کوژران، ئەو کوردە خۆییانەی کە شازادەکانی فارس پەنایان بۆ بردن و زێڕپیان پێدان بۆئەوەی شەڕی گریکەکانیان بۆ بکەن.

ئەمەیە رودانی دوو ئەزەل لە مێژوی ستەم چەشتنی گەلی کورد؛ ئەزەلێك بۆ روخانی کۆماری مەهاباد و لەسێدارەدانی قازی، ئەزەلێك بۆ کوشتوبڕکردنی وەچەکانی قازی، خەڵکی سیدەرۆك.

نەجوا بەرەکات لە رۆژنامەی (ئەلحەیات) دا لەسەر ئەم رۆمانەی نوسیوە، دەڵێ مرۆڤ کە لەسەر ئەم رۆمانە دەنوسێ، ئاوات دەخوازێ کە لە سەریی نەنوسیبا، چونکە سەیردەکات کەوشەکانی خۆی ئەوەنین باری باسکردنی تام و چێژی ئەم رۆمانە هەڵبگرن.

ناوی پەریخان، لە راستیدا خۆم وام داناوە. دەنا لە کتێبەکەدا بە (بیرخان) نوسراوە.

• بۆ (وەستا مەریوانی هاوڕێم، مەریوانی سەید حەسەن) پێشکەشە.

دووبەش لە:

(شێرە کولەی ئاسنین)

(یاداشتی نیوە ناچڵی منالێك کە هیچی نەبینی جگە لەخاکێکی هەڵتوو بۆیە قیژاندی و وتی: ئەوە تەڵەکانمە ئەی قەتیگان)

ن/ سە لیم بەرەکات
و/ عیسی چیایی

١-...مەحاڵە ئەی منالەکە مەحاڵ..

...چی دەبینی؟ ئەی منداڵ تۆ چی دەبینی..؟ دوو تەپۆلکە لە ئاسۆداو بۆڵە گونێك و خاکێك کەلەنێوان هاوینێکی هەڵەشەو زستانێکی گەمژەدا هەڵدەلەرزێ.. وژووانی تۆش ئەی منداڵ ژووانی ڕووەکێ یان باڵندەیەکە.. چاوانت بەسەر کازیوەیەکدا دادەخەی کەلەزنجیرەی دەمامکەوە هەڵدەوەرێ. و. بەو مشتانەت لەغاوێکی تەم و مژاوی دەگریت. هەروەکو، تۆ خۆتت بۆپیری یان پیری



خۆی بۆتۆ ئامادەکردبێت...ئاوا پێکەوە ئەو سیحرە کورت بکەنەوە کەتسەنیا جارێك لێدەدات و ئیتر ژیانیش لەحەیبەت لێدانێکی تریدا خۆی دەکوژێت...

...مەحاڵە ئیتر ئەی منداڵ هیچ شتێکی تر ببینی جگەلەوانەی کەبینیوتن، ئەی چیت بینی؟!

پێم بڵێ، جگە لەو گالیسکانەی کە دەنکێنن و ئەو سەر چاوانەی کەلە لێدانەکانی تۆز هەڵاتبوون؟ واز بێنە لەوەرگرتنی شێوەکان. بۆ ئەوەی شێوەکان لێت دڵنیا بن، واز بێنەو مەمکە بەو پەشیمان بوونەی کە ڕەگ و ڕیشەیان لەباوەش گرت و نووستن... بەڵام توخوا قورسایی هەورو قورسایی بەفرم لەسەرکەم مەکەرەوە. ئەو کاتەی لەنێوانیاندا ئەتبینم چۆلەکەو (کات) سەر دەبڕی و بەو گریانەت منالییی ئەڕێژیتە سەر زەمین. و. تۆڕی خوێنە سەر خۆشەکەت هەڵدەدەی بۆ گرتنی ئەفسانە..

تۆ منالییت و ئەی من چیم لەمنالێك ئەوێ جگە لەوەی کەباکوور، ماڵ بەماڵ و. دار بەدار. وچەم بەچەم و گەڕەك بەگەڕەك. و گوڵە گەنم بەگوڵە گەنم و هەور بەهەور، لەجلەکانی بتەکێنێ و باستۆقەی ئاسۆ بشکێنێ

تاپۆل پۆل پەڕە سێلکەو قەتێی لێ بڕژێ...؟؟

.. غار بدە، هێندەی پێیەکانت هەڵیدەگرێ غار بدە، لە گەردەلوولەوە بۆگەردەلوول بە نزاوە ئەو دڵە بچکۆلەیەت هەڵبڕە بۆو دەشتانەی کەپیت و ڕیشۆڵە بەدەوریا ئاپۆرەیان داوە.. ئەرێ دەنگی چەقەڵ لەدەنگی تۆدا نیە؟..ئەرێ دەنگی درز لەدەنگتدا نیە؟ ئەرێ پۆشتەییەکی بەزیو کەلەهەموو پیا هەڵدانەکاندا هەیە لەتۆشدا نیە؟

تۆ منالییت و.(با) چی لەتۆدا دیل دەکات،لەپانتایەکی پڕ لە(با) زیاتر..؟ لێم گەڕێ باوەکو با وەکو ڕاکشانی کارەسات لەبەردەم قەڵغانەکەتدا ڕاکشێم، و قۆڵەکانم بۆ پاقلەو ڕێوی بکەمەوە. هەروەکو ئەوەی من مەیلی لەناو چوون بکەم و یان مەیلی پۆیشتنی تەور هەڵکێشێك بەسەر بوونەوەرەکاندا... و تۆ منالییت، پێم بڵێ چیت لەمنالیی بینیوە؟

بڵێ تۆ دەنگی خۆتت بەڕووتی لەنێو دەنگەکاندا بینیوە؟ بەهەناسە بڕکێوە وەکو گەرووپەکی شکاو

لـــەنێو درزە ژەنگبردووەکانیـــەوە هـــەڵدەچێ و، تەورەکان هەڵدەقوڵێن...

..ئاای ئەی منداڵ، چەندم دەبیستی بە بێداری دڵە بچکۆلەکەت بۆ مەتەڵ دەگێڕایەوە. وگەمەی گوڵت بۆ مەتەڵ دەگێڕایەوە. وبیرت دەچۆوە کەچۆن چۆنی ماڵـــەکانی (پریقـــا) و (مۆســـیانا) و(عـــامودا) و(کیتسك)و(بهارنك)و(مۆزان)و(سمیل)و(حلکۆ)و(کـوچ ك)و(عەنتەرییـــە)و(تریســـبی)و(عاکولـــە)و(هـــەرەم رەش)و(هـرم شێخۆ)وتـد...تـد....ت- دەدایـە بـەر خەنجەری ئاورینگ...

تۆ منداڵیـت...و واگـیر فانـەکانت پڕدەکـەیت لەپاقلە کیوی و گوڵی کێوی..

بە ئانقەست خۆت پیشـانی پاسـەوانی دەغڵـەکان دەدەیت تا هەڵیانخەڵەتێنی. ئەوە گاڵتە جاڕی تۆیە، گاڵتە جاڕی تەمەنێکی سەرخۆشە وەکو خوێنە سـەر خۆشەکەت. ئەوە گاڵتە جاڕیەکە کەلەنێو تەڵەکانتدا بۆ هـەموو کێڵگـەکانت ناوەتـەوە.و. هـەرکاتێکیش کێڵگەیـەکی پێوەبـــوو پێدەکـــەنیت، تـــا((بـــا))ی دەوروبەریشـت دەهێنایـە پێکـەنین... تـۆو((بـــا)) درێژایی خۆتان پێکەوە گرێدابوو.. و فووتـان دەکـرد بەیەك بوقدا، تا ڕقی بوونەوەرەکان بوروژێنن...

لەپاش ئەو هەموو گەڕانـە وائێستا بەدڵنیاییـەوە زانیمان کەتۆ ئـەو کەسـەی کـە چاڵێکت لـەو ڕێگایـە هەڵکەند کەعەرەبانەکانیان بەسەردا تێدەپەڕی تاپێی ئەسپەکەی((سمعـان)) بشـکێ تـۆ تـەڵی کارەبـات گـەیاندە فڕنەکـەی((مـرادۆ)) و دەسـتی هـەرکێی بەردەکـەوت دەیگـرت، وتۆباگردێنـە بەردینەکـەت لەســـەر بانـــەوە گلـــۆر کـــردەوەو بەســـەر سەگەکەی((فلمز)) دا کەوت و لایەکی توشـی شـەڵ بوو. وتـۆ کەڵەشـێرەکەی((هیـلان))ت کوشـت.ئـەو کەڵەشێرە مل ڕووتەی کە پۆپنەی بەبـەرد بڕا بـوو و تـۆ ئاڵـەتت ڕۆکـردە نێـو گۆمـاوی قازەکـانداو قازەکانی((سمقوڕ)) شێت و هاربوون. وتـۆ دارەکـەی ((کتـام))ە کوێرت دزی و تـۆ شـاخێکی بەرانەکـەی ((مـێر))ت شـکاندو. تـۆ لـەکۆتاییدا نوسـتیت و خەونەکانت پڕبوون لەو ئارەزووەی کە گۆڕ بە گـۆڕی گۆڕستانی((هلالیـە) هەڵدەیتـەوەو بڕوانیـت لـــەو حەشارگە تەسك و تروسکانەدا چۆن چۆنی گەمـەو گاڵتـە دەکـەن. بـەڵام تـۆ منداڵییـت. کێـش گلـەیی لەمنداڵێك دەکات کە هەورەبروسکەی گوڵ لێبدابێت و چرۆچرۆ بەنێو دڕەختـی ئاسـن و هـەوری ئاسـندا پەڕش و بڵاو بوو بێتەوە؟؟

ئـای چـەندمان پـێ ووتـی ئـەی منـدالێ نزیـك مەکەوەرەوە لەســـەرەنوێلکەکان. بـەڵام تـۆ نزیـك بوویتـەوە ولـە سـەرەنوێلکەکاندا پاشمـاوەی زیـوت کۆدەکـردەوە تامانـــەمی پێبڕازێنیتـــەوە.. ســـوور زانیمان تۆ بەدرێژایی ئەم مت بوونـەی کـە ڕەگی لـە هەنگاوەکانمادا داکوتاوە بێداربووی ئەو مـت بوونـەی کە وەکو مۆرێك بەسەر ئـەو فتوحاتانـەوە وێناکرابوو کـە هـی ئێمـەبوونـەبوون بـەڵام بێداری نەکردینـــەوەو سپاردینی بەگاڵتەجاڕیی.....

ئێمە گەورەین، ئەی منداڵ، ئـەو گەورانـەی کەلـە بـەردەم دەرگای کات دا گاڵتـە بەتەقەتـەقی ئاسـن دەکـەین و ئاسـنی سـارد هـەڵدەوەرێنین. گـەورەین ئێمە قەدەرمان بـۆ پەڕەسێلکەیەکی تێپەڕبوو، یـان گاڵتەیەك ناکەینەوە.و حیکەمـەتی زۆر داریـی نـەبێت هیچ شتێك ناپۆشین. ئەگەر جارێکی تـر جمـو جۆڵـت تێکەوتەوەو وێستت لە پشت پەپوولەیەکەوە خۆت لە زەمین بشـارێتەوە چـاوەڕوانی ئێمـە مەکـە. چونکـە ئێمە لە ژێر ئەم حیلە بێدەنگانـەوە بـۆ یـاری کردنـی ڕۆڵـە بێدەنگـەکان وەســـتاوین. و لـــە هـــەڵکردنی گاڵتەجاڕییەوە شاخی بزن هەڵدەبڕین ..تۆ بێداربیـت و بیـدارت کردینـەوە تـا ســەرپێی بتبینـــین کـــە دەروازەیەکی بۆ ڕووەك و لە پشتیشـتەوە نـەیزەکێك لە لەئاو وپەڕ. تا لە نێو چەگەکانی کازیوەدا بتبینـین دەشـــتاییەکانی (کیتســـك) پـــاڵدەنێی بـــەرەو (نصیبین).بـێ ئـەوەی گـوێ بدەیتـە پاسـەوانەکانی شـار، ئەوانـەی تـیری مێژوویـەکی کـەڕ یـان دەگرتـە گاڵتـەو گەپـەکانت.... ئـەو کاتـە تـۆ وەکـو دڵـە سەرخۆشـەکەت ڕاکشـابووبیت. و هـەر وەکـو دڵێکـی سەرخۆش مایتەوە. وا تۆ دەمـانبینی ئێمـە ئەوانـەی کـە (ئێمـە ئەوانـەی کـە) وغـار دەدەیـــن لـــە چەمەوە بۆچەم بۆ ڕاگرتنی بەیـەکا هـاتنی ڕووگاکـان بەرەو ئێمە. لەترسی بینینـی ئەوئێستایەی کـە هیـچ ڕووگایەکی نیە... ئـای هـەر بـە ڕاکشـاوی بمێنـەوە. ئەی بچکۆڵە...و بەبچووکی بمێنـەوە چـۆن ڕەگـەکان ئـارەزوت دەکـەن هـەر مەســینەو کوپەیـەکت بـەر دەست دەکەوێ بیانشکێنە چونکە تۆ لە تووڕەبووندا

جوانیت.. لە دەسەلاتە پڕووکێنەکاندا جوانیت. جوانیت ئەوکاتەی حەسارەکانی گوڵ هەڵدەکەنیو گاڵتە بەگوڵ دەکەیت. جوانیت ئەو کاتەی دەچیتە سەرپەرشتی بەران و هار دەبێت. جوانیت ئەوکاتەی کانیاوەکان برد باران دەکەیت و ماتگا ئاو خۆرەکە واقی وڕ دەمێنێ. جوانیت ئەو کاتەی مارمێلکە کەوڵ دەکەیت و هێلانە تێك دەدەیت. جوانیت ئەو کاتەی پاقلە دەدزیت وتەڵەبۆ کۆتر دەنێیتەوە.جوانیت ئەوکاتەی کە پشیلەو مااڵەکان دەسووتێنی. جوانیت ئەو کاتەی کە گاکان لە گەوڕەکان دەردەکەیت وگاکان تار دەبن.. جوانیت ئەوکاتەی دەنووکی عەلەشیشەکان لێك دەئاڵێنی. جوانیت ئەو کاتەی بەوڕێنەوەباسی ئەو ئەستێرەکشاوانە و ئەو ئاوانە دەکەیت کە باڵی مەلیان پێوەیە. جوانیت ئەوکاتەی باس لەو(سوارە) دەکەیت کە بەقەمچیەکەی هەور لێ دەخوڕێ.و ئەوگالیسکانەی کە لەبینی زەریادان. جوانیت ئەو کاتەی بەوڕێنە باسی ڕێوێەکانی تاریکیو لەرینەوەکانی دەکەیت و ئەو ئەسپانەی بەلاّم تۆ... بێداربیت و بێدارماندەکەیتەوە تاگاڵتە جاڕیی بگێڕینەوە.....

٢/تووندو تیژیی ئەندازەیی

ئێمە منااڵ بووین، هاوڕێم زۆر منااڵ وەکو بێچووەقاز. بەهەردوو لای شەقامەکەدا وەکو دێڕی نووسین ڕاوەستاین. و هەرایەك هەبوو. هەرایەکی تۆقێنەر. مامۆستاکان لە پشیلەی تۆقیوو دەچوون کە بەنێو پۆلەکاندا بازیان ئەدا و دارەکانیان ڕاوەشاند ودەیانقیژاند:- (بەئاگابن کە سەرۆك تێپەڕدەبێ..دەستەکانتان هەلّبڕنو سلاّوی بۆبکەن)و. سەرۆك بەدەم دەست هەلّبڕینەوە بە نێوانماندا تێپەڕیو بە دوای کەژاوەکەیدا ڕیزە ئەندازەییەکان تێکەڵ دەبوون و دەبوون بە چەند بارستاییەکی ڕەش و گلۆرەوەبوو.. کەدەمویست لەو زەریا بەشەریە دەربچم چەندین جار دەکەوتمو چەندین پێ و جەستەم بەردەکەوت، ئەوکاتەش کە گەیشتمە ماڵەوە ڕوومەتم لە خۆڵەوە نزیکتر بوو تا لەدەم و چاوی منااڵێك.. ئەوە سەرەتای تووندو تیژی بوو. هاوڕێم. سەرەتای خۆشیەکی ڕەسمی (تووند وتیژ). لە شارۆچکەیەکی پەنای چیای تۆرۆسدا دووبەفتەی خایاند. دەبوایە بە درێژایی کات لە دەرەوە و ناوەوەی پۆلەکانی خوێندندا هوتافمان بکێشایە و لە کاتی پێویست و ناپێویستدا چەندین جار دیوارەکانمان بڕازاندایەتەوە. ولە کاتی پێویست و ناپێویستدا ئااڵی بچکۆلەمان بە سینەماندا هەلّواسیبایەبێ ئەوەی ئاوڕ لە ناخمان بدەینەوە وێنەی خۆشیەکی تەم و مژاویمان لەسەر ڕووەتمان بکێشایە. تووندو تیژی خۆشیەکی (ڕەسمی) تووندو تیژتر بوو لەوەی کە منااڵێکی (ناڕەسمی) بتوانێ هەلّیبگرێ، لەگەلّ ئەوەشدا دەبووایەلە ملکەچیەکی پلیشینەردا هەلّیبگرم، ومنیش لەلای خۆمەوە تووند تیژبم، توندوو تیژیەکی زیاتر لە توانای منااڵێك.

ئەوە سەرەتای تووندو تیژی بوو، هاوڕێم، سەرەتایەك کەوای لێکردم کەلە قوتابخانە تەباشیری ڕەنگاو ڕەنگ بدزم و چوارگۆشە بەردینەکانی دیواری باخچەی گشتی پێ پڕ بکەمەوە لە پیت، پیتی ناوی خۆم بوون و پیتی قریش وەك پیتی ئەو جۆرە قەڵەم ڕەساسانەی کە پێم دەنووسین (H.B)ئەو دوو ناوەش دەروازەیەك بوون بۆ شکاندنی (ڕەوشتی گشتی) ڕەوشتی (پاکەکان) و ڕەوشتی سووربوون لەسەر (پاکێتی) گشتی؛ بەلاّم ئەو تووندو تیژییەی کەوام مەزەندە دەکرد کە تایبەتە بەخۆم لەو تیپەڕینە تووندو تیژەی سەرۆکەوە دزەی کردە مااڵی ئێمەوە. پاشان لە نێو خێزانێکی یازدەکەسیدا لە چەند شێوەیەکی ڕێژەییدا دەردەکەوێت.حەوشەی مااڵەکەمان، هاوڕێم حەوشەیەکی زۆر فراوانو بە شووراییەکی بەرز دەوور درابوو... وورد، وورد تەنیاییەکی لە خۆ دەگرت کە پێشتر خوێ پێوەنەگرتبوو. میوانە (ناسراو ونامۆ) کانیش ئەوانەی کە هیچ هۆیەك نەبوو، بۆ هاتن و ڕۆشتنیان، دەهاتن و دەڕۆیشتن، ئەوانەی لەگەلّ کەم بوونەوەی مولّکەکانماندا ئەوانیش کەمیان دەکرد و باوکیشم زیاتر مۆن وبێ میزاج دەبوو. ئەو تووندو تیژییە بێدەنگەش کە تەنیا لە نێوبازارە بازرگانیەکانی شاردا هۆکەی دەرەکەوت لە زیادبوونداbوو. ئەو کاتەی کە بازرگانە تێکشکاوەکان لە مرزایەدەی دەغڵ و دان دا پێکدا هەلّدەپژان، زیاتر لەسەد

پاشکۆ

دەستی گورز بـە دەست بـەرز دەبوونـەوەو گۆشـتی پووت بەو ناوەدا پەرش و بلاو دەبووەوە.

ئـەوە سـەرەتای خۆشـیەکی (رەسمـی) بـوو. سەرەتای هەژارییەکی میللی توند و تیژ....

سـەرەتایەك کەلەقوتابخانـەوە چـووە بازارەکانـەوەو چووەمالەکانـەوە ولێـی نەهاتـە دەرەوە. منیش منـاڵ بـووم هـاورێك سـبەینان پـاش دەرچوونی باوکم نەبوایە نەدەهاتمە دەرەوە، تا بـۆم بلۆێ بەڕوی دایکمدا بقیژێنم((من چـام نـاوێ چاااااام نـاوێ)) و پاشـان شـەقێك هـەڵبدەم لەکتریەکـەو بەتـەواوی بیڕێژم و تـا هـێزم تیایـە پیاڵەکـە بـدەم بەدیوارەکەدا و هەڵبێم بـەرەو گۆمـاوی(قـاسمبۆ) بـۆ سـەیرکردنی مارماسـی. لەوکاتـەوەی کەماڵـەکانمان پڕبوو لە تارمایی گورز بەدەسـت، ئـەو تارماییـە ئـەو وڕێنەکەرانەی سەریان بەو جامانانـە دەبەسـتەوە کـە پڕبوون لەپەڵە خوێنی وشکەوە بوو ئیتر ئـەوە کـاری هەموو بەیانیەکم بوو کاری براکانیشم بوو...

.....سـەرەتاش فروانـتر بوویـەوە وەك فراوانـی بازنەی نێو گۆمێك کەبەردێکیان تـێ فرێدابـێ. وئیـتر ئـەو باستۆقە خەزەفیانـەی کەبـەڕیز لەسـەر رەفـە دارینەکانی ناو ماڵ دانرابوون، یەك بەیـەك دەکەوتنـە خوارەوەو پرشو بلاو دەبوون. لەوێشەوە ئیتر ئێمەی براکان زانیمان ئەوە تینوێتیمان ناشکێنێ، شوشـەی پەنجەرەکانمان بەرد باران دەکردو پاش ئەوە پۆژێـك دوو پۆژ لـەماڵ وون دەبوویـن.، دەهاتینـەوە گۆزەیـەکمان دەشکاند یـان دارگوڵێکمـان لەرەگـەوە دەردەهێناو دووبارە هەڵدەهاتینەوە.

سەرەتا وڕق فراوانتر دەبوونەوە و دوژمنایەتیـەك لـەنێوان ئێمـەو دایکمـاندا دروست بـوو، زۆر لـەماڵ هەڵدەهاتین، و هەرکاتێکیش هەرکامانی بەر دەست بکەوتایە دەبوراینەوە. دایکم تەنها بەدارکاریەك وازی لێ نـەدەهێناین، هەرچیـەکی بەردەسـت بکەوتایـە لەئاسن و بـەرد تـێی دەگرتـینو ئێمـەی منـاڵیش خوێنمـان لێ دەڕژا.هاوڕێکەشـم.، جارێکیـان هەربەڕێکـەوت لەدەسـتی دەربـازبووم و بـەرەو گۆشـەیەکی حەوشـەی ماڵـەوە هەڵهاتم کـە کۆمـەڵێ کەروێشکی تێدا بوو. پەرژینـە تەلینەکـەی دەوریـم لەبنـەوە دەرهێنـا و مەسینەیەکی مس کەبنکەکـەی بازنـەیی و تیژ بوو گرتمـە کەروێشکەکان. ئـەوانیش بەناو یەکدا شپرزە بوون، دانەیەکیان کەمەسـینەکەی بەرکـەوتبوو، هـەردوو پـێی دواوەی بـەدەم هەڵەرزینـەوە درێژکردەوە و پـاش هێمنیـەکی بـێ سنوور هێمن بوویەوە. دوازدە کەروێشك ئەنجامی ئەو قەسابخانەیە بوو. بۆ منیش بیست پۆژ سوڕانەوە بوو بەدەوری مـاڵدا بـەبێ ئـەوەی بوێـرم بێمـە ژوورەوە، لەنێوان کێڵگـە پەموەکـەی تەنیشت مـاڵدا نووستم، خواردنیشم تەنیا ئەوەبوو کەبراکانم بۆیان دەدزیم...

ئیتر لەوێوە سەرەتا هاتەوە یەك، تەسـك بۆیـەوە وەك رەشمـە. ئـەو شـارە بچکۆلەیـەی بنـار تـۆرۆس هاتەوەیەك خەڵك بەچپە شتێك بـۆ یـەکتری دەڵێـن و باوکیش زیاتر پیر دەبێ. وتەنیا ئەوحەمالأنە هـەندێك وڕەی—دەدەنـێ کەلـە پۆژانـی شـکۆدا باوکم بەگـەنم یارمەتی دەدان. ئەوان نەزان بوون و لـەپێناوی ناندا توندو تیژ بوون دەیانگوت (هەرچی دەبێ بابێ هیـچ نابێت ئەگەر بەشێکی تۆی تیانـەبێت) و هەرەشـەیان لەشـۆفێری بارهـەڵگرەکان دەکـرد. بـەڵام حکومـەت ناردنـەدەرەوەی هـەموو شـتێکی بـۆ خـۆی مسـۆگەر کـرد. حەمالـەکان لـەنێوان خۆیـاندا دابـەش بـوون و بەتاك پەوی ئیشیان دەکرد. هەریەکەیان بەو گـورزە ئاسنینەی کەبەدەستیەوە بوو پاروویی لەدەمی ئەوی تر دەردەهێنا...

ئێمـەی منداڵیـش ئـەوەمان دەبینـی و تونـدو تیژیمـان لەگـەڵیاندا دابـەش دەکـرد. هـەڵمان دەپروسکاندن و دەمانفڕاندن هەروەکو چۆن شـیرینی لەدەستی چلکندا دەفڕێندرێ. و مەملەکەتی ئێمـەش مەملەکـەتێکی لـەئاسمان دوور تـر بـوو مەملەکـەتێك بووله تەپ و تـۆزو لـە خۆشـی مەلـەوانێ لـە گۆمـاوی (قاسمبۆ) یان غاردان بە نێو ئەو گوڵە گەنمانـەدا کـە لـەپاش خۆمـان وەکـو پـەڕی خـوراو جێـی دێڵـین. پێشبڕکێ دەکەین لە گرتنـی مریشکە هـەڵاتووەکانی نێو کێڵگەکاندا بـەدار لاستیکەکانمان، دەپەشـۆکان، دەکـەوتن، ڕایـان دەکـرد،و دەکـەوتن، و باڵـەکانیان لەگەڵ زەویدا جووت دەکرد، و دەنوکیان دەکـردەوە و پڕدەبـوو لـە خـۆڵ و پاشـان دادەمرکانـەوە.. منداڵبووین، ئێمەهاوڕێکەم، منداڵگەلێك کـە ئـارەزووی باسکردنی ئەو گیانلەبەرانە دەکەین کـە بـە هێواشـی دەمرن پێمان خۆشە گەلاّی ( ) بخەینە لووتمانـەوە تا خوێنی بەردەبێ. و خۆمـانی پێـوە هەڵدەکێشین.

خۆ بەوەوە هەڵدەکێشین کە زیاتر خوێنی بەردەبێ. وبەوەی کە لێدانی زۆرتری بەر کەوتووە. بەوەی کە زۆرترین بریتی قوولّی کەوتۆتە دەست و پووەتیەوە. ئای چەندین شەو لە ژێرگلۆپە سیسەکانی شەقامەکاندا چاوەڕوانی گالیسکەی سەوزەمەنی و کاڵەکی سەوزمان دەکرد کەلەگوندەکان یان کێڵگەکانی دەوروبەرەوە بەرەو شار دەهاتن، شاگەشک دەبووین ئەو کاتەی کە گوێمان لە سمی ئەسپ و جیڕەی تایە دارینەکانیان دەبوو. و لە ئێمە تێپەڕ دەبوون، بە پێی پەتی دوای دەکەوتین، هەمیشەش چەقۆیەکی تیژیان موسێکمان لەگەڵ خۆماندا هەڵدەگرت و حەبلی بارەکانمان پێدەبڕی و بارەکان گلۆر دەبوونەوە. چەندمان پێ هەڵبگیردرایە دەمانبردو دەهاتین. هیچ کەسێك نامان گرێتەوە کە پێمان پەتی بێت. تۆزێکمان لێدەخوارد لەوانەی کە هەڵمان گرتبوو و پاشماوەکەیمان فرێدەدا..

منداڵێتیەکی بێ منداڵیی منداڵ بووین، و گەورەکان بەدڕندەیی ئێمەوە خۆیان هەڵدەکێشا. ئەوان منداڵی دڵڕەق و دڕندەیان خۆشدەویست و ئێمەش پیاوانی دڵڕەقمان خۆشدەویست. وەرزشەوانەکان شەیدامان بووبوون بۆکسخەنجەرمان هەڵدەگرت، هیچ منداڵیك نەبوو چەقۆیەکی لەگیرفاندا نەبێت، یان زنجیرێکی نەبەستبێتەکەمەریەوە. و هەموو منداڵێکیش دەیزانی دار لاستیکێك لە گوڵدان، یان قامچیەك لەتەلی کارەبا دروست بکات، و هەموانیش لەدەڵغەی کۆکردنەوەی پاشماوەی مس دابوون چونکە دەفرۆشرا، لەتوانای هەموانیشدا بوو کەسەیارەیەك تێك بشکێنێ تا پارچە مسێکی لێ دەربهێنێ و نرخەکەی دەیباتە سینەما...

ئێمە (کێفۆرك) مان خۆشدەوێ چونکە بەسەر شەش پیاوی چەکداردا زاڵدەبێت. (کنعان) مان خۆشدەوێ. چونکە بەخۆڕایی دەچێتە هەموو سینەمایەکەوە،(شەرۆ) ی حەماڵمان خۆشدەوێ چونکە کرێی ماندوو بوونی لەهەموو بازرگانەکانی دەغڵ و دان وەردەگرێ بەبێ ئەوەی تەنیا فەردەیەکیش هەڵبگرێ. ئەو زۆر کەلە رەق و خێرایە لەهەڵکێشانی خەنجەرەکەیدا. حەفدە جار چۆتە بەندیخانەوە، ئەمانە نمونەکانی ئێمەن.

...منداڵی و سەرەتاش دێنەوەیەك. هەستم بەشتێکی تازە دەکرد کە پێشتر دەرکم پێی نەکردبوو

شتێکی توندو تیژو زەق: تۆ کوردیت، کوردەکان ترسناکن. بەکوردی قسە کردن لەقوتابخانەدا قەدەغەیە ئەمە شتێکی تازەیە، چونکە تۆ دەزانیت کە سێ چارەکی ئەوشارانەی کەبەتخوبی چیای تۆرۆسەوەن کوردن واتۆ بەرەو ڕووی کێشەکە دەبیتەوە: مامۆستاکان زیادە ڕۆیی لەلێدان و زەلیلکردنی قوتابیەکاندا دەکەن ..تۆ منالّیت. بەلاّم کوێر نیت ئەوان پێشوەخت رقیان لێتە،. ونازانیت مامۆستا بۆچی رقی لەتۆیە فەرمانبەری دەوڵەت و پۆلیس ڕقیان لێتە.. ئەمە مەرجێکی تازەیە. کەواتە باتوندو تیژ بم منیش.زیاد لەپێویست لەبەرامبەر ئەم داگیر کردنە شەیتانیەدا توندو تیژ بم تۆش لەلای خۆتەوە بە رقەوە دەڕوانیتە منالاّنی بەدو لەقوتابخانەدا. وگالّتە بەو سەر تاشینە نامۆیەو بەو خاڵە شینانە دەکەیت کەلووت و گۆناو دەستەکانی داپۆشیون، بەزیادە ڕۆییان لەسەرەتایەتیدا.بەلاّم ناشزانی بۆچی ئەوانیان پێ باشترە لەتۆ. بۆیە پاش گەڕانەوە لەقوتابخانە لەڕێگایاندا دەوەستی هۆیەك دەدۆزینەوە بۆ ئەوەی شەڕیان لەگەڵ بکەیت بۆ ڕۆژی دوایی چاودێرەکە سزات دەدات، بەلام تۆ ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەردەوامیت لەشەڕ کردنیان وچاو دێرەکە داوا دەکات کە باوکت بێنی بۆ قوتابخانە و باوکیشت دێت. چاودێرەکە گالّتە بەلەنگی زمانی باوکت دەکات،بەلاّم باوکت تونندو تیژو بەهەیبەتەوە بەچاودێرەکە دەڵێ(تۆ کێیت تا ئاواقسەم لەگەڵدا دەکەیت ؟) چاودێرەکە دەڵێ: (خودای خودات)...

باوکم تورەدەبێت و لەهەمان ڕۆژدا دوو حەماڵ لەو شەقامەدا دەوەستن کە ماڵی چاودێرەکەی لێیە هەردوو قاچی دەگرن و بەزەویدا کێشی دەکەن. چاودێرەکە لەلای پۆلیس شکات دەکات پۆلیس دێت و باوکم لەگەڵیاندا ناڕوات. هەموو خزم و کەسو کارەکانمان لەتورەییەکی پلیشێنەردا کۆدەبنەوە کاردەگاتە بەڕێوەبەری ناوچەکە کەلە پایەی سەرهەنگدایە. سەر هەنگ لە ئۆتۆمبێلێکی قۆزدا دێت. (حسین ئاغا) بۆی دەر دەچێ و دەقیڕێنێ: ((کلاوەکەت دەخەمە ژێر پێت ئەگەر ئەو پیاوە ببەیت)) وکارەکە بەهێمنی دا دەمرکێتەوە. و بەهیمنی چاودیرەکە وازلە ڕقەبەرایەتیەکەی دەهێنێ. بەلاّم کێشەکە تەواو نابێ. و منالّیتی و ئەوسەرە تایەش کە لێیەوە دەستە بچکۆلّەکانت بۆ سەرۆك هەڵبڕی. دەبێتە دۆزەخێك. شتەکان

بەسەریەکدا کۆمەڵ دەبن. لەوێدا پوون دەبێتەوە کە بۆچی شەوانە دەڕۆی بۆ کێڵگەی پەموو قۆزاخە سەوزە نەگەییوەکەی کۆدەکەیتەوە. و داری پیرو دەرختی باینجان هەڵدەکەنیت. پوون دەبێتەوە کە سەردەکەویتە سەریان بۆ تێکدانی هیلانەی چۆلەکە و شکاندنی هێلکەکانیان. تا کار دەگاتە ئەوەی فرسەت لە پاسەوانی گەڕەک بستێنی، ئەو پاسەوانەی کە هەمیشە نووستوە تا دەمانچەکەی لێ بدزیت. پاشان خۆت و هاوەڵەکانت بەدەستیەوە دادەمێنن و فڕێی دەدەنە پووباری (جفجغ)ەوە، پاسەوانەکە سێ مانگ دەخرێتە بەندیخانەوە لە کاتێکدا تۆ پێی پێدەکەنی و گاڵتەی پێدەکەیت. بەڵام باوکت لە گەمەیەکی تازەدا نوقوم دەبێت، ئەویش گەمەی ڕاوکردنە. فیشەکێکی (١٢)ملم دەنێتە باڵندەیەکەوەو بەتەواوی دایدەڕژێنێ. تۆ دەزانیت ئەمە ڕاوکردن نییە، ئیتر تۆ لە نێو ئەو منداڵێتیە کەمنداڵێتی تیا نەماوە دەست دەکەی بە ڕاوکردنی دڕندەتی خۆت، لێرەولەوێ تەڵە دەنێیتەوە بۆ چۆلەکەو ڕیشۆڵەوتێتی ڕاو دەکەیت، هەر کاتێکیش باڵندەیەکت گرت هەموو پەڕەکانت لێدەکردەوەو زیندە بەچاڵت دەکرد، بەڵام وەختە شێت دەبیت بۆ گرتنی کلك هەڵتەکێنە ئەو باڵندە یەی کەقەت دەستت نەکەوتوە چونکە زۆر فێڵبازەو لە جێگایەکدا ئۆقرەناگرێت،. ئەوەش بەگژاچوونەوەیەك بووکە تەحەمول نەدەکرا.و سوێندت خوارد کە ئەگەر بیگریت بەزیندویی کەوڵی بکەیت. تۆ منداڵێکی بێ منداڵییت، سەرەتاش دێتەوەیەك و لەگەڵ سەرەتاشدا بەفر دێت، بەفری هەمان ئەوسالەی کە تۆ دەستەکانت بۆ هاتنە تووندو تیژەکەی سەرۆك هەڵبڕی.. بەدرێژایی پێنج ڕۆژ تۆ سەر دەکەوییتەسەربانی دراوسێکان تا لوولەی دووکەڵکێشەکانیان بگریت. هەندێ جار ڕاویان دەنایتو هەندێ جاریش ئازا دەبوویت و ڕێگارت دەبوو هەروەکو لێزانیت لە دروستکردنی ساردەمەنیە تایبەتیەکانتدا، ئەوەی کەتێکەڵیەك بوولە بەفرو دۆشاو ومێوژ، تۆ بەفرت خۆش دەوێ، ئەم ڕنگە زاڵەت خۆش دەوێ کەدەست دەگرێ بەسەر هەموو ڕنگەکاندا، درێژبوونەوەیت خۆش دەوێ، و درێژبونەوەی هەنگاوەکانیشت لەودا، بەڵام هەندێ جار تۆزێك شتەکان دەئاڵۆسکێنی چونکە کە دەچیتە ماڵەوە پێلاوەکانت پڕن لە بەفرو گۆرەویەکانت تەڕبوون.، بە دزی دایکتەوە گۆرەویەکانت بەتەواوی دەخەیتە سەر سۆپاکە، زۆر ناخایەنێ ودەسووتێ، و لێرەدا جارێکی تر تۆ لەترسی لێدان لەماڵەوە هەڵدێی، و هەڵدێی بەرەوبەفری سارد و هەڵدەلەرزی و هەڵدەلەرزیت و هەڵدەرزی، تا ڕەنگت شینێکی تۆخ دادەگەڕێ. بۆنی بەفر دەکەیت و خۆشت دەوەی بۆنی مالێ دەکەیت و خۆشت ناوێ بەردەبیتە براکانت چونکە گاڵتە بەو بەفرە سپیە خزەی ناو حەوشەی ماڵەوەی دەکەن و تێکی دەدەن. لە کۆتاییدا لە گۆشەیەکدا گۆشەگیر و زۆر دەڵتەنگ دەبیت، ئەو کاتەش کە هۆیەك نادۆزیتەوە بۆ دەڵتەنگیت بەزەلیلی دەگەڕێیتەوە بۆ ماڵ. لە هەموو لایەکەوە دەستەکان تێت بەردەبن و خوێنی لووتت بەر دەبێ. تۆ منداڵیت..

تۆزێك هێمن دەبیتەوە و چاوەکانت سوور داگەڕاوە بیر لە کارێك دەکەیتەوە کە بیکەیت، کارێکی پڕلە ژاوە ژاو وڕوخێنەر. لە سۆپاکە نزیك دەبیتەوە پێوەری سووتەمەنیەکەی تا دووارادە بەرز دەکەیتەوە سۆپاکە هەڵدەچێ ووەکو جامانەکەی سەری باوکت سوور هەڵدەگەڕێ. تۆ لێرەدا دۆعا دەکەیت کەگرەکەی زیاتر ببێت. سوپاکە بتەقێتەوەو ماڵ بسووتێنێ، بەڵام هیچ ڕوو نادات. بەڵکو تۆ دەتەقیتەوە. منداڵیت لە شێوەی قوڕ و باڵندەی ڕووت و مردارەوە بوودا دەتەقیتەوە. منداڵیت لە شێوەی چەقۆ و گۆزەی شکاو و جلی خەڵتان بوو بە خوێنو تەڵەو تفەنگی ڕاوی و کاڵەکی سووری بەسەر شۆستەدا پەرش وبڵاوەبوو/-

دەتەقێتەوە..

*-ژێدەر/سليم بركات- الجندب الحديدى- دار الطباعة للطليعة و النشر- بيروت-
الطبعة الاولى (يوليو)١٩٨٠. لاپەڕەكانى (٢٣-٧)

*-وەرگێڕانو تێگەیشتن لە نوسینی سەلیم بەرەکات، کارێکی ئاسان نییە، تەنانەت بۆ عەرەبەکانیش کە بەزمانی ئەوان نووسراوە

وەکو خۆی دەڵێ: (پاش یاری کردن بەئاسن دەست دەکەم بە نوسین) ئەو سەرچاوەیەی سەرەوە لە شێوەی یاداشتدا نووسراوە بەڵام خاڵی نییە لە ڕۆحی شیعریتی. لەم وەرگێڕانەدا پتر لە هەموو ڕەهەندەکانی تری ئەم نووسینە پاراستنی ئەو ڕۆحەم لەلا مەبەست بووە.

پاڵەوانی "سەلیم بەرەکات" گەڕان بەدوای چارەنووسی نەتەوەی کورد..

غفور صالح عبدالله

"بێکەس" و باوکی "مەلا بێنافی کۆچەری" لە رۆمانی "زانایانی تاریکی" دا وتبوونی کەسایەتیە لە دووتوێ تاریکی چارەنووس دا، لە رۆمانی "ئۆردوگاکانی ئەبەد" و "ئەستێرەناسەکان لە سیسبەی مەرگ" دا پەرت بوونی کەسایەتیەکان لەنێو کەسایەتیە مێژوویەکاندا. وەلێ گەڕان پتر بەدوای ناسنامەی نەتەوەی لە رۆمانی ((پەڕیان ئەو بەڵگانەی مەم ئازاد لەوێ لەبیریکردن)) و رۆمانی ((وێرانەیی ئەزەلی دووەم)) دا خەست دەبێتەوە و روون تر دەبێتەوە.

محمد علوط دەڵێ: (پەڕ، رۆمانی بەڵگەلەبیرکراوەکانە. هیچ کەسێ پێیان نازانێ جگە زیندەوەرە خەیالاویەکانی نێو رۆمانەکە خۆیان نەبێ. هەروەها کەسی دووەمیش هەیە کە ئەویش (س -- بەرەکات) ە.

رۆمان دەربارەی - ونبوونی ناسنامە - دەنووسێ کە بیرو هۆشی کۆمەڵی کوردەکان دەهێنێتە قسە).

سەلیم بەرەکات لە زمانی - مەم ئازاد - ەوە دەڵێ: (ئێمە خەڵکی ئەو گوندە پەرت و بڵاوە بێناوانەین لە بناری چیاکانی تۆرۆسدا لەلای باکورەوە. لەلای باشوریشەوە تا بناری چیاکانی عبدالعزیز و ژەنگار، ئێمە خەڵکی ئەو سێ گۆشەیەین کە رۆژ لە دوای رۆژ ناوە کوردیەکانی دەگۆڕدرێن، بەپێی پەندێك کە نە پێویستی پێمان هەیە و نە پێویستیشمان پێی هەیە) ل ٢٦..

"سەلیم بەرەکات" قاڵبووی بیرو دەردی سەری گەلەکەیەتی. (سەلیم) لەو چاوپێکەوتنەی لە رۆژنامەی (الاتحاد) ژمارە (٣٥٩) دەڵێ: "من سەر بە کوردایەتی خۆمم ئەگەریش سویدیەکان دەرم کەن بۆ سیبریا و هەزار ساڵی دیکەش لەگەڵ ئاسکە کێوی‌دا بژیم.." .. ئەوەی تا ئێستا ئەو ئەنجامی داوە لە بواری ئەدەبی عەرەبدا بو گەلەکەی کەس نەیکردوە. ناڵەو فیغانی دەرد و زوخاوی سەدان ساڵەی گەیاندۆتە هەندەران. لە رێگەی هونەرێکی بالا و زمانێکی پڕ لە خەندەی شیعر. هەمیشە گەڕە بەدوای ناسنامەی نەتەوەکەیەوە. کۆڵی پرسیاری پڕ چارەنووسێکی نادیاری لە کۆڵ ناوە. دەیەوێ تەنیا بەسەر وشە دەریانبەرێ. یان وەرامیان بۆ بدۆزێتەوە. سەلیم بەرەکات ئاگادرێکی زیرەك و چوستی مێژووی گەلەکەیەتی لە نووکەوە هەتا هەنووکە. لەبەرەی شاعیرە پێشڕەوەکانی شیعری عەرەب دادەنرێوەکو: ئەدۆنیس و یوسف الخال و ئونسی الحاج..

هەر لە یەکەم لاپەڕەی رۆمانەکانیدا سەرجەمی پاڵەوانەکانی ناونووس دەکا. لە هەردوو رۆمانی "زانایانی تاریکی" و "پەر" رەگەزێکی سەرەکی بەیەکیانەوە گرێدەدا، ئەویش چارەنووسی باوك و کوڕە، واتا چارەنووسی وەچە لە دوای وەچە. هەردوو باوك "مەلا بێنافی کۆچەری" و "حەمدی ئازاد"، خەست بوونەوەی کۆمەڵێ وەچەی پێش خۆیانن، پتر سەرجەم مێژووی گەلی کوردن جووتێ وردە بازرگانن. یەکەمیان (مەلا بێناڤ) بازرگانی گەنم. و دووەمیان (حەمدی ئازاد) بازرگانی کوتاڵ.. کوڕ رەمز و هێمای گەڕانە بەدووای ناسنامەوە (بێکەس) لە زانایانی تاریکی و (مەم ئازاد) لە (پەڕ) دا. ئەگەرچی بێکەس (رەمزێکی گەلێ دیارە بەهۆی ئەوەی کە رۆمانتوس لێرەدا پتر پەنای بردوەتە بەر (ریالیزمی سیحری).. بێکەس لە ماوەی چەند سەعات و رۆژێك دا لەدایك دەبێ و گەورەدەبێ و لە باردۆخێکی نەزانراویشدا ون دەبێ و پەیادەبێتەوە.. یان مردن و زیندووبوونەوەی کەسەکانی رۆمانەکە. ئەمە کورتە بەراوردکردنێك بوو لەنێوان هەردوو رۆمانەکەدا. بەڵام ئێمە لێرەدا پتر باسی دوا رۆمان دەکەین کە ئەویش (پەرە) بەپێی دەستنیشان کردنی پاڵەوانەکان تیشکێك دەخەینە سەر بابەتی رۆمانەکە..

پاشکۆ

سەلیم بەرەکات هەر لە سەرەتاوە بەناونیشانێك پاڵەوانەکانی رۆمانی (پەڕ) دەس نیشان دەکات..

پاڵەوانی یەکەم: (کوردستان ئەو وڵاتەی کە حەمدی ئازاد دەتوانێ دیاریبکات).. (کوردستان هیچ شوێنێك نیە و هەموو شوێنێکیشە. بەگوێرەی ئەوەی کە حەمدی ئازاد ئاماژەی بۆ دەکات لەسەر ئەو نەخشەیەی کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٤٦) هەروەکو مەڤاڵانی (قازی محەمەد) سەرەك کۆماری مەهابادی کوردی خاوەن هەزاران زریان نەخشەیان کێشابوو) ل ١٥٨..

هەروەکو چۆن (حەمدی ئازاد) خەونیشی پێوەدەبینێ وە دەڵێ: (کوردستانی گەورە لە ئاگری جگەرەکەی زارم زۆر دوورتر نیە)..

پاڵەوانی دووەم: (مەم کوڕی حەمدی ئەو لاوەی کە دەمی راستیی دەکاتەوە).. لە لاپەڕە (٢٥) دا مەم ئازاد دەڵێ: (تەمەنم بیست و یەك ساڵ بوو ئەوساکە لەباریووم کە باوکم دوانێوەڕۆکی بۆ نەخشەکێشام بەو شێوەیەی کە دەیەویست و دووربوو لەو هەست کردنەی بەو زیانەی رۆژ لە دوای رۆژ لە بێدەنگیەکی بێئارام دا بەدیمان دەکرد. باسی ئەو گرمە و ناڵەیەی بۆ نەدەکردین کە گەمارۆی دەدا و گەمارۆی دەدایین. وەك بڵێی لێدەگەڕا کە بە لووتی بەستراوەوە ئەو (با) یە خوێناویە هەڵمژین کە لە کوردستانەوە دەهات. هەموو مەسەلەکان پارەدەبوون، پیلانێکی گەورەبوو دژی میللەتێك دەیانگێڕا کە تەقەلای دەدا جێگایەکی ئاسوودە بۆ مانگا و بزن و سۆزناکیەکانی بدۆزێتەوە).

پاڵەوانی سێیەم: حەمدیئازادی کوتاڵ فرۆش، باوکی (مەم) و (دینۆ) و شەش کیژ (هێڤین، ولات، عەیشانە، رەحیمە، رۆهات، هێلین).. تا شەوانێکی درەنگ کوردێکی زۆر لە حەمدیکۆدەبنەوە. بۆ ئەو بەسەرهاتە دڵتەزێنانەی میژووی کورد گوێ رادەدێرن کە دەیانگێڕێتەوە. شێخ سەعیدی پیران و شۆڕشەکەی و لەسێدارەدانی و، مەلا سەلیمی بەدلیسی و شۆڕشە غەدرلێکراوەکەی و دەستگیرکردنی لە ماڵی قونسوڵی ڕووس دا و لەسێدارەدانی، سمکۆی شکاك و میر بەدرخان و ئەحمەدی خانی و مەم و زین و خەونەکانی بە کوردستانی گەورەوە.. (مەم ئازاد) لە یەکێ لەو نامانەی کە بۆ باوکی دەینووسێ و نایانێرێ تێیدا دەڵێ: (بابە، دەبێ ژمارەیەکی زۆر کۆکەنەوە، دوژمنان زۆرن، میرەکانت لەسەریانە کە سوپای



گەورەیان هەبێ. تاوەکو تێهەڵچن و خۆیان لەو حکومەتانە دابڕن کە چەشنە سنووڕێك بۆ گیانی کورد نەخشەدەکێشن و شایستەی نیە) ل۲۹..

پاڵەوانی چوارەم: (مەلا سەلیمی بەدلیسی خاوەن شۆڕشێکی غەدرلێکراو).. مەم ئازاد لە نامەیەکی دی بۆ باوکی دەنووسێ (بابە، مەلا سەلیمی بەدلیسیش وەکو میرەکانی دیت بوو. بە دەستەیەك لە کوردان بڕیاریدا شتێ بکات کە کەسانی بەهێز لە توانایان دا نەبووە. لە بەدلیسەوە دەڕوانێتە ئەرزڕۆم و دیاربەکر و بۆتان و جزیری، لەوێشەوە بۆ پایانی ئەو ڕووبارانەی کە لە باکووری تۆرۆسەوە دێن. هەروەکو میربەدرخان کە بە سەد ساڵ کەمتر بەر لە ئەو بوو) ل۳۲..

(بابە، پێیان بڵێ کوردەکان نادۆڕێن چونکی خاوەنی ئازادی خۆیانن) ل۳۱..

پاڵەوانی پێنجەم: حسێن حوزنی موکریانی (خاوەنی یەکەم چاپخانەی کوردی)..

مەم ئازاد لە ل۵۱ دا دەڵێ: (بێگومانیشە کە ئامێزەکەی حسێن موکریانی ساڵی ۱۹۱۵ چ پەیوەندیەکی نیە بە شۆڕشەکەی (مەلا سەلیمی بەدلیسی) و شۆڕشەکانی دی لە "سیرەت" و "خارزان" و "بۆتان" و "شیروان" و "خاپوت" و "ماردین" و "نەسیبین" و "میدیان" و "جزیری" و "دیاربەکر" و "زاخۆ" و "سلێمانی" و "کەرکووك" و ولایەتی "وان".

ئەو ناوچانەی سێ ساڵ بەر لە ئامێزی چاپەکەی موکریانی ڕاپەڕین هەروەکو نەخشەیان بۆ کێشرابوو بەبێ داواکاری تورکیا.. ئامێزەکە وەکو هەموو ئامێزەکانی دی کتێبێکی زۆری کوردی بەچاپ گەیاند)..

هەروەها لە ل۵۲ دا دەڵێ: (پاش مردنی موکریانی ئەو ئامێزەی بە مەرەکەبی کەسکوون و بۆنی قۆڕقوشمی تواوە ڕۆحی قانگ دابوو گوێزرایەوە بۆ "هەولێر" لە عێراق، پاشانیش ئامێزەکە لە مەراقی ئەو مەرەکەبەی کە بەشی نەدەکرد مرد).

دینۆ جمکی "مەم" کە ئەویش پاش مەرگی براکەی دەیەوێ شوێنپێی (ئێستا ئاواتەخوازم بۆ چەند ڕۆژێکی کەم پاش بە خاك سپاردنی مەم ئەگەر باوکم لەجیاتی جمکەکەم ئامادەم بکات بۆئەوەی بۆ کوردستان بڕۆم) ل ۲۰۹.

(لە هێمنی باوکیشم بیردەکەمەوە، دەبێ گلەیی لە خۆی بکات کە ئامادەی نەکردم تا منیش بۆ کوردستان بڕۆم؟ بەهەرحاڵ پێویستم بەچیە تاوەکو ئەو سەفەرە ئەنجام بدەم؟ هەر هێندەش بەس بوو کە پێم بڵێ "دینۆ ڕۆژێ هەر دێ کە وەکو براکەت بۆ کوردستان دەڕۆی". تاوەکو خۆم لەگەڵ زیندەخەون و ترس و خۆتێهەڵقورتاندنەکانم ئامادە بکەم بۆئەوەی سنووری تورکیا ببڕم و لەپاشان لەگەڵ ڕێنیشاندەرەکان دا بەرەو ڕۆژهەڵات ملم بنێم و ئەنجاش باوەش بۆ ئەو "با" یە بکەمەوە کە دیمەن بە دیمەن بە هێڵی کوردانەوە بەرەو لوتکە هەڵدەکشێ) ل ۲۱۰.

پاڵەوانەکانی دی: لە ڕۆمانەکەدا پاڵەوانێکی زۆر بەشداری کاکڵەکردنی سەربردەکەیان کردوە بە ڕادەیەکی کەم تا زۆر چ ئەو پاڵەوانانەی کە لە بیرو هۆشی مێژوویی (حەمدی ئازاد) دا بنیان ناوەتەوە. ڕۆماننوس تێهەڵکێشیان دەکات لەگەڵ سەربردە بنەڕەتیەکەی (مەم ئازاد) داو بوعدێکی مێژوویی پێدەبەخشێ، بەوپێیە هێندێ جار خۆی لە قەرەی ڕۆمانێکی مێژوویی دەدات.

قونسڵی ڕوسیا و ژنەکەی کە پەنای مەلا سەلیمی بەدلیسی هەڵاتوو لە دەست ژاندرمەی تورکەکان دەدەن داوی هەرەسهێنانی ڕاپەڕینەکەی. هەروەها (کابرا گەورەکە) کە لە ڕۆمانەکەدا دەرناکەوێ و مەم ئازاد بۆ دوزگەی قوبرس دەچێ و بەدووایدا دەگەڕێ، گوایە ئەو (کابرا گەورەکە) چارەنووسی دیاری دەکات. بەڵام (مەم) لە دۆزینەوە و پێگەیشتنی ئومێدبڕ دەبێ: (مەم گەیشتە ئەو دوورگەیەی کە بە گریکیەکی (یۆنانی) شێواو و قوڕس و تەمەڵەوە دەناخاوتێ. لەمەوبەر (کابرا گەورەکە) چاوەنۆڕیبوو. ئەو کابرایەی کە کاروباری نیشتەجێبوونی بۆ دەرەخسێنێ، تاوەکو کابرا گەورەکە بۆی دەلوێ نێردراوە تەمەن بیست و یەك ساڵەکە ئامادە بکات، کە هیچ شتێ نازانێ لە نامەنووسین بۆ باوکی بەولاوە وەبیری خۆی و لەپاشانیش ئەو نامانە دەدرێ بێئەوەی ڕەوانەیان بکات، شەش ساڵ بەسەر بوونیدا لە دوزگەکە

تێپەڕی بەرلەوەی (مەم) ئەو گەمەیە دیاریبکات کە ببێتە راوچیەکی نەزان لەنێوان چاوەڕێیەکی مەزن دا) ل٩٢.

هەروەها ئەحمەدی خانی و مەم و زین، قازی محەمەد، ئیسماعیل سمکۆ ئاغا پیاوە خاوەن دەنگ و باسە تووڕەکە و مردنی باوکی سمکۆ لە بەندیخانە لە تەرابلس، بەهۆی تاوانبارکردنی لەگەڵ عبدالرزاق بەدرخان دا بە کوشتنی (رەزوان پاشا) فەرماندەی سازمانی تورکیا لە ئەستەمبوڵ. پاڵەوانێکی دی: (کیژە خاوەن پێڵاوە سەربازیەکە). کیژە دراوسێی مامۆ (مەم)ە. خەون بەوەوە دەبینێ کە بچێتە یەکیەتی سۆڤیەت و لەوێ خوێندن تەواوکات و پەیمان لەگەڵ (مەم) دەبەستێ کە لەوێرا یەک بگرن. بەڵام خەونەکەی ئەمیش هەروەکو خەون دەمێنێتەوە وەدینایەت و بە خنکانی (مەم) لە رووباری "جەغ جەغ" و لە سنووری دا هەموو خەونەکان لەبارەچن. کەچی سەربردەی رۆمانەکە خۆی لە خۆیدا یەکێکە لە خەونەکانی (دینۆ).

هەروەها (شێرۆ بابان)یش هەیە، کە جووتیارێکی کوردی بەدبەخت و خاوەن چەند ئامێرێکی دروێنەی بەدبەختە.

(قادر حەمۆ): ئەو کابرایەی کە هەمیشە وێنەیەکی (سمکۆ ئاغا) ی لەبەر باخەڵ دایە و مەم ئازاد بە وێنەکەی سمکۆ دەچوێنێ و هەمیشە ئەوەش دووپات دەکاتەوە کە مەم و سمکۆ زۆر لەیەک دەچن.

"بارامی گۆر": (لە ئەفسانەدا هاتووە گوایە ویڵی داوی ئاسکێک دەبێ، ئاسکەی تایەنیش خۆی بە ئەشکەوتێک دا دەکات و بارامی گۆریش دووای دەکەوێ بۆ ئەسثەوت، ئیدی گەڕانەوە و دەرچوونی نابێ لە ئەشکەوتەکەدا نووسەر لە رۆمانەکەودا بەسەرهاتی وێڵ بوونی مەم ئازاد بەدووای ناسنامە و چارەنووس دا بەسەربردەکەی "بارام گۆر، لەیەک چووندوە.. مەم ئازادیش لە سنووری تورکیاو سووریا لە رویاری (جەغ جەغ) دا دووای ئەوەی پاسەوانە تورکەکان دەیپێکن و دەخنکێ، بێئەوەی بپەڕێتەوە و بگاتە دوورگە و چاوی بە کابرا گەورەکە بکەوێ. (ئەو راکردوانەی لەم بەرەوە بۆ ئەوبەر لەژێر ئەو پردەدا، رۆژ لە دوای رۆژ لە زیادبوون دان، سەرەڕای ئەوەی لە هەردوولادا چاودێری زیاتر دەبێ، بە گوللەی سەربازەکان لێرەولەوێ دەکوژرێن لە پێش چاوی ئەو گەشت و گوزارچیانەی هەردوو ڕۆخیروبارەکە، ئەوانەی ئەو وشکاییە هەڵدەمژن کە لە قولایی ئاوەکانەوە دێت، هێندێ دڵگران دەبن لەپاشانیش دەست بە چپەچپ دەکەنەوە، هەموو چاودێری هەموو دەکەن لەمبەر بێ یان لەوبەر، خەمڵی چارەنووسی ئەوانە دەکەن کە لەبەری سوریاوە بۆ بەری تورکیا هەڵدێن، روویارەکە بەپێچەوانەی ئاوەڕۆکەیەوە دەبڕن، ماندوودەبن بەرلەوەی ئەو تونێلە ببڕن کە لە ژێر پردەکەدایە، دواجاریش لەنێوان زەردەخەنەی ئەو سەربازە تورکانەوە دەگەڕێنەوە کە گرەو لەسەر چارەنووسی ئەو گەمژە ئاشکرایانە دەکەن) ل ٧١. لەپاشانیش لە دەستی سەربازە تورکەکان قوتار دەبن و دەکەونە چنگی پۆلیسی سوریاوە.

سەلیم بەرەکات لە نووسینە پەخشانەکانیدا وەکو شاعیر مامەڵە دەکات، شیعر دەکاتە زمانی گێڕانەوەی مەرگەسات کە دەمانگەیەنێتە ئەو قەناعەتە ناویان لێبنێین (رۆمانە شیعر).

تێگەیشتن و خوێندنەوەی سەلیم بەرەکات فرە ئاسان نیە، ئەگەرچی لە زۆر حاڵەتیش دا هێندە قورس نیە. خەون واقیعە و واقیعیش خەون و خەیاڵە. گەرچی زۆرینەی نووسینەکانی خۆیان بە پۆشاکی وجوودیانە پێچاوەتەوە، بەڵام راستیەکی تفت و تاڵی چارەنووسی گەلێکیان لە ئامێز ناوە و سەرجەمی نووسینەکانی (س. بەرەکات) گەڕانە بەدووای ناسنامە و بە راستی بیرو هۆشی کوردان دەهێننە زمان..

رۆمانی (وێرانەی ئەزەلی دووەم)

رۆمانی وێرانەی ئەزەلی دووەم (انقاض الازل الثاني) دوا رۆمانی سەلیم بەرەکاتە، لەوانەیە ئەم رۆمانە لە رۆحی چامەی (مەهاباد)ەوە وەرگرتبێ کە ساڵی (١٩٨٨) دوای کارەساتی هەڵەبجە لە گۆڤاری (الکرمل) کەیەکێتی نوسەرانی فەلەستین دەریدەکات بڵاوکراوەوە.

دەقی رۆمانەکە بەدوایەکداهاتنی کارەساتەکان هەروەکو لە دەقی چامەکەشدا هاتووە (الریح؟! ما

لها من – مهاباد– الی – مهاباد– ایضاً کل عویل من – مهاباد– والامومة حیری باثدائها الحجریة)..

لێرەدا لە ئەزەلی یەکەم پرسیار دەکەین، دواجار لە رۆمانەکەدا دەزانین ئەزەلی دووەم لەکوێ دەست پێدەکات، پاش کۆتایی رۆمانەکە، دوای گەڕانەوەی رۆحی خەڵکی "سیدرۆك" ئەو گوندەی کە دەکەوێتە رۆخی خۆرئاوای دیجلەوە تا لەگەڵ تارمایەکانی یان رۆحی سەربازەکانی "گەزنەفوون" دا ا تێکەڵ ببن، "گەزنەفوون" ی گریکی کە لە بەرامبەر (کورش) فەرماندەی لەشکری فورسەکاندا شکستی خوارد، لە رێگای گەڕانەوەیاندا بۆ (ایساکا) یان گریگستان، کاردۆخیەکان باپیرانی کورد رێگایان پێدەگرن و ئەو لەشکرە دۆڕاوە بە تاشەبەردی کوردستان پەرێشان دەکەن لە (ئانابان) دا واتا گەشت بۆ ناوەوە، گەزنەفون دەربارەی دە هەزار میل دەدوێ لەنێوان شکست و نیشتماندا.

گەشتی پێنج پیاوەکە لە رۆمانەکەدا دوای راکردنیان لە مهاباد بەو گەشتە دەچێت. ئەمە چیرۆکی ئەزەلی دووەمە. سەلیم بەرەکات لە چامەی (مهاباد) دەڵێ: (بۆتان دەدرکێنم کە چەند دراوسێکان لەم پێشبڕکێیەدا منیان خەڵەتاند).. بەڵێ پاشگەزبوونەوەی (ستالین) لە سالی (١٩٤٧) لە پاراستنی هەردوو کۆماری (ئازەربایجان و مهاباد) لە ئێران و چاوەڕێکردنی پێشەوا (قازی محمد) تا پەتی غەدر لە گەردنی بئاڵێ و یەکەم کۆماری کوردی لە مێژوودا هەرەسی هێناو ئەو خەونە کوردیە لەباردەچێ. حیبکەکە (رووداوەکان) پاش تەواو بوونی قەسابخانەو کارەساتەکە دەست پێدەکات. ئەمەشیان خودی سەلیمە لە بابەتە رۆمانەکانیدا و چمکێکی مێژوو دەگرێت، مێژووی کورد و کارێکی رۆمانی بەپێزی لێدروست دەکات، لەرۆمانی (زانایانی تاریکی)، ئاخاوتنی ئەو کوردە دەهێنێتەوە کە لە سەردابی تاریکی دەژین و دڵیان بە سادەیی و لادێی کوردانەی خۆیان خۆشە، سەرەڕای شارەزاییان لە عەشیرەتگەری کە لە ئەزەلەوە بەدەستیەوە گیریان خواردوە کە لە نێوان تاشەبەردی چیاکانی کوردستاندا هێلانەی کردووە، رۆمانی (پەریان ئەو بەڵگانەی مەم ئازاد لەوێ لەبیرکردن) رۆمانی بەڵگە ونبووەکانە و کەس پێیان نازانێ جگە پاڵەوانەکانی رۆمانەکە نەبێ، دانیشتوانی ئەو سێ گۆشەیەیش کە دەکەوێتە نێوان چیاکانی تۆرۆس و چیاکانی عبدالعزیز و ژەنگار، کە رۆژ لە دوای رۆژ ناوە کوردیەکانیان دەگۆڕدرێن، کاتێ بە ژێر پردەکانی (جەغ جەغ) دا دەپەڕنەوە بۆ بەری تورکیا و تفەنگی جەندرمەی تورك راویان دەکات و، خەونەکانیان لەو رووبارە لەباردەچن، (مەم ئازاد) ئەو خەونایە کوردەی کە هەمیشە بەدوای خەونەکانیدا وێڵە و لە دوورگەی (قبرس) بە دواياندا دەگەڕێ، (دینۆ) یش کە جمکی (مەم) ە ئاواتەخوازە باوکی هەڵیبژێرێ دوای مەرگی (مەم) بڕوات بۆ کوردستان و، لە رۆمانی (ئۆردوگاکانی ئەبەد) سەلیم بەرەکات دەگەڕێتەوە سەر زەمەنی ونبوو، هەر لەدەست پێکردنی شەڕە کەڵەشێرەوە کە رۆمانی (کەس نیە نامە بۆ کۆڵۆنێل بنێرێ) مارکیزمان یاد دەخاتەوە. هەروەها پەنا دەباتە بەر بابەتی مێژوویی کورد، وەکو شۆڕشی شێخ سەعید ئاغا لە (ئاموودا)دا لە سوریا لە چیای (کورداغ)، لەوانەیشە مەبەستی رۆمانتووس شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران بێ لە ئارارات لە تورکیا، هەروەها بزووتنەوەکەی میر جەلادەت بەدرخان.. سەلیم بەرەکات تەنانەت هەرەسی شۆڕشی ئەیلولی (١٩٧٥) ی لەیاد نەکردوە لە رۆمانی (ئەستێرەناسەکان لە سیشەممەی مەرگدا) باسی هاتووە.

لە رۆمانی (وێرانەی ئەزەلی دووەم) دا هەرەسی کۆماری مهاباد لە کوردستانی ئێران دەکاتە حیبکەی، پێنج پیاو لە کۆماری مهاباد هەڵاتوون لە دوای هەرەسی کۆماری مهاباد بەسواری پێنج هێستری تەتاری. (ئەوانە لەو خانووانەن کە دراوسێی خانووەکەی قازی محەمەدن بە رەچەڵەك).. ئەو پێنج کابرا غەریبە لە گوندی (سیدرۆك) ی سەر رۆخی رۆژئاوا بەو پێنج کابرا غەریبە دەچن کە لە رۆمانی (ئۆردوگاکانی ئەبەد) دا هەن و، پێنج کابراکە لە دیوەخانەکەی (کەریم بیرخان) دەمێننەوە، ئیش و کاری خانەوادەی بیرخان تەون و چنینە، سەلیم بەرەکات دەیەوێ ژیانی کوردەواری بە هەموو رەنگەکان تان و پۆ بدات.

لێرەدا جەماعەتی (رۆستەم بابك) یش هەیە کە دەگوێزنەوە بۆ بەری کەناری رۆژئاوای دیجلە و لەنێوان ئەوان و کەریم بیرخان ناکۆکی درێژەت دەبێ بەهۆی سەگ و قاز و کەتیرەی گوێزی تورکی. لێرەدا دوو دەروازە هەیە بۆ چوونە ناو ئەم کارە رۆمانەوە! دەروازەی مێژووی کوردی غەدرلێکراو، ئەو

دەروازەکەی دیکەش حیبکە و بەرهەمی نووسینە. بەرەکات لێوەشاوەیە بۆ ئامادەکردنی گوتاری مێژووی کورد لە کاری رۆمانتووسین دا. لێرەدا بەکارهێنانی شوێنایەتی هەیە لەسەردی رۆمانووسین دا. گردەکەی (کەی خودان) لە رۆژهەلاتی رووباری دیجلە و گوندی (سیدرۆك) لەلای رۆژئاوای دیجلە ئەو جێگایەی کە دیوەخانەکەی (کەریم بیرخان) ی لێیە.

هەروەها ئەو کەسایەتیانەی کە لە رۆمانەکەدا هەیە هەروەکو رۆمانتوس ناویان لێدەنێ (شەریف رەندۆی گڕگرتوو) ئەمینی نامە و رەمزەکانی نێوان قازی محەمەد و خێڵە کوردەکان و ئەوی دیکەیش (زینۆ میقان) ی بەیت بێژی بەیتە کوردیەکانە کاتێ کەریم پێشنیاز دەکات بەیتە کوردیەکان کۆبکرێنەوە (ئەگەر کەسێك بنێری شیعری کوردی کۆبکاتەوە لە رەشت لە باشووری قەزوین.. لەو شوێنەی کە فەرشی لێ دروست دەکەن. (کەریم) یش کەس نادۆزێتەوە ئەم ئەرکەی بخاتە ئەستۆ جگە لە مامۆستا (مانۆ سارۆخان) نەبێ کە شەش کچەکەی فێری شیعری کوردی دەکات تا بینێرێ بۆ رەشت بۆ کۆکردنەوەی شیعرەکان.

لە فەسڵی دووەمی ئەم رۆمانەدا نۆزدە پیاوی فارسی پەیا دەبن و (شاپور) ی وەرگێڕی کوردیان لەتەکدایە و، (زادە بزربادی) سەرکردایەتی ئەم کۆمەڵە دەکات، وا دیارە کە بە کرێگیراوی رژێمی شاهنشاهیە کە لەبەردەم باوکیدا سوێند دەخوات تۆڵەی بکاتەوە لە شەریف رەندۆ، چونکی شەریف رەندۆ سزای جەلال بزربادی زادەی باوکی دابوو بەوە هەردوو پاژنەپێی بڕیبووەوە بۆئەوەی نەتوانێ سواری ئەسپ ببێ.

دوای رۆخانی کۆماری مەهاباد و لەسێدارەدانی قازی محەمەد و هاورێکانی لە مەیانی (چوارچرا)، زادە دەگەڕێتەوە بۆ مهاباد و رەندۆ و میقان نابینێ لەنێوان ئەو زەلامانەی کە بە سێدارەوەن، بۆیە بڕیار دەدا دوایان کەوێ و سزایان بدات.

لەسەربووردی (مانۆ) گەڕۆکی دوای گۆڕانیەکان و یاوەرەکەی (جگەرۆ عەمشەوا) دەچن بۆ گوندی (سورا) لەلای نەدیم خوڕی ئاغا صفوت میرسین دەبینن کە خاوەنی دەفتەرێکی سوورە شەست و هەشت گۆرانی تیا تۆمارکراوەلێرەشدا چاویان بە خوشکەزای (قاوون) دەکەوێ ناوی (نینۆی سارین) ە ئافرەتێکی شاعیرە و ژنی کوڕی پوورەکەیەتی راوچی کەلەکێوی، کە رۆژێ لە رۆژان لەگەڵ راوچیەکانی گوندی (سورا) نایەتەوە، ئەم چیرۆکەیش پتر بە چیرۆکی (خەج و سیامەند) دەچێ، لێرە (مانۆ) مەبەستی خۆی چنگ دەکەوێ و دەگەڕێتەوە بۆ سیدرۆك و شیعرەکانی پێیە..

فەسڵی سێیەمی رۆمانەکەیش گەیشتنی زادە بزربادەیە لەگەڵ جەماعەتە فارسەکەدا بۆ راوەدونانی شەریف رەندۆ و زینۆ میقان بۆ گردی کەیخودان کە دەڕوانێتە سەر خانووەکانی گوندی سیدرۆك، لە هەمان ئەو جێگایەی کە پێنج کابرا راکردووەکە لە مهاباد لێوەی پەیابوون، هەرکە گەمارۆی گوندەکە دەدەن چاویان بە هەردوو کچەکەی کەریم بیرخان دەکەوێ لەسەر بیرەکە و لێیان دەپرسن و پێیان دەڵێن کە چەند پیاوێکی غەریب لە دیوەخانەکەی باوکیدان، پیاوەکانی بزربادی هێرش دەکەنە سەر دیوەخانەکە و ئەوەی لەویە بە ژن و پیاوەوە دەیانکوژن لەگەڵ پێنج کابرا غەریبەکەدا، پاشان گوندەکە بەجێدێڵن، لە رێگای گەڕانەوەیاندا تووشی مانۆ و جگەرۆ عەمشە دەبن کە شیعرەکانیان پێیە و دەگەڕێنەوە بۆ لای (کەریم بیرخان).

لێرەدا هەردوو رووداوەکە یەکدەگرن سەربووردە دروست کراوەکە و بەسەرهاتی رووخانی کۆماری مهاباد و دووبارەبوونەوەی مەرگەساتەکانی مێژووی گەلی کورد..

سەرچاوەکان:

١) رواية فقهاء الظلام (١٩٨٥) سەلیم بەرەکات.
٢) رواية ارواح هندسية (١٩٨٧) سەلیم بەرەکات.
٣) رواية الريش (١٩٩٠) سەلیم بەرەکات.
٤) المجموعات الخمس الشعرية سەلیم بەرەکات.
٥) بلاشباك ذاتها وبالثعالب التي تقود الريح. مجموعة شعرية.
٦) مجلة اليوم السابع العدد (٣٠٢ /١٩٩٠).
٧) مجلة اليوم السابع العدد (١٩٩٠/٣٢٣).
٨) ئەم رۆمانانەشی هەیە بێجگە لەو سێ رۆمانەی سەرەوە:
- ئۆردوگاکانی ئەبەد.
- ئەستێرەناسەکان لە سێشەممەی مەرگدا (بە سێ بەرگ).
- وێرانەی ئەزەلی دووەم.

(زاناکانی تاریکایی)
سەلیم بەرەکات

لەتیف هەڵمەت کردوویەتی بە کوردی

هەروەك هەموو رۆمانە سەیرەکان و هەقایەتە عاجباتیەکان، رۆمانی –زاناکانی تاریکایی – سەلیم بەرەکات.. خوێنەران دەخاتە جەرگەی رووداوەوە و لە روویەڕووبونەوەی کۆمەڵێ پرسیاردا جێیاندێڵێ کە خێرا کەڵەکە دەبن بەرلەوەی هەڵتۆقێن بەسەر برێ حاڵ و بارودۆخدا کە لەوانەیە گێچەڵەکە ئاڵۆزتر بکات. نەك چارەسەری بکات.. لەسەر شێوازی رۆمانگەلفرت و فێڵ و تاوانکاری. ئەو رۆمانەی کە لە (خانەی بیسان برس – قوبرس ١٩٨٥) چاپ کراوە خوێنەر دەباتە مالّی مەلا بێناف لەو شارە کوردە بچووکەدا شاری هالالیە – لە دووراییی قامیشلی و سنووری تورکیا.. گێڕانەوە دەخرێتە سەر مەلا بێناف لەنێوان ناسیاو و دۆستاندا؛ هەروەکو هەموو رۆمانگەلە ریالیزمییە کۆمەڵایەتییەکان. باسی هەڵسوکەوت و هەست و بیرەکانی دەخاتە روو لە دڵخۆشییەوە بە لەدایکبونی منالّی نوێ و قەڵس بوونی لە زۆریی ئەوانەی کە لە دەەروەی شارەوە هاتوون. بەڵام قسەگێڕەوە لەپڕ لێی دەگەڕێ سەرسامی و پرسیار تاڵانی کەن.. هەروەها خوێنەریش.. دوای ئەوەی کە بۆی روون بۆوە – بێکەس – ی کوڕی لە سەعاتگەلێکدا هێندە نەشونما دەکات و قۆناغ دەبڕێ وا باوە کە لە چەندین ساڵدا ببڕێ تا رادەی ترس لە ریسوابوون و سەرقاڵبوون بە رێکخستنی زەینی سەرسام بووەوە.. چیرۆکبێژ تێکدەچڕێ لەگەڵ دەنگی بێکەس خۆیدا و لابەلای کوڕە گەوەرەدا دەکاتەوە واتا (کرزو) ی برای.. بۆ لێم ناپرسی چۆن بەم خێرایییە گەورە دەبم..؟ (ل١٦) بەڵام لەبری ئەوەی پرسیارەکە تەعریفی زیاتر لە خاوەنەکەیەوە هەڵێنجێ.. پرسیارکەر بەسەرسامییەکی هەمان جۆرەوە روویەڕویان بۆوە (چۆن شتێك راڤە بکەم کە لە توانامدا نیە.. منیش سەرسامم وەکو ئێوە.. هەر سەعاتەو بە کەسانێکی دیتان تێدەگەم، سالّ بە سالّ لەگەڵمدا گەورەدەبن.. بەخێرایی تێگەیشتنی چەسپاوم بۆ ئەو شتانەی بەرلە هاتنم دەربارەتان دەیزانم تێکەڵاو دەبن (ل١٦) بەم بەدواداچوونە یەخانگیری خێزانەکە دەبێ کە رازێیە بە بازرگانی و هەیبەتەکەی بە رووداوگەلێك لە زمانی خۆیەوە، بۆیان ئاشکرادەکات کە عەسر لە چل دایە و ئێوارەش لە پەنجادایە و.. دەورە هەر دەورەیە ئیتر چ لە رۆژێکدا تەواوبێ یاخود لە بیست هەزار رۆژدا (ل١٦) بەرلەوەی باوك ئیستیعابی رووداوەکان بکات و لەناوەندی سەرسوڕمانی ئەوانی دیدا، داواکاریی کوڕەکە دێ (کات زۆر نەماوە) لەکاتێکدا باوك هاواردەکا (کاتی کێئەی عاجباتی؟) (ل١٧) بەڵام بێکەس پێ لەسەر بەسەرچوونی کات و ژنهێنان دادەگرێ و دەڵێ ئەمە کارێکە هەردەبێ بکرێ، باوکیشی مل بۆئەوە دەدا.

بە تێپەڕبوونی ئەم لەحزە سەرسوڕهێنەرە خێزانەکە دەکەوێتە رێکخستنی هێنانی (سینەم) ی کچی محمد بە هەموو دەردو سەقەتی و گێلییەکیەوە، بەڵام کێ جگە لەو کچە بەم جۆرە شووکردنە رازێیە..؟ لەنێوان ئەوەدا کە سینەم سەیری ئەوی وەکو کەڵەشێرێك دەکرد و دەسبازی کردنی بێکەس لەگەڵ لەشی ئەودا لەکاتی جووتبوندا، داواکاریی بێکەس ئەنجام دەدرێ و لەگەڵیدا کۆچی وذبوون و دەرکەوتن دەستپێدەکات، دوای ئەوەش سینەم سکی پڕدەبێ و بێکەسی دووەمی دەبێ.

رۆمانەکە وزەی قایل کردن لە لێکهەڵکێشانی بێ فرت و فێڵی دەنگی کەسەکانی تردەوە هەڵدەهێنجێ وەکو خاتێ کە لە مەسەلەکە واتێدەگا (زنجیرەیەکی تفتوتاڵی گاڵتەجاڕییەکەیە) (ل٢٠) باوکەکەشی کە وەکو خوێنەر دەتەقێتەوە و هاواردەکا: (بردتەوە کوڕەکەم، بۆ کوێ راکەم لە دەست خۆم؟) (ل١٩).


بەڵام رۆمانەکە دیسانەوە هێزی خۆی لە هێڵە هاوشانەکانی گێڕانەوەوە هەڵدەهێنجێ.. ئەوەی کە عاجباتیەکانی لەگەڵ واقیعییەکاندا تێدادا گەشەدەستێنێ. زاناي گوندەکە – سمۆ – (ل٤٠) براکەی سینەم دەیکوژێ دوای ئەوەی کە دەزانێ

وازی بە مەمکەکانی سینەم کردووە و شێتوکەیی سینەمی بە هەل زانیوە و کوڕی عەفیدیش تەقە لە بافی جوانی دەکا (ل٤٤) لە تۆڵەی مقوێدا دەژی خێزانی بکوژەکە – مەجیدۆ – لەکاتێکدا هەق و حسابی لەم جۆرە کە مەجیدۆ بڕیاری لەسەر دەدات ئەنجام دەدرێ بۆ دانانی سنووڕێك بۆ ئەگەری تۆڵەی بەرانبەر.. (ل٦٤) یەکێکی دیش (جەهۆ) ی بۆ مەلا ئەنجامی دەدات دژی – سطامۆ– کە لێیان یاخیبە و خەڵکیان لێ هان دەدات (ل٧١) لێرەدا بایەخدانێکی زۆر بە چۆنیەتی ژیانی کورد بەدیدەکرێ.. هەرچەند رۆمانووس سنووڕێکی بۆ پێکدادانە تووندوتیژە چاوەڕوانکراوەکان دانا. ئەو بایەخ دانە زیاتر چڕدەبێتەوە.. و بە وتبوونی ناحەزە دیارەکان و چاوەڕوانکراوەکان تەنها هەر خێزانێکی دەسڕۆ مایەوە، ئەوەش خێزانی مەلا و براکانی و کەس و کاری – برینا – ی هاوسەری. جگە لەوانەی کە ئامادەن مل کەچ کەن بۆ ژیان.

تەنانەت مەخفەری پۆلیسیش مەعنایەکی ئەوتۆی بۆ نەمایەوە بگوترێ.. چونکە بەندیەکانی پێشین دەیانزانی کە وەکو دەرەوە لە ناوەوەش تۆڵەیان لێدەکرێتەوە.. لەبەرئەوە رەقیبەکە لێدەگەڕا مەحزەرەکانی لێکۆڵینەوە لە سای رووناکیی ئەم ئاژاوە تێکچڕژاوەدا بنووسرێ.

تێپەڕین بەسەر ئەم ژیانە جەنجاڵەدا بەم خێرایییە مەودایەکی خەتەری (ل٥٥) رۆمانەکە دەسڕێتەوە، لەسەر قاڵی تەواوی خەڵك پێك دێ بە سروت و داب و نەریت و شوێنەکانی ژیانیان لەنێوان کۆڵان و ماڵ و کێڵگە و تووڕێلە نهێنییەکانی قاچاخچێتیدا.. چیرۆکبێژ جموجوڵی خەڵك بەسەر دەکاتەوە و لەگەڵیاندا دوای هەوڵەکانیان دەکەوێ بۆ ژیان.. لە بارودۆخێکدا لەسەری گیرساونەتەوە تا وای لێهاتووە لەبەرچاویاندا لێی راهاتوون و ئاسایییە.

جگە لەو بریسکە بچڕ بچڕە نەبێ کە سەرنج بۆ سەیروسەمەرەیی ژیان و دیمەنەکان دەگێڕنەوە.. کرز و خۆڵەمێش رۆدەکاتە سەر ئەو بەفرە کە حەوشەی مالّی پۆشیوە.. هەربۆ نموونە لە ساتێکی تووڕەییدا. حەوشەکە وەك وێستگەیەکی لێدێ پێکان بەسەریدا هاتوچۆدەکەن بۆئەوەی چیرۆکێکی



دی لە چیرۆکگەلی شێرزەیی و رارایی و سەرسوڕمان بگێڕینەوە.

مەلا بێناگایش بەپەلە و بەپێی پەتی بەرەو ژووری بێکەسی پەکەم دەڕواو و دوای تەنها شەوێکی تاقانەی زاوایی بۆی دەگەڕێ. بەوجۆرە بەفری رامالّراو تووندوتیژی و شێرزەیی سات دەگوێزێتەوە کە بە سەرکەسانی تردا بالادەستی دەکات.. خوێنەر لەنێوانی چاوانی کرزوی منداڵەوە چاودێری ئەمە دەکات کە خۆڵەمێشی لە بەفرەکەدا چاند.. وای دەزانی رقی باوك ئاڕاستەی ئەوە، هەموان تێکەڵکاری دەکەن لەنێوان هۆکار و ئەو غەریزە ئاڵۆزانەدا کە کەسانی دی پێبەپێیان هەڵسوکەوت دەکەن.

ئەوەشی کە وا دیسارە روون و مەنتیقییە پێبەپێی جەنجاڵبوونی زەینی بکەر رەوتی شتەکان لێی لادەدات.. لە کۆڕەپانێکی جەنجاڵی هەست و کاردانەوەدا ئامانج و چاوەڕوانکراوەکان زیاد دەکەن و تاکە لێکدانەوەی رووداوەکان ون دەبێ..

چارەسەرکردنی گێچەڵەکان لەلایەن رەقیبی مەخفەرەوە دەبێتە جۆرێکی دی لە بەدەنگەوەچوونی نامەقوڵ و شێواوی واقیعێکی تێکچڕژاو. (ل٥٥).

وەکو هەواڵ و مقۆمقۆ حەوشەی مالّی مەلا بێناقی تەنیوە.. گێڕانەوەش رووبەرەکانیی بەدرێژیی داگیرکردووە.. تەنانەت حەشمۆی قەشمەرکە کوڕەکانی گاڵتەی پێدەکەن کاتێ کە تەڵەکە بازیماندووی دەکات لە دۆزینەوەی هەقایەتێك یاخود گەڕانەوە بۆ هەقایەتێکی دی کە زانراوە.. ئەم قەشمەرە پەنا دەباتە بەر بیدەنگی و کرداری دژواریش زمانی هاووەجێتی. دیوارەکەیش وەکو ئەنجامدراوێکی تۆرەبڕە بۆ گێڕانەوەیەك کە توانای بەسەردا نیە.. ئەمە تاکو رادەیەك پانتایی پڕکردنەوەیەکی بێماناو ناپێویستە بەڵام سنووردێکە کەسانی دی دەوەستێنێ، وەکو ئاو ناچاردەبن بەرەو رۆگەو دەرێکی تر بچن لە لایەکەی تری ماڵەکانیانەوە. لەکاتێکدا جەهور جگە لە کردەیەکی نەهلیستی هیچی دی ناکات بۆ بەهاناچوونی کچە منداڵەکەیەوە کە لە جەستە زەبەلاحەکەیو زەینە تەقلیدییەکەیدا پیاوەتی و ئازایی دەوروژێنێ، تاکو بەجەستەی چەند جارێك و چەند جارێك لە دەرختە زلەکە بدات. (ل١٤٥) وەکو گایەکی تووڕە بەر قۆچی بدات، تاوەکو هەپروون هەپروون دەبێ و دەرووخێ و باوەڕی بە خودی خۆی نامێنێ. هەموو کردارێکی لەم جۆرەش لەسەر گاڵتەجاڕییەکی ناوەکی بە مفارقە بونیاد دەنرێ. چونکە یەکەم ئاخافتن دەگۆڕێ بە کردەیەکی عەدەمی و ئەوی‌دیش دیسانەوە بە کارێکی لەم جۆرە دوای دەکەوێ.

لەکاتێکدا واتە وات و دەنگ و باس بەردەوام لە نۆربوونداینە تاکو رووبەرەکان پڕبن لەو شت و جموجوڵ و بیدەنگی‌یانەی کە چیرۆکبێژ درێغی ناکات لەوەی درێژدادڕێ تیادا بکات هەرچەند خوێنەری راکێشا و چووە ناخیەوە.. کە سەرسامە بە بزۆزی وەسفی ژیانی کوردەوە لە هاڵلیەدا.. لەبەرئەمە تێگەیشتنی قسە و بەدیلەکانی لە زانایانی تاریکی‌دا گران نیە.. هەروەها لێکداپچڕانی دالەکانیش لە دووتوێی لەشێکدا جارێك گەشە دەکات بۆئەوەی چەندین جار رسوا بکرێ لە رێگای گاڵتەجاڕی مفارەقەی گێڕانەوەکە ئەویش متەواليانی گەورە بەپێچەوانەی ئەوەوە دروست دەکات. بۆئەوەی خۆمان وەکو خوێنەری دی ببینین وەك کەسە گوێگرەکانی پشت خێوەتەکەی مەلا و میوانەکەی یا وەك ئەو دەرەختی زەیتوونەی کە وەسف کردوویەتی بە چالاکی مەخلوقێك لەزەت دەبینێ و گەشە دەکات بە بیستنی دەنگ و هەقایەت و جموجوڵ، لە چاوەڕوانی داهاتوودا لە ساتی پێکدادانی نێوان کۆیادگەی کوردداـ بێکەس ـ و نێوان رووبەڕووبوونەوەی نوێی سەرجەمدا لەگەڵ کۆمەڵگا تەقلیدییەکاندا و نێوان ناسنامەی ژمارەکان و حیسابەکان و شێوەکانی چەسپانی جێگیر لە دەفتەرە شینەکەدا.. وەکو دروشمێکی بە میرات جێماو.. وێنە نەشازە شینەکەی سەر قاڵیی دانیشتنەکە، ئینتیمایەکە بۆ کۆمەڵگایەك بەپێچەوانەی ئەوەوە تۆوی دووبەرەکی و پرسیارکاری و گۆڕانکاری خۆی هەڵگرتووە.. چونکە ئەو وێنەیە کە دیارە دەشێ رووی بێکەس بێ لە خولاندنەوەی زەمەنی پوواودا وەکو دەڵێ و دەبینێ. (ل٧٠)

درێژەی واقیعی لە رۆمانەکەدا بەربڵاودەبێ وەکو ئەو دیوارەی کە پان و پۆڕ و گەورەتر دەبێتەوە و دەرکی باکووری کۆڵانەکە دەگرێ بۆ مەبەستێکی روون و نیازێکی ماقوڵ نا، بەڵام ئەویش ئەو بۆشاییەیە دەگرێتەوە کە رووبەڕووی دەبێتەوە، هەروەکو چۆن تەواوکارییی رۆمانتوس بۆ جەنگاوەر و تۆڵەکردنەوەکان، گێڕانەوە وەکو جۆرێك لە واتە وات جێدێڵێ کە (نە پێشدەخرێ و نە دوادەخرێ لە رۆمانەکەدا) (ل١٢٨) حاڵی دیوارەکەی حەشمۆش هەر وەهایە. لەلایەنی دووەمەوە ئەنجامدانێك بەرامبەر بەم بۆشاییەیە، زەین و لەش تاڵان دەکات، لە پشت ئەم هەست پێکردنانەوە کە دژی دەنگی زاڵی رۆمانتوسە کردارێکی گاڵتەجاڕی داپۆشراو هەیە، چونکە درەختی زەیتوونەکە کە گوێی لێیە چی روودەدات (ل١٩٠) دەزانێ ئەوەی کە زیوانی کۆڕ لەبارەی کۆژرانی سەگ و سووتاندنیەوە باسی دەکات (ل٢٠١) تەنها زۆروتنێکە لە گێڕانەوەدا و؛ ئەوەشی کە حەشمۆ لەبارەی مەجیدۆوە باسی دەکات لەوانەیە مەبەست نەپێکێ، بە حوکمی ئەوەی کە لە بارەی کەسایەتی قەشمەرەوە دەیزانین (ل٢٠١) هەروەها هەواڵەکانی کەسانی دی کە بە راکردن بۆ مالّی مەلا دێن لەوانەیە درۆ و راستیان تیادا تێکەڵ بێ.. بە وشەی دووەم

قسەبێژ پاڵپشتیيەکانی ئەگەر و موتابەقەکردن دەروونخێنێ کە دەشێ لە زەینی خوێنەردا کەڵەکە ببێ لەکاتێکدا دەکەوێتە بەر تۆفانی ئاخافتن: ژنان لە ڕۆمانەکەدا بەدیلی قسەبێژن، چونکە ئەویش دیسان لە چوارگۆشە شینەکەی سەر قاڵیيەکە دوورەدەکەوێتەوە (کەلە ڕەقێکی سەرسەخت) کاتێ (مۆتەکەی چوارگۆشە شینەکە) دەست بەسەر زماندا دەگرێ بەردەوامبوونێکی زنجیرەیی دی بیرگە دەگرێتەوە کە ئاخافتن بەسەریدا زاڵ دەبێ و ڕووداوی بەردەوام پەردەی کچێتی دەسمێ و بەم جۆرە ڕووبەڕووبوونەوەیە لەنێوان (چوارگۆشەی شین) و گێڕانەوەدا.. ڕۆمانەکە لە دوورکەوتنەوە (میشی)یە مەبەستدارەکەی لەو شتانەی کە کاتین.. دەبینین و هیچ سەیریش نیە دوای ئەوسا لە چرکەی بیردەنگیدا مەلا ببێ بە خاوەنی خۆی و ژنەکەی.. لە نەبوونی ڕووداودا.. ئەوەی کە ئاخافتن بە ڕێی دەکات.. و هەڕەشە لەو بێدەنگییە دەکات و ڕسوای دەکات کە ناسنامەی تیادا بەرجەستە دەبێ:

(مۆتەکەی چوارگۆشەی شین) زمان داگیردەکا و دەیکات بە شینێکی بەریلاو لە ڕووبەردا نەک لە پیتە ئەندازەدارەکاندا.. بەریلاوییەکی تۆکمە میژووی مەلا و میژووی باوباپیرانی لە عەدەمێکی شیندا مۆڵ دەدات نە وێستگەیەکی تیادایە و نە وەرچەرخانێک.. مەسافەیەکی لاڵ.. لە چوارگۆشەیەکدا کە گۆشەکانی دەتوێنەوە.. و دەکۆژێنەوە و نە ئەو و نە ژنەکەی لە واقیعدا نابن بەو بێدەنگییە (زەرتەک)ە نەبێ.

لەکاتێکیشدا شێوە هەڵقوڵاندنی ئاخافتن هەڵدەوەشێنێتەوە، بۆشەوەی بیگۆڕێتەوە بە بێدەنگییەک لەناو بیرگەدا دروست دەبێ کە سەلیم بەرەکاتی سەرقاڵ کردووە.. گێڕانەوە تەنها پیاداهەڵدانی زەمەنە و هیچی دی.. پووکاوییەکەی کە ئێستا تەنها شەرمەزاری و فرت و فێڵ و گەمارۆ دەگەیەنێ لەنێوان ئەو دیوارانەدا کە شێت و شێواوەکانی کورد و دوژمنەکانیان هاوکووف دروستی دەکەن.. بەڵام ئەو لادانەی کە ڕۆمانووس دەیخولقێنێ وەکو ستراتیجێک.. جێبەجێنابێ لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی بەرانبەردا لەگەڵ درێژەی بێژراوەکەدا.. ئەوەی کە خستنەڕووی واقیعی و نواندن و چاوەڕوان کراوی مەبەستە.. وەکو چۆن ئەمەی دوایی هەردەبێ ببێ لەبەرئەوەی بارودۆخی کورد لەنێوان کوشتاری ناوخۆ و خۆخواردن و کارەسات و گەڕان بەدوای دەرگایەکدا بۆ دەرچوون لە ڕەوتە پێچاوپێچەکان..، دەبێ ئەو بۆشاییيە هەبێ کە زەین لێیەوە لە مەینەتیەکەی دەرباز دەبێ.. لە ڕاڕەوەکانی مشکەکان و تۆڵەی قاچاخچییان و نانەباری مەخفەرەکان. هەرچۆنێ بێ (شێوان) کە سەرسامە بە بێدەنگییەوە.. ئاخافتن دەیشڵەقێنێ بە گێڕانەوەیەک کۆتایی نیە و پڕە لە قسەی زل و درێژدادڕی و خەم بەبادانی خود و سەرزەنشتکردنی: (هیچ شتێك نیە ژنان لە قسە گێڕانەوەکانیان ڕاگرێ، ئەڵێی نەختە نەختە دوردەکەونەوە لەوپەڕی ئەو گەمەبازییەی کە لە بۆشایی قوواڵییانەوە کەوتۆتە سەر فەرشی ژوورەکە. چەنەبازی دەکەن تاکو باوکانیان لە هەڵدێری ئاخافتندا ون دەبن.. قسە دەئەفرێنن و درێژەی پێدەدەن و لە درێژادڕیدا فو بە گیانگەلێکی مردووەدا دەکەن.. ئەمیان بە چەماندنەوەی سەری قسەکەی ئەوی‌دییان دەسەلمێنێ بۆئەوەی بەردەوام بێ لە گێڕانەوەی ئەوەدا کە سێیەمیان دیسانەوە بە چەماندنەوەی سەری دەیسەلمێنێ.. کاتێ کە کاسە سەرەبچکۆلەکانیان لە قۆزاخەی درۆ بچکۆلەکاندا دەپشکوێ... یەکێکیان بواری ئەوی‌تریان دەدات گیزەگیزی زیاتر بکات، بۆ مسۆگەرکردنی دەوری خۆی هەتاوەکو قسەبێژەکە هەناسەی سوار دەبێ (ل١٥٨).

لەکاتێکدا ئەم خواستە دژی گێڕانەوە لە شوێنێ زیاتردا دەسەلمێ، تەنها ژنەکان ناگرێتەوە و بەس.. ئەگەرچی لە وەرگرتنی دواییدا وا دەردەکەوێ کە لایەنگرییەکی نێرسالاری لەو کۆمەڵگا تەقلیدییەدا هەیە، تەنانەت جەهوری بۆ مەلا لە یەک سات و دەمدا هەست بە خۆتێهەڵقورتاندن و بێزاری دەکات، چونکە مەلا لەگەڵ تارمایيەکدا لە خێوەتەکەیدا خەڵوەگیر دەبێ و دوو یا سێ وشە دەڵێتەوە و هیچی تر.. (ئای ملوانکەکەم) جەهور هاواردەکات (ئەگەر لە دووبارەکردنەوەی ئەم وشە بێزارکەرە بوەستایە) (ل١٤٣).بەڵام مەلا لەم جۆرە خەڵوەتگەرییەیدا

بەردەوام دەبێ، هیچ لەباریەوە نابیستین جگە لە وشەی – گوێبگرە – لەهەمان کاتدا دەنگی ئەوی‌تر لە قوڵایی ئەو نهێنی‌یەدا قووت دەخوات کە گومان و سۆراغ کردن دەوروژێنی.. رۆمانەکە لەنێوان بێدەنگی و چەنەبازی و گۆشەگیری و سۆراغ کردن و دیوار و دەشتایی‌دا جموجوڵ دەکات و ئەگەر سەرتاتکێی بیرگە هێماکێشراوەکە نەبوایە کە نامۆیە و سیخناخی نهێنی‌یە، ئەڵێی رەوتەکەی بەرەو دژکاری دەکاتەوە.

هەروەکو چۆن ئەو خێوەتەی جێگای سنووقەکەی باپیرە دەگرێتەوە دەبێتە کانگای نهێنی.. کەسی دەرەوە حەزدەکات خۆی تێئاخنێ و پێی بگات.. هەروەها ئەو رابوردووەش کە بێدەنگی دەیخنکێنێ بەو جۆرەیە. بەڵام هەر زوو بە زوو دووبارەدرێژە بە خۆی دەداتەوە لە شێوەی دەسەسڕ و وێنە و بارودۆخێکدا ئەو (دەفتەرە شینەی) کە مەلا باوەشی پیادا کردووە مانایەکی تر دەگرێتەخۆی.. هەروا ئەوەی کە بێکەسی دووەم بەسەری‌دا دایدەبڕێ و کرۆژش کە گوایە برایەتی. ئەو پەنجانەی لە خاك دەردەپەڕن (نەختێ پێستەکەیان بۆرە) بەردەوام زاوزێ دەکات و رێ لەو مامۆستایە دەگرێ کە بۆ رۆشنبیرکردنی گوندەکە هاتووە بۆئەوەی پەنجەکانی ببڕێ لە تۆڵەی ئەوەدا کە دەستەکانی قسەیەکیان نووسیوە هێرشە بۆ سەر پیاوان و ژنان، وەکو کورپەکەی عەلی مشکی لە کاتی خۆی‌دا بۆ مەلا و ئەوانی تری گێڕاوەتەوە، (ل١٣٩) لەکاتێکدا ئەم زاوزێکردنە بە دروشمگەلێکی رابوردووی حازر دێنەبەرچاو.. ئاگادارکردنەوەیەکی بەردەوام هەیە لەبارەی (تیشکەکان) کە ساپیتە و دیوار و زەمینەی ژوورەکان دەبڕێو وەك ئەوەی ئامادەگییەکی دی بسەلمێنێ کە خەڵکی سەرقاڵی ژیانی رۆژانەی خۆیان پێی رانەهاتوون هەرچەندەش ئەم دروشمگەلە زیاد بکەن کاری پێشێلکردنی بەرگریکاری دونیاییان ئاسان دەبێ: کچەکەی کابرا بەهێزە بازو تۆکمەکە، ئەنجامدەری کوشتنی قاچاخچی‌یە قەڵەوەکە واتا سطامو.. هەرزوویەزوو هێز و تواناکەی پرش و بڵاوەکاتەوە و سەرنجی تونڵ لە – بۆشایی‌یەك – دەدات کە بە جنۆکەی ناوەرگا و شتەکان و درەختەکانی دەزانێ، کە بەردەوام دووی دەکەون. لە کاتێکدا جەهوری باوك فریو بە هێماکانی دەخوات و دەرگا و مەتاریزەکان لادەبات، لە هەمان کاتدا دەربارەی ئەو درەختەی کە کچەکە هێمای بۆ دەکات کە جنۆکەیە، باوکەکە رۆژانێك گێنگڵ دەدات بۆئەوەی شتێك بلەقێنێ کە نالەقێ و شتێك هەڵکەنێ هەڵناکەندرێ بەخۆکێشانی راستەوخۆی جەستەیەکدا (ل١٤٥) بەوجۆرە جەهور بوو بە گیانلەبەرێکی لاواز و شێواو و خەڵك بە قەشمەری‌یەکی ئاشکراوە تێیان دەڕوانی.

هیچ هاوڕێکێشی نەدەچوون بۆ لای حەشمۆی قەشمەر نەبێ کە تازە لە زیندان دەرچووبوو. هاوڕێتیش لەنێواندا وەکو هێمایەك بوو لە هێماکانی هەرەسهێنانی نوێی ئەو توێکڵە یەکگرتووەی کە لە ئەنجامی کوشتار و تۆڵەکردنەوەکانی پێشوودا لەت و پەت نەببوو. بەڵام بە خەڵوەتگەری مەلا لەگەڵ هاوڕێ ئاڵۆزەکەی‌دا لە خێوەتەکەدا و بە بڵاوبوونەوەی (تاسبردنەوە) لەنێوان خەڵکدا.. وردەوردە پەردە لەسەر رابوردوویەکی پڕلە رق و کینە و پیلانکاری و خوێن لاچوو ئەو تاسبردنەوەیە کە خەڵکی گرتەوە مانای وەستانی ژیانگەری بوو.. بۆشایی‌یەکی دابڕاو بوو چوونە ناوەوەی ئاسان بوو.. لە کاتێکدا ئەو دیوارەی کە حەشمۆ بەبێ هیچ مەبەستێك دروستی دەکات، ئەوە نەبێ کە وێنەیەکە لەو بێهوودەییەی کە هاوجووتی ئەم تاسبرنەوەیەیە. (ل١٦٠).

ئەم جۆرە تاسبردنەوەیە بە لێدوان لەی مانای وەستانی گێڕانەوە دەگەیەنێ.. بەڵام هەروەها دیسانەوە یادێك دێنێتەوە بیری یادگە کە چیرۆکەکەی لەگەڵ گێڕانەوەدا و لەنێوان ئەو شتانەدا کە جوون جوون پێمان دەگات، نەشونەادەکات، هەرچەند دەنگەکەی لێدەتەرێ ئەو یادە سکاڵاو

بناشت لەو کەسانە دەکات کە بە ئازەڵێکی دادەنێن بێئــەوەی بزانــن (یادگــەی) هەموویانــە (ل٣٤). هەرچەندیش یادگە بەرەو دواوە بگەڕێتــەوە شــتێك کۆدەکاتەوە (ل٤٦) بەرلەوەی لە وێنەکەی دڵنیابێ. واتا وێنــەی یادگە لــە (قوولایی ئازەڵەکــەدا کــە لــە زۆڵاڵێکی لینجدا مەلە دەکات) (ل٤٩) ئەم کۆیادگەیــە بە پرسیارکردن لە پلەی هەستکردن بــە ژان دەست پێدەکات، تا هەست بە موچڕکــەی ئــەو ئــاوە بکات کە وای دەزانی چاوگە و زێدێتی. (لــە باڕەقــەدانیدا شکۆدارە) (ل٥٢) و (بە لێننامەی شەرەفە لە نێوانــی شەو و ڕۆژدا) یادگە بەردەوام دەبێ لە بەدواداچوونی بارودۆخی دا لــە زۆلاڵــە لینجەکــەدا.. ئایــا ئــاوێکی گەرمە.. یا سارد؟ دەتوانێ وزەی خۆی لە رابوونێکدا کۆبکاتــەوە.. وەکــو ئــەوەی ئامــادەگی خــۆی لــە قــەڵغانێکی بــە ڕەونــەقدا جێبێڵــێ ((٦٦) تــا دوای ئەوسا لە شێوەی – تۆماوێکدا – کۆببێتەوە و بگاتــە گەڕاکانی – برینا – تاکو بێکەسی ببێ (ل٧٢) سەلیم بەرەکات کە زۆر بەمانای زەمەن و کۆیادگەوە خەریك دەبــێ، دوو بــارودۆخی بەرامبــەر دێنێتــە کایــە: یەکەمیان ئەم ئامادەبووە سەیرەیە – بێکەس – بــەو ســیفەتەی کــە کۆگایــەکی کۆیــادی زینــدووە کــە بەردەوام نەشونما دەکات.. دووەمیــان بــارودۆخی گــۆڕاوە کــە ژیــان و کوێــرەوەری و ســەرگەرمی و تاسبردنەوە و مردنیش دەبینێ.. بەڵام ئەو دیوارانەی کــە بەســەر دووەمــدا دەڕۆشــرێن و هــەندێکیان گەمژەکان دروستی دەکەن و هەندێکیشیان ناحەزان، یادگە بە زەبری ئەو هێزەی کە زەمەن دەسمێ و بەو بەردەوامبوونەی کە ساتەوەختی رووداوەکان کاری لــێناکەن.. دەیکاتەوە.

ڕۆمانەکەی (سەلیم بەرەکات) زاناکــانی تاریکــایی بە ناسنامە ئالۆزی دەهێڵێتەوە، لــەنێوان یادگەیــەکی زاوزێکــەر و ئــەو نامۆیانــەدا کــە بــە ئامێرگــەلێکی نوێکارەوە دێنــە ناوەوە بــۆ کلۆرکردنی ئێســتا یــا ژیاندنەوەی، بەڵام ڕۆمانەکە وەکو ڕۆمــانی (پــەڕ) بــە یەکێ لەو ڕۆمانــە کەمانــە دەژمــێردرێ کــە مچۆڕکــەی ئەفسانە بە ژیانی مادی دەبەخشێ. کــە جارێك پــەنا بــۆ نامۆیــان دەبــات و جارێکی دی بــۆ چوونــە نــاو عاجبــاتی و سەرسـوڕهێنەر، لــە شــیعر و نواندنــی پەخشــان و موفارەقــەی عاجباتیکــاریدا خــۆی کۆدەکاتەوە، بۆئــەوەی چوستی و چالاکیــەکی دی بە واقیعی پڕ لە ئازار و چەرمەسەری و ژان و ژوور و ماندوێتی بە داپیرەیــەکیش کەلــە ژێــر دارو پــەردووی رووداوەکــاندا ون بــووە.. ببەخشــێ. ئــەوەبوو ژیــان دووبارە درەوشایەوە و ئێمەی خوێنەری پیادەکرد بۆ ڕاکــردن بــەدوای بێکــەس و نهێنییەکــەیدا وەکــو ڕاکردنی مەلا دوای ئەوسا.. لەپاش ئەوەی کــە وەکــو ئێمــە هــەڵاتبوو لــە مەینــەتی ئــەو ئامادەگییــەی کــە هاوکاتی لەدایك بوونی بێکسی عاجباتی بوو.

سەرچاوە:

- انفراط العقد المقدس– د. محسن جاسم الموسوي

بوونەوەرەکانی سەلیم بەرەکات لەنێوان لێکچوون و جوداسازی و خەلق و ستاتیکای واقیعدا

عبدالله طاهر بەرزنجی

ئەگەرشیعر گێڕانەوەی یادگار بێت ئەوە بەئاسانی دەکەوێتە داوی واقیع و دەسەلاتێوە جا ئەگەر شیعرەکانی سەلیم بەرەکات (وەك رەخنەگرێك دەڵێت) دووبارە دانانی رابردوی کەسێتی سەلیم بن وەك شاعیر ئەوە ئەمیش جۆرێك لە لێکچوو بەرهەمدێنێ، بەڵام سەلیم بۆئەوەی لەگەڵ هەرجەعیەأتی واقیعیی دەرەوەدا جووت نەبێت و دووبارە چ رابردوی خۆی و دەوروبەری چ رابردوی باڵندە و ئاژەڵان دووبارە نەکاتەوە، پەنا دەباتە بەر شێوازێکی هونەری تر، ئەویش بە بەخشینی مەودایەکی ئەفسانەیی و خەیاڵی بەو واقیع و یادگارانە، واتا زەمینەیەکی ئەفسانەییان بۆ دروست دەکات، شێوازی نامۆکردنیان تیا بەکاردەهێنێ. واقیعی مادی دەقەکانی پڕ دەبن لە سیحری هێزی ئەفسانەیی و خوێنەر بەوأڵەی حاڵەتی ئامادەنەبوی دەرەوە دەکەن. گێڕانەوە دوو جیهانی جیاواز لای سەلیم بەرەکات لە یەکتر نزیکدەکاتەوە.

دیارە شیعر و رۆمان سەر بە دوو جیهانی جیاوازن بەڵام گێڕانەوە کە خۆی یەکێکە لە رەگەزەکانی رۆمان شیعریانە لە جیهانی شیعری سەلیمدا بەکارهێنراوەو شیعریەتی گێڕانەوە خەسڵەتێکی دیار و بەهێزی دەقەکانی سەلیمە، مەبەستیشمان لە سودەکانی گێڕانەوە تەنها هەر گواستنەوەی بونیادی رەگەزی حکایەت نییە بەڵکو مەبەستمان لە زمانی گێڕانەوەیشە.

بەڵام زمانی گێڕانەوە کە دادەبەزێتە ناو کون و قوژبنی پانتایی شیعرەکانییەوە، بەرزدەبێتەوە بۆ ئاستی شیعر، ئەرکێکی هونەرییانەی پێدەسپێردرێت. پێش ئەوەی نامۆگەری و خەیاڵی سەرسوڕهێنەر لە رۆمانا بن، لە شیعردا بوون، ئەو سنورەی کە بۆ خەیاڵ و شتی غەریب لە شیعرا فەراهەمکراوە کۆنترە لەچاو هونەری رۆماندا، چونکە غەرائیبیەت لەگەڵ سەرەتاکانی رۆماندا سەریهەڵداوە بەڵکو خەسڵەتی تایبەتی واقیعیەتی سیحری رۆمانی ئەمریکای لاتینە. دەکرێ بڵێین سەرەتاکانی غەرائیبیەت لای سەلیم لە شیعرا نەشونمایانکردووە - خۆیشی هەر بە شیعر هاتە ناو ئەدەبەوە - پاشان لە شیعرەکانییەوە گوازرایەوە بۆ ناو جیهانی رۆمانی.

لێرەدا دەمەوێ لە دوو لایەنی شیعریی ئەم شاعیرە بدوێم، یەکەمیان بزربوونی چەق لە زۆربەی شیعرەکانیا، و ئامادەبوونی چەق لە هەندێك لە شیعرەکانیا. دووەمیش نزیکبونەوە جیابونەوە لە سەرچاوە جیاوازی نێوان شیعر و پەخشانیش، لە هەندێك رووەوە ئەوەیە کە شیعر چەقێکی هەیە هەموو شتەکان بەرەو لای خۆی رادەکێشێت و لە پەخشانیشا شتەکان لەو چەقە دوورئەکەونەوە و درێژە و چڵ و لقوپۆ دروستدەکەن.

بەکارهێنانی گێڕانەوە (السرد) و گفتوگۆ و بونیادی حیکائی هیچی بە شیعری سەلیم نەبەخشیبێ ئەوەی پێبەخشیوە کە دووریخاتەوە لە چەق و سیفاتی شیعری بێچەق بە زۆربەی زۆری شیعرەکانی ببەخشێت، و دەقەکانی پڕبن لە لقوپۆ و حیکایەتی لابەلایی پڕ لە مەجاز و وێنەی سەرسوڕهێنەری پشتبەستوو بە روداو- کە ئەویش بۆ خۆی لە هونەری گێڕانەوەوە دەخوازرێ بەڵام بێئەوەی بکەوێتە داوی واقیعی باوەوە. ئەو روداوە واقیعیانە زمانێکی ئەفسوناوی پڕ لە شیعریان بەسەرا دەڕژێت، شیعری وا دەبینین کە درێژە و چەندین تیمە لە خۆی دەگرێت، پاندەبێتەوە بەڵام ئەو پانبونەوە هەر بۆ خزمەتکردنی چەقەکەیە. شیعری سەلیم، وەك رەخنەگرێکی عەرەب دەڵێت: پانبوونەوە دەخوازێت ئەو چەقە دەشکێنێت کە لێوە

دەرپەڕیوە، حبکەی شیعری تر دەدۆزێتەوە، بە جۆرێکی وا کە لەگەڵ چەقەکەدا هاوسەنگ بێت.


دەبێت لەیادمان بێت شیعری سەلیم چەند لەگەڵ ڕۆمان و چیرۆك و ژیانی تایبەتی و مێژوو رۆداوی واقیعیا تێکەڵاو بێت، یا لەسەر سنوریان بژی هەر پابەندی شیعریەت دەبێت. زمان مەودایەکی ئەفسانەیی بە واقیعەکانی دەبەخشێت.

زۆربەی شیعرەکانی بەرەکات درێژخوازن، لە چەق دوردەکەونەوە، بەڵام شیعری تریشی هەیە، کە لەگەڵ درێژییا، بە ڕوونی پابەندی چەقە. لەوانە دەتوانین دەقی (پێرستی بوونەوەر) بە نمونە بهێنینەوە.

ناونیشانی شیعرەکە (پێرستی بوونەوەرە) و دەقەکەیشی بریتیە لە پێکهاتەیەکی شیعریی ژیان و مێژووی چەند بوونەوەرێك لە باڵندە و ئاژەڵ وەك: پەپولە، گوڵئەستێرە، سوێسکە، کۆرکۆڕ، لەقلەق، ماسی، جالجاڵۆکە، قاقلەجنۆکە، کەڵەشێر، تاووس، شێر، چۆلەکە، گوێرەکەسورە، شەمشەمەکوێرە، چەقەڵ، کەر، قەلەرەش، هەڵۆ، ...هتد).

شیعرەکە لەسەر شێوەی پێرستێکە، بۆئەو باڵندە و ئاژەڵانەکراوە، دەتوانین وەك خوێنەر لەلای خۆمانەوە ناونیشانێکی تری بۆ دابنێین، وا دابنێین کە کتێبی ئاژەڵ و باڵندەیە و چەند بوونێکی لەخۆ گرتووە ئەم شیعرە درێژە چەقدارە، چڵوپۆی لێ دەبێتەوە بەڵام چڵوپۆکان دەگەڕێنەوە بۆ سەرچاوەکە بۆ پێرستەکە، کە ناونیشانی پێکهێناوە.

هەست بە دابڕان لەنێوان مەتن و ناونیشانا ناکەین هەر هەموو ناونیشانەکانی ناوەوە کە بریتین لە ناوی ئاژەڵێ یا باڵندەیە دەگەڕێنەوە بۆ سەرچاوەی پێرستی بوونەوەر، هەریەکە لە ناونیشانەکانی ناوەوە دەکری بە یەکەیەکی تایبەتی. ئەم دەقە دوو سروشتی هەیە: یەکەمیان ئەوەیە کە هەموو ناونیشانەکانی ناوەوە (کەر، پەپولە، سوێسکە، شێر...هتد) یەکەیەکی گشتی پێکدێنن و خزمەتی ستراتیجیەتی ناونیشانەکە دەکەن، دووەمیشیان ئەوەیە کە وەك یەکەیەکی تایبەتی و سەربەست دەخوێنرێنەوە دوور لە دەسەڵاتی ناونیشانە سەرەکییەکە، بۆ نمونە کە لەناوەوە ناونیشانێك دائەنێیت (شێر) یا (هەڵۆ) یا (گوڵئەستێرە) هەریەکە لەمانە باسی بونەوەرێکی تایبەتی دەکات دەتوانی وەك خوێنەر بیانهێنیتە دەرەوە و شیعرێکی سەربەخۆیان لێ پێکبێت، سەلیم لەو شاعیرە دەگمەنانەیە کە بە جۆرێکی تایبەتی بایەخ بە جیهانی باڵندە و ئاژەڵ و مێرو دەدەن، شەیدای گەڕانە بە دوایانا و بەشێکی زۆر لە دیوان و دەقەکانی دروستدەکەن، واتا چەند بایەخ بە مرۆڤ و سەرچاوەی مێژوویی دەدات ئەوەندەیش ڕودەکاتە ڕۆحلەبەرە بێئەقڵەکان، بێگومان بۆ ئەوە نا کە لە ڕێگای بەمرۆکردنەوە (انسنە) سیفاتی مرۆیان پێ ببەخشێت، یا بۆئەوە نیە وەك ئەرستۆ و (جاحظ) کۆیانبکاتەوە و بە مرۆڤیان بناسێنێت، یا وەك بەیدەبا، یا وەك فەریدەدینی عەتار بیری مرۆیان پێ ببەخشێ و لەشێوەیەکی حیکائیدا بیانخاتە حاڵەتی فەلسەفە و حیکمەتبێژینەوە، بەڵکو بۆئەوەیەتی مەعنایەکی تریان پێببەخشێ، بەجۆرێکی تر دروستیانبکاتەوە.



پاشکۆ

ئەو باڵندە و ئاژەڵانە کە سەلیم بەرەکات دەیانخاتە قەفەزی شێوەوە، لەسەر دوو ئاست بنیاتدەنرێن. بە دوو جۆر مامەڵەیان لەگەڵ دەکات:

١–یەکەمیان لەسەر ئاستی جووتبوون و هاوشێوەیی لەگەڵ نمونەی پێش خۆیدا، واتا نمونەیەک کە لە دەرەوەدا سەرچاوەی هەیە و شیعری تانجی بۆ ئەم ئاستەیان دێنینەوە.

٢–دووەمیشیان لەسەر ئاستی جیابوونەوە (الافتراق)و تیایدا بەحاڵ دەزویەک لەنێوان بوونی ئاژەڵ، یا باڵندە دروستکراوەکەی سەلیم بەرەکات و ئاژەڵە نووستوەکەی مەرجەعی دەرەوەی دەقدا دەمێنێ، بەڵام بوونەوەرەکەی دەق لە نمونەی دەرەوە جیادەبێت، هەڵسوکەوتو زمانێکی پێیدەدرێت کە ناکرێت لە نمونەی بونەوەرەکەی دەرەوەدا هەبێت.

لەجیاتی زیندوکردنەوەی هێزی موحاکات، سەلیم جڵەو بۆ هێزی خەیاڵ بەرەڵائەکات دەقی (پێرستی بوونەوەر) یش وەک نمونە بۆ ئەم ئاستە دێنینەوە.

بۆ ئاستی جوتبوون و هاوشێوەیی، ناونیشان (تانجی) دەبێت بە ناوک و دەقەکەیش گەورەکردنەوەی وێنەی تانجیەکەیە.

تۆ ئگەر وی،
بۆت نییە، تۆی شۆخ، وچان بگری.
رادەکەی
هەر لە راکردنا دەبی لەم دەغڵەوە بۆ ئەو
دەغڵ،
لەم هۆڕاوە بۆ ئەو هۆڕاو
بە دەمت، نێچیرە پێکراوەکان، بە ئاوەکاندا
دەگوێزیتەوە
یا مراوی و باڵندەی کێڵگەکان لەبەر تیری
راوچییەکاندا رادەچڵەکێنی.
بە نازی، بەختت لە پاکترین خواردنە
بەڵام ئەوان، رۆژێک، دوا تیری رەحمەتت
تێدەسرەوێنن، وەختی ئەوە هاتووە چوارپەلی
لەڕو، سییەکانت کە بۆنی حەشارگەی
نێچیرە ترساوەکانیان دەکرد شەرمەزارتکەن،

دوای تۆیش، باڵندەیەکی ئێجگار زۆر و جۆراوجۆر
دەژین، چەندەها کێڵگەیش دەمێنن ئاغاگەلێک پێیان پیانەناون دوای سەگەکانیان کەوتبن.



تانجی ئەم شیعرەی سەلیم لەسەر نمونەی تانجی سەرچاوەی دەرەوەی دەق داڕێژراوەتەوە ئەم سیفات و کردارانەی کە لە دەقەکەدا دەدرێنە پاڵ تانجیەکە هەمان کردار و سیفاتن کە هەمومان هەستی پێئەکەین، گەورە و بچوکمان لە هەموو تانجیەکەدا بە گشتی ئەیانبینین:

١– شۆخ و شۆڕی.
٢– لەم دەغڵەوە رادەکەی بۆ ئەو دەغڵ.
٣– نێچیر بەدەمت لەم ئاوەوە دەگوێزیتەوە بۆ ئەو ئاو.
٤– نازدارە، خواردنی چاکی ئەدرێتێ.
٥– لە کۆتاییشدا قاچەکانی لاوازدەبن. چەندەها باڵندە و کێڵگە دەمێنن نە قاچی ئەم و نە قاچی خاوەنەکەیانی ناگاتێ.

ئەم وێنەیەی کە شاعیر وەک وێنەگرێکی سینەمایی دەیگرێت و دەماندات، هەمان دیمەنە کە لەگەڵ بوون و سەرهەڵدانی مرۆڤ و تانجیا لە بیرگەی

مرۆڤدا چەسپیوە. هەمومان دەزانین کە پەیوەندی نێوان تانجی و ئاغای خاوەنی پەیوەندی میهر و خۆشیە، تا مانی وزەی راکردن لە لەشیا، دەزانین راوی پێدەکەن وەك وەسیلەیەك بۆ ئامانجی ملشکاندن بەکاریدەهێنن، نەك لەبەر لەشی باریك و ڕێکوپێکی. لێرەدا نمونەی پێش دەقی ڕەچاوکردووە، تانجیەکەی خۆی لەو چواندوە، لاسایی مێژووی ژیانی تانجی باوی کردۆتەوە.

داهێنانەکەی لە پەیوەندی دەق وەك زمان لەگەڵ شت و واقیعی پێشینەدا بەنکراووە. لێرەدا چەندێ هەست بە داهێنان و هێزی شیعری سەلیم بکەین بەڵام چاو لەوە ناپۆشین کە دەقەکە دەبێت بە پاشکۆی واقیعی دەرەوەی بوونەوەرکە، پاشکۆی ژیان و مێژووی بوونی ئەو جیهانەی کە تانجی بە گشتی هەیانە، پێش تانجی ئەم دەقە کەوتووە، دیارە جوتبوونی بوونەوەرکەی تاو دەق و لێکچوونی لەگەڵ نمونەی تانجی دەرەوەدا تاقیکردنەوەی داهێنان سنوردارەکات.

ئەو مەعنا ئامادە و چەسپاوانەی کە لە واقیعی دەرەوەدا هەمانە دزەیان بۆ ناو دەقەکە کردووە، لەناوەوەشدا تانجیەکەی سەلیم لێیان دەرباز نەبووە.

تا زیاتر دەق وەك زمان لە واقیعی دەرەوەی خۆی دوورکەوێتەوە ئەوەندە وزەی لێکچوون کەمتر دەبێتەوە. چەندێ دال لە مەدلول دوورکەوێتەوە و مەودای نێوانیان زیادبێت ئەوەندە زیاتر خزمەتی ستراتیجیەتی دەقیان پێ دەکرێت. بەڵام لەم دەقەدا دال و مەدلول لەناو دەقەکەدا زۆر لەیەکەوە نزیکن، تانجی وەك دالێك دەلالەت و سیفاتی نازداریی و راونان و ملشکاندن و لە کۆتایی تەمەنیشیا خستنە پەراوێزیەوە پێوە دیارە. ئەم مەدلولانە لە تۆماری زانیاری هەموومان و فەرهەنگی زیندەوەرناساندا هەن و هەر بەم شێوەیە هاتون. تانجیەکەی سەلیم بەرەکاتیش هەمان مەدلولی هەیە.

دەق وەك دال دەبێت رزگاربکرێت لەو هەموو مەدلولە ئامادەی کە بە درێژایی مێژوو هەیەتی. دوو رستەی کۆتایی شیعرەکە کە بڕیتین لە (پاش تۆیش، بە درێژایی زەمان، بالندەی جۆراوجۆر و چەندەها کێڵگە دەمێنن ئاغاگەلێك پێی پیانانێن دوای سەگەکانیان کەوتبێتن). دڕێك لە دەقەکەدا دروستدەکەن.

سەلیم بەرەکات وێنەی ڕەگەزی تانجی بەگشتی دەگرێت نەك تەنها تانجیەك کە خۆی بە ئارەزوی خۆی وێنەی بکێشێت.

تا ئەو دوو دێڕەیش هەر بە کامێراسەرنج لە تانجی و پەیوەندی بە ئاغاکەیەوە دەدات، لە کردەوەکانی و ئایندەی وردەبێتەوە، بەڵام لەو دوو دێڕەوە تا کۆتایی خودی ڕاناوی قسەکەر بە خۆی و دید و بۆچوونی و هەڵچوونەکانێوە وەك دڕێك دەرئەپەڕێت. لەوێوە حاڵەتی لێکچوون کۆتایی دێت و حاڵەتی بەرەنگاربوونەوە لە خیاڵی دیدی شاعیرەوە دەستپێدەکات. تا پێش ئەو دوو دێڕەی سەرەوە، جوتبوونی تانجی ناو دەق و دەرەوەی دەق و ئەرك و پەیوەندی نێوان خۆیان و ئاغاکانیان بوون، ئەو دوو ڕستەیەی کۆتایی ئەو بونیادی و چەمکە دەشکێنن.

نرخی سەرچاوەیی بووە بە نرخێکی گوتاری جوتبووی ستاتیکی، بووە بە نرخێکی پێکهێنەر، بە واتایەکی ڕوونتر جیهانی ئاژەڵێك بە هەموو لایەنەکانێوە دەبێت بە فاکتەری پێکهێنانی دەقێك، بەڵام لە هەڵڕشتنی دەلالەت و تەئویلکردنا هەواڵەی جیهانی مرۆڤمان دەکات.

حاڵەتەکە وا دەکەوێتەوە (دەرەوە سەرچاوەی جیهانی ئاژەڵ – تانجی – / ناوەوەی دەق جیهانی ئاژەڵ و پەیوەندییەکانی / پاش دەق، کە ڕۆڵی خوێندنەوە و تەئویلی تیا دەرئەکەوێت، جیهانی مرۆڤایەتیە بۆیە دەکرێت ڕێکخستنی سیستمی دەلالی کاتی خوێندنەوەی دەقەکەی سەلیم هەواڵەی چەندین پەیوەندیی ناڕێکی جیهانی مرۆڤایەتیمان بکات.

بەو گۆڕانکارییەی یا خاڵی وەرچەرخانەی کە لە دوو دێڕی کۆتاییەوە دەستپێدەکەن، دەکرێت بڵێین جوتبوون و هاوشێوەیی و هاونمونەیی بوونەوەری ناوەو و دەرەوەی دەقەکە تەنها لەپێناوی گواستنەوەی شت و بابەتە دەرەکییەکانا نەبووە، بەڵکو ئەم کردارە دەبێت بە گواستنەوەی ژیانی ناوەوەی خۆمان بە هەموو هەست و هەڵچونێکەوە.

پاشکۆ

وێنەکێشانی واقیعەکە (تانجی) یەکە و لاسایکردنەوەی وەك نمونەیە، بۆ دووبارەدروستکردنەوەی نییە، بەڵکو بۆ کەشفکردنی ژیانی ناوەوەی خۆمانە، بۆ ڕاگەیاندنی تەسەور و بۆچوونی خۆمانە. دێڕی سیازدە و چواردە جۆرێکە لە دژایەتی و ڕەتکردنەوەی دێڕی یەکەمی شیعرەکە تا دێڕی دوازدەیەمی. لە دێڕی یەکەمەوە تا دوازدەیەم بریتیە لە سروشتی تانجی وەك نازپەروەرێك و بوونی لەپێناوی خزمەتکردنی خاوەنەکەیدا، بە ڕاونان و گرتنی نێچیرە کوژراوەکان، هەردوو دێڕی کۆتاییش بریتین لە وێنەکێشانی ئەو کێڵگانەی کە قاچی تانجی و خاوەنەکانیانی ناگاتێ، بە دەربڕینێکی تر سەرخستنی ئەم فەزا و زەوییە پێنەدیوەیە بەرانبەر بە فەزای سنوردار و تەسکی تانجی و خاوەنەکەی، یەکێك لە ئەرکە شیعرییەکان سەرخستنی ئەم تەسەورەیە بەسەر جوتبوونەکە لەگەڵ واقیعی دەرەوەدا، ئەویش گۆڕانێکە لە جەستەی شیعرەکەدا تاقیکردنەوەیەکی ستاتیکی بەرجەستەی دەکات.

لێرەدا چاوی شاعیر چاوێکی نەگەتیڤانە نییە – بەپێی زاراوەکەی کاسیرر– هەر تەنها سەرنجمان دەربارەی شتەکان تۆمار بکات و بەس، بەڵکو دیدی خۆمان پتەو دەکات و دەسەلاتی پێدەبەخشێت.

لایەنێکی دەسەلاتی شیعریی، تری سەلیم لەرەکات لەم شیعرەدا لە کەشفکردنی ئەو وێنە و پەیوەندییە ئاژەڵییەدایە کە رەنگە ئێمە فەرامۆشمانکردبێت، هەروەها مۆنتاجکردنی ئەو پەیوەندییانە و خستنەڕوویان وەك وێنەگرێکی بەتوانا.

جۆرێکی تری مامەڵەکردنی سەلیم لەگەڵ بوونەوەرەکاندا لەسەر ئاستی جیاکاری بنیاتنراوە. لە دەقی ئاوەهادا، دژ و شتە جیاکان کۆدەکاتەوە و گونجان لەنێوانیاندا دروستدەکات، لەگەڵ هەر خوێندنەوەیەکماندا بۆ ئەم چەشنە دەقانەی سەلیم تێبینی ئەوە دەکەین کە شتێك وتراوە یا خراوەتە ڕوو، نەمانبیستوە، یا بەرچاومان نەکەوتووە.

لە دەقی (پێرستی بوونەوەر) دا، چاوت بە چۆلەکە، شێر، کەڵەشێر، گوێدرێژ، کورکور، هەڵۆ، پەپولە، گوڵئەستێرە، سوێسکە، حاجی لەقلەق، ماسی...) دەکەوێت، بەڵام بونەوەرێکن کە نمونەیان لە واقیعدا نییە، یا بە بڵێین، نمونەیەکی پێش خۆیان نییە شاعیر ئەمانی لە ژێر سێبەری ئەواندا داڕشتبێ، ئەمانە دەسکردی سەلیم خۆین دایبڕانون لە مەرجەعی پێکهێنەر، دالەکانی ئەم دەقە دەلالەتی تر دەبەخشن نەك ئەو دەلالەتانەی کە بوونەوەرەکان بەخشیویانە. ئەمەش بە خاڵێکی گەشو پاراو دائەنرێت لە هەوڵی نوێکردنەوەی سەلیم بەرەکاتدا، یان دید و بۆچوونی نوێگەری. ئەگەر نوێگەری ڕەتکردنەوەی نمونەی پێشو بێت یا سڕینەوەی لاسایکردنەوەی نمونەی واقیعی بینراو یا نمونەی دەقەکانی تر بێت ئەوە سەلیم لەم دەقەدا چەندین هەنگاوی بەرەو جیهانی نوێکردنەوە ناوە، چونکە نمونەی لاسایکردنەوەی ڕەتکردۆتەوە، لەسەر شانی مێژووی ڕۆحلەبەرەکان شیعری نەنوسیوە بەڵکو بزریکردون و سەرلەنوێ بوونەوەری خۆی پێشکەشکردوین.

شیعری (پێرستی بوونەوەر) حاڵەتێکی زنجیرەیی پێوەدیارە چونکە لەژێر ناونیشانەکەدا کە (پێرستە) چەند ناونیشانێکی تر ئامادەکراون کە هەر یەکەیان بریتییە لە ناوی ئاژەڵێك یا باڵندەیەك. ئەمانە وەك بابەتێکی سەربەخۆیان لێهاتوە بەڵام بۆ خۆیان لە ناونیشان دانەبڕاون، تەقسیکی تایبەت بە ئاژەڵ و باڵندە یەکیان دەخات. لەلایەکی ترەوە، وەك کتێبێکیان لێهاتوە کە هەموو بابەتەکانی باسی یەك شت بکەن.

جفرە چۆن دێتە کایەوە، بۆچی ئەم وشەیە هەڵبژێردراوە، بۆچی ئەو ڕستەیە وا هاتوە؟ دەکرێ بە جۆرێکی دیکە بڵێت، ئەم بونیادە بۆ وا کەوتۆتەوە؟ ئەمانە بەشێکن لەو پرسیارانەی کە ڕەخنەگری شێوازگەری (الاسلوبی) لە دەقی دەکەن، ئێمەیش لێرەدا پرسیارێکی لەم جۆرە لە شیعری (پێرستی بوونەوەر) دەکەین و دەپرسین: بۆچی بەوشێوە ناوی ڕۆحدارەکانی دەقەکە دانراوە؟ بۆ لە سەرەتاوە ناوی (دوائاژەڵ) دانراوە، پاشان ناوی باڵندە و ئاژەڵەکانی تر؟ بشێ ئەو تەرتیبە لەوەوە هاتبێت کە یەکێکیان لەوی تر گرنگتر بێت، یا هیچ نەبێت بەلای کەسێکەوە خۆشەویستتر بێت؟ بۆ ناکرێت بڵێین دانانی ناوی (پەپولە) لە پلەی دووەمی

پێرستەکەدا، بەلای کەمەوە سەرخستنی بەرائەت بێت؟ یاخود بۆچی (دوائاژەڵ) لە سەروی هەمویانەوە دانراوە ئینجا باڵندە و ئاژەڵەکانی تر؟ ئەم دوا ئاژەڵە هەواڵەی چیمان دەکات؟ وەک دالێك چیمان بۆ بەرجەستە دەکات؟

لەپێشدا دەڵێین ئەگەر مەسەلەکە گرنگیی تەرتیب بێت، یاخود شیعرییەتێك لەو دانان و تەرتیبەدا هەبێت، باشە بۆچی دوا ئاژەڵ لە تەرتیبەکەدا دەکرێت بە یەکەم و لە پێش ئاژەڵێکی بەهێز و گرنگی وەک (شێر) دا دائەنرێت؟ یا دەخرێتە پێش پەپولەی بێوەی و گوڵێستێرەی دڵفڕێنەوە؟ بۆچی (دوا ئاژەڵ) کە لە دوای هەموو ئاژەڵەکانەوە دێت، لە تەرتیبی پێرستەکەدا نەخرایە دوای هەموویانەوە؟ ئەگەر ئاژەڵێك ئەوەندە گرنگ بێت و پێش هەموو ئاژەڵەکانی تر بکەوێت بۆچی سیفەتی دوایەمینی بخرێتە پاڵ؟ بۆچی نەوترێت یەکەم ئاژەڵ؟

هەندێك وشە لە دەقەکەدا هەن ئەگەر بیاندۆزینەوە و بیانخەینە تەنیشتی یەکەوە ئەوە رەنگە سیفاتی ئەو دوا ئاژەڵەمان پێ بڵێن. وەک:

١- ئەی راپەڕیوی ژێر چەخماخەی مەرەکەب. ئەوە تۆی..

٢- نەریتت وەک نەریتی مێژوونووس وایە، بەڵام تەنها مێژوو بۆ ئاو دائەنێی.

٣- تا هەر خۆت لە خەونی پیتەکاندا بە بێداری بمێنیتەوە.

٤- ئەڵێی مەیخانەی...

رەنگە چەخماخەی مەرەکەب و مێژوونووس و خەونی پیتەکان و مەیخانە بە ئاسانی بتوانن بەبن بە کلیل و وەڵامی ئەو پرسیارانەمان بدەنەوە.

دیارە مەرەکەب وەسیلەی نوسینەو و قسەکەری ناو شیعرەکەیش لەگەڵئەو کەسەدا ئەدوێ کە لە ژێر چەخماخەی مەرەکەبدا راپەڕی. خەونی پیتیش وشەیەکی تری نزیك بە مەرەکەبە و لەسەر ئاستی دەلالی دراوسێی یەکن، هیچ لەو ئاژەڵ و باڵندانەی کە لە دەقەکەدا هاتبون پەیوەندییان بە نووسین و مرەکەبەوە نییە، پیت و نووسین وەک دال هەواڵەی بیرکردنەوە و عەقڵمان دەکەن. ئا لێرەوە لوغزەکە دەڕەوێتەوە، دەرئەکەوێت دوائاژەڵ بە پیت و مرەکەب لە ئاژەڵەکانیتری ناو شیعرەکە جیادەکرێتەوە. دەسەلاتی عەقڵ دوا ئاژەڵی لە پێرستەکەدا پێشخستوە.

پلەی یەکەمی پێبەخشیوە. وردبوونەوە و رامان لە کاری وشەی (دوا) یا دوایەمین کە لکاوە بە ئاژەڵەکەوە، ئەو هێڵە باریکە دەدۆزێتەوە کە دەمانباتەوە سەر سەرچاوەی زیندەوەرزانی و ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر بۆچوونەکان دا هاتوە دەربارەی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی مرۆ.

لە شیعری (پێرستی بوونەوەر) دا سەلیم هەموو نمونەیەکی خستۆتە لاوە کە پەیوەندیی پێشینەیان بەو بونەوەرانەوە بێت، بەدوای کەشفی پەیوەندی و شێوەی پێشینی ئەو بونەوەرانەدا ناگەڕێت تا لێیان رابمێنێ، بەپێچەوانەی دەقی تانجییەوە کە وردبونەوەیە لە واقیعی بوونەوەرێکی وەك تانجی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئاغاکەیدا. لەوێدا دەسەلاتی سەلیم زیاتر لە مۆنتاجکردنی ئەو وێنە و جموجۆڵ و پەیوەندیانەی تانجییەکەدا دەرئەکەوێ واتا کەشفی ئەو حاڵەتەمان بۆ دەکات و لەوێوە، لەو جیهانی ئاژەڵەوە پاش تەواوبوونی دەقەکە دەمانگوێزێتەوە بۆ مەودای واقیعی ئینسانی.

لە شیعری (پێرستی بونەوەر) دا وەك جیهانێکی تایبەتی و دوور لە پەیوەندی دێتو باسی ئاژەڵو باڵندەکانمان بۆ دەکات، بەنامۆکردن دەچەسپێنێت. هێزی ئەفسانەیی و خەون بە زمان دەبەخشێ. بۆ نمونە لە شیعری (تانجی)دا، قسە ئاراستەی تانجیەکە دەکات و دەڵێت: لە دەغڵێکەوە رائەکا بۆ دەغڵێکی تر، لە هۆراوێکەوە بۆ هۆراوێکی تر، لە ناو ئاوەکاندا بە دەست نێچیرە کوژراوەکان دەگوێزیتەوە. یا دەڵێ: نازداری، بەختت لە خواردنی هەلبژاردەیە.

زمان لەم پرستانەدا ئەرکێکی ئاسایی دەبینێ، پاشان دەغڵ و راکردنی تانجی لەم هەوراوە بۆ ئەو هەورا و گواستنەوەی نیجیری مل شکاو بەدەم و فڕێدانی چێشتی چەور بۆ بەردەم تانجی وشەو پەیوەندی واقیعی دەرەون، زمان لەدەقی (تانجی)یدا ئەو سنورە واقیعییە تێناپەڕێنێ، بەڵکو ئەرکی دەبێت بە شتێکی ئاسای، دەبێت بە گواستنەوەی ئەو واقیعو پەیوەندییانە بۆ ناو چوارچێوەی دەق. لە

بەشەکانی دەقی(پێرستی) بوونەوەر دا زمان بوون وئەرکێکی جیاوازی هەیە، ئەواو بە پێچەوانەی زمانی (تانجی). لە یەکێك لە رستەکانی ناونیشانی پەپولەدا دەڵێ: (بفڕە، ئەی مەودای ماچەکان، ئاسنگەرەکان بە چەکوشی تیشکەوە، بۆت هەڵنەسن). یا: (باڵەکانت لاپەڕەی ئەو نوسەرەن کە قاقای ئاسن دەنوسێتەوە). لە ڕستەیەکی ناونیشانی (کەڵەشێر)دا دەڵێ: ئەو یاوە گۆیە، پەڕدارە مرەکەبدانی سپیدە بەسەر لاپەڕەکانماندا دەڕژێ، بەسوکە دەنوکلێدانێکەوە سپیدە دەڕژێنێ یا لە ناونیشانی (شێر)دا: با هێواش بێت دەنگی خۆڵەمێش لە کوانوی ئالتونیی تەمەنمانا، یالە (ڕێوی) دا ڕستەی وا هاتووە: دەیڕەوێننەوە دەمێنێ. دەیڕوێننەوە و کۆتری فێڵ هەر دەمێنێ. یا لە (گوێدرێژا) هاتووە): ئەی گوێدرێژ، ئەی پارچەکانی بادەیەك دەستی هاوبادەیەکی بەسەرا شلبوەوەو پێش پارچەپارچەبوونی سەد ساڵ کەوتە بۆشاییەوە، بەپێ، بە گوێچکەکانت، بە تەمبەڵیی تێکدەرت بدە لەم بێدار بوونەوە بەرەڵایەت کە لە ژێر خو زەکانمانایە، چاو لێکنێ؛ وەخت تەرجومانی تورەت- چاوی لێکنا. جوانیو هێمنیی چاوانت پڕ دەبن لە فرمێسك. یالە قەلەڕەشدا دەڵێ، من فیکەتانم، من گۆزەی پەرتبووی دەمی گۆرانیەکانم، مەوداکانتانم شەقکرد، بە شەقەکانا شۆڕبونەوە وەك سەبەتەگەلێك هەور و بەفر پیتەدەکا؛ بەباڵەکانم شۆڕبوومەوە بەناو ڕاکردنی کاتژمێرەکانتان لە سایەمدا وەك پەڕ پەرتەوازە بوون، کەواتە کاولکردنە، بێدەنگی کاولکردنە. منیش هەراو هوریای هەڵاتوم بەناو گشت پیتەکاندا. یاخود لە دوا ناونیشانی شیعری پێرستی بوونەوەر)دا کە (هەڵۆیە) دەڵێ: وەسفی دوورییەکانەو ستایشی دوورایییەکان دەنوسێتەوە، یا ئێشکی پەڕە بەسەر بەردی شوێنەکاندا؟ نا ئەی ئێشکی پەڕ، نە فراوان و بەرین هەیە نە درێژ ئەگەر بااڵیك دەرکەوێ؛ بااڵیك نییە ئەگەر فراوانی بەرین بێدار نەبێتەوە. تۆیش، بەهەر حاڵ، بە بەرزییەوە، خەیاڵات دەچنی، تێپەڕیە) لە شیعری تانجییا کە نمونەی یەکەمی مامەڵەکردنی سەلیمە لەگەڵ ڕۆحنەبەرەکاندا زمان بە جوتبوون لەگەڵ نمونەی واقیعی دەرەوەدا ڕازیدبێ، ڕوخساری ئەو سەرچاوانەی واقیع دەگوێزێتەوە بۆ ناو دەق، بەاڵم زمان لەو ڕستەو وێنانەی سەرەوەدا کەلە شیعری پێرستی بوونەوەراندا هاتوون ئاماژەی سەربەستە واقیعی دەرەوە ناگوێزێتەوە، بەڵکو بوونێکی تر پێکدێنێ سروتێکی ئەفسانەیی دەبەخشێت بە بوونەوەرەکان. نەك تەنها لە لایەنی سەرکەوتوو پەسەنکراوەوە بەڵکو سروتە ئەفسانەییەکە سیفاتی پەسەندنەکراوو لایەنی شکست و داڕماوی ئەربوونەوەرانە دەگرێتەوە. بۆ نموونە، گوێدرێژ وەك دااڵیك، مەدلولەکانی لەدەقەکەدا، زۆر دوور لەو مەدلولانەی کە لە مەرجەعی دەرەوەدا بە درێژایی گوێدرێژو بە درێژایی زمان و دروستبوونی فەرەنگ بوونیان هەیە. پرۆسەی خەیاڵیدان (التخییل) لە دەقەکەدا ئەو گوێدرێژە ئاساییە باوە وندەکات، گوێدرێژێکی تر دروستدەکات کە بریتییە لە (پارچەکانی بادەیەك دەستی هاوبادەیەکی بەسەرا شلبوەوە پێش پارچەچارچەبوونی سەد ساڵ کەوتە بۆشاییەوە) چونکە سەلیم لە ناونیشانی گوێدرێژدا. یەکسەر لە رستەی یەکەمدا بە ئامڕازی بانگکردن (النداء) دەستپێدەکات بانگڕاوەکەیش گوێدرێژە (ئەی گوێدرێژ)، بەاڵم ئەم گوێدرێژەی شیعرەکەی سەلیم هەر پاش ناوهێنانی بانگڕاوەکە (ئەی گوێدرێژ) یەکسەر ئەو گوێدرێژە باوە ئاشنایەی سەرچاوەی درەوەو ونئەکات، بانگەشەی دابڕانی لەگەڵ دەکا، گوێدرێژی ناو دەقەکە پاش دوو وشەکەی دێڕی یەکەم دێتو بریتییە لە (پارچەکانی بادەیەك دەستی هاو بادەی بەسەرا شلبووەوە، گوێدرێژێکە بە تەمبەڵی تێکدەری دەدا لە بێداربوونەوەی بەرەڵای کە لەژێر خوزەکانماندایە) ئەم ڕستانەدەمانبەنە سەر گوێدرێژێك کە بۆ یەکەم جارە لە بەرچاومانا ئامادەگی دەبێت، شێوەی ناچێتەوە سەر شێوەی گوێدرێژە نمونەییە باوەکە، بەڵکو لێرەدا پرۆسەی شیعری بووە بە پرۆسەی تیکشکاندنو بزرکردنی نمونە، تا نمونەی تایبەتی ناو دەق سەرهەڵدا. وەك سەرچاوەو دەق پەیوەندی نێوانیان دەشکێنن و هەر یەکەیان بە دوو ئاراستەی دژا دەڕۆن، نمونەی سەرچاوە بەلایەکدا و نمونەی دەقیش بەلایەکی تردا. ئێمە لە دەرەوەی دەقدا گوێدرێژێك ناناسین و لەهیچ

زەمانێکدا نەمانبینیوە کە، بریتی بێت لە پارچەکانی بادەیەک دەستی هاوبادەی بەسەرا شلبێتەوە. یاخود ڕیویەک نابینین بریتی بێت لە کۆتری فێڵ، یا لە دەرەوەی دەقدا نمونەی پەپولەیەک نابینین کە بریتی بێت لە: مەودای ماچ و ئاسنگەرەکان بەچەکوشی تیشکەوە بۆی هەڵسن، یاخود باڵەکانی بریتی بن لە لاپەڕەی ئەو نوسەرەی قاقای ئاسن دەنوسێتەوە. ئەگەر گوێدرێژو و ڕێوی و پەپولە (مسند)بن، ئەوە ئەو سیفات و کردارانە لە دەرەوەی دەقدا نادرێنە پاڵیان، ئەوەهێزی خەیاڵێدانە کە نمونەی چەسپیوی گوێدرێژ لەبیرگەدا(الذاکرة) دا دەشێوێنێت، سەر لەنوێ کۆمەڵێك پەیوەندی نامۆ ئەفسانەیی پێکدێنێت، هێزی خەیاڵە پەپولەیەك بەرهەمدێنێ باڵەکانی لاپەرەی نوسەرێك بن قاقای ئاسن بنوسێتەوە، ئەمە بەخشینی هێزی ئەفسانەو و سروشتی ئەفسانەیە بە بوونەوەرێکی لاوازی وەك پەپولە، بەزمانێك ڕۆڵی سەرەکی لەپێکهێنانی ئەو بونەوەرەدا دەبینێ.

لەچوار چێوەی سەرچاوەی واقیعی بیستراودا ڕێوی ناشوبهێنرێت بەکۆتر، بەڵام تەنها زمانی دەقە ئەو گۆڕانکاریانە دروستدەکات ڕێویەك دەکات بە کۆتری فێڵ، نەك تەنها هەر بە یەکتریان بشوبهێنێ. هیچ یەك لەم سیفات و پەیوەندی و کردەوانە نەدراوەنەتە پاڵ بوونەوەرەکانی سەرچاوەی واقیع و ئەمانە سیفات و کردەوەی بوونەوەرەکانی دەقەکانی سەلیم بەرەکاتن کە خەلقی کردوون، ئەم دەقەی، بووە بەخەلقکردن، نەك کەشفکردنی ستاتیکای بوونەوەرێکی هەبوو. مەخلوقاتی جوانی سەلیمن ئەگەر کەسێك لەشیعر نوسیندا لاساییانبکاتەوە ئەکەوێتە داوی بیرگەی سەلیم بەرەکاتەوە، ئەم بۆ خەلقکردنیان لاسایی بیرگەی دەستە جەمعی کۆمەڵی نەکردۆتەو، بەپێچەوانەوە، بیرگەی دەستەجمعی تێکشکاندووە تانمونەی خۆی پێشکەشبکات. سنورەکانی دەوری خەیاڵدانی شکاندووە. بەچاوی ڕابردوو بیرگە سەیری سنەکان ناکات بەڵکو بەچاوی ئێستای دابڕاو لەڕابردوو پاشماوەی بینینەکانی ڕابردوو نیگای تازە و تەڕ دەهاوێ.

لەشیعری(تانجیا) نەك لەم شیعرەیدا دەتوانین کردەوەو کارەکانی تانجی بدەینەوە پاڵ نمونەی تانجی پاوی دەرەوە(تانجی لەم دەغڵەوە رادەکات بۆ ئەو دەغڵ، خواردنی باشی ئەدرێتێ، پیر دەبێت وازی لێ دەهێنرێ) ئەمانە بەئاسایی دەدرێنەوە پاڵ تانجی دەرەوە، کەواتە هەردوو نمونەکە لەیەکچون، دەقەکەیش لەدەسەڵاتی نمونەی دەرەوە بەتەواوی ڕزگاری نەبووە بەڵام بەهیچ جۆرێك شیعری (پێڕستی بوونەوەر) نامانباتەوە سەر نمونەکانی دەرەوە، بوونەوەرەکانی لەسەر چاوەو نمونەی بیستراو لایانداوە. توندو تیژی و هێزی لادان بۆتە هۆی توندو تیژی نێوان دوو واقیعی دەرەوەو واقیعی ناوەوە کە واقیعی دەقەو لەسەر هەڵدانیا پشت بەخۆی دەبەستێت و دەبێت بەجیهانێکی سەربەست و کۆپی ساتی حازری خۆیو لالە دواوەو ڕابردوو ناکاتەوە، دەبێت بە کاکێشانی ئاماژە.

لەکۆتاییدا دووبارە دەڵێینەوە، ئەگەر شیعرەکانی سەلیم نۆریان لەچەق لابدەن ئەوە ئەم شیعرە، لەگەڵ ناونیشان و جیهانی جیاجیای ئاژەڵەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ چەق.

ئەم شیعرە درێژە، هەر یەك لە بەشەکانی بۆ خۆی سەربەستە، وەك ئۆکتافیوپاز دەڵێ، شیعری درێژ بوونی خۆی دێنێتەدی بێئەوەی یەکە بشکێنێ، لەبەرئەوەی لە شیعری درێژا هەر تەنها شمولیەت نابینین کە درێژیەکەی ڕێژەییە بەڵکو ئەوپەڕی هەمەجۆری دەبینین).

ئەم شیعرە درێژە جۆرێك لە هەمەچەشنەیی پێوەدیارە لەگەڵ سەربەستی هەریەك لە بەشە هەمەچەشنەییەکاندا، بێئەوەی چەقی لەبیربچێتەوە.

* ئەم نوسینە بەشێکە لە کتێبێکی تایبەت دەربارەی سەلیم بەرەکات.

نامەیەك بۆ سەلیم بەرەكات

لە چوارەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژدا بنكەی ئەدەبی و رووناكبیریی گەلاوێژ رۆژانی خوێندنەوەی چیرۆكی ناونا (دیداری سەلیم بەرەكات بۆ چیرۆك). لە دواڕۆژی فێستیڤاڵەكەدا ١٩٩٩/١٢/٢٢ لیژنەی باڵای فێستیڤاڵ نامەیەكی كراوەی ئاڕاستەی شاعیر و رۆماننوسی كورد سەلیم بەرەكات كرد، ئەمەیش دەقەكەیەتی:

الأخ العزيز سليم بركات المحترم:

تحية الادباء والكتاب والمثقفين في هذه المناسبة الميمونة، مناسبة اختتام مهرجاننا، مهرجان گلاويژ السنوي الرابع.

لقد كنا متلهفين لحضوركم في مهرجاننا المنعقد في مدينة السليمانية على مدى اسبوع كامل حافل في عز الشتاء بدفء الكلمات الكردية الصادقة و صدق القصص والاشعار والدراسات، لاشك في ان حضوركم معنا كان يمنح المهرجان وقعاً جميلاً غير اننا كنا نعلم من خلال بعض الاخوة العائدين الى كردستان انك منهمك في كتابة اعمالك الادبية الرائعة لذا اثرنا الا نفسد عليك طقوس تفرغك واوقاتك المخصصة للكتابة في صومعتك الادبية البهية العابقة برائحة الاحاسيس الكردية.

ان القاريء الكردي يعرف جيداً ان اللغة العربية اصبحت لديك جسراً أوصل عذاب الكرد وانينه الى مسامع الشعب العربي باسلوب فني قل نظيره، يكفي هنا أن نشير الى قصيدتك الموسومة ب(مهاباد) التي كتبت في اواخر الثمانينات التي تعتبر من اصعب الازمنة التي مر بها الكرد، ورواياتك: فقهاء الظلام، الريش، و معسكرات الابد و كتاباتك الاخرى.

ينابيع كردستان تعتز بابنها الوفي سليم بركات اينما كان. و نحن نفتخر ان نخبركم ان منتدانا اختار اسمكم الشريف لتعقد تحت ظلاله كافة جلسات الايام التي خصصت للقصة في المهرجان.

دمتم ذخراً للثقافة الكردية والرواية والاشعار الخالدة.

اللجنة العليا لمهرجان
گلاويژ الادبي والثقافي الرابع
منتدى گلاويژ الادبي والثقافي
كردستان
مدينة السليمانية
١٩٩٩/١٢/٢٢

لەکاتێکدا سەرقاڵی چاپکردنی ژمارە نۆزدەی گەلاوێژینوێ بووین



کەمن ئەوانەی لە مێژووی گەلانی دنیادا بتوانن لە کۆمەڵێ بواری جۆراوجۆردا کار بکەن و لە هەریەکە لەو بوارانەشدا جێگا پەنجەیان دیار بێت، لە مێژووی گەلی کوردیشدا مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لە ریزی پێشەوەی ئەو جۆرە کەسانەیە کە لە گەلێك بواری جۆراوجۆردا کەسی یەکەم و پێشەنگی بەردەوام بوو.

لە بواری یاسا و دادوەریدا مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد کەسێکی لێهاتوو شارەزابووە و لە تەمەنێکی زۆر گەنجیدا کراوەتە دادوەر، لە بواری نووسیندا هێشتا لە خوار بیست و پێنج ساڵیەوە بوو نامیلکەی (عەرەب و کورد) ی نووسی کە تیایدا باس لە گرنگی هاوخەباتی هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب دەکات لە عێراقدا بۆ بەلاوەنانی رژێمی پاشایەتی و دروستکردنی کۆمارێکی نیشتمانی کە لە سایەیدا کورد بگات بە مافە رەواکانی خۆی.

لە بواری رۆژنامەگەریدا مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد پێشەنگ بوو، لە ساڵی ١٩٣٩ دا بە یارمەتی مامۆستا سەجادی گۆڤاری (گەلاوێژ) ی دەرکرد و بۆ ماوەی دە ساڵ بەردەوام دەرچوو، کە لە مێژووی رۆژنامەگەری کوردیدا جێگایەکی دیار و شیاوی هەیە و دەورێکی گرنگی بینیووە لە بواری پەرەپێدانی زمانی کوردی و نووسین بە کوردیدا، هەروەها هەڵێکی باشی رەخساندووە بۆ گرنگیدان بە چیرۆك و پەخشان و وەرگێڕان، ئەمە سەرباری لایەنی مێژوویی و کۆمەڵایەتی.

لە دوای شۆڕشی چواردەی تەموزیش مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد رۆژنامەی خەباتی دەرکردووە کە جێگای دیاری هەیە لە مێژووی رۆژنامەگەری کوردیدا.

مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد یەکێکە لە چیرۆکنوسە هەرە سەرکەوتووەکانی سالانی چل و پەنجاکان و هەرچۆن لە زۆر بواری تردا دەست پێشکەر و پێشەنگ بووە هەروەها لە بواری رۆمانووسینیشدا هەم پێشەنگ بووە و لە ساڵی ١٩٥٦ رۆمانی (ژانی گەل) ی نووسیووە کە تاکو ئێستاش بە یەکێك لە باشترین رۆمانەکانی کورد دادەنرێت چ لە رووی ناوەرۆکەوە چ لە رووی تەکنیکەکەوە.

لە بواری سیاسیدا مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد دەورێکی گرنگی لە مێژووی حیزبایەتیدا لە کوردستاندا هەیە، هەر لە دروستبوونی پارتی دیموکراتەوە چ وەك دامەزرێنەر و دواتریش وەکو سکرتێری گشتی ئەو حیزبە دەورێکی لەبەرچاوی هەبووە. بەتایبەتی کاتێ کە بوو بە سکرتێری پارتی بەرنامە و پەیڕەوی پارتی بە جۆرێك گۆڕی کە بەرەو فەلسەفەی مارکسیزم بڕوات و هەوڵیدا پارتی بکاتە پارتی پێشڕەوی جەماوەری جوتیاران و زەحمەتکێشان.

بەڵێ مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لە هەر بوارێکدا کاری کردبێت دەوری پێشەنگی بینیوە و سەرجەم کۆشش و خەباتی ئەم رۆڵە نەمرەی نەتەوەکەمان لەپێناوی بەدەست هێنانی ئایندەیەکی گەش دا بووە بۆ نەتەوەکەی. بە درێژایی تەمەنی لە کاروانی خەباتی کوردایەتیدا هەم پێشەنگ و هەم تازەگەربووە و هەمیشەش بەو عەقڵیەتە کاری کردووە کە دەبێ کورد بە هەموو چین و توێژەکانیەوە، بە هەموو بیروبۆچوونەکانیەوە بێجیاوازی لەپێناوی گەیاندنی کورد بە مافە رەواکانیدا خەبات بکات.